172

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی شازدە/ ئەیلوولی ٢٠١١

**خاوەن ئیمتیاز**

شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**

ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**

سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرتریت**

قەرەنی جەمیل

ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662
(دەرەوە)/ 4494662 - 003248
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

## ناوەرۆکی ڕامان


**● سەروتار**

– هونەری هەڤپەیڤین لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا/
ئازاد عەبدولواحید/ 3

**● دەق**

– سکڵێ ناو خۆڵەمێش/ کەریم دەشتی/ 6
– دەرگاکان/ فازیل شەوڕۆ/ 9
– پەڕەمووچی پۆرترێتەکانم/ ڕۆژ هەڵەبجەیی/ 11
– پەنچەرە/ لە فارسییەوە: لەیلا ساڵحی/ 14
– هەیڤا سێبەرێ/ لە ئەڵمانییەوە: بەدەل ڕەڤو مزووری/ 16
– دەمامکی شێر/ ئەسعەد عەزیز محەمەد/ 18
– ماسی سپی چاوڕەش/ کاوە عێزەتخا/ 21
– بارانبارین/ ئەڵوەند تەڵعەت/ 25
– مێڤانێ بەرفێ/ ج. ئامەد/ 27
– کاتێک بە تەنیام، نا/ لە فارسییەوە: سەلاح نیساری/ 29

**● هەڤپەیڤین**

– هەڤپەیڤینێک لەگەڵ وەرگێڕ و پسپۆڕی بواری ڕۆژنامەنووسی
(ڕەحیم قادر سورخی)/ ئا: خەبات ڕەسوولی/ 32

**● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

– نالی و فۆلکلۆری کوردی/
د. جەمال ئەحمەدی – کەژاڵ فەداکار/ 43
– عیشق لە تێڕوانینی مەحوی–دا/ هیوا شارباژێڕی/ 51
– ئەو نامە شیعرییانەی بۆ مەولەوی هاتوون/
دارا محەمەد عوسمان هەورامانی/ 63
– دەرکەوتەی دڵخوازی مەرگ/ سەعید سلێمانی/ 71

**● وتار**

– دنیاناسی لە لای مەولانا مەحوی/ هیمداد شاهین/ 84
– زمانی شیعری پەشێو/ شاخەوان فەرهاد محەمەد/ 88
– پێناسە و مێژوو و سەرەتایەک بۆ ئیکۆفێمینیزم/ لە فارسییەوە:
یوونس ڕەزایی/ 92

**● زمانناسی**

– چەمکەکانی بە ستانداردکردنی زمانی کوردی/
د. عەلی مەحموود جوکل/ 96

**● هزر و فەلسەفە**

ڕەهەندی تایبەتمەندییەکانی فەلسەفەی نوێ/
د. حەمید عەزیز/ 116

**● ڕۆژنامەنووسی**

– ڕووداوە گەورەکان چۆن ڕووماڵ دەکەیت؟/ لە عەرەبییەوە:
محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری/ 123

**● مێژوو**

– سەرنجێکی ورد لەبارەی هەوارگەی مەلیک مەحموود/
غەفووری میرزا کەریم/ 133

**● هونەر**

– مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/
وریا ئەحمەد/ 140

**● خوێندنەوەی کتێب**

– میتافیزیک/ هاشم سەڕاج/ 146
– خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی: (سنوات المحنة في كردستان)/
عەبدولڕەزاق عەبدولڕەحمان/ 150

**● نرخاندن**

– گۆڤاری ڕامان بە هێمنی کاری چاکی بۆ ڕۆشنبیری و
کتێبخانەی کوردی کردووە/ عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی/ 158

**● نامە**

– نامەیەک لە کاردۆخی–یەوە بۆ د. مارف خەزنەدار/
ئا: ڕامان/ 159

**● سووکە لەنگەر**

– زمانی کوردی و کۆمپانیای مایکرۆسۆفت/
هیوا شەمسی بورهان/ 160

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# هونەری هەڤپەیڤین لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا

**سەرنووسەر**

**(١ - ٢)**

* لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هونەری دیالۆگ کردن و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی، بووەتە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی کاری ڕۆژنامەنووسیی لە هەموو دنیادا، لەناو ئەوانیش ڕۆژنامەنووسیی کوردی بایەخێکی بەرچاوی بەو هونەرە داوە و ئەمڕۆکە وەک لایەن و سیمایەکی بنەڕەتی پێویست لە کاری ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت، بۆیە وای لێهاتووە زۆر کەم ڕێ دەکەوێت ڕۆژنامەیەک، گۆڤارێک، بڵاڤۆکێک، ڕادیۆیەک، تەلەڤزیۆنێک ببینیت کە زیندوویی و سەرنجڕاکێشانی تێدا بێت، بەبێ بوونی دواندنی کەسێک لە ناویاندا، بە تایبەتیش ئەو هونەرە لە پاش ڕاپەڕین و دوای زۆر بوونی گۆڤار و ڕۆژنامەکان و بە هۆی بوونی ئەو فەزا ئازادەی بۆ ڕۆژنامەنووس فەراهەم بوو، دەبینین بەشێوەیەکی بەربڵاو ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنانە (سەرەتا لۆکاڵییەکان و دواتر ئاسمانییەکان) بوونە جێگەی بایەخدانی ڕۆژنامەنووسان پێی. ئەو چاوپێکەوتنە تێروتەسەلانەی ئێمەش کە لەگەڵ نووسەران و هونەرمەندان و ئەدیباندا دەیانکەین و هەموو وێستگەکانی تەمەن و ئەزموونیانی تێدا بەسەر دەکەینەوە، لەپاشەڕۆژدا سوودێکی زۆری بۆ ڕەخنەگران و باسکاران دەبێ، کە لەکاتی نووسین لە بارەی داهێنان و بەرهەمەکانیانەوە زۆر کۆد و نهێنی ئەو دەق و داهێنانەیانی پێ دەکەنەوە.

* ئەگەر چاوێک بە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی پێش ڕاپەڕیندا بخشێنین، ئەوە دەبینین بە شێوەیەکی گشتی زۆر کەم ڕێ کەوتووە، ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە گفتوگۆی ڕۆژنامەوانییان تێدا بڵاوکرابێتەوە و بووبێتە جێگەی بایەخ پێدانیان، لانەکردنەوە و بایەخ نەدانیان بەو لایەنە گرنگەی ڕۆژنامەنووسی، بەشێکی زۆری بۆ کەمیی ئەزموونی ڕۆژنامەوانی و شارەزا نەبوونی تەواو بەلایەنی پیشەیی دەگەڕێتەوە، چونکە ئێمە گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردیی زۆرمان هەن کە لە ماوەیەکی دووروودرێژدا دەرچوون لەوانەش: (ژیانەوە) و (ژیان) و (ژین) و گۆڤاری (گەلاوێژ) و (هەتاو) و زۆرانی دی کە ماوەی درێژ دەرچوون، بەڵام ئاوڕیان لەم هونەرە نەداوەتەوە، ئەگەرچی لە سەدەی هەژدەمەوە لە ئەوروپادا ئەو هونەرە هەبووە و لەو کاتەوە کە لەبەریتانیاوە ئەم هونەرە دەستی پێکرد، وڵاتانی دیکەش چاویان لەو کرد و هونەرەکە پەڕییەوە لای ئەوانیشەوە. لای ئێمەش کە ساڵانێکی زۆر و دووروودرێژ دوای ئەوان کەوتووینەتە سەر کەڵکەڵەی دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەوە، کەچی زۆر بایەخمان بە هونەرەکانی ڕۆژنامەوانی نەداوە، یەکێک لەو لایەنانەش هونەری دیالۆگ کردن و هەڤپەیڤینە، واتە لەبەر پچڕ پچڕیی دەرچوونی گۆڤار و ڕۆژنامەکان نەبووە کە بەلایدا نەچووین، ئەوەندەی لەبەر نەبوونی ئەزموونی قووڵ و هەست نەکردن بە گرنگی ئەو هونەرە بووە، بۆیە پتر قورسایی ئەم ئەرکە پیشەییە کەوتووەتە دوای ڕاپەڕینەوە.

* ئەو هونەرە (واتە هونەری هەڤپەیڤین و دیالۆگ کردن)، لەدوای ڕاپەڕین وەک هونەرێکی ڕۆژنامەوانی سەرەتا بەشێوەیەکی سەرپێیی و سەرەتایی دەستی پێکرد، بەڵام مایەی خۆشحاڵییە کە ئەمڕۆ دەبینین ئەم هونەرە هەر بە سادە و ساکارییەکەی جارانی خۆی نەمایەوە، بگرە لەلای ئێمەی کوردیشدا لەگەڵ گەشەسەندن و پێشکەوتنی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، پێشکەوت و وردە وردە و هەنگاو بە هەنگاو قووڵتر و هونەرییی تر لە جاران هاتە پێشەوە، چونکە بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی پێش ڕاپەڕین سەرنج دەدەین زۆر تەنک و شەرمنانە دەرکەوتووە، ئەگەرچی لەپاش ساڵانی حەفتاوە پێنگاڤی چاکتری هاویشتووە و زیاتر بووەتە جێگەی بایەخدان و گەشانەوەی پتری بەخۆیەوە دیوە. ئەم بایەخ پێدان و پێشکەوتنەیشی زیاتر بۆ هەست کردنی ڕۆژنامەنووسان بە بایەخ و گرنگی ئەم لایەنە

لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا دەگەڕێتەوە.

* هەر لەو ڕۆژەوە کە ئەم هونەرە لەلای ئێمەی کورددا بەدەرکەوتووە، تا ئەمڕۆکە کە پێی گەییوە و هەنگاوی بۆ ناوە، بە زۆر جۆرە زاراوە کاری لەسەر کراوە، من لەلای خۆمەوە پێم وایە لە بەکارهێنانی ئەم زاراوانەشدا زۆرجار بە هەڵەدا دەچین و لە ڕاگەیاندنەکان و بواری کاری ڕۆژنامەنووسیی خۆماندا لە شوێنی خۆیاندا بەکاریان ناهێنین. ئەم هونەرە ڕۆژنامەنووسییە بە زۆر جۆرە ناو و زاراوە هاتووەتە ناو ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە و کاری لەسەر کراوە لەوانە: (دەمەتەقێ)، (دیدار)، (چاوپێکەوتن)، (گفتوگۆ)، (وتووێژ)، (گوتوبێژ)، (گەنگەشە)، (هەڤپەیڤین)، (دیمانە)، (دیالۆگ) و ...تاد، بەڵام لەناو هەموو ئەم زاراوانەی بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێن، لەبەر بە هەڵە بەکاربردنیان زۆرجار ئەرکە ڕۆژنامەوانییەکەی خۆی ون دەکات، بە واتای ئەوەی بۆ هەر شێوە و جۆرە دواندنێک و لەگەڵ هەر کەسێکدا، زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە و دەبێ بەکار ببرێت. بەڕای من سێ جۆرە دواندن لە کاری ڕۆژنامەنووسیدا هەیە، هەیانە زۆر دووروودرێژ و هەمەلایەنن، ئەوانە پڕن لە زانیاری و وردەکاری و دەچنە ناو ناخ و کرۆکی باس و بابەتەکانەوە و تێیاندا بە وردی و بە دووروودرێژی زانیارییەکانیان لێ وەردەگیرێ، ئەم جۆرە دواندنانەمان کە ناو ناوە (هەڤپەیڤینی تەمەن)، پێیان دەوترێ (هەڤپەیڤین)، (گفتوگۆ)، (دیالۆگ) کە بە واتای (حوار)ی عەرەبی دێن، ئەمانە زۆر فراوان و هەمەلایەن و فرە تەوەرەن، چەندی زانیاری و بیروڕا وەرگرتنە، ئەوەندەش جووڵاندنی یادەوەری کەسەکەیە بۆ باسکردنی ڕووداوەکانی ڕابردوو و یادەوەرییە کەسییەکانی خۆی، کە سوودی بۆ نەوەی دوای خۆی زۆرە. لێرەدا هەموو وێستگەکانی تەمەن و ئەزموون و زانیاریی ورد و درشتی ئەو کەسایەتییە (ئەدەبی، هونەری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، تاد) دەگرێتە خۆیەوە، ئەم چوار زاراوەیە ڕێک بۆ ئەو جۆرە دیالۆگانە بەکاردەبرێن کە بە مانای وشە دیالۆگ کردنن و هەردوو کەسەکە، (ڕۆژنامەنووسەکە و ئەو کەسەی دەیدوێنێ) هاوشانی یەکتری لە دیالۆگەکاندا بەشدار دەبن و بەباشی بەرانبەرەکەی دەورووژێنێ تا قسەی دڵ و ناخی خۆی بکات، بۆیە کاتێ ڕۆژنامەنووسەکە بەرانبەرەکەی دەدوێنێ، دەبێ کەسێکی شارەزا و پرۆفیشناڵ و زاڵ بێت بەسەر پیشەکەی خۆیدا و شێوەی بەڕێوەبردنی چاوپێکەوتن و هەڤپەیڤینەکەی دەیکات لەگەڵ ئەو کەسەی هەڵیبژاردووە، وای لێ دەکات بتوانێ ئەو کەسە وەک داری توو بتەکێنێ و چی زانیاری پێیە لێی وەربگرێ و هەموو کون و قوژبنە تاریک و گرنگەکانی ژیان و وێستگەکانی ئەزموونەکەی کە لە بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبیدا بە دەستی هێناوە بەسەر بکاتەوە و سەریان پێدا بکات. جۆرێکی دیکەی دواندن لە ڕووی فراوانی و هەمەلایەنییەوە لەوەی پێشوو بچووکترە و من بە (گفتوگۆی مام ناوەندی) ناوی دەبەم، بۆ ئەو جۆرە گفتوگۆیانەش: (چاوپێکەوتن) و (دیمانە) و (دەمەتەقێ) و (دیدار)یان بۆ پێشنیار دەکەم کە بەرانبەر (مقابلة)ی عەرەبی دێن و لەوەی یەکەم کورتتر و ڕووبەر و سنوورەکەی بەرتەسکترە، کە لەوانەیشە زۆرتر بۆ مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراوی بچووک و بەرتەسک ساز کرابێت و کەسەکەی دەدوێندرێ بۆ ئەوەیە باسی تەوەرێکی دیاریکراو، یان باس و بابەتێکی دەستنیشان کراو بکات، بەڵام جۆری سێیەمیان کە (گەنگەشە) و (گوتوبێژ) و (وتووێژ)ـە، ئەوە لە جیاتی (دردشة)ی عەرەبی بەکاردێت، ئەم جۆرە گوتوبێژ و دواندنانە زۆر کورت و چڕ و سەرپێییە و بەخێرایی و بە مەبەستی ناساندن دەکرێت، زۆرجاریش ئەو جۆرە (گەنگەشە) و (وتووێژ)ـە بە تایبەتی لەگەڵ لاوە بەهرەدارەکان سازدەکرێ و زیاتر بۆ ناساندنی بەهرە و توانی ئەوانە، یان بۆ بابەتێکی زۆر تایبەت و دیاری کراوە و زۆر بە کورتی ئەنجام دەدرێ، کە تێیدا وەرگرتنی بیروڕای خێرای کەسێکی خاوەن بیروڕا و پسپۆڕە سەبارەت بە بابەت و باسێکی دیاری کراوەوە، کە بە داخەوە تا ئێستا ئەو زاراوانە تێکەڵ و پێکەڵن و لە شوێنی خۆیاندا بەکار نایەن و تێکەڵی یەکتری دەکرێن، بۆیە ئامانج و شێوەی دواندنی کەسەکان، یان هەڵبژاردنیان لەیەکتری هەڵاوێر نەکراون. ئەم سێ جۆرە لە دواندن وەک چیرۆکی درێژ و چیرۆکی کورت و چیرۆکی زۆر کورت دێنە بەرچاوم، کە هەریەکەیان تایبەتمەندی و سنووری خۆیان هەیە. ئەو گفتوگۆ دووروودرێژەی لەگەڵ سروشتی گۆڤارێک دەگونجێ، کە ژمارەی لاپەڕەکانی زیاترە و مانگانەیە، یان وەرزانە و دوو مانگ جارێکە، یان ئەوەی بۆ گۆڤارێکی نیو مانگانە و هەفتانە دەشێ بکرێت، زۆر جیایە لەگەڵ ئەو دواندنەی لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە، یان دوو هەفتە جارێک، یان هەفتانە ساز دەکرێن، بۆیە ئەگەر دوو جۆری یەکەم و دووەم لە گۆڤارەکەدا جێگەیان ببێتەوە، ئەوە سروشتی گەنگەشەکردن و وتووێژ زیاتر بۆ کاری ڕۆژنامەی لەو جۆرە دەشێن، بە حوکمی کورتی و زۆر نەچوونە ناو وردەکارییەکان و خێرایی و سەرپێیی بوونیانەوەیە.

* ڕاستە سەبارەت بەو هونەرە ڕۆژنامەوانییە گرنگە، کتێب و باس و لێکۆڵینەوەی زۆرم خوێندووەتەوە و سوودی زۆرم لێیان وەرگرتووە، بەڵام لەسەر ئاستی جێبەجێ کردن و پراکتیکدا و لەو کاتەدا کە بە تەنیا خۆم، یان لە پاشاندا لەگەڵ برای ڕۆژنامەنووسم (مەحموود زامدار) ئەو هونەرەم پیادە کردووە، شارەزای زۆر تایبەتمەندی و وردەکارییەکانی بووم و لە دواجاردا توانیومە لایەنە تیۆرییەکەی کە بە خوێندنەوە بەدەستم هێناوە، لەگەڵ ئەزموونی خاکەڕاو سادە و ساکاری خۆم تێکەڵ بکەم و لەو بوارەدا نەختێک ئەزموون و شارەزایی بەدەست بهێنم، چونکە ئەزموونەکەی من بۆ پێش ڕاپەڕین دەگەڕێتەوە و هی ئەو کاتەیە کە لە سەرەتا و دەسپێکی نووسینمەوە، هەر لە تەمەنێکی زووەوە ناو بەناو مەیلم بەلای ئەو هونەرەدا چووە و کەوتوومەتە دواندنی کەسانێک کە بە پێویستم زانیوە بیاندوێنم و بیروڕایان بە خوێنەران ئاشنا بکەم، بۆیە لەگەڵ چەندین کەسی گرنگی وەک (تاهیر ئەحمەد حەوێزی) و (تاهیر تۆفیق) و (سامی عەوداڵ) و (باکووری) و (یووسف باکووری) و (مشکۆ) و (ڕەسووڵ گەردی) و (صوبحی کۆیی) و (جەلال بەیار) و (ڕەئووفی سەلیماغای حەوێزی) و (جەلال بەرزنجی) و (ئازاد بیلال بەهائەددین) و (سەباح عەبدولڕەحمان) و (ئەسعەد قەرەداغی) و (سەلاح ڕەئووف) و (عومەر عەبدولڕەحیم) و (محەمەد عومەر عوسمان) و کەسانی بەهرەداری بواری شێوەکاری وەک (یووسف عەبدولقادر) و (سەلاح عەباس) و چەندان کەسی دی بە زمانی کوردی و عەرەبی ئەم کارەم کردووە. واتە من کەسێک نیم دوای

ڕاپەڕین، لەپڕ وەک قارچک لەو بوارەدا هەڵتۆقیبێتم و کەوتبێتم بەسەر ئەو هونەرە ڕۆژنامەوانییەدا، بەڵکو ماوەی (٣٤) ساڵ لەمەوبەر و لە تەمەنی هەرزەکاریمەوە کەوتوومەتە سەر بەیاخدان بەو هونەرە ڕۆژنامەوانییە و حەزم لێ بووە، لەپاڵ ئەو هەستە ڕۆژنامەوانییەشمدا، بە پێویستم زانیوە بەهۆی کاری ڕۆژنامەنووسییەوە(ئەگەرچی بە ڕەسمی لە هیچ یەک لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەشدا کارم نەکردووە) ئەو کەسانە بەسەر بکەمەوە و بایەخیان پێ بدەم و خەڵکی بە بیروڕایان ئاشنا بکەم، لەبەر ئەوەیە ئێمە ئەو کەسانەی ئەزموونی عەمەلیمان لەو بوارەدا بەدەستهێناوە، زۆرتر لەپەنای ئەو ئەزموونەوە قسان دەکەین و بیروڕا و زانیارییەکانمان دەردەبڕین و تێکەڵی ئەو زانیاریانەی دەکەین کە لەسەرچاوە و کتێبەکانەوە فێریان دەبین، واتە تایبەتمەندیی خۆمانەی دەدەینێ، نەک تەنیا وەک هەندێ کەس تەنیا پشت بە زانیاری ناو کتێبەکان ببەستین.

* لە دوای ڕاپەڕینیشەوە ئێمە بووین لە بواری ئەدەبی و هونەریدا، گەورەترین کارمان کرد و بەدەیان و سەدان کەسایەتیمان جووڵاند و نووسەران و ئەدیبان و هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووسان و مێژوونووسان و زماناسانمان هێنایە قسەکردن. ئەم بەسەرکردنەوەیە هەموو ئەزموونەکان و قۆناغەکانی تەمەنی کارکردنی گرتەوە، هەر لە نەوە و نەسلی پێشەنگەکانەوە تا نەوە و دەنگی نوێ، لەم کارەشدا سەرجەم کایەکانی داهێنان و ڕۆشنبیریمان بەسەر کردەوە، تەنانەت لە پاڵ ئەوەوە بەدەیان مێزگردمان بۆ هەموو کایە و بوارەکانی دنیای هونەر و نووسین بەڕێوە برد و بۆ مەبەستی جووڵاندنی کەشوهەوای ڕۆشنبیری و بزاڤی ئەدەبی و هونەری و فیکری کارمان کرد، بڕیاریشمان دابوو کە چاوپێکەوتن و گفتوگۆیەکان سالآنە بکەینە کتێبی سەربەخۆ، بەڵام داخەم بێجگە لە سێ بەرگ، لەبەر دروستبوونی بەربەستی لە دەسەڵاتی ئێمە بەدەر، نەمانتوانی لەسەر پڕۆژەکەمان بەردەوام بین، لەپاڵ ئەوەشەوە نووسەر و هونەرمەندە گەورەکانی وەک (شوکور مستەفا) و (د. فازیل جاف) و (شڤان پەروەر) و (عەبدولڕەقیب یووسف)مان بە کتێبی سەربەخۆ بە چاپ گەیاند، لە داهاتووشدا هەموو بەرگەکانی دیکە کە ئامادەی چاپن، دەگەیەنینە خوێنەرانەوە. لە پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕینیش لە تەلەڤزیۆنی کەرکووک و تەلەڤزیۆنی کوردستان (کەناڵی سلێمانی) بەرنامەی مێژوویی و ئەدەبیم بەڕێوە بردووە و لەلایەن ئێمەوە قورسایی پێویست بەو هونەرە دراوە و لەوێوە داکەوتووە و وردە وردە بووە باو. لە هەموو ئەو دواندنە تەلەڤزیۆنیانەشدا بە دەیان کەسی ناوداری بواری جیاجیام هێناوەتە سەر تەلەڤزیۆن و قسە و بیروڕایانم وەرگرتووە. لە هەموو ئەو کارانەشمدا وەک ڕۆژنامەنووسێکی پیشەگەری بێ لایەن کارم کردووە و نەمهێشتووە کاریگەری سیاسیی پێیانەوە دیار بێت و بەبێ جیاوازی کردن و لایەنگیری و خاتر و خۆتر ئیش کراوە، بۆیە زۆر لەوانەی کە لە ژیانی ئەدەبی و نووسینی ڕەخنەییمدا ددانم بە بەرهەم و نووسینەکانیاندا نەنابوون، لە کاری ڕۆژنامەوانیمدا ڕێبازێکی دیکەم گرتە بەر و لەگەڵ زۆر کەسیان (گفتوگۆ) و (وتوویژ)م سازدا و دواندمن و زانیاریم لێ وەرگرتن و هاتنە ناو پڕۆژە و بەرنامەکانمەوە، ئەوەشم بەلاوە ئاسایی بووە و قەت پێم نەنگی نەبووە لەگەڵ لاوێکی خوار ئاست و تەمەنی خۆم ئەو دواندنانە بکەم.

* ئەم هونەرە بیروڕا وەرگرتنی کەسانێکە سەبارەت بە پرس و مەسەلەیەکی هەڵایساو، یان بەسەرکردنەوەی ئەزموون و تاقیمانە و وێستگەی خەباتی هونەری و ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کەسە بووە، کە زۆرتر ئەو بیروڕایانە، بیروڕای تایبەتن بە کەسەکە خۆی، بۆیە هەر دەبێ ئاوهاش تەماشا بکرێن و لێک بدرێنەوە و بە قسەی سەرەتا و کۆتایی تەماشا نەکرێن، تا کەسانی دی بیروڕایان لەسەر بنیاد نەنێن و پێی تەنگاو نەبن، بۆیە ڕۆژنامەنووس کە کەسێک بۆ دواندن هەڵدەبژێرێ پێویستە بەقەدەر قەبارە و بارستایی کەسەکە خۆی بیدوێنێ، چونکە جێبەجێ کردنی چاوپێکەوتنەکە دوو لایەنی هەیە، دەستەیەک کەسێک بە دەستیاوی هەڵدەبژێرن بۆ مەبەستی گفتوگۆ سازدان لەگەڵیدا، کە دەبێ سۆز و خاتر و میزاج هیچ ڕۆڵێکی لە دەستنیشان کردنی ئەو کەسەدا نەبێ، بگرە تەنیا پێوەرێک بۆ هەڵبژاردنی کەسەکە بۆ دواندن کار و کردەوەکانی کەسەکە و جێ دەست و کاریگەریی خۆیەتی بەسەر ئەو بوارەی لێی دەدوێ و بیروڕای لە بارەوە دەدات. سەنگینی و قورسایی ئەو کەسایەتییەی دەکرێتە ئامانجی دواندنەکە بۆ خۆی کارێکی گرنگە، ئەوەش دەوەستێتە سەر ڕادە و ئاستی ئەو ڕۆژنامەنووسەی دەست دەداتە ئەو کار و ئەرکە و شێوە و چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی بەشێوەیەکی شارەزایانە و پرۆفیشناڵانە، یان دەوەستێتە سەر ئاستی ئاگایی و ڕۆشنبیری ڕۆژنامەنووسەکە لە ناسینی کارەکتەرەکانی نێو ئەو ناوەندەی کەسەکەی لێ هەڵدەبژێرێ، کە زەمینە و هەلومەرجی لەباری ئەو کەسە ڕۆژنامەنووسە، ئەو خەسڵەتەی بۆ دەڕەخسێنێ.

* هەڵبژاردنی کەسەکان بۆ دواندنیان، بۆ خۆی خاڵێکی جەوهەری و گرنگە لە سەرکەوتنی تەکنیکی ڕۆژنامەنووسەکە و جۆری ئەو بیروڕایانەی لە کەسەکەی بەرانبەری دەریاندەهێنێ. هەن ڕۆژنامەنووسەکە هەڵیان نابژێرن بۆ دواندن، بگرە خۆیان دەنێرن بە دوای (ڕۆژنامەنووس!)ەکان و ڕاگەیاندنکارەکان تا قسەیان بۆ بکەن، بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو کارەش پارە و خەڵات و دیاری دەبەخشن، یان بەدەعوەت و ڕازانەوەی خوانی ماڵەوە و دەرەوە و خواردنی سەروپێ و کفتە و نۆش کردنی مەیەوە هەوڵ دەدەن بەنیاز و مەرامی جۆراوجۆر قەناعەت بە هەندێ لەو گۆڤار و ڕۆژنامانە بهێنن تا ڕیکلامیان بۆ بکەن و ئەو قسەیان بۆ بکات، یان هەیە خۆی بەسەر ڕۆژنامە و گۆڤار و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە دەگەڕێ و گلەیی دەکات کە بۆچی بلیمەتێکی گرنگی وەک ئەویان بەسەر نەکردووەتەوە و قسەکانی لە چوارچێوەی ئاڵتوونی ناگیرێن و ئەو دەرفەتە زێڕینەیان لە کیس خۆیان داوە و بەسەریان نەکردووەتەوە و فەرامۆش کراوە و پشتگوێیان خستووە، یان هەیە زانیاری و ڕۆشنبیرییەکەی سنووردارە، بەڵام وەک ئیعلاناتی لێ هاتووە و خۆی بە هەموو کونێکدا دەکات و بە نۆرە لە هەموو ڕۆژنامە و گۆڤار و کەناڵە ڕادیۆیی و تەلەڤزیۆنەکاندا قسە دەکات و قسەکانیشی پێک دەچن و هەمووی جووینەوە و کای کۆن بەبا کردنە و شتێکی نوێیان تێدا نییە.

# سکڵی ناو خۆڵەمێش

کەریم دەشتی

**سەدەف**
سەدەفی ئەوینی تۆ دەریای سپی کردووە
سەدەفی ئەوینی تۆ ژەهری شیرین کردووە
سەدەفی ئەوینی تۆ ڕستەی پڕ مانا کردووە
بەڵام دڵی منی وەکو نەی کون کون کردووە


**تەمێک لە زیو**
تەمێک هەمیشە دامدەپۆشێ
تەمێک هەمیشە بەسەرما ڕەت دەبێ
تەمێک هەمیشە لەمن نزیک دەکەوێتەوە
تەمێک هەمیشە لەمن بەدوور دەکەوێتەوە
ئەو تەمە تۆی کە دڵنیام
بۆ ئەبەد لەناویا ون دەبم

**شکانی گۆزەیێ**
دەترسم من تەواو دەترسم
لە کەوتنم، لە ڕمانم
دەترسم من تەواو دەترسم
لە زەمان و لە زمانم
کەوتن و ڕمانم
زمان و زەمانم
هەموو لە کتێبی ئەوینی تۆدایە
کتێبێ لە دەستی پڕ میهری خودایە

**قوڕی خەیاڵ**
گەوهەرەکان لە قووڵایی دەریادا دەبریسکێنەوە
مەلەکان سەف بە سەف لە قووڵایی ئاسمان هەڵدەفڕن
بەڵام کانەکانی ئەوینی پڕ سکڵ و بڵێسەت
بە تەنها و بە تەنها لە ناخی مندایە
ئەی ئازادی بێ سنووری من
ئەی فراوانترین زیندانی من

**کەسێک بە تەنها**
لەناو هەموو دەنگەکانی ئەو فەزایە
من دەنگی تۆ دەناسمەوە
لەناو هەموو ڕەنگەکانی ئەم دنیایە
من ڕەنگی تۆ دەناسمەوە
تەنها ڕەنگی تۆیە لە غەیبەوە دێ
تەنها ڕەنگی تۆیە لە شەبەیخوونەوە دێ

**هەنگوینی هەڵەمووت**
کە بیر لە تۆ دەکەمەوە یەکجار دڵنیام مەحاڵی
بەڵام تەنها ئەوینی مەحاڵ ئەوینە



ئەگینا تروسکەیەکی گەرم و دەمدەمی
ناو کووپەی دڵێکی غەمگینە

**دەریا لە گۆزەیێ**

هەندێ جار لە ڕەوەی مەلاندا بانگم دەکەی
دەڵێم ئەوە تۆی بە ڕەگەز فڕندەی
هەندێ جاریش لەناو ئاوەکان
دەڵێم ئەوە تۆی لە تەباری ئاوی
هەندێ جاریش لە دارستانەکاندا بانگم دەکەی
دەڵێم ئەوە تۆی لە ئەزەلەوە بای
ئاخ کە تۆ ئاو و باو فڕینی
ئەو دڵەم چۆن بەشی تۆ دەکات؟

**لە شینی دووباڵدا**

لە پەنجەرەوە دەتبینم لە حەوت تەبەقەی ئاسمانی
لە شەپۆلەکان دەتبینم لە قووڵایی دەریاکانی
لە بایەکاندا دەتبینم لە گێژەنی زەریاکانی
لەکتێبێ دەتخوێنمەوە کە لە کۆتایی دنیایە
ئاخ تۆ هەمیشە لە شوێنە دوورەکانی خودایە

**سووتماک**

من هەمیشە مەستی تۆم
ئەی ڕوونتر لە زوڵاڵی ئاو
هەموو ئاگاهییەکانت لە من سەندووە
نە زمانم دەگەڕێ نە چاو
نە بەرم بە دنیا ماوە
چونکە تەواوی بوونی خۆم
بۆ قوربانی تۆ داناوە

**ڕەهایی**

شوێنە دوورەکان چەند خۆشن
تۆ هەمیشە لە شوێنە دوورەکانی
بۆیە هەمیشە دەمەوێ دوور بڕۆم دوور
ئای چەند ڕقم لە لەمپەرەکانی زەوییە

**فەنابوون**

سپێدان سەما دەکەم نازانم بۆ
ئێواران سەما دەکەم نازانم بۆ
شەوان سەما دەکەم نازانم بۆ
بەڵام لێم ڕوونە و دەزانم
ئەوە سەرەتای ئاوێتە بوونمە لە تۆ

**ئیستێتیک**

دەچمەوە لێوارەکانی دەریا هەر تۆ دەبینم
دەچمەوە دارستانەکان هەر تۆ دەبینم
دەچمەوە ڕابردوو
دەچمەوە ئاییندە هەر تۆ دەبینم
تۆ یەکسان بوویت لەگەڵ کەون

**کوژران**

هەموو فەلەکی خۆم
لە چاو و لە زمان و لە گوێ
بە تەنها بۆ تۆ تەرخان کردووە
من بە وەژدی هەزار چەشنەی تۆ پێکراوم
بۆیە من فڕم بە زەمینەوە نەماوە
وەک مەملەکەتێکی خامۆش
بە شەبەیخوونی ئەوینت داگیرکراوم

**ئاقیقی شکاو**

هەموو ڕۆژێ دەنگی تۆ لە پەیوارەوە دێ
هەموو ڕۆژێ ڕەنگی تۆ لە خۆرەوە دێ
بەڵام ئاخ ئەوینت زیندانی کردووم
نە پەنجەرەیەکم هەیە کۆتی تیا بشکێنم
نە جێگەیەکم هەیە نە ڕێ
چۆن غەیب و خۆر لێکدەمەوە؟

**زولەیخا**

ئێستا عەتری تۆ ئاوی جاویدانییە
هەموو عەترەکانی شوشتۆتەوە
ئێستا دەستی تۆ ستوونی بوونە
کەونی ڕاگرتووە
ئێستا ئەوینی تۆ ئەوینی ئەبەدییە
هەموو ئەوینەکانی دیکەی داگرتووە

**شەوقێ لە یاخسەمەرەوە**

من هەورێکی سپی چەند تەنهام
وەک کەسێ بە تەنها لە قووڵایی ئاسمان
چاوەڕوانی دەستی پڕ میهری با دەکەم
هەڵکات و بمکاتە ڕێژنەیێ لە باران
من ئەسپێکی سپی چەند تەنهام
وەک کەسێ بە تەنها لە قووڵایی بیابان
چاوەڕوانی زینی زیوینی تۆ دەکەم
بچینەوە ناو تەشقی ئەرخەوانی جاران

**دواجار**

هەموو شتێ ڕێگەیەکی هەیە بۆ شوێنی خۆی
عەتر بۆ پڕژان کە جوانی کەون دادەگرێ
ژەهر بۆ ڕژان کە درەختی ئەوین سیس دەبێ
تۆش بۆ باوەشم کە ڕوحم گوڵ دەگرێ

**فۆبیای ئاوێنە**

تۆ وەک ئاوێنە وای
تەواوی شکستەکانی دڵی خۆمی تیا دەبینم
تۆ وەک باران وای
تەواوی کێڵگە تێنووەکانی خۆمی تیا دەبینم

**گەمارۆی ئەبەدی**

ئەوینی من وەکو با
بە هەموو شوێنێ هەڵدەکا و دەورت دەدا
دووری تۆش وەک ئاو
لە هەموو شوێنێ هەڵدەڕژێ و لوولم دەدا

**دیلبوون لە ئەوین**

هەموو شتێ لەم کەونەدا بێ پەروا دەسووڕێتەوە
تەنها منم لە مەداری تۆدا زیندانیم
لە زەوی گیرت کردووم و
بە ئاسمان دەسووڕێیتەوە

**سۆنگەی بوون**

لە ئەشکەوتە دوورەکان
لە دەریا قووڵەکان
لەناو هەڵەمووت و ڕەوەزە شاخەکان
لەنێو بەرزایی و نزمایی
لە باکوور لە باشوور لە باران و لە تەمتومان
لە زەوی لە ئاسمان
تەنها ئاواز و چریکەی تۆیە
وجوود دەبەخشێ بە ژیان

**سەدای با**

ئۆف ئۆف چەند برینداری شەوقی تۆم
دەچمەوە بنارەکان تەنها تۆ دەبینم
دەچمەوە سەر ئاوەکان تەنها تۆ دەبینم
دەچمەوە دارستانەکان تەنها تۆ دەبینم
ئێستە دەزانم ئەوە تۆی
چەرخی گەردوون دەسووڕێنی و
مانگ و ئەستێران تاو دەدەی
چەقۆی ئەوینێکی دژوار
بۆ گەردنی من ساودەدەی

**گەڕانەوە بۆ کانگە**

دەمەوێ بێمەوە لای تۆ
لای تۆ هەمووی سێبەر و تریفە و هێمنی و
ئاو و درەخت و باران و ساماڵ و تەمتومانە
لای تۆ هەمووی چریکە و تاڤگە و چڕینە
دەمەوێ بێمەوە لای تۆ
بەتەنها لای تۆ کانگەی ئەوینە

**ئیستێتیکای شکان**

تۆ وەکو یاقووتی شکاو
لە هەزارلا دەبریسکێیتەوە
تۆ وەکو عەتری پڕژاو
لەهەزار لاوە بۆن و بەرامەت دێ
تۆ وەکو ئەوینی ڕژاو
لەهەزار لاوە دیلت کردووم

**داخستنەوەی کتێبەکان**

کتێبی حیکمەتم کردەوە
پەندەکانی ئەوینت ڕوحی هەڵتەکاندم
کتێبی شیعرم کردەوە
ڕستەکانی ئەوینت نکاڵی فیراقی
لە زەیندا چاندم
کتێبی سروشتم کردەوە
شەوقی ئەوینت تەمەنی فەوتاندم

**خاچی ئەبەدی**

من جاویدانیم لە ئەوینت خواردۆتەوە
بۆیە تا ئەبەد خاچی ئازارم بە شانەوەیە
ژەهری شیرینی ئەوینی تۆ
وەها بەسەر مندا پڕژاوە
سەراپای زەمین عەتر و ئاقیقی پیادا ڕژاوە

**شەختەی هەناسە**

پەراسووی ئومێدم لەمێژە شکاوە
ئەوینی تۆ نەبێ
ئەو دڵەم کەی خورپەی تیا ماوە
لەمێژە من کوختی ئەو ڕوحەم ڕماوە
ئەوینی تۆ نەبێ
کەی کتێبی جەستەم دڵۆپە خوێنێکی تیا ماوە؟

**خێرا خێرا بۆ دواوە**

دەچمەوە بناران هێشتاکە وێنەی تۆی لێ ماوە
دەچمەوە ناو لوولەی شمشاڵان
هێشتاکە ئاوازێ بۆ ئەوینم ماوە
دەچمەوە ئەشکەوتان
کە هێشتا شوێن پێی تۆ بەسەر کەڤر و تاوێر هەرماوە

**سفری دروستبوون**

بەر لە تۆ من نەبووم
هەبوونم پووشێکی سەر ئاو بوو
بەر لە تۆ ڕەنگ نەبووم
تفرێکی کزیلەی خنکاو بووم
بەر لە تۆ دەنگ نەبووم
سەدایێ لە گۆزەی شکاو بووم

**شەرابی کۆنینە**

پێویستیم بە شەرابێکی کۆنینەی توند هەیە
بە قەدەر ئەوینی کەونارت مەستم کا
پێویستیم بە شیعرێکی قووڵ و تەڕ هەیە
بە قەدەر قووڵایی تیشکی تۆ هێورم کاتەوە
بەتەنها هەر شەراب و شیعرە
کە من لە تاوێر جیابکاتەوە

**جەنگی سارد**

کتێبێ لە حەسرەت ئەوینت
کەوتۆتە زەینی من
کتێبی ناو هەموو برینەکانی کەونە
شمشێرێ لە جەنگی ئەوینت
لە ڕوحم چەقیوە
شمشێری ناو دەستی گەردوونە

# دەرگاکان

فازیل شەوڕۆ
(ئیرلەندا)

لەناو دارستانێک دەرگا،
چاوبەستراو،
تێدەڕوانم:
نا، لە دەرگای عیشق نادەم
کەڵکی سووتانم نەماوە.
ناچمە بەر دەرگای مەیخانە،
گۆزە دەستی
لە گۆزەی دڵم بەرداوە.
مزگەوت، حەرامە لە کەسێ
خوا بە بەر بەردانی دابێ.
تەکییەش مەکانی نەفسێکە
لە ژووانی مەمکان تۆرابێ.

– دەرگای دیوەخانی پاشا؟
نەء، پەنجەمی پێناکەوێ،
دەستم ڕەنگی (لیرە) بگرێ
ناوم ڕەش ڕەش هەڵدەگەڕێ.

– بەهەشت؟
قەڵایەکی سەختی بڵند،
بەبێ دەرگا،
بۆ شاعیرێ، پشت لە خودا.

لەلای ڕاستەم:
دەروازەیەکی جەهەنەم،
چ خێرێکە،
لە جەهەنەم بۆ جەهەنەم!
لەلای چەپەم:
شیشە – ڕیزی زیندانێکە،
تو ویژدانتان،
زیندان بووە
بچێتە باوەشی زیندان؟



لەپشتمرا:
دەرگایەکی شان هەڵتەکاو،
مۆرانەدار،
بێ سیوسیوە،
مۆڕ بۆتەوە:
من کە هەڵاتووم لە درۆ،
چۆن بە درۆ،
دەرۆمەوە خزمەت درۆ؟

جووتێ دەرگا
لە پێشمدا
بانگم دەکەن:
ئەوەی بە قەد کونە سەیە،
تێمرا دەخورێ؛
پشتەکۆڵ و
خەونەکان و
دەفتەرۆکەی چامەکانت
دانێ و وەرە،
وەرە بەرەو کۆتا مەنزڵ،
ئارامتر لە چاوی شەهید
لێیڕاکشێ.
غەم هەڵمەگرە،
ڕێبوارەکان،
کۆڵەپشتەکەت هەڵدەگرن،
غەم هەڵمەگرە،
شەماڵەکان،
خەونەکانت ڕادەژێنن،
غەم هەڵمەگرە،
پەپوولەکان،
چامەکانت لەبەردەکەن.
غەم هەڵمەگرە،
لێیڕاکشێ،
تا ئاوێتە دەبیتەوە
لەگەڵ تۆز و خۆڵی
سەر ڕێ.

دەرگاکەی تر:
کۆنە تەنەکەی ژەنگاوی،
بێ چاوەزار،
بێ کێلون و
زەنگ و ڕێزە،
لە ژوورەوی:
چرایەکی لالە شکاو
ئاگردانێک
پێخەفێکی ساردی داماو
بڕیارم دا:
ئەو دەرگایە بکەمەوە،
لەسەر کۆسپە بەردینەکەی
شیعرێکی بۆ بخوێنمەوە،
نەختێ دڵی بدەمەوە.
ئەو دەرگایە
ئاشنای ڕوحە!
بۆ بێ حاڵان
کەشتی نووحە!
بڕیارم دا:
ئەو دەرگایە بکەمەوە،
چرایەکەی چاککەمەوە
پەنگری ئاگردانیشی
لە جاران
گەشتر کەمەوە.
بڕیارم دا
دوا بڕیار.

دبلن – ٢٠١١

# پەڕەمووچی پۆرترێتەکانم

ڕۆژ هەڵەبجەیی
(سلێمانی)



**خۆر**

باوکێکم بینی.. بە تەمایە خەنجەر
لە ملی کچەکەی بسوێ، چونکە خۆر
لە سپێدەی پرچەکانیا، هەڵ دێ.

**شێت**

شێت نیم گەرچی پەرۆشی ئەو شێتانەم،
هەتا شوویان پێ بکەم، بەڵام بە ڕەنگی بێ دەنگی
چونکە ئەوان ژیان لەلایان گەمەیەکە لە موتڵەق
عیشق لەلایان گەمەیەکە لە موتڵەق
مردن نەک گەمە،
نەمرییەکە لە موتڵەق..!

**لووتکە**

بۆ تاوانە..!
گەر خۆت بدەی لە قەرەی
بواری دەریای شاعیرێکی دوا قافڵەی
ئەم کاروانە..
لێم زیز مەبە، ئاوێنەیەکم پێیە
حەوا لەسەر لووتکەیە و
ئادەم لە نشێویا چاوەڕوانە.

**شەهیدستان**

شەهید بەچی؟!
بۆچی شەهید
موچڕکێک بە کەنارەکانی ڕوح و
جەستەی تەزیومدا شەڵاڵ دەکا
لەم شەهیدستانەدا ئێستا شەهید،
گوڵە پاییزە، تەنها لەگەڵ نێرگزە غەمەکانی
منا هاوئامێزە

**سێ تابلۆ لە (ژانی شیعرەوە)**

کەناڵەی شیعرێکم دێتەژان
لەودیوی گۆشەیەکی خەڵوەتگاکەمدا

ژنە حەشـەرییەکان،
وێنەی کیژۆڵە ئاسـکەکان دەفرۆشـن
کەناڵەی شیـعرێکم دێتەژان
لەم دەربارە بێ دەرەتانەدا
میلیشیاکان پریشکی ئاسۆ
هەڵ دەلووشن
گەنمی گوللە، لە کێڵگەکاندا
دەوەشێنن..!
کەناڵەی شیـعرێکم دێتەژان
مافیاکانی خزمی ئاشتی و ئازادی
بە زمانی تفەنگ
دەڵێن ژیان..!

**گومان**

بەد گومانم لە دەروازەی ژوورەکەم
کە بە ئاچەری دەستم دای دەخەم
کەچی نسێی ئەو هەنگاوانە دەبینم
کە فەرشی دڵم هەڵدەتەکێنن
موو بە موو
ناو جانتا و کتێب و
جل و بەرگەکانم دەگەڕێن
هەتاوەکو بە چەقۆی گومانیان
ملوانکەی ڕوحم بپڕووکێنن..!

**سۆراخ**

وێڵم و نایدۆزمەوە، هاوسەنگی
ئەو مەلانە، کە لەسەر تەنافی شعوورما
فێری فڕین دەبن..
وێڵم و نایدۆزمەوە.. گۆزەی گەنجیم
لە قەداسەتی کانییە سپییەکانەوە
دێوەزمە سەرخۆشەکانی ئیبلیس
نەیتۆزنەوە
وێڵم وەلێ دەستڕێژی تف
لە وەرزی سەردابەکانی،
وەحشەت و سۆزانی

**ئیعتیراف**

من لە ڕۆژژمێری ئەم وڵاتە بێ عیشقەدا
هیچ لە ئاژانسەکانی کەشوهەوا
بارتەقام نەبوو
ڕەوڕەوەی خەیاڵ بردمی و
چوومە سەمای پرچی، جوانوویەک
نمایشی عیشق بردمی و چوومە دەرماڵی
باڵی تەوارێک
ڕێژنەی زریان بردمی و چوومە ناو قەد تاوێری
بە ڕوویەک
قیژەی باپێچێ بردمی و چوومە کڵاوقووچی
لەپی بەرکاوێک
هەرەسی پرووشە بردمی و چوومە کەنار
چرنووکی پێی دۆڵێک

**ترس**

زۆر لەوە دەترسم جارێکی تر
دڵم ببێتە پارچەیەک لە خاکی سووتماک
چاوەکانم جۆگەلەی پاییز و جەستەم
سۆی سامناک
گەڵای زمانم، هەپروون و
کلیلی قوڕگم ون
ئەم جارە دەستەوئەژنۆ بم و
قاچم مەیلی کۆچ
مەرگ نوشتەیەکە و ئەحواڵی دەپرسم
لە بەرۆکی ڕوحی دەدەم، گەر هات و
کوردستانە ڕەنگینەکەم
چووە ژێر دەستی سیستمی
هەناسەی بۆگەن و دەستی کوتەک و سەگ وەڕینی
شەو..!

**گوڵەبەڕۆژە**

لە میزاجی وەختە ناوێزەکانمدا
شریخە لە زەنگی دەرگاکەم مەدەن
گەر کوشتنیشم ڕەوابێ
دوا هەناسەی گیانەڵام،
قومێک خۆشەویستییە
بە کوشتن ڕەختی کچێنیم تێک مەدەن،
بۆنی تیرۆژی ئەو گوڵلانە
لە هزرتانا مەپرژێنن
من دوا گوڵی بەرۆکتانم
باسی چرپای تۆز لێ نیشتوو مەکەن
کە خەوە بەرازانەی تیا دەبینن
نەتانزانیوە کچم.. وەلێ
گوڵە بەڕۆژەم..!

**بەفر**

نیشتمانە خورافییەکە..

وا ئەسپی پرچەکانم گلانیەتی.
لە خەرمانی ئەسارەتا
خەریکی چنینی هێڵی بەفرە
وەرەوە.. لەم شەقامی مەراقە
فریادڕەسێ..!
کە دەرگایەکت کڵۆم دەدرێت
گوڵێک و فڕندەیەک و مناڵێک
چریکەی مۆمی تەمەنیان دەخنکێ..!
سۆزی شەپۆلی ئەو دەفرە،
یاقووتیانە لە کوێ بێنم،
ئەو عیشقە شکاوانە کۆکاتەوە
بۆ بەر تەکیەی ڕەشەبای پرچ و
سەمای دەف و
خەڵوەت شکێنی
زیکری دەروێشێ..!

## تەقویم

دەرگاکانی لەسەر پشتە،
ئەم خۆڵستانی مەعبەدە..
گەر ئێوەش باڵەکانتان بۆنی تۆزی باڵی
پەپوولەی لێوەهات
گەر لە زمانی گوڵە قەنارییەکانم گەشتن
گەر لەرەی قاقا وەریوەکانم
بووە درەختی سەرشانتان،
ئەوە خاکی بەرپێتانم
ئەوە پەڕەی گوڵم
بۆ چەتری سەرتان
ئەوە تەقویمی کچێنی، هەڵدەواسم
لەسەر دیواری سنگتان..!

## چرا

بێ دەنگ، بێ ئاگا
لە کتێبخانەی باخچەیەکدا
ئەوەندە گەڕام، حەسرەت
هێلانەی بەست لە ڕووما
لە دڵی هیچ کتێبێکدا
شنەی چرایەکم نەدی
تاریکی جەستەم بتەکێنێ و
سڵاو لە پەنجەیەکی گریاو بکا..!

# پەنجەرە

**گراناز مووسەوی**
**لە فارسییەوە: لەیلا سالّحی**
**(بۆکان)**


لە پشت پەنجەرەی با –وە
لە پشت پەنجەرەی بەتاڵەوە
لە پشت پەنجەرەوە وێنەی ئەو دارانەی
خەفەتیان لە تاقەتی پاسارییەکانیش زیاتر کەڵەکە بووە
لەپشت پەنجەرەوە وێنەیەکی هەوا بە حەواوەیە
نسێی مرۆڤەکانە و
چەندە نەهات ئەوەی وا بڕیار بوو...

بڕوا بکەین یان نا
بە زمانی تاڵی مردن
کە لە دەمی قددیسدا دەگەڕا؟
پەنا بەرینە بەر ماڵە بێ چراکان
یان باسکە ڕووتەکانی زەوی؟

– ئەوان هەمیشە ڕاستیان کوتووە
ئەوەی بڕوا ناکا منم

جاری وا هەیە ڕێگاکان دەگەنە ئاوێنەیەک
کە لە جانتاکەی تۆدا بوو
جاری وایە چ جیاوازییەکی هەیە
گیای تاڵ بڕنییەوە یان نا؟
پەردە دادراوەکان
پشت بە بەهار ڕاوەستاون

تۆ پێت وایە عاشق بم یان نا؟
موعجیزەکان بە با –دا چوون
ئەو چاوانەش کە سەرنجی منیان ڕاکێشا
بۆ هەمیشە لە پەراوێزی ئاوێنەدا بە جێمان
لە پشت پەنجەرەش چەندە نەهات ئەو کەسەی وا بڕیار بوو..
لە پشت پەنجەرە
درەنگە
لەو هەمووە زەنا زەنایە
هەر ئاخێک بەسەر شووشەکانەوە ماوە
لەو ئاسمانە



بارانی میلە میلە بۆ دارە گومان لێکراوەکان
مـن سـەر بە کوێی زەویم کە هـەر لـەتێک لە دڵی
لەگەڵ پاپۆڕ و فڕۆکەدا ڕۆیشتووە تا هەمیشە
تا هەڕاج
لەگەڵ زیل و فەروەند
ڕۆیشتووە تا هەرگیز
تا دوعا
لە پشت پەنجەرەوە
لەو هەمووە گومبەزە
دوعا نا
ئەگەر خودایەک ماوەتەوە
ڕۆژژمێر پڕاوپڕی دەنگی بەبرە ون بووەکانە
لە مەودای گەڵا زەردەکانی «چیتگەر» و گازە
داگیرساوەکانی «باشوور»
ئەو چەکمە بە جێماوانە ئەگەر لەپێی شۆرەکات کەین
دەگەینە دەریا؟
ئەو ئاسمانە
بۆ ڕۆیشتن بوو
یان بۆ بارین؟

– ئەوان هەمیشە ڕاستگۆ بوون
ئەوەی بڕوا ناکا منم

لە پشت پەنجەرەوە
ڕوحی زبری زەوی چاوەڕوانی ڕۆچوونی مرۆڤەکانە
مردن لە دەستە تەڕەکانی بەهارەوە ئاو دەخواتەوە
کەسیش سەرمای لەو زستانە بچووکە نەستاندەوە
کە چوار ساڵەییم هەر لەوێ لەسەر بەفر و
لەسەر قەڵاندۆشی باوکم بە جێما

ئێستا چ ساکار دەکرێ بە دەستی کراوەوە
پەنا بەرییە بەر دەستە ساردەکانی دادوەر و
مەتەڵی پاییزە بەردەوامەکان هەڵێنێ و
ڕستەکانی سەر دیوار پێبکەنێ
دە کەسێک وەزمان بێ
چ لە چەکمە بەجێماوەکان بکرێ؟
مەگەر بەفر
ئەو ئاڵا سپییە،
کەس نایبینێ؟
بە خۆم دەڵێم: گەورەبە!
ئەو کەسەی لە چاوەکانی ئێمەدا پیاسە دەکا
لە سووچێکی ئاوێنەدا مردووە

شتێک بڵێ
بێ دەنگی تۆ، بەرەو ئەو بەری پەنجەرەم دەبا
لە پشت پەنجەرەوە
با – منداڵی و بلووغم
بەرەو ئاسمانێکی دیکە دەبا
من لە قژە سپییەکانی ئاوێنە دەترسم
لەو شاخانەی لە پشوودان
میوانخانەیەک کە ڕێم پێ نادا و
شایەدی من لەسەر ڕووداوی ئەودیوی پەنجەرە فەرمی
نییە
نا!
ئەوەی بڕوا ناکا منم و
ڕۆژژمێرە بچووکەکەم لێواولێوە لە دەنگی بەبرە ون
بووەکان

**هاوینی ١٣٧٧ تاران**

**سەرچاوە:**
**موسوی، گراناز، پا برهنە تا صبح، تهران، نشر سالی، چاپ سوم- ١٣٨٣.**

ژ هۆزانا ئەمساویا هەڤچەرخ

# هەیڤا سێبەرێ

**هێرمان ماسێر**
**ژ ئەلمانی: بەدەل رەڤو مزووری**
**(ئەمسا)**

-١-

هێدی بپەیڤە
باس ل جیهانێ بکە
باس ل ژدایکبوونا پادشایان بکە.
ل هیڤیا
تێکەلکری ژ ئاخێ
هێدی باخڤە
ل سەر دنیایێ
ل سەر دەسپێکا تەحلاتیێ.
ل سەر نیشانێن وێرانکەری.
هێدی باخڤە
ل سەر دلێ ئاسمانی.
ل سەر بەلاتینکا چاخێ ئاسنین
یا ئورجوانی.
هێدی باخڤە
ل سەر چاڤێ هەیڤێ
دگەل شیرێ ئەلندێ
هێدی باخڤە.

-٢-

تو دخوازی دوور بمینی.
بێ خەریبی
بێ خەریبی
بۆ لێدانێن دلی.
ژبۆ هەستێن هیڤیێ.
رەنگێ چاڤێن تە
دخودیکێ دا پرت پرت دبیت.
هاڤین و گرنژین ب داوی دهێن
دەڤێ تە ژی لبەر
سێبەرا هەیڤێ ڤەدمرییێت
تو دخوازی دوور بمینی.
ژبەر هەژاندنا دەستێن وەغەرکرنێ
چاڤ کولی هاتە مێرگا
وەکی پنیەکا شەرابێ
چاخێ مە ب رەنگ دبیت،



نیڤ شەڤێ
نەرمە بانە و
تو دخوازی دوور بمینی.

-٣-

دەمێ تو دهێی
بێ دەنگ نامینن
پەیسک بۆ پەیڤێ.
وێنێ سیبەرا دکێشیت
وەک ئەفسانە لسەر وارێن ستێران.
خەریبی.
تاریەکە ئەم تێدا گریاین،
پاشان مومکێن مژێ ڤەمریان.
بێ دەنگی.
چرایێ گولەکا زەر.
بەرکێ بشکڤتی یە ل سەر
رێکێ.

-٤-

چاڤێن تە
چاڤێن تە...
یێن مشت ژ تیشکێ
نەیا سەیرە حەز ژێ بکەین
خەونا پێڤە ببینین
چاڤێن تە...
تاریێ ب گەشاتیا خوە دکوژن
ستری و مرنێ ناهێلن
چامێن جیهانێ لسەر سفرا
جامێن پڕ ژ پەیڤێ، تە.
پەیڤێن تە سەبرا من دئینن دشەڤادا و
ئەم ژی ژ چرایێ تە دنوشین
دکەینە دیاری بۆ دلێ، خو
بۆ دلێن خو.

-٥-

ب درەنگی ڤە
ئاسمان گهەشت
گالیسکە نە ژانێن سیبەرێ
ڤەدگوهێزن
چاڤەکێ راستێ دبرسڤیت
دار ژی یا بێ ستێرە
دەستکێن گولا
تاری و خوینەلونە
ژ هندە بیرۆکا د پەنجەرێ را.
لسەر دەرگەهی
پانییێن هەیڤێ یێن زیڤی
هاتنە لێدان
بێ دەنگی...
پەیڤێ دبرینم.

**- هوزانڤان ژ دایک بوویێ سالا ١٩٥٦ ، ل باژارێ کوفلاخ یا نەمساوی ل دەڤەرا شتایارمارک.**
**- بسپوری دخاندنا خویا زانکویێ دا وەرگرتیە لسەر لێدانا ئورگێ و پیانویێ هەروەسا نەخشە و گرافیک خاندینە ل سەر دەستێ پروفیسور (ئەدولف اوستریدر) و شێوەکاری لسەر دەستێ پروفیسور (یوسف فیلد هوفر) و گەلەک کارێن هەمەڕەنگ ئەنجامداینە دبوارێن (دار، میتال، بەر، جبس).**
**- کار دکەت دبوارێن (نەخشە، هۆزان، دەق و گوتار).**
**- د رێبازا خودا گەلەک باوەڕنامە و خەلات بدەست خوڤە ئینانە ژ وان (خەلاتێ یەکێ) د هوزانا جیهانی دا ل (ئینسبروک) ل سالا ١٩٨١ ، (خەلاتێ یەکێ) د هوزانێدا سالا ١٩٨٣.**
**- گەلەک پێشانگەهێن هونەری ڤەکرینە و گەلەک دیوانێن هەلبەستێ بەلاڤەکرینە ژوان (ناموبێ یا مژێ، دویکێلا گوندەکی) و گەلەک ئێڤارە کۆڕێن رۆشەنبیری گرێداینە.**
**- من ئەڤ هەلبەستە ژ دیوانا وی (دویکێلا گوندەکی)* ئەوا ل سالا ١٩٨٨ هاتیە وەشاندن ل چاپخانا ستیریا ، هەلبژارتینە.**
**DORFRAUCH - HERMANN MASSER**
**Graz, Wien, Koln Verlag Styria 1988 ISBN 3-222-11846-9**



# دەمامکی شێر

**ئەسعەد عەزیز محەمەد**
**(کەرکووک)**

ئەو ئێوارەیەی بانگهێشتی ئاهەنگی دەمامکدارەکان کرابووم لە وێستگەی ڕۆیشتن و نەڕۆیشتندا دۆش دامابووم، چەند جارێک لەناخمدا بڕیاری نەڕۆیشتنم دا، بەڵام لە دواجاردا بڕیارێکی کتوپڕی ڕۆیشتن هەموو بڕیارە نەرێنییەکانی سڕییەوە، بۆ خۆشم نەمدەزانی بۆچی ئەم بڕیارەم داوە، بەڵام هەر فرمانەکە لە هۆش و بیرمەوە دەرچوو و ئاراستەی جەستەم کرا، بەدیمەنێکی خێرا پێکهاتەی جەستەم کەوتە جووڵەیەکی سەیر، بەپەلە جلەکانم گۆڕی، پێڵاوەکانم لەپێ کردن، هێشتا لە هۆڵەکەوە دەرنەچووبوومە دەرەوە، لەبەردەم ئاوێنەکەدا ڕاوەستام، بۆ ئەوەی قژم شانە بکەم، تەماشام کرد دوگمەیەکی کراسەکەم دانەخستووە، هەرچەندە لەو بڕوایەدا نەبووم باران ببارێ، بەڵام گەڕامەوە بۆ ئەوەی چەترەکەم بهێنم ، لەبەر خۆمەوە وتم "ئەوە چەندین ساڵە لەمانگی نیسان باران نەباریوە، ئیدی ئەم چەترەم بۆ چییە؟" بەڵام کاتێ سەرم بۆ ئاسمان بەرز کردەوە پەڵە هەورەکانم بینی گرد دەبوونەوە، چەترەکەم هەڵگرت و کەوتمە ڕێ.

دەرگاکەم بەدوای خۆمدا داخست، دەرگای یادەوەرییەکانم خستە سەر پشت، دوێنێ کە حەمە ڕێویم بینی ئەو بانگهێشتی ئەم ئاهەنگەی کردم، لەگەڵ حەمە ڕێویدا لە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیدا هاوپۆل بووم، لە پۆلی چوارەمی سەرەتاییەوە نازناوی ڕێوی بەناوەکەیەوە لکێنرا، ئێمە تا پۆلی سێیەمی ناوەندی بەتەنیا چەند کەسێکی کەم بووین ئەم نازناوەمان بۆی بەکار دەهێنا، بەڵام لەکاتی تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ لە ماددەی کیمیا بەشێوەیەکی زۆر سەیر قۆپییی کردبوو، ئیدی لەو کاتەوە مامۆستایانیش ئەم نازناوەیان پێوە لکاند و بووە شۆرەتی سەرەکی ئەو.

قۆپییەکەی بەشێوەیەک بوو کە لاپەڕەیەکی سپی هێنابوو لەسەر ئەو لاپەڕەیە بابەتەکانی نووسیبووەوە، بەڵام هیچ

دەرنەدەکەوت تا رووناکییەکی بەهێزت لێ نەدایە ئەوسا نووسینی سەر لاپەڕەکە دەردەکەوت، بۆ ئەوەی نووسینی سەر لاپەڕەکە دەربکەوێت لایتێکی بچووکی لەگەڵ خۆی هێنابوو، ئەو مامۆستایەی چاودێری هۆڵەکەی دەکرد ئەو قۆپییەکەی ئاشکرا کرد و لە هەموو تاقیکردنەوەکان بێ بەش کراو ئەو ساڵەی بەدەرنەچوون بۆ دانرا.

ئیتر پاش ئەو ساڵە لە هەواڵی حەمە ڕێوی بێ ئاگابووم، تا دوێنێ، بەڵام بە سەر و ڕوخساری وا دیاربوو کە باری گوزەرانی ژیانی زۆرباشە و ئۆتۆمبیلێکی زۆرجوان و مۆدیل بەرزی لێدەخوڕی، ناوونیشانی ماڵەکەی لە گەڕەکێک بوو کە زۆربەی خەڵکی شار خەونیان بەو شوێنەوە دەبینی تا تێیدا نیشتەجێ بن.

سواری تاکسییەک بووم لەنێو تاکسییەکەش بیرەوەری منداڵی وەک شریتێکی سینەمایی بەبەرچاومدا تێدەپەڕی، پشکنینم بۆ زۆر بیرەوەری تۆز لێ نیشتوو کرد، ئەوەم بەیاد هاتەوە لە پۆلی چوارەمی قۆناغی سەرەتایی بووین، دوکانێک لەبەرانبەر قوتابخانەکەمان هەبوو دەمامکی گیانلەبەرانی دەفرۆشت، خاوەن دوکانەکە پیرەمێردێکی ڕدێن سپی بوو، ناوی (حاجی کەریم) بوو، کاتێ بەیانیان بۆ قوتابخانە دەڕۆیشتین، لەو دوکانە لامان دەدا و دەمامکمان دەکڕی، زۆربەی قوتابیان لەسەر دەمامکی گیانلەبەرە دڕندەکانی وەک شێر و پڵنگ و ورچ شەڕیان دەکرد، بە تەنیا من و حەمە نەبێت کە دوو گیانلەبەری دیکەمان هەڵدەبژارد، هەموو کاتێ حەمە دەمامکی ڕێوی هەڵدەگرت و منیش دەمامکی ئاسکم هەڵدەبژارد، دەمامکی ڕێوی بووە نازناوی حەمە، بەڵام بەدەیان جار لە خۆمم پرسیوە و بیرم لەوە کردووەتەوە ئەی بۆچی ئاسک نەبووە نازناوی من، وەک چۆن ڕێوی بووە نازناوی حەمە؟ لە کۆتاییدا بەو دەرئەنجامە گەیشتم کە هەموو ئەو منداڵانە وەک من حەزیان لە دەمامکی ئاسک هەبوو، بەڵام پێیان شەرم بوو ئەو دەمامکە هەڵبژێرن، هەر هەموویان لە ناخەوە خۆشەویستییان بۆ مامز هەبوو، بەڵام دەیانویست بەرێگەی دەمامکی گیانلەبەرێکی دڕندەوە خۆیان لە گەمە و گاڵتەجاڕی هاوڕێکانیان بپارێزن، چونکە لەو کاتەدا زۆرجار تووشی گاڵتە پێکردنیان دەبوومەوە، هەندێک جاریش لەگەڵیان تووشی شەڕ دەبووم.

بەزۆری شێرزاد دەمامکی شێری هەڵدەگرت، چونکە کەسێکی شەڕەنگێز و هەروەها بەهێز و بازوو بوو، لە زۆربەی ئەو شەڕانەی لەناو قوتابخانە، یان لە دەرەوەی قوتابخانە کردبووی، شوێن دەستی بەسەروگوێلاکی ئەو کەسانەوە دیاربوو کە شەڕیان لەگەڵدا کردبوو، مامۆستاکانیش بەهۆی زۆربی کێشەکانی ئەم قوتابییەوە بێزار ببوون.

منداڵانی تر بۆ ئەوەی خۆیان لەشەڕی شێرزاد بەدووربگرن هیچ کامیان دەمامکی شێریان نەدەکڕی، چونکە تووڕەیی خۆی بەسەر ئەو کەسانەدا هەڵدەڕشت کە کێبڕکێیان لەگەڵدا بکردایە.

ژمارەی ئەو کەسانەش کە بەردەوام ڕووبەڕووی شێرزاد دەبوونەوە زۆر کەم بوون، لە هەموو شەڕەکانیشدا هەر شێرزاد بەسەرکەوتوو دەهاتە دەرەوە.

شێرزاد هیچ هاوڕێیەکی بەردەوامی نەبوو، بێجگە لە حەمە، کە هەمیشە بەدوایەوە بوو، ئەگەر شێرزاد دیار نەبووایە حەمە خۆی بە شێر دەزانی، ئەگەر ئەویش دیاربووایە دەیوت" ڕێوی هاوکاری شێرە"

هەموو ئەو بیرەوەرییانە لە تۆماری ڕابردوودا هەڵگیرابوون، لەو بڕوایەدا بووم ئەگەر دوێنێ حەمە ڕێویم نەبینیایە هیچ شتێکم بەبیر نەدەهاتەوە.

لەبەردەم دەرگای کۆشکەکەدا لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزیم... هەنگاوم بەرەو ناو کۆشکەکە نا، هەستم بەوە دەکرد لە دنیایەکی تردام، هیچ کاتێک نەمزانیوە کۆشکێکی ئەفسووناوی بەم شێوەیە لەم شارەدا هەبێت، کاتێ چوومە ژوورەوە سەرم لە نەخشونیگاری ناو ئەو کۆشکە و جوانی ئەندازەیی و تەلارسازی کۆشکەکە سورمابوو.

لە دەرگای هۆڵی چوونە ژوورەوە سینییەک بەدەستی ژنە کارەکەرێکەوە بوو، هەرکە ناوی خۆتت پێدەوت دەمامکێکی پێدەبەخشیت و داوای لێ دەکردیت بیپۆشیت. دەمامکی ئاسکی پێبەخشیم، پێش ئەوەی ڕوخسارم بەو دەمامکە داپۆشم، هەستێکی وەهام لەلا پەیدابوو کە ئاسکێکم لە وەرەزی خۆم دابڕاوم و کۆمەڵێک گورگی برسی خۆیان لە دەورم مەڵاس داوە.

لەنێو ئاپۆرەی کەسە دەمامکدارەکانی ناو هۆڵەکە بۆ ساتێک حەپەسام و هەناسەم سواربوو، ورچ و گورگ و پڵنگ و شێر و ڕێوی و کۆتر و ڕیشۆڵە و قەلەڕەش،

هەموویان لەو هۆڵە کۆببوونەوە، چاوم بەدەوری خۆمدا دەگێڕا کەسێک دەمامکی شێری پۆشیبوو هاتە پێشەوە و زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم، یەکسەر ناسیمەوە کە حەمە ڕێوی بوو، بۆ ماوەی چەند خولەکێک لەگەڵم کەوتە قسەکردن و پرسیاری زۆری لەبارەی کەسوکارم کرد، منیش بەچەند وشەیەکی کورت وەڵامم دەدایەوە، لەو کاتەی لەگەڵ حەمەدا قسەم دەکرد کچێکی شۆخوشەنگ بەرەو لامان هات کە دەمامکی کەناری پۆشیبوو، قژە زەردەکەی لەبەر تیشکی ڕووناکی گڵۆپەکان دەدرەوشایەوە، حەمەش بانگی کرد و وتی" ئەڤین ئەمە سالاری کۆنە دراوسێی خۆمانە"

بەساردوسڕییەوە بەخێرهاتنی کردم، بەڵام هیچ جۆرە پەرۆشییەکی بەو ناسینەم پێوە دیار نەبوو، ئەو کاتە لەناخمدا هەستم بەوەکرد هۆی هاتنم بۆ ئەم ئاهەنگە بۆ ئەوە بوو ئەو کچە ببینم کە ماوەیەکی زۆرە نەمبینیوە، ڕاستە هیچ پێوەندییەکی سۆزداریم لەگەڵی نەبووە، بەڵام لە ڕابردوودا هەمیشە جوانێکی سەرنجڕاکێشی خەیاڵ و بیرم بووە.

لەسەر کورسییەک لە سووچێکی هۆڵەکە دانیشتبووم، کەسێک دەمامکی ڕێوی پۆشیبوو، زۆر بە ڕێزەوە لێم نزیک بووەوە و بەدەنگی چپە و کپەوە وتی"کاک سالار ئەرک نەبێت تا دەرەوە نایەیت"

بەبێ ورتە دوای کەوتم، جاربەجار ئاوڕی دەدایەوە دواوە، وەک ئەوەی لە شتێک، یان لە کەسێک سڵ بکاتەوە، لە هۆڵەکە هاتینە دەرەوە، چەترە وشکەکەی هەڵگرتم و لەناو باخچەکەدا لە نزیک ترشە دار هەنارێکەوە ڕاوەستا و دەمامکەکەی لە ڕووی خۆی هەڵماڵی، یەکسەر ناسیمەوە کە شێرزاد بوو، دوای ئەوەی باوەشم پێداکرد و چاک و چۆنیم لەگەڵ کرد، بەپێکەنینەوە وتم" تۆ بە منداڵی دەمامکی شێرت دەپۆشی، کەچی ئێستا ڕێوی".

ئەویش بەدەنگێکی کەساسەوە" حەمەش بە منداڵی دەمامکی ڕێوی دەپۆشی ئێستا شێر".


پێی وتم" بەوە دەچێ تو و حەمە جێگەکانتان ئاڵوگۆڕ کردبێ".

لە ڕیتمی دەنگی هەست بە غەمێکی شاراوە دەکرا کاتێ وتی " بەویستی من نییە، جگە لە تۆ هەموو کەسەکانی چوار دەورت گۆڕاون".

بۆ چەند چرکەیەک بێ دەنگ بوو، دواجار دەنگی هەڵبڕی" بۆ ئەوە بانگم کردیت لە حەمە دوور بکەرەوە، ڕەنگە بە سادەیی خۆت وەکو منداڵی مابیتەوە، بەڵام حەمە ڕێوییەکی بێ بەزەیی و دڕندەیە، مەهێڵە بکەویتە داوی فێڵەکانی، ئەگینا وەک من هەرگیز لەچنگی قوتار نابیت، ئەو دەیەوێت تۆڵە لە هەموو هاوڕێکانی منداڵی خۆی بکاتەوە".

هەندێ کرداری حەمەی بۆ گێڕامەوە کە چۆن بێوەژنێکی دەوڵەمەندی هەڵخەڵەتاند تا شووی پێ بکات، پاشان وازی لێهێنا، دەستی بەسەر هەموو ماڵومولکیدا گرت، هەروەها باسی ئەو بازرگانەی بۆ کردم کە ویستی شەریکی بێت، دواتر بێجگە لەوەی پارەکەی لە کیس چوو، قەرزاریش دەرچوو، دوای گێڕانەوەی هەموو ئەو سەرگوزشتانەی حەمە، هەستم بەوە کرد لە شوێنێکدام بێز لە خۆم دەکەمەوە کە لە شوێنێکی وادام، بەهەڵەداوان بەرەو دەرگاکە ڕۆیشتم تا دەربچمە دەرەوە. شێرزاد بەدیمەنێک کە واقی وڕمابوو سەیری ئاراستەی بینینی کردم، وەک بەردێک لە شوێنی خۆی وشک ببوو. کاتێ بینی بێ ئەوەی خواحافیزی لێبکەم کۆشکەکەم بەجێ هێشت، چەند دڵۆپە بارانێک بەر ڕوومەتم کەوت، بەدەمامکەکەی دەستم ڕوخسارم سڕی، سەیرێکی دەمامکەکەم کرد بیرێک بەخێرایی تیشک بەمێشکمدا تێپەڕی" ئەگەر من لە ئاهەنگ و لە ژیاندا یەک شێوە ڕووم هەبێت هەرگیز پێویستیم بەوە نییە دەمامک بپۆشم، دەمامکەکەم فڕێدایە سەر زەوی، کەوتە ژێر پێی هاتۆچۆکەرانی سەر شەقامەکە.

**کەرکووک/ ٢٠١١**



# ماسی سپی چاوڕەش

**کاوە عێززەتخا**
**(بۆکان)**

ئێرە کەناری جەغەتووە. من هەمـوو ڕۆژانی هەینی، ڕێک لەکاتی بانگی نیوەڕۆدا، بەسواری ماتۆڕگازییەکەم و جلوبەرگە ماسی گرییەکانمەوە دەست دەدەمە تۆڕەکەم و دێمە ئێرە و تا بانگی شێوان قولاب تێ داوێم و هەر ماسییەک دەگرم، تەنانەت ئەگەر سپی چاو ڕەشیش نەبێت زگی دەدڕم و نێو زگی بەوردی و تەنانەت نێو ڕیخۆڵەکانیشی دەگەڕێم.

سالآنێکە بەم چەشنە ماسی دەگرم و ڕەنگە ملیۆنان ماسیم زگ دڕیبێ و دوای ئەوەی بە وردی نێو زگیم پشکنیبێ، فڕێم دابێتنەوە نێو ئاوەکەوە. نێو زگی هەموویان ڕەشە و یەک دوو تۆقلەیە و هەندێک وردەڕیخۆڵە و گۆشتێکی سووری دڕوواوی و هیچی تر. بڕێکیان گەراشیان لەزگدایە.

چیرۆکەکە لەوێڕا دەستی پێکرد. لەمیراوا لە کووچەی تەرەغەی شەش، لە ژووره گەورەکەی نهۆمی دووەمی ماڵی خۆمان.

دەستم دا تۆپەکە لەسەر ئاکواریۆمی ماسییەکان و چاوێکم لەماسییەکان کرد، سپی و چاو ڕەش. ترپەی پێی دایکم لەپلیکانەکانی دەرێڕا دەهات. تۆپەکەم لەتۆڕەکە هاویشت و بەئەسپایی دەرگای هۆڵەکەم کردەوە، ڕاست چاوم لەچاوی دایکم هەڵەنگووت، سەرتاپا ڕەش.

-: دایە دیسان سەرەخۆشی؟ سەرەخۆشی کێ؟

-: پوورەگوڵێ! گوڵەچاوڕەش.

کەوشەکانم لەپێ کرد. دایکم بەتووڕەییەوە:

«چییە؟ دیسان تۆپێن؟ »

پێکەنیم: «ئەرێ ... تۆپێن.»
تۆپەکەم کە لە تۆڕێکم خستبوو بەشانم دادا و وەدەر کەوتم. لەدیوی کووچەوە گوێم لە دەنگی دایکم بوو:
«یوونس مەردی خودا بە زوو وەرەوە، مەیکە نەقڵەکەی باوکت.»
باسی باوکم کرد، باوکم لەرۆژێکی پاییزی مانگی سەفەر لەکەرتی نوێژی هەینیدا، دەنگێک، دەنگێکی ناسک، ڕەنگە دەنگی پەرییەک بانگی دەکات: «یوونس...!» و سێ جار دووپاتی دەکاتەوە: «یوونس...! یوونس...! یوونس...!»
باوکم سلاوی نوێژەکەی دەداتەوە و بەپلیکانە سەنگ فەرش کراوەکانی مزگەوتی جامیعەدا دێتەخوارێ و ماتۆرگازییەکەی هەڵ دەکا و کەلوپەلی ماسی گرتنەکەی لەپاشتەرکی ماتۆڕەکەی قایم دەکا و بەرەو سەددی جەغەتوو وەرێ دەکەوێ. دایەگەورە دەڵێ: "تاکۆلانەکەی ئەو دیویش وەدووی کەوتم و تکا و ڕەجام لێکرد وەگەڕێ..."
زۆرم قاو لێکرد: "کورم ...وەگەرێ...ڕۆڵە مەردی خودا بە وەگەڕێ و واز لە ڕاوی ماسی سپی چاوڕەش بێنە."
لەوسەری کۆلان و لەسەر شەقامەکە، ماتۆڕسوارێک، کلاوێک بەسەرەوە، ڕاوەستاوە. سواردەبم و بەشەقامەکەدا دێتەخوارێ. پاکەتە جگەرەکەی دەردێنێ و جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و جگەرەیەکیش دەدا بە من و دەڵێ:
«zerya.blogfa.com»
دەڵێم:«نێوی خۆی؟»
دەڵێ:«زەریا.»
لە ساحیلی لەبەر دەرگای هوتێل شار ڕایگرت، من دابەزیم و ئەو گازی دا بەماتۆڕەکە و لەوسەری شەقامەکە ون بوو.
کچێکی مووکاڵ بەمانتۆیەکی قوڵەی سپی و رووسەریەکی سپی و دوو ڕوومەتی سوورهەڵگەڕاو بەدەم سەردی زریانی پاییزەوە چاووبرۆیەکی ڕەشەوە، لەسەر سەندەڵییە چیمەنتۆکەی بەردەم هوتێلەکە دانیشتبوو و سەری بەسەر کتێبە پەڕ زەردەکەدا گرتبوو. لەلای دانیشتم و کوتم :«بلێی باوکت...»
کوتی: «باوکم نەخۆشە»
کوتم: «دایکت...»
کوتی: «دایکم پارەکە سەری نایەوە.»
بۆنی عەتری لێ دەهات، عەتری‌کی ژنانە، بۆنێکی نەرم. تۆزێک دانیشتم. چاوێکم لە توێکڵە تووەکان کرد. ئەو توێکڵە تووانەی دوێنێ و پێرێ و ڕۆژانی پێش لەسەر ئەو سەندەڵییە تروکابوون. شەماڵ بانگی کردم: «یوونس وەرە کایەکە دەست پێ دەکەین.» هەستام برۆم. کوتی: «کتێبێکی باشە.»
کوتم: «ئەو کتێبە...؟»
کوتی: «ریخت شناسی قسەای پریان.»
هەروا کە قەیتانی کەوشەکانم توند دەکردەوە و لێم پرسی: «تۆ...»
کوتی: «منم شاعیری کوڕانی سەرگەردان.»
کوتم : «ماڵەکەتان...؟»
کوتی: «مەریوان کۆلانی زریواری شەش.»
لە نیوەرۆی رۆژێکی پاییزی مانگی سەفەردا، لە میراوای بۆکان، لە کۆلانی تەرەغەی شەش، لەهۆڵە گەورەکەی نهۆمی دووی ماڵی خۆمان، دەستم دا کتێبە ئەستوورە پەڕزەردەکە لەسەر ئاکواریۆمی ماسییەکان و چاوێکم لە ماسییەکان کرد، سپی و چاوڕەش. ترپەی پێی دایکم لە پلیکانەکانی دەرێ ڕاهات. کتێبەکەم لە جانتا سوورەکەم هاویشت و بە ئەسپایی دەرگای هۆڵەکەم کردەوە. ڕاست چاوم لە چاوی دایکم هەڵەنگووت، سەرتاپاڕەش. کەوشەکانم لەپێ کرد، جانتاکەم لەشانم کرد و بە پلیکانە سەنگ فەرشکراوەکانی ماڵی خۆماندا هاتمە خوارێ و بەرەو مەریوان کەوتمەڕێ. لەنێو تاریک و ڕوونی ئێوارەدا گەیشتمە دەرگایەکی سەوزی داخراو. پیرەژنێک بەوێدا ڕادەبرد. لێم پرسی:«...»

کوتی: «پێم وایە ماڵەکەیان ڕۆیشتووە.»
لەمنداڵێکم پرسی: «...»
کوتی: «ماڵی گوڵێ چاوڕەش دەڵێی؟ نا نەڕۆیشتوون»
بەسەر دیوارەکەدا سەرەتاتکەم کرد. شۆقی چرایەک لەپشت نەردەکانی پەنجەرەیەکی دووتایی داخراوەوە دیارە. چاوێکم بەم لاو ئەو لادا گێڕا. کۆلانێکی چۆڵ. بەسەر دەرگاکەدا وەسەرکەوتم و پێم نایە حەسارەکەوە. پووڵەکە و وردەریخۆڵەی ماسی بە حەسارەکەدا بلاوببوونەوە. پشیلەیەک خەریکە سەلکەماسی دەخوا. لامپێک لەدیوەکە هەڵکراوە و بۆچرووکی ماسی ماڵەکەی داگرتووە. دەچمە پێشێ، دەست بە نەردەکان دەگرم و سەر

به شووشەی پەنجەرەکەوە دەنێم. پەنجەرەی چێشتخانەکە. قابلەمەو تاوە و سووزمە و کەلوپەلی نێو چێشتخانەکە هەمـوو ڕژاون بە مل یەکدا و چرە دووکـەڵ لەناو تاوەی سەرگازەکەوە هەڵدەستێ. پشـیلەیەکی سپی چاوڕەش بەدیار گازەکەوە، لەسەر کراسێکی سپی گوڵ ڕەشی ژنانە، هەڵکورماوە و دەمی دەلێسێتەوە. بەسەر کاشییە سپییەکانی چێشتخانەکەوە سێ چوار پەڵە خوێن دیارە. چەقۆیەک کە دەمەکەی وردە پوولەکەی ماسی و خوێنی پێوەیە لەوێ فـڕێ دراوە. لە کـۆڵانەوە دەنگی ئاژیری پۆلیس دێت. دەنگی پیرەژنێک دێت:

– : «پێم وایە ماڵەکەیان ڕۆییوە»

دەنگی منداڵێک دێت:

– : «نائەلحان هاتەوە»

دەنگی پێی کەسێک، بەسەر دەرگاکەدا وەسەردەکەوێ

– : «جـەناب سـەروان بۆچرووکـێکی سـەیر دێت، ماڵەکەش چۆڵە تەنیا چەند پشیلەی لێیە کە لەسەر سەتڵی زبڵەکە بەشەڕهاتوون.»

دەنگی کـابرایەکی گـەڕاوە لە پەنجـەرەی مـاڵەکـەی ئەوبەرەوە دێت:

–: «سـەرکـار لەنوێژی نیـوەڕۆوە بەسـواری ماتۆڕگازییەکەی بەو کۆڵانەدا ڕۆیشتووەتە خوارێ و نەمدیوە بێتەوە. دەنگی ئاژیری پۆلیسەکان لە کۆڵانەکە دوور دەکەوێتەوە.

لە نیـوەڕۆی ڕۆژێکی پاییـزی مـانگی سـەفـەردا، لەمیـراوای بۆکـان، لەکـۆڵانی تەرەغـەی شەش، لەهۆڵە گـەورەکـەی نهـۆمی دووی مـاڵی خـۆمـان، فـیـشی کۆمپیوتەرەکەم لەسەر ئاکواریۆمی ماسییەکانەوە لە پریزی کارەباکە داو تەماشایەکی ماسییەکانم کرد، سپی و چاوڕەش. دەنگی پێی دایکم لەسەر پلیکانەکانی دەرێ ڕادەهات. کۆمپیوتەرەکەم هەڵکرد. دەرگای هۆڵەکە بە ئەسپایی کراوە. سەرم وەرسووڕاند. چاوم لە چاوی دایکم هەڵەنگووت، سەرتاپاڕەش.

– : «کوڕم تا بیمارستان دەچم و ئەلحان دێمەوە»

– : «دایە، هەروا زەلیلە؟ هەر لە ئای سی یو دایە؟»

دایکم هەناسەیەکی هەڵکێشاو..... –: «حەیف...بۆ ئەو چاوەڕەشانە»

لەسەر ئینتەرنێت کلیک دەکەم. مژێک لە جگەرەکەم دەدەم و چاوێک لە پەنجـەرەی مـاڵەکـەی ڕووبەڕوومـان دەکەم. پەنجەرەیەکی نەردەداری دووتایی. ژنێکی سپی و ناسکی چاو و برۆڕەش بەتوێی کراسێکی تەنکی سپی گـوڵ ڕەشـەوە لەبەر ئاوێنەکـەرا بەسـەمـاکـردن دێت و پەنجەرەکە دادەخا.

« zerya.blogfa.com» دەکەمەوە.

دڵۆپ،دڵۆپ

چاوی ڕووبار

کەوتۆتە ڕێ

بۆ ناو سینگی زەریا

پاییزە،

ناوەختە،

سەفەر مەکە ڕێبواری دوور.

وێنەیەکی مووکاڵی سپی و ناسکی چاوڕەش.

–: «منم شاعیری کوڕانی سەرگەردان. دایکم دوو ساڵ لەمـەوبەر لە نیـوەڕۆی هەینی ڕۆژێکی پاییـزی مـانگی سەفەردا مـاڵئاوایی لێ کردین. باوکم هەر ئەو ڕۆژە دوو غـەوواس لە دەست شـەپۆلەکـانی چۆمی جـەغـەتوو (زرێبار)یان ستاندەوە و ئێستا لە نەخۆشخانەی ئاویەری شاری سنە لە ئای سی یو دایە. هەمـوو شـەوێ بۆ ماوەی چەند کـاتژمـێـر لەنێـو هەزار بە هەزارەی سـایتـەکـاندا دەگەڕێم و سەر بەماڵی ئەم و ئەودا دەکەم. ڕۆژانەش لە پارکی سـاحـیلی، لە دەرکی هوتێلی شـار لەسـەر کـورسـیـیـەکی چیـمـەنتـۆ دادەنیـشم و"ریخت شناسی قسەهای پریان"دەخوێنمەوە.

منم شـاعـیـری کـوڕانی سـەرگـەردان. باوکم لەڕۆژێکی پاییـزی مـانگی سـەفـەر لەکـەرتی نوێژی هەینیـدا، دەنـگێـک، دەنـگێـکی نـاسـک، دەنـگێـکی نـاسـکی منداڵانە، بانگی دەکات: «بابە...!» و سێ جار دووپاتی دەکاتەوە: «بابە...! بابە...! بابە...!»

بـاوکم سـڵاوی نوێژەکـەی داوە و بەپلیکانە سـەنگ فـەرش کـراوەکـانی مزگـەوتی جامـیـعـەدا هاتەخوارێ و مـاتۆڕگازییەکەی هەڵ کرد و کەلوپەلی ماسی گرتنەکەی لەپاشـتـەرکی مـاتۆڕەکـەی قـایم کـرد و بەرەو سـەددی جـەغـەتوو کـەوتەڕێ. دایکم تا کـۆڵانەکـەی ئەودیویش وەدووی کـەوت و تکا و ڕەجـای لێ کـرد: «وەگـەڕێ... وەگەڕێ... مەردی خـودا بە وەگەڕێ واز لە ڕاوی مـاسی سـپی چاوڕەش بێنە.» دایکم کـەوت و خـوێن بەسـەر سـەنگ فـەرشی کـۆڵانەکـەدا هاتە خـوارێ و ڕژایە قـاناوەکـەوە. دایکم لەئامـبـولانسـەکەدا سێ جـار سەری هەڵێناو هاواری کرد: «یوونس...یوونس...یوونس...بەجێی

مەهێڵە...کچە سپییە چاوڕەشەکەت بەجێ مەهێڵە.»
ژنێکی چاوڕەش بەبەرگێکی سەرتاپا سپییەوە دەست دەباتە باخەڵی دایکم وکلیلێک دەردێنێ، کلیلێکی زەردی چکۆلە. کلیلی ئاکواریۆمی ماسییەکان.

دایکم دەڵێ: «ماسییە سپییە چاوڕەشەکە...»

پەرەستار دەڵێ: «پیاوەکەشت ئێستا لە سەدی جەغەتوو لە نێوزگی ماسییەکاندایە.»

دایکم دەڵێ: «مەهێڵەبمرێ، ئاگات لێی بێت...»

پەرەستار دەڵێ: «مەگری شاعیری کوڕانی سەرگەردان»

دایکم دەیکوت" هەموو ڕۆژانی هەینی، ڕێک لەکاتی بانگی نیوەڕۆدا، بە سواری ماتۆڕ گازییەکەی و جلوبەرگی ماسی گربیەکانییەوە دەستی دەدا تۆڕەکەی و دەرۆی بۆ سەددی جەغەتووتا بانگی شێوان تۆڕی تێ داویشت و هەر ماسییەکی دەگرت، زگی دەدڕی و نێو زگی بەوردی و تەنانەت نێو ڕیخۆڵەکانیشی دەگەڕا. ساڵانێک بەم چەشنە ماسی گرت. ڕەنگە ملیۆنان ماسی زگ دڕیبێ و دوای ئەوەی بەوردی نێو زگی پشکنیبن، فڕێی دابێتنەوە نێو ئاوەکەوە. تا سەرەنجام، لە ڕۆژێکی هەینی مانگی خاکە لێوەدا، ماسییەکی سپی چاوڕەشی گرت و پاش ئەوەی ناو زگی پشکنی کلیلێکی زەردی چکۆلەی تێدا دییەوە. لە جانتا چەرمینەکەی خست و بەشانیدا کرد و بەرەو مەریوان کەوتەڕێ. لەنێو تاریک و ڕوونی ئێوارەدا گەیشتەبەر دەرگایەکی سەوزی دووتایی داخراو. کلیلەکەی لە جانتا چەرمینەکەی دەرهێناو لەکونی دەرگاکەی خست و بایدا. دەرگا کرایەوە. لەحەساری، لەگوێی حەوزەکە، کچێکی مووکاڵی سپی و ناسکی چاوڕەش، لەسەر کورسییە چیمەنتۆکە، ڕووت، سەیرڕووت، بەپێستێکی ناسکی پەمەییەوە، لەبن سێبەری دارهەرمێکە دانیشتبوو، سەری بەسەر کتێبە ئەستوورە پەڕزەردەکەدا گرتبوو.

کوتی: «بلێی... باوکت...»

کوتم: «باوکم نەخۆشە»

کوتی: «دایکت...»

کوتم: «پارەکە سەری نایەوە»

کوتی: «ئەوکتێبە...»

کوتم: «ریخت شناسی قسەهای پریان»

کوتی: «تۆ»

کوتم:«منم شاعیری کوڕانی سەرگەردان»

ماسییەکی سپی چاوڕەش. کلیلێکی زەردی چکۆلە. مەریوان، کووچەی زرێباری شەش. دەرگایەکی سەوزی دووتایی. منم شاعیری کوڕانی سەرگەردان.»

«zerya.blogfa.com» دەبەستم. دەست دەدەمە تۆپەکە لەسەر ئاکواریۆمی ماسییەکان و تەماشایەکی ماسییەکان دەکەم، سپی و چاوڕەش. تڕپە پێی دایکم لە پلیکانەکانی دەرێرا دێت. تۆپەکە لەتۆڕەکە داوێم و بە ئەسپایی دەرگای دەرێ دەکەمەوە. چاوم لەچاوی دایکم هەڵدەنگوێ، سەرتاپا ڕەش.دەڵێم: «دایە دیسان سەرەخۆشی؟ سەرەخۆشی کێ؟»

-: «پوورەگوڵێ! گوڵەچاوڕەش.»

پێڵاوەکانم لەپێ دەکەم.دایکم بەتووڕەییەوە: «چییە؟دیسان تۆپێن؟»

پێدەکەنم: «ئەرێ ... تۆپێن...»

تۆپەکە بە شانمدا دەکەم و وەدەردەکەوم. لەودیوی کۆڵان گوێم لەدەنگی دایکم دەبێ: «یوونس مەردی خودا بە زوو وەرەوە، مەیکە نەقڵەکەی باوکت.» لەوسەری کۆڵان و لەسەر شەقامەکە، ماتۆڕسوارێک، کڵاوێک بەسەرەوە، ڕاوەستاوە. سوار دەبم و بەشەقامەکەدا دێتەخوارێ. پاکەتە جگەرەکەم دەردێنم و جگەرەیەک دادەگیرسێنم و جگەرەیەکیش دەدەم بە ئەو و دەڵێم: «zerya.blogfa.com».

دەڵێ: «نێوی خۆی؟»


دەڵێم: «زەریا.»

لە ساحیلی، لە دەرکی هوتێل شار، ڕایدەگرێ و ئەو دادەبەزێ، تۆپەکەی دەدەمێ و من تەماشایەکی کەلوپەلی ماسی گرتنەکان بە سەر پاشتەرکی ماتۆڕەکەوە دەکەم و گازی دەدەمێ بەرەو سەدی جەغەتوو، لەو سەری شەقامەکەوە تێدەپەڕم.

**شەوی هەینی ١/سەرماوەزی/ ١٣٨٩ (٢٠١٠ز)**

# بارانبارین

**ئەلوەند تەلعەت**



ماوەی سێ ڕۆژی تەواوە بارانێکی توند و بێزارکەر ئاسمانی گوندەکەمانی گرتۆتەوە، بەمەش ئەوەندەی تر گوزەرانی خەڵکی قورستر کردووە و جموجووڵی لادێکەمانی بڕیوە، بەجۆرێک هیچ کەسێک ئامادە نییە بۆ تاوێکیش بێت نزیکی سۆپا دارینەکە بەجێبهێڵێت، هەر کاتێکیش دایکم خوشکە گەورەکەم بۆ ئاوهێنان، یان بۆ هەر کارێکی تر دەنێرێتە دەرەوە بەلەش گرانییەوە هەڵدەستێتەوە و بەدەم ڕێگاوە لەبەر خۆیەوە دەبۆڵێنێت، بەڵام کەس گوێ بە بۆڵە بۆڵەکەی نادات وەک ئەوەی هیچ کەس گوێی لێ نەبووبێت، بە ڕووگرژییەکەوە دێتەوە پاڵ سۆپاکە و وەک نارەزاییەک بە توندی کراسەکەی لە ئاوی باران دەتەکێنێت بۆ ئەوەی سەرنجی دەوروبەر ڕابکێشێت، کەچی دیسانەوە کەس گوێ بەم ڕەفتارەی نادات. (ئاوات)ی برام وەک زۆربەی کاتەکان لەسەر پشت پاڵ دەکەوێت و بە چاوە زەقە بە قوڵداچووەکانی بەبێ چاوترووکان سەرنجی بنمیچی ژوورەکە دەدات، کە چەند کاریتەیەک بەپانی لەم سەر تا ئەوسەری بنمیچەکە درێژبۆتەوە و نێوانەکانی بەدەستە قامیشی بەیەکەوە بەستراو پڕ کراوەتەوە و لە ناوەڕاستیشیەوە کونێک کراوە تا لوولەی دووکەڵکێشی ئاگردانەکەی پێدا تێبپەڕێت. خوشک و برا بچووکەکانیشم لە سووچێکی ژوورەکە لەناو تاریکاییدا کە ڕووناکی چراکە نایگرێتەوە وەکو سێبەر دەردەکەون و خەریکی یاریکردنن، جارجاریش دەبێت بە شەڕیان و قیژەیەک بەرز دەبێتەوە، دایکم ڕادەپەڕێت و دوای ئەوەی زللەیەک لەم دەدات و جنێوێک بەو دەدات، لە یەکیان دووردەخاتەوە و پاشان دەگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی و لەپاڵ سۆپاکە لە نزیک گەرماییەکە دادەنیشێت و دەست دەکات بە تەشی ڕستن و زۆربەی جارەکانیش لیفکەی لێ دروست دەکات. داپیرەشم کەمێک لەولاوەتر لای قاچی (ئاوات)ی برام لە سووچێکی دۆشەکەکە بە ئارامی دانیشتووە و بە تەزبیحەکەی دەستی خەریکی زیکرکردنە، جارجارێکیش سەری بەرزدەکاتەوە و ئۆفێک دەکێشێت و بەدەنگی بەرز بێ ئەوەی قسەکەی ئاراستەی کەس بکات،

دەڵێت: نەبابە لێکردنەوەی چی، لێی ناکـــاتەوە؟!، ئاسمان کون بووە و ئەهە.

بەڵام من زۆر ئەو قسەیەی داپیرەم بە مێشکدا ناچێت و پێشم وانییە ئاسمان کون ووبێت و ئەمەش هۆکاری ئەو بارانبـــارینە زۆرە بێت، چونکە هەر جـارێک دایە گـەورەم ئەو قـســەیەی کــردووە من چوومــەتە دەرەوە و سەیری ئاسمانم کردووە، بەڵام جگە لە هەورێکی ڕەش و تاریک هیچ کونێک، یان شتێکی ترم نەدیوە. من زیاتر باوەڕم بە قسەکەی (خەجە) هەیە، ئەو بێوەژنەی وەکو ئەوەی داپیرەم دەیلێت کاتی خۆی مێردەکەیان کوشتووە، لەبەر ئەوەی خـوێڕی بووە و هەمـیـشـە دوای نامـووسی خەڵکی کەوتووە.

بۆ خۆشی داماوە هەموو خەڵکی ڕقیان لێیەتی، گوایە کەسێکی شەڕانگێزە و لەکاتی بارانبارینی زۆر ڕەملی ڕووداو و کـارەسـاتی ناخۆش لێدەدات، چونکە ئەو پێی وایە هەموو بارانێکی زۆر و بەلێزمە نیشانەی کارەساتە و ڕووداوی ناخـۆش ڕوودەدات، هەندێک کـەس دەڵێن لەبەر ئەوە وا دەڵێت، چونکە ئەو کـاتەی مـێـردەکـەیان کوشت، بە هەمان شێوەی ئێستا، بارانێکی زۆر دەباری، تەنانەت بەهۆیەوە پرسـەکەشی بەرێکی نەگێڕدرا، بەڵام من پێم وایە ئەو ڕاست دەکات، چونکە ساڵی پاریش بە هەمان شێوە لە سەرەتای زستان بوو، بارانێکی وا باری، هەرچەند ڕۆژێک دوای ئەوە (مـام ڕەسـوول) لەکـاتی پەڕینەوە بۆ ئەو دیوی سنوور کـاروانەکـەیان کـەوتە ناو کـەمین و لەناویاندا بەر فـیـشـەکی پاسـەوانانی سنوور کەوت و کوژرا، هەر مـانگی پێنجی هەمـان ساڵ بوو کە (ئاوات)ی برام دوای بـارانێکی زۆر کــە نزیکەی چوار ڕۆژ و سێ شەوی خـایاند، کەوتە بەر مین و دەسـتێک و قاچێکی پەڕی، ئێستاکەش کاتێک دەیبینم بە ڕەنگی زەرد و دەمـوچاوێکی ڕەق و غـەمـاوییـەوە لەناو جـێگا کـەوتووە، دڵم بۆی دەسووتێت و هەمـوو ئەو ڕۆژانەم یاد دەکەوێتەوە، ئەو کاتەی ڕۆژ خۆش بووایە لەژێر تیشکی گەرمی هەتاودا لە نزیک ئەو گۆمـانەی کـە ئاوی باراناو پڕی کردبوونەوە، لەسەر زەوییەکە دەگەوزاین و لە لێواری گۆمەکان قوڕمان دەڕنی و یاریمان پێدەکرد، ئەو هەمیشە ئاژەڵی خەیاڵی دروست دەکرد، وەک پشیلەی شەش لاق و مــراوی چوارپێ و ئەسـپی باڵدار و...تاد، بەڵام من زیاتر وێنەی مـەڕ و بزن و هەندێک جار مـراویم دروست دەکرد، هەموو کات ئەو حەزی بە یارییە قوڕینەکانی من بوو، هی خـۆی فـڕێ دەدا و بە بەکـارهێنانی دەسـەڵاتی براگـەورەیی یارییـە قـوڕینەکـانی منی داگـیـر دەکـرد، هەندێک جـاریش دەیبـردە لای دایە گـەورە و خـۆی پێ هەڵدەکێشا، گوایە ئەو دروستی کردوون. ئەو ڕۆژە هەوڵم دا بە جـۆرێک دڵـخـۆشی بکەم، چووم لە دەرەوە کـەمێک قـوڕم هێنا و لە تەکـیـەوە دانیـشـتم و شـێـوەی بزنێکم بۆ دروست کـرد، بەڵام وەک جـاران دڵی پێ خـۆش نەبوو، بەڵکو تەنیا بزەیەک هاتە سەر لێوانی و برایەوە، پاشان ڕووی وەرگـێـڕایە دیوارەکە. باوکم دوێنێ شـەو بەرلەوەی سەفەر بکات، بەڵێنی دا ئەگەر لەم کاروانە بە سەلامەتی بگەڕێتـەوە لەودیوی سنوور لەگـەڵ خـۆی شـەقـڵـەی بۆ دەهێنێت تا لە ڕۆیشتن یارمـــەتی بدات، ئەمــــەش هیوایەکی دڵخۆشکەرە بۆ ئەو.

من دوێنێ تا ئەو کاتەی کاروانەکەیان بە ڕێکەوت بە دیاریانەوە وەستابووم، حەزم دەکرد باوکم بانگم بکات و داوام لێ بکات لەبەستنی بارەکە یارمەتییان بدەم، بەڵام هیچ کەسێک گوێی بە بوونی من نەدەدا لەوێ، هەموو بە مشـەوەشی لەژێر بارانێکی توند شەڕواڵەکـانیـان تا سەر چۆکـیــان خـســتـبـووە ناو پۆتینەکـانیـان و گـەنج و پیـر نەدەناسـرایەوە، هەمـوو بەیەک توانا و وزە سـەرقـاڵی کــارکــردن بوون، لە مــاوەیەکی کــورتدا هەمــوو خــۆیان ئامادەکرد و بەدوای یەکدا وڵاغەکانیان ڕاکێشا و کەوتنە ڕێ، هەر پیـاوێک بە دەسـتـێکی جـڵـەوی وڵاخـەکـەی گـرتبـوو، دەسـتـەکەی تری کـەمێک دابووە پێش خـۆی و فـانووسـێکی بەدەسـتـەوە گـرتبـوو، لە دوورەوە لەناو تاریکایی لە شێوەی شەمەندەفەرێک دەردەکەوتن کە بە قـەدپاڵی شـاخـەکەدا هەڵدەگـەڕان، تا لەناو تاریکاییـدا ونبـوون. بڕیار وایە چەند ڕۆژێکی تریش بە سـەلامـەتی بگەڕێنەوە، بەڵام شـــتـــێک من بتـــرســـێنێت ئەوەیە سەفەرەکەیان کەوتە ڕۆژی بارانێکی زۆر و بێزارکەر.

**٢٦ی ئازاری ٢٠١١**



# میڤانێ بەرفێ

ج. ئامەد
(ئامەد)

قەشەیا کو ژ ئێڤارێ ڤە دۆم دکر د بانگا سبێ دە دژوارتر خویا دکر. پووسی ل سەر بەرفا چل و قەرقاش پوولپوولی بووبوو و وەک ئەلماسێن هەفترەنگ د بن تیرێژێن رۆژێ دە، پر خوەش دبرقی.

ل سەر خانییان هێدی هێدی دوویێ بێخێریان، دوویێ سۆبان ل هەڤ دگەریا و مینا رەقس بکن هلدکشیان بەر ب ئەزمێن ڤە.

هنەک گوندیان بەرفا بەر دەرێ خوە پاکژ دکرن،هنەکان ژی ، بێر د دەست دە، سەرێ خانیێن خوە پاکژ دکرن. زارۆک د ناڤ بەرفێ دە دلەیستن و هەڤوودو دگەڤزاندن. هایا وان ژ تشتەکی تونە نەبوو، هەر تم قیرقیرا وان بوو. نە سەرمایا کو گوهـ و پۆزێن مرۆڤ دتەڤزاندن بالا وان دکشاند، نە ژی برچیبوون و تەنگاسیا مالباتێن شەرپەزە. لێ ئەڤ سەرما و سەقەما دژوار نەیارا چۆکێن کال و پیران بوو. وەک د ناڤ بەرفێ د بن خوین د لاشێ وان دە نەدحەرکی. ژ بەر ڤێ یەکێ، هەر تم ئەم ژ لۆمە و گازنێن وان خلاس نابن. گاڤا کو دەڤێ وان ڤەدبە، دەست پێ دکن: " خوەزیا ئەڤ سباتۆکا دین زوو دەرباس بوویا ، لاشێ مە پچەکی گەرمیا رۆژێ بدیتیا! " دگۆتن.

ب بانگا سبێ رە، کو ل دەرڤە ئەو – ئەوتا کووچکان بوو، سەرما و قەشا هان گوهـ و پۆزێن مرۆڤ وەک گەزێر سۆر دکر. پشتی کو مە تاشتەیا خوە کر، ئەز و برێ خوە ئێ بچووچک، مە کنجێن خوە ل خوە کر و ئەم دەرکەتن دەرڤە. وەک هەر رۆژ مە لەپکێن خوە، یێن هری خستن دەستێ خوە و مە ژ کادینێ تاووک دەرخست. (ل هەرێما مە گاڤا کو بەرف دباری، گەل کار و بارێ خوە ب پرانی ب سایا تاووکان دکن. ژ بەر کو تاووک ل سەر بەرفێ خوەش دشەمتە، هەر کەس خوەدیێ تاووکەکێ یە.) ئەم ل دۆرا تاووکێ چوون و هاتن، ب بالکێشیەکە گرنگ مە کێماسی و لازمیێن خوە د بەر چاڤ رە دەرباس کر. پشت رە، مە وەریس و بڤر ژی پێ ڤە گرێدا و بانگی هوندر کر: " باڤۆ، ئەم ئامادە نە،

تو تێیی ئان نا ؟ گەر تو درەنگ بمینی، ئەم دخوازن بمەشن."

د لنگێ مە دە لەکان هەبوون لێ دیسا ژی، بەرفێ ژ مە رە ئاستەنگی دەردخست. مە جارەکێ بڕیار گرتبوو، ئێدی تو ئاستەنگێ نکاریبوو ڕێیا مە بگرە. بەرفا قەشا د بن لنگێ مە دە دپلچقیا... د بن ڕەنگیتییا بەرفێ دە دار و دەڤی، کەندال و نەوال، چیا و دەشت هەموو وەک ئاسیمانەکی سپی بێئاسۆ بوون.

ڕوویێ ئەسمان ولۆ سپی بوو، کو مرۆڤ نەدخوەست ل وێ سایيا سپەهی، ل کوورەیا زەلال بنهێڕیا. ئەڤ سایيا هان چاڤێن مرۆڤ دقەمشراند. لێ ئەو زەمبەلیێن ب گولیێن داران و ب کێلەکێن خانییان، شباکان ڤە دالەقاندی بوون وەک سەدەف دبرقین.

دەنگێ چڤیکان هێدی هێدی زێدە دبوون و ئەم ژی ب هەڤالبەندییا دەنگێ چڤیکان ژ " گوهەرمێ " دوور دکەتن. گوهەرمێ مەزرەیەکە پچووچک و پڕ ب تایبەتە. د ناڤ چیایێن ئاسێ دە ڤەشارتی یە. ل هێلەکێ چیایێن ئاندۆکێ، و ل هێلەکێ ژی چیایێ سپی و بەربهیڤ، ل کێلەکا دن ژی چیایێ شەرەفدین هەیە. کەسێن کو گوهەرمێ ناس دکن ژێ رە دبێژن: وارێ تەیران. ب ڕاستی ژی جهێ گوهەرمێ وەکە هێلینا تەیرانە. د ناڤ چیایێن ئامەد، مووش و چەولەگێ دە جه دگرە. زڤستان پڕ بەرف دبارە و تێکەلیێن مە ب گوندێ جینار و ناڤچێن باژارڕ ڤە دقوتە. ئەم خوە ب خوە دمینن. د ڕۆژێن شایی و شینێ دە تو کەسێ غەریب ئەم نابینن. ژ بەر ڤێ یەکێ، هەر تم مالباتێن مەزرێ لازمتییێن خوە ژ بەرێ ڤە پەیدا دکن. ژ بۆ کو پڕانی پەز خودی دکن، ژ پاییزێ ڤە هەژمارا لۆدێن چلوو و گیا زێدە دکن. مە ژی وێ سالێ گەلەک چلوو و گیا کۆم کربوو. لێ کۆمێن گیا نێزیکی گوند نەبوون. پڕانی، کۆمێن چلوو، کۆمێن گوونییان و لۆدێن گیا دووری گوند بوو و هەرکەس دچوو بقاسی لازماتیا خوە گیا و چلوو دئانی. بقاسی ئەز دزانم ژ باڤ و کالان ڤر دە، هەر تم زڤستانان ئەڤ کارێ هانێ تێ دۆماندن. ژ بەر ڤێ یەکێ، مە بخوەستا ئان نەخوەستا دڤێ چلوو و گیا و گوونی بهاتا. لەورا کەرییێ پەز وێ ژ برچیبوونێ قڕ بووبوویا... یانی ئەم مەجبوور بوون هەڕن چلوو و گیا بینن.

خانیێن گوند ل قەراغی چەم هاتبوون ئاڤاکرن و جهێ گوند پڕ ئاسێ بوو. پێشییان ژ بۆ کو، هم نێزیکی ئاڤێ بن، هەم ژی خوە ژ ئافات و ئاشیتان، ژ زلما زۆرداران بپارێزن گوند ل جهەک ئاسێ ئاڤاکربوون.

زڤستان هەرتم دژوار دەرباس دبە ل هەرێمێ. ژ وان سەدەمان گوندی هەر سال لازماتیێن خوەیێن زڤستانێ، پاییزان تەدارک دکن. د ناڤ وان لازماتیان دە هەم خوارن، کنج، فێکی وئارد، هەم ژی، ژ بۆ پەز گیا، چلوو، کا، گوونی و کزن دجڤینن. ئەڤ تشتێ هانێن ژی خوارینا پەزە.

هەر سال، گاڤا مەها سباتێ، گیا و چلوو دقەدە ئان ژی کێم دبە. ژ بۆ کو، پەز برچی نەمینە هەموو مالباتێن گوند پاییزان دەستێ خوە زوو دگرن و ئامادەکارییان ب جه تینن. مە ژی وێ سالێ وەک هەموو گوندییان لازماتییێن خوە تەدارک کربوو. لێ وێ سالێ زڤستانێ، بێنا مە قوتوباندبوو. ژ بەر ڤێ یەکێ، وێ ڕۆژێ هەوا پیچەکی ڤەکری بوو، ئەز و برێ خوە ئەم ڕابوون چوون کەندالێ سۆر. لەورا لۆدێن چلوو و گیا ل کەندالێ سۆر بوون.

ئاشیت، پڕانی کو زێدە دباری و گەرمیا ڕۆژێ لێدخست، چێدبوو. ئان ژی ب تەقاندنا تفنگێ، بانگ ئان قیڕینەک، مەشا حەیوانەکی تێر دکر ژ بۆ ئاشیتێ. د ڤان ڕۆژان دە کەسێن کو ڕێوی نە، ئەو سعود خوە ب خوە دمینن. ئەگەر سعودا وی لێ بکەنە، تشتەکی نابە، لێ سعود غەیدی بە، ئەو کەس مێڤانێ بەرفا سارە. ل وی واری نە ئاڤ هەیە نە ژی هەوا...

ڕۆژەکێ وەک وان ڕۆژان، من و برایێ خوە دا پەی مەشا سعودێ... مە دزانیبوو کو، ئەم دەستێ خوە زوو نەگرن و لنگێ خوە سڤک نەئاڤێژن، دبە کو ئەم ئیشەڤ ببن مێڤانێ گور و هرچان! لەورا وان چیایێن هان پڕ مێڤانێن وەها دیتبوون.

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا ( ئانتۆلۆژیا چیرۆکێن نووبهارێ) ڕووپەلێن ٩٣-٩٥ هاتیە وەرگرتن، کو چاپا وێ یا یەکەم ل سالا ٢٠٠٨ێ ل ستەنبۆل هاتیە چاپ و بەلاڤکرن.**



# کاتێک بە تەنیام، نا

**ئەحمەد مەحموود**
**لە فارسییەوە: سەلاح نیساری**
**(بۆکان)**

نێوچاوانی تێک نا پرسی:
– ئەوانە چییە تۆ دەیکێشی؟
گوتم:
– کامانە؟
– هەر ئەوانەی وا دەیانکێشی!
گوتم:
– من ئەگەر سیگاری شنۆ نەکێشم تام لە سیگار نازانم. پێکەنینی بە قسەکەم هات. پێکەنین نا، چەشنێک گاڵتە پێکردن، زۆری پێ تێک چووم، وەبیرم هاتەوە قاوەچی گوتبووی «فەڕەنگیشمان هەیە» من گوتبووم «نا.. لەبەر بەژن و باڵات دەمرم ئەوە شنۆیە... هەر نەبێ هەست دەکەی سیگارت بەدەمەوەیە...» ئێستا، کوێر و پەشیمان «... مل ورد، ئەگەر دەتزانی ئەو شتە ڕوودەدا...» ئەگەر دەتزانی بەم چەشنە بەختەوەری... خۆزیا فەڕەنگیت وەرگرتبا...»
... لەگەڵ خۆمدا بووم و تەنیا ویستی خۆم لە پڕ بەدەنگە ناسکەکەی ڕاپەڕیم.
– لەگەڵ داوای لێبوردن ئەرێ... دەتوانم بڵێم نەختێک ئەو شووشەیە دادەیەوە؟.. ئاخە دەزانی دووکەڵی ئەو سیگارە.
ئەو مژە بەهێزانەی من لە سیگارەکەم دەدا، دووکەڵ وەک مژ لەنێو ماشێنەکەدا ماسیبوو... شووشەکەم داکێشا، بەڵام ئارەزووم لێی نەشکابوو، سیگارەکەم بە نیوەچڵی فڕێ دا دیوی دەرێ و گوتم:
– ئێوە هەر بە ڕاستی سیگارە ناکێشن؟
تەماشایەکی کردم.
ڕوانینەکەی هەر لەبەرە بەیانێکی بەهاری دەچوو. ڕووناک و هەست بزوێن و خەفەت پەڕێن. «کاتێک تەنیا دەبم،

نا...» وەک ئەوەی هیچ نەبم «ئەگەر فەرەنگی با، دەتکێشا، لەبەر چاوی مەزنتر دەبووم!..» ماوەیەک لەوە پێش چاوم پێی کەوتبوو، تیشکی نیگای ئەنگاوتبوومی، لە دنیایەکی خۆشدا دەستەملانی ئەوینم بووم، نەرمی دۆشەک و سەندەڵییەکە ماندوویی لەشی تۆراندبووم. سیگارێکم داگیرساندبوو، دواتر پێڵووی چاوم لەسەریەک دانابوو، ڕازی بووم بۆ چرکەیەکیش بێ مێشکم وەحەسێنم لە دڵەوە سەیرانی باغی جوانی بکەم و بزەی سەرلێوم گوڵ بکا و چاوم خەنیبێت بە حەز و تاسە و خۆشەویستی.

لەناکاو بە بەبزەی تاڵ و چپەی دەنگی تەونی خەیاڵی هەڵبڕیم و دڵمی لە ڕکەی سنگمدا ئەنجن ئەنجن کرد... ئەو ئێستا بە تەنیا بوو پشت فەرمانی گرتبوو خەریکی ئاژووتنی ماشێنەکە بوو سیلەی چاوێکم دایە، شنەی با-کە دەهاتە ژووری کاکۆڵ و سەرو پرچی جوانی بە دەم با-وە کەروێشکەی دەکرد و بە بەر گەردنیدا دەشنایەوە کاتێک تووشی ئەو ڕۆژە نەهاتبووم و ماشێنە شڕەکەم ئاوای بەسەر نەهاتبوو، بیرم کردبۆوە هەر چۆنێک بێ خۆم بگەیەنمە شار بۆ ئەوە بوو بە چایچییەکەم گوتبوو:

- دەزانی چییە کاکی برا، من تێناگەم ئەو داشقە شکاوە هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە، تەواو بوو تەواو... دەڕۆم بۆ شار میکانیکێک وەستایەک دەنێرم هەتاکو چاکی بکاتەوە، قاوەچی گوتبووی:

- دەشتوانی بە کندرێک، سیمێک، شتێک بیبەستی بە پشتی دزێڵێکەوە ڕای بکێشن...

شەکەت و ماندوو بووم، هێز و تاقەتی ئەو کارەم نەبوو قسەکەم پێ بڕی:

- زەحمەتێکم بۆ تۆ هەیە؟

- زەحمەت نا، بەڵام...

- کرێی زەحمەتەکە بە چاوان، ئەو جاریش ئەو داشقە شکاوە، کەس بە خۆڕایی نایەوێ...

دواتر بەبێ ئەوەی لەسەر قسەی چایچی ڕاوەستم، وەڕێ کەوتبوو دەورێکی باغچەی گوڵەبەڕۆژەکانم لێدابوو گەیشتبوومە سەر ڕاستە جادەکە و زۆری پێ نەچوو بوو لە پڕ «کارمن»ێکی سوور لەبەر پێمدا ڕای گرتبوو، تێرامانی وەفادارانەی ژنێک و زەردەخەندەیەک لە پشت فەرمانی ترومبێلەکە دڵمی وەلەرز هێنا بە دەنگی خۆش و هەست و ئیحساسی ڕوحێکی تازەی پێدابووم.

- بەڕێز دەچی بۆ شار؟

- ئەگەر بۆتان نەبم بە زەحمەت.

ئێستا، ئەو گەورەیی کردبوو، لە ماشێنەکەی دابووم، بەدڵ حەزم دەکرد هەتا هەتایە نەگەمە شار.

پەپوولەی نیگام لەسەر گوڵی ڕوومەتە تاو گەستۆکانی ئەو خاتوونە نازدارە نیشتەوە، لە پڕ لۆرییەک بە تیژی بەلاماندا تێپەڕی و پردی خەیاڵمی تێک ڕووخاند، سەیری پێش خۆمانم کرد جادەکە ئاوێزانی دارستانێکی دەستکردبوو، جار جارەش بەرینایی ڕوانگە لە چاو ون دەبوو. پەرژینی ئاسن و تەل درک و کۆڵەکەی کارەبا، بە خێرایی بەرەو پیرمان دەهاتن لێیان تێ دەپەڕین، ئەویش بە دڵی خۆی لێی دەخوڕی و خرمەی تەگەرەکانی بەسەر جادەکەوە کڕڕەی لە گوێم هەڵدەستاند.

وێستگەی پاسەکان لە خەڵک جمەی دەهات، چاوەڕوان مابوونەوە. من دەمزانی ئەگەر سەر و خوارێکەی ڕووبەڕوومان بەجێ بهێڵێن دواتر پێچی دووەمیش ڕەت بکەین، ئیتر شتێکی وای نامێنێ بۆ شار. ڕەنگی قۆڵ و مەچەکی هەر لە زێڕاو دەچوو، لەگەڵ لەرزەی فەرمانەکە دەست و باسکی دەلەرزی بیرم بۆ ئەوە چوو دەبێ لە سەیران بووبێت، چووبێ بۆ ڕۆخی زەریاکە. لێم پرسی:

- لە گەشت و سەیرانی دەریا دێیەوە؟

بە بزەیەکەوە سەری بۆ لەقاندم دیسان بێ دەنگ بۆوە و تەنیا هاڕەی ترۆمبێل بوو دەهات. بۆنی وێنجە دەهات لەگەڵ گەڵای ورد و گوڵە وەنەوشەییەکانی بە دەم با-وە کەروێشکەیان دەکرد، دڵی منیش پەیتا پەیتا تەپەی دەهات... یەکەم پێچ تەواو بوو.

- بەتەنیا بووی؟

سیلەی چاوێکی دامێ، ئەو نێو نیگایە هۆشی لەسەر پەڕاندم، بەرامەی ئەقاقیا و بۆنی خۆشی بەیبوون بە دەم شنەوە خۆی کرد بەنێو ماشێنەکەدا و سێبەر کەوتە سەرمان و لقوپۆپی درەختی ئەقاقیاکانیش دەتگوت ڕیزی سەربازانی ڕاکردووە بە پەنایاندا تێ دەپەڕین.

بەنێو دارەکاندا ڕەت بووین باریکە ڕێگەیەک بەنێو چیمەنەکەدا دەگەیشتە سەر دووەم پێچ بە پەناماندا چەند کەسێک بە سواری وڵاخە بەرزە تێدەپەڕین ئەسپەکانیان بە بێ زین بوون. تەنیا یاڵ و ڕەوت و ڕۆینیان جوان بوو لاق و لەتەریان لەبەر تیشکی خۆر دەبریقایەوە.

ئێستا بۆنی بەیبوون و بۆنی هێشووە سپییەکانی گوڵی ئەقاقیا تەواو ببوو بۆنی دووکەڵ بوو دەهات.

دووکەڵی دووکەڵکێشی کارخانەکان چەمۆڵەی لە ڕوخساری ئاسمانی چاوشین دەنا، هەنیەی کێوەکانیشی شێواندبوو. لەگەڵ ئەو دیمەنە سوور و شینەی «کارمن»یش بەژێر تاو و سێبەردا دەخوشی.

دەشتە چیمەن پۆشەکە تەواو بوو، ئەوەی دەرکەوت دیواری بەرزی خشتی سوور و تابلۆی گەورە و چکۆلەی ئەستوون ژەنگاوی بوو بە ڕەنگی سوور و زەرد و شینەوە..

منیش لە ناخەوە لەخۆم دەنووسام، هەرچۆنێک بێ بیدوێنم. لەبیری ئەوەدا بووم لێی بپرسم: «کێی لەگەڵدا بووە؟... بۆچی بەتەنێ ڕێگای شاری گرتۆتە بەر... ئاخۆ بە تەنیا دەژی؟...» دیسانیش وام بە دڵدا هات بەبێ هیچ دۆزە دۆزێک وەقسە بێم: خۆشم دەوێ چونکە: «هەر لەیەکەم نیگاتەوە کە بەم وشە جوانانەت خوڵقت کردم پەپوولەی حەزم لەسەر سوورە گوڵی هەنیەت هێزی فڕینی نەما... بە دیتنت گرفتار بووم...»

بەڵام لە پڕ پەژیوان بوومەوە و «... قسەیەکی بێ تامە... کاتێک بیرۆکەیەک لە دڵ و ناخی مرۆدا خەریکی هەڵچوونە، وەکو فوارەی گڕکانێک لە حەجمین ناکەون هەتاکو نەیەنە سەر نووکی زمان، بەڵام هەرکە لە چەشنی وشە لە دەم بەر بوونەوە سڕ و بێ گەرموگوڕی دەکەونە حاڵەتی گیانەڵاوە...» لە دووەم پێچ چووینە ئەودیو کەلاکی زەبەلاحی شار، لەژێر توێژاڵێک دووکەڵدا نێو چاوانی پێ تێک نام.

چاوم لەسەر یەک دانا و پاڵم دایەوە، ئەوەندەم زانی دەنگێکی بەسۆز وەک ئەوەی لە بەرەبەیانی بەهاریدا مژدەیەکی خۆشی پێ بێ، هاتە گوێم.

– خەوت دێ؟

خەوم نەدەهات پێڵووەکانم لەسەر یەک دانابوو، هەتاکو چاوم شار نەبینێ.

– نا.

پڕ بە چاوەکانم سەیرم کرد. شنەی با– بسکەکانی پەخش و پەرێشان کردبوو، گەردنی ڕووتی هەر لە گەردنی کەو دەچوو.

– ئەی چی؟

– ماندووم.

گوڵبزەیەک کەوتە سەر لێوی. ڕوانینەکەی پرسیاری پێوە بوو. دەکرا بپرسم، بەڵام ئەو کارەم نەکرد. خەیاڵ ڕفاندمی:

– پێی بڵێ ئەو شەو هەتا بەیانی نەخەوتووی. ماشێنت لێ خوڕیوە. بڵێ گیانی کەسێکت لە مردن ڕزگار کردووە. خێرا فریای کەوتم.

– مرد!... ئەوە درۆیە... دوێنێ شەوێ تۆ بەدوای بەرەڵڵاییەوە بووی.

– کەوابوو خۆ ئەو غەیبی پێ نەبوو... قسەیەک ساز بکە پڕ بێ لە شتی سەیر...مرۆڤایەتی... فریوی بدە... ڕای بکێشە...

– نا!... ناتوانم... ئەوە کاری من نییە.

– خوێڕی گەمژە، تۆ دەست پێشخەر بە، تۆ سەری قسە دابمەزرێنە...

– ئاخری چی؟

– ئاخری وەقسە دێ... قسە؛ قسە دێنێ.

منیش کە نەمدەتوانی.

شار دەهاتە پێشێ و جار لەگەڵ جار ئەستوورتر دەبوو. ئێستا نە بۆنی دار و درەخت مابوو، نە شنەی با– منیش پێڵووم لەسەر یەک دانابوو، بۆنی ناخۆشی شار و زەنا زەناکەی دایدەپلۆسیم.

– لە کوێ دادەبەزی؟

چاوم هەڵێنا. «کارمن» خەریک بوو لە گۆڕەپانێکی دزێو دوور دەکەوتەوە خۆی بە گەرووی شەقامێکی ناخۆشدا دەکرد. لە پڕ هەستم بە دڵتەنگی و ئاڵۆزییەک کرد. بۆن و بەرامەی باغ و بێستان تەواو ببوو، بۆنی قیل و ژەنگ و ژار و ئاوەڕۆ بوو دەهات. بریقەی شیروانی کارخانە و دیوارە سمیت و چیمەنتۆکان بوو دەهات لەگەڵ تین و گەرمای تاقەت پڕووکێنی هەناوی شارە گەنیوەکە هەست و ئاوەزی نەزۆک دەکردم.

– ئێرە باشە!

– ئەی ئەگەر نەمپرسیبا؟

– لە هەر جێگایەک لێت پرسیبام تەواو بوو.

دیسان بزە نیشتە سەر لێوی و ماشێنەکە ڕاوەستا، دابەزیم.

– بە خودات دەسپێرم.


منیش دەستم بۆ بەرز کردەوە.

– سەر چاوم...

هێشتا دوور نەکەوتبوومەوە سیگارێکم داگیرساند و مژێکی باشم لێدا و بە ئیشتیاوە دووکەڵەکەم دەرداوە، «کارمن» لە پشت دووکەڵەکەوە کەوتە ژێر تارمایی و دواتر لە ئانیشکی شەقامێکی سمیت کراودا بزر بوو.

**نووسەری فارسینووسی ئێرانی بە ڕەگەز کورد و دانیشتووی باشووری ئێران (ئەهواز) ئەحمەد مەحموود (١٣١٠– ١٣٨١) خاوەنی ڕۆمانی همسایەها، مدار سفر درجە، داستان شهر، زمین سوختە، ادم زندە، دریا هنوز ارام است، داستان مول...**

**سەرچاوە:**
**از مسافر تا تب خال، چاپ دوم: ١٣٧٧، انتشاران معین**



# ڕەحیم قادر سورخی:
# ئێمە ئەگەر وەرنەگێڕین دەمرین..
# ڕۆژنامەنووسیی کوردیش زیاتر بە زمان و وشە پڕ دەکرێتەوە، نەک زانیاریی نوێ و هەواڵی نەرم

**ئا: خەبات ڕەسووڵی**

هەموو نەتەوەکانی سەر ئەم گۆی زەوییە، هەنگاو بە هەنگاو خەزێنەی ئەزموونیان کۆکردووەتەوە و لە هەموو بوارەکاندا کتێبخانەکانیان بە کتێبە بەنرخەکانیان ڕازاندووەتەوە. پێشینیان گوتەنیش کەس لە پڕێک نەبووەتە کوڕێک، کوردیش وەک هەموو گەلانی دنیا خەریکی خۆپێگەیاندنە و لە زۆر بواریشدا هەنگاوی جددیمان هەڵێناوەتەوە. لەو پرۆسە درێژخایەنەدا، پێداچوونەوە بە هەڵەکانی ڕابردوو، سوور نەبوون لە دووبارەکردنەوەیان و کەڵک وەرگرتن لە پسپۆرایەتی لێزانان و...تاد دەتوانن زووتر بە ئامانجمان بگەیەنن. یەکێک لەو بوارانەی کە ڕەخنەی جددیمان لەسەرە بواری ڕاگەیاندنە.

ئەگەر خوالێخۆشبوو میقداد مەدحەت بەدرخان چاوی بەم هەموو ڕۆژنامە و گۆڤار و سایت و وێبلاگ و تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ کوردییە بکەوتبایە، بە دڵنیاییەوە ئۆخژنییەک بە دڵیدا دەهات کە ئۆخەی ئەوە کوردە کە خزمەت بە زمان و ئەدەب و کولتوورەکەی خۆی دەکات و تاڕادەیەک لە خەم ڕەخساوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە هەر نیو کاتژمێری یەکەم وای بیر دەکردەوە و ئەو هەموو هەڵەی ڕێنووس و زمانەوانی و پیشەییەی کە لە ڕاگەیاندنی کوردیدا دەبینرێن، بزەی لەسەر لێوی دەتاراند. لەپێناو چارەسەرکردنی ئەو چەشنە گرفتانەدا ماوەیەک لەوەپێش هەواڵی ئەوە بڵاوبۆوە کە لیژنەیەک بۆ پێداچوونەوە بەسەر بارودۆخی ڕاگەیاندندا دامەزراوە، یەکێک لەو کەسانەی کە ئەندامی ئەو لێژنەیەیە، کاک ڕەحیم سورخییە، هەر بەو مەبەستە و بە مەبەستی زیاتر ئاشنابوون بە بیروڕایەکانی سەبارەت بە کار و چالاکییەکانی، چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵی سازدا تا باسی پرسەکانی ئەم بوارانەی لەگەڵدا بکەین.. با پێکەوە ئەو بیروڕایانە بخوێنینەوە.

**✱ با له منداڵیتەوه دەست پێ بکەین، قۆناغی منداڵیت چۆن تێپەڕاند؟**

– ساڵی ١٩٧٠ له گوندی قازانلی سەر چۆمی جەغەتوو که دەکەوێتە نێوان شارەکانی میاندواو، سایەنقەڵا و بۆکان له دایک بووم. بنەماڵەکەمان خاوەنی زەوی و زار و کەڵ و ئارەبە و جووتوگا بوون، دایکم کار و ئەرکی زۆری لەسەرشان بوو، بۆیە له پڕکاری ئەودا سەرەڕای ئەوەی خوشکێکم چوارساڵ لەمن گەورەتر بوو و چاوی بەسەرمەوە بوو، ئازادییەکی زۆرم هەبوو لەوەی له کەم شت بمگێڕنەوە، سەرم به هەموو کەلێن و قوژبنێکدا دەکرد. زۆرجاریش شیرینکاری منداڵانەم له قۆناغی گاگۆڵکێ و سەرەتای پێهەڵگرتن هەبوون. دەگێڕنەوە جارێک من و کوڕەمامەکەم– ئەو نزیکەی ساڵێک لەمن گەورەتر بوو– تووشی کۆخەیەکی زۆر پیس ببووین. من چووبووم وازلینێک که باپیرم لاقی پێی چەور دەکرد خواردبووم و کۆخەکەم چاک ببووەوە. گوایە دەیانویست بە زۆر دەرخواردی ئەویشی بدەن چاک بێتەوە، ئەویش نەیدەخوارد.

جۆگە ئاوێکی گەورە بە بەر ماڵەکەماندا تێدەپەڕی، دارستانێکی چڕوپڕیش لەوبەرییەوە بوو. یەکەم پێوەندییەکانم لەگەڵ سروشت، لەگەڵ ئەو دیمەنە جوان و سیحراوییەوە بوو، پاشانیش بە چالاکی وەک مەلە لە وەرزی هاویندا و خلیسکێن لە زستاندا لەو جۆگەیە دەستی پێ کرد. لە نێوان چۆمی جەغەتوو و جۆگەکەی بەرماڵماندا زناوێک هەبوو کە نیمچە ڕووبارێکی پێکدێنا و خەڵکی گوندەکە لەوەیان دەخواردەوە. هەموو کیژان و کوڕانی لاوی گوند بە پێش ماڵی ئێمەدا و لەو پردەی لە سەر جۆگەی بەرماڵمان هەڵبەسترا بوو، دەپەڕینەوە و دەچوون بۆ ئاوهێنان لە زناوەکە. مەودای زناوەکە و گوندەکە کەمێک زۆر بوو. کیژان کە بەجەڕە و گۆزەی پڕەوە دەگەڕانەوە، لە دوو –سێ شوێن بۆ حەسانەوە گۆزەکانیان دادەنا، بۆیە یەکێ لە وێستگەکانی دانانی جەڕە و گۆزەکانیان نزیک ماڵی ئێمە بوو. هەربۆیە هەموو باسوخواسێکی کۆمەڵایەتی دەهاتە ئاراوە و ئاگاداری هەموو هەواڵ و زانیارییەکی گوندیش دەبووم. لە پاش ئەو چیرۆک و بەسەرهات و ئەفسانانەی دایکم لەبارەی دارستانەکە و ئەو ئاژەڵە کێوییانەی وەک گورگ و بەراز و ورچ و ڕێوی و... بۆی دەگێڕامەوە، چیرۆکی ئاشقانەی کیژ و لاوەکانیش ئەو شتانە بوون کە دەمبیستن.

**شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقی ئەدەبی کلاسیکمان وەستاندووە، تەنانەت لە زانکۆکانی کوردستانیشدا دەقە ئەدەبییەکان بە تێروتەسەلی ناخوێنرێن.**

یەکەم پێناسەکانم لەخۆم وەک کورد و لەدەرەوەی زێدەکەم لەبەرانبەر ئەوی تردا بە ناسینی عەجەمەکانی ئەوبەری چۆمی جەغەتوو بوو کە بە تورکی ئازەری قسەیان دەکرد.

یەکەم سەرکردەی کورد کە ناویم بیست لە تەمەنی ٤ یان ٥ ساڵان مەلامستەفای بارزانی بوو. لەکاتێکدا کە لەگەڵ منداڵان و هاوتەمەنەکانم یاریم دەکرد، تەیارەیەک بە ئاسمانەوە بوو، دوور دەفڕی، ئێمەش هاوارمان دەکرد تەیارە تەیارە....خوشکەکەم کە لەخۆم گەورەتر بوو، گوتی کوڕە جنێو نەدەی نەکا تەیارەی مەلا مستەفا بێت.

ئەمە پرسیارێک بوو لای من کە مەلامستەفا کێیە؟ پرسینەوەی لە دایکم و باوکم، بوو بە هۆی ئەوەی کە چیرۆکی ژیانی مرۆڤی کورد و شۆڕشەکانی و سەرکردەکانی، پاشانیش لەوانە تراژیدیای لە سێدارەدانی پێشەوا ببیستم.

بەرلەوەی بچمە قوتابخانە، لە ڕێی باوکم کە تەنیا ئەلفوبێیەکانی دەزانی و خوێندەوارییەکی ئەوتۆی نەبوو، بەتایبەتی خاڵم لەگەڵ ئەلفوبێی نووسین ئاشنا بووم. حەز و خولیایەکی تایبەتم بۆ خوێندن لا دروست ببوو، ئەوانیش زۆریان بەبەردا هەڵدەخوێندم کە من وا زیرەکم و لەم شتانە! هەربۆیە لەسەرەتاوە وام بیردەکردەوە چاوەڕوانییەک لەبارەی منەوە لای ئەوان دروست بووە و ئەمن دەبێ بەدی بێنم.

خوێندنی سەرەتاییم لە گوندەکەم دەست پێکرد کە لەمێژ بوو قوتابخانەی هەبوو، هەروەها حەمامی گشتیشی هەبوو، کە ئەوکات لە گوندی تر هەر نەبوو.

سەرەڕای ئەوەی زۆر تامەزرۆی خوێندن بووم، یەکەمی پۆلەکەی خۆشم بووم، بەڵام مامۆستاکەمان، کە عەجەمێکی سایەنقەڵایی بوو بەناوی (ئەسەدی)، چوارمانگی یەکەمی ساڵ دەرسی پێگوتین، هەستم دەکرد لە ڕووی چاک، یان خراپ و زیرەکی، یان تەمەڵیدا جیاوازیمان لە نێواندا ناکات. لەبیرمە مەشقی زۆری بۆ دادەناین، ڕۆژێک کە مەشقەکانمان دەبرد، هەرکەس دەچوو لەگەڵ چاوپێداخشانێ بەمەشقەکەیدا، زللەیەکیشی لێ دەدا. منیش کە زۆر باشم نووسیبوو، چووم بیبینێ بۆمی خەتدا، زللەیکی قورسیشی لە پەناگوێمدا. نەمزانی

بۆچی؟ پرسیارێک بوو هەردەم لەبیرمدا مایەوە، مامۆستا لە خەیاڵی مندا نموونەیەکی تەواوی لێ دروست کرابوو، بۆیە ئەوەی لەبارەی سیفاتی مامۆستایەتییەوە بیستبووم و ئەوەی لەوم دەدیت یەکیان نەدەگرتەوە. پاش ئەوەی گەورە بووم، زانیم کە ئەو مامۆستایە لە هونەری خەتخۆشیدا زۆر بەتوانایە.

بەدوای ئەو مامۆستایەدا، مامۆستایەکی تری بۆکانیمان بەناوی "سەید مەحموودی قورەیشی" بۆ هات کە پیاوێکی یەکجار نەرمونیان بوو و بیرۆکەکانی لەبارەی مامۆستاکەی پێشوو سڕییەوە و یەکێ لەهاندەرە باشەکانیشم بوو لە بەجێهێنانی ئەو چاوەڕوانیانەی بنەماڵەکەم لە خوێندن لەمنیان هەبوو.

تاپۆلی چوارەمی سەرەتایی دەرسی پێگوتین کە شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی دیکتاتۆری پاشایەتی دەستی پێکرد. چیرۆکی شۆڕش و شۆڕشگێرانی کورد سەری هەڵدایەوە. ئەوکاتە لەبیرمە باوکم ڕۆژنامەکانی فارسی دەهێنا و پێی دەخوێندمەوە بۆ ئەوەی لە هەواڵی شۆڕش لە تاران و شارەکانی تری ئێران و کوردستان ئاگادار بێت.

* چۆن و لە ڕێگەی کێوە، یەکەم جار لە گەڵ ئەدەبی کوردیدا ئاشنا بووی و یەکەم کتێبێک کە خوێندووتەوە چ بوو؟

- من یەکەم جار بە مەولوودنامەی کوردی و چیرۆکە شیعرییەکانی یووسف و زولەیخا لە ڕێی خاڵمەوە ئاشنا بووم. لەپاش شۆڕش و داخرانی قوتابخانەکان بابم ناردمییە ماڵی خاڵم لە خزمەت خەزوورەکەیدا کە خزمێکی نزیکیش بوو، فێری خوێندنی قورئان بووم. ئەو زاتە ناوی (محەممەد) بوو کە لەناو خزمان بە (کاکە میرزا) ناسرابوو. ڕەمزێک بوو لە سەبووری و هێمنی و بزەیەکی نەرمی نەجیبانەی هەبوو، ئێستاش هەروا لەبەرچاومە. کە قورئانی بەمن دەگوت هاوکات خاڵیشم دەهاتە خزمەتی گوڵستان و بوستانی سەعدی پێدەگوت. بە دیاریانەوە دادەنیشتم لە لێکدانەوەکانی بۆ شیعرەکان و حیکایەتەکان سوودم وەردەگرت، پاشان لە قۆناغی زانکۆ زانیم چ مامۆستایەک بووە، لەپاش ئەوەی گوڵستان و بوستانم لە خزمەت دکتۆرەکانی زمان و ئەدەبی فارسیدا دەخوێند. پێم وایە یەکەم مامۆستای شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەق و بابەتەکانی تری ژیانم ئەو بوو. فێر بووم چۆن بە وردی لە شتەکان وردبمەوە و هەڵیانسەنگێنم. لەبۆکان لەگەڵ ڕۆژنامە و نامیلکە و کتێبە کوردییەکانی کە لەلایەن حزبەکانەوە دەردەچوون بە فارسی و کوردی ئاشنا بووم، دنیای خوێندنەوە و گفتوگۆم بەرفراوان بوو.

پاشان خوێندن دەستی پێکردەوە و خوێندنی سەرەتایی و تا دواناوەندیشم لە بۆکان تەواو کرد. لەپاش ئەوە دووجار لە دوای یەک کۆنکوری زانکۆکانی ئێران بەشداریم دەکرد و دەردەچووم (یەکیان زانکۆی تەربییەی کەرەج لە زانستی کۆمەڵایەتی و ئەوی تریان زانکۆی ڕازی کرماشان لە زمانی ئینگلیزی)، بەڵام بە هۆی ئەوەی گوایە من (بەسیجی) نەبووم و مەیلم بۆ حزبە کوردییەکان هەیە، وەرنەگیرام. پاشان بە زەحمەت و واسیتەیەکی زۆر بوومە سەرباز موعەلیم و لە گوندەکانی دەوروبەری بۆکان وەک (ناچیت، کانی ڕەش، موسێ و هۆرتەکەند) دەرسم گوتەوە. دیسان لە کۆنکور بەشدار بووم و لە زانکۆی ورمێ لە زمان و ئەدەبی فارسی وەرگیرام و بەکالۆریۆسم لەو بوارە بەدەست هێنا. حەزی زۆرم لە کوردی بوو. پێم وایە یەکەم کتێبی کوردی (ملوانکەی شین) بوو وەک دەقێکی شیعری کوردی خوێندبێتمەوە. کە ئەویش لە ماڵی ئەو (کاک میرزا)یەی ڕەحمەتی وا پێشتر ئاماژەم پێکرد خوێندمەوە. لە پاش ئەوەی پێشمەرگە شاریان بەجێ هێشت و هێزی داگیرکەر کوردستانیان گرتەوە، بڵاوکراوە جۆراوجۆرە کوردییەکان



نەمان. وابزانم لە نیوەی یەکەمی هەشتایەکان بوو لەگەڵ کتێبەکانی (د.عەلی شەریعەتی) ئاشنا بووم کە مامۆستا هەژار کـــردبوویە کـــوردی. وەک دایە باوە کێ خـــراوە، ڕۆمانیشم زۆر دەخوێندەوە، یەک لەوانەی کە زۆر شوێنی لە سەردانام "بێنەوایان"ی ڤیکتۆر هۆگۆ بوو، هەروەها ڕۆمانی (دایکی) مەکسیم گۆرکی و....تاد.

لە قـۆناغی مـامـۆسـتـایەتیم لە گـوندەکـاندا بە وردی سەرلەبەری دیوانی نالی و مەولەویم خوێندەوە، پاشانیش شەرەفنامە و مەم و زینی خانی. مانەوەم لەو گوندەکانی کـەوا دەرسم تێـدا دەکـوتنەوە وای کـرد، دەرفـەتی خـوێندنەوەی بۆ ڕەخسـاندبووم و لەوانە مـێـژووی فـەلسـەفـەی ئەورووپا و مـێـژووی شارسـتـانیـەتی ویل دیۆرانت بوون. بەردەوام گـۆڤـاری سـروەم دەکـڕی و دەمخوێندەوە.

* چۆن بووی بە یەکـێک لە ئەندامـانی دەسـتـەی نووسەرانی گۆڤاری سروە و بە بڕوای تۆ ڕۆڵ و کاریگەری گۆڤاری سروە لە سەر ڕۆشنبیری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا چەندەیە؟

– من پێش ئەوەی ببم بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی سروە بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و وەرگێـڕانی وتار و چیـرۆک هاوکاریم کردبوون، پاشان لە ڕێی خانم دکتۆر مودەڕەسی و کاک ئەحمەدی قازییەوە چوومە سروە وەک بەرپرسی بەشی ئەدەبی لە پاش کاک جەلالی مەلەکشا بە فەرمی کاری ڕۆژنامەنووسیم دەست پێکرد.

* بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەباری ڕۆژنامەوانییەوە چۆنە؟ ئایا کەسانی پرۆفیشناڵ توانیویانە لە ڕۆژنامەکاندا دەوری کاریگەریان هەبێ؟

– ڕۆژنامەنووسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەپاش سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ١٩٧٩دا تەنیا ڕۆژنامەنووسییەکی حزبی هەبوو، کەشوهەوایەکی ئازاد لە کوردستان دروست ببوو کە فەرهەنگی دیالۆگ و ڕادەربڕین و نووسین و خوێندنەوەی پەرەپێدا.

ئەویش بە هۆی داسەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستاندا و بەجێ هێشتنی شارەکان لەلایەن هێزە سیاسییەکانەوە، ڕۆژنامەکان دیسان بەرەو شاخ بوونەوە و چاپ و نووسراوەی کوردی بەربەست کرا، ڕۆژنامەنووسی نەیتوانیوە ڕۆژنامەنووسییەکی پیشەیی و پرۆفیشناڵ بێت لە ئاست بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی خۆیدا بێت.

تاکو لە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاویدا (١٩٨٥ز) دەسەڵاتداریەتی تاران بۆ داشکاندنی ویستی ڕەوای گەلی کورد، لە داخوازیی ڕوونی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بۆ ویستێکی تەسکی فەرهەنگی بە شێوەیەکی کۆنترۆڵ کراو و لە ژێر بەڕێوەبەرایەتییەکی ئەمنییەتیدا ناوەندێکی دانا. ئەم ناوندە، "ناوەندی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی" بوو کە چەند چالاکییەکی دەگرتەبەر؛ وەک چاپی کتێب و پێکهێنانی کۆڕ و ڕێورەسمی ئەدەبی و هونەری و پاشانیش دەرکردنی گۆڤاری سروە لەوانە بوون. ئەم ناوەندە لە ڕاستیدا وەک ئیمتیازێک درا بەکورد و ڕووناکبیرانی ئەدەبی و فەرهەنگی کورد بۆ ئەوەی لە شۆڕشی سیاسی جەماوەریی کورد دایانبڕێ. دەکرێ وەک دەسکەوتێک سەیر بکرێ کە لە ئەنجامی خەباتی گەلەکەمان لەم پارچەیەی کوردستاندا بەدەست هاتبێت، بەڵام بڕیاردەری سەرەکی و بەڕێوەبەرایەتی ناوەندەکە بەڕێوەبەرانی حکوومەتی بوون کە زیاتر سەر بە دەزگا ئەمنییەکانی دەسەڵاتی مەرکەزی ئێران بوون. بەرنامەی کار و چالاکییەکانیان بەپێی هەلومەرجی سیاسی دیاری دەکرد.

**ڕۆژنامەنووسی نەیتوانیوە ڕۆژنامەنووسییەکی پیشەیی و پرۆفیشناڵ بێت و لە ئاست بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی خۆیدا بێت.**

* لە ساغکردنەوەی دیوانی قاصیددا چ ئەرکێکتان وەئەستۆ گرتبوو؟

– دیوانی قاسید، لە ڕێگای (خانم دکتۆر کوردستان موکریانی)یەوە پێم گەیشت، بەتایبەتی لەپاش ئەوەی مامۆستا شوکرمستەفا کۆچی دوایی کرد و ئەو بەشەی لە دیوانەکەی ساغ کردبووەوە و شەرحی کردبوو، من بەشەکەی تری کە زۆرینەی دیوانەکە دەگرێتەبەر، ساغم کردەوە.

* بۆچی درێژەتان بە شیکردنەوەکانی مامۆستا شوکرمستەفا نەدا و ئەو شیعرانەی کە مابوونەوە بەشێوازەکەی ئەو شیتان نەکردەوە؟

– چونکە من لەگەڵ ئەو شێوازەی شیکردنەوەی ئەو نەبووم، ئەمە دیوانێکی شیعری فارسییە، ناکرێ بەو جۆرە شی بکرێتەوە، بەڵام دەکرا وەرگێڕدرێ. واتای بەیتەکانی و بەکوردی بنووسرێتەوە، پاشانیش ناوەرۆکی غەزەلەکانی عیرفانین و پێویستی بە شیکردنەوەیەکە لەو بوارەدا و ڕوونکردنەوەی ڕێبازی فیکری شاعیرەکە و شیعری کلاسیکی فارسی. ئەم دەقە ئەستەمە لە

تیۆروانینێکی مارکسی، یان بۆچوونی دەرەوەی تێکستە عیرفانی و شەرقییەکان بکرێ حەقی خۆی بدرێتێ، چونکە ئەوجۆرە شیکردنەوەیە زیاتر فەرزکردن و سەپاندنی بۆچوونی راڤەکارە تا ئەوەی لێکدانەوەیەکی بابەتییانەی خودی شیعرەکان بێت.

* بەڕای ئێوە بۆچی سەرەڕای بوونی میرنشینی بابان و سۆران و نزیکایەتی قاصید لەمیرمحەمەدی ڕواندز، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی کوردی نەیتوانییوە قاصید هان بدا کە شیعری کوردی بنووسێ، نەبوونی هەستی نەتەوەیی لای خەڵکی ئەو سەردەمە زۆرتر لەژێر چ هۆکارگەلێکدا دەبینی؟

– زمانی زاڵی ڕووناکبیریی ڕۆژهەڵاتی لە کۆنەوە فارسی بووە، دەسەڵاتی کوردیی ئەو کاتە، دەسەڵاتێکی ناسیۆنالیستی وا نەبووە کە بە شێوەیەکی سستماتیک کار بۆ زمانی کوردی بکات و پەروەردەیەکی کوردی هەبێ. خوێندنی کوردی بە پێی زەوقی ڕۆشنبیرانی حوجرەکان و دەسەڵاتی دەرەبەگەکان جیاواز بووە. قاسید ڕاستە لەگەڵ میری سۆران پێوەندی باشی هەبووە، بەڵام زاڵبوونی کولتووری خوێندنی فارسی و دەقە شیعرییە فارسییەکان وەک زمانێکی هاوبەش بۆ خوێندەواربوون کە دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی بەردەوامی فارسەکان لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی ئەوەی کە نەتەوەکانی تری وەک تورک و نەتەوەکانی تریش زیاتر خزمەتی ئەو زمانەیان کردووە بە بەرفراوانی پەرەی سەندووە. جیاوازی دیالێکتیکی و ئەستەم بوونی پێوەندی نێوان میرنشینییەکان و دەسەڵاتخوازییەکی تەسکی ناوچەیی لە بەرژەوەندی دەرەبەگ و میرەکان و ململانێی ناوچەیی و عەشیرەتی لەم پێناوەدا ڕێگربوون لەبەردەم دروستبوون و پەرەسەندنی بیری نەتەوایەتی و زەقکردنەوەی زمانی کوردی بەرانبەر فارسی و عەرەبی. ئەگەر بە شیعری کوردی وەک جۆری زاڵی ئەدەبی کوردیدا بچینەوە، شاعیرانی کورد لە بێ قەدری و بەهانەدانی کۆمەڵ و میرەکوردییەکان بەوان دەناڵێن و گلە و گازەندەیان هەیە. قاسید نەک وەک شاعیر، بەڵکو وەک کەسێکی دەسەڵاتدار، وەک حاکمی کۆیە و بازرگانێکی سەرکەوتووش بەلای میری سۆرانەوە گرنگ بووە، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی لەنێوان میرنشینی سۆران و بابانیشدا ململانێک بۆ دەسەڵات هەبووە.

* تاچەندە لەگەڵ ئەوجۆرە شیکردنەوانەی شیعری کلاسیکیدان کە لە ئیشەکانی مامۆستایان حەمەی مەلاکەریم و خوالێخۆشبووان مەلاکەریمی مودەڕیس و فاتیحی کوریدا دەبینرێ؟

– ئەو شیکردنەوانە لەجێی خۆیاندا زۆرباشن و لەکاتی خۆشیدا، تەنانەت تا ئێستاش ئێمە شیکردنەوەیەکی ئەدەبی ئەوتۆمان نییە، بەڵام ئەوانە بێ کەموکورتی نین، بەبێ ناسینی ئەدەبی فارسی و عیرفانی ئێرانی و زاراوەئەدەبییەکانی شیعریی کلاسیکی فارسی و دەوروبەری کۆمەڵایەتی و کولتووری سەردەمی بەرهەمهێنانی ئەو دەقانە ناکرێ شیکردنەوەیەکی پوخت بکرێ.

ئێمە شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقی ئەدەبی کلاسیکمان وەستاندووە، تەنانەت لە زانکۆکانی کوردستانیشدا دەقەئەدەبییەکان بە تێروتەسەلی ناخوێندرێن، بەشی شیکردنەوەی دەقمان زۆر لاوازە و هەربەو شیکردنەوانەی مامۆستا مەلاعەبدولکەریم و کوڕەکانی بەسمان کردووە. ئەوە خەسارێکی گەورەیە، چونکە لێکدانەوە و شیکردنەوەی دەق خۆی بەرهەمهێنانەوەیەکی ترە و وەگەڕخستنی چەرخی ڕووناکبیری و ڕەخنە، دەمەتەقێ و بواری ڕۆشنبیریی و بە گشتی چالاککردنی فەزای گشتییە. ئەم بوارە تەنانەت لە وەرزە ڕۆشنبیرییەکانی زانکۆ، یان کۆنفرانسە



زانستییەکانیشدا کەبەداخەوە زۆر کەم دەکرێ، ڕەنگ ناداتەوە. بۆنەکانی سیاسی جێگای فەزا ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی پڕ کردووەتەوە.

ئەدەب و شیعری کلاسیکی کوردی چ لە ڕووی نووسینەوەی مێژوویەکی شیکاری و بەستنەوەی بەبارودۆخە کۆمەڵایەتییەکەیەوە، چ لە ڕووی شیکاریی ناواخن و ڕەوانبێژیی و شێوازناسی، بەتایبەتی لە ڕوانگە شیکاریی نوێیەکانەوە، پێویستە دیسان بخوێندرێتەوە و سنووری شێوازناسی وردی شیعری کوردی لەگەڵ ئەوانی تردا ڕوون بکرێتەوە.

* هۆکاری هەڵبژاردنی کتێبی هەواڵنووسی مۆدێرن بۆ وەرگێڕان لەلایەن جەنابتانەوە چ بوو؟

– ڕۆژنامەنووسیی کوردی زیاتر بە زمان و وشە پڕ دەکرێتەوە، نەک زانیاریی و ڕۆژنامەنووسی نوێ و هەواڵی نەرم، گۆڕانی شێوازی هەواڵنووسی و دەسەڵاتی بژارکردنی وەرگر لە نێوان جۆرەکانی میدیادا لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا پشتگوێ خراوە. لە پێناو گەیاندنی پەیامی دەسەڵاتدا کاری کردووە و بە ئاراستەی کاریگەریی لەسەر وەرگر ڕۆیشتووە، بەرپرسیاریتی نەپاراستووە و پێویستییەکانی وەرگری لەم سەردەمە نوێیەدا ڕەچاونەکردووە. ئێستا سەردەمی کورتبڕیی و خێراییە، ئەم کتێبە بە ستایلێک نووسراوە کە نەک هەر باس لەم تایبەتمەندییانە دەکات، بەڵکو بۆخۆشی لە نووسینەکەیدا ڕەچاوی دەکات. بۆ ئاگاداربوونی ڕۆژنامەنووسانی کورد لەم شێوازەی نووسین و لەم سەردەمە و تێگەیشتن لە چەمکی کات و خێرایی و دەسەڵاتی وەرگر و بەهێند وەرگرتنی فیدباکەکانی وەرگر، ئەم کتێبەم وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی.

* وەرگێڕانی سەرچاوە گرینگەکانی دنیا چ دەورێکی لە پێشخستنی ئاستی زانکۆکانی کوردستاندا دەبێت ؟ ئایا وەک فاکتەرێکی گرینگ دەتوانێ ببێتە هۆی پێشکەوتنی ئاستی زانستی ؟

– ئێمە ئەگەر وەرنەگێڕین دەمرین. مرۆڤی ئەم سەردەمە بە هۆی گۆڕانی سستمی پێوەندییەکانی و بۆ زیاتر فێربوون و بەدەست هێنانی زانیاری، پێویستییەکانی زیاتر بووە. تەنیا پێوەندییە تەسک و سنووردارە ناوچەیی و خێڵەکییەکانی دادی نادا، تەنانەت بەرفراوانبوونی پێوەندییەکانی تاک دەبێتە هۆی گۆڕانی شوناسیش و بیروباوەڕیشی و شێوەی تێڕوانینی بۆ نەریت و کۆمەڵ و خێزان و پێوەندییە نێوان کەسییەکانی. خوێنەر و وەرگری کوردی بەگشتی لەهەموو ئەم بوارانەدا پێویستی بە زانیارییە. زمانی کوردی دەبێ لەم بوارانەوە دەوڵەمەند بکرێ، ئەمەش کاری زۆر بنەڕەتی و سستیماتیکی دەوێت.

ئێستا ئەگەر وەرگێڕانێکی پوخت و پاراو و دەروەستی پەیامی نووسەرەکە و بابەتە زانستییەکە بێت بەڵێ. دەتوانێ دەورێکی کاریگەری هەبێ، بەڵام زاڵبوونی دامەزراوە نائەکادیمییەکان و لەبەرچاونەگرتنی توانایی و زانیاریی وەرگێڕ و ئیکتیفاکردنی دامەزراوەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، تەنیا بەزانینی زمانی یەکەم و دووەم لای وەرگێڕ و نەبوونی زمانەوانی شارەزا و ویراستاری بەتوانا لای ئەو دەزگایانە، وەرگێڕانی کوردیی تووشی قەیران کردووە. کتێبەکان کەمتر متمانەیان پێدەکرێ بۆ بەکارهێنانیان لە دامەزراوە فێرکارییەکاندا. نەبوونی مافی خاوەندارێتی فیکری و هەقدەستی کەمی نووسەران و وەرگێڕان، وای کردووە کەسانی پسپۆڕیش کەمتر خۆ لە قەرەی کاری جددی و پڕ زەحمەت بدەن.

* بەبڕوای تۆ قەیرانی نەخوێندنەوە لە بێ سەرچاوەییەوە سەرچاوە دەگرێ،یان هۆکاری دیکەشی لە پشتە؟

– قەیرانی نەخوێندنەوە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە؛ یەکیان لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد وەرگێڕانەکان سەرکەوتوو نین، پاشانیش هیچ پلانێکی زمانی و سیاسەتێکی فەرهەنگی بۆ وەرگێڕان و بەرهەمهێنان لە ئارادا نییە، هەروەها دەقە سەرەکییەکان کە بنەمان بۆ داهێنانی نوێ و ڕەخنە و شیکردنەوەی نوێ کەمتر دەکرێنە کوردی، زیاتر دەقی تەئلیفی و کۆکراوە، یان ڕەخنەییەکان دێنە ناو زمانی کوردییەوە. ئەویش بە ناجێگیریی زاراوەکان و وشە کلیلییەکانی دەقەکان کە ناوەڕۆکی دەقەکە بەدەوری چەمکی ئەو زاراوانەوە کۆدەکرێنەوە و دانانی هاوتای جۆراوجۆر و داتاشراو بۆیان ئاستی تێگەیشتنی خوێنەر لەو دەقانە دادەبەزێنێ. سستمێک نییە پشتی وەرگێڕان بگرێ و لێکۆڵینەوەیەکی ورد بکات لەسەر ئەو شتانەی پێویستن بۆ نەوە و ئاست و ڕەگەزە جۆراوجۆرەکان. هەوڵ زۆرن، بەڵام بڵاو و سەربەخۆ و بێ کۆنترۆڵکردنێکی زمانی و هونەرین لە ڕووی وەرگێڕانێکی هونەری و لە ئاستی سەرێدا بن.

نەخوێندنەوە تەنانەت لەناوەندە زانستی و فێرکارییەکانیشدا بۆتە پەتایەکی کوشندە. دەنگۆ و

شتی زارەکی لای کورد زۆر لە دەقی نووسراو زیاتر باوی بووە. بەهاتنی میدیای ئەلیکترۆنی بە تایبەتی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن خوێندنەوە زیاتر لاواز بووە. ئەوە لەحاڵێکدایە کە تێرامان و بیرکردنەوە زیاتر لەسەر دەقی نووسراو دروست دەبێت و خوێنەر بۆی هەیە دەقێک چەندجار بخوێنێتەوە و لێکی بداتەوە. سەیر ئەوەیە تەلەڤزیۆنەکانیش زیاتر تەرکیزیان کردووەتە سەر سەرگەرمی و خافڵاندنی وەرگران و وەخت کوشتن. ئەویش بە لاسایی لە میدیای وڵاتانی تر. کەم فیلمی وا دەبینی بە وردی دۆبلاژ کرابێ، "زاگرۆس" هەندێ فیلمی بەجوانی دۆبلاژ کرد کە لەلایەن "مامۆستا محەمەدی ڕەمەزانی"یەوە کراون.

ناوەندە پەروەردەیی و زانستییەکانمان لەم بارەیەوە زۆر کەمتەرخەم بوون، چونکە دەبێ پلانیان هەبێ بۆ خوێندنەوەی قوتابیان، بەتایبەتی دانانی وەرزی خوێندنەوە و چالاکی نووسین وەک پێشبڕکێ لەسەر خوێندنەوەی کتێب و لێکدانەوە و کورتکردنەوە و هەڵسەنگاندنی کتێب. پێویستە ناوەندێکی وا دامەزرێ بۆ پەروەردەکردنی " هزری و پێگەیاندن"ی منداڵان تا وەرزی پشووی هاوینەیان بە خوێندنەوە و چالاکی هونەری و پەروەردەیی و وەرزشی پڕبکرێتەوە. ئێمە گەلێکین لەلایەن داگیرکەرانەوە غەدری زۆرمان لێکراوە، بۆیە پێویستە بە شێوەی سستماتیک بە گژ ئەم دیاردانەدا بچینەوە و ڕێگەچارەی بنەڕەتییان بۆ بدۆزینەوە.

* تایبەتمەندی وەرگێڕ و وەرگێڕانی باش لە ڕوانگەی ئێوە چییە و دۆخی وەرگێڕان لە کوردستاندا هەنووکە بە چ ئاقارێکدا تێپەر دەبێ؟

– وەرگێڕ دەبێ بزانێ وەرگێڕان یەکێک لە شێوەکانی بەرهەمهێنانەوەی دەقە. دوولایەنەیە و ئەو تەنیا بۆخۆی وەرناگێڕێ، بەڵکو لەگەڵ کەسێک بەناوی خوێنەردا لەکار لێک کردنێک دایە. هەتا ئەو خوێنەرە نەبێت وەرگێڕانەکەی ئەو لێک نادرێتەوە و واتای نابێت. بۆ ئەوەی پێوەندییەکە دروست بێت، دەبێ هاریکارییەک لەنێوان وەرگێڕ و خوێنەردا هەبێت . ئەم هاریکارییە دەکرێ بە پێی بنەماکانی هاریکاری "گرایس" ڕوونی بکەینەوە. ئەم بنەمایانە زیاتر بۆ ئاخاوتنە، بەڵام ڕەچاوکردنیان لە دەقی نووسراویشدا پێویستە: یەک لەوانە پاراستنی بنەمای "چەندی"یە. دەبێ لە نووسین، یان ئاخاوتنندا ئەندازەی پێویست ڕەچاو بکرێ و زۆر بڵێی نەکرێ. وەرگێڕ دەبێ ئەو ڕادەیە لە زانیاری بدات کە نووسەر مەبەستی بووە نەک زیاتر.

بنەمایەکی تر لایەنی "چۆنییە"، وەرگێڕ دەبێ لایەنی باوەڕپێکراوی و ڕاستگۆیی لە بیر نەکات. ئەو شتەی لێی تێنەگەیشتووە و لە دروستییەکەی دڵنیا نییە و بەڵگەی تەواوی نییە، وەری نەگێڕێ، یان لە پەراوێزدا ڕوونکردنەوەی لەبارەوە بدا.

بنەمایەکی تر "پێوەندی"یە. وەرگێڕ دەبێ دەوروبەری زمانی (سیاقی ناو دەق) و دەوروبەری نازمانی و باری کولتووریی و کۆمەڵایەتی دەقەکە ڕەچاو بکات و شتێک بڵێ کە پێوەندی بە بابەتەکەوە هەبێ. واتای ئاشکرا و بنەڕەتی و واتای هاوپێچ، یان زیمنی لێک جیا بکاتەوە. ئاماژە دەقییەکان وەک خۆی وەرگێڕێ بۆ ئەوەی پێوەندی ناوەوەی دەقەکە تێک نەدات.

بنەمایەکی تر "شێواز"ی دەربڕینە. وەرگێڕانەکەی دەبێ پاراو و ڕوون و پوخت بێت. وەرگێڕ دەبێ بتوانێ لانی کەم تارادەیەک شێوازی نووسینی نووسەر بپارێزێ. هەوڵ بدا لە ڕووی پراگماتیکی(کاربرد شناسی) یەوە مەبەستەکانی نووسەر بگەیەنێ. کە ئەم لایەنە تارادەیەکی زۆر پێویستی بە ناسینی ئەو ژینگە کولتووری و کۆمەڵایەتییەیە کە دەقەکەی لێ بەرهەم هاتووە.



* له پێشەکی کتێبی" پرۆسەی پێوەندی جەماوەری" دا باس له چۆنیەتی ڕاگەیاندنی کوردی دەکەی و لەسەر ئەو ڕایەی کە لە بەرانبەر چەندێتیدا گەشەی پێویستی نەکردووە، مەبەستتان لەو قسەیە چییە، دەکرێ زیاتری شی بکەنەوە؟

– مەبەستم ئەوەیە کە ڕاگەیاندنی کوردی لە ڕووی چەندی و ژمارەوە زۆرە، بەڵام ئەم ژمارە زۆرە هاوشان نییە لەگەڵ لایەنی کوالیتی و چۆنی. سامانێکی زۆری نەتەوەکەمان لەم بوارەدا خەرج دەکرێ، بەڵام کارێکی بنەڕەتی ئەوتۆ نەکراوە بۆ ئەوەی میدیای کوردی بە بارێکی هونەری، زانستی و پیشەییدا بڕوا و وەڵامدەری ئەو پێویستییانە بێت کە کۆمەڵی کوردی هەیەتی. بەدەیان کەناڵی جۆراوجۆری میدیایی (چاپ و ئەلیکترۆنی) دامەزراون، زۆربەیان بەرلەوەی ئامانجێکی گشتی و ڕوونی گەیاندنیان هەبێ و بەپێی بەرژەوندی نەتەوەیی کاربکەن، لەلایەن کەسانێکی ناشارەزا و ناپسپۆڕەوە و بۆ ئامانجی تایبەتی لایەنێک، یان تاکەکەسێک بەکارهاتوون. واتە ئەگەر یەکێ لە ئەرکە سەرەکییەکانی میدیا تێگەیاندنی جەماوەر بێ لە دەوروبەری خۆی و بە هێزکردنی پێوەندی کۆمەڵایەتی بێت، میدیای کوردی، چونکە کاری بۆ بەرژەوەندییەکی تەسکی تایبەتی کردووە و ئەم میدیایەش زیاتر لەلایەن حزبەوە بەکارهاتووە، بە دوای ئاراستەکردنی ئەجینداو ئایدۆلۆژیای تایبەتی حزبەکاندا چووە، زانیارییەکان بە شێوەی پارچە پارچە و زۆرجاریش دژیەک بووە و نەبووەتە هۆی پێکهاتنی ڕای گشتی لەسەر خاڵە هاوبەشە سەرەکییە نەتەوەییەکان.

* پسپۆڕایەتی لە ڕۆژنامەوانیدا چ دەورێکی هەیە و ڕاگەیاندنی کوردی تاچەندە کەڵکی لە ڕۆژنامەوانی پرۆفیشناڵ وەرگرتووە؟

– پسپۆڕایەتی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕۆژنامەنووسی بە پێی پێوەرە زانستییەکان کار بکات، بە ڕوونی پەیامەکانی خۆی بگەیەنێ، وەرگرەکانی خۆی بناسێ و سنوورەکانی کاری گەیاندنی دەستنیشان بکات، پێویستییەکانی وەرگرەکانی دیاری بکات و خۆی لەگەڵ پێویستییەکانیان بگونجێنێ، فیدبەکەکان لەبەرچاو بگرێ و لە ڕاگەیاندنێکی فەرماندەری ستوونی، یان ئاسۆیی (یەک لایەن)ـەوە بەرەو ڕاگەیاندنێکی بەرپرسیار، وەڵامدەر و دوولایەنە بڕوات. پرەنسیپ و ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی و مافە تایبەتی و تاکەکەسییەکان ڕەچاو بکات و ڕاگەیاندنێکی چاودێر و بەرپرسیار بێت و دەسەڵاتی ڕۆژنامەنووسییانەی بە خراپ و بۆ مەبەستی کەسی و تایبەتی بەکار نەهێنێ. ڕێز لە کەسایەتی و مافی تایبەتی کەسەکان بگرێ و پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بوون بەهێزتر بکات و زانیاری دروست بگەیەنێ و لە چەواشەکاری و بەلاڕێدا بردنی وەرگر خۆبپارێزێ.

* داڕشتنی دروستی هەواڵ لە ڕاگەیاندنی کوردیدا تا چەندە بایەخی پێدراوە؟

– بەداخەوە بەشێک لەو دەقانەی بەناوی هەواڵ بڵاو دەکرێنەوە، کۆمێنت (تەفسیر) و بۆچوونن، نەک هەواڵ. ڕەگەزە پێکهێنەکانی هەواڵیان کەمە و بە بۆچوون پڕدەکرێنەوە زیاتر لەوەی زانیاری واقیعی و پێوەندیدار بە ڕووداو، یان کردەیەکەوە بن. زمان زیاترە لە زانیاری و ناوەڕۆک.

* ڕێنووسی ڕۆژنامەکان و تایتڵی فیلم و هەواڵ دەورێکی گرینگیان لە پەرەسەندنی زماندا هەیە ،بەڵام زۆرجار دەبینین ڕاگەیاندنی کوردی ناتوانێ ئەرکەکەی بە باشی جێبەجێ بکات، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

– هۆی ئەوەیە ئێمە گرنگیمان نەداوە بە تێگەیشتن لە میدیا و بەکارهێنانی لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا، تەنانەت ئەگەر میدیاکە میدیای حزبیش بێ، نازانێ چۆن پەیامی حزبەکەی وەک نێرەری سەرەکی لەگەڵ پێویستییەکانی وەرگرەکانی بگونجێنێ و لە فۆرمێکی ستاندارد و گونجاودا بگەیەنێ. هیچ گرنگییەک بەلایەنی ئیدیتۆری نەدراوە و ئەوکەسانەی ئیدیتی دەقە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن دەکەن، شارەزای بوارەکە نین و پسپۆڕی زمانیش نین. هێشتا ڕۆژنامە، یان کەناڵەکانمان بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ هەوڵیان نەداوە شێواز (ستایلی) گشتی و تایبەتی خۆیان دیاری بکەن. وشە و زاراوەکانیان زیاتر تاکەکەسی و مەزاجین. دیارە لێرەدا مەبەستم ئەو لایەنانە لە دەقە کە فەرمین و ژانرێکی تایبەتی میدیایین. وەک کورتە هەواڵەکانی بەپەلە دەنووسرێن لە تەلەفزیۆن، یان ژێرنووسی فیلمەکان.

* نامەی دکتۆراکەت لە سەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی مێژووی ڕۆژنامەوانی کورد لە باشووری کوردستانە، هۆکاری دەستنیشان کردنی ئەو قۆناغە چ بوو و تایبەتمەندی ئەو قۆناغە چییە؟

– نامەی دکتۆرایەکەم "شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی گوتاری ڕۆژنامەنووسی کوردییە لە ١٩١٨ – ١٩٣٢"دا.

ئەو قۆناغە قۆناغی پێکهاتنی دەوڵەتی نەتەوایەتییە لە تورکیا و لە عیراق و لە ئێرانیش چەسپانی دەوڵەت – نەتەوەی فارسییە. ئەم قۆناغە قۆناغی لکاندنی کوردی باشووری کوردستانە بە عیراقەوە لە ژێر هەژموونی دەسەڵاتی بەریتانییەوە کە سەپەرشتی پێکهاتنی ئەو دەوڵەتەی دەکرد. ویستوومە بزانم لە ڕۆژنامەکانی ئەوکاتەدا کورد چۆن نوێندراوە، چۆن پێناسەی کوردستانی لێ دەسێندرێتەوە و وەک هاوولاتی عیراقی، تورکی، یان ئێرانی دەناسێندرێ و ستراتیژی گەیاندنی ئینگلیزی بۆ قەناعەت پێهێنانی کورد بە مانەوەی لەو چوارچێوەیەدا لە ڕۆژنامەکانی (تێگەیشتنی ڕاستی، پێشکەوتن، ژیانەوە و ژیان)دا چی بووە و چ دەورێکیان لەم ڕووە بینیوە. گوتاری بزووتنەوەی نیشتیمانی کوردی لەو قۆناغەدا لە ڕۆژنامەکانی وەک (بانگی کوردستان، بانگی حەق و ئومێدی ئیستقلال و زاری کرمانجی) چۆن بووە؟ واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری ئەو بڕگەیە لە مێژووی سیاسی ڕووناکبیری کوردی و گوتاری ڕۆژنامەنووسی کوردیدا چۆن نوێندراوە.

لە ڕووی میتۆدۆلۆژییەوە "شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار"(critical discourse analysis)م بەکار هێناوە. شێوازی "فێرکلاف"م پەیڕەو کردووە.

پێوەندییە نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکانم خستووەتە ڕوو. زمانم لە پێوەندی لەگەڵ دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیادا شی کردووەتەوە، تەنانەت ئایدیۆلۆژیا وەک واتایەکی سروشتی بوو، لەو شوێنانە لەزماندا ڕەنگی داوەتەوە و خستوومەتە ڕوو. بۆ نموونە لە پێوەندی لەگەڵ پێوەندییەکانی نێوان ژن و پیاودا و چۆنێتی نواندنی ڕەگەز و ئاستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا.

* دەوری بیانییەکان لە دەستپێک و درێژەی کاری ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا تا چ ڕادەیەکە؟

– ڕۆژنامەنووسی خۆی بەرهەمی پیشەسازیی چاپ و بەرهەمێکی ئەوروپییە. یەکەم ڕۆژنامەکان لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی لەلایەن بەریتانییەکان و هاوپەیمانەکانیانەوە لە عیراق و باشووری کوردستان بۆ مەبەستی پروپاگەندە و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی بە عەرەبی، کوردی و تەنانەت فارسیش دەرچوون. ئەم مەبەستە پاشانیش بۆ ڕازیکردنی کورد بۆ مانەوەی لەچوارچێوەی دەوڵەتی عیراقیدا بەکار هات لەبەرانبەر ملدان بە وەرگرتنی هەندێک ئیمتیازی فەرهەنگی وەک خوێندن بەزمانی کوردی، چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی. بەو بیانووەی کە کورد "کۆمەڵە خەڵکێکی جیاوازی بەدەوییە و هێشتا ناتوانێ ئیدارەی خۆی بکات و پێویستی بە سەرپەرشتیارێک هەیە". بەریتانییەکان دەورێکی گرنگیان بینی لە پێشخستنی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا. هەرچەند بۆ مەبەستی تایبەتی و لە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا بەکاریشیان هێنابێت. لەوانە بەتایبەت "مێجەرسۆن"، کە کوردییەکی زۆرباشی زانیوە و سەرنووسەری ڕۆژنامەکانی "تێگەیشتنی ڕاستی" و "پێشکەوتن" بووە.

* بیرۆکەی دامەزراندنی لیژنەی باڵای ڕاگەیاندن لە کوێوە سەری هەڵدا و یەکەم هەنگاوتان بۆ ئەو مەبەستە کەی هەڵێناوەتەوە؟

– لە ساڵی ٢٠٠٦دا و لە پاش گەشەکردنی حکوومەتێکی نیشتیمانی و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی دەوڵەتێکی دامەزراوەیی و پێڕەوی یاسا، ئێمە وەک سێ مامۆستای زانکۆ پێمان وابوو یەکێ لەو بوارانەی پێویستی بە ڕێکخستنێکی یاسایی هەیە، بواری ڕاگەیاندنە لە هەرێمی کوردستان، بۆیە هەوڵمان دا پرۆژە یاسایەکی بواری ڕاگەیاندن داڕێژین، کە هەموو چالاکییەکانی ئەم بوارە بە میدیای چاپ و ئەلیکترۆنییەوە بگرێتەوە. ئەم پرۆژەیە لەپاش چەندین کۆبوونەوە و بە چاودێری وەزیری ڕۆشنبیری ئەوکات(کاک فەلەکەدین کاکەیی) و بەشداری پسپۆڕانی بواری یاسا لە وەزارەتی داد و وەزارەتی ڕۆشنبیری، داڕشتنەوەی یاسایی بۆ کرا و بە بەشداری نوێنەرانی یۆنامی و ڕۆژنامەنووسان تاووتوکرا و تێبینییەکان وەرگیران و درایەوە بە پەرلەمانی کوردستان. ئەم پرۆژە یاسایە بەشێکی تایبەت بوو بە ئەنجوومەنی باڵای ڕاگەیاندن بۆ ئەوەی بتوانێ دامەزراوەیەکی جێ متمانەی لایەنەکان بێت لە ڕێکخستنی کاروباری میدیا و تاووتوکردنی سکاڵاکانی هاوولاتیان و دامەزراوەکان لە بواری میدیا، هەروەها پەرەپێدان و پاراستنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان، بەتایبەت ئەوکات میدیای حزبی زاڵ بوو و ئۆپۆزسیۆنێکی ئەوتۆش لەئارادا نەبوو، ئەنجوومەنەکە وادارێژرا بوو کە نوێنەرانی هەر سێ سەرۆکایەتییەکە، واتە سەرۆکایەتی هەرێم، حکوومەت و پەرلەمان دەوری زیاتریان هەبێ، چونکە لە ڕاستیدا میدیای حزبی زیاتر لە بەرژەوەندی حزبدا بەکاردەهات و پێشبینی ئەوەمان کردبوو، میدیا وەک ئامرازێک بۆ ململانێ حزبییەکان بەکاربێت و حکوومەتی کوردستان

وەک دەسەڵاتێکی ڕەوا بکەوێتە ژێر هەژموونی پڕوپاگەندەیی حزبی و دەسەڵاتی نەتەوایەتی لاواز بێت، بۆیە بیرمان لە دانانی ئەنجوومەنێکی وا کردەوە. دیارە ئێستا هەلومەرجێکی ترە و دەکرێ ئەم ئەنجوومەنە بە پێکهاتەیەکی تر و مۆدێلێکی نوێتر پێک بهێنرێ.

* وەک خەڵکێک لەسەر ئەو بڕوایەن، ئایا بە دامەزراندنی ئەو لیژنەیە، ئازادی ڕادەربڕین سنووردار دەکرێت، یان بە پێچەوانەوە ڕاگەیاندنی کوردی ڕێک دەخرێت ؟

– ئەرکی ئەو ئەنجوومەنە فراوانکردنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسییە نەک تەسک کردنەوەی. ئەمە یەکێکە لە ئەرکەکانی زۆربەی هەرەزۆری ئەنجوومەنەکان لە جیهاندا. ئێستا و لەم سەردەمەدا و لەکاتێکدا کە نەتەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەرێمی کوردستاندا داوای دیموکراسی زیاتر و بەرفراوانترکردنی فەزای سیاسی دەکەن، چۆن دەکرێ ئەنجوومەنێک بۆ مەبەستێکی نادیموکراتییانە بەکاربێت، یان دەسەڵاتی کوردی هەوڵێکی وا بدات، یان بیرۆکەیەکی وای هەبێ. ئەمە لەگەڵ مەنتیقی سیاسی و حوکمڕانی ناگونجێ و پێچەوانەی دەستووری بنچینەیی عیراق و یاسای پەسندکراوی کاری ڕۆژنامەنووسیشە لە هەرێمی کوردستان. چۆن دەکرێ دامەزراوەیەک دروست بکرێ لەگەڵ یاساکانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لەم سەردەمەدا ناتەبا بێت. ئەمە زۆر بە قورسی لەسەر ئەزموونی سیاسی و یاسایی هەرێم دەکەوێ. پێویستە بە وردی و بە بەرپرسیارێتییەوە لەگەڵ دیاردەیەکی وا بەرەو ڕوو بین و کار بۆ پێکهێنانی دامەزراوەی لەو جۆرە بکەین کە ئاشتی کۆمەڵایەتی و دڵنیایی دەروونی هاوڵاتییان لە میدیا زیاتر دەکات.

* لە دامەزراندنی لیژنەی باڵای ڕاگەیاندندا تا چەندە سوودتان لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو وەرگرتووە؟

– زۆر. ئێمە هەم وەک فەلسەفەی "ئازادیی بیروڕا دەربڕین" و تیوری "بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی"ی ڕۆژنامەنووسی و هەم وەک "ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ" ئەو بنەمایانە ڕەچاو دەکەین کە ئەم سێ کۆڵەکە سەرەکییەی ئەنجوومەنی لەسەر دادەمەزرێ و لە ئەنجوومەنەکانی وڵاتانی پێشکەوتوودا ڕەچاو کراون، لەبەرچاومان گرتووە، بەتایبەتی لەپاش ئەوەی ڕای ڕۆژنامەنووسان و پسپۆڕانی تری بواری ڕۆژنامەنووسیمان وەرگرت.

دیارە چونکە ئەم ئەنجوومەنە ساڵی ٢٠٠٦ ئامادەکراوە و هاوپێچی پرۆژەیەکی کاری ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان بووە، بەجۆرێک ڕێک خراوە کە لەگەڵ ماددەکانی ناو ئەو پرۆژە یاسایە گونجاو بێت و ئەو دەمیش نموونەی ئەنجوومەنی باڵای فەڕەنسەمان لە ڕووی پێکهاتەی ئەندامەکانییەوە بەنموونە وەرگرت، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان دەکرێ لە ژمارە و تایبەتمەندیی هەبوونی ئەندامانی دەسەڵاتە فەرمییەکان لەم ئەنجوومەنەدا پێداچوونەوە بکرێ و گۆڕانی بەسەردا بێت و مۆدێلی تریش پێشنیار بکرێ. ئامانجیش تەنیا ئەوە دەبێ کە ئەم ئەنجوومەنە لەپێشدا دامەزراوەیەکی باوەڕپێکراوی ڕۆژنامەنووسان و هاووڵاتیان و پاشانیش دەسەڵات بێت. بۆ ئەوەی بتوانێ بە پاڵپشتی ئەو متمانەیەی وەری دەگرێ، کاری ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستان ڕێک بخات.

* ئایا ئەو لیژنەیە دەسەڵاتێکی بەڕێوەبەرە(تەنفیزییە)، یان دەسەڵاتێکی ڕاوێژکارییە؟

– ئەنجوومەن، چونکە دامەزراوەیەکی خۆچاودێر (self regulation -)ە و زیاتر لەسەر متمانە و باوەڕپێکراوییەکی کۆمەڵ بە پێکهاتەکەی هەیەتی دادەمەزرێ، مەبەستی بازرگانی و سیاسی، یان ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتی نابێ و کار بۆ بردنە سەرێی ئاستی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی، پیشەیی و پاراستنی ئازادییەکانی ڕۆژنامەنووسی دەکات، میکانیزمە دەروونی و پیشەییەکان دەکاتە سەرچاوەکانی بڕیاردانی خۆی، نەک بەکارهێنانی شێوازە فەرمییەکانی دەسەڵات، بۆیە پێویستە دامەزراوەیەکی ڕاوێژکاری و نەرم بێت نەک دامەزراوەیەکی تەنفیزیی، ئەگەر وابێت ئەوە پێویست ناکات هەبێ، چونکە کارکردن بەیاسای پەسندکراوی ڕۆژنامەنووسی لەلایەن پەرلەمانەوە بەسە بۆ ئەوە ڕێکاری یاسایی بگیرێتە بەر.

لە وڵاتانێک کە یاسای پێشکەوتووی چاپەمەنیشیان هەیە و وڵاتی پێشکەوتوو و قاڵبووی دیموکراسیشن (وەک نەرویژ و سوید) و ئەوانەش کە لە قۆناغی گوزار بەرەو دیموکراسیدان (وەک کۆسۆڤۆ، بۆسنیا و سربستان) ئەم ئەنجوومەنانە دامەزراون و هەن. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە کاری ڕۆژنامەنووسی کارێکی هەستیار و پڕ هەڵەیە و ڕۆژنامەنووسی ئەلکترۆنی و وێبلاگ نووسی و ئینتەرنێتی و فەیسبوک و توبتەر کۆنترۆڵی یاساییان ئەستەمە، ژیانی تایبەتی تاکیان نەپارێزراو و

ڕۆژنامەنووسیشیان زیاتر ناپرۆفیشنالْ کردووە، بۆیە پێویستی بە دامەزراوەیەک دەکات کە وێڕای ئەوەی ئازادییەکان دەپارێزێ، ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی و ستانداردەکانی هونەری ڕۆژنامەنووسیش ڕەچاو بکات، بۆیە ڕۆژنامەنووسی کوردی دەکرێ بڵێم لە هەموو شوێنێ زیاتر پێویستی پێیەتی.

* تا چەندە هیوات بەو پڕۆژەیە هەیە، ئایا گەشبینی کە ببێتە مایەی ڕێکخستنی کاروباری ڕاگەیاندنکاران؟

– ئەوە پێوەندی بە دانانی بناغەی ئەو ئەنجوومەنە و ئەو ئەساسنامەیەوە هەیە کە بۆی دەنووسرێ و لەبەرچاوگرتنی کەموکورتییەکانی ئەو ئەنجوومەنانەی لە ٦٢ وڵاتی جیهاندا هەن، هەروەها پێوەندی بەو ئەرکانەوە هەیە کە بۆی دیاری دەکرێ بە پێی دەورووبەری سیاسی، کولتووری و مێژوویی کوردستان. هەرچەندە زیاتر گفتوگۆی لەسەر بکرێ و زیاتر ڕەزامەندی وەرگرێ و هەرسێ لایەنی پێوەندی کۆمەڵایەتی، واتە، هاووڵاتیان کە کۆمەڵگەی مەدەنی نوێنەرایەتییان دەکەن و ڕۆژنامەنووسان و لایەنی حکوومەتی بەشێوەیەک کە لایەنی یەکەم و دووەم زۆرینەی ئەندامەکانی پێک بێنن، دەکرێ سەرکەوتنی باشی هەبێ. دیارە ئەوەش پێوەندی بە چالاکی و جددییەتی ئەندامەکانییەوە هەیە لە چەسپاندنی ئەو ئەرکانەی وا لە ئەنجوومەنەکەدا دیاریکراون. شێوازی دابەشکردنی کارەکانی و بەڕێوەبردنی و پێوەندییەکانی بە ڕێکخراوە ناوخۆییە زانستی و میدیایی و نێودەوڵەتییەکانەوە سەرکەوتووی دەکات، یان ناکات.

* لە هەرێمی کوردستاندا چەندە زەمینەکە لەبارە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پڕۆژەیە، ئایا پێتان وانییە بە هۆی ڕێکخستنی ئەو کارانەوە نەکەونە بەر شاڵاوی زمان زبرانەوە؟

– لە هەرێمی کوردستاندا پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاترە. ئەوەی کە ئەنجوومەن چییە؟ جۆرەکانی ئەنجوومەن لە دنیادا چۆنن؟ ئەرک و ئامانجەکانی و ئاکامی بوونی بەباشی چین؟ لە پێشدا پێویستی بە پێکهاتنی سیاسی لایەنەکان و ڕەوینەوەی ئەو بێ متمانەییە هەیە کە لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا هەیە، چونکە تەمومژی سیاسی و بێ باوەڕی بەیەکتر و بەهێزی بیرۆکەی تیوری پیلان لای زۆرکەس وای کردووە، ئەنجوومەنەکەش لە نرخاندنی سیاسی لایەنەکان و ڕۆژنامەنووسان بێ بەش نەبێت، تەنانەت بە بێ ئەوەی بزانرێ ئەرک و ئامانجی ئەنجوومەن چییە؟ لە بیرۆکە و لە تیوریدا ڕەت بکرێتەوە و تۆمەتی سیناریۆی دەسەڵاتبوونی بخرێتە ئەستۆ. کە ئەمە زۆر نارەوایە، شتێکی تەنیا لە ئاستی ڕەشنووس، یان بیرۆکەیەک بێت و نەبووبێتە حوکمێک ڕەت بکرێتەوە. ئەم جۆرە کاردانەوانە بەرانبەر بە شتێکی مەدەنی و پیشەیی مایەی نیگەرانییە بۆ هەر چالاکییەکی تری لەم جۆرە لە هەرێمی کوردستان و دروستکردنی ئەجیندایەکە بۆ سانسۆری پێشوەختی بیرۆکە و ئازادییەکان، بەربەست دانانە لەسەر چالاکییە تاکەکەسی و ئەکادیمییەکان.

* لە کۆتاییدا چ قسەیەک ماوە و حەز دەکەی لە ڕێگەی گۆڤاری ڕامانەوە بیڵێی بفەرموو؟

– سوپاس و پێزانینم بۆ گۆڤاری خۆشەویستی ڕامان.

**– ڕەحیم قادر سورخی لە ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی (قازانلی) سەر بە شاری بۆکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە.**

**– خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و دواناوەندیی لە بۆکان تەواو کردووە و پاشان لە زانکۆی ورمێ بەکالۆریۆسی لە (زمان و ئەدەبی فارسی) بەدەست هێناوە.**

**– لە پاش تەواوکردنی زانکۆ لە گۆڤاری سروە وەک ئەندامی دەستەی نووسەران دەست بەکار بووە و چەندین وتاری لە بارەی زمان و ئەدەب نووسیوە و وەرگێڕاوە و لەو گۆڤارەدا چاپ بووە.**

**– لەساڵی ٢٠٠٣ هاتووەتە باشووری کوردستان و لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین درێژەی بەخوێندن داوە و ماستەری لە زمانی کوردی بەدەست هێناوە. ناوونیشانی نامەکەی بریتییە لە (ڕۆڵی واتا لە پرۆسێسی پێوەندییە گشتییەکاندا).**

**– پاشان وەک مامۆستای یاریدەدەر لە بەشی زمانی کوردی دامەزراوە و لە ساڵی ٢٠٠٧ لە قۆناغی دکتۆرا وەرگیراوە، نامەی دکتۆرایەکەی لە ڕۆژی ٢٠١٠/٥/٢٦ بە پلەی زۆرباش وەرگرتووە.**

**– خاوەنی ئەم بەرهەمانەی خوارەوەیە:**

**(١) زمان، هزر و کولتوور (وەرگێڕدراو لە فارسییەوە)**

**(٢) پرۆسەی پێوەندیی جەماوەری (لێکۆڵینەوە لە بواری پێوەندیی گشتی و ڕاگەیاندن/ نامەی ماستەر)**

**(٣) دیوانی قاصد، ساغکردنەوەی و لەسەر نووسینی دیوانی شیعری شاعیری بەناوبانگی کۆیی (حاجی بەکر ئاغای حەویزی) لەگەڵ نووسەری کۆچکردوو مامۆستا شوکر مستەفا**

**(٤) هەواڵنووسیی مۆدێرن (وەرگێڕدراو لە فارسییەوە).**

# نالی و فۆلکلۆری کوردی

**د. جەمال ئەحمەدی**
**کەژاڵ فەداکار**
**(کۆلێژی وێژە - زانکۆی ئازادی سنە)**

**کورتەی بابەت**

نالی (١٨٠٠- ١٨٥٨ز) یەکێ لە گەورەترین شاعیرەکانی زمان و وێژەی کوردی شێوەزاری کرمانجی خوارووە. لە پەنای وێژەی کوردیدا مەکتەب و سەبکێکی وێژەیی نوێی لە ناوچەی دەسەڵاتی بابانەکان داهێنا و جیا لە دیوانی شیعری، شرۆڤەی کتێبی (مناظرة الانشاء)ی داناوە. دیوانی نالی، داگری غەزەلی پڕ لە ساز و ئاواز و بنەڕەتدارە. کە غەزەلی فارسی و بابەتە شیعرییەکانی، هەروەها بابەتە شیعرییەکانی عەرەبی کاری تێکردوون.

جیا لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی وێژەیی و جوانکاری و هونەری شیعر، بابەتی فۆلکلۆری لە دیوانە شیعرەکەیدا زۆرە. نووسەرانی ئەم وتارە بە تەمان پاش خوێندنەوەی دیوانەکەی نالی ڕادەی کارتێکردنی فۆلکلۆری کوردی لەسەر شیعری نالی لێک بدەنەوە. ئەم لێکۆڵینەوە بە شێوەی کتێبخانەیی بەڕێوەچووە.

پاش لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەکان ئەمەمان دەست دەکەوێت کە نالی هەرچەندە لە شاعیرەکانی کۆن و بەناوبانگی وێژەیی کوردی بووە؛ بەڵام بەشێوەیەکی بەرچاو کەڵکی لە فۆلکلۆری کوردی وەرگرتووە کە ئەمە لە دیوانەکەیدا بە باشی ڕەچاو دەکرێ.

وشە گرێ لێدراوەکان: نالی، وێژەی فۆلکلۆری، مەتەڵ، درکە، قسەی نەستەق، پەندی پێشینان، پزیشکی، ئەفسانە و ئوستوورە.

**ناوەرۆکی بابەتەکە**

ناوچەی ئێران بریتییە لە ڕەگەز و هۆزی جۆراوجۆر و هەر کام لەم ڕەگەز و نەتەوە و زمان و وێژە تایبەتانە بۆ هەرچی باشتر و چڕوپڕکردنی کولتووری وڵاتی ئێران لە تێکۆشاندان. زمانی کوردیش وەکو یەکێک لە کۆنترین و ڕەگوڕیشەدارترین زمانە ئێرانییەکانە کە مێژوویەکی چەند هەزار ساڵەی هەیە. لە زمانی کوردیدا شاعیر و نووسەری زۆرمان هەیە کە لە خزمەتی وێژە و زمانی کوردیدا بێ وچان هەویان داوە. مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی میکائیلی ناسراو بە «نالی» یەکێک لە شاعیران و نووسەرانی بەناوبانگی زمان و وێژەی کوردییە کە بە زمانێکی ساکار و ڕازاوە شیعری جوان و سەرنجڕاکێشی هۆنیوەتەوە. ئەم دیوانە لیپاولیپە لە جوانکاری وێژەیی. لەم هونەرە جوانانەی کە لەم دیوانەدا بەدی دەکرێ، ئاوڕدانەوەی نالییە لە فۆلکلۆری کوردی و خۆنواندنی ئەم بابەتە لەم دیوانە شیعرە پڕ بایەخە. نووسەری ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدات بە لێکدانەوەی دیوانی نالی و



نالی

سەرنجدان بۆ دانە بە دانەی شیعرەکانی، دەستی بگاتە فۆلکلۆری ناو دیوانەکەی و دەستەبەندییان بکات بۆ وێنە: بیروباوەڕ، دابونەریتەکان، کایە، پەندی پێشینان و درکە و...تاد.

**نالی کێیە؟**

نالی کوڕی ئەحمەد شاوەیسی، لە هۆزی بەیگی میکائیلی لە عەشیرەی جافە و خەڵکی ئاوایی خاک و خۆڵ سەر بە شارەزوور و نزیکی ڕۆخانەی تانجەڕۆ، ساڵی ١٨٠٠ زایینی لە دایک بووە. پاش وەرگرتن و فێربوونی خوێندەواری سەرەتایی لە سلێمانی لە مزگەوتی سەید حەسەن، دەست دەکات بە فێرکاری قوتابی و پاش ئەو کارەساتەی کە بەسەر بابانەکان هات، لەوێ هەڵات و ئیتر بەرەو سلێمانی نەگەڕایەوە. پاش تەشریف بردنیان بۆ مەکەی موعەزەمە، بەرەو شام ڕێگەی گرتە بەر و لەوێدا نیشتەجێ بوو.نالی لە سەردەمی لاویەتی، عاشقی کچێک دەبێت بە ناوی حەبیبە خانم کە ئەم عەشقە ئیلهام بەخشی شیعرەکانی نالی بووە و تابلۆیەکی پڕ لە جوانی بەناوی شیعر دەخوڵقێنێ. لە دواییدا نالی لە ساڵی ١٢٧٣ کۆچی مانگی بەرانبەر بە ١٨٥٨ زایینی لە تەمەنی ٥٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی ئەبووئەیووبی ئەنساری نێژرا. پێش ئەوەی بمانەوێ دانە بە دانەی بابەتە فۆلکلۆرییەکان ڕەچاو بکەین؛ پێویستە بڵێین دەستە بەندی بابەتە فۆلکلۆرییەکان بریتین لە: درکە (کینایە)، بیروباوەڕ، دابونەریتەکان، کایە و پەندی پێشینان، لەم بابەتەمانەدا یەک لە دوای یەک بابەتەکان ڕەچاو دەکەین، پاشان ئەو شیعرانەی نالی دێنینەوە کە پێوەندیان بە دەستەبەندییەکانی ئێمەوە هەیە.

**درکە**

درکە لە وشەدا بە واتای قسەیەک کە هەردوو لایەنی ڕواڵەتی و واتای پۆشراوەی تێدایە و بە قسەیەک دەوترێ کە دوو واتای جیاوازی هەبێت و ئەم دوو واتایە پێداویستی یەکترین. کەوایە بێژەر دەبێ ئەو ڕستەیە بە چەشنێک تێکەڵ بکات و بە زمانی بێنێ کە بیسەر گورج لە مانای نزیکەوە بە مانای دوور بگات (هومایی، ١٣٨٢: ل٢٥٦- ٢٥٥)

درکە، یان کینایە، یەکێک لە گرنگترین بابەتە زمانییەکانە و لەوانەیە زۆرجار بیسەر لە مەبەستی نووسەر تێنەگات، کەوایە تەنیا کەسانێک کە بە تەواوی لە زمان شارەزابن، دەتوانن ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرن و لە کینایەکان تێبگەن (شمیسا، ١٣٧٤، ٢٣٥)

نووسەر ٣٠٣ جۆر درکەی لە دیوانەکەی نالی دەرهێناوە کە هێنانەوەی ئەو درکانە هەمووی پێویست ناکات. برێ لەم درکانە ئەمانەی خوارەوەن:

**بەو ڕەحمەتە عامەت کە دەکا سەنگی سییە زەڕ**
**لەم قـەلبە کـە وەک بەردە ڕەشە «رش رشاشا»** (نالی، ٧٧)

* کینایە لەوەیە کە بە شتێکی بێ بایەخ، بایەخ بدرێ.

**تەلبیس نیە ئەو کەسە دێوانەیی رووتە**
**بێچارە نەما غەیری حەیاتێکی لەبەردا!** (نالی، ٨٠)

* کنایە لە خۆشەویستی و عەشقە.

**ڕەنگی نییە ڕوخسارەیی ڕەنگین و لەتیفی**
**ڕۆشن بووە ئەم نوکتە سەباتی لە بەسەردا** (نالی، ٨٠)

* نەبوونی ڕەنگ کنایە لە نەرمی و ناسکی زۆرە.

**ئیسباتی خەت و خاڵە، بە سەد شوشتن و گریان**
**ناچێتەوە ئەم نوقتە لەنێو دیدەیی تەڕدا** (نالی، ٨١)

* کنایە لەچاوی پڕ لە فرمێسکە

**ئالووده نەبێ دا، بە زەبوون گیریی خوێنم**
**بۆ کوشتنی من دامەنی پاکی لە کەمەردا** (نالی، ٨٢)
* زەبون گیریی خوێنم کنایە لە خوێنی ناحەق ڕژان
* دامـەنی پاکی لە کـەمـەردا کنایە لە تەیار بوون بۆ کارێکە.

**لەبەر خەندەی لەبی لەعلی ئەتۆ بوو.**
**کەوا شەککەر دەباری، گوڵ دەپشکووت** (نالی، ١٥٠)
* کنایە لە قسەی جوان و دڵڕفێنە.

**چاو و دڵ شەڕیانە، نازانم خەتای کەمیانە خۆ**
**تا بە داری کـەم، دەریکەم بیــخـەمــە شێن و چەمــەر** (نالی، ٢٠٢)
* کنایە لە کوشتنە. کنایە لە گریان و ناڵە و هاوارە.

**نووری چاوم! چاوەکەم بێ نوورە بی تۆ، زەڕڕەیی**
**خاکی دەرگاکەت ببێژم بیکەمە کوحلی بەسەر** (نالی، ٢٠٢)
* کنایە لە هاوڕێ گیانی گیانی و بەوەفایە.

**ڕۆژ پەرستی رووتە «نالی» بۆیە وا دائیم وەک غوڵام**
**زەرد و گـەردن کـەچ لە دەرگـات حـازرە دەسـتـە و نەزر** (نالی، ٢٠٣)
* کنایە لە بێ دەسەڵاتی و هەژارییە.

**عەجەب ئەستێرە شەو هەڵدێ لە تاوی خوسرەوی خاوەر**
**بە ڕووی تۆم دیدە هەڵنایێ شەو و ڕۆژ، ئەرچی بێدارم** (نالی، ٢٧٢)
* کنایە لە خۆرەتاوە.

**وەڵڵاهی کڵاوی سەری من چەرخی دەماڵی**
**ببوایە بە دامانت ئەگەر دەست ڕەسێکم** (نالی، ٢٨٤)
* کنایە لە دەس بە داوێن بوون- تکا و ڕەجا کردنە.

**دەستم لە گەردەنی خۆت هەڵ مەگرە ئەی (حەبیبە)!**
**وەبزانە خـوێنی خـۆمـە، یا مـیـننەتی ڕەقـیـبـە** (نالی، ٣٩٤)
* کنایە لە وازهێنانە و دەسهەڵنەگرتنە.

**شاهینی دیدەبازە، مەستی شەرابی تازە**
**دڵدار و لانەوازە، دڵ کێش و دڵ فریبە** (نالی، ٣٩٦)
* کنایە لە هۆی ئارامش و دڵنیاییە.

## چیرۆک و ئەفسانە و ئوستوورەکان

بەر لەوەی باسـەکـە دەست پێ بکەین، پێـویسـتـە ئوستـووره بناسین؛ سـەردەمی ئوستـووره، واتە سەردەمی پێــشــینە و پێــشــینەکــان- کــە لەســەردەمی وێژە و مێژووەکەی، پێشتره و دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ بەر لە بەدیهاتنی دێری نووسراوە و دەست پێ کردن و پەرەگرتنی کولتوور و وێژە (شمیسا ١٣٧٤: ل٢١٧).

لە دیـوانی نـالی ٧٨ جــۆر ئوســتــووره و ئەفــســانە و چیرۆک دۆزرایەوە.

**بە تیری دوو نیشانە چانییە ئەی ڕۆحەکەم! شیرین**
**بە غـەمـزەی، تاقـەیەک تیـری لە فـەرهـاد و لەخـوسـرەو** (نالی، ٨٩)

**شاهیدی فیکرم کە بێتە جیلوەگاهی دولبەری**
**شاهی خوسرەو ڕوحی شیرینی بە قوربانی دەکا** (نالی، ١٠٣)

شیـرین و فـەرهاد لە کـوردی و شیـرین و خـوسـرەو لە فـارسی: خـوسـرەو بۆ ژن هێنان هاوڕێ لەگـەڵ نەکـیسـا و باربود بەرەو ئەرمەنستان دەچن بۆ دیداری پووری شیرین و پاش دیتنی شیــرین شــەیدا و عــاشق دەبێت و دوای کێشە و گرفتی زۆر خـوسرەو ژن دەخوازێ، شیرین دێت بەرەو کرماشان و بێستوون و لەوێدا فەرهادیش عاشقی دەبێت و شیرینیش شێت و شەیدای فەرهاد دەبێت، بەڵام لە کولتووری فارسدا خوسرەو قارەمان و لە کـولتـووری کوردیدا فەرهاد قارەمانە.

**نوکی خامەی من کە بێتە مەعنا ئارایی کەمال**
**خـەت بە خـەت ئیـزهاری نەقـشی سـوورەتی (مـانی) دەکا.** (نالی، ١٠٣)

مانی: پێغەمبەری وێنەکێشی سەردەمی ساسانییەکان لە ئێـران سـەری هەڵدا و ئاییـنی خـۆی بە وڵاتـانی چین و هیندیش ڕاگـەیاند و دوو پاشـای سـاسـانیـیـەکـانیش پەیڕەوی بوون(٩) کـتـێـبی نووسی، بەڵام لەسـەردەمی ساسـانییـەکان کـتـێبـەکانیـان سووتاند و تەنیـا کـتـێبی (ئەرژەنگی) بەجێ ماوە. پێغـەمبـەرێکی دادوەر و عـادل بووە و زۆرتر بۆ دادپەروەری و گـەشـەی ئابووری هەوڵی دەدا.

**بەو دەننی فوراتە کە دەکا پەشە بە عەنقا**
**نەک لەو خومی نیلە کە دەکا باخە بە تیمساح** (نالی، ١٦٦)

سـیـمـورغ (عـەنقـا، سـیـرەنگ) هەر ئەو سین مـور و پالەوییـەیە کە بە واتای «مورغ سین» دێت. بە ڕیوایاتی ڕابردوو و کۆن، لەسەر دارێکی سەرسووڕهێنەر و سەیر و

هرویسپ تۆم (ویسپۆبین، یان گیئوکرن) واته داگری هەموو گژوگیایەک کە لە دەریای فەراخەکرەت دایە، هێلانەی هەیە. هەرجار کە سیمورغ هەڵدەسێتەوە، هەزار شاخ و بەرگ دەشکێتەوە و تۆم و هێلکەکانی دەپرژێتە دەوروبەر و لەو تۆمانە گیای جۆراوجۆر دەڕوێ. (پشت ها ۵۷۷/۱) (یاحقی، ۱۳۷۵: ۲۶۶)

**بۆ شەربەتی شیرینی فنجانە لەسەر سینی**

**مەم توحفەیی توففاحی، شەم عەنبەری بۆیا کچ** (نالی، ۱/۶۱)

ئاماژە دەکاتە عەشقی مەم و زین و وەلی و شەمی خۆشەویستی.

**تۆزی ئایینەی سکەندەر وا بە دەم باوە، وەلێ**

**گەردی دامانی غەریبانە بلوری جامی جەم** (نالی، ۳۰۹)

ئاوێنەی ئەسکەندەر: بەهۆی ئەفسانە و ئوستوورەی ئەسکەندەر بۆ ئاگاداری لە شۆڕشی ئەورووپی منارەیەکی دانابوو، لەسەر منارەکە لە رووی حیکمەتەوە ئاوێنەیەکی ساز کردبوو و چەند دیدەبانی تەرخان کردبوو تاکو لە کاتی شۆڕشی دوژمن سوپای ئەسکەندەر ئاگادار بکاتەوە و بەم تەدبیرەوە دووجار سوپای فەرەنگی بەزاند. جاری سێیەم دیدەبانەکان ئاگادار نەبوون و غەفڵەتیان کرد و سوپای ئەورووپی هێرشیان هێنایە سەر شاری ئەسکەندەر و کاولیان کرد و ئیتر ئەو ئاوێنەیەیان خستە زەریا. چون ئەسکەندەر لەم کارەساتە ئاگادار بوو، ئاوێنەکەی لە زەریا دەرهێنا و دایناوە شوێنەکەی خۆی.

**نالیا بێ هیمەتی تاکەی بەدەست میحنەتەوە**

**فاتیحی و ڕوستە ماسا، ساحیبی تێغ و عەلەم**

ڕۆستەم قارەمانی نەتەوەی ئێران لە وێژەی پەهلەوی بە (رشحە) بە واتای خاوەن زۆر هاتووە کە لەگەڵ وشەی تەهەمتەن نزیکترە و لە فارسیدا نازناوی ڕۆستەمە. لە کولتووری ئێرانی پاش ئیسلام، بێ گومان بە ناوبانگترین و کاریگەرترین قارەمانی وێژەی ئێمەیە.

دابونەریتەکان: کۆمەڵێک لە باوەڕ و ئایدیاکانی نەتەوەیەک کە لە کۆمەڵگادا باوە و بریتییە لە ڕەسم و یاسا و ئایینی تایبەتی خەڵک کە لایەن هەموو ئەو جەماوەرەوە پەسەند کرابێت.

**لە چاوانم هەتا کەی قەترە قەترە خوێن دەکەی ئەی دۆست**

**کوا ئەم عەهد و پەیمان و وەفا کابینتە، بازا** (نالی، ۹۶)

کابین پارەیەکە کە پیاو لە کاتی ژن هێنان دەیدا بە ژن کە سامانی ژنە و ئەمە نەریتێکی کۆمەڵایەتییە.

**جامی جەم:** جامی جیهان نما کە دنیای تێدا بەدی دەکەی. جام: پەرداخێ بوو کە هەواڵی تەواوی جیهان و ڕازی حەوت ئاسمانی تێدا بەدی دەکرا.

**تا موعەییەن بێ کە زۆرن دەس گری یو دەس کوژی**

**فەرقی سەر، پەنجەی بە خوێناوی حەنا ڕەنگین دەکا** (نالی، ۱۱۲)

**حەنایی کردووە پەنجەی بە خوێناوی دڵی زارم**

**ئەمە ڕەنگە شەهادەت بێ کە کوشتەی دەستی دڵدارم** (نالی، ۲۷۰)

لە کولتووری ڕۆژهەڵاتدا خەنە زینەتێکی جوانە بۆ ژنان، بە تایبەت لە ئاهەنگی شایی و گۆڤەند لەم ئارایشە کەڵک وەردەگیرێ کە شەوی پێش زەماوەند بە خەنەبەندان ناوی دەبەن. ڕێوڕەسمی خەنەبەندان.

**«نالی» خەبەری بێ ئەسەری غائیبە، ئەمما**

**نالێکی حەزین دێ لە موناجاتی سەحەردا** (نالی، ۸۲)

ڕاز و نیاز و موناجاتی دەمەوبەیانی لە ئیسلامدا جێ سەرنجی ئیماندااران و خواناسەکانە، بە تایبەت ئەو کەسانەی لە ڕێبازی نەقشبەندیدان زۆرتر لە ڕیزی ئەم عارفانەن.

**حوققەی فەلەکولئەتلەسی و ئەستوونەیی زێڕین**

**بێ بیکە بە تارای سەر و تورکەی خەز و والا** (نالی، ۱۱۷)

لە کوردستاندا ڕووبەندێ بەناوی دیواخ هەیە کە بەسەر بووکدا دەیکێشن و جلی جوانی بووکیەتی کە کەمەرەیەکی لەگەڵدا بوو و تۆڕێکی سوور لەسەر شانی بووکەکەوە لەماڵی باوکی بەرەو ماڵی زاوا دەیانبرد، ئەم شێواز و ڕەسمە پیشاندەری ئەوەیە کە نزیکە بووکەکە بەرن و لەلایەن پیاوێ لە خێڵی زاوا دیواخ لەسەر بووک دەکێشراو شاڵی بووکەکەشی دەبەست و لەم حاڵەدا کە پیشاندەری گواستنەوەی بووکەکە بوو هەتا ئەوەی دەڕۆیشتە ماڵی زاوا و زاوا دیواخەکەی لەسەری لادەبرد.

**دەسم مەخە سەر، تا قەدەمم، سوتووە، چاوم!**

**یا خۆ بە شیفا هاتووی؟ چەندێکە ئەناڵم** (نالی،

٢٢٨)

ئاماژە دەکاتە ئەم باوەی کە لە ڕابردوودا بووە و ئەگەر کەسێ نەخۆش دەکەوت و گەورەیەک، یان شێخ، یان مورشیدێ بۆ عەیادەتی نەخۆشەکە دەڕۆیشت و دەستی دەنایە سەر سەری نەخۆشەکە و چەند دوعای دەخوێند و لە خودا داوای شیفای نەخۆشەکەی دەکرد و نەخۆشەکە ئیتر نەخۆشییەکەی بە خۆی ناخست و چاک دەبووەوە.

**لەسەر بەرگی گوڵێکی باغی حوسنت**

**هەزار، گوڵچینی بێ بەرگ و نەواچین** (نالی، ٣٤٧)

لە کوردستاندا چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا لە شەقامەکاندا کەسێک شمشاڵێکی دەبەستە کەمەری، یان شمشاڵی لێ دەدا و بەو شێوەیە پارەی کۆ دەکردەوە.

**بیروباوەڕی خەڵکی عامە:** وشەی باوەڕ لە ڕەگ و بنچینەی «وڕ» بەواتای هەڵبژێردراو، بەرتر زانین و ڕاهاتن و کورتکراوەی «بئاوەڕە» بە واتای یەقین و دڵنیایی وشەی «واوڕ» لەپەهلەوی و «باوڕ» فارسی لە ڕەگوڕیشەی «وڕ» وەرگیراوە. لە وشەدا بە واتای باوەڕ و ئیمانە (خەلەف تەبریزی، بورهانی قاتع، لەژێر وشەی باوەڕ)

**مـ هـ مـ هـ لەمەهی سادە: یەعنی لە قەمەر لادە**

**هەم شەمس و سورەییا کچ، هەم زوهرەیی زەهرا کچ** (نالی، ١٥٨)

بروا بەمەی کە مانگ لە وێژەدا بە واتای پیاو و خۆر بە واتای ژنە.

**نالی بە ئومێدی زەفەری تەوقی تەلیست**

**ماری سڕی زولفت لەسەر و گەردنی ئالا** (نالی، ١١٨)

**مەتەڵ:** لە وشەدا بە واتای شاردراوە و داپۆشاوە و لە فەندا بە شێوازێکی ڕەسا دەوترێ کە ناوی کەس، یان شتێ بە ناڕاستەوخۆ و بە ڕەمز و ئاماژە بڵێیت و داوا بکەیت لە بیسەر کە ئەوەی مەبەستیەتی کەشفی کات. لە مەتەڵ زۆرتر لە پیتی ئەبجەد و ژمارەکانی تایبەت بە پیتە ئەبجەدەکان کەڵک وەردەگیرێ.

**بروا بە تەلیسم و جادوو:**

١- تەلیسم، کارێکی سەرسوڕهێنەر و غەیرە باوە کە لە هێزی کاینات و هێزی شاراوەی زەوی سەرچاوە دەگرێ و کاری سەرسوڕهێنەر و عەجایبیات دەکەن بەو جادوانە.

٢- نووسراوەکە وەک دوعا کە بەو بۆنەوە کارێکی سەرسوڕهێنەر ئەنجام دەدرێ.

٣- وێنە و شێوەیەکی عەجیبە کە لەسەر دەفینە و خەزێنەکان دایان دەنا.

تەلیسم نووسراوەیەکە کە جادووگەرەکان لەسەر گەنجە بە بایەخەکان دەیاننووسی تاکو لە بەڵا و لەناوچوون بیپارێزن. «وتم سەفەری پاشاکان لەبەر ئەوەی لەزەریاوە تێدەپەڕن، جێ مەترسییە، بۆیە باش وایە، یان گەنجەکە هەڵبگری، یان لەنێو ئەو تەلیسمەدا بمری» (گوڵستان خەتیب ڕەهبەر، ٩٩) (شیما، ١٣٧٧، ٩٨٢)

**نووری چاوم! چاوەکەم بێ نوورە بێ تۆ، زەڕڕەیی**

**خاکی دەرگاکەت ببێژم بیکەمە کوحلی بەسەر** (نالی، ٢٠٢)

بەردی سورمە، کە بۆ زۆرکردنی بینایی، چاویان پێ دەڕشت.

**«نالی» کە غوڵامی مەدەدی زوڵف و برۆتە**

**شاهێکە لەبن سایەی باڵی دو هومادا** (نالی، ٨٦)

لە کوردیدا هوما بە واتای پیرۆزەیە و بە بڕوای خەڵکی لەسەر شانی هەر کەسێکەوە بنیشێتەوە ئەو کەسە دەبێتە پاشا.

- هوما پەلەوەرێکە کە دەگێڕنەوە، دەڵێن ئێسقان دەخوات و ئازاری بۆ کەس نییە و سێبەری بکەوێتە سەر هەر کەسێکەوە، بێ گومان دەبێتە پاشا و لە ئەفسانەدا زۆر ناوی دەبەن، بۆ نموونە لە شاراندا بۆ هەڵبژاردنی پاشا ئەم پەلەوەرەیان دەهێنا و لەسەر سەری هەر کەسێکەوە بنیشتایاتەوە ئەو کەسە دەبوو بە پاشا.

**همای بر همه مرغان از آن شرف دارد**

**که استخوان خورد و جانور نیازارد**

(گلستان، خطیب رهبر) (شمیسا، ١٣٧٧: ١١٤٠)

**لە شەوقی ڕوویی شەمع و زوڵفی دوود و توڕڕەی مەحچەر**

**سوپەند و عوود و پەروانە، بخوور و غالییە سووتن** (نالی ٣٢٩)

قانگ و سوپەند بۆ دوور کەوتنەوە لەچاو چڵەی خراپە کە هێشتا لەناو جەماوەردا باوە. کاتێ کە کۆڕپە نیشانی خەڵک دەدەن هەر کام لە دانیشتوان تاڵێک لە جلی کۆڕپەکە دەقرتێنن تاکو لەگەڵ قانگدا بیسووتێنن و بەم

مەبەستە کە کۆرپەکە بە چاو نەچێت. برێ جاریش جیا لە چاوونەزەر، بۆ دوورکـردنەوەی نەخـۆشی، قـانگ ئاگـر دەدرێت و دوعـای تایبـەتیـشی بەسـەردا دەخـوێننەوە. (نیرنگستان ٣٢) هێشتانەش دانی قانگ بە ڕیز دەکەنە دەزووەوە و بۆ جوانی لەسەر تاقی ماڵان هەڵی دەواسن.

**یارم سپند آگر چه بر آتش فنا فکند**

**از بهر چشم تا نرسد مرو را گزند**

**او را سپند و آتش ناید همی بکار**

**با روی همچو آتش و خال همچو سپند**

(منظومـه بادغـیس، لغت نامـه) (یاحـقی، ١٣٧٥: ٨٣)

امثال الحكم:

«وتلک الامثال نضربها للناس لعلكم يتفكرون»

ئێمە ئەم نموونانە بۆ خەڵکی دەگێڕینەوە، تا بیری لێ بکەنەوە» سوورەتی حەشر، ئایەتی ٢١.

**لۆمەی زەمان دەکەی کە بۆ چ خواریی ڕاستی دەوێ؟!**

**غـافلی، دەسـتی خـۆت خزمـەتی دەسـتی چەپ دەکـا**

(نالی، ٩٩)

– دەست دەست دەشـۆرێ و دەسـتیش هەڵدەگەڕێتـەوە دەموچاو دەشۆرێت.

– باس لە هاریکاری دەکـــات. (رخـــزادی ١٣٨٢، ٢٠٢)

**وەک بەهاری بەهاری درێژ و پاییزی، کورت**

**ئەمـەل گـەلێک و تەویـل، عـەمـەل کـەمـێک و قـەسـیـر**

(نالی، ٢٠٧)

**سۆفییی مەستووری بڕۆت و بو فلیس خستە تەمەع**

**سـەیری خاڵـی بێ حیـسـاب و مـاچی لەعلی بێ بەها**

(نالی، ١٣١)

– بە یەکـێکی تەمــەحکار دەوترێ کــە مــوفلیس و هەژارێک مـاڵەکـەی خـواردبێت و نەیبێ پێی بداتەوە (رخزادی، ١٣٨٢: ٢٢)

– تەماح لە گولیش دەکات واتە زۆر تەمەحکارە

– تەمـاح سـەری نەبڕی، سـەرێ دەبڕێ. واتە چاوی بە ماڵ و شتی هەمووی کەسێک. (قادر فەتاحی، ١٣٧٥، ٧٤)

**هەر کەسێ ئیزهاری دانایی بکات و مەقسەدی**

**خـود پەسـەندی بێ، یەقین ئیـزهاری نادانی دەکـات**

(نالی، ١٠١)

خۆ هەڵکێشـان عـەیبە، واتە خۆ بەزلزانین سیـفەتێکی نالەبارە (قادر فەتاحی قازی، ١٣٧٥: ٩٩)

**وەکو بەهاری، بەهاری درێژ و پاییزی کورت**

**ئەمـەل کەمـێک و تەویل، عـەمـەل کەمـێک و قـەسـیـر**

(نالی ٢٠٧)

بە ڕۆژی بەهار و بە شەوگار پاییز.

ئەم ڕیوایەتە کـاتێ دەوترێ کـە کـەسێک بیـەوێ زۆرتر کـەڵک لە هاوقـسـەیی کـەسـێکی دیکە وەربگرێت. لە ڕۆژانی بەهار و شەوگاری پاییز.

**غەیری زوڵفی تۆ کە ڕشتەی عومرمە**

**دەس لە (مافیها)ی زەمان بڕیاوم ئەز** (نالی، ٢٢٢)

مــافـیــهــا: لە کــوردیدا بە واتای دەس چۆڵ و بێ دەسـەڵاتە، لە وشـەی عـەرەبی (مـافـیـهـا) وەرگـیـراوە، مەبەستی ئەمەیە کە لەم دنیایەدا جگە لە زوڵفی تۆ هیچ شک نابەم.

**مــەتەڵۆک:** لە وشــەدا بە واتای شــاراوە و ون و لە زاراوەدا فەنێکی ئەدەبییە کە ناوی کەسێ، یان شتێک بە ڕەمزەوە دەڵێن، داوا لە بیسـەر، یان خوێنەر دەکەن کە ئەو ناوە هەڵبـێـرێت، یان بیـدۆزێتـەوە. لە مـەتەڵۆک برێ جـار لە پیـتی ئەبجـەد و ژمـارە تایبـەتەکـانی کـەڵک وەردەگیردرێت. (میر سادقی، ١٣٨٥: ٢٨٧)

**موساوی وەک یەک و لوولن لە هەر دوو لاوە زوڵفەینی**

**نموونەی عەکسی حەرفی میم و نوون و واو، زوڵفەینی**

(نالی، ٦٧٤)

میم، نوون، واو

قژەکانی وەکو سێ پیتی میم و نوون و واوە. ئەگەر بە پێچەوانە میم بنووسین هەر میـمە، نوونیش بە پێچەوانە بنووسین هەر نوونە و واویش هەر وایە.

**ئەم سێڕە چییە میسلی سوهابێ، نەسوا بێ؟!**

**دوورێ کـە وەکـو دووڕی سـەمـا بێ، نەکـا بێ؟!** (نالی ٦٠٧)

زۆر سـەیرە کـە وەکـو شـەهابێکی ئاسـمـانیـیـە کـە ناساوێتەوە

گـەوهەرێکە وەکـو گـەوهەرانی ئاسـمـان کـە بیکرە و دەیەوێ بڵێت کە ئەوە چییە کە هێشتا بیکرە و دەستی نەخواردووە.

**وە کە دردانەای چنین نازک**

**در شب تار سفتم هوس استو**

(حافظ، غنی و قزوینی ١٣٨٢: ٤٢)

**دوککانی توحەف، کانی حەیا، کانی بەقا بێ**

**قوبەی لە قیبابی نوقەبا بێ، نەقۆیا بێ**

* ئەوە چییە کە وەکو دووکان بۆ فرۆشتنی شتومەکی بە کەڵکە کە سەرچاوەی ژیانە.

گومەزەکەی کون کراوە لە حاڵێکدا هیچ چەشنە چاڵی و چۆڵییەکی نییە. مەبەستی ئاڵەتی جنسیە.

**وەکو خەیە بە پەردێکی دو ئەستوونە بەرپا بێت**

**سەر تیلەکی نەختێ لە نەزاکەت قڵەشا بێ**

* وەکو ڕەشماڵێکە کە بە دوو ئەستوون دامەزراوە.

**نەجم:** کۆی نەجم، ناوی زانستی کە لەوەدا بزووتنەوەی ئەستێرەکان لەگەڵ یەکدا باسی لێ دەکرێ و ناوی دیکەشی زانستی حیساب، یان زانستی هەیئەتە (غەفاری، ١٣٨٧: ١٣٦)

**شەو چەپکەنی نیلووفەری بوو جیلوەیی ڕەقسی**

**شەرمندە دەکا زوهرەیی زەهرا لە سەمادا** (نالی، ٨٣)

* زوهرە یەکێ لە ئەستێرە گەورەکانی ئاکانە کە بە ئەستێرەی سەماکەر ناسراوە.

**خوش سوبح دەمێکە کە بە خەندە دەنوێنی**

**بەس زەڕڕەیی خورشید لە زەڕڕیکی سوهادا** (نالی، ٨٤)

* سوها: یەکێ لە ئەستێرەکانی کەم سۆی حەوت ئەستێرەی (تبات النس)

**بێ قسەی غونچەی دەمت کاتی تەبەسوم ڕووبەڕوو**

**هەتکی شوعلەی بەرق و نەزمی دایرەی پەروین دەکا** (نالی، ١١٢)

* پەروین چەن ئەستێرەی بچووکە کە بە دەور ئەستێرەی سوور کۆ دەبنەوە.

**(سەیوان) نەزیری گونبەدی کەیوان سەبز و ساف**

**یاخۆ بووە بە دائیرەیی ئەنجومی قوبور؟!**

* کەیوان ئەڵقەیەکی زۆر ڕووناکی بە دەوری خۆیدا هەیە.

**شەوەمی، شەو چراغی جەدی و شەور و مەرتەعی شامی،**

**دو حەد قەرنی عەزاڵە و قۆچی سوبحی عیدی، قوربانە** (نالی، ٥٠٩)

**کایە و گەمە:** سەرگەرم بوون بە کارێ بە مەبەستی تەفریح و شایی و وەرزش، یان گەمە.

**ماتەم، وەکو زولفەینی سیەھ گرتی سەراپات**

**پۆش لە ڕوخت تەعبیەیی بەیدەق و شامات.** (نالی، ١٣٧)

* ئاماژە دەکاتە کایەی شەترەنج.

**خەریکی شەش دەری هات و نەهاتم**

**خەلاسیم قەت نییە لەم نەردە بێ تۆ** (نالی، ٣٧٩)

* ئاماژە دەکاتە کایەی تەختە نەرد

ئەم کایە لە شەترەنج وەرگیراوە و بزر گمهر شالیاری زانای سەردەمی ساسانییەکان داینا و ناوی ئەردەشێری لەسەر دانا کە مەبەستی شێرانەیە و ئەمڕۆکە بە نەرد ناوی لێ دەبەن تەختەکە بە واتای زەوینە، ٣٠ مۆرەکەی نیشانەی ٣٠ ڕۆژ و شەوە، کە ١٥ مۆرەی ڕەشی نیشانەی شەو و ١٥ مۆرەی سپی نیشانەی ڕۆژە و سووری ئەستێرەکان لەتەک خاڵی هەر تاسێک بە واتای خودای تاقانەیە. دوو خاڵ نیشانەی ئاسمان و زەوینە. سێ خاڵ نیشانەی وتاری چاکە، کردەوەی چاکە، نیەتی چاکەیە و چوار خاڵ نیشانەی چوار لای سەرەکییە، باکوور- باشوور- خۆرهەڵات- خۆرنشینە. پێنج خاڵ و بە واتای پێنج ڕووناکییە؛ خۆر- مانگ- ئەستێرە- ئاگر و هەورە تریشقەیە و شەش خاڵ نیشانەی شەش جەژنی گەورەی کۆنە.

**چ مشت و پنجە؟ وەکو مشتی شانە ڕەق کە دەڵێن**

**لە شایندا نەبووە دەست بردنی کوشت و گیر** (نالی، ٢١١)

* ئاماژە دەکاتە کایەی زۆران.

**شوکر «نالی» سەری خەسمت وەکو گۆ**

**بە خوارتی، نەک لە یاراتی، کەوتە بەر شەق** (نالی، ٢٥٤)

* ئاماژە دەکاتە کایەی گورزان.

**بنوارە وشکە سۆفی ڕەقسی بە هەلهەلە**

**دیان لە بەحری وشکی هەوا کەوتە پێ مەلە** (نالی، ٤٦٦)

* ئاماژە دەکاتە کایەی مەلە.

**تێبینی:** بۆ چارەسەرکردن و عیلاجی لەش و ڕوحە و بە بڕوای برێ کەس بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی دەدرا بەنەخۆش و نزیکەی ١٠٠٠ ساڵە کەڵکی لێ

وەردەگیرێت.

**داری ئیراک و داری هیند هەردوو کە عودە ئیسمیان**
**هەمـدەمی سـوننەتی ئەوەم مـەیلی ئەبولەهب دەکـا**
(نالی، ٩٨)

* بۆ پاک کـردنی ددان و جـۆرێک پزیشکی و بۆ بۆن کردنی دەم و ددان.

**لە شەرحی هەیئەتی مەتنی بەدەن کە هەر جوزئی**
**سەقیمە، عاجزە تەسحیح و رابیتی تەدبیر** (نالی، ٢١٠)

* شوێنێ لە نزیکایی مەکە کە لە دارێک بەناوی پیلۆ کە بەرهەمی سیواک بە دەس دەهات.

* چێوێک کە بۆ ئێسقانی شکەستە بەکاردەهێنرێت و شکەستەکەی پێ دەبەسنەوە.

**دەستم کە بە سەد وەعدە لە سەد جێگە شکاوە،**
**جەبری نییە ئەم کەسرە هەتا نەیخەیە ئەستۆ** (نالی، ٣٨٥)

لە شکستە بەندیدا لە تەبابەتی سوننەتی رۆژهەڵاتیدا هەر کات کەسێ دەستی دەشکێ، زەردەی هێلکە دەکەنە سەر پەڕۆیەکەوە و بە تەختەیەک دەیبەستنەوە و پاشان هەڵیدەواسن بە ملیەوە بۆ ئەوەی تەکانێ نەدات هەتاکو ئێسقانەکە جۆش دەخوات و دەگیرسێتەوە و ئێستاکەش ئەم جۆرە سوننەتە هەر باوە.

**سەرچاوەکان:**

**١- قورئانی پیرۆز.**

**٢- نالی، مەلا ئەحمەد شاوەیسی میکاییلی؛ بە هاوکاری و پێداچوونەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، فاتیح عەبدولکەریم، موحەمەد مەلا کەریم، چاپی دووەم، بلاوگەی سەلاحەدین ئەیووبی، ورمێ ١٣٦٤.**

**٣- شەمیسا، سیرووس: جۆرەکانی ئەدەبی، چاپی نۆیەم، بلاوگەی فیردەوس، تاران ١٣٨١.**

**٤- موعین، موحەمەد، فەرهەنگی فارسی، یەک بەرگی، چاپی پێنجەم، بلاوگەی سەرایش، تاران ١٣٨٢.**

**٥- میر سادقی (زولقەدر) مەیمەنەت؛ واژە نامەی هونەری شاعیری، چاپی سێیەم، بلاوگەی کتێبی مەهناز، تاران ١٣٨٥.**

**٦- فەتاحی قازی، قادر، ئەمسالولحیکەم، بلاوگەی زانکۆی تەوریز، تەوریز ١٣٧٥.**

**٧- روخزادی، عەلی؛ گوارەی کوردەواری، چاپی یەکەم، بلاوکردنەوە، نووسەر، سنە ١٣٨٢.**

**٨- هومایی جەلالەدین، فەنی بەلاغەت و سەنعەتی ئەدەبی، چاپی بیست و یەکەم، بلاوگەی هوما، تاران ١٣٨٢.**

**٩- یووسفی نژاد خەلیل، فرووغی ئەندێشەی حافز، بلاوگەی پەرتەو بەیان، سنە ١٣٨٤.**

**١٠- یاحەقی موحەمەد جەعفەر؛ کولتووری ئوستوورەکان، چاپی دووەم، بلاوگەی سرووش، تاران ١٣٧٥.**

**١١- شەمیسا، سیرووس: کولتوور، بلاوگەی فیردەوس، ١٣٧٧.**

**١٢- خەزنەدار مارف؛ مێژووی ئەدەبی کوردی، بلاوگەی ئاراس، ٢٠٠٤.**

**١٣- شەمیسا، سیرووس: بەیان، چاپی پێنجەم، بلاوگەی ئەندێشە، بلاوگەی فیردەوسی تاران ١٣٧٤.**

# عیشق لە تێڕوانینی مەحوی-دا

**هیوا شارباژێڕی**
**(سلێمانی)**

**دەستپێکی عیشق**

عیشق ڕوحیەتی ڕوحە، ڕووبارێکی خوێنینە کە تەنیا دڵ مەلەی تێدا دەکات و کەشتییەکانی هەستیش خوێن بۆ کەنارەکانی موحببەت دەگوازنەوە، جەنگێکە بەبێ سەرباز و تانک و تۆپ و بێ هەڕەشە و بێ چرپە، دەشێ کەس نەدۆڕێت و دەشێت هەمووش دۆڕاوبن، تۆ بڵێی سەرابستانێک نەبێت و لە دواجاریشدا ئاوی گوڵاوی عیشق تینوێتی سەرابیش بشکێنێت، عیشق گەرمە وەک ئامێزی دایکێکی زۆر گەرم، سەوزە لە سەوزایی بەهار سەوزتر، زەردە لە زەردی گەڵاکانی پاییز زەردتر، ساردە لە بەستەڵەکی دڵی خیانەتکارێکی نا موحببەت ساردتر..

عیشق گەردەلوول و وزە و ڕەشەبایە، بەڵام بەبێ تۆز ڕێز لە ناسکێتی و تەنکێتی دڵی عاشق دەگرێت، عیشق هەندێ جار درۆزنێکی ڕاستگۆیە و دەیەوێت لە ڕێگەی جەستەوە ڕوحەکانی خۆش بوێت و بە بێ جەستە بڕوای بە لێدانی دەرگاکانی ڕوح نەبێت.لە نیشتمانی عیشقدا عەقڵ کۆیلەیە، زمان دیکتاتۆرە، بزە و نیگا ژەهری مار و مەستی نێو مەشروب خۆرەکانی هەستە و تەنیا نێچیر و چێژی تاڵی قاوەخانەکانی مەبەستە.ئەوەی دەست و پەنجە و مەچەکی عاشق دەژمێرێت لە یەکەوە تا هەتا هەتا خوێنی عیشقە، ئەوەش کە دەیانشکێنێ هەر عیشقە، عیشق بەرلەوەی مۆم بێت ڕووناکییە، بەرلەوەی پەروانە بێت سووتانە، بەرلەوەی ببزوێ هەڵقوڵانە، بەرلەوەی ببووڕێ کوژەرە...عیشق زنجیرێکی چەندان سەرە، سەرێک خوێنین، سەرێک برژاو، سەرێک سووربا و، سەرێک ژاکاو، سەرێک داماو.

ئاه و ئەسەف و هەناسەشە، ئاسک و مار و پەیژەشە، ئاووهەوا و دووکەڵیشە، کووچە و کۆڵان و لانەشە، شەوگیران و ڕۆژگیرانیشە، مامانی لەدایکبوونی هەمیشە ژانیشە!.

**بەشی یەکەم (چارەنووسی عەقڵ + تەنیایی + ناتەنیایی)**

*** چارەنووسی عەقڵ:**

**لە هەر جێیەکی هەڵێ خورشیدی عیشقی گوڵ ڕوخان**
**ئەگەر عەقڵی ببێ، لەو جێگە ئاونگی عەقڵ چ بکا!**

لێرەدا مەحوی عشوەتی عاشقبوونی مەعشووقی بە خۆر شوبهاندووە و عەقڵیشی بە ئاورنگی شەو شوبهاندووە کە لەسەر گوڵ و گیاوە وجوودی هەیە، پاشان نامێنێت. (لێرەدا گەرمی و شیددەتی بینینی یار، یان ڕێژەی زۆری ئەو جوانییەی کە عاشق دەیبینێت هێندە کاریگەرە و دەوری خۆی دەبینێت، ئیدی عەقڵ لە هۆش خۆی دەچێت و تەحەکوم و تەحەفوزاتی نامێنێ، هەر بۆیە لە بینینی مەعشووقدا هەست و نەستەکان و بینینەکان



مەحوی

ئاسایی نین و جیاوازترن ئەوەی کە هەردوولا لە عاشق و مەعشووق دەیبینن ڕوحی هەریەکەیانە نەک خودی جەستە و ماددیاتی ڕووکەشی، هەرچەندە وێناکردنی ئەم ڕوحە ئیستێتیکایە لە دەربڕینەکانی جەستە و نیگاکان و ئەگریجەکاندایە. کەواتە ئەگەر هەر وردە عەقڵبوونێک لە پێش بینینی یاردا هەبێت، ئەوە بەو بینینە دەبێتە هەڵم و نامێنێت، لەبەر ئەوەی کاریگەری بینینەکە وەک کاریگەری خۆر وایە لەسەر دەوروبەرەکەی، کە بەرگەگرتنی زۆر سەیرکردنی زەحمەتە، هەر بۆیە هەرگیز عاشق و مەعشووق وێنەی ڕاستەقینەی یەکتر نابینن، هەروەک وتراوە (چاوی عاشق کوێرە)، بە نهێنی مەحوی ئەوەمان پێدەڵێ؛کە دوای تەواوبوونی بینینەکان و لە یەکتر جودابوونەوە عەقڵ لە هەڵمبوون ڕزگاری دەبێت، پاشان وەک خۆی دەگەڕێتەوە، چونکە کە دواتر عەقڵ نەگەڕێتەوە، ئەوە هەست بە بەهەڵمبوونی نەدەکرا..کەواتە یەکێ لە مەرجەکانی عاشقبوون لای مەحوی گەیشتنە بە پلەی بە هەڵمبوونی ئاونگی عەقڵ، کەواتە دەرهاویشتەی بە عەقڵ بوون و نائامادەیی عەقڵ بۆ کاریگەری زۆربەهێزی سلووک و ڕەفتاری نهێنییانەی مەعشووق دەگەڕێتەوە کە کاریگەرییەکەی وەک خۆر وایە لەسەر ئاونگی سەر گژ و گیاکان، کە لێرەدا مەحوی لە فۆرمێکی فەلسەفیدا ئەم وێناکردنە عیشق ئامێزانەیەی کردووە.

**تەنیایی:**

**ڕەم دەکا حەتتا لە میهر و مەه جونون ئادابی عیشق**
**سێبەری لێبارە هەرکەس مەیلی تەنهایی بکە**

واتا هەرکەسێ بەهۆی عیشقەوە ڕەوشتی کەسێکی شێتی گرتبێ، ئەوە تەنانەت لە مانگ و خۆریش ڕادەکات، عاشق حەزی لە تەنیاییە، ئەوەی کە حەزی لە تەنیاییش کرد، ئەوە سێبەری خۆشی لێدەبێت بە بار و هەندێ جاریش لەم سێبەرە ڕادەکات، بەڵام ئەو تەنیاییە (دووانەییەک) بەرهەم دێنێت و تەنیا لە چاوی خەڵکدا تەنیا دیارە، ئەگینا عاشق و مەعشووق بە حیسابی چاو تەنیا تەنیان، وەلێ کە لە خەڵک ڕادەکەن بۆ ئەوەیە تەنیا نەبن و هەمیشە لە خەیاڵی یارەکەیدا بێت، چونکە لە تێڕوانینی عاشقدا ئەگەر بوون و ئامادەیی هەرکەسێک لە خەو و خەیاڵی مەعشووقەکەی کرد، ئەوە بە پرۆسەی تەنیایی دەزانێت، هەر بۆیە لێی ڕادەکات، هەندێ جاریش کە لە سێبەری خۆی ڕادەکات هی ئەوەیە کە بە بینینی سێبەرەکەی زنجیرەی ئەفکاری ڕۆچوو لە خۆشەویستی مەعشووقەکەی دەپچڕێنێت، پێوەرێکی زۆر ئاشکراو ڕوون بۆ ئەوەی کاتێ کە عاشق حەز لە تەنیایی دەکات، مانای ئەوەیە کە تەنیا نییە، ئەوەیە کە زۆربەی کات بەجووڵەی دەست و زمان و لێوەکانی قسە لەگەڵ یارەکەیدا دەکات، لێرەدا مەحوی خۆر و مانگی بە وێنەی هاوڕێ هێناوە، واتە ئەگەر تەنانەت ئەو هاوڕێیانەی کە عاشق لێیان ڕادەکات وەکو مانگ و خۆریش وابن، هێشتا ئەو تاموچێژەی خەیاڵاتی نێو فیکری عاشق پڕناکاتەوە، هەروەک ئەدەبدۆستێکی بەناوبانگ دەڵێ؛ مرۆڤ خەیاڵی لە هەر جێگەیەک بێت خۆشی هەر لەو شوێنە ئامادەیە؛.

**ناتەنیایی:**

**لەکن من ئەصڵی نییە و نەبووە عەیشی تەنها خۆش**
**نییە بەهەشتی خودا بەبێ ئەحیبیا خۆش**

لێرەدا مەحوی بەرزترین نموونەی باڵا دێنێتەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە مرۆڤ بەبێ بوونی دۆست و مەعشووقێک بۆی، مەحاڵە ژیانی پێ بەڕێ بکرێت، بەڵگەکەشی ئەوەیە کە مرۆڤ لە بەهەشتێکدا کە لە هیچ شتێکی کەم نییە و هەموو شتەکان و پێداویستیەکانی بۆ فەراهەم کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەبێ بوونی دۆست و هاوتایەک (حۆری، یان هاوسەرەکەی دنیای) ناتوانێت

بژیت، دەی ئەگەر لە بەهەشتێکدا کە هەموو پێویستییەکانی مرۆڤ هەبێت دۆستایەتی و دووانەش یەکێک بێت لە شتە زۆر پێویستەکانی دی و بە بێ بوونی ئەمە بەهەشتیش خۆش نەبێت، ئیدی بۆ دەبێت لە دنیایەکدا کە زۆربەی کات پێداویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤیش بوونیان نییە بۆ پێویستیمان بە بێ ئەحیبیا و دۆستێکی دی نەبێت؟! بەڵێ دەبێت هەروەکو چۆن دۆستەکەی بەهەشت شایانی دۆستایەتی بەهەشتیتە، بەهەمان شێوەش دەبێت دۆستەکەی دنیاش لەگەڵ گەرما و سەرما و وەرزە جیاوازەکانی دنیاشدا هەڵ بکات و بۆ سیفەت و سروشتەکەی بگونجێت، لێرەدا مەحوی بوونی دۆستایەتییەک لە نێوان هەردوو کەسی ڕەگەز جیاوازدا بە پێویست دەزانێت، بەڵام لە هەمان کاتدا لە لێکچواندنەکەیدا ئەوەمان پێدەڵێ کە دەبێت شایانی دۆستایەتی و هەڵگر و لە ئامێزگری سروشت و فەزای هەمەچەشنی ئەو دنیا تایبەتەی عیشق و دۆستایەتییەکە بێت، کەواتە مەحوی لەگەڵ تەنیادا هەڵناکات و پێشتریش لە ژیانیدا هەڵێنەکردووە و نایەوێت تەنانەت لە بەهەشتیشدا تەنیا بێت.

### بەشی دووەم: بەهێزبوونی مەعریفە

*** بەهێزبوونی مەعریفە:**

**دڵ لە ئیدراکی حەقیقەت بێ بەشە بێ داغی عیشق (مەحویا) دانا دەبێ بەم چاوە بینایی بکا**

دڵ هەتا داغ و ئاه و ئەسەفی عیشق نەبینێت و نەچێژێت، ئەوە ئیدراکی حەقیقەتی ڕوحی مەعشووقی بۆ دەرناکەوێت، کەواتە دڵ دەبێت داغی عیشق بچێژێ نەک باخی عیشق بۆ گەیشتن بە حەقیقەت و چێژێک کە بەرهەمی ئەو حەقیقەتەیە، بەڵام بەداخەوە زۆربەی ئەوانەی کە لە وڵاتی ئێمە سەرکەوتوو نین لە مەلەوانی دەریای هەمیشە قووڵی عیشقدا یەکێ لە فاکتەرەکانی ئەوەیە کە پێش ئەوەی داغی عیشق بچێژن هەمیشە لە چاوەڕوانی باخی عیشقدان کە هەندێ جاریش نازانن کامە باخی عیشقە؟!، ئیدراکی حەقیقەتی عیشقیش بە چاو نابینرێت، بەڵکو ئەوەی دەیبینێت چاوی دڵە و ئەوەی دەیچێژێت هەر دڵە، چونکە چێژ وەزیفەی دڵە و چاو وەزیفەی بینینێکی هەیە بەبێ چێژ، بۆیە مەحوی دەڵێ ئەوەی کە بەچاو بیبینێ نەک بەدڵ ئەوە ئەو کەسە

دانایە نەک عاشق، چونکە لە ڕێگەی عەقڵی پشت چاوەوە بینراوە نەک لەلایەن خوێنی دڵەوە، عەقڵیش سیفەتی ئامادەیی و بوونی دانایەکە.بە گوزارشتێکی جیاوازتر، بەڵام نزیکتر لە یەکەم جار ئەوەیە کە (ئەگەر عاشق بەهۆی چاوی دڵەوە ئیدراکی نهێنییەکانی عیشقی کرد، ئەوە (دانایە لە عیشقدا بە مانا عارفییەکەی) و دەشبێت بەم جۆرە دانایە، بەڵام کاتێ بەهۆی چاوی سەرەوە ئیدراک دەکات، ئەوە ئەگەر داناش بێت (دانایە بە مانا ئاساییەکەی دەرەوەی عیشق).

**لەبەر دەرگاهی عیشقا یەکسەرە هەرکەس سەری دانا ئەگەر پەتیارەیەک بوو، بوو لە سەد عەللامە داناتر**

کۆشک و کەژاوەی عیشق دەرگای هەیە، هەرکەس لەبەردەمی ئەم دەرگایە سەری دانەواند و چووە ژوورەوە، ئەوە ئەگەر ئەم کەسە پەتیارەیەکیش بێت لە دواجاردا لە دانا و زانا عەللامەتری لێدەردەچێت، لەبەرئەوەی دنیای عیشق دنیایەکی تێکەڵەیە لە دڕک و داڵ و خەندە و پێکەنین و ئازار و ژان و فرمێسک و خەیاڵێکی چەندان سەرە و قوربانیدان و لێبوردەیی و ناوناتۆرە و بازدان و کەوتن و ....تاد. هەر مرۆڤێکیش لە نێو ئەم ڕەهەندانەی ژیانی عیشقەدا ژیا، بێ گومان لەبەرئەوەی ئەزموونی کردووە، دەبێتە پسپۆڕ تێیدا و لە دانا داناتری لێدەردەچێت، هەروەک زانایەک دەڵێ؛ مرۆڤی ئەزموونکار دوو جار دانایە جارێک فێربوونی زانیارییەکانی، جارێک بەکردەوە نواندنی ئەو زانیارییانە، کاتێ مەحوی باس لەوە دەکات کە دەبێتە داناتر لە دانا، مەبەستی ئەوەیە کە مرۆڤی دانا تەنیا بەهۆی فێربوونێکی تیورییەوە دەبێتە دانا، بەڵام کە ئەزموونی لەگەڵدابوو، ئەوە لە دانا داناترە، ئەمە جگە لەوەی کە لە نێوەندی عیشقدا جیهانێکی تری نادیار و غەیب و مەعنەوی هەیە کە مرۆڤی عاشق و مەعشووق پێی ئاشنا دەبن و چەندان جار لە ڕێگەی خەیاڵەوە لەگەڵ یەکتردا دەدوێن، کە دەشێت بەهۆی ئەمەشەوە بگەیتە پلەیەکی بەرزتر لە دانایی، لەبەرئەوەی تەنیا لە ڕێگەی هەستی دڵەوە هەریەکە لە عاشق و مەعشووقەکان هەست بە حاڵەتی ژیانی یەکتر دەکەن و بە هۆیەوە خەیاڵی پڕ یەقینی ئەوەی لەلای گەڵاڵە دەبێت کە یارەکەی تووشی شتێکی نائاسایی هاتووە کە لە دواجاریشدا زۆربەی کاتەکان ڕاست دەردەچێت، کەواتە ئەم پلەیەک باڵاتر لە دانایی بەرهەم دێنێت.

### بەشی سێیەم: قوربانیدان

**قوربانیدان:**

**تا نەبووری تۆ لەسەر پێ ناخەیە مەیدانی عیشق**
**سەر لەپێشی پێ دەبێ، لەم ڕێیە دانێی (اولا)**

هەرکەسێ بیەوێت بچێتە مەیدانی عیشق و موحیبەتەوە دەبێت پێش ئەوەی بیر لەهەنگاونان بکاتەوە، دەستبەرداری گیانی خۆی ببێت و قوربانیدانەکەی لە جیهادی جەستەیەوە دەست پێ بکات، لەبەر ئەوەی ڕێکردن لەم مەیدانەدا بە (سەر)ە نەک بەپێ، ئەگەر بە پێ بێت، ئەوە جیاوازی نێوان عاشق و خەڵکی ئاسایی نابێت، ئەمە لە کاتێکدا عاشق جیاوازە لە مرۆڤی ئاسایی، لەبەرئەوەی تێڕوانین و بینین و هەستکردنەکانی جیاوازترن، سەرەڕای پێکەنین و سەنگ و فۆرمی فرمێسکەکانی!، لێرەدا سەر و ڕوح گرنگترە لە پێ لەبەرئەوەی:

* هەرکاتێ ئیعازەکان لەلایەن سەروپێوە نەبوون، ئەوە هەنگاوەکان خوار و ئاراستەکان پێچەوانەن.

* مرۆڤ لە ڕێگەی پێوە دەشێت شێتانە هەنگاو بنێت و شوێن پێیەکانی پێش خۆی بکەوێت کە نازانێت هی کێیە.

* زۆربەی کات لە ڕێگەی خەیاڵی ناو سەرەوە، ڕاز و نیاز لە نێوان عاشق و مەعشووقدا دەکرێت و پێ لێرەدا هیچ ڕۆڵێک نابینێت.

* هەمیشە کاتێ پرۆسەی خۆشەویستی بە عیشق دەدرێتە قەڵەم کە ڕاز و نیاز و خۆ یەکلاکردنەوەکان لە پێناوی ڕوحی یەکتردا بێت، کەواتە لێرەدا گرنگایەتی بۆ سەر و ڕوحە نەک بۆ پێ کە فاکتەر و گرنگە، تەنیا ئەوەندە بەس نییە کە قوربانی بە گیان بدرێت، بەڵکو دەبێت منەتیشی تێدا بەکارنەهێنرێت و عاشق لەو قوربانیدانە ببوورێت، یان بۆ نموونە کاتێ مێژوو بۆمان تۆماردەکات کە عاشقێک لە پێناوی مەعشووقەکەیدا سەری داناوە و شەهیدی ئەو ڕێگایە بووە، زۆر گرنگتر ئاراستە وەردەگرێت وەک لەوەی بڵێین هەمیشە عاشقێک هەیە کە بەردەوام بە خەیاڵ و ڕوح لەلای مەعشووقەکەیەتی و بە پێش بەرەو ڕووی دەڕوات و لەلایەتی.

**هەر دڵێ پێوەنەبێ داغ و خەتی جێ دەمی تیغ**
**دەعویی عیشقی بێ، دەعوییە بێ مۆر و سەنەد**

لێرەدا مەحوی لێکچوونێک لەنێوان ئەو کەسەی بانگەشەی عیشق دەکات لەگەڵ ئەو کەسەش کە دەیەوێت داوا و دەعوایەک بەرزبکاتەوە بۆ ئەوەی لە شوێنێک کە خۆی مەبەستییەتی دابمەزرێت و دەڵێ ئەو داوای دامەزراندنە هەتاکو مۆر و ئیمزای لەسەر نەبێت، جێگەی متمانە و دڵنیایی و بەڵگەی دامەزراندن نابێت، واتا ئەو دڵی کەسەش کە بانگەشەی عیشق و عاشقبوون دەکات جێگەی داغ و ئاه و تیری خۆشەویستی لەسەر هەڵکەندرابێت، تاکو لەنێوان خەڵکی ئاساییدا بناسرێتەوە و ببێتە سمبولێک بۆ ژیانی خۆشنوودی و قوربانیدانی نێو فەزای عیشق، لێرەدا مەحوی دڵی کردۆتە پێوەر بۆ ئەوەی جێکەوتەی زام و ئاهی لەسەربێت نەک جەستە و شوێنەکانی دی سەر جەستە، لەبەرئەوەی دڵ هەروەک چۆن سەرچاوەی خۆشەویستی و سۆز و میهرە بۆ مەعشووقەکەی بەهەمان شێوەش سەرچاوەی ئازار چەشتن و مژینی ساتەکانی بەخوێنبوونە، تەنانەت بینینەکانی عاشق و مەعشووق بۆ یەکتر لە دڵەکانیانەوەیە نەک لە چاوەکانیانەوە، بەڵکو کاری چاو و پرۆسەی بە فرمێسک ڕشتنی لە دوای ئەو کڵپە و جووڵەیەوەیە کە هەژموونێکی قورس دەکاتە سەر دڵ و لە ڕێگەی خوێنەوە فرمێسکەکانی (چاوی دڵ) دەنێرێت بۆ (چاو)، کەواتە فرمێسکی چاوی دەرەوەی عاشق هی چاوی دڵیەتی نەک چاوی سەر، کەواتە کاتێ دڵی کەسێ ئەم وەزیفەی بەمۆر و ئیمزای ژانە نابینێت و لەسەری جێکەوتەیەک دروست ناکات ئەوە ئەو کەسەی خاوەنی ئەم جۆرە دڵەیە مافی ئەوەی نییە بانگەشەی ئەوە بکات کە عاشقە، لەبەرئەوەی پەڕەی سەردڵی ئەم نە مۆری پێوەیە و نە ئیمزایەک بە پێنووسی سوور.ئەوەی شایانی سەرنجە ئەوەیە کە پلەیەکی باڵا بە مەعشووق دراوە، هەرچەندە بەخشینی ئەم پلەیە بەدرێژایی لێکۆڵینەوەکە ئامادەیی هەیە، واتە لێرەدا هەروەک چۆن لە شوبهاندنەکەدا باسی مۆر و ئیمزا دەکات، بێ گومان کە هەمیشە جێگە و کەسێکی باڵا و پلەبەرزی کارگێڕیی دەیکات وەکو بەڕێوبەر و... بەهەمان شێوەش مۆر و ئیمزا خوێناوییەکەی سەر دڵی عاشقیش دەبێت بەهۆی (سلوک و هەڵوێست و گوتە و دەست و مەچەکی نادیار و مەعنەویی مەعشووق)وە کرابێت.

**لە پێ حەرامە زڕەی سیلسیلە موقەددەسی عیشق**
**ببێ بە شێر و مەگەر هەڵگری لە دنیا دەست**

هەموو کەسێک شایانی ئەوە نییە کە خەڵاتێکی وا

پیرۆز بکرێت بەوەی زنجیری عیشقی بکرێتە پێ، چونکە بۆ ئەوەی ئەم زنجیری عیشقە بکرێتە پێت و زرەی بێت، پێویستە وەک شێر بیت و ئەوەندە ئازابیت کە دەست لە دنیا هەڵگریت. لێرەدا چەند ئاماژەیەک هەن وەکو (سیلسیلە، شێر، هەڵگری دەست لە دنیا) لە یەکەمیاندا سیلسیلە کە بە مانای زنجیر دێت گوزارشتە لەوەی کە ئەو تەوقکردن و خۆ یەکلاییکردنەوەیە لە عیشقدا نەک نادروست و نائاسایی بێت، بەڵکو جگە لەوەی کە پیرۆزە خەڵاتێکی مرۆڤی عاشقی ڕاستەقینەیە، جگە لەوەی دەشێت بەو مانایە هاتبێت کە لە عیشقدا هێندە قوربانی و سلوکی ئازایانە و بوێرانە ئەنجام دەدرێن کە بەهۆیەوە سەرەنجام عاشق تووشی گرتن و سنوور بۆ دانان دەبێت لەلایەن دەوروبەرەکەیەوە کە ئەم زنجیر لە پێ بوونەش دەکاتە پێوەر بۆ ئەو لەخۆبوردن و هەڵوێستانە و بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بوێرانەیەکی بە هەڵوێست ئەنجام دراوە،

وشەی شێر کە ڕەمز و سونبولی ئازایەتی و بوێرییە بەو مانایە گەڵاڵەکراوە کە:

* تاکو وەک شێر ئازا نەبیت ناتوانیت خەڵاتی زنجیر لەپێ کردنی عیشق وەرگریت، چونکە خەڵات شایستەی مرۆڤە ئازا و بوێرەکانی ژیانە.

* یان بەو مانایەی کە مرۆڤی عاشق زنجیر دەکرێت، ئەم زنجیرکردنە بەکەم سەیر نەکرێت و لە پرۆسەی بەردەوامی عاشقبوون ساردی نەکاتەوە، چونکە شێر هەرچەندە زنجیریش بکرێت و بەند بکرێت هەر شێرە و لەشێربوونی زیادکردووە نەک کەم.

هەروەها دەستهەڵگرتن لە دنیاش بەو مانایەیە کە سروشتی ژیانی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لەبوارێکدا خەڵات وەرگرن و بەدەستی بهێنن لەخۆ یەکلا کردنەوەدان بۆی کە وەک ئەوە وایە لەدیدگای خەڵکەوە دەستی لە دنیا هەڵگرتبێت، جا لێرەدا مەحوی لەبەرئەوەی زنجیربوونی بە خەڵاتێکی پیرۆزی عیشق داناوە، دەبێت کەسی عاشق بۆ دەستکەوتنی ئەم خەڵاتە دەست لە دنیا هەڵگرێت، بێ گومان ئەم دەستهەڵگرتنەش لە دنیا جیاواز لە ماناکانی تری دەست لەدنیا هەڵگرتن و گۆشەگیربوون، چونکە لێرەدا لە پێناو بەخشینی مانایەکی نوێ و بە ئەکتەربوون و ڕەسەنبوونە لە دنیای عیشقدا بە هەموو ئەو ڕەهەندە جوانەیەوە کە هەیەتی.

**بەشی چوارەم**

**(سووتان و چێژ + عیشق و غەم + کوشتن، یان کوژەر):**

**سوتان و چێژ:**

**ئەی مەحەببەت ئاگرێکی هێندە خۆش و دڵنشین**

**ئەو کەسەی سووتووتە، هەر ئەو هەوڵ ئەدات بۆ سوو بە سووت**

واتە ئەی خۆشەویستی تۆ ئاگرێکی ئەوەندە خۆش و لەدڵدا جێگرتووی هەرکەس جارێک پێت سووتا، ئەوە خوا خوایەتی جارێکی دیش پێت بسووتێ، کەواتە عاشق دەبێت کاتێ دڵ و هەستی داغ دەکرێت، هێندە چێژ و ژانی لێ ببینێ کە تامەزرۆی چەشتنی ژان و ئازارێکی تر بکات، لێرەدا عیشق و مەحەببەت بە ئاگر هاتووە نەک بە ڕووناکی، لەبەرئەوەی لە ئاگردا:

* گوزارشت لە سووتان هەیە کە هەمیشە ڕەمز و سونبولە بۆ عاشقبوون.

* هەندێ جار و لە کاتی تەزینی ڕوحا عاشق ڕوحی خۆی بەو ئاگرە گەرم دەکاتەوە.

* لەهەمان کاتیشدا ڕووناکی دەبەخشێت.

* لە ئاگردا بە پێچەوانەی ڕووناکی یەک ڕیتم و ئاستێکی وەستاوی ئاسایی نییە، بەڵکو لە جووڵە و کڵپەدایە، ئەمەش گوزارشتێکی ترە بۆ کاریگەری خۆشەویستی لەسەر هەست و ڕوح و دەروونی عاشق کە هەمیشە دەیخاتە جووڵە و بارودۆخێکی نائاساییەوە.

* مرۆڤ کە بەهۆی ئاگرەوە دەسووتێ ئیدی دەبێتە ئامرازێک بۆ ناسینەوەی هەتا کاریگەری ئەو سووتانە لەسەری دیاربێت و بمێنێت. لە سووتانە عاشقانەکەی مەحویدا سووتانی ڕوح و دیوی ناوەوەیە کە دەشێت هێندە کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوت و جووڵەی عاشق بەجێ بهێڵێت کە لەسووتانە جەستەییەکەی دی زیاتر هەستی پێ بکرێت لەلایەن دەوروبەریانەوە.

* هەرکاتێ مرۆڤ ئاگر و جێکەوتەی ئاگر دەبینێت، دەبێتە جێگەی سەرسوڕمانی و پرسیار لەبارەوەکردنی و لێکۆڵینەوەی.

هەروەها مەحوی لە نیوە بەیتی دووەمدا برگەی (هەر ئەو...)ی بەکارهێناوە، واتە ئەو کەسەی کە دەیچێژێت تامەزرۆی دووبارە چەشتنەوەی دەکاتەوە، نەک کەسێکی دی کە نازانێت تامی ئەو سووتان و ژانە چەندە سوکنایە بۆ ڕوحیەتی، هەربۆیە ئەوانەی کە پێی نەگەیشتوون، نایانەوێت تووشی ئەم سووتانە بن و خۆیانی لێ بەدوور دەگرن کاتێ حاڵی عاشق لە ڕووکاری دەرەوەیدا دەبینن!.

**عیشق و غەم:**

**غەمی خۆشی نییە مەحوی لە دڵیا، هەر غەمی تۆیە**
**لە عیشقدا دەکەم غەم بۆ غەم، بڕوانە چۆنم بۆت**

لە عیشقدا ئەوەی غەمی لێ دەخورێت و بۆی دەخورێت مەعشووقی بەرانبەرتە نەک خودی خۆت، چونکە خود لەیاد دەکرێت هەمووی ئامادەیە بۆ قوربانی و لێبوردەیی، لێرەدا مەحوی بە هەست و ڕوئیایەکی عاشقانەوە غەم دەخوات، بەڵام ئەوەی کە غەمیشی بۆ دەخوات هەر غەمە و سەرچاوەی غەمە، بەو مانایەی کە مەعشووق بە ئاسانی نایەتە سەرباری عاشق هەمیشە دەبێتە ئازار و ژان بۆی و غەم بەرهەم دێت. لەدوای ئەمە مەحوی بە یارەکەی دەڵێ؛ بڕوانە چۆنم بۆت؛ ئەمەش مانا و بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەرئەوەی کە لەگەڵ ئەو هەموو سووتان و دەست لە دنیا بەردانەی عاشق بۆ یارەکەی، بەڵام هێشتا ئەو هەر لەسەر ئاوازی نەخێری خۆیەتی و تەسلیمی خواستەکانی نابێت، هەربۆیە نەهاتنە سەرباری مەعشووق لە پلەیەکدایە کە عاشق بەو هەموو خۆشەویستی و قوربانییەی کە هەیەتی بۆی، بەڵام دەگاتە ئەوەی داوای وەفا لە تاقە خۆشەویستییەکەی دنیا بکات. هەر لەسەر مەسەلەی هەمیشە غەمخواردن و ئەسەفەکان ئەم بەیتەی تری مەحوی بەدوایدا دەهێنین و قسەی لەسەر دەکەین ئەویش:کوشتن، یان کوژەر:

**دڵ چووە وادی مەحیبەت هەرچی دی هەر کوشتە، یا**
**نیوە کوژراوە ، لەسەر لێو ئاه و ناڵەی وا ئەسەف**

وشەی واد ئاماژەیەکی جوان و ڕوونە بۆ ئەوەی کە عیشقیش نیشتمانی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام ئەم نیشتمانە جیاوازتر لە نیشتمانی سروشتی تر کە سەرکردەی ئەم نیشتمانە دڵە و ئاڵاو سەرباز و دروشمەکانیشی بریتین لە نیگا و هەڵوێست و بزەگۆڕینەوە، کاتێ کە دڵیش دەچێتە ئەو وادە کە نیشتمانی عیشقە بێ گومان دەچێت بۆ لای سەرکردەی ئەو نیشتمانە کە دڵە، بەڵام سیفەتی سەرەکی و هەمیشەیی سەرکردەی ئەم نیشتمانە (دڵ) هەر ئاخ و ئەسەفیەتی کە بە لێو و لە ڕێگەی لێوەوە دەری دەبڕێت. جا لەم نیشتمانەدا، یان هەموو لە عاشق و مەعشووقەکان مردوون، یان ئەسەف و ئاخ و خۆزگە بۆ مردن دەخوازن، لەبەرئەوەی ئازار و ژانەکە هێندە زۆر و چڕە کە هەموویان خۆزگە بۆ مردن دەخوازن نەک لە نێو ئەو ژانە چڕەدا بژین. کەواتە دەتوانین بڵێین کە مەحوی پێمان دەڵێ؛ ژان و ئازار سیفەتی سەرەکی نیشتمانی عیشقە و هەمیشە ئەم نیشتمانەش دەیەوێت سەربەخۆ بێت، ئەویش بەوەی کە مەعشووق بەڵێ بۆ عاشق بکات و لە ژیانی هاوسەرایەتیدا بەیەک بگەن، خۆ ئەگەر بێ ئومێدیش دروست بوو، ئەوە مردن باشترە لە ژیانێکی بەو جۆرە ئازاراوییە، چونکە لە ژیانێکی سەرەمەرگی و بەزەلیلی کوشتن دەچێ، هەربۆیە تامەزرۆی زوو مردن و کوشتنن.

**کە کوژرا، شاهی عالی جاهی عیشقە**
**هەتا صەیدت نەک ناگەیتە فیتراک**

ئەوەی لە مەیدانی عیشقدا بکوژرێ دەبێت بە پاشای پایە بڵندی ئەو مەیدانە و ئەگەر بەدەستی مەعشووقەکەی نەکوژرێ، ئەوە نابێت بەوە و ئەو مەقام و پایەیەی دەست ناکەوێت، لێرەدا مەحوی نموونەیەکمان بۆ بەیان دەکات و لە شێوەیەکی فەلسەفیدا وێنای دەکات بەوەی هەتاکو نێچیر ڕاو نەکرێت بە پشتی وڵاخدا هەڵناواسرێت و ئەو پایە بڵندەی دەست ناکەوێت، لێرەدا عاشق بریتییە لەو نێچیرەی کە بەیانی کردووە بە دەستی مەعشووقەکەیەوە، کەواتە هەروەک چۆن لە جیهانی ڕاوکردنی نێو ژیانی ئاسایی خەڵک، ڕاوکەر هەمیشە دەیەوێت ئەو نێچیرەی ڕاوی دەکات گیانداریێ، یان باڵدارێکی بەنرخ بێت و لەلایەکی دییەوە کاتێ بە پشتی وڵاخەکەیدا هەڵیدەواسێت و خەڵک دەیبینن ببێتە جێگە سەرنجی خەڵک و دەستخۆشی لێ بکەن و کاتێ دەگەڕێتەوە ماڵیش بە شانازییەوە باسی جۆری ئەو نێچیرە بکات کە ڕاوی کردووە، کەواتە دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێ ئەی کەسی عاشق کاتێ تۆ بەدەستی مەعشووقەکەت دەکوژرێیت و هاوشێوەی ئەم کوشتنەش چەندان جار دووبارە دەبێتەوە بە شانازیشی بزانە لەبەرئەوەی (مەعشووق= ڕاوچی) ویستوویەتی شتێکی بەنرخ ڕاوبکات تاکو ببێتە جێگای شانازی ئەو لای خەڵکی، ئەمە لە کاتێکدا هەمیشە مەعشووق حەزی شانازیکردن تێیدا زاڵە و دەیەوێت لەناو ناواندا باسی بەرهەم و دەستکەوتەکانی ئەم بکرێت، لێرەدا مەعشووق کاتێ عاشق دەکوژێت ئەو ماڵەی کە بۆی دەباتەوە بریتییە لە ماڵی (دڵ)ی خۆی، ئەگەر بە کوژراویش نەبێت، نابێتە دەستەمۆی حەقیقی تێرناخی ئەو و تینوێتی شانازیکردن و مەکربازی ناشکێت.

* فیتراکیش بەو نێچیرە دەوترێت کە دوای ڕاوکردنی

به پشتی ولاخەوە هەڵدەواسرێت.

**بە خەنجەر دڵمی لەت لەت کرد کە بێ ئۆفە**
**وتی؛ خۆ وا خراپ و دڵ وەها چاک**

واتە کاتێ مەعشووق دڵی عاشقی لەت لەت کردووە، بەڵام عاشق هیچ ئاخ و ئۆف ناکات لەم کاتەدا مەعشووق سەری سوڕدەمێنێت، تەنانەت سەرەڕای ئەمەش گلەیی لە عاشق دەکات و پێی دەڵێ ؛ خووی چەندە خراپە خۆ هیچ ئاخ و ئۆفێک ناکات، کەواتە دڵی هەروەک جاران چاکە و دیارە بریندariش نەکراوە، کەواتە عاشق لێرەدا نیگەرانە بەوەی کە گوێی لە بەرهەمی ئازاردانەکەی نییە کە بە عاشقەکەی گەیاندووە و هەست بە خۆشی و چێژی فێڵ و پیلانەکانی ناکات، لێرەدا دەتوانین بڵێین کە:

* بەکارهێنانی وشەی خەنجەر جارێکی دی جەخت کردنەوەیە لەسەر نیوە بەیتەکەی سەرەوە کە مەعشووق دەیەوێت بە کوژراویی عاشق ببینێ، چونکە خەنجەر بەکارهاتووە نەک تیر، ئەمە لە کاتێکدا خەنجەر لە زەمەنی مەحویدا، تەنانەت هەندێ جار لە ئێستاشدا ڕەمزێک بووە بۆ کوشتن بە پێچەوانەی تیرەوە کە ڕەمزی ئازاردان و خوێن بینینیەتی لە جەستەی و ناڵە ناڵکردنی ئەو کەسەی پێکراوە.

* هەروەها (لەت لەت کردن) مانایەکی زۆر دیار و ئاشکرا دەدات بە دەستەوە، لە ئامانج و مەبەستی دیاری مەعشووق کە (کوشتنە).

* سەرەڕای ئەوەی کە مەعشووق کوشتنی عاشقی مەبەستە، بەڵام دەیەوێت بە زەلیلی بیکوژێت تاکو گوێی لە ئاخ و ناڵەکان بێت کە دیسان وشەی (لەت لەت کردنەکە) ئاماژەیە بۆ ئەو بەزەلیلی کوشتنە.

**بەشی پێنجەم: (شەهیدبوون و زیندوێتی دڵ + جوانبوون + بەردەوامبوون):**

**شەهیدبوون و زیندوێتی دڵ**

**دڵ زیندووە بە عیشق و بژی تۆ لە مەرگ ئەمین**
**بەم دەردە بمرە، تابییە (حی لا یموت)**

هەر دڵێک عیشق و مەدلوول و ڕایەڵەکانی عیشقی تێدا بێت، ئەو دڵە زیندووە و هەرگیز نامرێت و ئەوەش کە بەدەردی عیشقیش بمرێت بەمردوو دانانرێت، چونکە تۆ لە مەرگدا دەمینیت لەسەر ئەو بنەمایەی کە عاشق مردن و قوربانیدانی جەستە و نەفسی بەلاوە هیچ نییە ببەخشێ لە پێناوی مەعشووقدا، جا ئیتر مردنی ئەم مردنی ئاسایی نییە و ئەمینە لە مردن، دڵێک زیندوو بێت بە عیشق و عیشقی تێدا بێت هەمیشە زیندووە و بەمردن و لە جووڵە کەوتنی جەستە لە لێدانی عاشقانەی خۆی ناکەوێت، کەواتە دەبێت مردنی جەستەکە بەو دەردی عیشقەوە بێت ئەوسا دەبێت بە (حيّ)، دەشێت ئاماژەیەکی دی مەحوی ئەوە بێت ئەوانەی بەهۆی عیشقەوە گیانی خۆیان دەبەخشن بۆیە زیندوون، چونکە هەمیشە لەسەر زاری خەڵکن و مێژوو بۆ نەوەکانی داهاتووی تۆمار دەکات، لەبەرئەوە بە مردوو دانانرێت و هەمیشە لە ناو ناواندایە کەسێکیش لەناو ناواندابوو وەک ئەوە وایە زیندووبێت، نموونەی لەیلا و مەجنون و شیرین و فەرهاد و...... تاد.

**جوانبوون:**

**ئیعجازی عیشقە مەنشەئی هەر موعجیزێکی حوسن**
**(مەحمود)ە بەندە، بۆیە بووە پادشا (ئەیاز)**

عیشق یەکێ لە دەرهاویشتە جوانەکانی ئەوەیە کە موعجیزە دەخوڵقێنێت، بە شێوەیەک دوو کەس کاتێ بە پێوەری عەقڵ بەراوردیان دەکەین هاوتا و هاوکەفائەت نین، بەڵام عیشق و خۆشەویستی بەهێزی نێوانیان هێندە کاریگەری خۆی دەنوێنێت کە لە چاو و چاوی دڵی یەکدیدا هەموو شتەکان بە ئیجابی بۆ یەکتر تەفسیر دەکەن و وادەزانن کە تەنیا ئەمان بۆ یەکتر گونجاون و بەبێ یەکتر ناتوانن لەگەڵ کەسی دی ژیان بگوزەرێنن، ئەگەرچی کەسەکانی دیش زۆر باشتر و بەهرەدارترین و خاوەن ئیمتیازی زیاتریش بن لە ژیاندا، لێرەدا مەحوی وێنەی کەسێکمان لە مێژوودا بۆ دەکاتە نموونەی قسە و واتاکانی ئەویش پێوەندی خۆشەویستی نێوان (ئەیاز) وەزیری سوڵتان مەحموودی غەزنەوی بووە کە لەگەڵ مەحموودی بەندەدا عاشقی یەکتر دەبن و مەحموود هەرگیز بیرکردنەوە لە جیاوازی پلە و مەقامی نێوانیان ساردی ناکاتەوە لە عیشق و خۆشەویستییەکەی و بەردەوام دەبێت هەروەکو مەولانا دەڵێ: لە مەقامی عیشقا فەرقی پاشا و گەدا نییە؛ و حوسن و جەمالی یەکتر کەمالی یەکتر دەنوێنن و بۆ یەکتری لێک دەدەنەوە و کۆششی لە پێناودا دەکەن. کەواتە جگە لەوەی کە هەریەکەیان لە چاوی یەکتردا جوان دەبن و هەمیشە یەکتریان پێ قبوڵە بۆ ڕازو نیازکردنەکەی ژیان، لەهەمان کاتدا هەڵکشانی ئاستی ئەو چێژە ڕوحیەی کە لەیەکتری دەبینن دەرهاویشتەیەکی وەها دەخوڵقێنێت کە بەهۆیەوە و لە ناخ و ناوەوەی یەکتردا هەمیشە جوان وێنا دەبن

لەبەرانبەر یەکدیدا و تەنیا خۆیان بۆ یەکتر بە شیاو دەزانن نەک کەسی تر، کەواتە جوانبوونەکە دووانەییە (ناوەکی- دەرەکی).

**بەردەوامبوون:**

**رەهرەوەی رێگەی مەحەببەت وا دەبێ ، هەر سەعیەتی**
**تا هەیە لەم رێگە ئاخر کاری سەردانانە رۆژ**

ڕێبواری ڕێگەی عیشق دەبێت وەکو خۆر وابێت، هەر بە ڕێگاوە بێت و هەوڵ بدات و سەرەنجامیشی سەردانان بێت وەکو ئەو، بێ گومان ڕێبواریش دەبێت توێشووی پێ بێت، زوو زوو تینووی دەبێت، لەگەڕان و گەیشتن بە شوێنی مەبەستدا دەبێت چەندان شوێنی تایبەت دەستنیشان بکەیت تاکو ڕێگاکەت لێ تێک نەچێت و بگەیتە مەنزڵ، ئێمە دەبینین خۆر سەرچاوەی گەرمی و ڕووناکییە و مەقام و پلەیەکی زۆر باڵاشی هەیە و بەبێ بوونی ئەو ژیان مەحاڵە، بەڵام هەر لە کۆشش و قوربانیداندایە و هەمیشە سەری دانەواندووە، ئەمەش بەو مانایەیە کە دەبێت عاشق و مەعشووق لە سیفەتی خۆراین تاکو ببنە سەرچاوە بۆ یەکتر و هەمیشەش گەورە وێنای یەکتر بنوێنن، لەبەرئەوەی هەتاکو سیفەتی موتەوازع و سەردانەواندن بوونی هەبێت گەورەیی دەبەخشێتە خاوەنەکەی، خۆر هێندە موتەوازع و سەری دانەواندووە کە تەنانەت کڕنووش و ڕکوع بۆ هەموو کونوقوژبنەکانی ئەم زەمینە دەبات ، جگە لەمانەش تاکو دەگاتە پەیامەکەی خۆی هەندێک جار هەور ڕێگەی لێدەگرێت و دەبێتە دیواربەندێک لە گەیاندنی پەیامەکەی، هەندێک جار مانگ ململانێی لەگەڵدا دەکات، هەروەک مەحوی لە ناوەڕۆکی بەیتێکی دیدا دەڵێ (خۆر تەواوی ژێر زەمین و سەرزەمینی پشکنی بۆ ئەوەی شوێن پێی یارم بدۆزێتەوە، بەڵام سەرەنجام تەنیا ماندووبونی بۆ مایەوە).

**بەشی شەشەم: (عیشق هەم دەرد و هەم چارەسەر + کێ شایانی مەیدانی عیشقە؟ + هاوتەبا و یەکسان + شوێنگەی عیشق):**

**خودا ئەم دەردی عیشقەم لێنەکا کەم**
**هەتا هەم لەباتی هەردەوا بەس**

واتا خودا ئەم دەردی عیشقەم کەم نەکات و سووک نەکات بۆ ئەوەی هەمیشە دڵم پڕ بێت لە مەحەببەت، چونکە هەتاکو ماوم ئەم دەردەم لە جیاتی هەموو دەرمان و تیمارێک بەسە، کەواتە لێرەدا و لە عیشقدا خودی عیشق خۆی هەم (دەردە) و هەم (شیفا بەخش)ە، مەحوی لە عیشقی زەمینەوە داوا لە عیشقی ئاسمانی و خودایی دەکات کە هەمیشە بەردەوام بێت لەو دەردەدا، دەبێت ئەوە بزانین کە ئازار و ژان و نارەحەتییەکان بەڵگە و سەرچاوەی دەردبوونی عاشق و مەعشووقەکانە، هەربۆیە لە شوێنێکی دیدا بە یارەکەی دەڵێ (ئەتەوێ بێیتە ناو چاوم لە دەریای فرمێسک و سروشکمدا بتخنکێنم، یان بێیمە ناو دڵت کە بە گڕ و کڵپەی خوێنینی دڵت بمسووتێنی)، ئەی با بزانین بۆچی هەر شیفابەخشیشە؟

لەبەرئەوەی:

* دڵ هەمووی بە خۆشەویستی داگیر دەکرێت ڕق و کینەی تێدا نامێنێت، تەنانەت ئەوەی لە ساتەوەختی پێش عاشقبووندا ڕقت لێی بووە، ئێستا خۆشت دەوێت ئەمە چ جای هەر کەس و کووچە و کۆڵانێک کە لە کووچە و کۆڵان و ڕووی مەعشووق و یارەکەت بچێت.

* خولقاندنی جیهان و ژیانێکی دی و تازە لە سلوک و ڕەفتار و هەڵسوکەوت و تەنانەت قسەکردن و ڕۆیشتنیشدا، ئەمەش وادەکات عاشق ببێتە مرۆڤێکی تایبەتی پۆزەتیف و هەر لە دوورەوە پێی دەناسرێتەوە.

* عەقڵ زۆربەی کات هۆش و ئامادەیی خۆی لەدەست دەدات، ئەمەش وا دەکات کە لەو ساتەوەختانەدا (چێژ و مەستێتی بەختەوەر ئامێزانە شوێنی دەرهاویشتەکانی عەقڵ بگرێتەوە).

کێ شایانی مەیدانی عیشقە؟:

**زاهید وەرە ڕوێ بکەرە بارەگاهی عیشق**
**عالی جەنابە، وانییە هەر ڕێ بدا بەکەس**

بارەگا و مەقامی عیشق لەگەڵ ئەوەی کە بەرز و بڵندە، بەڵام لەلایەک ڕێگە بەهەموو کەس نادات و دەرگای خۆی بۆ هەموو کەس ناکاتەوە، بەڵام کەسانێک کە لە بانگەشە و پرۆسێسی کردەوەی ڕۆژانەیاندا جۆرێک لە پێچەوانەی فەزای عیشق ئاراستە وەردەگرن، ئەوە بانگەشەی ئەوانیش دەکات بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بە بارەگا و مەقامە پیرۆزەکەی عیشق ئاشنا بن ئەوسا ڕێگەی زوهد و تەنیایی هەڵبژێرن و قسە لەسەر عیشق بکەن، ئاخۆ ئەوکاتە بیروڕای بەرانبەر عیشق و دەرهاویشتەکانی ناگۆڕێت، کێ دەڵێ زاهیدیش بارەگای خۆی جێ ناهێڵێت و ڕوو ناکاتە ئەم بارەگایە ، جا لێرەدا

مەحوی بارەگای عیشقی هێندە بڵند و کاریگەر وەسف کردووە کە داوا لە زاهید دەکات تەنیا یەک ڕووی تێ بکات، چونکە ئەگەر بەتەواوی ڕووشی تێ نەکات عیشق هێندە کاریگەرە و پایەبڵندە ڕاستەوخۆ و زوو کاری خۆی لە زاهید دەکات و تێ دەگات، هەروەها بانگەشەیەکی دی مەحوی ئەوەیە کە لە دوورەوە وەسفی مەقامی باڵای عیشقمان بۆ ناکات، بەڵکو دەیەوێ کەسەکان بێنە ناو دنیاکەوە تاکو بەتەواوی لە حەقیقەتی عیشق تێ بگەن، چ جای ئەوەی دەیەوێت پێمان بڵێ کە عیشق دەبێت چێژ بکرێت و بە فیعلی ژیانی تێدا بەسەر ببرێت، نەک لە دوورەوە قسەی لەسەر بکرێت، واتا کەسەکانی نێو عیشق (عارف) بن بە شێوەیەک لە ناویدا بژین، نەک (عالم).

**هاوتەبا و یەکسان:**

**لە قاپی عیشقدا وەک شاهە بەندە**
**لەسەر خوانە چ مەتبوع و چ تابع**
**ئوصوڵی دینی عیشقە سوتن و بەس**
**پەری پەروانەمە (جمع الجوامع)**

لێرەدا مەحوی دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت کە هەروەک چۆن لەسەر خوانی سفرەیەکی ڕازاوەدا مرۆڤەکان بە یەکسانی و تەنیشت یەکەوە دادەنیشن، بەهەمان شێوەش لەسەر سفرە و خوانی عیشقیش هەمان هاوتەبایی و بگرە زیاتریش یەکسانی هەیە نەک ئەوەی جیاوازی هەبێت لە نێوان شاه و گەدایەک، یان ئەو کەسەی خەڵک شوێنی دەکەوێت و پێی دەڵێن (مەتبوع) لەگەڵ ئەو کەسەی شوێنکەوتەی ئەوە کە پێی دەوترێت (تابع)، بەمانایەکی دی نەک نابێت تەنیا شا و ئاغا شانازی بە مەقامی خۆیەوە بکات، بەڵکو دەبێت لە مەقام و بەردەرگای عیشقدا وەکو بەندە وابێت، بەو مانایەی کە ملکەچبوون ببێتە سیفەتی دیار و کاریگەری نێو وردەواڵەکان و دەرهاویشتەکانی دنیای عیشقەوە، هەروەک لە نیوە بەیتی دووەمدا زیاتر ڕەهەندی جیاوازییەکە دەکوژێت و دەڵێ بەر مەبنا و ئوصوڵی دینی عیشق تەنیا سووتانە، نەک ئەو پلە و مەقامەی کە لە دەرەوەی دنیای عیشقدا بوون و کەینوونەی هەیە، یان هەروەک چۆن کتێبی (جمع الجوامع) کتێبێکی بەنرخ و پڕ بایەخە و هەمیشە تامەزرۆیانی دنیای مەعریفەی ئیسلامی بەدوایدا دەخولێنەوە و دەیانەوێت بەدەستیان کەوێت و لە چێژی مەعریفەکەی بنۆشن، هەربۆیە تامەزرۆییەکەیان بۆی وا وێنەی تابعەکانی دەنوێنێت کە ئەمان عاشقن و کتێبی ناوبراویش (مەعشوقەکەیانە). کەواتە وێناکردنێک و لێکچوونێکی عاشقانەی زۆر جوان بەدەستەوە دەدات لە نێوان وشەکانی (شاه و بەندە، مەتبوع و تابع، سووتان و پەروانە -جمع الجوامع-).

**شوێنگەی عیشق:**

**دۆزەخ لە عیشق خاڵی و جەننەت لە دەرد و داغ**
**عاشق لە حەشریشا نییەتی جێ دڵێ فەراغ**

لە ڕوونکردنەوەی ئەم بەیتەدا:

* بەکارهێنانی وشەی دۆزەخ بەو مانایەی کە لەوێدا هەمیشە داغ و ئاه و ناڵە هەیە و بەس، واتە تێکەڵەیەک نییە، خۆشی و چێژی ڕوحی و گەرمبوونەوەی ڕوح و هەستەکان و فێنکایەتییەک و نیگایەک و بزە و ئەگریجە و هاوشێوەی ئەمانە، تەنانەت بە کەمترین بڕ بوونی نییە، بۆیە هەر کەسێک بانگەشەی عاشقبوونی کرد و ئەو فەزایەی لەسەردەستی ئەم دەخوڵقێ، ئەگەر هاوشێوەی ئەو ژیانی دۆزەخییە بێت، ئەوە لەو بانگەشەکردنەدا نەپێکاوە و ئەوەی تێیدا دەژیت فەزا و ژینگەیەکی تری دەرەوەی عیشقە.

* بەهەمان شێوەش کاتێ عاشق و مەعشووقێک دنیا و فەزایەک دەخوڵقێنن کە لە دنیا و فەزایەکی شێوە بەهەشت بچێت و تەنیا وا بزانن دەبێت تەنیا لە ناز و نیعمەت و ڕاز و نیاز هەڵگرتن و هەمیشە لێبوردەیی و هاوشێوەی ئەمانەدا بژین و لەیەکتر زیز نەبن و فرمێسک بۆ یەکتر هەڵنەڕێژن، ئەوە بە هەمان شێوە ئەم دنیایەش دنیای ڕاستەقینەی عیشق نییە و جۆرێک لە حەماسییەت و ناواقیعیەتی نێو دنیای عیشقی تێدایە و لە ڕاستەقینەیی عیشق دوور کەوتۆتەوە و نابێت تەنیا شێوە بەهەشتیش هەبێت.

* کەواتە دەبێت دنیای عیشق دنیای (بەهەشتاوی-دۆزەخاوی) بێت و هەریەکە لە عاشق و مەعشووقەکان دەبێت بە تەواوی هەست بە هەردوو جیهانەکە بکەن، هەروەکو چەندان جار چاوەڕێی ئەوە بووە لە یارەکەی کە بزە و زەردەخەنەیەکی بۆ بکات، بەڵام نەک بۆی نەکراوە، بەڵکو جنێوێشی پێدراوە و بەدووبارەبوونەوەی جنێوەکانیش گەرمتر بووە لەسەر پرۆسەی بە عاشقبوونەکەی، نەک ساردی بکاتەوە و لە هەنگاوناندا خۆشەویستی بەرانبەر مەعشووقەکەی کەم بکاتەوە، یان زۆربەی کات مەعشووق چێژ لەو ئازارە دەبینێت کە

عـاشق بە دەسـتی ئەمـەوە دەیچـێـژێت و بە شـانازی و سەرکـەوتنی (پرۆسـەی فـێڵ و تەڵەکە مـەکراوییـەکانی) دەزانێت.

* هاندان و مۆتیڤێک هەیە بۆ مرۆڤەکان بۆ ئەوەی لەم دنیـا بەرەو دنیـای عـیـشق هەنگاو هەڵگرن، چونکە لە دنیای هەڵسانەوەدا عیشق و دەرهاویشتەکانی عیشق نییە، کەواتە دوایی دەرفەتێک نامێنێتەوە بۆ عـیشق بوون، هەربۆیە هەتا زووترە ڕێگەی عـــیـشق بگرنەبەر باشترە.

* مـەحـوی پێـمـان دەڵێت کـە هەروەک چۆن عـاشق لە دنیـادا جـیـهـانێکی هەیە کـە جـیـهـانی تێکەڵـەیەک لە خۆشی و پێکەنین و زەردەخەنەکان و فرمێسـک و ئاه و ناڵاندنەکـان و کـونوقـوژبنەکـانی دڵی داگـیـرکـردووە و بۆشـاییـەک نەمـاوەتەوە، بەهەمـان شـێـوە لەو دنیـاش لەبەرئەوەی، یان ئەوەیە کــە تەواو لە ســروشـتــێکی بەهەشــتــانەدا دەژیت، یان لە دنیـــایەکی شــێـــوە دۆزەخیـانەدایە کە لە هەر کام لەمانەدا دڵ تەواو داگیـر دەکرێت و بۆشاییەک نامێنێتەوە تاکو ئاواتی ئەوەی بۆ بخـوازرێت کـە لە ڕەهەندەکـانی سروشـتـی دنیـاکـەی دی پڕبکرێتەوە.

### بەشی حەوتەم (ئازار، حەزی مەعشووق + فرمێسک + مەقامی عیشق + بەکەسبوون):

### ئازار، حەزی مەعشووق:

**هەر ئاهی عاشقە دەمی پێ بێتە پێکەنین**
**ئەم غونچەیە بەو نەسیمەیە بپشکوێ دەماغ**

لێـرەدا مـەحـوی ئەوەمـان پێـدەڵێت کـە کـاتێ عـاشق لەبەرانبـەر خۆبەدەسـتـەوەنەدانی مـەعـشـوقـەکەی، یان نەهاتنە سـەربارێک کـە ئەم مـەبەسـتـیـەتی و بەهۆیەوە چەندان ئاه و ناڵە و فـرمـێـسـک هەڵدەڕێژێت، بەڵام لەبەرانبەر ئەمەدا مەعشووق پێکەنین دەکات و خۆشحاڵە بەوەی کــە توانیــویەتی ئازار و ژان بە عــاشــقــەکـەی بگەیەنێت، چونکە مەعشووق لەوەی کە هەست بە بوونی ئەو ئازارەی بەرانبــەرەکــەی دەکــات چێــژ دەبـینێت و خـۆشـحـاڵە پێی، جـا لێـرەدا مـەحـوی ئاه و ناڵە و ئازاردانەکەی مەعشـووق بە نەسیم و شەماڵ دەچوێنێت نەک گـەردەلوول و ڕەشـەبا، چونکە لەبەرانبـەر ئەم بەناو شـەمـاڵەدا دەمی یار کـە مـەعـشـوقـە دێتـە کـرانەوە و خەندەیەک کـە مـەحـوی بە (خـونچـە) دەیشـوبهـێنێ، لە

دواجـاریشــدا کـاتێک عـاشق ئەم خـەندە و خـونچـەیەی مـەعـشــووقـەکـەی دەبینێ کـەیفی پێ دێت و دەبێـتـە سـوکنایی مـێـشـک و پشـووی پێ دەبەخـشـێت و ئاه و ناڵەکە لە یاد دەکات.

ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە دەبێت عاشق بە لایەوە ئاسـایی بێت کـە مـەعـشــووقـەکـەی ئازاری بدات، لەبەرئەوەی سیفەتێکی دیاری نێو دنیای عیشقە، جگە لەوەش ئەو ئاه و ناڵەی دەیچێـژێت، نەک بە حاڵەتێکی نائاسایی بزانێت، بەڵکو دەبێت شانازیشی پێوە بکات لەبەرئەوەی دەرهاویشــتــەیەک بەرهەم دێنێت کــە بزە و فۆرمێکی نوێ و نەرم بە مەعشووقەکەی دەبەخشێت.

فرمێسک:

**جۆبارە، لالە زارە، هەتا چاوی بڕ دەکا**
**(مەحوی) بەهەشتی بۆچییە ؟ چ بکا لە ئاو و باغ**

مـەحـوی کە هەمـیـشـە لە جیـاتی عـاشق دەور و ڕۆڵ دەبینێت دەڵێ؛ عـاشق ئەوەندە فرمـێسک دەڕێژێت کە هەتا چاوی بڕ بکات هەر جۆگەلەی فرمێسک و گوڵزاری خوێنینی دڵ و جەرگی خۆی دەبینێت، ئیدی چ بکا لە ئاو و باخ و پێـویسـتی پێی نییـە، لەبەرئەوەی جـۆگـەلەی فرمێـسکەکانی گوڵ و لالەزاری زۆری لە دەورەی بەرهەم هێناوە و لە شـێـوە و فـۆرمی باخ و باخـچـەکـاندایە و پێویستی بە بەهەشتی باغچەکان نییە کە لێرەدا وەکو مەجازیی بەهەشتی بەکارهێناوە و باخ و باغچەکانی نێو بەهەشت دێنێت و لێــرەدا تەوزیفی دەکــات، کــەواتە هەروەک چۆن لە دنیای سروشتدا هەر جۆگەلەیەکی ئاوی شـتی پێ ئاو دەدرێت، بە هەمـان شـێوەش لێـرەدا عـاشق بەم جۆگەلەی فرمێسکەی دڵی پێ ئاو دەدات و سوکنایی پێی دێت، هەروەها بە شـێـوازێکی ناڕاسـتـەوخـۆ و بە نهـێنیی مـەحـوی ئەوەمـان پێ دەڵێ کـە کـاتێ عــاشق دەرفەتێکی تری لە دەرەوەی ئەم مەعشووقە بۆ هەڵکەوت و هەرچەندە ئیــمــتــیــازاتی زیاتریشی هەبێت لەو مەعشووقەی ئێستای ئەوە بەلایدا ناچێت و کەیفی پێی نایە لەبەرئەوەی مەعشووقەکەی یەکەم جاری هەرچەندە ئازارێکی زۆریشی دابێت ناتوانێت وازی لێ بێنێت، لەبەرئەوەی بەهۆیەوە جۆگەلە و باخ و باخات و لالەزاری زۆری بۆ بەرهەم هێناوە.

هەروەها جگە لەمـەش عـاشق دەیەوێت لەو جـۆگـەلە و لالەزارەی کـە بەرهەم هاتووە دەبێت مـەعـشـووقـیش بێت لەم بەرهەمە چێژوەرگرێت خۆ ئەگەر نەهات، ئەوە جۆگەلە

و لالەزاری بۆ چییە و هەرنەبێت باشە، یان ئەم جۆگەلە و لالەزارانە دەبنە سەرچاوەیەک بۆ ئەوەی مەعشووقەکەی پێ بێتە سەر بار و ئیدی بەیەکەوە لە سایەیدا پشوو بدەن.

**مەقامی عیشق:**

**ئەو تەکیە سەببی عیشقی تیابێت تیا مەبە**
**بۆ سوننیە طەوەطونی مولکی عەجەم حەرام**

واتا لە تەکیەی وشکی دەروێشانەدا دامەنیشە کە جنێوی تێدا بدرێت بە عیشق، چونکە ئەو جۆرە تەکیەیە وەکو وڵاتی عەجەم وان لە بەرانبەر سوننیدا کە تێیدا جنێو بە ئەبووبەکر و عوسمان و عومەر و عائیشە دەدرێت، جنێودانیش بە عیشق لەلای عاشقان وەکو ئەوە وایە و هاوتای ئەوەیە کە چۆن جنێو بەو ئیمامە پایە بڵندانە دەدرێت، هەربۆیە ئەهلی سوننە و جەماعەت لەو جۆرە جنێوانە بێزار و نیگەرانن، لێرەدا مەحوی ئاگاداری دەداتە ئەوانەی کە عاشقن لە جێگە و مەکانەیەکدا نشینگە نەبن و کاتی تێدا بەسەر نەبەن کە تیایدا کار لەسەر کەمکردنەوەی بەها و مۆراڵی گرنگی عیشق بکات و رووی جوانی بڕووشێنرێت، لەبەرئەوەی هەروەک چۆن لە مەزهەبە ئایینیەکاندا هەوڵ دەدرێت ڕێگری لەوە بکرێت کە لایەنگران و مونتەمیانیان لەو مەجلیس و کۆبوونەوانانە دانەنیشن کە تێیدا جنێو و تانە لە پیرۆزی و پێشەوایانیان دەدرێت، بە هەمان شێوەش بۆ عیشق کە لە پیرۆزیدا لای عاشق وەک پێشەوای هەمیشە زیندووی ئەوان وایە و نابێت جنێوی پێ بدرێت و لە بەهای کەم بکرێتەوە، لێرەدا ئاماژەیەکی زۆر ئاشکرای تێدایە بۆ بەخشینی پلەیەکی باڵا و پیرۆز بە عیشق.

**عیشق ئاگرێکە بەربووە هەر کەس دەبێ بە کەس**
**گەر ڕۆژە ڕەشەش وەکو شەوە بێ، بوو بە شەوچراغ**

عیشق لەلای مەحوی وەک ئاگرێک وایە بەربووە هەرکەسێک لە هەر پلە و مەقامێکدا ئەوە دەیکات بە کەسێکی ڕاستەقینە ، لێرەدا بەکارهێنانی وشەی ئاگر ئەم مەدلوولانە دەدات بەدەستەوە:

* کە ئەو کەسەی ئاگرێکی تێبەردەبێت دوای ئەوە هەمیشە لە وریایی و ئاگاداری و حەزەردا دەبێت کە کاتێ لە ئاگر نزیک دەبێتەوە تەنیا بەو شێوەیە تەوزیفی بکات و گەڵاڵەی بکات کە لە خزمەتی خۆیدا بێت نەک بە پێچەوانەوە و بە سلبی بیسووتێنێ.

* یان ئەو کەسەی کە ئاگری تێبەر دەبێت و دەبێتە ڕەمزێکی هەمیشە زیندووی دیار پێوەی و بەردەوام خەڵک پرسیاری لە بارەوە دەکەن، ئەمەش وا دەکات کە عاشقی گرتێبەربوو لەبەرانبەر ئەو هەموو پرسیارانەدا بە شێواز و فۆرمێکی نوێ بنیادی خۆی بکات، یان بە مانایەکی نزیکتر ڕەهەندە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی (خودی ئاگر و پریشکەکانی گڕی عیشق) دەبنە میتود و پێوەرێک بۆ ئەوەی هەمیشە عاشق لەو مەدارە لانەدات و ئەمەش دواجار وا دەکات کە کەسی عاشق ببێتە (کەس!!)ی ناو کەسان.

* جگە لەوەی کە عیشقی بە ئاگر چواندووە، بەڵام لەگەڵ بوونی ئەو ترسە بۆ پێناسەکردنی بۆ هەر کەسێ دەیەوێت لە نێو دنیای عیشقدا بژیت، لە هەمان کاتدا هانی دەدات و ڕاستەوخۆ و ئاشکرا پێی دەڵێ؛ بەهۆی ئەم ئاگری عیشقەوە دەبیت بە کەس، بێ گومان ئەو کەسەش کە ئاگاداری مەترسییەکانی هەرشتێکە و خۆی لە قەرەی دەدات، دەیکات بە کەس لەبەرئەوەی خۆی بۆ ئامادەکردووە و دەزانێت چۆن خۆی بۆ ئامادەبکات و لە گەڵیدا و لە ناویدا دۆستانە بژیت.

پاشان لە نیوە بەیتی دووەمدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە عاشق هەرچەندە ڕۆژی ڕووناکیشی وەکو شەوی تار و تاریکستانیش وابێت، ئەوە بەهۆی ئەم عاشقبوونەیەوە وەکو ئەوە وایە گەوهەری شەوچراغی داگیرساندبێ و هیچ باکی نییە، شەووڕۆژی ئەم هەمیشە ڕووناکە.

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوە خاکەڕایەدا کە مۆڵەتمان لە حەزرەتی عاشقی مەحوی وەرگرتبوو، گەیشتینە چەند ئەنجامگەلێک لەوانە:

١- عیشق جیهانێکی تایبەتی هەیە و دەبێت ئەو کەسەی کە دەیەوێت لەو جیهانەدا بژی تاڕادەیەکی باش، لە خۆ ئامادەباشییەکی چاکدا بێت لەبەرئەوەی دنیای عیشق پێویستی بە قوربانیدان و هەوڵ و کۆششێکی مرۆڤانە و عارفانە و خۆیەکلاکەرەوانە هەیە و نابێ هەندێ لە گرفتە سەرەتاییەکان و تەنانەت ژان و فرمێسکەکان عاشق و مەعشووق تووشی ساردێتی و پشت هەڵکردن نەکات، چونکە هەموو ئەم دەرهاویشتانە سروشتی ڕەسەنی نێو فەزای عیشقبوونە.

٢- لەوە تێگەشتین کە هەمیشە عاشق ڕوحی گەرمترە لە مەعشووق ، بەو مانایەی کە مەعشووق خۆبەدەستەوەدان و زەردەخەنە و نواندنی ئەو هەڵوێستانەی کە بە دڵی عاشق بێت، وەک ئەوە وایە کە

بە توونێلێکی چەندە ڕۆشن ئەوەندەش تاریک و ئازاراوی و قەیراناویدا تێپەڕبێت، لە هەمان کاتدا دەبێت ئەم حاڵەتە و هاوشێوەی ئەمانە، عاشق بە حاڵەتێکی ئاسایی بزانێت، لەبەرئەوەی ئەمە لە خزمەتی بەخشینی ڕەسەنایەتی و ڕاستەقینە بەخشینە بە پرۆسەی عاشقبوون.

٣- لە میحرابی عیشقدا هەموو عاشق و مەعشووقەکان بە تەنیشت یەکەوە و بە هاوتەبایی و یەکسانی ڕاوەستاون و زیکر و ڕاز و نیازی یەکتر دەکەن و هیچ جیاوازییەک لە نێوان مەعشووقێکی پاشا و ئاغا لەگەڵ عاشقێکی گەدادا نییە، یان بە پێچەوانەوە، کەواتە پلە و مەقامی عیشق لەسەروو پلە و مەقامی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەوەیە و .... تاد.

٤- عاشق هەمیشە دەیەوێت قوربانی بدات و مەعشووقیش دەیەوێت زۆربەی کاتەکان ئازاری عاشق بدات و بەرهەمی ئازاردانەکە ببینێت و گوێی لە ئاه و ناڵە و ئازارەکان بێت، چونکە ئەمە جۆرێک لە چێژ دەبەخشێتە مەعشووق، تەنانەت زۆربەی کات شانازی پێوەدەکات.

٥- زیندووکردنەوە و نەشونماکردنی ڕەهەندی مرۆڤایەتی و خۆشەویستی و هەڵکشانی کێرڤەکانیان و داکشانی ئاستی ڕق و کینە و نامیهرەبانی بەرانبەر بە خەڵکی دەوروبەریان، تەنانەت ئەگەر پێش ساتەوەختی عاشقبوون هەرکام لە عاشق و مەعشووقەکان سیفەتێکی تووڕەبوون و مامەڵەیەکی ناجۆریان لەگەڵ دەوروبەریاندا هەبووبێت، ئەوە خولانەوە لەناو دنیای عیشقدا گۆڕانێکی لەم سیفەتانەدا خولقاندووە و ئاراستەیەکی جوان و نەرم و ئارامی لە کۆهەست و کۆنەستیاندا خولقاندووە.

٦- هەریەکە لە عاشق و مەعشووق هەمیشە و زۆربەی کاتەکان بەخەیاڵ و تێفکرین لەلای یەکترن و خەون بەیەکترەوە دەبینن، تەنانەت ئاگاداری هەناسە سارد و گەرمەکانی یەکترن و داخڵ بە جیهانی نادیار و غەیبی یەکتر دەبن و ئەو خوێندنەوانەی کە هەیانە بۆ مامەڵەی ڕۆژانەی یەکتر زۆربەی کاتەکان ڕاست دەکەونەوە و لەئەنجامدا، یان تووشی گرفت دەبن پێوەی، یان خۆشی و دڵنشین.

٧- عیشق سروشتێکی هێندە تایبەتی هەیە کە ئەکتەرەکانی ناوی بە شێوەیەک پەروەردە دەکات کە دەیانکات بە: (کەس!!! + قوربانیدەر + بەناوبانگ + دانا + میهرەبان + بەخشەر + فرمێسکڕێژ + هەڵگری ژان و ئازار + بەختەوەر + ئارامگر+ هاوشێوەی ئەمانە)، ئەمە لە کاتێکدا مەحوی ئەو پرسیارە دەکات کە (ئایا چ جیهان و پرۆسەیەکی دی هەیە، ئەم هەموو ڕۆڵ و دەورە ببینێت و وێنای ئەو هەموو شتە جوان و پڕ بەهایانە بکات؟!).

**سەرچاوەکان:**

*** دیوانی مەحوی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم، چاپی دووەم، ٢٠٠٣**

*** عارفێک لەنێوان سەرکێشی و کوفردا، توانا ئەمین، گۆڤاری ئاینده ژمارە (٨١) ساڵی ٢٠٠٨، لاپەرە (٤١).**

*** التناغم الذهني و فاعلية الصورة الشعرية،قراءة في الطاقات الإيقاعية للشعر العربي والفارسي والكردي.**

**شاهو سعيد، مجلة الاديب المعاصر، كانون الثاني ١٩٩٠، من الموقع الامبراطور.**

*** حەللاج لە شیعرە فارسییەکانی مەحوی دا، سەبوور عبدالكريم (شكار)، گۆڤاری ئاینده ژمارە (٨١) ساڵی ٢٠٠٨، لاپەرە (٣).**

# ئەو نامە شیعرییانەی بۆ مەولەوی هاتوون

**دارا محەمەد عوسمان هەورامانی**
**(بەڵخە – هەورامان)**

ئەدەبی نامەنووسین؛ لقێکی فرە بەرز و پڕ بەهای ئەدەبی نەتەوەیەکی زیندووە، ئاوێنەی ڕامان و سەرنج و بیروهۆشی ئەو میللەتانەیە، کە بە جوانی تەماشای ئەو بابەتە ئەدەبییە دەکەن، چونکە ویست و ئارەزوو، دەنگی ژیری، هەڵقوڵاوی دەروون، هۆی دەربڕینی پەنگ خواردووی ئاخافتنی یادگارییەکانی مرۆڤە! نامە خێراترین هونەری ئەدەبە، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان پێوەندی بە یەکەوە بکەن، لە بارەی ئەو دەربڕینانەی لەناو میللەتدا بڵاون.

ئەو گەلانەی زۆر پێشکەوتوون، زۆر بە تەنگی نامەنووسینەوە نین، واتە زۆر ناچنە ناواخنی نامەوە، بەڵام لەناو میللەتی ئێمەدا لەبەر ئەوەی وڵاتی ئێمە زۆر لە مافە نەتەوەییەکانی پێشێل کراون، بۆیە ئەدەبی نامەنووسین، چ بە شیعر چ بە پەخشان، لەم بوارەدا پەرەی سەندووە.

نەتەوەیەک فرە شێوە دیالێکت بێ، وەچەی ئاریزانتەکان و (ماد) بێ، خاوەنی فەرهەنگ و زمانی خۆی بێ، ئەدەبی زارەکی، ئەدەبی نووسین، دیاردە و مێژووی ئێمەی لە هێرشی لە ناکاوی داگیرکەران پاراستووە. لە ئەدەبی نامەنووسینی کوردی بەشی یەکەمدا هاتووە: (کۆنترین شیعری نووسراو– بە بڕوای لێکۆڵەرەوەکانی زمان و شیعری کوردی، یادگارەکانی، شاعیری بەناوبانگ بابا تاهیری هەمەدانییە؛ ئەوجا بە شێوەی گۆران، یادگارەکانی ئەبولقاسمی مەلا پەرێشانە).

لێرەدا پرسیارێک دێتە مەیدانی باسەکەوە و دەڵێت: ئەی دەقەکانی گاتاکان و کتێبی ئاڤێستا و یارسان، سروودەکانی دینی زەردەشت وەک سیاچەمانە و هۆرە، دوای ئەو دوو شاعیرە سەریان هەڵداوە؟ بێ گومان دەڵێم نەخێر، ئەو دوو شاعیرە دوای چەند سەدەیەک هاتوون، واتە ئێمەی ئاریزانتەکان لەسەردەمی دەوڵەتی (ماد)ەوە، بگرە لە پێشتریش دەبێ نووسراومان چ بە شیعر، چ بە پەخشان هەبووبێ، دیارە ئەدەبی نامەنووسینیش وەک ئەو کتێبە دینیانە کە بۆ گەلان هاتوون، میللەتی ئێمەش لێی بێ بەش نەبووە. ئیدی بابا تاهیر و ئەبولقاسم، کەی و لە چ سەردەمێکدا هاتوون؟ هەرچەندە بابەتەکەی من لەسەر ئەدەبی نامەنووسینە، بە تایبەتی ئەو نامانەی کە لە نێوان شاعیرانی ئێمەدا بۆ یەکدییان ناردووە. دیارە نامەنووسین چەندین شێوە و جۆری هەیە، هەر لە نامە ئاسمانییەکانەوە کە بۆ پێغەمبەران هاتوون، یان نامەی ئاسایی، یان نامەی بە شیعر و بە پەخشان، وڵاتی ئێمەش لانکەی کۆنی مرۆڤایەتی بووە، هەروەها لەم وڵاتەی ئێمەدا هەردوو جۆرە زانستەکان خوێندراون. یەکەم زانستی نەقڵی، ئەو زانستانە لەخۆ دەگرێت کە لە



مەولەوی

بارەی (شەرع) و سوننەتی پێغەمبەرەکانەوە بووە. دووەم زانستی عەقڵی: هەموو زانستەکانی دی دەگرێتەوە، هەر لە زانستی فەلسەفەوە، کە حیکمەتی مرۆڤ دەیانپێکێ و بابەت و شوێن و ساغکردنەوە، تایبەتیش نین تەنیا بە میللەتێک، ئایا نامە چ واتا و مەبەستێ دەگەیەنێت؟ یان بۆچی شاعیرانی کوردستان، زۆربەی زۆریان بایەخیان بە ئەدەبی نامەنووسین بە شیعر داوە؟ دیارە شیعر وەک پەیامێک زووتر لەبەر دەکرێت، کێش و سەرواو و ڕوحێکی موسیقی تایبەتی خۆی هەیە، لەگەڵ ڕیتم و جۆر و ئاوازەکانی موزیکدا یەک دەگرنەوە، وەک نامەی زارەکی، یان پەخشانی نییە، کە درەنگتر لەبەر دەکرێن، وەک شیعر خێرا لەبەر ناکرێن، کە شاعیر بە تاکە دێڕێک، مەبەستی نامەکە ڕوون و ئاشکرا دەکات. لە کتێبی ئەدەبی نامەنووسینی کوردیدا پێناسەی نامە دەکات و دەڵێت: (وەک شێوەی هەست ببەخشێت؛ دەسکێ هۆش و بیرۆکە بە جۆرێکی سەر زاربی، یان نووسراو، بە شێوەیەکی ئاسایی، یان هونەرانە؛ لە یەکێکەوە، لە کۆمەڵێکەوە، لە دەزگەیەکەوە بۆ یەکێک، بۆ لایەک دەنێردرێت. مەبەستی خولقاندنی پێوەندی ناسیاری، لێک حاڵیبوون- بە چاک و خراپە- و شارەزاییە)، هەروەها ڕەوتی نامەنووسین، لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی دی لە ڕووی فەرهەنگەوە پێناسەی جیاجیایان بۆ کردووە، هەرچەندە لەسەر ئەدەبی نامەنووسین بنووسرێ، ئەوە وەک ئەوە وایە، کە لاپەڕەیەکت لە خەرمانی ئەدەبی نووسیبێ، چونکە نامەنووسین فرە بابەت لەخۆ دەگرێ، هەر لە نامەنووسین لە باوکەوە بۆ وەچەکانی، یان نامەی ماتەمینی، یان نامەی عیشقێکی خاوێن، یان نامە لەنێوان دوو هاوڕادا، یان نامەی شیرینی خواردنەوە، یان نامە لە سەرۆکی وڵاتێکەوە، بۆ سەرۆکی وڵاتێکی دیکە، یان نامە لە چاخە جیاجیاکاندا، هەر لە چاخی بەردین و بێ نەزانیندا، بۆ کەڵکی مان و ژینی خۆی گەلێ ڕێگەی گرتووە و خۆی پێ نواندوون جا چ بە ئاماژە بێ، دەنگی ئاوازێ، وێنەیەک، تەنانەت ئەگەر نەخش و وێنەیەکی ڕاوی کردبێت، کەواتە مەبەست لە نامە هەر لە دێر زەمانەوە تا ئەمڕۆ هەبووە و بە هەموو جۆرەکانییەوە پەرەی سەندووە، بۆیە مێژووی نامەش وەک بەشەکانی دیکەی ئەدەب، ڕیزبەندی خۆی هەبووە. نامەش چەندین نموونەی هەیە وەک: وەسیەتنامە، نامەی فەرهەنگ شوناسان، ڕەوتی نامە، نامەی هونەری، هەروەها کتێبیش دەگرێتەوە وەکو (شانامە)، (مورس نامە)، (بازنامە) لە زمانی پەهلەویشدا (نامەک Namak) لە (نام)ەوەیە، کە نووسراو نامە گۆڕینەوە دەگرێتەوە، هەروەها لە پەهلەویدا (کەتا Kata) فەرمان (نامە). دەگرێتەوە. هەرچەندە لەسەر جۆر و شێوەکانی نامە بنووسرێت ئەم بابەتە بە دەیان کتێب و نامیلکە تەواو نابێت، بۆیە بابەتەکە لەسەر نامەی شیعرییە، بەتایبەتی ئەو نامە شیعرییانەی کە بۆ مەولەوی زانا و فەیلەسووف و عارفی ڕەبانی هاتوون، لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکەم بۆ ئەوەی بزانین، کە نامە بە شیعر چەند ڕۆڵێکی کاریگەری لەنێوان شاعیرەکانماندا هەبووە.

نامەنووسین بە شیعر بیرو هزرێکی زۆر قووڵی دەوێت، لە جۆرەکانی نامەی دی جیاوازە وەک نامەی ئاسایی، یان وەسیەتنامەو...تاد، نامەی شیعری لەنێوان دوو شاعیردا زیاتر دەبێت، واتە پێوەندی ئەو دوو شاعیرە هەست و بیرو ئەندێشەی خۆیان بۆ یەکدی دەردەبڕن، هەروەها نامەگۆڕینەوە بە شیعر ماندووبوونێکی زۆری دەوێت، چونکە ڕادەربڕین، یان نامەنووسین ئەوەندە کارێکی سانا نییە، بۆیە دەبێت ئەو کەسەی کە نامە بە شیعر دەنووسێت دەبێت ئاگای لە چۆنیەتی نووسینی ئەو نامەیە بێت. نامە بە شیعر وەک نامەکانی مەولەوی بۆ شێخەکانی (بیارە- تەوێڵە) پیاو ماقووڵانی جاف و شێخەکانی تەریقەی قادری، وەڵامدانەوەی ئەوان بۆ مەلەوی، کە زۆربەی زۆریان نامەیان بە شیعر بۆ

نووسیوه. ئەو شاعیرانە، یان ئەو کەسانە کە نامەیان ناردووە، بە گوێرەی توانای خۆم هەوڵم داوە دەقی ئەو نامانە وەک خۆیان لێیان بکۆڵمەوە، هۆی ناردنی نامەکان چۆن بووە؟ دیارە سۆز و خۆشەویستی بەرانبەرە، لەنێوان هەردوو نامەنووسەکەدا، چوون یەکە، بۆیە کاریگەریی هەردوولا لە نامەکاندا ڕەنگ دەداتەوە، ئەمەش نیشانە و بەڵگەی زیندوویی هەردوولا بەشێوازی دەردەکەوێت. شیرینی زمانی ئەدەبی هەورامان هەر لەمێژەوە، لە سەدەی چواردەمەوە تا سەدەی نۆزدەم زمانی فەرمی ئەمارەتی ئەردەڵان بووە، لە هەندێک ناوچەی کوردستانی خوارووشدا وەک زمانی ئەدەب بڵاو و باوبووە، بۆیە نامەی شیعری بەم شێوەیە بۆ یەکدی زۆر باوبووە.

هەرچەندە بابەتەکە لە بواری ئەو نامانەیە، کە بە شیعر بۆ مەولەوی هاتوون، بەڵام وەک پێویست ئاماژەیەک دەخوازێت، کە مەولەوی وەڵامی ئەو دۆست و شاعیر و خۆشەویستانەی بەنامە داوەتەوە، یان نامەی شیعری بۆ ناردوون. زۆربەی دیوانەکەی مەولەوی (٨٨) غەزەلە، کە دەکاتە ٤١٪ی سەرجەمی غەزەلەکانی (٨٥٠) بەیتن، بە نامە ناردوونی، دیارە ئەمەش توانا و بیر و فەلسەفەی ئەو شاعیرە دەردەخەن، کە لە نووسینی نامەی شیعریدا چەند بەتوانا بووە، دەتوانم بڵێم! هیچ شاعیرێک لە کوردستاندا بە قەدەر مەولەوی نامەی شیعری نەبووە. جارێک لە جاران شێخ سیراجەدین گلەیی لە مەولەوی کردووە، وەک جاران دۆستایەتییەکەی گەرموگوڕ نییە و بێ مەیل بووە. لە هەمان کاتیشدا دڵساردی ڕووی داوە. هەمیشە مەولەوی پشتوپەنای هاو زێد و فەقیر و هەژاران بووە.

نموونەش بۆ ئەمە لەو کاتەی کە مەحموود پاشای جاف ڕوتبەی پاشایەتی لە ئەستەنبوڵەوە بۆ دێت، ڕۆژێک مەولەوی لەسەر مەسەلەیەک دڵی لێی دێشێت، واتە زویر دەبێت و نامەیەکی بە شیعر بۆ دەنووسێت، پاشا ئەگەر تۆ بەوەوە دەنازیت کە لە مەحموود بەگییەوە بووی بە مەحموود پاشا، منیش بەوەوە دەنازم کە هەر مەولەوی بووم و هەر مەولەویش دەبم، ئەو نامانەی مەولەوی، تەشبیهاتی، بێ جێگا نەبووە، لە نامەکانیشدا زمان پاراوی و ڕەوانبێژی جوانی بایبس و وشەیەکی دی لە بری چەند وشەیەک بەکارهێناوە وەک:

**مریا ئەو شۆنت دڵ نە پەنهاندا**
**چوون ئیسم (ڕەحیم) وەشۆن (ڕەحمان)دا**

واتە وەک چۆن ناوی (ڕەحیم) لە (بسم الله الرحمن الرحیم)دا دەڕوانێ بەدوای (ڕەحمان)دا، ئەم شیعرە نەزاکەتێکی جوانی تێدایە، چونکە مەولەوی خۆی ناوی (عبدالرحیم) بووە، ئەو کەسەش ئەم پارچە شیعرەی بەسەردا هەڵداوە، ناوی (عبدالرحمان) بووە.

ئەو شاعیر و کەسە ناودارانە، کە نامەیان بۆ مەولەوی نووسیوە، زۆر چاک کەسایەتی (مەولەوی)یان بەرز نرخاندووە، یان زۆربەیان لە سەردەمی فەقێتی ئەم مرۆڤە مەزنەدا هاوتەمەنی بوون، بەباشی (مەولەوی)یان ناسیوە، بۆیە زۆر لە گیانێکی سالکی و عیرفانانە، ئەو نامانە بۆ مەولەوی هاتوون.

جا نامەکان نامەی ئاسایی بووبن، یان نامەی شیعری و پەخشانی، دیارە شێوازی نامە ناردن، یان نامە گۆڕینەوە خاڵی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە:

**نامەی یەکەم:** لەخاڵەی کۆماسییەوە بۆ ئازیز و هاوڕێی گیانی بەگیانی مەولەوی، ئەحمەد بەگی کۆماسییە، دیوانێکی شیعری بە هەورامی هەیە و خاڵەی کۆماسی زۆرجار نامەی شیعری بۆ مەولەوی نووسیوە، کاریگەری مەولەوی بۆ شاعیرانی هاوتەمەنی بە ئەندازەیەکی یەکجار کاریگەرە، ئەم شاعیرە واتە خاڵەی کۆماسی قرچکەی دەروونی، بەرزبوونەوەی بۆ پڕوزی جەرگی، لەو ساتەوەختەدا ئەم نامەیەی بۆ مەولەوی ناردووە ڕێگاوبان زۆر نەبووە، خاڵەی کۆماسی شەماڵی کردووە بە پەیامبەر بۆ ئەوەی هاوار و نەعرەتەی بگاتە مەولەوی، هۆکەشی ئەوە بووە کە خاڵەی کۆماسی لە تەمەنی پیریدایە و دیارە لە سەردەمی پیریدا بیری لاویەتی و گەنجیەتی وەبیر دێتەوە، هاوار لە شەماڵ دەکات، شنەی شەماڵ نامەکەم بە زوویی بەو ئازیزەم بگەیەنە، بەڵکو فریام بکەوێت، ئەمەش دەقی نامەکەیە کە دەڵێت:

**(ئەو بۆ پڕوزی وە مەلاڵەوە**
**یاوان وەلای تۆ جە شەماڵەوە**
**ئانە بۆ پڕوز و سفتەی جەرگمەن**
**مالومەن مەعدووم وادەی مەرگمەن)**

**نامەی دووەم:** ئەم نامەیان مەلایەکی ئایینی پایەبەرز بۆی ناردووە. نووسینی نامە لە ڕووی نووسین و دەربڕین و فۆرم و ناوەڕۆکەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی جیاوازە، هەڵبەتە ئەم نامەیەی مەلا (نیزام) دەردی دووری، مەلا بۆ مەولەوی دەردەبڕێت، لەبەر ئەوەی جوانی مرۆڤایەتی لەناو دڵی مرۆڤەکاندا بەدی دەکرێت، هەردووکیشیان لە واتای دۆستایەتی گەیشتوون، لەلای

مەولەوی بۆ شاعیرانی هاوتەمەنی خۆی لە هەمان کاتدا ئەو شاعیرانەش بۆ مەولەوی پلەی مرۆڤایەتی لە تای تەرازووی بەراورددا بووە، واتە هەرچەندە لە یەکـــدی دووریش بووبن، بەڵام دڵیان لەگەڵ یەکدا هاوتا بوون وەک دەڵێن (دڵ ئاوێنەی دڵە)، تەماشای ئەم نامەیەی مەلا (نیزام) دەکەین، لەنامەکەدا هەوڵ دەدات یەک بگرنەوە و بۆ جـــارێکی دی چاوی بە مــــەولەوی بکەوێتەوە، هەردەم دیمەنی مەولەوی لە چاو ون نەبووە و عیشقێکی عیرفانی و جوانی لە نامەکەدا بەدی دەکرێت.

ئەمەش چەمکی نامەکەیە، کە دەڵێت:

**(دڵەی دیوانەم هیمەتش واستەن**
**ئامان ها ئامان، تەن وەجا ئاستەن**
**چوون کەفتەکاران دڵ ئەو شۆن تۆن**
**بەند وەتای ڕشتەی وەی وەهون تۆن**
**تەن چوون سیاسەنگ نە هەورامانەن**
**پاشکستەی دەرد دمای یارانەن)**

**نامەی سێیەم:** لەم نامەیەدا میرزا ئەولقادری پاوەیی ئەم چوار بەیتــەی بۆ مــەولەوی ناردووە، لەو کــاتەدا مەولەوی لەماڵی حاجی بەگی کوڕی وەسمان پاشای جاف دەبێ، باسی میرزا ئەولقادری پاوەیی دەکرێت، مەولەویش دەڵێت: بۆ ئەوەی باوەڕتان بەوە زیاتر بێت، کە میرزا شاعیرێکی باشە، من ئەو دوو دێرەی بۆ دەنووسم، لە وەڵامــدا ئەوەمــان بۆ ڕوون دەبێــتــەوە، هەرچەندە مەولەوی لە ڕووی تەمەنەوە لە میرزا گەورەتر بووە، بەڵام مەولەوی گوێی نەداوەتە گەورە و بچووکی، بۆیە چەندان جار سەردانی یەکدییان کردووە، ئەمەش دەقی نامەکەیە، کە دەڵێت:

**(هەوای بادەی نۆ سەڵتەنەت وەردەن**
**تاجی کافووریش ئامادە کەردەن**
**هاوەختەن شەوێ جەشیرین خاوان**
**بنیۆش نە فەرق قولەی سەر کاوان**
**هەر وەختێ مەیۆ هەوای تۆ سەرد**
**سەنگ مەبۆ بە ئاو مەبۆ بە بەرد**
**هەر وەختێ مەیۆ هەوای ستێزە**
**میر جەموغان مەکەرۆ ڕێزە)**

**نامەی چوارەم:** ئەحمەد پرسی شاعیر و پیاوێکی خواناس و مرۆڤ دۆست بووە، دیارە لەلای شاعیران دڵداری خاوێن و عیشقی خاوێن و نزیکبوونەوەی خانەوادەی چاک، لەو خانەوادانە کە بەناوبانگن، مەولەوی حەزی لە خوشکی ئەحمەد پرسی کردووە کە ناوی (لەیلا) بووە، بەڵام لەیلا شووی کردووە، خاڵەی بەمەی نەزانیوە، کە مەولەوی شەیدای لەیلا بووە، بەڵام کار لەکار ترازاوە، بۆیە مەولەوی دەیەوێ (بەهیجێ)ی خوشکی ئەحمەد پرسی بخوازێ، مەولەوی نامەیەک بۆ ئەحمەد پرسی دەنووسێ، کە لەیلێ نەبوو بە قسمەت، با بەهیجێ ببێتە هاوسەرم، ئەحمەد پرسی بەم بەیتە شیعرییە وەڵامی مەولەوی دەداتەوە و دەڵێت:

**(قسمەیێ ئەکەی بێ ڕێ و جێ بێ**
**تۆ کە مەجنوونی چۆن بەهیجێ بێ؟)**

**نامەی پێنجەم:** (بولبول) یەکێک بووە لەو شاعیرانەی سەردەمی مەولەوی، دیارە، بولبولی شاعیر حەز لە خوشکی مەولەوی دەکات، بەڵام ڕاز و نیازی لەلای مەولەوی نەدرکاندووە، بۆیە ئەو خوشکەی مەولەوی بۆ ئەم شاعیرە نابێت، لە ئەنجامدا بولبولی شاعیر دوو نامە بۆ مەولەوی دەنێرێت و لە نامەکاندا گلەیی زۆر لە مەولەوی دەکات، بەڵام مەولەوی گوێی نەداوەتێ، داواکەی بولبولی فەرامۆش کردووە، بۆیە مەولەوی بەسەرخۆش دەداتە قەڵەم، واتە مەولەوی ئاگای لە عاشقان نییە، چونکە سەیادی ڕاستی، یان عیشقی دڵبەری لەلای بولبولەوەیە، دیارە ئارام هۆشی ناسک نازدارێ، باڵانە و هاڵێ، دەروونی قیاسی نە پێوانەی ڕاستییەکان لە نامەی یەکەمدا وەڵام نەبووە. بۆ جاری دووەم وەک داواکـــارێکی بەردەمی دادگـــا هاوار لە مەولەوی دەکات و دەڵێ خۆم دەزانم ئەدەب پێویستە، بەڵام تۆ گفتی بەدکاران دەکەی، تۆ بێ مەیلی جارانت فەرامۆش کردووە، تۆ خۆت باکت نییە، ئیدی گوێ نادەیتە ئاهو حەسرەتی خەم کێشانی وەک ڕووی دووکەڵ بەرزە ئاسمانان، بەڵام بولبولی بۆ وا خۆت هەراسان کرد، تۆ تاقە گوڵی خۆتت نامۆ کرد. نامەی دووەمی بولبول (١٤) دێرە کە بۆ مەولەوی ناردووە، بۆیە ئێمە (٥) دێرمان لەم باسەدا بڵاوکردەوە، نامەکەش بەم شێوەیە دەڵێت:

**(سەرشار سەرخۆشی مەیخانەی (الست)**
**وە نەشئەی مینای دەس ساقی مەست**
**پا بەستە بە قەید سەییادی مەعنا**
**فارغ نەسوورەت فیرقەی لا یوعنا**
**سینە خەزاڵەی نازک خەیاڵان**
**نازک تەر جەناز نازک نەوهاڵان**
**شێویای شانای شیرین ئەتواران**
**شەریک تالی و شادی خەمباران**

**ڕاستەن نەتیجەی قیاست سەختەن
مودەعام ئیلزام خەستم بەدبەختەن).**

**نامـەی شـەشـەم:** مـەولەوی ئەوەندە بە تـەنگ هەژار و نەدارەکـانەوە هاتووە، هەردەم پشـتـوپەنای لێقـەوماوان بووە، ئەم نـامـەیە مـەحـمـوود بەگ بۆی ناردووە، ئەم مەحموود بەگە، خزمی مەحموود پاشای شان بووە، کە هەردووکیان دۆستی مەولەوین، مەحموود بەگ ئەم پارچە شیعرەی لەم بارەیەوە بۆ مەولەوی نووسیوە. لە سەرەتاوە باسی ئاژاوەی محەمەد پاشای سەردار دەکات، لە بارەی سـووتاندنی چرۆسـتـانە، بارکـردنی (مـەولەوی) لەگـەڵ خەڵکی دەوروبەردا بۆ شەمێران، دەوار هەڵدانیان لە (وڵ بەر)، پاشـانیش باسی ژنێکی دەنگ خـۆش دەکات، کە ناوی (تاوس)ە لەناو زەمـاوەندا گـۆرانی دەڵێت؛ دیارە لەو سەردەمەدا ئافرەت سەربەستی تەواوی هەبووە، بۆیە لەنامـەکـەدا باسی (تاوس) خـانم دەکـات، کە چۆن ئەو زەمـاوەندەی بە دەنگی زوڵاڵی ڕازاندووەتەوە؟ هەروا لە هەمـان کـاتدا باسی خـۆشی و ناخـۆشی دەکـات، لەبەر ئەوەش (مـەولەوی) هەردەم کـێـشـەی خـەڵکی چارە کـردووە، بەڵام نامـەکـە لە ڕووی ڕوخسـار و ناوەرۆکەوە لەتای تەرازوودا چوون یەکە، ئەمەش چەمکی نامەکەیە کە دەڵێ:

**(شهالا عمر أفزائی و جان بخش
که هستی چون دم عیسی روان بخش
سیه أبر تو چون سیماب گردد
زفرت کوه برفین آب گردد
کەدارم عرضەأی ای دل نوازم
تحمل کن که بنده عرض سازم...)**

**نامـەی حـەوتەم:** ئەم نامـەیە (شـێخ سـیـراجـەدین) بۆ (مـەولەوی) ناردووە، کـە دووەم نامـەی (شـێخ)ە، ئەم نامەیەی زۆر بە زەریفی و زمانێکی پاراو نووسیوە، بەڵام بە زمـانی فـارسی، وا دیارە ئەو سـەردەمـەش زمـانی فارسی، شان بە شانی ئاریزانتەکان برەوی هەبووە، کە بە هەورامانی ئاخافـتنیـان کردووە، ئەمەش دەقی نامەکەی شێخ (سیراجەدین)ە، دەڵێت!

**(خلق در أوضاع و اندرکار من
هرکس أز ظن خود شد یار من
چشم بیرون برقیاس خودگشاد
از درون من بجست اسرار من)**

خووڕەوشتی خۆشەویستی، شایانی مەولەوییە، چونکە مـرۆڤـێکی پاکی وەک مـەولەوی، کـە لەسـەرتاسـەری زانسـت و زانیـاری لە سنگی ئەم مـرۆڤـە مـەزنە کۆبووەتەوە. دیسان شێخ دەڵێت:

**(گر گزندت ز خلق مرنج
که نه راحت رسد ز خلق نه رنج
بهر پرده که بینی پردکی أواست
قضا جنبات هردل بروکی أواست)**

(لا تنکر البـاطل فی طوره، فـأنه بعض ظهـوراته، و شأن من شؤونه، وحیثه من حیثیاته) ظرفرا گذاشته، بین آنچه در ظروف است، که آسایش دوگیتی تقسیر این دو حرف است، با دوستان مروت با دشمنان مدارا، عامل به این مضمون که دری است در صدف مکنون، أسپ طربرا بدواند، و خـود را به منزل برسـاند، چنان با نیک و بد (عرفی) بسر برکز پس أز مردن مسلمانت بزمزم شوید و هندو سوزاند) والسلام

عوسمان النقشبندی

بە نیـشـانەی ئەو پارچە شیـعـرانەدا، کە مەولەوی بۆ شێخ عوسمانی سیراجەدینی نووسیون، دیارە کە ئەویش نامـەی زۆری بۆ ئەو نووسیـوە، بەڵام بەداخـەوە تائێـسـتـا هیـچ کـام لەو نامـانە بەدەست نەگـەیشـتـوون، هەر بە وەڵامـەکـانی (مـەولەوی)دا گـەڕانەوەیەک بۆ باسی ئەو نامـانە دەبێت، شـاری تەوێڵـە- چەمی دزاوەر، دەرەی تەرتیـبا، چلەخانە، خـانەقا، چلانەی چل کناچا، بەڵام نازانم نامەکانی شێخەکانی هەورامان بە زمانی فارسی نووسراون!

**نامـەی هەشتەم:** شێخ عەبدوڵڵای داخی، کە نامەکەی مـەولەوی دەگـاتە دەستی، بە پارچە شـیـعـرێکی زەریف وەڵامی دەداتەوە. هەڵبـەتە شـێخ عـەبدوڵڵای داخی ڕۆڵێکی کـاریگەری لە جیـهـانی ئەدەبدا هەبووە، دیارە نامـەنووسین بە تایبەتی بە شـیـعر لەو سـاتەدا گـرنگی و بەها و پلەوپایەیەکی هەبووە، لە وەڵامـدانەوەی نامـە بۆ شـاعـیر، یان بۆ ئەو کـەسـەی کە نامـەی بۆ دێت، بیـرو سـۆزی دیاری دەکـات. ئەوەش وەفا و ڕوحی هەردووڵا بە نەمری دەهێـڵـێـتـەوە، جگە لەوەش نامـەنووسین بەڵگەی زیندوویی هەردووڵا بۆ مێژوو تۆمار دەکات، ئەم نامەیەی شێخ عەبدوڵڵا زۆر شێـوازی ڕۆمـانتیـکی بەکـارهێناوە، هەروەها شێوە داستانێکی تێدا بەدی دەکرێت. نامەکە لە ڕووی نـاوەرۆک و ڕوخـسـارەوە نامـەیەکی واتادارە، هەروەها نـامـەکـە دیمەنی وێنەیی دەنوێنێت، واتای نامەکەش شاعیر هەست بە تەنیایی دەکات، وەک لەناو

خاری دڕکدا، له پڕ خونچەیەک بەکراوەیی ببێ بە گوڵ و دەردی دووری و نامۆیی لە هەستێکی پڕ ئاهی ساردەوە، بۆ جۆش و خۆشەویستی بەهاتنی نامە دەروون دەحەوێتەوە، تەنیا (٥) دێڕ لەنامەکە دەنووسینەوە، کە دەڵێت:

**(تەسکین بەخشی دەرد (داخی) داخ نەدڵ**
**داماو وەهوناو ڕیشەی دڵ گوڵ، گوڵ**
**یەک ڕۆ چەم نە چەم گرەو بەردەبێ**
**سەیل خەم یانەم ویران کەر دەبێ**
**نیشتەبیم چوون تەیر دوور وامەندە گوڵ**
**پەشێوخاڵ خەمناک چوون سازەوەی دڵ**
**ئاگا دەوای دەرد دەروون پڕ خاران**
**نۆش داروی زامان زامەت ئەو گاران**
**یانی نامەکەی خامەی خەم ڕەقەم**
**مەنزومەی مەعدووم چەنی خەم هەم دەم..)**

**نامەی نۆیەم:** ئەم نامەیە (مەحروومی)ی شاعیر بۆ مەولەوی ناردووە، کاتی خۆی (خانای قوبادی)، کە خاوەنی شیرین و خوسرەو، مەحرووی شاعیر لە شیعردا بەربەرەکانێی (خانا)ی کردووە، چوار بەیتە شیعرەکەی (مەحرووم) کە هی خۆی بوون، لەگەڵ دوو بەیتەکەی (خانا) بە نامەیەک بۆ مەولەوی ناردوون، تاوەکو مەولەوی بڕیار بدات کام لەو شیعرانە لە ڕووی واتای ئەدەبییەوە بەرزن، دیارە مەولەویش دوای خوێندنەوەیەکی ورد، هەردوو پارچە شیعرەکە بە جوانی هەڵدەسەنگێنێت، لە ئەنجامدا مەولەوی وەک دادوەرێک بڕیاری خۆی دەدات و لە ئەزموونددا، شیعرەکەی (مەحرووم) لە شیعرەکەی (خانای قوبادی) پڕ واتا و بە نرختر دەردەچێت، نموونەی یەکەمیان شیعری (خانا)یە کە دەڵێت:

**(بەرق سەیف ناز ئەبرۆ خەمینان**
**عەکس ماوی خاڵ خورشید جەمینان**
**ئەر بگنۆ وەکۆی قوللەی قەزاڵە**
**مەکەرۆش وەبووڵ سفتەی سەد ساڵە)**

**واتە:** ئەگەر بێتو تیشکی شیری نازی یارانی برۆ و کەوان و عەکسی خاڵی جوانە، ناوچاوی وەک ڕۆژ بدات لە قوللەی کێوی قەزاڵە، دەیسووتێنێ وەک خۆڵە کەوەی سەد ساڵە. مەحرووی شاعیریش دەڵێت:

**(بەرق برقەی ناز عیشوە فرۆشان**
**چەخماخەی لەنجەی تەلانەگۆشان**
**بزیسکەی نیگای دیدە شابازان**
**بریقەی غەمزەی شەکەرین ڕازان**
**ئەر بگنۆ وەسەنگ جای تەجەللای نوور**
**مەکەرۆش وەگەرد چوون سوورمەی کۆی توور**
**(مەعدووم)، ڕاس (خانا) سۆزان عەشق بێ**
**کەی وێنەی (مەحرووم) هەر عەشقش بێ)**

**واتە:** ئەگەر بێت و شەوق دانەوەی چارشێوەی نازدارە ناز فرۆشەکان و چەخماخەی لەنجەولاری گوارە زێڕینەکان و تیشکی یارە چاو بازەکان و برقەی ئیشارەتی شیرین گوفتەکان، لەجیاتی نووری خودا بدات لەبەرد، وەک بەردە سووتاوەکانی کێوی توور دەیکات بە خۆڵ، (مەعدووم) ڕاستە خانا، سووتاوی عیشق بووە، بەڵام کەی هەمیشە وەک من مەشقی عیشقی کردووە، دیارە ئەدەبی بەراورد، ڕاستە دوای لە دایکبوونی شیعر هاتووەتە مەیدانی ئەدەبییەوە، بەڵام کە دەقی چاک هەبوو ئەوە ڕەخنە لەو مەیدانەدا دێتە کایەوە. هەر بۆیە مەولەوی، وەک ڕەخنەگر هەم وەک دادوەرێکی ئەدەبی بەراوردکار، لەو دوو دەقە شیعرییەدا دادی خۆی داوە وەک ڕەخنەگرێک. لە هەمان کاتدا ئەوەش یادکردنەوەیەک بووە، کە (مەحرووم) وەک شاعیر نامەی ئاراستەی مەولەوی کردووە، لە هەمان کاتدا وای نیشان داوە، کە (مەحرووم) هاوتەمەنی مەولەوی بووە.

**نامەی دەیەم:** هەرچەند لە سەرچاوە و کانزاکان وردبینەوە، ئەوەمان بۆ دەرەخسێ، کە مەولەوی زۆر برادەر و دۆستی هەبووە، ئەو برادەر و دۆستانە زۆربەی زۆریان نامەیان بۆ مەولەوی نووسیوە، ڕاستە مەولەوی خۆشەویستی شێخەکانی ڕێبازی نەقشبەندی بووە، بەڵام ئەوەندەی مەولەوی نامەی بۆ شێخەکان نووسیوە، وەک پێویست ئەوەندە شێخەکان نامەیان بۆ ئەم مرۆڤە ڕوحییە نەنووسیوە، زۆری سەرچاوە و کتێبخانەکانیش گەڕاوم بۆ ئەوەی زیاتر لە بارەی ئەو نامانەی کە بۆ مەولەوی هاتوون، ئەوەندە وەک وەڵام نامە نەهاتوون، لەگەڵ ئەوەشدا مەولەوی لە زانستەکانی ئاییندا ئەوەندە زانا و شارەزا بووە، خەڵکی دیکە ئەوەندەی مەولەوی شارەزا نەبوون، هەر دۆستێکی بەسەرهاتی بەسەردا هاتبێ، مەولەوی بێ سێ و دوو نامەی بۆ نووسیوە، یان نامە بە پەخشان، وەک؛ نامە فارسییەکانی، یان نامە بە شیعر چ بە کوردی، چ بە عەرەبی، یان نامەی ئاسایی، هەریەکە لەو نامانەش بوار و هونەرێکی زمانی پاراویان تێدا بەدی دەکرێت. دیارە هەناسە و گڕ و کڵپەی مەولەوی چ لە بارەی نامەی شیوەن (چەمەری)، یان نامەی خۆشی،

یان ئەو نامانەی کە بۆ هەر بۆنەیەک هەبووبێ، مەولەوی بە خـامـەی ڕەنگینی ئەسـپی خـۆی تاو داوە، لە لاپەڕە (٢٧) گـۆڤـاری ڕامـانی ژمـارە (١٤)دا هاتـووە: (خـەم و پەژارە و فرمـێسک و ژانەکانی (مـەولەوی) نەک زادەی سۆز و عاتیفەی ڕووتن بە تەنیا، بەڵکو زۆر جار هۆش و ئامـێزن..) لە یادی مەردانـدا لە لاپەڕە (٤٥٧- ٤٥٨) هاتـووە: (حوسامولسەلتەنە برای فەرهاد میـرزا و مـامی ناصـر شـا و نازناوی مـیـرزا بووە، لە (١٢٩٣)ی کۆچییەوە تا (١٢٩٥) حوکمڕانی ناوچەی کرماشان و سنە و دەوروبەر بووە. ئەمیش وەک فەرهاد میرزای برای زانا و ئەدەب نووس بووە. زۆرجار لەگەڵ (مەولەوی)دا نامەیان بۆ یەکدی نووسیوە، نامەیەکی بۆ مەولەوی نووسیوە، ئەم دوو بەیتەی بە فارسی بۆ تێدا نووسیوە و دەڵێت:

**«ای تو زاتت همچون زات مولوی**
**وی کلامت چون کلام مثنوی**
**سلملنت را بشد ستم چون حیسام**
**أندرین دوران حیسام الدین توی»**

پوختـەی نامـەکـە ئەوە دەگـەیەنێت، مـەولەوی وەک شاعیرێکی بە توانا، شیعری بە نامە بۆ میرزا نووسیوە. میـرزاش دەڵێت: (تۆ خۆت سەڵتەنەتت وەک من وایە، هەروەها حسـام الدین هەر تۆی...) هەرچەندە ئامـاژەم بەوە داوە ئەگـەر یەکێ خـۆشـەویسـتی یەکـدی نەبێ، شێـوازی نامە گۆڕینەوە دروست نابێ، نامەنووسینیش ئەوینی بێ گەردی دەوێت.

**نامـەی یازدەم:** ئەم نامـەیەی ئەحـمـەد پرسی کـە بە (مەجزووب) ناسراوە لەنێوان ئەم دوو شاعیرەدا، نامەیان بە شیعر بۆ یەکدی ناردووە، لە نامەی یەکەمدا بە یەک دێر وەڵامی مەولەوی دەداتەوە، کە (بەهیجێ) نەبووە! بۆ مەولەوی، لەنامەی دووەمیدا دیارییەک بۆ (مەجزووب) دەنێرێت، مـەجزوویش سـەوقـاتەکەی زۆر بەلاوە خۆش بووە. کـە ئەویش (عـەبایەکی) هاوینە بووە، لە دیوانی (مـەولەوی)دا ناوی دۆسـتـەکـەی نەهێناوە، لەلاپەڕە (١٤-١٥) دەقی وەڵامـەکـەی مـەولەوی هەیە، بەڵام (مـەجزووب) لەلاپەڕە (٥٢)ی دیوانەکەیدا، زۆر چاک وەڵامی مەولەوی دادەتەوە بەو سەوقاتەی کە بۆ ئەحمەد پرسی ناردووە، ئەمەش دەقی نامەکەیە کە دەڵێت:

**«عەبام کیاستەن تان و پۆ بێ عەیب**
**سەوقاتەن پەی تۆی (رجال الغیب)**
**ورازیان وە زولف نەوعەروسی دڵ**
**بۆش گیرتەن تەناف ئاهوی نەسا سڵ**
**هەر تاڵەیش زیڵەی سەمتووریێ دارۆ**
**هەر ناڵەیش نامێ دڵبەر مەشمارۆ**
**هەر شەو وەمەخفی زیکر لەیل مەکەی**
**مامت وەصەبای مۆیەت کەیل مەکەی**
**ناڵەی بێ صەدات نەسەقفی گەردوون**
**بەرمەشۆ، مەشۆ وەکۆی فەنابوون**
**ئەوساتە وەختە (مەجروب)ت ویریۆ**
**با ئێمەیچ دڵمان هەدەفی تیریۆ»**

**نامەی دوازدەم:** مـەلا عیـسـای جوانڕۆیی، مامۆستای (مەولەوی) بووە، واتە لە کاتی فەقێیەتیدا، مەولەوی لەسـەر دەسـتی ئەو خـوێندوویەتی، مـەلا عـیـسـا بەم شیعرەی خوارەوە داوا لە (مەولەوی) دەکات، کە تاقیبی کچێکی بۆ بکات بە مەبەستی ئەوەی ئەگەر شایانی ئەو بێ بیـخـوازێت و ئامـۆژگـاری (مـەولەوی) دەکـات پێی دەڵێ (یارۆ) کـە جـێناو بۆ ئەو کـچـە کـە مـەلا عـیـسـا دەیەوێت ببێت بەهاوسەری. کـەمـێک لەو نامـانە و ئەو شاعیرانەی کە هاوتەمەنی مەولەوی بوون باس دەکەین، ئایا ئەو هەمـوو شاعیـرانە، نامـەیان بۆ مەولەوی ناردووە هاوتەمـەنی مـەولەوی بوون؟ حـەکـیم مـەلا صـالح لە مـەولەوی و تەقـینەوەی زمـاندا هاتـووە: (مـەهجـووری، صەیدی دووەم، مەلای جەباری، خالۆی کۆماسی، شێخ یووسـفی نۆسـمـە، مـەحـرووم، داخی. فـەخـرول عـولەمـا (حـەیران) شـێـخ عـەزیزی جانەوەر، کـەیخـەسرەو بەگی ئیـمـامی، عـەبدوڵڵا بەگی شـەرف بەیانی، مـیـرزا عـەبدولقـادری پاوەیی، شـێخ عەبدولڕەحمـانی جانەوەر، میرزا یەعقووبی جاف، خەستەی خانەگایی، مەلا نیظام، حاجی مەحموودی یار وەین، ئەحمەد پرسی (مەجزووب) بولبـول، مـەلا ئەحـمـەدی نۆدشـەیی، مـیـرزا مـحـەمـەدی مـیـراودەلی، یووسف بەگی شـەرف بەیانی، مـەلا وەڵەد (خـان) ئەو شـاعـیـرانە هاوتەمـەنی مـەولەوی بوون و ژمارەیان (٢٣) شاعیرە. دیارە مەولەوی نامەی زۆری بۆ ئەو شاعیر و کەسە ناودارانە ناردووە، بەڵام بەهۆی بژێوی ژیان زۆربەی دەستخەکانی ئەو شاعیرانە لەناو چوون، بە هەر حـاڵ ئەمـەش دەقی نامـەکـەی مـەلا عـیـسـای (جوانرۆی)یە، کە دەڵێت:

**(ڕۆڵە بزانە ڕۆڵە بزانە**
**ئەحواڵی یارۆ پەریم بزانە**
**هەم جەخوێشانت، هەم جەبێگانە**
**پرسە بزانە ئەو جەحەکانە**

**خاسیش، خراپیش ئەتوارش کالاش**
**پەسنی قامەتش بلّندی بالاش**
**ئەحوالّش پەریم تەحقیق بکیانە**
**مەکەرە درۆ، مەدەر و یانە**
**خاس، جەلات خاس بۆ، خراپ خراپ بۆ**
**تا واتەت قبولّ أولوا الالباب بۆ**
**با کەس نەزانۆ بە گفتوگۆمان**
**نەشۆ بە عەبەس گشت ئابروومان**
**هەر کەس عاقلّەن ئیشارەت وەسەن**
**چەنی جاهیلان واتەی عەبەسەن**
**ئەگەر عاقلّی ئایەت ببینە**
**الطیبات للطیبین)ە**

**نامەی سیازدەم:** ئەم نامەیە لە لایەن شێخ عوسمانی تەوێڵــەوە، یان (شــێخ ســیــراجــەدیــن)ەوە نێــردراوە، سیراجەدین هاونامەی دووەمی شێخ عوسمانە. نامەکە ئەوەمــان بۆ دەردەخـات، کـە مـەولەوی مـاوەیەکی زۆر سـەردانی شێـخی نەکـردووە، یان نـامـەی بۆ نەناردووە. سەرەتای نامەکە بەیتی یەکەمی هی شاعیری زمان پاراو (بێسارانی)یە، بەیتی دووەمی لەوە دەچێ کە شێخ خۆی فەرمووبێتی، لەو سەردەمەدا مەلاکان لە حوجرەکاندا زۆر بایەخیـان بە خـوێندنەواری داوە، بۆیە دێڕە شـیـعـرەکـە ئاماژە بەوە دەدات، یان مەلا نەماوە، یان کـاغـەز براوە، مەگەرنا بۆچی مەولەوی نامەی دیار نییە؟ یان مەولەوی لە بیـرت چووە نامـەنووسین بۆ دۆسـتـان، غـەمگین و دلّ تەنگ مەبن، چونکە خوای گەورە کەس بێ خاتر ناکات، لە هەورامـاندا بە مـەلا دەلّێن: (مـەلاّ) واتە بۆ لامـەکـە (٧)ی بۆ دادەنرێت، چونکە فـۆرمـەلەی هەورامـان ئەوە دەخـوازێت، ئەمـەش نامـەکـەیە، کـە شـێخ بۆ مـەولەوی نووسیوە و دەرفەرمووێت:

**«یا کاغەز بریان، یان، مەلاّ مەردەن**
**یاخۆ عارد تەن دۆس وەیاد کەردەن**
**غەمگین مەنیشە غەم بدەر وەیاد**
**فەلەک نمازۆ کەس وەخاتر شاد)**

لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ئەو بەیتەی کە بێسـارانی فەرموویەتی، بەهەلّە چاپ کراوە. ئەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی بەم شێوەیە هاتووە:

**یا کاغەز وریان، یا مەلاّ مەردەن**
**یا خۆ عارتەن دۆس وەیاد کەردەن**

بەلاّم ڕاســتی ئەم بەیتــە لە دیوانی مــەولەویدا وا هاتووە:

**(یاکاغەز بریان، یا مەلاّ مەردەن**
**یاخۆ عارتەن دۆس وەیاد کەردەن)**

لێـرەدا جیـاوازی (وریان) بە واتای خـوارن دێت، بەلاّم (بڕیان) ڕاسـتـترە، چونکە بە واتای کـۆتایی دێت. ئەمە ئەو نامــانە بوون. کــە تا ئێــســتــا بە دەســتی ئێــمــە گەیشتوون، واتە ئەو نامانەی کە بۆ مەولەوی هاتوون.

**سەرچاوەکان:**


**١- مــەلا عــەبدولکەریمی مــودەڕیس، مــەولەوی (دیوان)، محەمەدی مەلا کەریم، حەکیم مەلا سالح، ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی یەکەم، سلێمانی، سالّی ٢٠٠٦ز، ل٢٠٣.**
**٢- مــەلا عــەبدولکەریمی مــودەڕیس، یادی مــەردان، بەرگی دووەم، چاپی یەکـەم، سنە، کـوردسـتـان، سـالّی ١٣٨٥هەتاوی، ل٣٦٣-٣٦٤.**
**٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٢.**
**٤- میرزا ئەولقادری پاوەیی (دیوان) محەمەد ڕەشید ئەمینی، چاپی یەکەم، سلێمانی، سالّی ٢٠٠٨ز، ل١٩٠.**
**٥- مەلا عەبدولکەریمی مـودەڕیس، مەولەوی (دیوان)، چاپی سێیەم، سنە، کوردستان، سالّی ١٣٧٨هەتاوی، ل٣٦٣.**
**٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٣.**
**٧- مــەلا عــەبدولکەریمی مــودەڕیس، یادی مــەردان، بەرگی دووەم، چاپی یەکـەم، سنە، کـوردسـتـان، سـالّی ١٣٨٥هەتاوی، ل٣٨١-٣٨٥.**
**٨- مەلا عەبدولکەریمی مـودەڕیس، مەولەوی (دیوان)، چاپی سێیەم، سنە، کوردستان، سالّی ١٣٧٨هەتاوی، ل٢٨.**
**٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩**
**١٠- سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢- ١٥٣.**
**١١- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٧.**
**١٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٨.**
**١٣- گۆڤـاری ڕامـان، ڕووف عـوسـمـان، لێکۆلّینەوە، عـەنبـەر خـاتوون، لە فـرمـێـسکە نەمرەکـانی (مـەردان)دا، ژمـارە (١٤) هەولێر، سالّی ١٩٩٧ز، ل٢٧.**
**١٤- مــەلا عــەبدولکەریمی مـودەڕیس، یادی مــەردان، بەرگی دووەم، چاپی یەکـەم، سنە، کـوردسـتـان، سـالّی ١٣٨٥هەتاوی، ل٤٥٧- ٤٥٨.**
**١٥- حەکیم مـەلا سالح، مەجزووب (دیوان)، چاپی یەکـەم، هەولێر، سالّی ٢٠٠١ز، ل٥٢.**
**١٦- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، مەولەوی (دیوان)، چاپی سێیەم، سنە، کوردستان، سالّی ١٣٧٨هەتاوی، ل٥٩٤-٥٩٥.**
**١٧- حەکیم مەلا سالح، مەولەوی و تەقینەوەی زمـان، چاپی یەکەم هەولێر، سالّی ٢٠٠٨ز، ل٥٧.**
**١٨- عـەلائەدین سـجـادی، مـێـژووی ئەدەبی کـوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەعارف- بەغدا، سالّی ١٩٥٢ز، ل٣٧٤.**
**١٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٥.**

# دەرکەوتەی دڵخوازی مەرگ


**سەعید سلێمانی**
**(تاران)**



دوو مەسەلە، یان دوو دیاردە هەن کە کورد گوتەنی، ئەوەتا گوێم لێ ڕواون، زەینی منیان بە خۆوە سەرقاڵ کردووە. هەر مرۆڤێک هەندێک هەستی بیرکردنەوە لە لای تۆخ بێت، ڕەنگە دالغە و کەڵکەڵەی لەو شێوەیەی هەبن، بەڵام ئەوەی ڕاستییە لە لای من بوونە بەشێک لە پێکهاتەی زەینم و بەردەوام لەگەڵیاندا ژیاوم و دەژیم تاکو ڕۆژێک یەکیان کۆتایی بە ئەوی دیکە دێنێت.

بیرکردنەوەی بەردەوام و لەڕادەبەدەر لە مەسەلە، یان دیاردەیەکی تایبەت، گرینگییەتی و بایەخداربوونی ئەو چەمکە دەگەیەنێت لە لای کەسی بیرکەرەوە و ئاماژەیە بە ڕادەی کاریگەربی و پێوەندی ئەو مەسەلە لەگەڵ ئەو کەسەدا و لە هەمان کاتدا تەعبیرە لە پێکهاتەی فیکری و ئاراستەی ئەندێشەی ئەو مرۆڤە.

لە هەر حاڵدا ئەوەی کە بەردەوام لە زەینی مندا ترووسکاوەتەوە یەکیان «گەردوون»، یان «کەون» و ئەوی تریشیان «مەرگ» بووە. دواتر زانیم کە «کانت»یش وتەیەکی لەو شێوەیەی هەیە: «دوو شت بە لامەوە سەرسوڕهێنەرن؛ ئەو ئاسمانە پڕ ئەستێرەیەی بان سەرمان و ئەو سستمە ئەخلاقییەی کە لە هەناوماندا جێگیرە.»، ڕەنگە وێکچواندن، یان بەراوردکردنی بیرۆکەی تاکێکی وەک من لەگەڵ وتەیەکی مێژوویی بیرمەندێکی مێژووی فەلسەفە وەک جەفەنگێک بێتە بەرچاو، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە مەبەستی من لێرەدا ئەوە نییە، بەڵکو تەنیا هەڵوێستەیەکە لەسەر هاوبەشیی نێوان کەڵکەڵەی زەینی مرۆڤەکان لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا کە شێوەیەکی ئەزەلی و ئەبەدی بە خۆوە دەگرێت، تەنیا بەو حوکمە کە مرۆڤن و خاوەنی ئەندێشەن، هەربۆیەش دەکرێ بەردەوام ئەم پرس و بیرۆکانە دووپات ببنەوە و لە هەمان حاڵیشدا ئاماژە بەو خاڵە گرینگەیە کە ئەندێشەی مرۆڤایەتی لەسەر پرسە گرینگەکانی جیهان و بوون، تایبەت بە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویی نییە، بەڵکو هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەندێشەوە لە لای مرۆڤ- بەشێک بوون لە پێکهاتەی بیرکردنەوەی ئەو بوونەوەرە و هەتا جیهان و بوونیش بەردەوام بێت، هەروا لە ئارادا دەمێنن.

* * *

مەرگ! وشەیەکی بچووک، بەڵام کۆمەڵێک پرسیاری قووڵ و گرینگ لە هەناویدا خەوتووە، بێ ئەوەی لە ڕوخسارییەوە دیاری بدات، چونکە هەمووا هەست دەکەن کە مردن لە بنەڕەتدا ڕوخسارێکی نییە، هەربۆیەش ئەگەر خاوەنی ڕوخسارێکیش بێت، ئەگەر نەشڵێین هەموو ئەوە لانی کەم زۆربە، خۆی لێ دەپارێزن. لەم جیهانەدا هیچ مرۆڤێک لێی ڕوون نییە کە چ ڕۆژێک دەمرێت، بەڵام وەک تیشکی خۆر لێی ڕوونە کە ڕۆژێک



نیتشە

هەر دەمرێت. خەمی مەرگ ئا لێرەوە سەرهەڵدەدات، لەو حەقیقەتە ناڕوونەوە. دڵەڕاوکێکانی مەرگ لە بیرکردنەوە لەم خاڵەوە دەست پێ دەکەن. مرۆڤ - تا زەمانێک بیری لەم حەقیقەتە نەکردبۆوە و هەستی بە «بوون»ی خۆشی نەدەکرد، بەڵام هەر کە بەم ڕاستییەی زانی، بەوەشی زانی کە کەسێک بە ناوی ئەوەوە لەم گەردوونەدا بوونی هەیە.

لە مێژوودا، یەک چرکەسات هەیە کە مرۆڤ- لەودا هەست بە «بوون»ی خۆی دەکات، واتە هەست بەوە دەکات کە ڕۆژێک مەرگ بەرەوڕووی دەبێتەوە. مرۆڤ- لەو چرکە مێژووییەدا بۆ یەکەم جار بیر لە مەرگ دەکاتەوە. ئەو چرکەساتە چرکەساتی شکڵ گرتن و گوورانی نوتفەی ئەندێشەی مرۆڤایەتییە. ئەو چرکەیە چرکەساتی «بوون»ـە. لەو چرکە مێژووییەدا مرۆڤ- لە ناکاو بە ئاگا هاتۆتەوە و هەستی بەوە کردووە کە دەتوانێ بیر بکاتەوە، ئەوەش بە ئاگا هاتنەوە بووە لە مەرگ، پێش ئەوەی مەرگ بەرەوڕووی ببێتەوە، چونکە زیندەوەری بێ ئەندێشە، هیچ کات هەست بە مەرگ ناکات مەگەر زەمانێک کە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی دەبێتەوە و ئەویش بە شێوەیەکی غەریزی و بۆ خۆپاراستن لەو چرکە، یان دۆخە مەترسیدارەیە. دۆزینەوەی ئەو چرکەیە گەورەترین ڕووداوی مێژووی ئەندێشەی مرۆڤایەتییە، چونکە خاڵی وەرچەرخانی مرۆڤە لە زیندەوەرەوە بۆ بوونەوەر. چرکەی گۆڕانی مرۆڤە لە گیاندارێکی غەریزییەوە بۆ بوونەوەرێکی خاوەن ئەندێشە. یەکەم چرکەی دەست پێکردنی هزر و ئەندێشەی مرۆڤانەیە لە مێژوودا. دۆزینەوەی ئەو ساتە گرینگە، لە ڕاستیدا دۆزینەوەی سەرەتای دەست پێکردنی مرۆڤ- و سەرەتای شارستانییەت، یان ژیار و بە واتایەک سەرەتای ئەندێشەیە. لەو چرکەدایە کە مرۆڤ- هەست بە مرۆڤبوونی خۆی و جیاوازی بنەڕەتی لەگەڵ زیندەوەرانی دیکەدا دەکات. لەوە پێشتر بێ گومان ناتوانین ناوی مرۆڤی لەسەر دابنێین، بەڵکو زیندەوەرێک بووە کە تەنیا لە باری ڕواڵەت و جەستەییەوە هەندێک جیاوازی لەگەڵ زیندەوەرانی دیکەدا هەبووە. تەواوی هەوڵەکانی مێژووی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە پێناو دۆزینەوەی ئەو چرکەساتە گرینگەدایە، چرکەساتێک کە لەودا مەرگ دەرکەوتەیەکی پێشوەختی دەبێت. جا بۆیە یەکەم بیرکردنەوەی مرۆڤ- یەکەم تێڕامانی لە دیاردەکانی دەوروبەری، بیرکردنەوە و تێڕامان لە مەرگ بووە.

لەو چرکەساتەدا کە باسمان کرد، شوناسێکی نوێ بۆ مەرگ پێناسە دەکرێت کە ئەویش دەرکەوتن، یان دروست بوونی جیاوازی لە نێوان مەرگی مرۆڤ- و نەمانی زیندەوەرانی دیکەدایە. مەرگ بۆ زیندەوەر مانایەکی نییە جگە لەوە کە دیاردەیەکی پڕ مەترسییە کە لە کاتی هەست کردن بە لەناوچوون، خۆی لێ دەپارێزێ و لەبەری ڕادەکات. هەروەک گوتمان ئەم پەرچەکردارە، یان ئەم هەستە، دژکردەوەیەکە کە غەریزە و سروشت پێی دەبەخشێت، بەڵام ڕوانینی بوونەوەرێکی وەک مرۆڤ- بۆ مەرگ، ڕوانینێکی تەواو جیاوازە. ئەو لە هەموو کاتێکدا مەرگ دەبینێت و هەستی پێ دەکات، هەربۆیە مەرگ خاڵی بنەڕەتی جیاوازی نێوان زیندەوەران و مرۆڤە. مەرگ تەنیا تایبەتە بە مرۆڤ-، چونکە مرۆڤ- هۆشیارییەکی پێشوەختی بە سەریدا هەیە. هەر لەسەر ئەم بنەمایەیە کە ئێمە لە زمانی کوردیدا وشەی «مەرگ»، یان «مردن» بۆ زیندەوەران بە کار ناهێنین. بۆ وێنە دەڵێین: ئەو سەگە تۆپی، ئەم کەرە سەقەت بوو، بزنەکە مردار بۆوە، ئەو باڵندانە زایە بوون و... تاد. بۆ مرۆڤیش دەڵێین: فلانە کەس مرد! هەربۆیەش مەرگ، یان مردن تەنیا تایبەتە بە مرۆڤی بیرمەند و خاوەن ئەندێشە.

بۆ سەلماندنی ئەم وتەیە کە ئەندێشەی مرۆڤ- بە بیرکردنەوە لە مەرگ دەستی پێ کردووە هەر ئەوە بەسە کە بزانین یەکەمین نووسراوەی ڕێکوپێک لە مێژووی ئەندێشەی مرۆڤایەتیدا بە ناوی «کتێبی مردووەکان» لە وڵاتی میسر دۆزراوەتەوە کە تایبەتە بە چەمکی مەرگ، هەروەها هەروەک دواتر باسی دەکەین حەکایەتی «گێل گامێش» کە لە کۆنترین نووسراوەکانی مرۆڤایەتییە لەسەر ئەندێشە و ترس لە مەرگ دەدوێت.

خاڵی سەرنجڕاکێش لەوەدایە کە مرۆڤ- بە بیرکردنەوە لە مەرگ فێری ئەندێشە دەبێت، بەڵام هەر بە مەرگیش دەرگای ئەندێشەی دادەخرێت. واتە مەرگ هەم خاڵی دەسپێک و هەم خاڵی کۆتایی پرۆسەی بیرکردنەوەیە لە لای مرۆڤ-. بەم پێیە ئێمەی مرۆڤ- تەنیا یەک حەقیقەتی سەلمێنراو و ڕەها هەیە کە لە «بوون»یدا ناتوانین هیچ شک و گومانێک بکەین ئەویش مەرگە! حەقیقەتێک کە «بوون»مان بۆ مسۆگەر دەکات. مەرگ ئەو دیاردە بێ وێنەیە کە مۆرکی دواجارەکی دەبەخشێتە مرۆڤ- و ئاگاداری دەکاتەوە لەوەی کە مرۆڤە و لە لایەکی دیکەشەوە مۆرکی مرۆڤ - بوونی بۆ هەمیشە لێ دەستێنێتەوە. لەسەر ئەم بنەما حاشاهەڵنەگرە هەریەک لە ئێمە وەک مرۆڤێک دەتوانین بڵێین: «من دەمرم کە واتە هەم!».

* * *

«ژیان بۆیە بەردەوامە چونکە مەرگ تۆقێنەرە.» (١) ئەمە وتەی «ئوتەنە پیش تیم»ـە ڕوو بە «گێل گامێش»، کاتێک گێل گامێش بە شوێن جاویدانی و نەمریدا دەگەڕێ. واتە کاتێک دەیەوێ لە دەست مەرگ ڕابکات. ئەمە یەکەمین ڕوانگەی بەجێماوی (نووسراوی) مرۆڤە بۆ مەرگ و ژیان لە مێژووی بیرکردنەوە و ئەندێشەی مرۆڤایەتیدا.

گێل گامێش کەسێکە کە لە دەرەنجامی هەر چەرمەسەری و ئازارێک شادتر و کەیفخۆشتر دەبێت و هیچ کات ڕەنج و سەختییەکان پەژارە ناخەنە دڵی. سەرەتای حەکایەتەکە بەم تایبەتمەندییە ناوازەی گێل گامێشەوە دەست پێ دەکات و دواتر لە تەواوی حەکایەتەکەدا بەردەوام دووپات دەبێتەوە: «گێل گامێش، ئەو کەسەی کە بە هەر سەختییەک شادتر دەبێت.» (٢) بەڵام هەر کە لەگەڵ مەرگدا بەرەوڕوو دەبێتەوە ماتەم هەموو ڕوحی دەتەنێتەوە و دووچاری پەشۆکانی دەکات. لێرەوە دەردەکەوێت کە یەکەمین هەڵوێستی مرۆڤایەتی لە دوای سەرهەڵدانی ئەندێشەی مەرگ، ترس و تۆقینێکی بێ وێنە بووە لەو دیاردەیە.

لە ڕاستیدا گێل گامێش یەکەمین حەکایەتی هەست کردن و هەڵوێست گرتنی مرۆڤە بەرانبەر مەرگ. سەرەتای دەست پێکردنی ترسە لە مەرگ و هەست کردنە بە لەناوچوون. ئەوەی کە سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە گێل گامێش کەسێکی نیوەخودا و نیوەمرۆڤە، هەربۆیەش هەست کردنی بە مەرگ لە ئەساسدا نابێ هەست کردنێکی تەواو مرۆڤانە بێت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بیرۆکەیەکی تەواو ئینسانی بە سەر دەقەکەدا زاڵە، چونکە دەقەکە هەڵقوڵاوی قووڵایی ژەین و بیرکردنەوەی ئینسانێکە کە لە سەرەتای مێژوودا لەگەڵ مەرگ بەرەوڕوو بۆتەوە و بیری لێ کردۆتەوە.

لەوەش سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە پەشۆکان و سەرگەردانی گێل گامێش بۆ مەرگی خۆیەتی نەک بۆ مەرگی «ئەنکیدۆ»ی هاوڕێی. واتە ئەو کاتێک چاوی بە مەرگی ئەنکیدۆ دەکەوێت، زیاتر لەوەی پەژارەی مەرگی ئەو دایگرێت، هەراس لە مەرگی خۆی تەنگی پێ هەڵدەچنێ و پەرپووەی هەندەرانی دەکات، جا بۆیە من وا هەست دەکەم کە پەژارە و تێرامان لە مەرگ و هەست کردن پێی، لە سەرەتای مێژووی ئەندێشەدا، تێرامان و پەژارەی مەرگی خود بووە نەک مەرگی ئەوانی دی، کە ئەوەش دەرەنجامی وردبوونەوە و هەست کردن بووە بە چەمکی «بوون». بە واتایەکی دی هەست کردن بووە بە بوونی «من»، چەمکێک کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی دەبێتە ناوەندی بیرکردنەوە و تێرامان و تەواوی هەوڵەکان لە پێناو تێگەیشتن لەو چەمکەدا دەکەونە گەڕ.

گێل گامێش ساڵانێکی زۆر پاشای شاری «ئوروک» بووە و لە ئارامی و ئۆقرەییدا ژیاوە، بەڵام هەر کە هەست بە مەرگ دەکات و لەگەڵ وێنای دڵتەزێنی مەرگدا بەرەوڕوو دەبێتەوە، ئیتر ئۆقرە و سوکنایی لە لای نامێنێ و بیرۆکە و دالغەی مەرگ دەیخاتە سەر گەشت و گەرانێکی دوورودرێژ بە شوێن جاویدانی و نەمریدا، بەڵام دوای ئەو هەموو هەڵوەدابوونە ئوتەنە پیش تیم پێی دەڵێ: «جاویدانی لە بۆ مرۆڤەکان نییە، مەرگی تۆقێنەر سەرەنجامی هەر ژیانێکە.» (٣) ئەو بەم وتەیە خاڵی کۆتایی دەنێتە پرسی مەرگ لە لای گێل گامێش و



سادق هیدایەت

دڵنیای دەکاتەوە کە هیچ ڕێگە دەربازبوونێکی نییە لە دەست چارەنووسی مەرگ.

* * *

بە گشتی، مێژووی ئەندێشە لە مەڕ مەرگەوە مێژوویەکی نەرێنیخوازە و بە چاوێکی ئەرێنییەوە سەیری ئەو دیاردەیە ناکات. هەر دوو ڕەهەندی ئەندێشەی فەلسەفی و ئەندێشەی دینی لە بارەی مەرگەوە، بە شێوەیەکی زاڵ، بیرۆکەی ڕاکردن و ترس لە مەرگ بووە. لێرەدا پێویست ناکات بە مێژووی فەلسەفە و مێژووی ئایینندا بچینەوە و بۆچوون و ڕوانگەی فەیلەسووفان و پیاوانی ئایین و ئەندێشەی ئایینی تاک بە تاک تاووتو بکەین، بەڵام ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە هەڵوێست و ڕوانینی هەردووکی ئەو ئەندێشانە لە یەک مەتەرێزەوە بووە و هەردووکیان لەسەر ترس و هەراس لە مەرگ کۆک بوون.

بیرۆکە و ڕوانگەی باو لە مێژووی فەلسەفەدا سەبارەت بە مەرگ - لە یۆنانی کۆنەوە تاکو هایدگەر - بە گشتی بیرۆکەیەکی دڵبزوێن و جوان نەبووە، بەڵکو لایەنە ناشیرین و نەرێنییەکەی بە سەر لایەنە جوان و ئەرێنییەکەیدا زاڵ بووە. هەربۆیەش مەرگ وەک دەرکەوتەیەکی دژ خۆی نواندووە نەک وەک دیاردەیەکی تەواوکەری بوون و ژیان. هەر بەو پێیەش هەڵوێستی مرۆڤەکان لە ئاست مەرگدا هەڵوێستێکی دژبەرانە و بەرهەڵستکارانە بووە، نەک هەڵوێستێکی تەبا و کۆک لەگەڵ ئەو چەمکەدا. جا بۆیە زۆر بە دەگمەن فەیلەسووفانێک پەیدا دەبن کە مەرگیان لە لایەنێکی جیاوازەوە سەیر کردبێت.

لە لایەکی دیکەشەوە، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئایین لە هەمان کاتدا کە وا خۆ دەردەخات یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی کەم کردنەوەی ترسی مەرگ و ئاسایی کردنەوەی بار و ماهیەتی نامۆی مەرگ بووە، کەچی هیچ کە نەیتوانیوە لە ترسی مەرگ کەم بکاتەوە، بەڵکو هەمیشە لە ڕێی دۆزەخ و جەهەننەمەوە ئەو ترسەی دوو هێند کردۆتەوە تا ئەو جێیەی کە هەندێک جار بۆ ئیمانداران وەک فۆبیایەکی دەروونی لێهاتووە و بۆتە دڵەڕاوکێیەکی بەردەوام. ئایین هیچ کە ڕواڵەتی مەرگی لەو نامۆییە ترسناکەوە نەهێناوەتە دەر، بەڵکو ڕواڵەت و ماهیەتێکی زۆر دزێوتری پێ بەخشیوە و کردوویەتییە دیاردەیەکی تۆقێنەر و مەترسیدار کە بۆتە هۆی زەندەق چوونی تاکەکان، یان ئیمانداران. کەم نین ئەو دیمەنانەی کە زۆر جار خۆمان بەرچاومان هاتوون لە کەسانی ئیماندار کە هەر بە بیستنی ناوی مەرگ کەوتوونەتە سەر حاڵەتێکی دەروونیی هەستیار و ترس ڕەنگی بە ڕوخسارییانەوە نەهێشتووە، ئەویش لە ڕێی زیندوو کردنەوەی وێنای دۆزەخ و دنیای پاش مەرگ.

دەبێ ئەوە لە بیر نەکەین کە مێژووی سەرهەڵدانی فەلسەفە و چەمکی میتافیزیک و ئایین دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتە کە مرۆڤ- خۆی لە زیندەوەرەکانی دیکە جیا کردەوە، واتە بۆ ئەو کاتە کە مەرگ کەوتە بەر تیشکی هۆشیاری مرۆڤەوە. هەربۆیەش پێوەندی نێوان فەلسەفە، میتافیزیک و ئایین لەگەڵ مەرگ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیە و ساتی سەرهەڵدان و دەرکەوتنیان ڕاستەوخۆ دەرەنجامی هۆشیاری پێشوەختە بە دیاردەی مەرگ.

بە کورتی ڕەنگدانەوەی مەرگ لە مێژووی ئەندێشەی مرۆڤدا بەردەوام ڕەنگدانەوە و دەرکەوتەیەکی قێزەون و بێزارکەر بووە و کەمتر و زۆر بە دەگمەن هەڵکەوتووە کە بیرۆکەیەکی بە پێچەوانەی ئەم ڕەوتە باوەوە هاتبێتە ئاراوە و ئەگەریش بووبێت - وەک هەڵوێست و بۆچوونەکانی سادق هیدایەت لە ئەدەبیاتی ئێرانیدا - ئەوە بۆ بەربەرەکانی و دژوەستانەوە بووە لە هەمبەر ژیان.

له هەمان حاڵدا ئەو شێوە ڕوانینە نەرێنییە بۆ مەرگ هیچ کە لە کێشەی مەرگ و ئەو دڵەڕاوکێ و نیگەرانییە بێ کۆتایی و لە ڕادەبەدەرەی کەم نەکردۆتەوە کە لە لای ڕەگەزی ئینسان دروستی کردووە، بەڵکو بەردەوام ئەم هەراس و تۆقینە چڵەپۆپەی زەین بووە. هەربۆیەش لێرەدا دەگەینە ئەو بڕوایە کە ئەم شێوە ڕوانینە بۆ مەرگ قەت نەبۆتە مایەی ئۆقرەیی و هێوربوونەوەی مرۆڤ- لە ئاست ئەو پرسە هەستیار و گرینگەدا.

دژایەتی لەگەڵ مەرگ لە بنەڕەتدا لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە مرۆڤ- خولیایەکی زۆری بۆ نەمری و جاویدانی هەیە، هەربۆیەش وا مەزندە دەکات کە مەرگ دژی ئەم خولیا لەبڕان نەهاتووەی دەوەستێتەوە. لە کاتێکدا کە مەسەلەکە دروست بە پێچەوانەوەیە، چونکە زیندووبوونی هەتاهەتایی و بەردەوام هەر جۆرە مانایەک لە نەمری و جاویدانی دەستێنێتەوە، بگرە ئەو وشە و چەمکانە لەو حاڵەتەدا بۆ هەمیشە پانتایی زەین و ئەندێشەی مرۆڤ- بە جێ دێڵن. واتە ئەگەر چەمکێک هەبێت کە مانا بدات بە نەمری و جاویدانبوونی مرۆڤ-، ئەوە خودی مەرگە کە ئەو تایبەتمەندییە دەستەبەر دەکات. بەو مانایە کە ئەوە مەرگە مرۆڤ- دەگەیەنێتە ئەبەدیەت و جاویدانی نەک زیندووبوونێکی هەتاهەتایی، چونکە جاویدانی و نەمری لە ئاست مەرگدا پێناسە دەکرێت و مانای خۆی لە مەرگەوە وەردەگرێ، نەک لە زیندووبوونێکی بەردەوام و بێ کۆتایی و ئەوسەر نادیار.

لێرەدا بەو دەرەنجامە دەگەین کە مرۆڤ- بۆ دەربازبوون لەو هەموو نیگەرانی و دڵەڕاوکێیانەی کە مەرگ هۆکاریەتی، ڕێگە چارەیەکی نییە جگە لەوەی کە ئاڵوگۆڕێک پێک بێنێت لە شێوەی ڕوانینیدا بۆ مەرگ، لە خوێندنەوەی بۆ ماهیەتی خودی مەرگ وەک دیاردەیەکی ئەرێنی پەیوەست بە بوونی ئەوەوە، کە بە بێ ئەو دیاردەیە ژیان پانتاییەکی داخراوە و چەمکێکی بێ پێناسە.

* * *

هەڵوێستی زاڵ لە بارەی مەرگەوە لە سەردەمی کلاسیکی ئەندێشەی ڕۆژئاوادا - لە سوقراتەوە تا کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست - بیرکردنەوەی بەردەوام بووە لە مەرگ کە هاوڕێ بووە لەگەڵ ترس و هەراسێکی زۆر و بەردەوام. واتە هەوڵەکان لە پێناو ئەوەدا بوون کە مەرگ بەردەوام لە ناوەندی زەینییەت و ئەندێشەی مرۆڤدا بێت و هیچ کات ئەو پانتاییە چۆڵ نەکات و بۆ ئەم مەبەستە هەم ئەندێشەی فەلسەفی و هەم ئەندێشەی دینی لەسەر ئەم هەڵوێستە کۆک بوون و بڕوایان وابووە کە مرۆڤ- بەردەوام دەبێ لە بیری مەرگدا بێت. ئەم شێوە ڕوانینە لە ڕۆژهەڵاتیشدا هەر بە هەمان شێوە بووە، بەڵام بەو جیاوازییەوە کە لێرە زۆرتر ڕەنگێکی عارفانەی بە خۆوە گرتووە و لایەنی ئاییینییەکەی تۆختر بووە، بەڵام بە دەست پێکردنی سەردەمی ڕۆشنگەری و مۆدێرنە ئەم هاوکێشەیە بەرئاوەژوو دەبێتەوە و تەواوی هەوڵەکان دەکەونە گەڕ بۆ ئەوەی مرۆڤێک پەروەردە بکرێت کە مەرگ لە پانتایی ژیان وەدەر بنێت و بۆ هەمیشە لە ناوەندی زەین و ئەندێشە پاکی بکاتەوە و بە هیچ شێوەیەک بیری لێ نەکاتەوە و هەموو ڕوانین و ئەندێشەی خۆی سەرقاڵی ژیان بکات، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە کارێکی لە سەداسەد ئەستەم و نەکردەیە و پەروەردە کردنی وەها زەین و ئەندێشەیەک ناچێتە خانەی زەین و ئەندێشەیەکی مرۆڤانەوە، چونکە لە لایەکەوە هەڵوەدابوون و هۆگری تەواوەتی و یەکلایەنە بۆ ژیان بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەهەند و چەمکە پێوەندیدارەکانی دیکە دەبێتە هۆی ئەوە کە ژیان وەک تابۆ، یان وەک ئوستوورەیەک خۆنوێنی بکات و ببێتە دڵخوازێکی ئەفسانەیی بۆ مرۆڤ-، هەربۆیەش لە دەرەنجامدا دەبێتە هۆی ئەوە کە مەرگ ئەوەندەی دی سیمایەکی دڵڕەقتر و ناحەزتر لە خۆی نیشان بدات. لە لایەکی دیکەشەوە تا زەمانێک مەرگ هەبێت مرۆڤ- مەحاڵە بتوانێ بیری لێ نەکاتەوە و زەینی گیرۆدەی نەبێت. نیتشە لە «زانستی کەیفخۆش»دا دەڵێ: «ئەوە کە خەڵکان هیچ کات نەیانەوێ بیر لە ئەندێشەی مەرگ بکەنەوە من کەیفخۆش دەکات! زۆر حەز دەکەم دەست بدەمە کارێک کە ئەندێشەی ژیان بۆ ئەوان، سەدان جار دڵبزوێنتر بکەم.» (٤) بەڵام لە گفت و شێوەی دەربڕینی نیتشەوە وا دەردەکەوێت کە ئەویش هەستی بەوە کردووە کە بیرنەکردنەوە و سڕینەوەی ئەندێشەی مەرگ شتێکی نەکردەیە و هیچ کات نایەتە دی، چونکە ڕستەکەی نیتشە ڕستەیەکی مەرجدارە و وەک ئەگەرێک باسی ئەم حاڵەتە دەکات نەک وەک پرۆسەیەکی فیکری بەدیهاتوو و مومکین، بۆیە لێرەدا دەگەینە ئەو قەناعەتە کە هیچ یەک لەو دوو هەوڵە و لەو دوو جیهانبینییە جیاوازە سەبارەت بە مەرگ و ژیان کە باسمان کرد، سەرکەوتوو

نەبوون و نەیانتوانیوە لەو ترس و دڵەڕاوکێیەی مەرگ کەم بکەنەوە.

ئەو وەرچەرخانە بنەڕەتییە لە بارەی ئەندێشەی مەرگەوە کە باسمان کرد، وای کردووە کە هەڵوێستی زاڵ بە سەر ئەندێشەی مەرگ لە سەردەمی مۆدێرندا ئەوە بێت کە تەواوی هەوڵەکان بکەونە گەڕ بۆ ئەوەی بیرکردنەوە لە مەرگ بنەبڕ و سەرکوت بکرێت، هەربۆیەش مۆدێرنە مەرگی لە ژیانی ئاسایی و ڕۆژانە و لە شوێنی نیشتەجێ بوونی ئادەمیزاد دەرهاویشتووە و خستوویەتییە پەراوێزەوە، بگرە ئەو دیاردانەش کە پەیوەست و پێوەندیدار بە مەرگەوەن، هەر بەو چارەنووسە چوون ؛ بۆ وێنە پیری و بەساڵداچوون، شێتی، کەم ئەندامی، نەخۆشی و... تاد. بۆ تەواوی ئەمانەش ناوەندگەلێک دروست کراوە کە لە پەراوێزی ژیانی ڕۆژانەدان؛ خانەی بەساڵداچوان، نەخۆشخانە، تیمارستان(شێتخانە)، زیندان و بنکەی دیکەی لەو شێوە هەموو شوێنگەلێکی داخراون کە کەمتر بە ڕووی ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەدا کراوەن.

لە سەردەمی کلاسیکدا (پێش مۆدێرنە) مەرگ تەنیا پردێک بوو لە نێوان دوو جۆر لە ژیان، لە نێوان دوو شێوە لە بوون، بەڵام لە سەردەمی مۆدێرندا مەرگ پێناسەیەکی سەربەخۆ وەردەگرێ و لە هەمان کاتیشدا لە چەمکی ژیان جیا دەبێتەوە. لە سەردەمی کلاسیکدا مەرگ هاوڕێ لەگەڵ ژیان پێناسە دەکرا، بەڵام لە سەردەمی مۆدێرندا پێوەندی بە ژیانەوە دەپچڕێ و خۆی دەبێتە دیاردەیەکی جیاواز و بێ پێوەندی لە دیاردەکانی دی. «مەرگ مەرگە!» ئەمە تەنیا ڕستەیەکە کە لە سەردەمی نوێدا و لە ئاکامی ئەو هەڵوێستە زاڵەی ئەندێشەی مەرگ لەو سەردەمەدا، دەکرێ ئاماژە و متمانەی پێ بکەیت، هەربۆیەش ئەم ڕەوتەی ئەندێشەی مەرگ کارێک دەکات کە ئیتر هیچ پێوانەیەک نەتوانێ مەرگ پێناسە بکات.

ئێمە لە سەردەمێکدا پێمان ناوەتە جیهان کە کەسێکی وەک کامو دەڵێ: «حەزی پێ ناکەم بڕوا بەوە بکەم کە مەرگ ڕۆچنەیەک بە ڕووی ژیانێکی دیکەدا دەکاتەوە. لە ڕوانگەی منەوە مەرگ دەرگایەکی داخراوە.»(٥) دروستە کە لە دەست مەرگ هیچ دەرەتان و ڕێگە دەربازبوونێک نییە و بە وتەی کامو دەرگایەکی داخراوە، بەڵام هەر لەم سەردەمەدا مەرگ زۆر جار خۆی دەبێتە دەرەتان و ڕێگە دەربازبوونێک و دەرگایەکی کراوە. زۆرن ئەوانەی کە بەم شێوەیە لە مەرگ دەڕوانن بێ ئەوەی هەڵکوتنە سەر ماهیەتی ژیان و بە شتێکی قێزەونی ناوزەد بکەن. هەر ئەمەشە کە وا دەکات ڕواڵەتی مەرگ زۆر جار لە شێوەیەکی ناحەز و داخراوەوە بگۆڕێت بۆ ڕواڵەتێکی شیرین و کراوە. لە ڕاستیدا گۆڕان لە چەمکی مەرگدا نەک هەر لە ڕواڵەتدایە، بەڵکو ئاڵوگۆڕ لە ماهیەت و ناوەڕۆکی مەرگیشدا پێک دێنێت کە دواتر بە وردی دەگەڕێینەوە سەر ئەم بابەتە.

کامو هەر لە درێژەی ئەو ڕستەی سەرەوەدا دەڵێ: «من ناڵێم کە مەرگ هەنگاوێکە شیاوی هەڵێنان، بەڵکو ڕووداوێکە دڵتەزێن و چەپەڵ.». من لە وتارێکی دیکەشدا (زیندووبوون و ژیان) بە وردی هەڵوێستەم لەسەر ئەم هەڵوێستە نەرێنییەی کامو سەبارەت بە مەرگ کردووە. کامو ئەگەرچی بەردەوام بە بەژن و باڵای ژیاندا هەڵدەڵێت، بەڵام هیچ کات نکوڵی لەوە ناکات، بەڵکو بنەمای ئەندێشەشی لەسەر ئەو بنەمایە شکڵ دەگرێت کە ژیان دیاردەیەکە پووچ و بۆش و بەتاڵ. بە بۆچوونی من ئەم هەڵوێست و دیدە نەرێنییەی کامو لەسەر ژیان، هەر لەو دیدە نەرێنی و ڕەخنەییەی سەبارەت بە مەرگەوە سەرچاوە دەگرێت. کامو ئەگەر بە دیدێکی جوان و ئەرێنییەوە سەیری مەرگی بکردایە بێ گومان کە بە دیدێکی جوانتریشەوە بۆ ژیانی دەڕوانی.

لێرەدا، کێشە ئەوەیە کە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاڵوگۆڕە خێرا و حاشاهەڵنەگرانەی کە لەم سەردەمەدا بە سەر ماهیەتی ژیاندا هاتوون، مەرگ نەتوانێت پێگەی خۆی وەک مەسەلەیەکی بوونگەرایانە بپارێزێت و دابەزێت بۆ ئاستێکی نزمی ئاسایی و ڕۆژانە. واتە ئاڵوگۆڕی ناوادە و نەرێنی لە ماهیەتی «بوون»دا کاریگەری هەمان شێوە بکاتە سەر ماهیەت و دەرکەوتەی مەرگیش.

لە ڕاستیدا گەورەترین قەیرانێک کە دەکرێ مرۆڤ- لە داهاتوودا بەرەوڕووی ببێتەوە ئەوەیە کە مەرگ ئاسایی ببێتەوە لە لای، ببێتە دیاردەیەک وەک باقی دیاردەکانی ئاسایی ژیان، چەمکی «بوون» لە مەرگ دەربهاوێژێ. واتە مەرگ ماهیەتی گەردوونی و فەلسەفیانەی خۆی لە دەست بدات بەو مانایە کە ڕوانینی مرۆڤ- بۆ مەرگ ڕوانینێکی ڕۆژانە و ئاسایی بێت نەک ڕوانینێکی فەلسەفیانە و بوونگەرایانە.

بۆ کـرانەوەی باسـەکـە لێـرەدا وا باشـە ئاوڕێکیش لە مــانای «بوون» لـە لای «ســارتر» بدەینەوە. ســارتر بۆچوونەکـانی خـۆی لە بارەی پرسی بوونـەوە لە کـتـێبی «بوون و نەبوون»دا بە وردی دەخـاتـە بەر باس، بەڵام من تا ئێستـا ئەو کـتێبەم نەخوێندۆتەوە تاکو بە وردی بزانم «بوون» لای سارتر چ دەگەیەنێت، بەڵام قسەی من لەسەر مـانای «بوون»ـە لە ڕۆمــانی «هێـڵـنج»دا. بە ڕای من ســارتر لەو کـاتەدا کـە کـەسـایەتی ڕۆمـانەکـە، واتە «ڕۆکانتین» مێشوولەکە دەکوژێت و دەڵێ: «لە گێچەڵی بوون ڕزگــارم کـردووە.» (٦)، سـەخت بە هەڵە دەچێت، چونکە ئەگـەر ورد ببـینەوە، «بوون» کـاتێک مـانا پەیدا دەکـات کـە لە بەرانبـەر «مـەرگ»دا دابنرێت، هەربۆیەش بوون لەو حاڵەتەدا تەنیا بۆ مرۆڤ- مانا پەیدا دەکات، چونکە تەنیا مرۆڤە کە هۆشیاری پێشوەختی بە سەر ئەو بوونەدا هەیە. بەڵێ، ڕاسـتـە کـە مـێـشـوولە خـاوەنی جۆرێک لە بوونە لـەم جیـهـانەدا، واتە بە شێـوەیەک لەم جیـهـانەدا حـوزووری هەیە، بەڵام قـسـەی ئێـمـە لەسـەر ئەوەیە کە ئەم بوونە بۆ ئەو گێچەڵ نییە، یان گێچەڵی بۆ نانێتەوە. گێچەڵ لای بوونەوەر کاتێک دەست پێ دەکات کـە بوونەوەر هەست بەو بوونە بکـات، کـە هۆشـیــاری هەبێت بە سەریدا، کە لە کۆتایی هاتنەکەی بە ئاگا بێت، بەڵام خـۆ مـێـشــوولە هەڵگری هیچ یەک لەم هەست و هۆشـیــاریانە نیـیـە، بۆیە دەردەکـەوێت کـە مـێـشـوولە گێـچەڵێکی نیـیە، یان هەست بە گێـچەڵێک ناکات تا ئەو بیـــەوێ ڕزگــاری بکـات. شـایەد لە ڕوانگەی منی مرۆڤـەوە ئەوە گێـچەڵ بێت، بەڵام خۆ زیندەوەرێکی لەو شێـوەیە هۆشـیـاری بە سـەر ئەو گـێـچـەڵەدا نیـیـە و لە مــاهیـەتی تێناگــات، هەربۆیە بە ڕای مـن تەنیــا یەک بوونەوەر لەم گـەردوونەدا دەژی کـە ئەویش مـرۆڤـە، باقی گـیـانلەبەرەکـانی دیکە بوونـەوەر نین، بەڵکو زیندەوەرن. ئەوان زیندوون و بەس! ئیـتر هۆشـیـارییەکی ئەوتۆیان بە سەری بوونی خۆیاندا نییە. لە ڕاستیدا هەر زیندەوەرێک کە بیـر لە مەرگ نەکـاتەوە، یان بە واتەی دی هۆشـیـاری پێـشــوەخـتی بە سـەر مــەرگــدا نەبێت، ناکــرێ ناوی بوونەوەری لێ بنێین و بە هەڵگری بوونی بزانین. لێرەشدا هەر مرۆڤە کە بیر لە مەرگ دەکاتەوە، ئەگەر نا هەروەک پێـشـتـریش گـوتمان مـەرگ بۆ باقی زیندەوەرانی دی هەر تەنیــا وەک غــەریزەیەک خــۆ دەنوێنێت کــە لە کــاتی مــەترسـیــدا وەک هەسـتـێکی سـروشـتی و لە قـاڵبی خۆپاراستن و مانەوەدا دەردەکەوێت. دەرکەوتەی مەرگ بۆ زیندەوەران لەو شێوەیە، بەڵام بۆ مرۆڤ- بیرکردنەوەیەکی قـووڵی فـەلسـەفی و بوونگەرایانەیە کـە دواجـار مـانا و داڵغەی «بوون» لە لای دروست دەکات.

بۆیە بە بڕوای من هەر کاتێک مەرگ ئاسایی ببێتەوە و وەک شـتـێکی ئاوەکی و بێ بایەخ چاوی لێ بکرێت، قەیران دەنێتـەوە. ئەمە بەو مانایە نییـە کە مەرگ وەک سەردەمی کلاسیـک حاڵەتێکی پیـرۆز و تابـۆی هەبێت، بەڵکو بەو مــانایەیە کـــە واتا و شـــوێن و پێگەی ڕاسـتـەقـینەی خـۆی وەربگرێت لە هاوکـێـشـە و پرسی «بوون»دا. واتە مـــەرگ مـــانایەکی بوونگەرایانەی لە بیرۆکە و ڕوانینی مرۆڤدا هەبێت، نەک دیمەن و وێنایەکی تۆخی میتافیزیکیانەی قەدەغە و بڤە، یان بە پێچەوانەوە ؛ دیاردەیەکی ئاسـایی و بێ بـایەخ و بێ مـانا. واتە نە دەبێ ئەوەندە ئاست نزم بێت کـە ببـێـتــە دیاردەیەکی هاکـــەزایی، نە ئەوەندەش لە پانتـــایی ژیان و بـوونی مرۆڤ- دوور بخرێتەوە کە کەس دەستی پێ ڕانەگات و نەتوانێ بچێتە ناو هەرێمیەوە، چونکە دابەزینی ئاست و بایەخی مـەرگ لە پێش هەمـوو شـتـێکدا دەبێـتـە هۆی دابەزینی بەها و نرخی بوونی ئینسان و بێ بایەخی خودی مـــرۆڤ - وەک تاک. واتە ئەگـــەر مـــەرگ بەهایەکی نەمـێنێت ئەوە بوونیش لە بایەخ دەکەوێت، چونکە بوون (بوون لە ناوەوەی خـودی تاکـەکـەسـدا) لەم سـەردەمـەدا دوایین سـەنگەرێکە کـە تا ڕادەیەک ئەو سـەربەخۆییـەی پاراستووە و نەکەوتۆتە بەر شاڵاوی بێ بایەخی و بەشت بوون. ئەگـەر مـەرگ بەر ئەو شاڵاوە بکەوێت بێ گـومـان بوونیش لەو کارتێکەرییە بەدەر نابێت.

* * *

سەرەڕای تەواوی ئەوانە، لە سەردەمی مۆدێرندا مەرگ وەک باقی دیاردەکـان بە شـێـوەیەکی وردتر دەچێـتـە بەر سـەرنجی مـرۆڤـەوە و بە گـشـتی پرسی مـەرگ لە هەمـوو ڕەهەندەکـانییـەوە شـرۆڤـە دەکرێت، بەڵام ڕاسـتـییـەکـەی ئەوەیە کـە زۆربەی ئەم هەوڵ و خـوێندنەوانە بۆ مــەرگ کاریگەر و سەرکەوتوو نەبوون.

یەکێک لەو هەوڵانە کە مرۆڤ- لەم سەردەمەدا زەینی خۆی پێوە سەرقاڵ کردووە، هەوڵدان بۆ بنەبڕکردنی خودی دیاردەی مــەرگ بووە کـــە ئەم هەوڵەش هەر لەو ترس و هەراسە لەمێژینەیەی مەرگەوە سەرچاوەی گرتووە.

زانستە بنەڕەتییەکان وەک بیۆلۆژی و پزیشکی لە مێژە

له هەوڵی ئەوەدان کە چارەسەرێک بۆ مەرگ بدۆزنەوە و ئەو خولیایەیان هەیە کە ڕۆژێک بتوانن بۆ هەمیشە مەرگ لە پانتایی بوون بسڕنەوە و ڕەگەزی مرۆڤ – بە وتەی خۆیان – بۆ ئەبەد نەمر و جاویدان بکەن و مرۆڤێکی بێ مەرگ بخوڵقێنن. بێ ئاگا لە ڕەنگدانەوە و کاریگەری ئەو دۆزینەوە و ڕووداوە زانستییە و بە بێ لەبەرچاوگرتنی دەرەنجامەکانی. بێ بیرکردنەوە لەوەی کە لەو حاڵەتەدا ژیان و بوونی مرۆڤ- بەرەو چ ئاراستە و ئاقارێک دەڕوات و ئەوسا مرۆڤ- چۆن بۆ کۆی جیهان و بوون دەڕوانێت؟! لە کوێوە دیارە کە ئەم ڕووداوە گرینگە ژیان و بوون لەگەڵ قەیرانێکی چارەسەرنەکراودا بەرەوڕوو نەکاتەوە؟! کێ ناڵێ کە ئەم خولیایە (بۆیە دەڵێم خولیا، چونکە هەر لە بنەڕەتدا کارێکی مەحاڵ و نەکردەیە و بە پێچەوانەی ڕەوتی سروشتی گەردوونە) ڕەگەزی مرۆڤ – و پانتایی بوون بۆ هەمیشە لە گەردوون نەسڕێتەوە؟! لە کوێوە دیارە کە مرۆڤ- لەو بارودۆخی بێ مەرگییەدا دووچاری کێشەیەکی دەروونی و خولانەوەیەکی بەردەوامی بوونگەرایانە و فەلسەفی نەبێت کە بیگەیەنێتە ئەو قەناعەتە کە کۆتایی بە هەموو شتێک بێنێت؟! ئاخۆ دەرەنجامە دەروونییەکانی ئەم دۆزینەوە زانستییە لە لای مرۆڤ- چۆن دەبن و چ ئاراستەیەک دەدەن بە بوونی مرۆڤ- لە جیهاندا؟! ئەمانە هەموو پرسیارگەلێکن کە وەڵامەکانیان پرسێکی هەروا سادە و ساکار نییە کە مرۆڤ- بە ئاسانی بە سەریاندا تێپەڕێت، هەربۆیەش بە ڕای من بیرۆکەی دەرهاویشتنی مەرگ لە پانتایی ژیان و جیهان و بوون، بیرۆکەیەکی مەترسیدارە کە بە بێ خوێندنەوەیەکی ئینسانی و بە بێ لێکدانەوەیەکی بوونگەرایانە و بە کورتی، بە بێ لەبەرچاوگرتنی مێژووی دەسکەوتی زانستە مرۆڤایەتییەکان ئەندێشە کراوە. لێرەدایە کە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئەساسی و بنەڕەتی لە نێوان زانستە بنەڕەتییەکان (Basic sciences) و زانستە مرۆڤایەتییەکان (Humanities sciences) دێتە ئاراوە. ڕووبەڕووبوونەوەیەک کە بە چارەنووسی مرۆڤەوە بەستراوەتەوە و دەکرێ ڕۆژێک تەنانەت یەکلاکەرەوەی داهاتووی بوونی مرۆڤ- بێت لە پانتایی ئەم گەردوونە بەرینەدا.

لێرەدایە، کە بە بڕوای من، ئاسایی کردنەوە و بەتاڵکردنەوەی ناوەرۆکی مەرگ لە هەر چەشنە مانایەکی مرۆڤانە و بوونگەرایانە لەم سەردەمە و لە داهاتوودا، پرۆسەیەکی ترسناکە کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانێکی ئینسانی گەورە کە ئەوسەری نادیار و تەماوییە.

لە لایەکی دیکەوە ئەم بیرۆکەیە خۆی شێوەیەکە لە دژایەتی کردن لەگەڵ سروشت و بەربەرەکانییە لەگەڵ پێکهاتەی دیالکتیکی جیهان و شێواندنی مکانیزمی ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگییە لەمێژینەیە کە سروشت لە سەری دامەزراوە و کار دەکات. سڕینەوە و لەناو بردنی لایەکی ئەم هاوسەنگییە، ناهاوسەنگییەکی تاک جەمسەر دروست دەکات کە قورسایی جەمسەرەکەی دیش دەکەوێ بە یەک لادا، هەربۆیەش دەرەنجامی ئەم ناهاوسەنگییە شتێکی چاوەڕواننەکراوە کە دەکرێ مەزندەی مەترسییەکی گەلێک گەورەی لێ بکرێت.

ئەم پرۆسەی کۆتایی هێنان بە مەرگ، یان «مەرگی مەرگ» لە بنەڕەتدا دەچێتە خانەی هەمان پرۆسەی بە «ئامێری کردن»ی (Instrumentalism) سەرجەم ڕەهەندەکانی بوونی مرۆڤ- لە سەردەمی نوێدا کە بەرچاوترین و ئەستەمترینیان مەرگە. بەو مانایە کە تا ئێستا مرۆڤ- توانیویەتی لە زۆربەی زۆری ڕەهەندەکانی دیکەی ژیان و بوون و بیۆلۆژی مرۆڤدا دەستێوەردان بکات، بەڵام مەرگ تەنیا پانتاییەکە کە ماوەتەوە و نەیتوانیوە لانی کەم دەست لە جەوهەری مەرگ وەربدات. ئەگەرچی گۆڕان بە سەر ماهیەتی مەرگدا هاتووە، بەڵام جەوهەری مەرگ – لانی کەم تا ئەمڕۆ – هەمان جەوهەری ئەزەلی مەرگە. دەستێوەردانیش لە جەوهەری شتەکان و دیاردەکان ئاکامی زۆر کاریگەرتری لێ دەکەونەوە تاکو ئاڵوگۆڕ لە ماهیەتی هەمان شت، یان دیاردەدا، هەربۆیەش بە ئامێری کردنی مەرگ(*)، جیاواز لە تەواوی ڕەهەندەکانی بوون، مەسەلەیەکە کە کورد گوتەنی بۆ گاڵتە نابێت!

ئەم بیرۆکەی مەرگی مەرگە بیرۆکەیەکە کە لەودا تەنیا بیۆلۆژی و جەستەی مرۆڤ- لەبەرچاو دەگیرێت بە بێ لەبەرچاوگرتنی دەروون و باری سایکۆلۆژی مرۆڤ-، بە بێ بیرکردنەوە لەوەی کە ئەم پرۆسە کاریگەری چی دەبێت لەسەر دەروون و دەرەنجامە دەروونییەکانی لە لای ڕەگەزی مرۆڤ- چی دەبن، هەربۆیەش لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییە کە زانست هەندێک شوێنی بڤەیە و دەستێوەردانی بێ تێبینی و بێ خوێندنەوە، دەرەنجامێکی

خـۆش و چاوەڕوانكراوی لێ ناكـەوێتـەوە، بە تايبـەت ئەگـەر ئەو دەرەنجـامـە ئاكـامی دەسـتـێـوەردان بێت لە هاوكێشەی «بوون»ی مرۆڤ- لەم گەردوونەدا(**).

* * *

ئەگـەر بگەڕێینەوە سـەر تەوەری سـەرەكی ئەم باسـە و بپرژێینە سەر ئەو هەوڵانەی كە بۆ بنەبڕكردن و نەهێشتنی ترس و تۆقـینی مـەرگ هاتوونە ئاراوە، لەم سـەردەمـەدا كەسانێك، یان باشتـر بڵـێین بیـرمەندانێک هەبوون كە بەشێكی سەرەكی لە بیر و ئەندێشە و نووسینی خۆیان بۆ ئەم بابەتە تەرخان كردووە و هەوڵـەكانیشیـان تا ڕادەیەک كـاریگەر بووە. یەكـێک لەوانە «نوربێـرت ئەلیـاس»ـە. ئەلیاس سەرجەم بۆچوونەكانی خۆی لە بارەی مەرگەوە لە كتێبێكدا بە ناوی «تەنیایی سەرەمەرگ» دەخاتە ڕوو و بە وردی باسی مەسـەلەی مەرگ لە سـەردەمی مـۆدێرندا دەكـات، بەڵام ئەوەی جێگەی سـەرنجـە ئەو ڕێكارەیە كـە ئەو بۆ كەمـكردنەوە و كەمڕەنگی ترس و هەراسی مـەرگ دەیدا بە دەسـتـەوە. ئەو بڕوای وایە كـە: «مـرۆڤـەكـان بە باشی دەزانـن كە مـەرگ دەگـاتە جێ؛ بەڵام هۆشیـاری بە سەر ئەوەدا كە مەرگ كۆتایی ڕەوتێكی سروشتیانەیە، لە كەمكردنەوەی دڵەخورپەدا [دڵەخورپەی مەرگ]، گەلێک یارمـەتیـدەرە.»(٧). ئەو لای وایە ئەگـەر مـرۆڤ- وەک بەشـێک لە ڕەوتی سـروشـتـیـانەی ژیان و بوون سـەیری مـەرگ بكات، واتە وەک بەشی كـۆتایی ئەو ڕەوتە، ئەوە لەو ڕێیـەوە (لەو شـێـوە ڕوانینەوە) مـەرگ ئەو بـارە ناشیـرین و ناحەزەی كـەمڕەنگ دەبێـتـەوە. هەروەک لە وتەكەی ئەوەوە دیارە، ئەو تەنیا ئومێد بەوە دەبەستێت كە ئەو ترس و تۆقـینە كـەم ببێـتـەوە، هەربۆیەش بڕوای بەوە نیـیـە كـە ڕۆژێک مـەرگ بە تەواوی ئەو ڕواڵەت و ڕوخسـارە دزێو و ناشیـرینەی دابنێت، ئەگـەرچی هەوڵ و بۆچوونی ئەلیـاس جـدییـە، بەڵام لە بنەڕەتدا ڕێكار و چارەسەرێكی بنەڕەتی و یەكلاكەرەوە نییە.

«مـۆریس بلانشـۆ» یەكـێـكی دی لەو نووسـەر و بیـرمـەندانەیە كـە بە دڵنیـاییـەوە دەكرێ بڵـێین مـەرگ ڕەهەندێكی سـەرەكی لە قـەڵەم و ئەندێشـەی ئەوی داگـیـركـردووە و بەردەوام لە زۆربەی نووسـراوەكـانیـدا دەگـەڕێتـەوە سـەری. ئەو یەكـێک لەو فـەیلەسـووفـە دەگـمـەنانەیە كـە بۆچوون و هەڵوێسـتـێكی جـیـاوازی سـەبارەت بە مـەرگ هەیە، بەڵام لە هەمـان كـاتدا هەڵوێست و بۆچوونی ئەویش بێبەری نییە لەو ڕوانگە نەرێنییـە مـێـژووییـەی كـە لە سـەرەتای سـەرهەڵدانی ئەندێشـەوە بەردەوام لە ئارادا بووە، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا سـەرنجی ئەرێنی و ڕەزامـەندانە بۆ مـەرگ بەشـێكە لە ڕوانگەی بنەڕەتی ئەو. ئەو لە كۆپلەی سەرەتای «شێتی ڕۆژ»دا دەڵێ: «نە زانام و نە نەزان. هەندێک خـۆشـیم هەبوون. ئەمـە شـتـێكی ئەوتـۆ نیـیـە: دەژیم و ئەم ژیانە زۆرترین چێژم پێ دەبەخشێت. ئەی، مەرگ؟ كاتێک بمرم (ڕەنگە هەر ئەم چركەیە) چێژێكی لە ڕادەبەدەر وەردەگرم. لە تـامی سـەرەتایی مـەرگ هیچ نادوێم، كـە بێ تامـە و زۆربەی كات ناخـۆش. ئازار چێشتن گـەوجی دێنێ، بەڵام حەقیـقـەتێكی گـرینگ كـە لێی دڵنیـام ئەمەیە: لە ژیان كـــردن چێـــژێكی لە ڕادەبـەدەرم هەیە و لە مـــردن ڕەزامەندییـەكی بێ سنوور.»(٨). ئەمە شایەد یەكەمین سەرنج بێت بۆ مەرگ كە لە هەمان كاتدا كە دیوە ناحەز و تۆقێنەرەكەی مـەرگ دەبینێ، لایەنە ئەرێنی و باشـەكەی مەرگیش فەرامۆش ناكـات. سەرنجی بلانشۆ بە گشتی، بۆ كۆی مەرگ، سەرنجێكی ئەرێنی خوازە و دیدێكی نوێ لە بارەی مەرگەوە دەدات بە دەستەوە، هەربۆیەش دەكرێ سەرەتایەكی تازە بێت لە مێژووی فەلسەفەی مەرگدا بە گشتی، كە دەكرێ زیاتر بخرێتە بەر تیشكی هەڵوێست و بۆچوونەكانی ئەندێشەی مەرگ.

* * *

بمانەوێ و نەمـانەوێ لە سـەرەتای سـەرهەڵدانی ژیار و شارسـتـانیـەت لە لای مـرۆڤ- كـۆمـەڵگای ئینسـانی، مـەرگ و دەركـەوتەكـانی بە شـێـوەیەک لە شـێـوەكـان خـراونەتە پەراوێزەوە و بە تێـپـەڕینی چاخـەكـان و سەردەمەكان تەنیا چۆنیەتی و تا ڕادەیەكیش چەندیەتی ئەو پرسـە ئاڵوگـۆڕی بە سـەردا هاتووە نەک مـاهیـەتی مـەسـەلەكـە. یانی وا نەبووە كـە سـەردەمـێک مـەرگ بە شێوەیەک نەچووبێتە پەراوێزەوە، بۆیە مەرگ هەمیـشە هەڵگری شـێـوەیەک لە نامـۆیی بووە و دەركـەوتەكـانی مەرگیش قەت بە شێوەیەكی تەواو ئاسایی نەخراونە ناو دیاردەكـانی ژیانی ئاسـایی و ڕۆژانەوە و هەمـیـشـە سنوورێک بۆ ئەو مـەسـەلەیە لە ئارادا بـووە، هەربۆیە بە ڕای من پێش هەمـوو شـتـێک، پەژارەی مـەرگ پێش ئەوەی كـە دابونەریتـێكی كـۆمـەڵایەتی، یان وانەیەكی پەروەردەیی بێت، هەسـتـێكی جـێگیـرە لە ناو زات و هەناوی مـرۆڤ-دا، یان بە واتایەكی ڕۆشنتر یەكێكە لە كـۆنە هێـمـاكـانی (Archetype) ناو ناخی مـرۆڤ-،

یەکێک لەو هەستە جێگیرانەی ناو ناهۆشیاری بەکۆمەڵی (دەستەجەمعی) ڕەگەزی مرۆڤ-. هەستێک کە بە درێژایی مێژووی بوون و لە قووڵایی چاخەکانی ژیارمەندی مرۆڤەوە دێت، واتە مرۆڤ- کاتێک بەرەوڕووی مەرگێک دەبێتەوە، بێ ئەوەی ڕاهێنرابێت، یان دابونەریتی کۆمەڵگا فێری کردبێت، پەژارە دایدەگرێت، یان لانی کەم لەگەڵ هەستێکی نامۆدا کە دەرەنجامی مەرگە بەرەوڕوو دەبێتەوە. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە مرۆڤە و خاوەنی بوون، هەربۆیەش دەرکەوتەکانی مەرگ پێش ئەوەی کە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بن، دەرکەوتەیەکی دەروونی و ئینسانین، واتە تۆی مرۆڤ- بە حوکمی ئەوەی کە مرۆڤیت و خاوەنی بوون، مەرگ دووچاری شێوەیەک لە پەژارە و سەرسامی و نامۆییت دەکات.

ئێستا قسە لەسەر ئەوەیە کە مرۆڤ- چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو نامۆییەدا بکات؟! چۆن ئەو نامۆییە نامۆییەکی دڵبزوێن بێت تاکو پەژارەیەکی جەرگبڕ؟! ئەو سەرسامییەی مەرگ چۆن کاریگەرییەکی ئەرێنی بکاتە سەر ئەندێشەی مرۆڤ- ؟!

شایەد وا بێتە بەر چاو کە ئەم بیرۆکەیە، لە خەیاڵ بەولاوە زیاتر شتێکی دیکە نەبێت، بەڵام زۆرن ئەو ئەزموونانەی کە مرۆڤ- هەستی بە وێنایەکی دڵبزوێن کردووە لە مەرگدا.

«دەمرم!» بەڵێ، خەمئەنگێزە، گەلێک دڵتەزێن! بەڵام لە بیرمان نەچێ کە زۆر کەس هەن لەم وشەیە لەزەت و چێژێکی بێ وێنە دەبەن. بە لای ئەوانەوە مەرگ ئەو کاتە جوان و دڵبزوێنە کە لانی کەم وەک دیاردەیەکی ڕۆمانتیک و غوربەتئامێز سەیر بکرێت نەک وەک کارەساتێکی چەپەڵ و دڵتەزێن.

پێشمەرجی ئەو شێوە بیرکردنەوە ئەوەیە کە مرۆڤ- دەبێ لە زەینیدا وێنای مەرگی خۆی بە شێوەیەکی دڵبزوێن ببینێ. هەست بکات کە لە دوای خۆی چ شوخاڵەیەکی ڕەنگین بەجێ دێڵێ! واتە مەرگ چ وێنایەکی شیرین و لەبەردڵانی پێ دەبەخشێ! ئەو کاتەیە کە مەرگ لە شێوەیەکی جواندا خۆی دەردەخات. مرۆڤ- دەبێ وا هەست بکات کە وێنای دوای مەرگی لە وێنای سەردەمانی زیندووبوونی دڵبزوێنتر و ئەفسووناویترە، هەر ئەمەش وا دەکات کە مەرگ لە وێنایەکی جواندا دەرکەوێت، جا بۆیە مرۆڤ- دەبێ بگاتە ئەو بڕوایە کە لە دوای خۆی ژیانێکی مەجازی زۆر جوانتر دەژی لەوەی کە سەردەمانێک ژیاوە. بە دەستەوەدانی ئەم زەینیەتە و چاندنی ئەو بیرۆکەیە لە ئەندێشەی مرۆڤدا دەبێتە هۆی وەرچەرخانی جیهانبینی مرۆڤ- سەبارەت بە مەرگ.

یەکێک لەو وێنا شیرینانەی کە زۆر جار لە وێنای سەردەمی زیندووبوونی تاک ڕەنگینتر دێتە بەر چاو، وێنای کەسی جوانەمەرگە. وێنای کەسی جوانەمەرگ هەمیشە شوخاڵەیەکی ڕەنگین دەوری تەنیوە کە وا دەکات بەردەوام وەک دیاردەیەکی سەرسامکەر بێتە بەر چاو. کەسی جوانەمەرگ لە دوای خۆی دیمەنێک بەجێ دێڵێ کە پێش هەموو شتێک چرکەیەکی میتافیزیکیانەی نۆستالۆژیک لە لای ئەوانی دی دروست دەکات. چرکەیەک کە دروستە تراژیکە، بەڵام لە هەمان کاتدا دڵبزوێنە. ئەم چرکەیە تەنیا مەرگی ناوادە دەتوانێ بیبەخشێت و تەنیا کەسی جوانەمەرگیش هەڵگریەتی.

یەکێک لەو مەرگە ناوادە و پێشوەختانە خۆکوژییە. کامو لە «مرۆڤی سەرکێش»دا دەڵێ: «هیگڵ لە یەکەمین قۆناغی دیالکتیکدا، دەیسەلمێنێ کە چونکە مەرگ زەمینەی هاوبەشی مرۆڤ- حەیوانە، مرۆڤ- بە قبوڵ کردنی مەرگ، تەنانەت بانگهێشتی مەرگ، خۆی لە حەیوان جیا دەکاتەوە.» (٩). لەم سەلماندنەی هیگڵدا وا دەردەکەوێت کە ڕووبەڕووبوونەوەی خۆویست لەگەڵ مەرگدا پرۆسەیەکە کە ئەندێشە دەیبات بەڕێوە. ئەوە کە مرۆڤ- بەرەو مەرگ بچێت ڕەوتێکی ئەندێشەکراوە و دەرەنجامی پرۆسەیەکی درێژی بیرکردنەوەی بوونگەرایانەیە، چونکە تەواوی ئاکار و هەڵسوکەوتەکانی دیکەی مرۆڤ- دەکرێ هەروا بە هەوانتە و بێ بەرنامە و بێ بیرکردنەوە بن، بەڵام ئەستەم و نەکردەیە ئەگەر لامان وا بێت کە مرۆڤێک بە بێ بیرکردنەوەیەکی پێشوەخت بەرەوڕووی مەرگ دەبێتەوە، هەربۆیەش بە بڕوای من خاوەن ئەندێشە، یان بیرمەند کەسێکە کە لانی کەم جارێک لە ژیانیدا بڕیاری خۆکوشتنی دابێت، چونکە خۆکوژی دواترۆپکی شارستانیەتی مرۆڤە و دوادەرکەوتەی مێژووی ئەندێشەی مرۆڤایەتییە. خۆکوژی تایبەتمەندی مرۆڤێکی ژیارمەندە کە تا ئەوپەڕ لە وەحشیەت و غەریزە دوور کەوتۆتەوە. بە کورتی خۆکوژی یەکێک لە دەرکەوتەکانی هۆشیاری پێشوەختی مرۆڤ- بە سەر مەرگدایە. لە بیرمان نەچێ ئەمە بە مانای بە ئەرێنی لەقەڵەمدانی دیاردەی خۆکوژی

نییە، بەڵکو باس کردنە لە هۆکار و پێشمەرجەکانی ئەو مەسەلەیە.

* * *

وەک لە سەرەتا ئاماژەمان پێ کرد، دوو هەڵوێستی تەواو جیاواز لە مێژووی ئەندێشەی مەرگدا وەک ئەندێشەی سەرەکی زاڵ بوون کە یەکیان لە سەردەمی کلاسیک، واتە لە یۆنانی کۆنەوە تا کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست و یەکیشیان لە سەرەتای ڕۆشنگەری و مۆدێرنەوە تا ئەم سەردەمە دەوریان گێڕاوە، بەڵام هەروەک دەرکەوت هیچیان نەیانتوانیوە ئامانج بپێکن و بە واتەیەک ببنە هۆی ئەوەی کە ترس و هەراسی مەرگ کەم بکەنەوە، یان بنبڕی بکەن.

بە بڕوای من، لەم نێوەدا، تاکە ڕێگا بۆ چارەسەری کێشەی مەرگ ڕێگایەکی سێیەمە کە ئەویش بەدەستەوەدانی ڕواڵەت و سیما و ماهیەتێکی جوان و دڵبزوێنە لە مەرگ، نەک سڕینەوە و وەدەرنانی لە پانتایی ژیان و ئەندێشەی مرۆڤ، یان بە پێچەوانەوە بیرکردنەوەیەکی بەردەوامی جنوونیانە لێی. واتە ماهیەتێک کە تەواوکەری ژیان و بوون بێت نەک دژی. بەو مانایە کە پێوەندی نێوان ئەو دوو چەمکە پێوەندییەکی تەواوکار بێت نەک بەرهەڵستکارانە، جا بۆیە هەڵەی گەورەی مرۆڤایەتی لە مێژووی بیرکردنەوە و ئەندێشەی خۆیدا ئەوە بووە کە مەرگی لە بەرانبەر ژیاندا داناوە و وەک دژی یەک چاوی لێ کردوون و تەواوی ئەو ترس و تۆقین و دڵەڕاوکێیەش لەو شێوە هەڵسەنگاندن و پێوانە کردنەوە سەرچاوەی گرتووە. بەو پێیە، لێرەدا وەرچەرخانێکی بنەڕەتی لە ڕوانین بۆ مەرگ و پێوەندی لەگەڵ ژیاندا دەبێتە هۆی وەرچەرخانێکی بنەڕەتی ئەندێشەی مرۆڤیش سەبارەت بەو بابەتە.

ئەگەر لە سەردەمی پاش مۆدێرندا مرۆڤێک ڕابهێنرێت کە زەینییەت و ئەندێشەیەکی جوانی هەبێت سەبارەت بە مەرگ و بە دیدێکی ئەرێنی سەیری ئەو دیاردەیە بکات، بێ گومان مرۆڤێک دەبێت کە لە ڕوانگەیەکی جوانیشەوە سەیری ژیان دەکات و لە دەرەنجامدا مرۆڤێک دەبێت بە بێ مەترسی و تۆقین لە مەرگ.

ئەوەمان لە بیر نەچێت جیهانێک کە مەرگی تێدا جوان نەبێت ژیان و بوونیشی تێدا جوان نییە. لە جیهانێکدا کە مەرگ وەک دیاردەیەکی ناحەز سەیر دەکرێت و دەرکەوتەی مەرگ دەرکەوتەیەکی دڵخواز نییە، هەراس و مەترسی مەرگ جوانی و چێژەکانی ژیان و بوون لە مرۆڤ- دەستێنێتەوە. ئەمە خاڵێکی گرینگە کە دەبێ لە دیدی مرۆڤی ئەمڕۆییدا ئاڵوگۆڕی بە سەردا بێت و ئەو خوێندنەوە و تێڕوانینە باو و لەمێژینانەی مەرگ دەبێ بکەونە بەر ڕەخنە و بگۆڕێن. ئەوە لە بیر نەکەین لە جیهانێکدا کە دیاردەی ناحەزی تێدا باڵادەست بێت کاریگەری دەکاتە سەر باقی دیاردەکان و ئەوانیش ناحەز و قێزەون دەکات و ماهیەتیان دەگۆڕێت، هەربۆیە ئاڵوگۆڕ لە ماهیەتی مەرگدا بە ئاڵوگۆڕ لە ماهیەتی سەرجەم دەرکەوتەکانی پێوەندیدار بە ژیان و بوونەوە کۆتایی دێت. بە تایبەت مەسەلەگەلێکی هەستیاری وەک مەرگ و ژیان و بوون کە سەرەکیترین دیاردەن لە سەرەتای مێژووەوە تا بە ئەمڕۆ لە دید و ڕوانینی مرۆڤ-دا، جا بۆیە هەڵوێستە لەسەر ماهیەتی دەستەبەرکراوی مەرگ بۆ مرۆڤ- ، هەڵوێستەیەکی هەستیارە کە دەبێ بە هۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لە پێناو خستنەڕووی ڕواڵەت و سیمایەکی دڵخواز و چێژبەخش لەو داڵغە هەمیشەییەی مرۆڤ، چونکە لە سەرەتاوە تا بە ئەمڕۆ مەرگ نەک هەر هەست و هۆشیاری مرۆڤی بە خۆوە سەرقاڵ کردووە، بەڵکو پانتایی ناهۆشیار و نەستی ئەویشی تەنیوەتەوە و بۆتە بەشێک لە پێکهاتەی ناهۆشیاری بەکۆمەڵیش (دەستەجەمعی).

لە بنەڕەتدا مەرگ دیوێکی ناحەز و دزێوی هەیە کە هەر مرۆڤێک لە بیرکردنەوەیدا سەرەتا هەست بەو ڕواڵەت و دیوە ناحەز و قێزەونەی دەکات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا خاوەن و هەڵگری دیوێکی جوانی شاراوەیە کە دەبێ بخرێتە ڕوو و ئاشکرا بکرێت. هەست کردن بە دیوە شاراوە و جوانەکەی مەرگ لە بناغەدا هەست کردنە بە جوانی و دڵبزوێنی ژیان و بوون. بەو واتایە کە هەست کردن بە لایەنە دزێوەکەی مەرگ، هەراس و دڵەڕاوکێ و داڵغەیەکی وا لە لای مرۆڤ- دەوروژێنێت کە خۆشی و جوانییەکانی ژیان و بوون دەخاتە پەراوێز و دەیانداتە دەست فەرامۆشی، جا هەر بۆیە هەست کردن بە تایبەتمەندییە دڵخوازەکەی مەرگ چاوپۆشی نییە لە جوانی ژیان و بوون، بەڵکو مسۆگەرکردن و چەسپاندنیەتی.

مرۆڤ- دەبێ لەوە دڵنیا بێت کە تا زەمانێک ناحەزی و دزێوی بە ڕوخساری مەرگەوە دیار بێت، ڕواڵەتی ژیانیش بێ بەش نابێت لەو ناشیرینی و نادڵخوازییە،

هەربۆیەش سڕینەوەی ناحەزی لە ڕوخسار و سیمای ژیان لە پلەی یەکەمدا پەیوەستە بە سڕینەوە و پاک کردنەوەی ناحەزی و چەپەڵی لە ڕوخسار و ڕواڵەتی مەرگ. بەو مانایە کە ئەو دوو دیاردەیە دەبێ وەک یەک سەیر بکرێن و وەک یەک بێنە بەر چاو، کە یەکیان بێ ئەوی دی خاوەن و هەڵگری مانایەکی جوانیناسانە و ئیستێتیکی نییە و ناحەزی یەکیان دەبێتە هۆی دزێوی ئەوی دیکە و هەربۆیەش جێخستنی ئەو شێوە ڕوانینە لە ڕوانگەی مرۆڤی ئەمڕۆییدا پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر و زەرورەتێکی مێژووییە کە دەبێ کاری بۆ بکرێت و بایەخی پێ بدرێت، چونکە ترس لە مەرگ بواری بیرکردنەوە لە جوانییەکانی ژیان لە ناو دەبات و ئازارەکانی بوون دوو هێند دەکاتەوە. بەو هۆیە مرۆڤی ئەمڕۆ لە پێش هەموو شتێکدا دەبێ بە شوێن جوانییەکانی مەرگدا بگەڕێت جا دواتر هەڵوەدای دۆزینەوەی لایەنە جوانەکانی ژیان و بوون بێت.

هەروەها ئەوەی کە مرۆڤ- دەکاتە خاوەن «بوون»ێکی مرۆڤانە و شوناسی ئینسانی پێ دەبەخشێت مەرگە نەک زیندووبوون، هەربۆیەش دەکرێ جوانی مەرگ تەنانەت لە جوانی ژیانیش بەهێزتر بێت. بەم پێیە بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە کۆن و سواوەی کە گوایە مەرگ شتێک دەستێنێ، مەرگ هیچ کە شتێک وەرناگرێ، بەڵکو شتێکیش دەبەخشێت، واتە مەرگ هیچ کە داگیرکار نییە، بەڵکو چەمکێکی ماهیەتبەخشە. هەر ئەمەیشە وا دەکات کە مەرگ لە بنەڕەتدا ڕوخسار و ماهیەتێکی شاراوە، بەڵام جوانی هەبێت.

ئەوانەی کە مەرگ وەک دیاردەیەکی قێزەون دادەنێن، کەسانێکن کە بیر لە بەردەوامی و زیندووبوونێکی هەتاهەتایی دەکەنەوە لە حاڵێکدا کە بوون ئەو کاتە دەبێتە خاوەنی شوناسێکی تایبەتی خۆی و ئەو کاتە دەبێتە هەڵگری بایەخێکی گەردوونی کە کۆتاییەکی دیاریکراوی هەبێت. ئەم کۆتاییەش تەنیا مەرگ دەتوانێ دەستەبەری بکات.

مرۆڤ- کاتێک بیر لە بوون دەکاتەوە دەبێ بیر لەوەش بکاتەوە کە ئەگەر مەرگ نەبوایە، بوون هیچ مانایەکی نەدەبوو. هەروەک مۆریس بلانشۆ دەڵێ: «بە بێ مەرگ، هەموو شتێک لە پووچی و بێهوودەییدا نوقم دەبوو.» (١٠)، جا بۆیە ئەگەر بوون خاوەن و هەڵگری جوانی بێت ئەوە مەرگ بۆی دێنێتە بەرهەم.

ئێستا دەکرێ ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین: ئەگەر مەرگ نەبوایە، یان ئەگەر مەرگ پێوەندی بە بوونەوە نەبوایە، ئایا مرۆڤ- مانای مرۆڤانەی خۆی وەردەگرت؟! ئایا دەیتوانی ناوی مرۆڤ- لەسەر خۆی دابنێت؟! ڕاستییەکەی ئەوەیە مرۆڤ- بۆیە مرۆڤە، چونکە بەردەوام هەڵگری مەرگە و تا ساتی کۆتایی لەگەڵ خۆیدا بەکێشی دەکات. هەربۆیەش تەنیا ڕەهەندی مرۆڤ- بوونیەتی و تاکە ئەگەرێکە کە لەم گەردوونەدا شوناسی ئینسانی پێ دەبەخشێت، چونکە تەنیا دەرفەتێکە بۆ ئەوەی ئەم شوناسە مرۆڤانەیە بگەیەنێتە ئەنجام.

* * *

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە زانستە بنەڕەتییەکان تا بە ئەمڕۆ هیچ کارێکی ئەوتۆیان پێ نەکراوە بۆ کێشەی مەرگ لەو بوارەدا، لێرەدا بە بۆچوونی من دەرخستن و زەقکردنەوەی ئەو لایەنە جوان و شاراوەیەی مەرگ دەکەوێتە ئەستۆی هونەر و ئەدەبیات و فەلسەفە. فەلسەفە و هونەر بە گشتی وەک یەکەیەکی لێکدانەبڕاو و پێوەندیدار لە ئاست ئەو مەسەلە هەستیار و گرینگەدا نابێ بێ هەڵوێست بن (هەروەک تاکو ئێستاش نەبوون)، بەڵکو لە ڕێی خستنەڕووی ئەم تایبەتمەندییەوە ببنە هۆی خوڵقاندنی جیهانێکی جوانتر و تەحەمولکراوتر. جیهانێک کە لەودا هیچ دیاردەیەک ناحەز و قێزەون نەیەتە بەرچاو تەنانەت مەرگ، هەربۆیەش بە بڕوای من ئەرکی سەرەکی هونەر - لەم ڕوانگەوە - سڕینەوەی ناحەزییەکانی بوونە بە گشتی و پاک کردنەوەی دزێوی لە ڕواڵەتی مەرگە بە شێوەیەکی تایبەتی. نیتشە لە کتێبی «لەدایکبوونی تراژیدی»دا کە سەراسەر لەسەر هونەر و کاریگەرییەکانی و پێوەندی لەگەڵ ژیاندا دەدوێ، بڕوای وایە کە جیهان و ژیان هەڵگری ترس و تراژیدیایەکن و تەنیا هونەرە کە دەتوانێ ئەم تراژیدیایە هەموار بکات کە ئەمەش دروست ئەو ڕۆڵەی هونەر دەسەلمێنێت کە باسمان کرد. هەر لە بەر ئەم هۆیەیە کە کەمتر دەقێکی ئەدەبی، یان فەلسەفی، یان بەرهەمێکی هونەری هەیە کە ڕەهەندێک، یان ڕەگەیەک لە مەرگی تێدا بەدی نەکرێت، یان بە شێوەیەک نەگەڕابێتەوە سەری و هەڵوێستەی لەسەر نەکردبێ، جا بۆیە ڕەهەندی مەرگ لە تەواوی مێژووی بەرهەمەکانی مرۆڤ-دا بەدی دەکرێت.

لێرەدا وەک نموونە باس لە بەرهەمێکی نوێ لەم سەردەمەدا دەکەین کە بە شێوەیەکی ئەرێنی بۆ مەرگ

دەروانێ و دەکرێ یەکێک بێت لەو هەوڵانەی کە ئێمە باسمان کرد بۆ بەدەستەوەدانی ماهیەت و دەرکەوتەیەکی دڵخواز لە مەرگ. «لە ستایشی مەرگدا» ناوی ڕۆمانێکی نووسەری ناودار «ژۆزە ساراماگۆ»یە. ئەم ڕۆمانە بە شێوەیەکی سەمبۆلیک و ئوستورەیی باس لە عیفریتی مەرگ دەکات کە چۆن برووسکەی مەرگ بۆ مرۆڤەکان دەنێرێ و پاشان گیانیان دەکێشێ و... تاد، بەڵام کاتێک مەرگ لەو حاڵەتە دزێوە دێتە دەر و خۆی لە قالبی ئافرەتێکی جوان و ناسکدا دەنوێنێت، ماهیەتی تۆقێنەر و پڕ مەترسی خۆی دەدۆڕێنێ و دەکەوێتە ژێر کاریگەری، تا ئەو جێیەی کە دەبێتە هاوئامێزی پیاوێکی هونەرمەندی ژەنیار لە ناو پێخەفەکەیدا و دەبنە هاوچێژی یەکتر، ئەمەش دەرەنجامی ئەو ساتەیە کە مەرگ سەرسامی هونەر و مۆسیقا دەبێت. لێرەدایە کە دەردەکەوێت هونەر تەنانەت دەتوانێ مەرگیش دەستەمۆ بکات و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، جا بۆیە چیرۆکەکە بە ئاشتی نێوان مەرگ و ئینسان کۆتایی دێت.

خاڵی جێی سەرنج لەم ڕۆمانەدا ئەوەیە کە تا زەمانێک مەرگ ڕواڵەت و ماهیەتێکی دزێوی هەیە، تەواوی زەلامەکانی زراوتۆقێن کردووە و کاتێک هەست بە مەرگ دەکەن ژیان و بوونیان دەبێتە ژارێکی تاڵ، بەڵام هەر کە مەرگ ماهیەت و ڕواڵەتی خۆی دەگۆڕێت و لە سیمایەکی دڵخوازدا دەردەکەوێت، ئەم هاوکێشەیەش بەرئاوەژوو دەبێتەوە و مرۆڤەکان ئیتر لە مەرگ سڵ ناکەنەوە، بەڵکو دەبنە هاوئامێزی لە ناو تەختی خەوتندا.

**پەراوێز:**

**(*). مەبەست لە بە ئامێری کردنی مەرگ لێرەدا، کوشتنی بە کۆمەڵی خەڵکان لە ڕێی دەسەڵات و ئایدیۆلۆژییەوە ناگرێتەوە، چونکە ئەو شێوە مەرگە لە سەردەمی مۆدێرن و بە تایبەت لە سەدەی بیستدا زۆر ئاسایی دەبێتەوە و دەسەڵات و ئایدیۆلۆژی زۆر بە ئاسانی و خوێنساردانە دەست دەدەنە کوشتاری بەکۆمەڵ کە لە مێژوودا بێ وێنە بووە، بەڵکو مەبەست لە بە ئامێری کردن لێرەدا، دابەزاندنی ئاستی بوونگەرایانەی مەرگە لە دەروونی خودی تاکەکەسدا و کردنیەتی بە شت، یان ئامێرێکی دەست لە دید و ڕوانینی ئەودا.**

**(**). نیگەرانی لە مەڕ داهاتووی مرۆڤ- کە دەرەنجامی دەستێوەردان لە ماهیەتی «بوون»ی مرۆڤ- بێت، داڵغە و نیگەرانی زۆرێک لە بیرمەندانی ئەمڕۆیە. یۆرگن هابرماس یەکێک لەو بیرمەندانەیە کە نیگەرانی خۆی لە مەڕ دەستێوەردان لە پێکهاتەی بۆ ماوەی (ژێنەکان) مرۆڤەوە لە کتێبێکدا بە ناوی «داهاتووی سروشتی مرۆڤ-» دەربڕیوە. ئەو لەو کتێبەدا ئەگەرچی ناپڕژێتە سەر مەسەلەکەی ئێمە، واتە نەهێشتنی مەرگ، بەڵام لە مەڕ دەستێوەردان لە ژێنەکان، یان بۆ ماوەی مرۆڤ- بە نیازی ئەوەی مرۆڤێکی خاوەن تایبەتمەندی دڵخواز بخوڵقێنن، نیگەرانییەکانی خۆی دەست نیشان دەکات. ناونیشانی ئەم کتێبە بە فارسی:**

**مهندسی ژنتیک و آینده سرشت انسان، یورگن هابرماس، ترجمه یحیی امامی، تهران: نقش و نگار، ١٣٨٤.**

**١- گیل گمش، برگردان احمد شاملو، تهران: چشمه، ١٣٨٢، ل١٥٤.**

**٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢١.**

**٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٦.**

**٤- حکمت شادان، فریدریش نیچه، ترجمه کمال فولادوند و دیگران، تهران: جامی، ١٣٨٨، قطعه ٢٧٨، ل٢٤٨.**

**٥- دلهره هستی، آلبر کامو، ترجمه محمدتقی غیاثی، تهران: نگاه، ١٣٨٦، ل١٣٣.**

**٦- تهوع، ژان پل سارتر، ترجمه امیر جلال الدین اعلم، تهران: نیلوفر، ١٣٨١، ل٢٠٦.**

**٧- تنهایی دم مرگ، نوربرت الیاس، ترجمه امید مهرگان و صالح نجفی، تهران: گام نو، ١٣٨٩، ل٧١.**

**٨- جنون روز، موریس بلانشو، ترجمه پرهام شهرجردی، تهران: ویستار، ١٣٨٥، ل٣٣.**

**٩- انسان طاغی، آلبر کامو، ترجمه مهبد ایرانی طلب، آبادان: پرسش، ١٣٨٢، ل١٢١.**

**١٠- ادبیات و مرگ، موریس بلانشو، ترجمه لیلا کوچک منش، تهران: گام نو، ١٣٨٨، ل٨١.**

# دنیاناسی لەلای مەولانا مەحوی

هیمداد شاهین
(کەرکووک)

بۆ ئەوەی لە نهێنی زۆر لە گوتارەکانی نێو دنیای ئەدەبی کوردی بە گشتی و ئەدەبی کلاسیکی کوردی تێبگەین، دەبێت لە ناو ستراکتۆری شاراوە و دیوی نهێنی تێکستەکان بە دوای مانادا بگەڕێین، مەولانا مەحوی یەکێکە لەو عاریف و لە هەمان کاتدا فەلسەفەناسانەی کە پەیامەکەی لە شێوە و ڕێگەی شیعرەوە گەیاندە نێو دنیای شیعری کوردی، ئەم عاریفە لێوان لێو لە موحیبەت و یەکپارچە لە عیرفان و سەودازەدەی عیشقی ئیلاهی لە دڵ و دەروونیدا بە تەواوی ڕەگی داکوتابوو، هەر ئەمەش وای لێکرد شیعرانێک بنووسێت هاوشانی شیعرەکانی مەولانای ڕۆمی و شێخی سەعدی و خواجە حافز و... تاد.

تێگەیشتن لە پەیامی ئەم شاعیرە سەرسوڕهێنەرە کارێکی ئاسان نییە، چونکە هەموو تێکستەکانی یەک پلەیان هەیە، ئەویش پلەی باڵای شیعرە، بۆ ئەوەی جورعەیەک لە دنیا عیرفانییەکەی ئەم پیاوە گەورەیە تێبگەین، سەرەتا دەبێت بۆ نێو دنیای تێکستە پڕ لە شاراوە و نهێنییەکانی بگەڕێینەوە، تا بزانین ئەم پیاوە بە ڕاستی عاریف بووە، یان نا؟ سەرەتا با لە سادەترین پرسیارەوە دەست پێ بکەین، ئەویش ئەوەیە با بپرسین عیرفان چییە و عاریف کێیە؟ یان چ کەسێک پێی دەوترێت عاریف؟ بە کورتی وەڵامی ئەم دوو پرسیارە ئەوەیە کە سەرەتا دەبێت ئەوەتان پێ بڵێم ئەگەر ئێوە سەیرێکی دنیا و چۆنیەتی ژیانی تێدا بکەن، ئەوە جۆرێک لە بچووک بوونەوە بەرانبەر بە گەورەیی گەردوون لە خۆتاندا بەدی دەکەن، ئەمە چ جای ئەوەی تۆ لە تەواوی بوون ورد ببیتەوە، دەبێت ئێوە لەوە تێگەیشتبێتن کە کەسایەتی عاریف بریتییە لە کەسێک



مەحوی

که تەواوی بوون دەناسێت، عیرفانیش واته گەڕان به دوای مانا ونبووەکانی بووندا، ئیدی گرنگ دۆزینەوەی مانا تەواوەکانی بوونە، ئەوەی لەویش گرنگتره ئەوەیه که دۆزینەوەی بوون له ڕێگەی خودی خۆبەوەتی، که جگه لەو ڕێگەیه ناتوانرێت له ڕێگەیەکی دیکەوه پەی به زانینی نەزانراوەکانی بوون ببرێت، بۆیه کاتێک تۆ بەشێک له نەزانراوەکانی بوون هەست پێ دەکەیت، ئەوه بەشێک له پرۆسێسی سنووردانیان بۆ گەورەیی و گەورەخۆنواندن له بوونی خۆت دەست پێ دەکەیت، هەر لەبەر ئەوەشه، که عاریفەکان کەم تا زۆر هەمیشه جۆرێک له سنووراندنێکی گەورەیی خودییان تێدا بەدی کراوه، ئەمیش هۆیەکەی ناسین و دۆزینەوەی بەشێکی نەزانراوی گەردوونه، که مرۆڤی ئاسایی هەستی پێ نەکردووه، بۆیه سەرەتا به باشم زانی که خاڵێکی گرنگ باس بکەم ئەویش سەبارەت به بۆچوونی ئەم پیاوەیه بۆ دنیا، هەر ئەمەش دەبێته هۆیەک که ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت مەولانا مەحوی بەڕاستی عاریفێکی تەواو بووه.

دەبێت ئەوەش بڵێین که تێڕوانینی مەولانا مەحوی بۆ دنیا تێڕوانینێکی ئێجگار نێگەتیڤانەیه و دنیای به شوێنی ناخۆشی و نەهامەتی ئینسان زانیوه، هەتا له شیعرێکی خۆیدا دنیای به کەلاکی تۆپیو شوبهاندووه، بۆیه دەبێت ئەو ڕاستییه دەربخەین که دنیابینی مەولانا مەحوی تەواو جیاواز بووه لەو دنیا بینییەی که شاعیرانی پێش خۆی بۆ دنیا هەیانبووه، پرسیارێکی گرنگ هەیه که من دەتوانم لێرەدا ئەو پرسیاره بکەم، ئەویش ئەوەیه، ئایا مەولانا مەحوی عاریف بووه، یان سۆفی؟ یان دەکرێت پرسیارەکه به شێوەیەکی دی ئاراسته بکەین، ئەویش ئایا هەموو سۆفییەک عاریفه؟ ئەم پرسیاره وەڵامدانەوەی کەمێک قورسه، چونکه وەڵامدانەوەی ئەم جۆره پرسیارانه پێویستیان به قووڵ بوونەوەیەکی عاقڵانه هەیه، تا بتوانین له وەڵامدانەوەکانماندا تووشی هەڵه و کەموکورتی نەیەین، جا بۆیه سەرەتا هەندێک بەیته شیعری ئەم شاعیره دەربارەی دنیا دەخەینه پێش چاوی خوێنەر و دواتر هەوڵی شیکردنەوەی شیعرەکان و وەڵامدانەوەی ئەو پرسانەی سەرەوه دەدەینەوه، سەرەتا با لەو شیعرەوه دەست پێ بکەم که عاریف بوونی ئەم شاعیره و تێڕوانینی بۆ دنیا دەخاته پێش چاو، که دەڵێت(١) :

**دەزانی جیفەیه دنیا، دە حەیفه**
**وەکو سەگ ئەم شەڕ و شۆڕه لەسەر لاک**

یان:

**دنیا تیاترۆیه، مەوەسته تیا، برۆ**
**کێ مایەوه تیا، که نەبووبێ تیا ترۆ**

تێڕوانینی مەولانا مەحوی بۆ دنیا زۆر جیاواز بووه له شاعیرانی تری وەک نالی و کوردی و...تاد، چونکه مەحوی دنیای بەشتێکی هیچ شوبهاندووه، به واتایەکی دی مەولانا مەحوی له ماوەی تەمەنیدا هەمیشه درێژەی به پرۆسەی (هیچاندنی دنیا ) داوه، که دنیایەکەی مەحوی زیاتر له دنیایەکەی ڕابیعەی عەدەوییەوه نزیک بووه، نەک شاعیرانی وەک سالم و نالی و کوردی، واته که له تێکستی هەموو شاعیره عاریفەکاندا جۆرێک له به هیچاندنی دنیا و پشت بەستن به دۆست و خۆشەویست که خودایه، به دی دەکرێت، بەڵام ناتوانین به تەواوی درک بەوه بکەین که ئەم شاعیرانه وەکو مەولانا مەحوی هێنده باس له پووچی دنیا بکەن، بەڵام هەر یەکێک لەوان به جۆرێک له جۆرەکان بەرانبەر به دنیا و خەڵک ڕەشبین بوونه، هەروەها گەشبین بەرانبەر به خودا، که

دواجار ئیشی ئەم عـاریفانە بۆ گەیشتن بووە بە (یار) کە ئەویش خودای تاکە، بۆ نموونە شێخی سەعدی دەڵێت :

**تا عهد تو دربستم عهد همه بشکستم**
**بعد از تو روا باشد نقض همه پیمان را (٢)**

یان مەولانای رۆمی دەڵێت:

**مستم ولی از روی او، غرقم ولی در جوی او**
**از قند و از گلزار او، چون گلشکر پروردەام(٣)**

ڕوو کردنە خودا و شەیدا بوون بە خودایەتییەکەی ئەو یەکـێک بووە لە مـۆراڵە هەرە سەرەکـییـەکـانی دنیـای عـاریفان لە ژیانی عیـرفـانییـاندا، بۆیە بە بڕوای مەولانا مـەحـوی، دنیـا وەک چۆن بۆ مـرۆڤـە تێگەیشـتـووەکـان هیچە، بەڵام لە هەمـان کـاتدا کـاڵایەکەو بۆ بەری مرۆڤی نـاکــەس و هیچ دووراوە، واتە دنیـــا بە ئارەزووی ئەو کەسانەیە کە هیچن، وەک لەم سێ بەیتەدا دەڵێت:

**دنیا بە کامی هیچ کەسانە هەمیشە دەم**
**هیچ ئەڵبەتە بە هیچ دەمێ نا بڕێ لە هیچ**
**دنیا کە هیچە، جوملە دەزانن، کەچی چ کەس**
**مەردانە بۆ خودا نییە دەس هەڵگرێ لە هیچ**
**تا سەر نەبۆتە گۆ، دە لە دنیا دە تۆ شەقێ**
**هەر ئەم شەقە بەکارە کەوا هەڵدرێ لە هیچ**

یان:

**ئەر لە دنیا چاکەیێ سادڕ بوو، تەفرەی پێ نەخۆی**
**ڕوو سپی هەر ڕووڕەشە، گەر بێ سەد ئازایی بکا**

مـەولانا مـەحوی کە باس لە دنیا دەکـات، وێنەیەک بۆ دنیـا وێنا دەکـات، وێنەیەکی تەواو خـاڵییـە لە دڵخـۆش بوون بە دنیـا و گـەشـبێن بوون بە گـەڕانەوە بـۆ مـاناکـانی دنیا خۆی، ئیشکردنی مەولانا مەحوی هەمیشە لەسەر بە هیچ کردنی دنیا و بە ئاراستەکردنی هیچیەتی دنیا بووە، لەمەوە شتێک کە ئەم پیاوە دڵی پێ خۆش کردبێت و بۆ ماناکانی بگەڕێت، گەڕانە بە دوای مانا ڕاستەقینەکانی ئەو دیو دنیا کە ژیانی نەمری و جاویدانییە، ئەو دیوەی کـە ئینسـانەکـان دەگـەڕێنەوە بۆ نێـو مـاهیـەتی خـۆیان، گەڕانەوە بۆ وجوودی ڕاستـەقـینە، بۆیە ئەو پیـاوە مـەزنە دەڵێت:

**بەڵکە لەو ڕێیەوە بەرمە عیمرانی بەقا**
**«مەحویا» غەیری خەراباتی فەنا نیمە مەلاز**

یان:

**تێگەیو شیوەنیە ئەمرۆ، دا سبەی شایی بکا**
**پێگەیو دەروێشە، دا سوبحەی شاهەنشایی بکا**

یەکـێک لە دیاردە هەرە ناوازە و سـەیرەکـانی شـیـعـری مـەولانا مەحوی، بریتییە لەو ڕووبەرە سەیر و گەورەیەی کە تێیدا شتەکان دێنێتە قسە، واتە شتەکان بە شێوەیەک وەسف دەکـات، وەک ئەوە وایە کــە ئەو شـــتــە خـــۆی دەدوێت، بۆ نموونە کـە باسی دنیـا دەکـات، وەکو ئەوەیە دنیـا خـۆی بگێـڕێتـەوە بۆ ئینسـانەکـان، یان دنیـا خـۆی موفـەسیری خۆی بێت و خۆی تەفسـیر بکات، ئێـوە کە شیعرێکی دەخوێننەوە، وا هەست دەکەن لە ڕۆژگارێکدان سەراپا بریتییە لە گوناه، گوناهی مرۆڤەکان بەرانبەر بە یەکدی، گوناهی مرۆڤەکان بەرانبەر بە خودا، گوناهێک کـــە مـــێـــژوویەکی دووورودرێژی هەیە، ئەو مـــێـــژووەی دەگـەڕێتـەوە بـۆ کـوشـتنی مـرۆڤـێک لە لایەن مـرۆڤـێکی ترەوە، دنیـابینی مەولانا مـەحوی ئێجگار پڕ حیکمەتە، پیـرێک لێوانلێـو لە عـیـشـقی ئیـلاهی و پشت کـردن لە دنیـا، بۆیە لە دوو بەیتی جیـا جیـای فـارسی خـۆیدا دەڵێت:

**ز بعد مرگ بر سر خاکپاشی تا ابد زین غم**
**کە از رنج و غم دنیای دونت عمر شد بر باد**

یان:

**دنیا همە هیچ است ولی هیچ تر از وی**
**ماییم کە در باختە ایم این همە با هیچ**

دنیا هەمیشە لە نێوان خۆشەویستی و ڕقی مرۆڤەکاندا خـولاوەتەوە، بە مـانـایەکی تر، ژیان بە بەردەوامی لە پرۆسـەی ئەم بەر و ئەو بەرکردن بووە لەنێـوان سـتـایش و هیـجـادا، مـەولانا (مـەحـوی)ش یەکـێک بووە لەو جـۆرە کـەسـانەی کە تراژیدیایەکی گـەورە و فـراوان بەرانبـەر بە ژیان و دنیـا لە نێـو شـیـعـرەکـانیـدا بە دی دەکـرێت، گلەییـــەکی زۆری بەرانبـــەر بە دنیـــا هەیە و ئەوەی کـــە تێیدایە، میـحنەتێکی زۆر لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێت، یەکێک لە خاڵە گـرنگەکـانی ئەم عـاریفـە مـەزنە ئەوەیە، ئەم عـاریفـە یەکـێک لە دیاردە دیـارەکـانی شیـعـری ئەو، دەرخسـتـنی ڕوحی شـاعـیـرێکی عـاریف و خـودا ناسـە، وشـەی (مـەحـوی) خـۆی هێـمـا بووە بۆ ئەو ڕوحیـەتی عاریف بوونە، بە مانایەکی دی پشت هەڵکردن لە دنیا و ڕوو کردنە لە خودا، ئەم پرۆسەی پشتکردن لە دنیا و ڕوو کـــردن لە خـــودایە بە تەواوی و بە کـــۆنکرێتی لە لای

مەولانا مەحوی جێبەجێ کراوە و شیعرەکانیشی باشترین بەڵگەن بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە، لەمەوە ئەم عاریفە دنیایەکی جیاوازتر لە دنیای مرۆڤەکانی دی وێنا دەکات، ئەو دنیایەی کە ڕاستەقینەیە بۆ مرۆڤە ڕاستەقینەکان، دنیایەکە جگە لە مرۆڤە ڕاستەقینەکان جێگەی مرۆڤی تری تێدا نابێتەوە، هەر ئەم پەنا بردنە بەر ئەو دنیایەشە کە وا لەم پیاوە گەورەیە دەکات کە شیعرەکانی گەورەترین پلەی مەعریفی شیعریان هەبێت لەنێو ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا.

**سۆفی بوونی مەولانا مەحوی؟**

بێ گومان مەولانا مەحوی عاریفێکی تەواو بووە، ئەویش بەپێی ئەو دنیابینییەی کە هەیبووە، بەڵام لەسەر ئەوەی کە ئایا سۆفی بووە، یان نا، دوو بڕوا هەیە، لەسەر ئەوەی کە ئایا مەولانا سۆفی بووە، یان نا؟ لایەنی یەکەم بڕوایان وایە کە مەولانا مەحوی سۆفی نەبووە و بۆ تێڕوانینەکەشیان پشتیان بەم بەیتانەی لای خوارەوە بەستووە :

**ڕیشێکی پان و تووکی بناگوێ درێژ و لوول**
**سۆفی لە دینی لادە بە دیمەن لە جوو دەکا**

یان:

**زاهید و سۆفی بە شەڕ هاتن لە سەر تەزویر و شەید**
**خێری ڕەندانە خودا کا بەر تەرەف بێ هەر تەرەف**

لەم شیعرەی دواییدا مەولانا مەحوی بە تەواوی دابەزیوەتە سەر زاهید و سۆفی، هەتا بە تەڵەکەباز و ساختەکار ناویان دەبات، (زاهید و سۆفی کەوتنە ململانێ و جەنگەوە لەگەڵ یەک لە سەر تەزویر و فێڵبازی، خوا بکات لەم شەڕەیاندا هەردووکیان تیا بچن و ئێمەیش ڕزگارمان بێت لە دەستی هەردوولایان، بەڵامەکێ لایەنەکەی تر ئەو بڕوایەی دەستەی یەکەم ڕەت دەکەنەوە و ئەوان پێیان وایە کە مەولانا مەحوی ئەو شیعرانەی بۆ ئەو کەسانە بووە کە بە ناوی دین و زوهدەوە تەڵەکەبازییان بەرانبەر بە خەڵک کردووە و سەرقاڵی ساختەکاری بوونە، ئەگەرنا مەولانا مەحوی کەسێک بووە بە تەواوی مەقاماتی تەسەوفی بڕیوە کە یەکەم قۆناغی تەسەوف بریتییە لە زوهد، کەواتە لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم کە دنیاناسی مەولانا لە ڕێگەی مەقاماتی تەسەوف و عیرفانەوە بووە و هەر بەڵگەش بۆ ئەو ڕاستییە، ئەو بەیتە شیعرانەی سەرەوە و چەندین بەیتە شیعری تربەتی کە ئەو ڕاستییەمان بۆ پشت ڕاستتر دەکاتەوە.


**سەرچاوەکان:**

**(١) دیوانی مەحوی /مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس /١٩٨٤.**

**(٢) غـزلیـات سـعـدی/تهیـئـه و تنظیم. سـایت فـرهنگی، اجتماعی، خبر تربت جام، ل٣٥.**
**Torbatjam.com**

**(٣) کلیان دیوان شمس/مؤسسەی انتشارات نگاه/تهران، ١٣٧٨ ص٥٣١.**

# زمانی شیعری پەشێو

شاخەوان فەرهاد مەحەمەد

بڕبڕەی پشـــتی ئەدەب زمـانـه، زمـان وەکـو بوونێکی کۆمەڵایەتی لای هەموو کەسێک بەکاردێت و ئەو دەورەی زمان دەیگێڕێت و دەیبینێت لە خزمەتکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، هیچ شتێکی دی بەم شێوەیە ئەو ڕۆڵە نابینێت، زمـان لە هەر بوارێک لە بوارەکـانی ژیاندا بەکـارهێنان و تایبەتمەندی خـۆی هەیە، کە هەر چین و توێژێک بە گوێرەی پێویستی ژیانی و ئەو ئیشوکارەی کە جێبەجێی دەکات بەکاری دێنێت، بۆ نموونە (لە شیعردا، ڕوویەکی تایبەتی وەردەگرێت، ئەرکی شاعیر لێرەدا بەرزکردنەوەی زمانە لە شێوازە گشتییەکەی و گۆڕینی بۆ دەنگی تایبەتی، ئەمەش لە ڕێگای بینین و بەهرەیەکی تایبەتی خۆرسکەوە دایدەنێت و ڕێکی دەخات، لە دەوڵەمەندترین شێوەی کار- کارادا، بۆ ئەوەی باشترین بەرهەمی لە ڕووی واتا و دەنگ و پێوەندی بنیادنان و ئاوازەکان بە دەستەوە بدات)(١) جا لێرەدا شاعیر لە ڕێگای زمانە شیعرییەکەیەوە دەنگی تایبەت بە خۆی پەیدا دەکات و ئەزموونی شیعریی لەو ڕێگەیەوە نەشونما دەکات و زمان لە شیعردا ڕۆڵێکی دووانەیی دەبینێت، جگە لە شێوازە زمانییەکەی، ڕیتمیش بە شیعر دەبەخشێت، هەروا زمانی شیعریی نەتەوەیەتی.گرنگیدان بە زمانی شیعر و جیاکردنەوەی لە زمانی ئاسایی خەڵک و دەستنیشان کردنی خەسڵەتە تایبەتییەکانی، کارێکە هەر لە کۆنەوە لەلایەن شاعیرانەوە پەیڕەو کراوە، بگرە لای فەیلەسووفەکانیش حسێبی بۆ کراوە.. زمانی شیعر ئازادە، شاعیر بە ئارەزووی خۆی و بەپێی پێویستی ئەو بابەتەی کە دەیەوێت باسی دەکات و وشەکانی بەکاردێنێت، بۆیە زمانێکی هونەرییە، دەبێت بەرگێکی هێما بۆ کراوی هەبێت و ئەو هێمایانە واتای تایبەتی



**عەبدوڵڵا پەشێو**

ببەخشن. کەواتە دەبێت زمانی شیعریی کۆمەڵێک خەسڵەتی زمانەوانی تایبەتی هەبێت، کە لە هەموو قۆناغ و سەردەمێک لە زمانی شیعریدا بەکاردێت و لە پێناسەیەکدا دەڵێت: (زمان بنچینەیە و کۆڵەگەی بەهێزی شیعرە، ئەو ئامرازەیە کە شاعیر هەست و سۆز و بیروبۆچوونەکانی خۆی پێ دەردەبڕێت)(٢) وشە کەرستەی خاوی دەربڕینە و کاریگەری گەورە و مەزنی لەسەر مرۆڤ هەیە، بەکارهێنانی وشە بە پێی بەکارهێنەکانیەتی، هەروا بەپێی ئەو بوارەی، کە ئەو کەسە بەکاری دێنێت و دەیگۆڕێت، لای شاعیر وەکو کەرستەیەکی ئەدەبی کۆی کردووەتەوە و لە کات و شوێنی خۆیدا بەکاری دێنێت، وشە لە شیعردا مانای فەرهەنگیی خۆی لە دەست دەدات، ئەو کاتەی شاعیر بیرۆکەیەکی تایبەتی خۆی پێ دەردەبڕێت، چونکە (وشە لە بەکارهێنانی شیعریدا بریتییە لە هێما بۆ شتەکان)(٣) ئەوەی ئێمە لێرەدا ئاماژەی پێدەکەین زمانی شیعری پەشێوە، پەشێو هەر لە سەرەتای نووسیندا وەک مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و پێگەیشتوو و هەست کردنی بە دابڕانی نەتەوەکەی لە بواری فیکری و هونەری و کاریگەریی ڕوانگەییەکان، هەوڵی داوە بە زمانێکی کوردیی پەتی و ڕەوان شیعر بنووسێت، کە بەکارهێنانی وشە و زاراوە سووک و ساناکانی بۆ ئەو هۆکارانە دەگەڕێتەوە:

١- بە پێی ئەوەی خۆی لە زمانی سادەی خەڵکی لادێییەوە هەڵقوڵاوە، خەڵکی چەوساوەی کوردستانە و تەمەنێکی زۆری لە لادێ بەسەر بردووە، بۆیە وشە سادە و ساکارەکانی هەڵبژاردووە تا زۆرترین کەس تێی بگەن.

٢- خۆی چونکە هەڵقوڵاوی نەتەوەکەیەتی، هەوڵی داوە ئەو وشانە پیشان بدات کە لە سروشتی میللەتەکەیەوە هەڵقوڵابن و هەموو خەڵک تێیان بگەن.

٣- پەشێو وشەی تەسکی ناوچەیی بەکار نەهێناوە، بەڵکو توانیویەتی لە هەر ناوچەیەک چەند وشەیەک هەڵبژێرێت و لە بۆتەی زمانی شیعری خۆیدا بەکاریان بێنێت، ئەوەش بەیەکێک لە خاسیەتەکانی شیعری نوێی کوردی دادەنرێت.

٤- پەشێو خاوەنی تەکنیکێکی تازە و بنیادێکی نوێیە، وێنەکانی زمانی شیعریی هەڵگری وێنەی ژیان و مرۆڤ و شتەکانن و نهێنی دەق ئاشکرا دەکەن و واقیعی کۆمەڵگاکەی دەردەخەن. بۆ نموونە لە شیعری (ئۆتۆنۆمی) بەو زمان و شێوازە دەربڕینەکەی خۆی دەردەبڕێت.

**(پێناسەکەی وا لای منە!**
**کورد کوژە، هیوا خەسێنە**
**دەست و دەم و پێ بە خوێنە**
**ڕێگایەکە کە نابڕێتەوە**
**لە نوێنەوە بەرەو سەنگەر**
**لە وێشەوە بەرەو نوێنە!**
**عەیامێکە من دەیناسم!**
**دێوجامەیە،**
**خەمە گرووی هەزار ڕەنگە،**
**قوتابخانەی بێ سەوادی دەبەنگییە.**
**کانگای گولی و**
**سوورزەنک و**
**فەرەنگییە)** (٤)

لەم شیعرەدا وشەکانی (هیوا خەسێن، نوێن، عەیام، دێوجامە، خەمە گروو، بێ سەواد، دەبەنگ، کانگا...) هی ناوچەی جیاجیای کوردستانن شاعیر هەمووی وەرگرتوون و لە سنووری تەسکی ناوچەیی دەریهێناون و کردوونی بە موڵکی زمانی شیعریی پەشێوانەی

خۆی.پەشێو زمانێکی سادە و ساکار و ڕەوانی هەیە، (زمانێکی بێ گرێوگۆڵی هەیە)(٥)، بۆ سادەیی و ساکاریی شاعیر ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ خۆشەویستی بۆ سامانی کەلەپووریی نەتەوەکەی و بۆ دڵسۆزی بۆ زمانی کوردی دەگەڕێتەوە، لە شیعری (بۆ چیاییبە دوورەکان) دەڵێ:

**(ئەی چیاییبە دوورەکان!**
**چۆن ئاگر کەسێک بگرێ،**
**منتان گرتووە وەک ئاگر!**
**هەرچەند بە تاوتر هەڵێم،**
**هەرچەند دوورترکەومەوە،**
**دەبینم بڵندترین، گەورەترن نێزیکترا!)(٦)**

وشەکانی (بەتاو، دوور، ئاگر، بڵند، گەورە، نێزیک..) وشەی سادە و ساکارن، بەڵام لەناو دەقە شیعرییەکەدا شوێنی شیاوی خۆیان گرتووە، مانای بەهێزیان بەخشیوە، هەروا لە شیعری (لەبەر دەرگە)دا ئەو شێوازەی پەشێو بەکاری هێناوە، شێوازێکی لیریکی ئامێزە، دەڵێت:

**(شەو ڕاشکا**
**ئەژنۆم شل بوو،**
**مانگ بە تاقی ئاسمانەوە هەڵپرووکا**
**دەرگەکەتم لێ بکەوە،**
**ئەمشەو هاتووم**
**بۆ چنینی چەپکە نێرگزی چاوت،**
**بۆ نووچ دانێ،**
**بۆ خەونێ....تۆزە گریانێ..**
**لەسەر هەوری قژی خاوت)(٧)**

وشەکانی (شەو، ئەژنۆ، دەرگا، ئاسمان، گریان، هەور، قژ،،) وشەی ئاسایی و ناشیعرین، بەڵام پەشێو زانایانە توانیویەتی لە شوێنی خۆیان بەکاریان بێنێت، بەمەش ئاستی شیعریی و ئەزموونی شاعیریەتی خۆی بەرەو پێش دەبات و شێوازی زمانی خۆی دەردەخات، بۆیە (شێرکۆ بێکەس) دەڵێ: (شێوازی پەشێو وەک گوڵە کێویلە سادەیە و وەک کۆتر نیان و لە تاووسە لە خۆباییەکان نییە!)(٨) هەروا پەشێو لە شیعرەکانیدا توانیەیەتی گیانی نوێ بە وشەکانی بدات و زمانە شیعرییەکەی پێ دەوڵەمەندتر بکات، بۆ نموونە لە شیعریی (گوڵە بەڕۆژە)دا، دەڵێ:

**(نیشتیمانی من**
**هێلانەی خۆرە**
**پڕشنگە جاڕە**
**سەرم سەر نییە**
**گوڵەبەڕۆژەی هەمیشە لارە)(٩)**

وشەکانی (نیشتیمان، هێلانە، خۆر، سەر، گوڵەبەڕۆژە، لار) وشەی ئاساین، بەڵام توانیویەتی پێوەندی بەهێز لە نێوانیاندا دروست بکات، بۆ نموونە (نیشتیمان)ی بە (هێلانە)چواندووە، (هێلانەی خۆر) وشەیەکە مەودایەکی دەلالی نوێی وەرگرتووە، جارێکی کە (پڕشنگە جاڕ) کە تایبەتمەندی بە وڵاتەکەی داوە، شاعیر لەسەر شێوەی (نێرگزە جاڕ) دایتاشیوە کە سەری دەبێتە گوڵەبەڕۆژە و هەردەم لەبەر خۆردا دەوەستێت، ئەوەش داهێنانی پەشێو دەردەخات. هەندێک جار پەشێو وشەی بێگانەی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی زمانە شیعرییەکەی پێ دەوڵەمەند بکات و لە هەمان کاتدا خەڵکی لە دۆزینەوەی شتی زانستی و نوێ ئاگادار بکاتەوە، وەکو لە شیعری (لەوەتی هەم خەو دەبینم)دا دەڵێ:

**(جار هەیە جەنگی ئەستێران،**
**تشێرنۆبڵ، هەڵەبجەی وێران**
**دەمامکەکەی مایکڵ جاکسن،**
**لە شووشەدا مرۆڤ چاندن،**
**ئینتەرنێت و**
**کونتێبوونی چینی ئۆزۆن**
**ڕاوم دەنێن ... دەمتۆقێنن)(١٠)**

چەند وشەیەکی نوێی بەکارهێناوە، وەکو (تشێرنۆبڵ، مایکڵ جاکسن، ئینتەرنێت، چینی ئۆزۆن..) ئەوانەش ئاگاداری و شارەزایی شاعیر بەدەردەخەن، کە چۆن توانیویەتی زانیاریان لەسەر کۆبکاتەوە و لە شوێنی خۆیاندا بەکاریان بێنێت، هەروەها پەشێو چەند وشەیەکی بەکارنەهاتوو، یان پشتگوێ خراوی وەرگرتووە و لە بەرگێکی تازە و بە گیانێکی نەمرانە لە دەقی شیعریی خۆیدا بەکاری هێناون، وەک لە شیعری (ئەگەر ئەم جارە بێمەوە)دا دەڵێ:

**(ئەگەر ئەم جارە بێمەوە!**
**بەیانییان،**
**وەک بەرخۆلەیەکی ساوا،**

**لەناو قەرسیلی پاراوا،**
**تل دەخۆم و گیایەکی تفت تێر تێر دەجووم،**
**تا کفت دەبم،**
**پێ و بەلەکم لە شەونمی سارد هەڵدەسووم) (۱۱)**

لێرەدا وشەی (قەرسیل، بەلەک، کفت، تفت، بەرخۆلەی ساوا...) وشەی میللی بەکارهاتوون، واتە زمانی پەشێو زمانێکی تایبەتی و ئامادەکراو نییە، هەڵقوڵاوی زمانی ئاسایی خەڵکە و زمانی قسەپێکردنی خەڵکی ئاساییە، وەکو (وردس وۆرث) دەڵێ: (باشترین زمانی شیعری ئەو زمانەیە کە خەڵک قسەی پێ دەکەن و ئەوەی دەیکاتە زمانی شیعر بریتییە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی). (۱۲)

سیفەت و تایبەتمەندییەکانی شیعری پەشێو:

۱- بە زمانی کوردی پەتی دەنووسێت .

۲- هەوڵی داوە بە ڕێنووسێکی یەکگرتوو، وریایی و لێهاتوویی وشەکان لە قاڵبی جواندا بنووسێت .

۳- زمانەکەی تەڕ و ناسکە .

٤- زمانێکی سادە و ڕەوان و ئاساییە، خەڵک زوو لێی تێدەگەن، پێویست بەوە ناکات لەناو فەرهەنگەکاندا بە دوای واتای وشەکاندا بگەڕێین.

٥- لەبواری زانستی زمان شارەزایە، هەر لەنگییەک لە زمانەکەدا هەبێ زوو هەستی پێ دەکات، چارەسەری هەڵەکانی دەکات .

٦- چەند زمانێکی جیهانی بە باشی دەزانێت، بۆیە بووەتە سەرچاوەی دەوڵەمەندی فەرهەنگی شێواز و زمانە شیعرییەکەی.

**پەراوێزی سەرچاوەکان:**

**١- عدنان حيش العوادي، لغة الشعر الحديث في العراق بين مطلع القرن العشرين والحرب العالمية الثانية.**

**٢- حسين عبود حميد، في الشعر العراقي الحديث .**

**٣- د. عزالدين اسماعيل / التفسير النفسي للأدب.**

**٤- عەبدوڵڵا پەشێو، برووسکە چاندن .**

**٥- دیدار لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، سلێمانی**

**٦- عەبدوڵڵا پەشێو، شەو نییە خەوتان پێوە نەبینم.**

**٧- عەبدوڵڵا پەشێو، شەو نییە خەوتان پێوە نەبینم.**

**٨- دیدار لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، سلێمانی .**

**٩- عەبدوڵڵا پەشێو، بەرەو زەردەپەڕ .**

**١٠- عەبدوڵڵا پەشێو، بەرەو زەردەپەڕ .**

**١١- عەبدوڵڵا پەشێو، شەو نییە خەوتان پێوە نەبینم.**

**١٢- د.عمر محمد الطالب / المذاهب النقدية (دراسة وتطبيق)**

**سەرچاوەکان:**


**(ا) کوردییەکان:**

**١- عەبدوڵڵا پەشێو، برووسکە چاندن، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠١.**

**٢- عەبدوڵڵا پەشێو، بەرەو زەردەپەڕ ، چاپی یەکەم، سوید، ٢٠٠١.**

**٣- عەبدوڵڵا پەشێو، شەو نییە خەوتان پێوە نەبینم، چاپخانەی ئەلئەدیب ، بغداد، ١٩٨٠.**

**٤- دیدار لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، سلێمانی، ٢٠٠٢/١١/١٢.**

**(ب) عەرەبییەکان:**

**١- حسين عبود حميد، في الشعر العراقي الحديث، رسالة ماجستر، جامعة البصرة، كلية الآداب، ١٩٨٤.**

**٢-د. عزالدين اسماعيل، التفسير النفسي للأدب، ط٤، دار العودة، بيروت، ١٩٨٨.**

**٣-د.عمر محمد الطالب، المذاهب النقدية (دراسة وتطبيق)، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٣.**

**٤-عدنان حيش العوادي، لغة الشعر الحديث في العراق بين مطلع العشرين والحرب العالمية الثانية، دار الحرية للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٥.**

# پێناسە و مێژوو و سەرەتایەک بۆ ئیکۆفێمینیزم

مەنسوورە شوجاعی
لە فارسییەوە: یوونس ڕەزایی
(بۆکان)

دوا بەدوای خستنە ڕووی ڕوانگەگەلی جۆراوجۆر لە لایەن لایەنگرانی ژینگەپارێزی و لایەنگرانی لغاوکردنی هەڵدانی بێ بەستێنی تەکنۆلۆژیا، ڕاستییەکان و دیاردەگەلێکی پرژو بڵاو و جۆراوجۆر لەمەڕ شێوەکانی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئیکۆلۆژیدا خۆیان وەدەرخستووە. بەو شێوەیە دەتوانین ئیکۆفێمینیزم بە یەکێک لە لایەنەکانی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ژینگەگەرایی، یان نوێترین شێوەی ئیکۆلۆژی قووڵ و بەبڕشت بزانین.

دەستپێکی هاتنە ئارای ئەو زاراوەیە بۆ نێو بازنەی ژینگە بۆ سەرەتای دەیەی حەفتا دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی کە «فرانسواز دۆبۆن»، لە کتێبی «فێمینیزم یان مەرگ»دا ئەو ڕێکەوەندەی بۆ دیاریکردنی ئەو بەستێنە لە خوێندنەوەکانی ژینگەگەرایی خۆی هەڵبژارد. بێ گومان جۆری ڕوانینی ئیکۆفێمێنیستی هەر لە زووەوە و بەر لەوەی ناوێکی بۆ بدۆزرێتەوە دەستی پێکردووە و شوێن دانانەکەی ئێستا کە بە شێوەی جۆراوجۆر و لە ڕێکخراوە تایبەتییەکانی ژنان و ژینگەی سەرانسەری جیهاندا بە ڕوونی و ئاشکرایی وەبەرچاو دەکەوێ.

ئیکۆفێمینیزم پێوەندی نێوان بزووتنەوەی ڕادیکاڵی ئیکۆلۆژی و فێمینیزمە. بۆ ناسینی ئەو دیاردە ئاوێتەیە، سەرەتا دوو پێناسە لەو دوو واتایە بەدەستەوە دەدەین.

ئیکۆلۆژی، یان ژینگەی ناوچەیی «ئایدیالۆژییەکی نوێیە کە لە هەنگاوی یەکەمدا دەستە و یەخەی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە لە پێوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت»دا بە شێوەیەک کە مرۆڤەکان ئیتر نە تەنیا ئەرباب و مالکی جیهانی سروشتی نین، بەڵکو لەگەڵ هەموو بوونەوەرەکانی تر لەو جیهانەدا شەریک و

برابەشن.
بەڵام پێناسەی زانستی ئەو دیاردەیە لە ساڵی ١٨٧٣ی زایینی و لە لایەن هەکێلەوە بەدەستەوە درا. ئەو دەڵێ: «ئیکۆلۆژی، یان ژینگەگەرایی زانستێکی سروشتییە کە مەبەستەکەی موتالای پێوەندی نێوان بوونەوەرەکان و ئەو ئاقارەیە کە تێیدا دەژین.»
لەو واتایەدا دەتوانین بڵێین کە گۆڕانی عیبارەتی ژینگەناسی بە جەخت لەسەر وشەی «ناسین» بە ژینگەخوازی، بەجەخت لە سەر وشەی «خواستن» واتا ویستن، بزاڤی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و رامیاری ئەو دیاردە زانستییە و برەو گرتنی ئەو واتایە وەک جۆرێک ڕوانینی تایبەتی کۆمەڵایەتی ڕوون دەبێتەوە. ئەو بزاڤە بە شێوەیەکی هەمەکی لە کاتێکەوە دەست پێدەکا کە دیاردەیەکی زانستی لە تای تەرازووی واتاکانی کۆمەڵایەتیدا دادەنرێ و لە پانتایی خاوەن زانست و پسپۆڕانی هونەر دەراویتە دەبێ و ڕوانگە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان بەرەو خۆی ڕادەکێشێ.
زاراوەی فێمینیزم تا ئێستا وەک ئازادیخوازی ژن، ژنیاری، ژنخوازی و مێخوازی وەرگێڕدراوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی وشەی لەبار و پڕ بە پێستی خۆیی بۆ نەدیتراوەتەوە و ئەو واتایانە هیچیان بە باشی مەبەست ناپێکن و زۆرتر لە ڕێکەوەندە بیانییەکەی کەڵک وەردەگیرێ.
«ڕێبکاوست» لە پێناسەی ئەو دیاردەیەدا بە سانایی ئاوا دەڵێ: «من بۆ خۆم هیچ کاتێ نەمتوانیوە بە باشی لە فێمینیزم بگەم. تەنیا دەزانم هەرکاتێ هەستێک دەردەبڕم کە من لە مرۆیەکی تەوەزەل، یان ژنێکی سۆزانی جیا دەکاتەوە بە من دەڵێن فێمینیست.» یان بە گوتەی «ڕۆزالید دلێمار «لانی کەم دەتوانین بڵێین فێمینیست کەسێکە کە لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ژنان بە هۆی جنسییەتەوە تووشی فەرق و جودایی و هەڵاواردن دەبن و پێداویستی تایبەتیان هەیە کە پشتگوێ دەخرێ و مەیسەرناکرێ. (شایانی باسە) کە بۆ چارەسەرکردنی ئەو نیازانە پێویستە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە نیزامی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیدا بەدی بێ» (دلێمار) دواتر بەو ئاکامە دەگا کە: «ئەگەر لەو ئاستە تێپەڕین هەموو شتێک کوتوپڕ لێڵ و پڕ گرێ و گۆڵ دەبێ».
تاقمێک بڕوایان وایە فێمینیزم بەیان و دەربڕینی سەرەتایی ئیکۆلۆژی ڕادیکاڵە، ئەگەرچی زۆرێک لە فێمینیستەکان دەشێت جۆرێک پێوەندی لە نێوان زاڵ بوون بە سەر ژنان و زاڵ بوون بەسەر سروشتدا ببیننەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پەرەگرتنی ئەو پێوەندییە لە شرۆڤەیەکی بەربڵاوی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووریدا بە تازەیی دەستی پێکردووە.
بۆ چوونە ناو پانتایی وەها شرۆڤەیەک پێویستمان بە ڕوانینێکی قووڵ و جیاواز لە ڕوانینی ڕابردووە هەتا بتوانین قەیرانێکی جیاواز لەگەڵ کولتوور، مێژوو، ئابووری، کۆمەڵناسی، هونەر و... بخەینە ڕوو. ڕوانینێک کە بڕوای بە سازکردنی پێکهاتەیەکی فیکری و ڕوانگەیەکی نوێی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری بێ و پێوەندی دوولایەنە بەسەر کێبەرکێ و سەرەتیدان زاڵ بکا. ڕوانینێک کە بڕوای بە پێوەندی نێوان زاڵ بوون بەسەر ژنان و زاڵ بوون بەسەر سروشتدا هەیە.
باس و خواسی فێمینیزمی «هەرێم ناسەکی»، یان ئیکۆفێمێنیزم دەبێ وەک باس لە چوارچێوەی شێوەیەکی بیرکردنەوە و کردە بێنینە ئەژمار. فێمینیزم بە تەنیایی باسێکی هەمەکییە لە بەرابەر ئەو قەیرانەدا کە «ئاخۆ دەبێ بە شوێن بەرانبەری لەگەڵ پیاوانەوە بین، ئەویش بە پێی پێوانەگەلێک کە بەروونی لە لایەن پیاوانەوە خراونەتە ڕوو؟ یان دەبێ قامک بخەینەسەر جیاوازی نێوان ژنان و پیاوان و هەوڵی مەزنی بەخشین بە تایبەتمەندییەکانی ژنانە بدرێ کە تاکو ئێستا سەرکوت کراون؟» بەڵام لەوپەڕی ئەو جیاوازییەدا، ئیکۆفێمێنیزم وەک دەرفەتێک بۆ مل بادان لە نێوان هەڵبژاردنی یەکێک لەو دوو جۆرە ڕوانینە و گرتنەبەری سیاسەتێکی ئاڵوگۆڕ پێکراو دەزانن کە بیر لەوپەڕی ئەو دووفاقێتییە دەکاتەوە و دەیەوێ پێوەندییەکی ساغ و سەلیم لە نێو مرۆڤەکان و پێوەندییەکی باشتر لە نێو ئینسانەکان ـ بە تایبەت پیاوان ـ و ژینگەدا بەدی بێ. لە هەنگاوی یەکەمدا ئەو جۆرە فێمێنیستانە بە شێوەیەکی ئاسایی داکۆکی لەو بایەخ و ئاکارانە دەکەن کە لە بنەڕەتدا ژنانەن، بەو واتایە کە (لایەنگری لەو شێوە بایەخ و ڕەفتارانە دەکەن) کە بە زۆری ژنان ڕەچاویان دەکەن نەک پیاوان. بایەخ گەلێکی وەک ئاشتیخوازی، هێمنایەتی خوازی، میهرەبانی و دژایەتی لەگەڵ ویستی دەسەڵات. ئەو فێمێنیستانە بە پانەوە نایانەوێ تایبەتمەندییەکانی

پیـــاوانه‌ هه‌لاهه‌لا بێ، به‌ڵكو به‌ شـــوێن ســـازدانی هاوســه‌نگی له‌ نێــو ئه‌و دوو جــۆره‌ تایبــه‌تمه‌ندییــانه‌وه‌ن. دواتر ڕوانینی ئه‌وان له‌ سه‌ر ئه‌و بیــرۆكه‌یه‌ ده‌گووڕێ كه‌ زاڵبــوون به‌ســـه‌ر ســـروشت و زاڵبـــوون به‌ســـه‌ر ژناندا، پێــوه‌ندی هه‌یه‌ و پێكهــاته‌كــانی زاڵبـــوون و به‌ڵگه‌ی هه‌ردوو جۆره‌ زاڵبوونه‌كه‌ وه‌ك یه‌كن. «ئاندرێ كۆلار» و «جــۆیس كــۆنتــروچی» ده‌ڵێن: «ناسنامــه‌ و شــوناس و چاره‌نــووسی ژنان و ســروشت ئاوێتــه‌ی یه‌كــه‌.» «هازێل هه‌ندرسۆن» ده‌ڵێ: «فێمێنیسمی ژینگه‌ناسه‌كی» بۆ بوون به‌ دایك، په‌روه‌رده‌ و سه‌رپه‌رشتی كردنی منداڵه‌كانمان و پاراستنی ژینگه‌ی ئاسووده‌ و كۆمه‌ڵه‌ پته‌وه‌كان وه‌ك به‌ به‌ره‌كــه‌تتـــرین كــرده‌ی كــۆمــه‌ڵ ڕێز داده‌نێ، كــه‌چی له‌ چوارچێوه‌ی بایه‌خه‌كانی پیاو سالارانه‌ و نیـزامـه‌كـانی ئابووریدا ئه‌و ئه‌ركانه‌ پشتگوێ ده‌خرێن و بایه‌خیــان پێ نادرێ و وه‌ك تایبه‌تمه‌ندییه‌كانی ژنانه‌ كه‌مترین بایه‌خیان پێ ده‌درێ.» له‌ به‌رابه‌ر ئامـــــاده‌ی ژنـان له‌ ئابووری نه‌ته‌وه‌ییدا وه‌ك كـرێكاری مـه‌زرا، دابینكه‌ری خـۆراكی بنه‌مـــاڵه‌، پارێزه‌ری ته‌ندروســـتی و پاك و خـــاوێنی، په‌رستاری پیر و په‌ككه‌وتان، كه‌یبانوو، كه‌نیزه‌، مامۆستا و په‌روه‌رده‌كه‌ری منداڵان هیچ به‌هایه‌كی دراوی له‌ به‌رچاو نه‌گیــراوه‌: ژنان به‌ درێژایی ئه‌زمــوونێكی پوختــه‌ له‌وه‌ گه‌یشتوون كه‌ كۆمه‌ڵگاكان بۆ هه‌موو ئه‌وشتانه‌ی كه‌ به‌بێ دراو كـه‌ڵكیـان لێ وه‌رده‌گیـرێ بایه‌خ دانانێن و هه‌ر به‌و شێوه‌یه‌ش له‌گه‌ڵ سروشت جووڵاونه‌ته‌وه‌. كاتێك ده‌ڵێن هیچ كـه‌س به‌ قـه‌را ژنان ناتوانێت له‌ باری ئاكـارییــه‌وه‌ لایه‌نگری له‌ ژینگه‌پارێزی بكا و ته‌نیا ئه‌وانن كه‌ مافی پاراستنی خـۆیان له‌به‌رانبـه‌ر هه‌ر چه‌شنه‌ ده‌ســتدرێژی و نیازی ناپاكدا هه‌یه‌، ئه‌و كاته‌یه‌ ده‌توانین بڵێین به‌ڕاستی ژنان ده‌توانن له‌ ده‌ســـتدرێژی و تالانی ســروشت بگه‌ن، ئایا ئه‌وه‌ ڕووبه‌ڕوو بوونه‌وه‌یه‌كی ڕیشـــه‌یی و بنه‌ڕه‌تی له‌گه‌ڵ كۆمه‌ڵگای سه‌رمایه‌داری و قازانجی سوودخوازان نییــه‌؟ له‌ سیســتـمی بازاڕی ئازاددا وه‌به‌ر چاونه‌گرتنی سروشت زۆر ساكـار دێته‌ به‌رچاو، هه‌موو سه‌مه‌ره‌كانی به‌لاشن، (له‌ لایه‌كی تره‌وه‌) كێ وه‌كـــو ژنـان ــ كـــه‌ له‌ سه‌ره‌تای مێـژووی به‌شه‌ره‌وه‌ ملی داوه‌ته‌ به‌ر ئیـشی بێ كرێ و نۆكه‌ری بێ خه‌ڵات و به‌رات بووه‌ـ له‌ تاڵ و تفتی واتای ئه‌و بیرۆكه‌یه‌ ده‌گا؟

«پـلام وود» ده‌ڵـێ: «هــه‌ر لـه‌ ســـــــــه‌ره‌تـاوه‌ ڕوون و ئاشكرایه‌ كه‌ به‌ڵگه‌ی فێـمێنیـستـی «ژینگه‌ناسـه‌كی» و ئاشتـیخـوازی، له‌سـه‌ر بنه‌مـای پێوه‌ندی تایبـه‌تی ژنانه‌ له‌گـه‌ڵ سـروشت، یان له‌سـه‌ر بنه‌مای تایبـه‌تمه‌ندییـه‌كـانی ئاشتیخوازانه‌یه‌ و وه‌ك ده‌ڵێن ئه‌وه‌ به‌شێكه‌ له‌و ئامانجه‌ ئینسـانیـیــه‌ی كــه‌ ده‌بێ جـێی ئامــانجی هه‌نووكــه‌یی بگرێته‌وه‌.»

هه‌ر «پلام وود» له‌ شـوێنێكی تردا ده‌ڵێ: «هه‌ڵپــه‌ی ژنان بۆ بزووتن به‌ مه‌به‌ستی ئاستێكی مه‌زنتر له‌ پێوه‌ندی ئه‌وان له‌گــه‌ڵ ســروشت، (هه‌ڵپــه‌ی ئه‌وان) بۆ ئه‌وپه‌ڕی به‌شـێكی بێ ده‌ستــه‌ڵات له‌ سـروشت بوون، بۆ ئه‌وپه‌ڕی دژكــرده‌وه‌ به‌رانبــه‌ر دوور خــرانه‌وه‌یان له‌ فــه‌رهه‌نـگ و هه‌نگاونان له‌ هه‌رێمی هه‌ڵوێسـتی بیـرمـه‌ندانه‌ له‌ ئاست سروشتدا و دژایه‌تی له‌گه‌ڵ شێوه‌ی فه‌رهه‌نگی وێرانگه‌ر و دووچه‌شن بیندا خۆ ده‌نوێنێ.»

«ڕێزماری ڕه‌د فۆردرۆیتره‌» ئاوا ده‌ڵێ: ژنان ده‌بێ بزانن له‌ كــۆمــه‌ڵگایه‌كــدا كـــه‌ ســـه‌رچه‌شنی ســـه‌ره‌كی، پێــوه‌ندییــه‌كـانی زاڵ بوونه‌، هیچ چه‌شنه‌ ئازادییــه‌ك بۆ ئه‌وان و هیـچ ڕێگـایه‌ك بـۆ ده‌رباز بوون له‌ قـــــه‌یرانی «ژینگه‌ناســـه‌كی» له‌ ئارادا نابێ. «جــوودیت پلێنت» ئامــاژه‌ به‌ خــاڵێكی تر ده‌كـا و ده‌ڵێ: «هه‌ر له‌گــه‌ڵكو پێــوه‌ندییــه‌كــانی مـێــژوویی نێـوان ژنان و ســروشت و چه‌وســانه‌وه‌ی هه‌ر دوو لایه‌نمان ناسی چاره‌یه‌كی ترمـان جگه‌ له‌ هه‌ڵوێست گرتن له‌ ئاست شه‌ڕ به‌ دژی سروشتدا بۆ نامێنێ. «ئینسـتراكینگ»یش كـه‌ له‌ ده‌ستی، له‌ خۆ بوردوویی پیاوانی چه‌كداری نێونه‌ته‌وه‌یی تووڕه‌یه‌ ده‌ڵێ: «ئێمـه‌ شایه‌دی وێران بـوونی زه‌وی و بوونه‌وه‌ره‌كـانین به‌ ده‌ست دلێـرانی وڵاتانی جـۆراوجـۆر، هه‌روه‌ها شـایه‌دی هه‌ڕه‌شـــه‌ی ئه‌تۆمی له‌ لایه‌ن شـــه‌ڕكـــه‌رانی چه‌كـــداری جیــهـانه‌وه‌ین و ئه‌وه‌ش مـایه‌ی په‌شـۆكـاوی و نیـگه‌رانی ئیكۆفێمێنیسته‌كانه‌.».

تێكڕای ئه‌و بۆچوونانـه‌ به‌ڵگه‌ی قــایمن بۆ ســازدانی پێوه‌ندی له‌ نێوان چه‌وساندنه‌وه‌ی ژنان و چه‌وساندنه‌وه‌ی سروشت و به‌و ئاكامه‌ ده‌گا كه‌ خه‌بات بۆ ئازادی ژنان و خه‌بات بۆ سروشت شان به‌ شانی یه‌ك ده‌چنه‌ پێش و هه‌ر به‌و شێوه‌یه‌ش تالانی سروشت نابێ له‌ چه‌وسانه‌وه‌ی ژنان به‌ جــودا بزانین. «كـینگ» ده‌ڵێ: «ئێـــمــه‌ له‌ســـه‌ر ئه‌و بڕوایه‌ین كـه‌ فــه‌رهه‌نگی دژه‌ ســروشت فــه‌رهه‌نگی دژه‌ ژنیشه‌.»

بە بڕوای تاقمێک لە فێمێنیستە ژینگەناسەکان بناغەی ئەو نزیکایەتییە لە سروشت بابەتێکی ژیۆناسییە. «ئێلیزابێت داسۆن گیبری» بڕوای وایە کە: «بە هۆی دەوروخولی زاووزێ، خۆ بواردن و خۆگێل کردن لە هەستی نزیکایەتی لەگەڵ دنیای سروشتی بۆ ژنان زۆر دژوار و ئەستەمە.» «هازێل هەندرسۆنیش» وەک یەکێ لە بیرمەندانی بواری پێوەندی ژیۆناسانەی ژن و سروشت دەڵێ: «لە باری ژیۆناسەکییەوە زۆربەی ژنانی جیهان ئێستاکەش لە ناخی سروشتدابوون، بە شێوەیەکی زیندوو تەجرەبە دەکەن و لەمەڕ ئازادی و جودایی خۆیان لە دەوروخولی زاووزێ و مەرگ کەمتر لەگەڵ وەهم و دوو دڵی دەستەویەخە دەبن.»

ژنانی گەلی «مائووری» لە «نیوزیلەند» بە نیشانەی کردنەوەی دەلاقەی نومادینی پێوەندی ژنان وەک هۆکارەکانی ژیان بەخش و زەوی، بە نیشانەی سەرچاوەی سەرەکی هەرچەشنە ژیانێک، خوێن و خوڕ و ئەو وردە گۆشتە زیادیانەی لە ژنی سەرکاسە و مەلۆتکەکەی دەبێتەوە لە زەویندا دەنێژن.

بەو تەعبیرە نزیکایەتی ژنان لە سروشت بۆتە هۆی ئەوەی لە هەموو هەڵوێستەکانی سیاسەتی سەوزدا پێشەنگ بن، هەر ئەوەش ئەوان لە جیهانێکدا ڕادەگرێ کە «جوودی پلێنت» وەسفی دەکا و زۆربەی ئەندامانی بزووتنەوەی سەوزەکان خوازیاری زیندووکردنەوەی سەر لە نوێی ئەو جیهانەن، جیهانێک کە لەودا «بەر لە هەڵێنجانی کانزاکان، ڕێوڕەسمێکیان بەڕێوە دەبرد، بەو شێوەیە کە پێشکەشی و دیارییان ئاراستەی خودایانی خاک و جیهانی ژێرەوە دەکرد. قوربانییان دەکرد و بەر لەوەی دەستدرێژی بکەن بۆ حورمەتی پیرۆزی زەوین، ڕۆژووی جنسی و خواردەمەنیان دەگرت؛ واتە هیچیان نەدەخوارد و لە هاوسەرەکانیان نزیک نەدەبوونەوە.»

بۆ گەیشتن بەو جیهانە و بۆ وەدەستهێنانی فەرهەنگ و ئەخلاقی ئیکۆفێمێنیستی دەبێ ببینە ئاڵاهەڵگری بزووتنەوەیەک کە بە شوێن مسۆگەرکردنی وابەستەیی و پێوەندی دوو لایەنەیە بەرانبەر زنجیرە پلەکانی مەزنایەتی وەک سەرچەشنی پێوەندی نێوان ژن و پیاو، نێوان مرۆڤ و بوونەوەرەکانی تر، بە پێی ئەو پێناسەیە دەبێ هەموو پێش گریمانەکانی جنسییەتخوازی، ڕەگەزخوازی، مرۆڤتەوەری، خۆتەوەری، سەرەتیدانی ڕەش بەسەر سپی و نێر بەسەر مێ و مرۆڤ بەسەر گیا و بوونەوەرەکانی تر بە تێکڕایی تووڕ هەڵدرێن، ئەگینا تێکڕای ئێمە دانیشتوانی نا پیرۆزی ئەو زەوینە پیرۆزە، بە ژن و پیاوەوە، زەرووەکانی دەوروخولی خواردەمەنی ژیانین. (خاوەنی تایبەتمەندی) خەرج زۆر و پاشەکەوتی کەمین، ئەویش بۆ پاراستنی نیزامی ژیانێک کە پشتیوانمان بێ.

**سەرچاوەکان:**

**(١) دابسوون، اندرو، فلسفه و اندیشه سیاسی سبزها، ترجمه محسن پلایی، تهران، آگاه، ١٣٧٧**

**(٢) مکنزی، یان، مقدمه‌ای بر ایدئولوژی های سیاسی، ترجمه م.قائد، تهران، مرکز، ١٣٧٥**

# چەمکەکانی بەستانداردکردنی زمانی کوردی

د. عەلی مەحموود جوکل
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی زمان)

(٢ – ٢)

* لەبەر رۆشنایی وتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان رێزدار مەسعوود بارزانی سەبارەت بە ستانداردکردنی زمانی کوردی و ئەو هەوڵ و کۆششانەی لەم بارەیەوە دەیدات و لە پێناو بەدی هێنانی زمانێکی ستانداردی کوردی ئەم لێکۆڵینەوەیە بڵاودەکەینەوە.

* ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لە بنەڕەتدا بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە، دەروازەیەکە بۆ هەموو خەمخۆرێکی زمانی کوردی تا بە ڕاوبۆچوونەکانیان دەوڵەمەندی بکەن لەپێناو گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی زانستی و بەدی هێنانی زمانێکی ستانداردی کوردی.

* بەشە زانستییەکانی زمانی کوردی دەتوانن لە بواری کۆزمانەوانی (زانستی زمان و کۆمەڵایەتی) سوودی لێ وەربگرن، چونکە بەڕای ئێمە هەر بابەتێک و بڕگەیەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەکرێ بکرێت بە بابەتی زانستی چەندین نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا.

* دەزگا کولتووری و زانستییەکانی وەک ئەکادیمیای کوردی و وەزارەتی رۆشنبیری و کتێبخانە گشتییەکانی کوردستان، ئەوانیش دەتوانن چەندین کتێب و نامیلکە لەسەر ئەو ئامارانە دەربکەن کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتووە، چونکە ئامارەکان تا ساڵانی ٢٠٠٢ سازکراون و دەکرێت هەتا رۆژی ئەمرۆ بەردەوامی پێ دەدرێت.

* بنەمای ئەم کتێبە تێزێکی دکتۆرای نووسەرە کە بە زمانی ئینگلیزییە بەناوونیشانی:

The Process of Standardizafion with Refernce to English and Kurdish Languages

ئێمەش لێرەدا پاش دەستکاری کردن و دەوڵەمەند کردنی، لە گۆڤاری ڕاماندا بە زمانی کوردی بڵاوی دەکەینەوە.

**«ڕامان»**

**ئەركی مەوزووعی** Objective Function

زمانی ستاندارد دەبێ دوو ئەركی بابەتی جێبەجێ بكات، كە ئەوانیش بەشداری كردن و چوارچێوەی سەرچاوە (مەرجعیەت)ن.

أ- بەشداری كردن: Participatory

لە پێوەندییەكانی ئەم جیهانە بەرینەدا، ئەندامانی هەر كۆمەڵگایەكی ئاخاوتن بە هۆی زمانەوەیە ئاگاداری پێشكەوتن و گەشەسەندنی كولتووری وڵات و نەتەوەكانی دی دەبن، جا ئەم ئاگاداری و لێ نزیكبوونەوەیە ڕاستەوخۆ، یان لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە دەبێت. تاكەكانی هەر كۆمەڵگایەكی ئاخاوتن لە ڕێگەی زمانی ستانداردەوە شارەزایی لە پێشكەوتنی تەكنۆلۆژیا و زانستی كۆمەڵگای ئاخاوتنەكان پەیدا دەكەن، واتا زمانی ستاندارد، بۆیان مسۆگەری دەكات، چونكە زمانی ستاندارد دەگوترێتەوە و خەڵك فێری دەبێت، لە هەمان كاتدا ناوەندی فێركردنە لە سیستەمی قوتابخانەكاندا.

كاتێ زمانی ستاندارد دەبێتە یەكێك لە زمانەكانی جیهان، لای میللەتان دەناسرێت و بەشێوەیەكی فراوان بەكاردێت و تێی دەگەن، ئەوكات دەبێتە هۆیەكی گواستنەوەی چەمك و بیروبڕوای نەتەوەكانی دی و بەدەست هێنانی ئاسان دەكات و ئەندامانی كۆمەڵگای ئاخاوتنەكەی خۆی بەشێوەیەكی فراوان شارەزای سیستەمی پەروەردە و فێركردنی جیهانی دەرەوە دەكات.

ئەركی بەشداری كردن لەم دە ساڵەی دوایی زۆر بەخێرایی گەورە بوو، ئەمەش بۆ پرۆسەی جیهانگیری (گلوبەلایزەیشن) و سیستەمی نوێی جیهانی دەگەڕێتەوە، كە وایان كرد پێوەندیكردن لەگەڵ یەكتری لە ڕێگەی ئینتەرنێت و ئەلیكترۆنییەوە زۆر ئاسان بێت.

**ب- ئەركی چوارچێوەی سەرچاوە Frame of Reference**

لە كۆمەڵگای ئاخاوتندا، زمانی ستاندارد دەبێتە نموونە و لە ئاخاوتنی ڕاست و دروست پەیڕەوی دەكەن، واتە دەبێتە سەرچاوەی بەكارهێنانی زمان و ئاخاوتن بەشێوەیەكی ڕاست، هەروەها دەبێتە پێوەرێك پشتی پێ دەبەسترێت لە هەڵسەنگاندنی دڵسۆزی كەسی بۆ زمان، هەروەها فەرهەنگەكانیش دەبنە سەرچاوە و سوودیان لێ وەردەگیرێت بۆ بەكارهێنانی ئاخاوتنی نموونەیی، لەم لایەنەوە مەودایەكی فراوان پەیدابووە بۆ پیلەكە و بگرەوبەردە لەسەر ڕاستترین بەكارهێنانی زمان، كە هەر ئەم بابەتە كێشەیشی ناوەتەوە، هەر بۆ نموونە، ئایا مەرجێكی بنەڕەتییە پرۆسەی بەستانداردكردن دەبێت ئاستەكانی ئۆرثوگرافی Orthography ڕێنووس و فۆنۆلۆژی Phonology دەنگسازیش بگرێتەوە، یان نا، یان ئەوەتا زمانی ستاندارد دەبێت تەنیا نموونەیەكی ڕاستی زمانەكە بێت.

لە بارەی چوارچێوەی سەرچاوە، زۆربەی زمانەوانەكان و كۆزماوانەكان پیلەكەیان لەسەر پایە بەرزی و نزمی و باش و خراپی زمان هەیە، ترەجل (Trudgill 1974: 3) دەڵێت كە هەڵسەنگاندنی هەندێ زمانی خۆماڵی باشترە لەوانی دی هیچ بنەمایەكی ڕاستی نییە، هەرچەندە هەمان شت لە ڕووكەشدا لە هەڵسەنگاندنی ئەخلاقیدا ڕاست بێت كاتێ داوای بەراوردكردنی زۆر جۆرە ئاخاوتن دەكرێت بەشێوەیەكی سادە، بۆچوونی زمانەوانەكان وایە كە هیچ شتێك لە زماندا نییە كە پێی بگوترێت «ڕاست» و «چەوت»، كەس نییە پێشنیاری ئەوە بكات كە زمانی فەرەنسی لە زمانی ئینگلیزی ڕاسترە، هیچ هۆیەك نییە كە مامەڵەی شێوەزارەكانی هەمان زمان لەسەر بنەمای باش و خراپی، یان ڕاستی و چەوتی بكرێت، چونكە لە هیچ زمانێكدا نییە كە شێوەزارێك «لەوانی دی» ڕاست، یان «چەوت» تر بێت. (Trudgill 1978: 3).

**هەڵوێست بەرانبەر بە زمانی ستاندارد**

ئەركی زمانی ستاندارد كۆمەڵێك هەڵوێستی كولتووری لەگەڵ خۆی بەرانبەر بە زمانی ستاندارد دەهێنێت، ئەركی یەكخستن و جیاكاری دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هەڵوێستی دڵسۆزی بۆ زمان، كەچی ئەركی بەها و پایە بەرزی دەبێتە پاڵنەرێك بۆ شانازی كردن و بەشداری بوونیش بەرەو ئارەزووی بەشداری كردن دەبات، كەچی ئەركی چوارچێوەی سەرچاوە دەبێتە هۆی ئەوەی كە هەڵوێستی بە ئاگابوون و هۆشیاری هەبێت (Garvin 1975: 9)

**١- دڵسۆزی زمان:**

چەمكی دڵسۆزی بۆ زمان ئەوەیە كە هەوڵ بدرێت زمانەكە بەرەو پێش ببەیت و گەشەی پێ بدەیت بۆ بەدەست هێنانی زمانی ستاندارد، بەكارهێنەرانی زمانەكە ئامادەن بەرگری لە زمانی ستانداردیان بكەن دژی هەر دەست تێوەردان و هەڕەشەیەكی بێگانە، كە

بیەوێت بەکارهێنانی زمانی ستاندارد بسڕێتەوە، یان بیگۆڕێت. قسەکەرانی هەر زمانێک هەردەم دڵسۆزی زمانە زگماکەکەیانن، چونکە زمانەکەیان بە شوناسنامەی نەتەوایەتی خۆیان دادەنێن، هەموو شتێک لەپێناوی پاراستنی زمانەکەیان و بەرگری لە هەر دەست تێوەردانێکی بێگانە دەکەن، بەتایبەتی ئەو کۆمەڵ و گرووپانەی لەژێر کۆنترۆڵی بێگانەدان، هەروەها هەوڵ دەدەن زمانەکەیان لە وشە و توخمی خوازراوی بێگانە پاک بکەنەوە.

**٢- شانازی Pride**

کاتێ کۆمەڵگای ئاخاوتن زمانێکی ستانداردی هەبێت، زمانەکە دەبێتە هۆی ئەوە کە تاک و گرووپی ئەم کۆمەڵگایە شانازی پێوە بکەن، هەندێ جار ئەم هەڵوێستە زیادەڕۆیی تێدا بەدی دەکرێت، ئەو زیادەڕۆییە ئەوەیە کە دان بە زمانەکانی دیدا نەنێن، بە تایبەتی کاتێ قسەکەران هەست بکەن کە زمانەکەیان ململانێی لەگەڵ ناکرێت و زمانێکی تر نییە کە وەک زمانەکەیان دەربڕ و ناسک و وشە و زاراوەی زۆر بێت.

**٣- هۆشیاری و ئاگایی لە نموونەیی زمانەکە:**

بەکارهێنەرانی زمانی ستاندارد هەردەم هەست دەکەن کە نموونەی تۆمارکراویان هەیە کە ئەوەش سەرچاوە و ڕوانگەی شانازییە. ئەم بڕوایە بەهێز دەبێت کە کۆمەڵگای ئاخاوتنەکە لە ژمارەیەکی زۆری دوو زمانزان پێک هاتبێت کە زۆر هەستیارن بۆ پاراستنی نموونەیەکی زمانی زگماکییان لەوەی کە تێکەڵ بێت بە زمانی وەرگێڕاو.

ئەو خستنەڕووەی پێشتر ئەوە دەسەلمێنێ کە پێوەرەکانی گارڤن لە چوارچێوەی سەرچاوە لە بارەی پرۆسەی بەستانداردکردن سەرکەوتوو نییە، لەوانەشە هەریەک لەو زمانە تاکانە سیمای بێ هاوتا بخەنەوە، هەر بۆیە مۆدێلی گارڤن لەبەرچاو ناگیرێت، هەر ئەم بڕیارەشە وا دەکات پێویستی بە چوارچێوەیەکی سەرچاوەی فراوانتر بێت کە قەرەبووی کەمایەسی بۆچوونی ڕۆنانەکان بکاتەوە.

## پرۆسەی بەستانداردکردن و هەندێک کێشەی تیوری

گشتاندن بنەمای تۆێژینەوەی زانستییە، کەچی گشتاندنی پراکتیکی بەلانی کەم پێویستی بەهاوێرکردنی دوو حاڵەتی تایبەتە، کێشەی تیوری کە لێوەی دەدوێن بۆ ئەوەیە سیما تایبەتییەکانی کێشەی بەستانداردکردنی زمان دەستنیشان بکەن، هەروەها لایەنی مێژوویی و مەودای بەراوردکردنی پرۆسەکە دیار بکەن.

## پرۆسەی بەستانداردکردن و بنیادنانی قەوارەی سیاسی

لەسەردەمی ڕێنیسانس، پێوەندی نێوان پێشکەوتنی نەتەوایەتی و پرۆسەی بەستانداردکردن دەرکی پێکرابوو کە یەکێتی و شوناسنامەی نەتەوەیی بەدەست دێت، ئەمەش بە بوونی زمانێکی دەربڕ و سەرهەڵدانی قەوارەیەکی سیاسی «دەوڵەت» جۆرج پوتینهام (George Puttenham) لە کتێبەکەیدا کە ناوونیشانی هونەری پەخشانی ئینگلیزی (The Art of English Poesi 1589)دا دەڵێت:

دوای ئەوەی کە ئاخاوتنێک بە تەواوی تێگەیشتنێکی باوی پەیدا کرد و هەموو خەڵکی نەتەوە و وڵات پێی ڕازی بوون، دەکرێت پێی بڵێین «زمان». ئەم جۆرە گۆڕانکارییە مێژووییە وای کرد یەکگرتنێک لەسەر حسێبی زمانە خۆماڵییەکان پەیدا بکات. خواستی نەتەوەییش ئەوەبوو کە ئاڵوگۆڕکردن و پێوەندییەکان تەنیا لە ڕێگەی تاکە زمانێک بێت کە لە ڕووی زمانەوانییەوە لەسەری ڕێک کەوتبن، هەربۆیەش شۆڕشگێڕەکانی فەرەنسی فەرمانێکیان لە ساڵی ١٧٩٠ دەرکرد کە بوونی شێوەزارەکان پاشماوەی کۆمەڵگای فیودالە (Haugen 1972: 191-104).

لە سەدەی نۆزدەدا لە ئەوروپا دەوڵەت و قەوارەی سیاسی نەتەوەیی بەخێرایی پەرەیان سەند و سەربەخۆییان بەدەست هێنا و ژمارەی دەوڵەتی نەتەوەیی و زمانی فەرمی لە زیادبووندا بووە. (Trudgil 1974: 188) دیاردەی ئەو گەشەسەندن و گۆڕانکاریانە ئەوەبوو زمانی خۆماڵی «Vernacular» هەرێمێک بەرەو پێش دەچوو و دەبووە زمانی نەتەوایەتی (Hassanpour 1992: 34).

لە ئەوروپادا زمانە نەتەوایەتییەکان سەرکەوتن و توانییان لە هەموو ئەرکەکاندا شوێنی زمانی لاتینی (Latin language) بگرنەوە، بەڵام دوای ململانێ و پێشبڕکێیەکی لە ڕادەبەدەر لەگەڵ دەسەڵاتدا، کە تەنیا گرووپێکی بچووکی ڕۆشنبیر دەیانتوانی بەشێوەیەکی کاریگەر لە هەموو پێوەندییەکی نووسراودا بەکاری بهێنن- جێگرتنەوەی زمانی لاتینی بە هەنگاوێکی

گرنگ لە کۆمەڵگا گرنگەکان دادەنرێت. دواتر ژمارەی دەوڵەتە نەتەوەییە سەربەخۆیەکان زیادبوون لەشازدە دەوڵەتەوە بوونە سی، هەر لەو کاتە لە زیادبووندا بوون وای لێهات لەپەنجا زیاتر بێ (Trudgil 1974: 138)، بەڵام ئەم پێشکەوتنە بە تەواوەتی بەیەک ئاراستەدا نەبوو، بۆ نموونە ئەرکی هەندێ لە زمانەکان کە ستاندارد بوون بۆ ئەرکی زمانی فەرمی لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا بە بەردەوامی ئەو ئەرکەیان نەما. بۆ نموونە زمانی عەرەبی (تەنیا لە ئەوروپادا) (Trudgil 1974: 139)، کەچی زمانی تر وەک ستانداردی نەتەوەیی، زمانی هەرێمی، یان زمانی نووسین سەریان هەڵدا، یان دووبارە بوونەوە. لەم سەردەمی دواییانەدا هەموو نەتەوە و وڵاتە ئەوروپاییەکان سەربەخۆیی، یان وڵاتی نەتەوەییان بەدەست هێنا، یان لە زۆر حاڵەتدا ئەگەر کەمایەتییە نەتەوەییەکان نەیانتوانی بێت سەربەخۆیی خۆیان بە دەست بێنن و زمانەکانیان بە تەواوی دانیان پێدا نرابێ، بەڵام خراپترین بار ئەوەیە کاتێ کەمە نەتەوایەتییەک لە وڵاتێکدا بژیت و حکوومەتەکە بە ئاشکرا دوژمنایەتی بکات، لەم بارەدا بوونی شوناسنامەی نەتەوایەتی و زمانەکەیان لە مەترسیدایە، بەڵام هەندێ جار پایەی زمانەوانی کەمە نەتەوەییەکان، بگرە هەتا لە دەوڵەتی لیبراڵی، دیموکراتی، یاسایی، سەقامگیر نییە، لەوانەیە ئەمە بۆ چەندین هۆی جۆراوجۆر بگەڕێتەوە، کەمە نەتەوایەتییەکان تاڕادەیەک حەز لە شکۆداری ڕابردوو دەکەن، سۆزیان هەر بۆ ڕابردووە کە ئەو ڕۆژانە بە ڕۆژانی هەنگوینی ناودەنێن، وا پێ دەچێت کە ئەم جۆرە بارودۆخی قسەکەرانی وێلیشەکان بێت لە وێلز، یان پرۆڤنچال لە باشووری فەرەنسا.

هەرچەندە بەڵگەیەکی زۆر لەسەر تێکەڵیی نێوان پرۆسەی بەستانداردکردنی بنیادنانی قەوارەی سیاسی (دەوڵەت) هەیە، لەبەر هۆی جۆراوجۆری گریمانەکانی تیوری لەسەر چۆنیەتی پێوەندییەکانی زمان و کۆمەڵگا، ئامارەکان لە گشتگیری دوورن بە بۆچوونی گرمشۆ (Grimshow 1971: 174) بەلانی کەم چوار بۆچوونی بنەڕەتی لە بارەی پێوەندی هاوبەشی ناوخۆییەکانی نێوان پێکهاتەی کۆمەڵگا و زمانەکاندا هەیە و زمان بنچینەیە، پێکهاتەی کۆمەڵگا بڕیاردەرە هەردووک پێکەوە بڕیاردەر و پێکەوە بەهۆی فاکتەری سێیەم بۆ نموونە بارودۆخی مرۆڤ، یان پێکهاتەی هزری مرۆڤ ڕوودەدەن...تاد پێش پێکهاتنی دەوڵەتەکان، زمانەکان نەیاندەتوانی بژین و بەزیندوویەتی بمێنن، ئەمەش بۆ ئەو پێوەندییە هۆکارییەی نێوان پێکهێنانی دەوڵەت و پرۆسەی بەستانداردکردن دەگەڕێتەوە (Zgusta 1971: 174).

گریمانەی تیوری ئەوە بکەین پرۆسەی بەستانداردکردن لە گەشەسەندنی چڕکردنەوەی نەتەوایەتیدا هەردووکیانە واتە هۆ و ئەنجامە؛ کە بەبێ زمانی نەتەوایەتی، دەوڵەت پێک نایەت، کەچی لەو کۆمەڵگایانەی کە پێکهاتەکانی خێڵ و هۆزە زمانی ستاندارد بە زەحمەت پەیدا دەبێت (Hassanpour 1992: 465).

**٢- بەستانداردکردن و ژیاندنی زمان:**

بە گوێرەی زۆربەی سەرچاوەکان مردنی زمان لە هەموو شوێنێک لەجیهاندا کۆنە (Adler 1977: 2)، کەچی بارودۆخ بەشداری لەم بارە زۆر جۆراوجۆرە کردووە، ئاشکرایشە کە هۆیەکانی نازمانەوانی، بەتایبەت سیاسەتی دەوڵەت لە مردنی زمانەکاندا ڕۆڵیان هەبووە، سیاسەتی بنیادنانی دەوڵەتی نەتەوەیی بەزمان و کولتوور و ئابووری پێویستی بە ناوەندکردنی دەسەڵاتە، ئەم جۆرە دەوڵەتانە خۆیان بە مۆنۆپۆل کردنی سستەمی پەروەردە و فێرکردن و میدیای جەماوەری و سەرەڕای جێبەجێ کردنی بێ سنوور لە کاری زۆرەملێدا خەریک کردووە، دەوڵەتە مۆدێرنەکان دەتوانن پلانی لەنێوبردنی ئەو زمانانە دابڕێژن کە نایانەوێن، لەبەر هەندێ پلانی پایە و دەسەڵات ڕۆڵێکی گرنگ لە بەستانداردکردن دەبینێت، بە زۆریش پلانی ئاراستە کردن و ئەنجامەکانی ئەم هەموو پلانانە ڕۆڵ دەبینێت.

پرۆسەی بەستانداردکردن پێشهاتی مەترسی و لە کیس چوون و لەناوبردن و جینۆسایدی زمانی Linguciale بە دوور نازانێت، هەرچەندە پرۆسەی بەستانداردکردنی زمان سەرهەڵدانی کیان و قەوارەی سیاسی بە کۆمەڵگایەکی گەشەسەندنی قسەکەرانی زمانی نەتەوایەتی دەدات، بە تایبەتی بەوانەی کە ئاخاوتنەکەیان بەرەو پێش ببەن.

لە ڕاستیدا هەندێ زمان لە جیهانی پێشکەوتوودا لە پرۆسەی بەستانداردکردن ڕووبەڕووی تەگەرە و کێشەی لەبن نەهاتوو هاتوون، لەوانە هەوڵە تایبەتییەکانی دەوڵەت بۆ تاواندنەوە و لەنێوبردنی زمانەکە، سەرەڕای بڵاوبوونەوەی زمانی نووسین، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا

زمانەکان بەخێرایی کز دەبن- پرۆسەی بەستانداردکردنی زمان پشت بە پەروەردەی فێرکردنی فەرمی و بەکارهێنانی زمان لە میدیا دەبەستێت، ئەزموونی زمانەکانی کەمە نەتەوایەتییەکان لە جیهانی مۆدێرن دەریان خستووە کە ناتوانن بە زیندوویەتی بمێنن ئەگەر نەبنە زمانی ستاندارد بۆیە، دەتوانن تەنیا لە پێوەندییە کەسییەکاندا بەکاری بێنن. (Hassanpour 1992: 466)

## زمانەوانی و بە مۆدێرن کردنی ئابووری کۆمەڵگا

بە مۆدێرن کردن گۆڕانکارییەک بوو لە سەدەی ناوەڕاست بۆ کۆمەڵگای مۆدێرن کە تێیدا بەستانداردکردنی زمان لە ڕووی مێژووییەوە هاوکات پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا ڕووی دا. بە مۆدێرن کردن هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگای ڕۆژئاوای گۆڕی، لە ڕووی ژیانی ئابوورییەوە لەنێو گۆڕان و هەموارکردنەکاندا بەرهەمی کشتوکاڵی کە بە قەناعەتێکی خودییەوە دەهاتە بەرهەم، بە بازرگانی گۆڕی و دواتریش بە ئابووری پیشەسازی سەرمایەداری گۆڕی، گۆڕانەکانی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا پێک هاتبوو لە گۆڕینی جووتیاریەتی گوند بۆ کرێکاریەتی شار، بەڵام گرنگترین و سەرەکیترین گۆڕانکاری بە دیموکراسی کردنی سستمی سیاسی فەرمانڕەوایی بوو.

لە ئاکامی چەندین داهێنان و نوێکاری لە کولتوور ڕووی دا، لەوانە عیلمانیەت، فرەبوونی خوێندەواری، میدیای جەماوەری، سستمی پەروەردە و فێرکردنی گشتی، ئەم گۆڕانکارییە هاودەمانە وایان کرد کە زەحمەت بێت سەرجەم دانیشتوان لەگەڵ یەکتری لە پێوەندییەکی چڕوپڕدابن بەبێ ئەوەی شێوەیەکی نوێ لە ئاخاوتندا نەبێت.

## نموونەناسی و بە سەردەم کردن و پێوانە

هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر لە پێناو پرۆسەی بەستانداردکردنی زمان دراوە، ئەمەش بە لێکۆڵینەوەی نموونەناسی و زیاتر چڕکردنەوە و بەسەردەم کردنی پرۆسەکە، هەر لەبەر ئەمەش توێژینەوە و دیراسەتی زۆر پوخت و چاک لە بواری بەراوردکردن و گۆڕانکارییە مێژووییەکانی پرۆسەی بەستانداردکردنی زمان کراوە، کەچی دیاردەی چەندایەتی و چۆنیەتی لە گەشەسەندنی زمان لەوانەیە زۆر ئارەزوومەند و لەتواناییدا نەبێت، چونکە ڕەوشی بەکارهێنانی زمانی نووسین مەودای بەستانداردکردنی وەک بنەمایەکانی گەشەسەندنی زمانەکە دادەنرێت.

فێرگەسۆن (Ferguson 1968) سێ لایەنی پێوەندیداری بە پێوانەی گەشەسەندنی زمانی ستاندارد دەستنیشان کردووە، لەوانە:

**ڕێنووس:** دەبێت ڕێنووسی زمان بە کۆمەڵگای ئاخاوتنەکە بەستاندارد بکرێت.

**بەستانداردکردن:** زمانەکە گەشەی پێ بدرێت و بەسەر شێوەزارەکانی هەرێمی و کۆمەڵایەتییەکاندا بسەپێنرێت.

**بەمۆدێرن کردن:** دەبێت کاری وەرگێڕان لەو زمانەدا گەشەی پێ بدرێت تا وای لێ بێت زمانی ستاندارد توانای وەرگێڕانی هەموو بابەتەکان و شێوە و فۆرمی سیمایەکانی پیشەسازی و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگاکانی هەبێت.

ئەم چوار چێوانە فاکتەری گەشەپێدانی ئاسۆیی نین، بەڵکو زیاتر ئەستوونی و هەڕەمین، ئەو سێ پێوانە خۆرسکن، بەڵام نیشانە جیاکەرەوەکانی زیاتری ستاندارد لە گەشەدان، کەچی بەلای هۆگنەوە (١٩٦٦) چوار لایە سەرەکییەکان بنەمایەکی تر بۆ پۆلێن کردن و فراوانکردنی ئەرک و ڕازی بوون بە نموونەی ستاندارد دەبەخشێت، بەڵام کلۆس (Kloss 1978) بۆچوونی وایە لە هەڵسەنگاندنی زمانی ستانداردا، واتە جەخت کردنە لەسەر گرنگی گەشەسەندنی ئەدەبی بەشێوەیەکی گشتی گەشەسەندنی گوتار و پەخشانی زانستییە.

## ئەو کارانەی دەربارەی بەستانداردکردنی زمانی کوردی نووسراوە

هەرچەندە نووسین و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لە بارەی زمانی کوردییەوە هەیە، بەڵام زیاتر بواری وەسف کردن و لێکدانەوە و شیکردنەوەی زمانەکەیە لە ڕووی دەنگسازی، فەرهەنگسازی، ڕێزمان... تاد.

بەڵام ئەوەی ڕاستەوخۆ لە بارەی بەستانداردکردنی زمانی کوردین چەند کارێکی گرنگ هەیە دەیانخەینە ڕوو، ناوەڕۆکی تری ئەم بابەتە بە زۆری پشتگوێ خراوە.

یەکەم کار کە لە بارەی پرۆسەکەوە بێت، نامیلکەیەکی جەمال نەبەزە بەناوی «خوێندەواری بە زمانی کوردی» کە لە ساڵی ١٩٥٧ چاپی کردووە، بەشی دووەمی بۆ ئەو

ئەرکانە تەرخان کراوە دەبێت گەلی کورد کە لە ئاییندەدا لە پێناو زمانەکەیدا بیانکات، ئەویش دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد (ل٢٧-٣١) و کۆڕی زانیاری (ل٣١-٣٤) لەگەڵ کتێبخانەیەکی گشتی بۆ کتێبی کوردی (ل٣٤- ٣٨). هەروەها نووسەر لە نامیلکەکەیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە بەبێ زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو، زمانی کوردی وای لێ نایەت کە بە شێوەیەکی فراوان بەکاربێت (نەبەز ١٩٥٧).

کاری دووەم بەناوی «سەرنجێ لە زمانی یەکگرتووی کوردی» لەلایەن دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵەوە بوو کە لە ساڵی ١٩٧١ چاپی کردووە، ئەم کارە پێوەندی بەلایەنەکانی بەستانداردکردنەوە هەیە، کە کورتەیەکی لە بۆچوونی مارکس لە بارەی زمانی ئەدەبی و نەتەوەیی تێدایە (ل٨-١٦)، سەرەڕای ئەوەی کە باس لە تیوری زمان دەکات، زمانی یەکگرتوو و زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، هەروەها زمانی ئەدەبی یەکگرتووی میللەتانی وەک عەرەب و فارس و ئینگلیز و ڕووسەکان بە نموونە دێنێتەوە، پاشان زەمینەیەکی مێژوویی لە بارەی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو دەخاتە ڕوو باس لە هەریەک لە شێوەزارەکان دەکات کە چۆن بەپێی قۆناغ و بارودۆخ وەک زمانی ئەدەبی باڵا بوونە (ل١٧-٢٥). دواتر کارەکە دێتە سەر باس کردنی زمانی ئەدەبی ئێستا و ڕایشی دەگەیەنێ کە زمانی نووسینی ئێستا لە ناوچەیەکی بەرفراوان بووەتە زمانی ئەدەبی یەکگرتوو و ئەوانەی قسەیشی پێ دەکەن (کرمانجی ناوەڕاست، گۆرانی و هەندێک لە نووسەرانی لوڕەکانن) ئەویش دەخاتە ڕوو کە زمانی نوو ئێستا سۆرانی (کرمانجی ناوەڕاست) کە ستانداردە و کەمێک لە گۆڤەری (نیمچە شێوەزاری) سلێمانی لای داوە (ل٤٣-٤٤).

کارەکە باس لە هەندێ توێژینەوە و ڕاسپاردە دەکات کە بۆ یەکگرتنی هەردوو شێوەزاری سەرەکی، کرمانجی ژووروو و ناوەڕاست پەیڕەو بکرێت (ل٥٢- ٦٩)، بەڵام بەڕای هەندێک لە نووسەران و توێژەران کە کارەکەی دکتۆر عیزەدین مستەفا لەسەر بنەمایەکی توێژینەوەی تۆکمە نییە و لایەنی کەسییش لە ئەنجامەکاندا زاڵە.

ئا بەم شێوەیە کارەکە لەسەر بنەمای زمانەوانی و کۆ زمانەوانی نییە، بەڵام هەندێک پێشنیاری کردووە کە زیاتر لە بنەمای شارەزایی و ڕەنگدانەوەی کەسیەتی خۆیەتی بە گەڕانەوە بۆ ڕۆڵی ڕۆژانەی ڕادیۆی بەشی کوردی بەغدا و ئێران. هەرچەندە نووسەر دان بەوەدا دەنێت کە کۆمەڵگای ئاخاوتنی کرمانجی ژووروو بە تەواوەتی ڕازی نییە لەسەر ئەوەی کە سۆرانی (کرمانجی ناوەڕاست) زمانی ستانداردیان بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە کرمانجی ناوەڕاست تەنیا زمانەکە زمانی ئەدەبی بێت، بەڵام ئەم بۆچوونە زۆر لایەنگیریی لێ ناکرێت.

لە کارێکی تریدا کە بەناوی «دیالێکتەکانی کوردی و گیروگرفت و چارەسەرکردنیان» (١٩٧٣)، کە کارەکە زیاتر لەسەر بنەمای زمانەوانییە، دکتۆر عیزەدین مستەفا ئاماژە بە لێکچوون و جیاوازییەکانی هەردوو شێوەزاری سەرەکی، کرمانجی ژووروو و ناوەڕاست دەکات، کارەکە ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەم دوو شێوەزارە ئەوەندە لێکچوونیان تێدایە کە ڕێگە بەوە بدات کرمانجی ناوەڕاست ببێت بە زمانی ستانداردی کوردی ئەگەر هاتو بە وشە و زاراوە و ڕۆنانەکانی شێوەزارەکانی دی دەوڵەمەند بکرێت، ئەم بۆچوونە برەوی بەشێوەیەکی فراوان بەدەست هێناوە و لە هەشتاکان بەدواوە پەیڕەو کراوە، هەر بۆیەش ستانداردی زمانی کرمانجی ناوەڕاست لە تێکەڵکردنی وشە و زاراوەی شێوەزارەکانی دی بەردەوامە.

بۆ جاری دووەم جەمال نەبەز کارێکی تری بەناوی «بەرەو زمانی یەکگرتووی کوردی» ساڵی ١٩٧٦ بڵاوکردەوە کە دەتوانرێت ئەمەیان بە توێژینەوەیەکی وەسفی دابنرێت، چونکە هەوڵدانێکە بۆ یەکخستنی شێوەزاری کرمانجی ژووروو و ناوەڕاست، ئەم توێژینەوە سەرەتا باس لە گیروگرفتەکانی یەکگرتنی زمانی نووسین بۆ کورد بەشێوەیەکی گشتی دەکات، دواتر بەشێوەیەکی گشتی باس لەو فاکتەرانە دەکات کە بوونەتە هۆی پێکهێنانی زمانی ئەدەبی کوردی (ل٨-٩)، دواتر توێژینەوەکە بە تەگەرە مێژوویی و ئایینی و جوگرافی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا دەچێتەوە کە چۆن بەربەست بوون لە بەردەم گەشەسەندنی شێوەیەکی زمانی یەکگرتووی نووسینی کوردی کە لە پرۆسەی بەستاندارد و گرنگی زمانی کوردیدا پێوەرەکی زۆر گرنگە.

کارێکی تریش هەیە، ئەویش هەر پێوەندی بەستانداردکردنی زمانی کوردییەوە هەیە، ئەویش کارەکەی دکتۆر کامل بەسیرە کە بەناوونیشانی «زمانی نەتەوایەتی کوردی» لە ساڵی ١٩٨٤ بڵاوی کردەوە.

ئەم کارە پڕۆژەیەک بوو بۆ «زمانی نەتەوایەتی کوردی» کە ئەوکات پێشکەشی کۆڕی زانیاری عیراق- دەستەی کوردی کردبوو. لەم پڕۆژەدا نووسەر پێناسەی ئاخاوتن و شێوەزار و زمان دەکات و جیاوازییەکانی نێوانیان دەستنیشان دەکات (ل١٠-١١)، دواتر دابەشبوونی شێوەزارەکانی کە لەلایەن جەمال نەبەز (نەبەز ١٩٥٧، ٢٢) و زەبیحی (٣٩، ١٩٧٧-٥٥) پێشکەش کرابوو دەخاتە ڕوو و گلەیی ئەوەشیان لێ دەکات کە چۆن ئەوان شێوەزاری گۆرانی و دیملیان پەراوێز کردووە، دواتر باس لەو ڕێبازانە دەکات کە بەهۆیەوە دەکرێت زمانی نەتەوایەتی کوردی پەیدا بێت، نووسەر پێشنیاری هەندێ ڕاسپاردە دەکات کە دەبێت بۆ یەکخستنی هەردوو شێوەزارە سەرەکییەکە پەیڕەو بکرێت، بەڵام هەر ئەو ڕاسپاردانەن کە لەلایەن دکتۆر عیزەدین مستەفا و نەبەزەوە پێشنیار کرابوون.

دکتۆر کامیل بەسیر، ڕاوبۆچوون و ڕێبازەکانی کە لەوانەیە ڕێگا خۆش بکەن بۆ بەدەست هێنانی زمانی نەتەوایەتی تاووتو دەکات، دواتر پڕۆژەکە بنەمایەکانی بەدەست هێنانی زمانی نەتەوایەتی کە لە ئایندەدا پێویستییەکان دابین دەکات، دەخاتەڕوو، هەروەها ئەمەش دەخاتە ڕوو کە بەهۆی تۆێژینەوەی بەراوردکاری شیکردنەوەی هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەکرێت و بنەمایەکانی پەیدا بوونی زمانی نەتەوایەتی کوردی بە پێزتر دەکات، دەبێت تۆێژینەوە و شیکردنەوەکان لایەنی فۆنەتیک و مۆرفۆلۆژی و سێنتاکس سەرەڕای سیماییەکانی لیکسیکی زمانی کوردی لەخۆ بگرن (ل٤٢-٤٤) بەڵام پڕۆژەکە دەرخستەیەکی پەیڕەوییە و مەبەستی یەکگرتنی شێوەزارەکانە، هەربۆیەش سوودەکەی سنووردارە.

هەر لە ساڵی ١٩٢٠ەوە تائێستا چەندین گوتار و کتێب لەسەر زمانی کوردی بڵاوکراونەتەوە، کە تێیاندا هەندێ نووسەر پڕۆژەی کارکردەیان دەربارەی زمانی پەتی و پاک کردنەوەی شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست پێشکەش کردووە، بەتایبەتی لەو سەردەمەی کە لە ساڵی ١٩٢٠ دەستی پێکردووە و کە بەڕاستی بووەتە هۆی ئەوەی زمانەکە بەشێوەیەکی باش لە وشە و زاراوەی بێگانە خاوێن بکرێتەوە، ئەوانەی کە لە زمانەکەشدا مابن ڕێسای کورداندنیان بەسەردا چەسپاوە و هەست ناکرێت کە وشە و زاراوەکان لە زمانی بێگانەوە خوازراو بن، ئەو سەردەمە نیشانەی قۆناغی گەشەسەندنی زمانی نووسینی کوردی پێوە دیارە، چونکە نووسەرەکان مامەڵەیان لەگەڵ گەشەسەندن و بە پەتی کردنی زمانی نووسینی کوردی وەک ئەرک و دروشم و هزرێکی نەتەوایەتی بووە. هەندێک لە نووسەران هەوڵیان داوە سەربەخۆیی زمانی کوردی بسەلمێنن و داوای ئەوەشیان دەکرد کە گەشەسەندن و پێشکەوتنی توانستی زمانی کوردی بە خواستن و بەکارهێنانی ئەو وشە و زاراوە کوردییانە دەبێت کە هەن و هەر لەم ڕێگەیەوە هەوڵی پرۆسەی بەستانداردکردنی زمانی کوردی دێتە دی.

بەڵام هەندێک نووسەر سووربوون لەسەر ئەوەی کە دەبێت هەردوو شێوەی نووسین (کرمانجی ژووروو و ناوەڕاست) وەک ستاندارد بەکاربێت، چونکە بەلای ئەوانەوە تێکەڵکردن، یان پرۆسەی پیگینایزەیشن (Pidginization)ی چەندین گۆڤەر و شێوەزار بەهیچ شێوەیەک ناکرێت.

کارێکی تر کە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە هزری نەتەوەیی و پرۆسەی بەستانداردکردنی زمانی کوردییەوە هەیە نامەی دکتۆرای ئەمیری حەسەنپوورە.

کە لە ساڵی ١٩٨٦ لەژێر ناوی «فاکتەری زمان لەگەشەسەندنی نەتەوایەتیدا» بەستانداردکردنی زمانی کوردی لە ١٩١٨- ١٩٨٥ دایە دواتر لە دووتوێی کتێبێک بەناوی «نەتەوەیی و زمان لە کوردستاندا ١٩١٨- ١٩٨٥» بە زمانی ئینگلیزی چاپی کرد، ئەم کارە بە تۆێژینەوەیەکی سەردەمیانەی ئەم بوارە دادەنرێت، تۆێژینەوەکە لە بارەی زۆربوونی شارەزایی و فراوانبوونی تێگەیشتنی کوردە لە شێوەی زمان و زمانەوانی، هەروەها نەتەوە و نەتەوایەتی.

تۆێژینەوەکە ئەوە دیاردەخات کە زمانی کوردی تا سەدەی بیستەم بەرەو پێش نەچوو و نەگەشایەوە، کە ئەوکات زمان جێ پێی خۆی لەشار کردەوە و خوێندەوار و چینی ناوەند بنەمایەکی کۆمەڵایەتی بۆ خۆی دۆزییەوە.

نامەکە باس لە پێوەندی نێوان گەشەسەندنی زمان و سستمی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەکات، ئەمەش ڕوون دەکاتەوە کە بوونی نایەکسانی لەنێوان زمانی پێشکەوتوو و دواکەوتوو هیچ پێوەندی بەپێکهاتە و ڕۆنانی زمانەوە نییە؛ واتە هیچ زمانێک پلە و پێکهێنانی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سێنتاکس پایەبەرز و پایە نزم نییە، بەڵکو نایەکسانی زمان ڕەگوڕیشەی

لەسەر زەمینەیەکی نازمانەوانی داکوتاوە؛ واتە هەر شێوەزارێک، یان زمانێکی ئاخاوتن بیەوێت پێش بکەوێت و ببێتە ناوەندی پێوەندییەکانی نەتەوەیی، پێویستی بە گۆڕانێکی گەورەیە لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، ئەمە زۆر پێویستە هەتا لەسەردەمی پێوەندییەکانی ئینتەرنێت و میدیای ئەلیکترۆنی. لەبەر گرنگی ئەم توێژینەوەیە و پێوەندی بەهزری نەتەوایەتی، سەرەڕای بابەتەکانی لە بارەی پرۆسەی بەستانداردکردنی زمان، پێم باشە پوختەیەک لە خستنەڕووی کتێبەکەی ئەمیری حەسەنپوور کە لە پاییزی ساڵی ٢٠٠٠ لە ژمارە (١٧)ی گۆڤاری سەنتەری برایەتی بڵاوم کردەوە، دووبارەی بکەمەوە، تا خوێنەران ڕاوبۆچوونێکیان لە بارەیەوە هەبێت و شارەزاییەکیش بۆ سەر ئەو شارەزاییەی هەیانە زیاد بکەن کە لە بارەی هزری نەتەوەیی و زمانەوە هەیانە.

هەروەک باسمان کرد کتێبی (نەتەوەیی و زمان لە کوردستاندا ١٩١٨-١٩٨٥) لە دانانی ئەمیری حەسەنپوورە.

## نەتەوەیی و زمان لە کوردستاندا ١٩١٨-١٩٨٥

کتێبی (نەتەوەیی و زمان لە کوردستاندا) لە دانانی ئەمیر حەسەنپوورە، چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٩٩٢ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە چاپخانەی زانکۆی میللی لە چاپ دراوە، کتێبەکە ٥٦٢ لاپەڕەی قەبارە بەتاڵە و ژمارەی (٨-٩٨١٦- ٦٦٣٤)ی وەرگرتووە و بە سستمی کتێبخانەی کۆنگریسی ئەمریکی پۆلین کراوە، ژمارەی (Pk6901- H36) دراوەتێ و بەپێی پۆلین ژمارە (dc20- 191, 59)ی وەرگرتووە. نووسەر ئەم کتێبەی پێشکەش بە خەڵکی سنە (سنندج) کردووە.

کتێبەکە بێجگە لە بیبلۆگرافیا، لیستی خشتە و کەسایەتی و نەخشەی بۆ کردووە، سەرەڕای ئەمەش بەراییەکەی لەلایەن مایکل، ل. چایت (Michael-Chyet) نووسراوە و بەخۆشی سەرەتایەکی بۆ نووسیوە سەرەڕای نووسینی پێشەکییەک لەلایەن (لا دیزلاف ژگوستا) (Ladisiav Zgusta) کە بە چوونە ناو دەقی نێو کتێبەکە دادەنرێت.

مایکل لە بەراییەکەدا باس لەم بەرگە دەکات و ئاماژە بەوە دەدات کە مێژووی ئەدەبی کوردی هەر لەسەرچاوە سەرەتاییەکانەوە وەرگیراون، نموونەشی لەمانە شیعرەکانی شاعیرانی وەک فەقێ تەیران (١٥٩٠-١٦٦٠) و ئەحمەدی خانی (١٦٥٠- ٦-٧) بەشێوەزاری کرمانجی و حاجی قادری کۆیی (١٨١٧-١٨٩٧) بە کرمانجی ناوەڕاستە، تا دەگاتە سەدەی بیستەم، هەروەها مایکل باسی ئەوە دەکات هەرچەندە شێوەزاری دانەر موکرییە و لقێکە لە شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست، کە خۆشی ئەندامێکی ئەم شێوەزارەیە و خۆشی پێ بەستووەتەوە، بەڵام لەوەشی کۆڵیتەوە کە چۆن شێوەزارەکانی دی لەگەڵ یەک هەماهەنگییان لە دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردیدا هەبووە، تێکچرژانێکی هەماهەنگی لە دەوڵەمەندکردنی زمان و ئەدەبی کوردی هەبووە، بێ ئەوەی لە بایەخیان کەم بکاتەوە، یان ئەو جیاوازییەی کە لەنێوان شێوەزاری و کرمانجی و سۆرانیدا هەیە پشتگوێیان بخات، یان هەوڵ بدات یەکیان شوێنی ئەوی تر بگرێتەوە، کە هەندێ جار ڕۆشنبیرە زمان زگماکەکانی (Native) پێشتر کردوویانە، حەسەنپوور گەیشتووەتە قەناعەتێک کە کوردیش وەک ئەلبانی و ئەرمەنی و نەرویجی کەمێک فرە ستانداردە.

هەروەها مایکل باس لە حەسەنپوور دەکات، کە چۆن لە توێژینەوەکەیدا ڕێبازێکی نوێ و بابەتیانەی گرتووەبەر. هەرچەندە ئەو خۆیەلادا خستنە و بەرپرسیاریەتی لە بەندی دووەمدا کردووە کە هاوسەنگییەکی داوەتە شێوەزاری سۆرانی، کە شێوەزارێکی ئەدەبی پێشکەوتووە و شێوەزاری زگماکی خۆیەتی و لە هەمان کاتدا شێوەزاری کرمانجی شێوەزارێکە کە نزیکەی ٧٥٪ هەموو کورد قسەی پێ دەکەن، هەروەها حەسەن پوور باسی شێوەزاری هەورامی و زازاییشی کردووە. بە بڕوای مایکل سەرکەوتوویی توێژینەوەکەی حەسەن پوور لەوەدایە کە ئەو هەموو بابەت و لێکۆڵینەوە ڕاستەقینە و ئەو زانیارییانە یەکەم جارە بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش بکرێت، چونکە سەرچاوەکان بۆ ئەم جۆرە بابەتانە زۆربەیان بە زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی و ڕووسی، یان بە یەکێک لە شێوەزارەکانی کوردی بوونە.

مایکل ئاماژەی بەوەداوە کە حەسەن پوور ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان بەکارهێناوە و ڕاستی ئەمەش لە بەکارهێنانی ئامار و بەڵگەی بابەتی و لەشێوەی خشتەی ئامار بەدەردەکەوێت کە پێشکەشی خوێنەرانی کردووە، سەرەڕای ئەوەی

لیستی بیبلۆگرافیایەکەی بە تەواوی فراوانە و سەرچاوەیەکی زۆری لەخۆ گرتووە، خاڵی گرنگیش لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەیە کە جەخت کردنە لەسەر دیاردەی کەم تێگەیشتن لە دۆخی نایەکسانی زمان و هەروەها بانگهێشت کردنی جیهانە بۆ مافی زمانەوانی، هەر بۆیە لەمێژینەی زاراوەی زمانی مردوو و لەناوچوو شوێنێکی دیاری لە لێکۆڵینەوەکەدا دراوەتێ، سەرەڕای ئەوەش چەمکی «زمانی لەخەتەر»ی بەکارهێناوە. لە لێکۆڵینەوەی زمانی کۆمەڵایەتیدا (Sociolinguistic) زمانی وێلش و هەندێ زمانی مردووی لە ئەوروپادا دەستنیشان کردووە، هەروەها کە لە ساڵی (۱۹۷۷) ماکس ئەوەی دەرخستووە کە زمان هێمایەکی کاریگەری نەتەوایەتییە و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی بەشێوەی ڕەسمی زۆرجار بووەتە یەکەم هۆ بۆ مانەوەی ئەم زمانە بە زیندوویی. حەسەن پوور وەستایانە ئاماژەی بەم برگە نایابە داوە لە مانەوەی زمانی کوردی بە زیندوویی، سەرەڕای هەوڵی ڕژێمەکانی تورکیا و سوریا و ئێران و حکومەتی عێراقی بۆ بنەبڕکردنی زمانی کوردی. هەروەها سوورە لەسەر ئەوەی کە هەر کەسێک بیەوێت لە زمانی کوردی بکۆڵێتەوە، دەبێت لەمە ئاگاداربێت کە زمانی کوردی ئەو شوێنە دەگرێتەوە کە لەو زمانانەیە کە لە خەتەردان. بەڕای مایکل حەسەن پوور لە بەندی چوارەمدا لایەنێکی باشی تەرخان کردووە بۆ ئەو پرسیارەی دەڵێت: جیاوازی لەنێوان زمانی خەباتگێڕ و زمانێک کە لە خەتەردا بێت چییە؟ هەروەها لە دەقەکەدا پێوەندی زمانی پاراو (قەڵەم) و هێزی سیاسی (شیر) پێشکەش کردووە و ئاماژەی بەمەش داوە کە زمانی ستاندارد نیشانەی جۆرێکە لە بوونی قەوارەی سیاسی کە کورد تا ئێستا بەدەستی نەهیناوە، هەروەها باس لەوە دەکات کە حکومەت پشتگیری سستەمی ڕووناکبیری دەکات و دەبێتە هۆی ئەوە کە زاراوەی نوێ و وشەی تازە بەشێوەیەکی گشتی بەکاربێت و خوێندنەوە بەو زمانە پەرەبستێنێ و بەرهەمە پێویستەکان بەو زمانە بڵاوبینەوە، کە ئەم شتانە قسەکەری زمانی ئینگلیزی مسۆگەری کردوون، کەچی ئەم شتانە بێجگە لە هەندێ کوردی عیراقی و سۆڤیەتی، بوونەتە خەون و هێشتا بەدەست نەهاتوون، بەڵام ئێستا زۆر سەیرە کە تورک لە کۆتاییەکانی ساڵی ۱۹۹۱ دروشمی مافی شارستانیەتی بۆ کورد و زمانی کوردی بەرزکردۆتەوە، ئەمەش لە کۆتاییدا کاریگەری دەکەوێتە سەر ئەو پێوەندییەی کە لەنێوان قەڵەم و شیردا هەیە، بەڵام بەشی دووەمی ئەم کارە گرنگەی حەسەن پوور ئەوەیە، کە ئەمە یەکەم لێکۆڵینەوەیە باس لەلایەنی زمانەوانی وەک بنیادنەری چەمکی نەتەوەیی کورد دەکات، لێکۆڵەر کەلێنێکی چاکی لەم بوارەدا پڕ کردۆتەوە، ئەمەش بەو ڕێبازەی بەکاری هێناوە کە چۆن دەقی مێژوویی بۆ دەرخستنی گەشەسەندنی لایەنی زمانەوانی بەکارهێناوە، بە تایبەتی کە پێوەندی بەو لایەنەی کورد دوای کارەکانی مستەر بۆش لە کردەی گەردەلوولی بیاباندا هەیە، کە بەشێکە لە پێشکەوتنی ڕۆشنبیری لە عیراق، هەروەها تیشک دەخاتە سەر ئەو ڕۆڵە لاوەکییەی کورد لەم وڵاتە لە سەرەتای ئینتدابی بەریتانیا و ڕۆڵگێڕانی لە دەستووری نەتەوەیی لە دامەزراندنی حکومەتی عیراقی کە ڕۆڵێکی دوو فلیقانە بوو، بە تایبەتی ئەوەی کە لە ناوچەکەدا پێوەندی بە چارەنووسی کورد و کەمایەتییەکانی ترەوە هەبوو، هەر لەوکاتەوە تۆوی دوو بەرەکی پێوە کرد کە ئێستا پێگەیشتووە، لەم ڕووەوە حەسەن پوور لە ڕێبازی خۆی دەرناچێت کاتێک ئاماژە بەم ڕۆڵ و بارودۆخە پووچە دەکات کە چۆن بووە، چونکە زۆر شارەزیانە وردەکاری بەکارهێناوە و لە وەسف کردنی چەندین بەڵگە و برگەی لەو ڕاپۆرتانە هێناوەتەوە، کە پێوەندیدارن و هەموشیان دەبنە بەڵگەی نەفرەت. بە ڕای مایکل ئەم کتێبە خوێندنەوەی زۆر پێویستە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت لە کۆردۆلۆژی شارەزا و بەهرەداربن و بۆ ئەوانەی ئارەزوویانە بە تەواوی بزانن کەچی لە ئێران و عیراق و تورکیا ڕوودەدات.

هەروەها لە کتێبەکەدا حەسەن پوور سەرەتایەکی بۆ ئەم بەرگە نووسیوە و باس لەو گۆڕانکارییەی نەخشەی جیهانی دەکات کە لە ساڵی ۱۹۹۱ ڕووی داوە، جگە لەمە پێناسەی نەتەوایەتی دەکات کە چۆن لەلایەن مێژوونووسان و زانایانی کۆمەڵناسییەوە گرنگی پێ دراوە و ئاماژەشی بەوە کردووە کە نەتەوایەتی بە زاراوەیەکی ئاڵۆز و جۆراوجۆری داناوە، بەڵام باس لەوە دەکات کە تیشک خستنەسەرەکەی دکتۆر زگوستا وەک پێشەکییەکە بۆچوونە ناو دەقی کتێبەکە، کە هەر لەم بەرگەدا بەکارهێنراوە. هەروەها ئاماژەشی بەوە داوە تەواوی پێشەکییەکە پشت بە تیورە کۆمەڵناسییەکانی (باڤل) دەبەستێت و ڕوونی کردۆتەوە کە تێگەیشتنی

بابەتەکە پێویستی بە دووبارە لێکدانەوە و شیکردنەوە و پێویستی بە بەراورد و لێکۆڵینەوەی کێشەکە هەیە.

نووسەر لەسەرەتاکەدا باس لەوە دەکات کە ئەم کتێبە توێژینەوەیە بۆ ڕاڤە و ڕوون کردنەوەی ئەزموونی گەلی کورد و بەشدارییەکانی لە تێگەیشتنی نەتەوە و نەتەوایەتی و زمان، لەوانەیە نەتەوایەتی کورد هەروەک هەندێ لە چاودێران ئاماژەیان پێ کردووە، کە لە جیهانی موسڵمانەکاندا بە کۆنترین ئایدیۆلۆژی نەتەوایەتی دابنرێت، چونکە تایبەتمەندییەکی تاکی هەیە کە پێچەوانەی گۆڕان و زنجیرە ڕووداوەکانە، بە تایبەتی کە بیری نەتەوایەتی کورد هەر لەسەدەی شازدەم و حەڤدەمەوە سەری هەڵداوە و لە سستمی دەرەبەگایەتی و کۆمەڵگای کشتوکاڵی، کە بەجۆرە شەریعەتێکی مووسەوی لە شێوەی ئیماراتی گەورە و بچووک بەڕێوە دەچوون سەری هەڵداوە، نەک لە چینە ناوەندییەکانی شار گەشەی سەندبێت، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاتێ بەربەرەکانێی عوسمانی تورکی و فارسی ئێرانی دەستی پێکرد و پێشبڕکێیان بوو و دەیانویست کوردستان کۆنترۆڵ بکەن و بڕیاریان دابوو سستمی کوردی بەرەو حوکمداری ناوەندی ببنەوە، ئا لەو کاتەدا ئیماراتەکان تا سەدەی نۆزدەم بەرگری و بەرخودانێکی بەهێزیان کرد و دوای سێ سەدەی پڕ لەبەرخودانی بەردەوام ئینجا تێکشکان، لە ماوەی ئەم سێ سەدەیەدا عوسمانییەکان و فارسەکان چەندین تاوانی کۆمەڵکوژییان ئەنجام دا تا بتوانن شوێن بە هەموو هۆز و کۆمەڵگا جووتیارەکانی کورد چۆڵ بکەن و لە شوێنی ئەوان ئەو هۆزانەی کوردنین لە کوردستانیان جێنشین بکەن و ڕەواجی ئابووری کشتوکاڵی وێران بکەن، هەر ئەو هێرشە بەردەوامانەی لەسەر ژیانی کورد وای کرد پلەیەکی بەرزی هۆشیاری سیاسی بهێننە ئاراوە کە بە ڕاشکاوی ڕەنگدانەوەی خەباتی، بەزیادەوە لەزمان و ئەدەبی کوردی پەیدا کرد. حەسەن پوور ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە نەتەوایەتی کورد سیمایەکی گرنگی هەیە ئەمیش ئەو سروشتە جیهانییەیەتی کە تەحەدای سێ نەتەوەی خاوەن دەسەڵاتی کردووە ئەوانیش عەرەب و عەجەم و ڕۆمن، کە هەرسێکیان موسڵمانن، ئەمەش لەمەدا دەردەکەوێت کە هەردوو پەیامبەری نەتەوایەتی ئەحمەدی خانی (١٦٥٠- ١٧٠٦) و حاجی قادری کۆیی (١٨١٧-١٨٩٧) مەلا و زانای ئایینی بوون، بەڵام هەرگیز دوودڵییان لەوە نەکردووە کە هێرش بەرنە سەر ئەو حکوومەتە ئیسلامییانەی کە کوردیان دەچەوساندەوە، هەربۆیە ئەو سیمایە گرنگەی نەتەوایەتی کورد تەحەدای باوەڕی زۆربەی زاناکانی کۆمەڵناسی دەکات کە لەپاش شۆڕشی ئیسلامی ئێران، کە پەیڕەوی ئایینی دەکات و دەبیتە داینەمۆی گۆڕانەکانی کۆمەڵگا لە جیهانی موسڵماناندا، بەڵام بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ئایینی نییە، هەر بۆ نموونە تورکیا ڕژێمێکە مەزهەبی دنیای (عەلمانی) پەیڕەو دەکات، کەچی بە مەبەستی تێکدانی بزووتنەوەی کوردایەتی گرووپێکی بووژانەوەی ئابووری ئیسلامی ڕێکخست. گرنگییەکی تری کوردایەتی ئەوەیە کە لە ئێرانی هاوچەرخدا حکوومەتێکی ئایینی شیعەمەزهەب هەیە، کە لە سوننی مەزهەب جیاوازە، کە زۆربەیان کوردن، کەچی هیچ کاتێک بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد جەختی لەسەر ئەوە نەکردووە و گرنگی بەوە نەداوە کە بەربەرەکانێیەکەی لەسەر نایەکسانی ئایینی بێت. بۆ نموونە هەر لەبەر ئەوەی سوننە مەزهەبە ناتوانێت پۆستی سەرەوە لەسەرکردایەتی حکوومەتی ئێران وەرگرێت. حەسەن پوور ئەو ڕاستییە دەخاتە ڕوو کە ڕاستییەکی گرنگە ئەویش ئەوەیە کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد پێچەوانەی زۆربەی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی دیکەیە، کە لە ئاسیا و ئەفەریقا و ئەمریکای لاتینی لە کۆتاییەکانی سەدەی کورد پێش کۆلۆنیای ئەورووپا سەریان هەڵداوە، بەڵام لەم دواییەدا ئاراستەی دژی کۆلۆنیایی کرا، بەتایبەتی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی کاتێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زۆربەی جیهانی سێیەم چەپڕەویی تێکەڵ بە بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان بوون.

تایبەتمەندی نەتەوایەتی کورد وەک خانی و حاجی قادر دەڵێن لە دوو ئایدۆلۆژیەتدایە، کورد دەتوانێت سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت، ئەگەر دووچەکیان بەدەستەوە گرت! قەڵەم (زمانی ئەدەبی) و شیر (هێزی دەوڵەت)، چەکی زمان بە هەستەوە هەر لەسەدەی شەشەمەوە بەکارهات، هەرچەندە وەک ئەم توێژینەوە دەری دەخات خەبات لەپێناو گەشەسەندن و بەرزکردنەوەی زمان تا سەدەی بیستەم وەک پێویست نەبوو، کە نەتەوایەتی کورد لە شار و لەنێوەندی ڕووناکبیر و نێوەندی چینە ناوەندییەکانی شار گەشەی سەند، هەروەها لە ڕووی تیورییەوە پێوەندی لەنێوان

گەشەسەندنی زمان و سستمی ئابووری- کۆمەڵایەتیدا هەیە، کە تێیدا پاشکەوتەکان تێی دەکەون. هەر سادەترین ڕاستی ئەمە ئەوەیە کە زۆرینەیەکی زۆر بگرە بە هەزاران زمان بە نەنووسراوی ماونەتەوە کە ئەمە کەلێنێکی بەرز و پێک نەبەستراو دەخاتە نێوان ئەو زمانانەی گەشەیان سەندووە وەک زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ڕووسی. ئەم یەکسانییە هیچ پێوەندییەکی بە ڕۆنانی زمانەکانەوە نییە، چونکە هیچ زمانێک لە زمانێکی تر لە ڕووی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی، یان ڕۆنانی سێنتاکتیکی نزمتر، یان بەرزتر نییە، بەڵکو نایەکسانییەکە زیاتر ڕەگی لە جیهانی ناو زمانەوانیدا داکوتاوە. هەر شێوەزارێک، یان زمانێکی قسە پێکراو بیەوێت گەشە بکات و ببێتە زمانی نەتەوەیی لە پێوەندەکاندا پێویستی بە گۆڕانکاری ئابووری و کۆمەڵایەتییە، بگرە هەتا لەسەردەمی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی و ئەو گەیاندنە بەربلاوەدا هێشتا زۆربەی زۆری زمانەکان لە جیهاندا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە زمانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بن، چونکە ئەوە سەلمێنراوە، گەیشتن بەو ئاستە گەلێک زەحمەتترە لەوەی زمانەکە لە ئاستی زمانی نووسیندا بێت.

ڕێبازەکانی تەقلیدی- Traditional Ap Proaches لە نەتەوایەتیدا خۆیان بەو لایەدا دەگرن کە بابەتەکە کەم بکەنەوە و تایبەت بێت بە زاراوەی سیاسی، کەچی ڕێبازەکەی ئەمیری حەسەن پوور هەرچەندە ڕێبازی (holistici) هۆلستیکی گرتۆتەوە کە زاراوەیەکی کۆمەڵناسییە بە چەمک (واتا فراوانییە) واتە نەتەوایەتی سیاسەتە، ئایدیۆلۆژییە، ئابوورییە، فەرهەنگییە، زمانە، بەڵام بە نەتەوایەتی چی چوارچێوەیەکی تیوری ڕوونی پەیڕەو نەکردووە، بەڵکو پشتی بە تیوری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ بەستووە.

سەرەڕای ئەو دوو ئایدیۆلۆژییە سەرەکییەی نەتەوایەتی کورد کە پێوەندییەکی لێک نەپچڕاویان لە بنیادنانی نەتەوایەتی کورددا هەیە، ئەوانیش زمانی ئەدەبی(قەڵەم) و بنیادنانی هێزە (شیرە). ئەمیری حەسەن پوور لە لێکۆڵینەوەکەیدا تیشکی خستۆتەسەر هەموو مێژووی زمانەوانی کوردی لە گەشەسەندنی نەتەوایەتیدا، بەڵام بەشێوەیەکی چڕوپڕ ماوەی دوای ١٩١٨ی وەرگرتووە، کە ئەوکات جەنگی یەکەمی جیهانی هاوسەنگیی هێزی سەرلەبەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گۆڕی و کوردستانیش بۆ جارێکی تر لەنێوان پێنج دەوڵەتدا بەش بەش کرا، واتە لەنێوان حکوومەتی عیراقی نوێ کە تازە دامەزرا و لەژێر ئینتیدابی بەریتانی بوو لە ساڵانی ١٩١٨- ١٩٣٢ وڵاتی سوریا کە لەژێر ئینتیدابی فەرەنسی بوو لە ساڵانی ١٩١٨- ١٩٤٦و تورکیا و یەکیەتی سۆڤیەت و ئێران. کاتێ ئەوروپاییەکان سەرکەوتنیان لە جەنگ بەدەست هێنا، لەسەرەتادا بەڵێنیان بەکورد دا، کە حکوومەتێکی سەربەخۆیان لەو هەرێمانەی کوردی تورکیا بۆ دابمەزرێنن، بەڵام لەجیاتی ئەمە کورد بووە بابەتی جینۆساید و لەناوبردنی زمانەکەی کە هەر لە ساڵی (١٩٣٢) دەستی پێکرد و لە سوریا (١٩٦٢)دا، لە ئێران بە تایبەتی لە (١٩٢٥ تا ١٩٧٩)، لە عیراقیش هەر لە ساڵی (١٩٦١)ەوە دەستی پێ کرد و لەناوبردنی زمانی کوردی ئەوپەڕی توندڕەوی و بەردی بناغەی لەناوبردنی ڕەگەزی بوو، واتە ڕەگەزپەرستی- لە کۆماری تورکیا و مەملەکەتی ئێران بەتایبەتی لە (١٩٣٠- ١٩٤١) قسەکردن بە کوردی بەپێی یاسا قەدەغەکراو سزای وەک تاوانێک دژی دەوڵەت بۆ دانرا، ئا لەم بارودۆخەدا نەتەوەییەکان بەدرێژایی ژیانیان خەباتیان لەپێناو وەدەست هێنانی گەشەسەندنی زمانەکەیان دەکرد و ستانداردی هەردوو شێوەزاری کرمانجی و سۆرانی گەورەترین دەسکەوتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی بوو.

لە هەموو بارەکاندا خەبات لەپێناو مافەکانی زمان وەک مافی قسەکردن و نووسین و چاپ و بڵاوکردنەوە و دەنگی ڕادیۆ و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕێنمایی کردن کرا، جا ئەم خەباتە لە گفتوگۆی هەوڵی پەرلەمانی تا خەباتی چەکدارانە لە شوێنی جۆراوجۆردا وەک حوجرەی فەقێیان لە مزگەوتی گوندەکانی کوردستان تا خولەکانی (عصبة الامم) لە جنێف، خەبات لەپێناو قەڵەم و شیر بوو. خەباتێکی جیهانی بوو کاتێ هێزەکانی ڕۆژئاوا وەک هێزەکانی بەریتانیا و فەرەنسا و سۆڤیەت (عصبة الامم) تێکەڵی بوون، هەرچەندە لە زیندان و چاپخانە و ئەشکەوتەکان و حوجرەی فەقێیان ، بەرزکردنەوەی ئاستی زمان بەدەست هات لەسەر دەستی نووسەران و شاعیران و زمانەوان و بزووتنەوەی سیاسی و قوتابیان و مامۆستایان بە بەرزترین نرخ بەرگرییان لە کەسایەتی نەتەوایەتی خۆیان دەکرد. لێکۆڵینەوەکانی پێشتر لەسەر نەتەوایەتی کورد بە شێوەیەکی گشتی لە یەک

دانەپچڕانی شیر و قەڵەم پشتگوێ خستن بوو، کەچی ئەم لێکۆڵینەوەیە قەڵەم و چیرۆکەکەی شیر پشتگوێ ناخات، هەروەها بایەخ بەو لێک کشاندنەوە پەرتوبڵاوەی کوردی داوە، کەچی نەتەوایەتی کورد سەرکەوتووانە برەوی بە زمانی خۆی داوە، سەرەڕای سیاسەتی لەناوبردنی زمانەکەیان کە دیکتاتۆریەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەشقیان لەسەر دەکرد، بەڵام نوشست هێنان بەرانبەر هێزی پتەوی هێزەکان کە لەسەر بنەمای بازاڕەکانی کۆمەڵگای ڕۆژئاوا بنیادنرابوو، ئەمەش لە ئەنجامی لە ئارادا نەبوونی سیاسەتێکی سنووردار بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی کە دەستێکی نادیاری بازاڕەکان بڕیاری بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی زمان دەدات، بۆیە لەم بوارەدا کەمایەتییە چەوساوەکان تووشی گرفت هاتوون، کاتێک زۆر لە پەتارە سەرلێ شێواوەکان کە برسی ئازادین و منداڵەکانیان ئامادەن واز لە زمانی زگماکی خۆیان بهێنن، لە پاش ئەوەی لە ئەمریکای باکوور و ئەوروپا جێنشین بوون.

تا شەڕی ساڵی ١٩٩١ جیهان دەربارەی کورد زۆری نەدەزانی، بە تایبەتی دوای شەڕی کەنداو کە تراژیدیای کۆچڕەوی ملیۆنان کەس لەسەر شاشەی بچووک دەرکەوت، کوردەکان چوارەم گەورەترین نەتەوەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و گەورەترین نەتەوەیە لە جیهان کە تائێستا بێ دەوڵەتە و لەهێزی ژمارەی چلەمین لەنێوان هەزار زمان لە جیهاندایە، کەچی هێشتا بوونی گەلی کورد و زمانەکەی لە هەڕەشەدایە، بە تایبەتی لە تورکیا و عیراق و سوریا، لێرەدا چەندین پرسیار خۆ قوت دەکەنەوە کە ئەمانەن:

– ئایا کورد دەتوانێت بە زیندوویی بمێنێت؟ ئایا دەوڵەتی کوردی دادەمەزرێت؟ ئایا حکوومەتە فرە نەتەوەکانی ئێران و تورکیا و عیراق و سووریا ڕێگەی هیچ پلەیەکی ئۆتۆنۆمیان پێ دەدەن؟ هەرچەندە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە هێندە ئاسان نین، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە لێکۆڵینەوەیەکی شیاو و ڕاستەقینەیە لە شیکردنەوە و دەربارەی هێزە خۆجێیەکان و هەرێمی و جیهانی کە لەسەدەی بیستەمدا کوردی لە لێواری لەنێوچووندا پاراستووە.

چوارچێوەی ڕێبازی ئەم لێکۆڵینەوە قەرزارباری پرۆژەی لێکۆڵینەوەی زانکۆی لاڤیلە، کە بەناوونیشانی «زمانی ستاندارە لەجیهاندا» لەم دواییە دووبارە چاپ کرایەوە و ئەرکی ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیەش بەهێنز کلوس (Heinz klos) و گرانت ماک کۆنی Grant Mac cone ١٨/١١/١٩٧٨ سپێردرابوو، چەمکی پرۆژەکەش پشت بە بەشێک لە کاری ئینەر هۆگن (١٩٦٦) دەبەستێت. گرنگیدانی ئەمیری حەسەن پوور بە کێشەی زمان و نەتەوایەتی بۆ کۆتاییەکانی (١٩٥٠) پەنجاکان دەگەڕێتەوە، کە وەک قوتابییەکی سەرەتایی دەستی پێ کرد کاتێ لە قوتابخانەدا هەستی بە چزەی ئازارەکانی قەدەغەکردنی جلوبەرگ و زمانی کوردی دەکرد، کاتێ بە ئاستێکی بەرزتر لە خوێندن گەیشت، توانی چەند کتێبێکی کوردی تۆماری فۆتۆگراف پەیدا بکات و لەژێر زەمینی ماڵەکەیان بیشارێتەوە، بەڵام لە ترسی ماڵ پشکنین و گرتن و زیندانی کردن زیاتر لەچوار جار لەنێوان شەستەکان و حەفتاکان (١٩٦٠- ١٩٧٠) دایک و باوکی ئەمانەیان لێ فەوتاندوون، کاتێ گەیشتە زانکۆ لە (زانکۆی تاران) نیشانەی هەڕەشەکردنی دژی کورد و غەیرەفارسی زمانی ئاشکراو ڕوونتر بوو و شێوەیەکی ئاسایی وەرگرتبوو، ئەگەر جارجارە بەدەگمەنیش ناوی کورد بهاتبا، بەشێوەیەکی ڕێک پێناسەیان وەک شێوەزارێکی فارسی دەکرد، هەرکەسێکیش بە «زمان» وا نەبووایە، ئەوە بە دابڕان و خیانەتیان دەزانی.

هەروەک باسمان لە پێشەکی ئەم کتێبە کرد کە لەلایەن لادیزلاڤ ژگوستا (Ladislav Zgusta) نووسراوە و بەچوونە نێو کرۆکی باسەکە دادەنرێت و پێشەکییەکەی لەژێر ناوونیشانی زمان و نەتەوایەتی و بارودۆخی کەمایەتییەکانە، لادیزلاڤ باس لەوە دەکات ئەم کتێبە دەربارەی زمانی کوردی و ستانداردەکەیەتی و بەڕای ئەو ستانداردی زمان دوو ئامانجی سەرەکی هەیە، یەکەم گەشەسەندنە لە ڕووی کۆمەڵێک زاراوەوە، بە تایبەتی تێرمنۆلۆژی و زاراوەناسی. هەموو تۆمارکردنە پێویستییەکان کاتێ زمانێک لە زۆربە و هەموو لایەنی ژیانی مۆدێرنی ئاڵۆزدا بەکاردێت، دووەم گرنگییەکی تایبەتمەندی لە زۆربەی کێشەکاندا هەیە لەو ناوچانە کە قسەکەرانی زمانەکە تێیدا دەژین، هەروەک کوردەکان دەیکەن و کەمایەتییەکان کە لە چەندین دەوڵەتی دی دەیکەن. ستاندارد پێویستییەکی تایبەتە و زەحمەتیشە کاتێ کۆمەڵگەیەک بەڕێزەوە ئارەزووی تەواوی هەبێت کە بەشێک لە شارستانیەتی نوێ بێت و لە هەمان کاتدا

زمـانی تایبـەتی خـۆی بەکـاربهـێنێت، چەندین زمـانی ئەورووپای وەک زمـــانی ئینگلیـــزی و فـــەڕەنسی کـــە شێوەزاری ستانداردی لەسەرخۆ پەرەی سەند، ئەمەش پرۆسیـسێکی زمانەوانی بوو کـە لەگەڵ پێشکەوتنی کـۆمـەڵگا هاوشان و هاوکات بوو، لە سەدەی نۆزدەمـدا زۆربەی زمـانە ئەورووپییـەکـان خەباتیـان بۆ بەرەو پێش بردنی زمانی ستاندارد کرد، کاتێ زۆربەی نەتەوەکـان پەنایان بردە بەر بەکارهێنانی زمانی تایبەتی خۆیان لە هەمـــوو تۆمــارەکــانیــان، هەرچەندە هەندێ لە زمـــانە ئەورووپاییـەکـان تازە و لە سەدەی بیـسـتـەم پەرەیان بە شێوەزاری ستانداردی خۆیان دا، بۆ نموونە ئەلبانییەکان و سلۆڤاکەکان، ئێستا کە زۆر لە زمانە ئەورووپاییـەکان خـەبات لەپێناو ئەم کـارەدا دەکـەن، هەرچەندە لە هەر زمانێک بێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا تەنیا ستانداردەکەی سەقامگیربووە، یان نا ستانداردبوونی خۆی پاراستووە، ستاندارد ئەو کارە نییە کە جارێک پەیدا بێت، ئینجا جاریکی تر لەناو بچێتەوە، لەکاتێکیشدا بە قەناعەتەوە سەقـامگیـر بووبێت، ژیان لە گـۆڕاندایە و لەبەر هەندێ دەبێت چارەسەرییـەکـانی سـاڵێ پار دووبـارە و سێ بارە پێـیـدا بچنەوە و بە گـوێرەی ئەو گۆڕانکارییـە نوێیـانەی سـەرهەڵدەدەن لە کێشـەیەکی وەک زمـانی کـوردی چاک بکرێنەوە، کێـشـەی سـتـاندارد باکگراوەندێکی قـووڵی لەمـێـژوودا هەیە، کـە بەشـێـوەیەکی فـراوان بەشـداری و کـاریگەریی لەسـەر ئەو کـێـشـانەوە هەیە کـە لە ئەرکـە ئاڵۆزەکانی کۆمـەڵایەتیـدا، بە ڕۆڵی زمانەوە پەیوەستن. هەر لـەم ڕووەوە سـەرکـەوتن و دواکـەوتنی سـتـاندارد لە نزیکەوە بە ڕۆڵی زمـانەوە بەسـتـراوە، هەروەک زمـانی کوردی کە توخمێکی سەرەکییە بۆ پێناسەی نەتەوەیی و یەکێکە لە خاڵە سەرەکییـەکانی کۆکردنەوەی هەمـوو نەتەوە.

ئەم کتێبە دەربارەی نەتەوەی کورد و زمانەکەیەتی، ئەم دەستەواژە سادەیەش یەکسەر پرسیارێک دەکات، ئەویش ئەوەیە کە مەبەست لە وشەی «نەتەوە» چییە؟ چەندین ڕێگا هەیە بۆ تێگەیشتن، بگرە هەتا پێناسـەکـردنی ئەم زاراوەیە، بەڵام لەوانە بۆ قسـەکـەری زمـانی ئینگلیـزی ئەگەر ئاڵوگـۆڕێکی نەشاز نەبێت، دوو ڕێگای بنەڕەتی جیـاواز بۆ بەکـارهێنانی ئەم وشـەیە هەیە ئەویش، یان ئاماژە پێکردنی کۆمەڵێک خەڵک کە هاوبەشی لە زمان و فەرهەنگدا، یان بۆ ئاماژە پێکردنی کۆمەڵێک خەڵک کـــە لە یەک دەوڵەتدا دەژین، یان لە دەوڵەتێک وەک ئۆرگانیزم.

لە حاڵەتی یەکەمدا، دەتوانرێت وشەی (نەتەوەیی) لە جیـاتی وشـەی (نەتەوە) بەکـاربهـێنرێت، یان یەکـێک دەتوانێت دەربارەی (ڕەگـەزایەتی) کـۆمـەڵێک خـەڵک بدوێت، بۆ نموونە یەکـێک دەتوانێت دەربارەی نەتەوەی سلۆڤـــاک بدوێت، کـــە تا ســـەرەتای ۱۹۹۲ لە چیکۆسلۆڤـاکـیـا دەژیان، یان نەتەوەی بیـــرتۆن کـە لەفەرەنسا دەژیان، یان نەتەوەی فیریزیان کە لە هۆڵەندا و ئەڵمـانیـا دەژیان، یان نەتەوەی ئەڵمـان، تا سـاڵانی ۱۸۷۰ لە چەند ناوچەیەکی لێک دابڕاو لە دەوڵەتی سەربەخۆ دەژیان.

دووەمیـان بەکارهێنانی سیاسی وشەی (نەتەوە)یە کە کەم پێوەندی بەلایەنی توخم و ڕەگەزەوە هەیە، کاتێ کە دەڵێن هەمـــوو ئەمـــریکاییـــەکـــان یەک نەتەوەن، ئەمـــە مـەبەسـتـمـان بوونیـانە بە هاووڵاتی ئەو وڵاتە، نەک مەبەستمان زمانی زگماکیان، یان مەبەست باکگراوندی ڕەگـەزیان بێت، ئەگـەر ئەم تێگەیشـتنە سیـاسـیـیـە پێشکەش نەکرابا، ئەوە بە تەواوەتی لە شۆڕشی فەڕەنسا لە کۆتایی سەدەی هەژدەم ئەوە ڕوون کرایەوە کە دەگوترا (نەتەوەی فەڕەنسا) کە بە تەواوی قسەکەرانی و بیرتۆنی و ئەڵمانی پروفیجای دەگرتەوە، کە مەزەندە دەکرا ئەوانە زمـانی فەڕەنسی زمـانی شۆڕش و ئازادییـان پێ خۆشـتـر بێت، هەرچۆنێک بێت هەندێک لە نەتەوەکـانی سیـاسی قسەکەرانی دەرزەنێک زمانی ئەدەبی بەخۆیەوە دەگرێت و زۆربەی زۆریان تەنیـا قسـەیان یەکـێکە، وڵاتی هیند بە تەواوی باشـتـرین نموونەیە بۆ ئەم حـاڵەتە، هاووڵاتیـانی وەک ئەم وڵاتە فـــرە زمـــانانەی بە زۆری ئامـــاژەیان بە ناوێک پێـــدەکـــرێت کـــە بەناوی زمـــانەکـــەیانەوە نەبەستراوەتەوە، هەروەک ئەمریکاییەکان و هیندییەکان کـە تازە باس کـران، یان وەک هاووڵاتیـانی یەکـێـتی سـۆڤـیـەتی پێـشـوو پێـیـان دەگـوترا سـۆڤـیـەتەکـان، کە دامـودەزگـایەکی دروست کـردبوو (ڕووس، سـۆڤـیـەت= ئەنجـوومـەن: کـە بڕبڕەی واتای ئیـدارەی وڵاتێکە کـە ئەنجـوومـەنی زۆر جـۆر هاووڵاتی بوو)ە، دیسـانەوە وەک سـویسـرا ناوەکـەی لەهیچ زمـانێک وەرنەگیـراوە و لە سویسرا ئەڵمانی بە زۆری ئاماژەیان بۆ (Eidgenossen Die) دەکرێت کە دەتوانرێت بە تەرجەمە وەرگێڕدرێت بۆ (کـۆنفـیـدرێت)، واتە (هاوپەیمانی) بەڵام وەرگـێـڕانی

مۆرنیم بۆ مۆرنیم دەبێتە شتێک وەک (بەشداربوون لە سوێند خواردن) (بەناوی ئەو سوێندەی کە وڵاتی پێ دامەزراوە).

چەندین جۆری بەکارهێنان و بۆچوون و تێگەیشتن و ڕێباز لەم بوارەدا هەیە زۆر جۆرە قوتابی بۆ ئەم نەتەوە و زاراوانە پێشنیار کراوی زۆر جۆرە داواکاری و پێناسە و لێکدانەوەیان کردووە، بۆ نموونە هەندێ داواکاری کۆمەڵی خەڵک، یان بەلای کەمەوە زۆربەیان کە پێکەوە لەم ناوچانەی لەسەر تخووبی یەک دەژین ویستوویانە بە (نەتەوە) دابنرێن و داواکاری لەم شێوە بۆ نموونە قەرەجەکان سەرەڕای یەکێتی زمانیان بەلاوە دەنرێت، هەندێکی تر لە ڕووناکبیران بە پێویستی دەزانن کە لە نەتەوایەتیدا سیمای زمان و هەرێم بەلاوە بنرێت، ئەگەرنا دەبێت چۆن جوولەکانی دەرەوەی ئیسرائیل دەست نیشان بکرێن؟ پێکهێنەرەکانی هەندێ دەوڵەت (وەک هیند، یان یەکێتی سۆڤیەتی هەڵوەشاوە) جیاوازی دەخەنە نێو دەربڕینەکان هەروەک (نەتەوە) کە بۆ ئیدارە، یان بۆ پۆستێکی سیاسی بەرز بەکاردێت، کەچی (نەتەوایەتی) بۆ حاڵەتێکی نزمتر لەگەڵ جیاوازی ئەنجامەکانیان لە بەکارهێنانی وەزیفی و ڕۆشنبیری تایبەتمەندی ئەو زمانە.

سەرەڕای ئەو هەموو کۆششەی لە حاڵەتی یەکەمدا، دەتوانرێت وشەی (نەتەوەیی) لە ڕوونکردنەوەیەکی دیار، ژیانی ڕاستەقینە چەندین حاڵەتی تایبەت دروست دەکات، کە هیچ پۆلێن کردنێکی وانییە بتوانێت هەموویان لە ڕێگەیە پرنسیپەوە بگرێتەوە، هەر بۆیە پرسیاری وەک ئەوەی کە فەرەنسییە کەنەدییەکان بەشێکن لە نەتەوەی فەرەنسی سەرهەڵدەدات، یان ئەوەتە ئەوانە خاوەنی زمانی نەتەوەی فەرەنسین؟ یان بە ڕەگەزی فەرەنسییەوە بەشێکن لە نەتەوەی کەنەدی؟ یان ئایا ئەو هەموو لایەنانەی سەرەوەن؟ یان ئەو هەموو پرسیارەی سەرەوە و سەرەڕای هەندێکی تریشی دەگرنەوە؟!

لادیزلاف لەم پێشەکییەدا بەدووردرێژی باس لەو کێشانە دەکات کە لەلایەن ڕووناکبیران و سیاسەتمەداران لەسەر (نەتەوە) و (نەتەوایەتی) و (وڵات).. (زمان) و (ڕەگەز) دروستبوونە، نموونە بە هۆزەکانی ئوستراڵیا دێنێتەوە، کە چۆن زۆر جۆرە زمانیان هەیە، هەروەها نموونەی سربی و کرواتییەکان دێنێتەوە، کە چۆن لە زماندا یەکن، بەڵام لەلایەنی فەرهەنگییەوە بەهۆی مەزهەبی ئەرسەدۆکسی و کاسۆلیکی جیاوازن و جگە لەوە کە چۆن زاراوەی نەتەوە بە گوێرەی ئەڵمانییەکان و فەرەنسییەکان لە ئەنجامی پێشکەوتنی سیاسی لە ئەورووپا گۆڕاوە و دیسانەوە کە زاراوەی (نەتەوە) چۆن لە ئەنجامی پشتگیری کردن و بڕیاری سەرۆکی ئەمریکی سەرۆک ویلسن گەشەی سەند و پشتگیری لێکرا، هەروەها باس لەوە دەکات کە چۆن لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی چەمکی بڕیاری خۆ چارەنووس و چارەنووسی کەسیی بووە پرنسیپەکانی پەیمانی ئاشتی، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی دانیان بە نەمانی پاشایەتی و نەتەوایەتی نەمسا و هەنگاریا و ئیمپراتۆریەتی تورکیای عوسمانی لە نەخشەی ئەورووپادا نا.

جگە لەمە لادیزلاف لە پێشەکییەکدا باسی ئەو کێشانەی کردووە، کە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی و ئێستای ئەورووپادا دروست بوونە، وەک کێشەی ڕەگەزی کە لە سویسرا و بەلجیکا و جیکوسلۆڤاکیا و یوگسلاڤیا دروست بوونەوە و ئەو کێشەیەی کە لە دوای ساڵی ١٩٩٢ لێی کەوتەوە، بە تایبەتی لە یوگسلاڤیا، هەروەها باس لەو کێشەیەش دەکات کە لەنێوان قسەکەرانی فەرەنسی و قسەکەرانی فیلمەنکی دروست بوو، کە چۆن کێشە و ئاستەنگی لە بەردەم حکوومەتی بەلجیکادا دروست کردووە، کەچی لە هەمان کاتدا کێشەی زمانی نەتەوایەتی لە سویسرا بەرچاو ناکەوێت.

ئینجا باس لەوە دەکات کە چەندین گرووپی ڕەگەزی هەن و لە ڕووی نەتەوایەتییەوە بە تێگەیشتنی ڕەگەزییەوە هەڵسوکەوت دەکەن، کەچی لە یەک هەرێمدا ناژین، بە نموونەش ئەو دابەشکردنەی بارنی و کۆریای باکوور وکۆریای باشوور و ڤێتنامی هێناوەتەوە و سەرەڕای بارودۆخەکەی کە ئەڵمانیا وەک ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا هێناوەتەوە. لە هەمان کاتدا ئاماژەش بەوە دەدا کە چۆن کورد ئەو دابەشکردنەی بەسەردا سەپاوە و هەر لەسەردەمی ململانێی ئیمپراتۆریەتی فارسی و تورکی و دواتریش لە ئەنجامی شەڕی یەکەمی جیهانی کورد بەسەر پێنج وڵاتدا دابەش کرا، بەبێ ئەوەی بەخۆیان دەستیان تێدابێت، ئینجا بەراوردێک لەنێوان دابەشکردنی کۆرییەکان و کورددا دەکات کە چۆن کۆرییەکان هەرچەندە دابەشیش کرابن، بەڵام هەر کۆرین کە تەنیا جیاوازی ئایدیۆلۆژیای

سـیـاسـیـیـان هەیە، لە ڕووی زمـان و کـەلەپوور و دابونەریتەوە، کـەچی هەریەکن، بۆیە ئەم حـاڵەتەی کۆریا زمانەکەی هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

لەلایەکی ترەوە لادیزلاڤ بەراوردێک لەنێوان ڤێتنامی باشـوور و باکـوور و ئەڵمـانیـای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا دەکـات، کـە دەڵێت ئەمـانە بە پێـچەوانەی کـورد دابەش نەکـراون، بەڵکو چەندین کـەمـایەتین، کـە هەریەکـەیان خاوەن زمانێکی تایبەتی خۆیانن، ئاماژەش بەوە دەکات هەرچەندە دابەش کـردن بە زیان لە قـەڵەم دەدرێت، بەڵام لە ڕووی سیـاسییـەوە زۆرینە پێک بهێنن، ئەوە زمان و فەرهەنگیان بە زیندوویی دەمێنێتەوە، هەروەک هەردوو ئەڵمانیای پێشوو و کۆریا.

هەروەها لادیزلاڤ باس لە ڕۆشنبـیـری سـیـاسی و جوگرافی و دیموگرافی دەکات، کە چۆن لەوانەیە سیـمای نەتەوەی جـیـاواز بێنە ئارا، بۆ نموونەش جـیـاوازی نەمسـاوی و ئەڵمانییـەکانی لەنێوان ئوسترالییـەکان و کەنەدییەکـان لەگەڵ نەتەوەی بەریتانیـدا هەیە، کـە چۆن ئەم حـاڵەتانە بەشـێوەیەکی چڕوپڕ و ئاشتـیـانە، حـاڵەتی نوێی هێناوەتە ئاراوە و ئاماژەیشی بەوە داوە، کە کـاتێ نەتەوایەتی دەبێتە کەمینە و نموونەشی بە بیروتونییەکان لە فـەڕەنسـا هێناوەتەوە و بەراودی کـردوونە بە هەمـان حـاڵەتی کـورد، کـە بۆ زیاتر لە دوو ناوچە دابەش کـراوە، هەروەها ئامـاژەیشی بە بارودۆخی باسک داوە کـە لە فەڕەنسا و ئیسپانیادا دەژین و کۆچڕەوەکانیان زیاتر لە شوێنێک دەژین کە ئەمە لە زیانی ئەواندایە.

لادیزلاڤ باس لە چیرۆکی تری نەتەوایەتی دەکات، کە چۆن نەتەوە قەوارەی سیاسی گەورەی بۆ خۆی دارشتووە، کەچی لە هەمان کاتدا بەشێکی بچووکی وەک کەمینە لە شـوێنێکی دیکـە دەژیـن، بـۆ نموونـەش بارودۆخی دانیـمارکییـەکان لە ئەڵمانیـا و کەمینەی هەنگاریا لە ڕۆمانیـای هێناوەتەوە، هەروەها ئاماژە بە ئیتاڵییـەکان دەدات کـە لە سـویسـرا چۆن سـویسـرییـەکـان ئەمـانـە بە ئیتاڵی دانانێن، بەڵکو هەتا قسەکردنیشیان بە ئیتاڵی سویسرایی دادەنێن.

هەروەها باسی پارسییەکان لە هیندستان دەکات واتە ئەو زەردەشتییانەی کە دوای حوکمڕانی موسڵمانەکان کۆچیان کردووە، چۆن ئایین و زمانی خۆیان پاراستووە، کەچی لە ڕووی سیاسییەوە خۆیان بە بەشێکی جیاواز لە هیند داناوە، کە بە حاڵەتێکی پێشکەوتوو دادەنرێت بۆ هاوکـاری کردن لە ڕووی سیـاسییـەوە، جگە لەمـە باسی ئەڵمانەکان لە ئیتاڵیا دەکات کە چۆن کەمینەن، بەڵام لە هەمـان کاتدا هیچ زیانێکی بەشێوەی تەواوەتی بە زمـانی ئەڵمانیا نەگەیاندووە، چونکە بەشێکە لە زمانی ئەڵمانی و نەمسایی، هەروەها بەشێکیشە لە سویسرا.

کـەچی بەپێچەوانەوە ئەگەر زمـانێک تەنیا کـەمـینە قـسـەی پێ بکـرد، بە تایبـەتی ئەگـەر لە ڕاپەڕاندنی کـاروباری ئۆتۆنۆمی بۆ فـێـرکـردن و توێژینەوەکـان لە زانکۆکـان و بڵاوکـردنەوەی کـارە ڕۆشنبـیـرییـەکـان و ئەو پێویسـتیـانەی کە بەزمانی ستاندارد پێشکەش دەکرێن بەکـارنەهات، ئەوە زمـانەکـە گـەشـە ناسـێنێ و بەدواکەوتوویی دەمێنێتـەوە، چونکە کاروباری ئیداری، هەروەها تۆمارکردنی دەقی یاسا و بابەتە زانستییەکان و ئاستـە ڕۆشنبـیـرییە بەرزەکـان پێویسـتیـان بە زاراوە و تێرمنۆلۆژی هەیە.

زمانێکی وەک فریزیان کە تەنیا لەلایەن کەمینەیەک لە ئەڵمـانیـا و بەشێکیش لە هۆڵەندا قسەی پێدەکەن، کە هەردووکـیـان بە وڵاتی دیموکـراتی و لیـبـراڵی ئەمـڕۆ دادەنرێن، کـەچی هەست دەکرێت وەک بلێی زمـانێکی لاوازە و گـەشـەی نەسـەندووە! کـەواتە زۆر بە ئاسـانی پێشبـینی ئەوە دەکرێت کە زمانێکی ئەوها لە سەردەمی دیکتـاتۆریەت و حکوومەتی ناوەندی کە هەمـوو شتێک بەرەو سـسـتـمی ناوەند ببـاتەوە، دەبێت ئەو زمـانە پێویسـتی بە چ تێکۆشانێک هەبێت بۆ ئەوەی ببێتـەوە زمـانێکی هاوشـان لە ڕووی سیـاسییـەوە، هەر بۆ نموونە دەتوانرێت بارودۆخی زمـانی کـاتەلان لە ئیـسـپـانیـا لەسـەردەمی ڕژێمی فـرانکۆ بخـرێتـە ڕوو، کـە چۆن بەکارهێنانی ئەو زمانە لە قوتابخانە و کاروباری ئیداری و...تاد. قەدەغە کرابوو، کەچی کاتەلان زمانێکە خاوەن ئەدەبی کـۆن و نەریت و کـولتـووری خـۆی بووە و لەلایەن چەندین ملیـۆن کـەسـەوە قـسـەی پێ کـراوە، ئەو دوژمنایەتییەی ڕژێم تەنیا سی ساڵ بەردەوام بوو، کەچی هەر توێژەرێک دەتوانێت نموونە لەسـەر زمـانی کـاتەلان بهێنێتەوە کە چۆن زمانی کاتەلان لەو سەردەمە لاواز بووە و ئایا چەند کۆششی پێویسـتیـە تا وەک ئەوکـاتەی لێ دێتـەوە کە لەسـەردەمی دیموکراسی و پاشایەتی هەیبـوو، یان کێشەی کۆرییەکان نموونەیەکی ترە کاتێ ژاپۆنەکان بۆ مـاوەی (٣٥) سـاڵ کـۆریایان داگیـر کـرد و زمـانەکـەیان چەوساندەوە.

ئەو زمــانە لاوازانەی کــە مــاوەیەکی زۆر بە دەست چەوســـاندنەوەوە ناڵاندوویانە زۆر جـــۆرە پرۆســـەی لاوازبوونیـان دەسـتی پێکردووە و لەکـۆتاییـدا لەوانـەیە هەرەشـەی مـردنیـان لێکرابێت، پێـویسـتـە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتــەوە کــە هەرچەندە کـەشـوهەوای دیموکـراسی گرینگە، بەڵام فاکتەری کۆتایی و بنەبڕ بۆ هەر حاڵەتێک لەم جۆرە هەڵوێستی کۆمەڵگە تایبەتییەکەیەتی.

لێـرەدا لادیزلاف ئیـرلەندای بە نموونە هێناوەتەوە کـە سـەرەڕای ئەوەی حـەفـتـا سـاڵ دەبێت سـەربەخـۆیی وەرگرتووەو و سەرەڕای پشـتگیـری حکوومـەت، کـەچی زمــانی (ئایرش) هیـچ پێـــشـکەوتنێکی بەرچاوی لە بڵاوبوونـەوەی لەنێـو دانیـشـتـوان بەخـۆوە نەدیوە، کـەچی بەپێـچـەوانەوە هەرچەندە ڕاهێنانە جێ مـاوەکــان کـە پێوەندی سەرکەوتن و سـەرنەکەوتنی بە زمـانی گەورە و بچـووکـەوە هەیە، کـەچی هێـشـتـا ئیـرلەندییـەک کـە قسـەکەری ئینگلیزییە خۆی بەهیچ دانانێت، بەڵکو خۆی بە ئەندامـــێکی چاکی نەتەوەی ئیـــرلەندی دادەنێت، لێـرەشــدا لایەنی سـیــاسی نەتەوەیی دووبارە خـــۆی سـەپاندووە، دیســان لادیزلاف باس لەوە دەکـات ئایا نەتەوەیەک کە لە ڕووی واتای فرەڕەگەزی (قەومیەت)، کـە بۆ چەند هەرێمــێک لەنێـــوان چەندین وڵاتدا پارچە پارچە بێت، تێـیـاندا بووبێـتـە کـەمـینە، دەتوانێت چی بکات تا ناسنامەی خۆی بپارێزێت؟ لێرەدا ئەوە بە هزر دادێت بێ گـومـان پاراسـتنی زمـانە، بەڵام لەلایەکی ترەوەش هەرچی کەلوپەلێکی کولتووری، یان سیمایەکی نەتەوەیی لەوانەیە گرینگ بێت، لێرەدا پۆلۆنییـەکـان بە نموونە دەهێنێـتـەوە کـە لەسـەردەمی پێـشـوو بۆ چەند سەدەیەک لەنێوان پروسیا (واتە ئەڵمانیا) و ڕووسیـا و نەمسا دابەش کرابوون، پۆلۆنییـەکان نەک هەر زمانیان هەبوو، بەڵکو فاکتەری کاسولۆکی ڕۆمانییان هەبوو کە لە دژ ئەرسـەدۆکسی ڕووسی و پروتسـتانتی پرووسـەکان بوو پۆلۆنییەکان بۆ خۆیان بەدەستیان هێنا بوو، سەبارەت بە زمـان باشـتـرین ڕێگەی پاراسـتنی قسـەپێکردن و بەکــارهێنانیــان بەکــارهێنا، کــە زمــان بە زیندوویی دەهێڵێتەوە، نەک بە نیشـتیمان پەروەری و پەرەسەندنی توندڕەوی قـەومی و نە بە کـوشـشی خـوێندەواران لە داهێنانی زاراوەی تەکنیکی پێـــویست، کــە بەکـــار ناهێنرێت، چونکە زۆربەی خــەڵک بە زمــانی زۆربە دەنووسـێت، نە بە هەوڵدانی نووسـینی دەقی تەمـومـژی ئەدەبی کــە کــەم کــەس دەیخــوێنێــتــەوە، بەڵکو بە بەکــارهێنانی لە ژیانی ڕۆژانەدا چی لە قـســەکــردن و نووسیندا و لە شێوەی ڕەسمی و ناڕەسمیدا لەسەر هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگادا زۆر باشترە بۆ پاراستنی، هەروەها دەبێت هەوڵ بدرێت زمـانەکە قسـەی پێ بکرێت هەتا لە وڵاتەکـانی تریش کــە لێک دەچێت، لێـرەدا لادیزلاف زمــــانی باسکی بە نموونە هێناوەتەوە، کـــە چۆن لە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی لە ئیسپانیا قسەی پێ دەکرێت و سەرەڕای هەندێ شارۆچکە و شارەدێ لە فەڕەنسا لەبەر کەم توانستی، باسک بە دەگمەن توانرا پەرەی پێ بسێنێ و یەک بنووس لە هەردوو لایەنی سنووری هەردوو وڵات بەکاربێت.

هەروەک باس کـــرا، هەرچەندە زمــــان لە ڕادە بەدەر پێـویست و گرینگە، بەڵام هەمـوو شـتێـک نییـە، چونکە پاراسـتنی یەکێـتی کـولتـوور لەنێـوان سنوورەکـان بەلای کەمەوە ئەو ناسنامەیە کە لە زۆرینەیان جیا دەکاتەوە، بە تەواوەتی گـرینگە، بەڕای لادیزلاف لێکۆڵینەوەکـەی د. حەسەن پوور هەڵسوکەوت لەگەڵ هەمـوو تاکە خانەیەکی ئەو هەمـوو جۆراوجۆرەی کارەکە و پلەکە دەکات کە چۆن کـورد لەو وڵاتانەی تێـیـدا دەژیت، هەوڵـی داوە خـەبات لەپێناو زمـان و کـولتـووردا بکات، بێ گـومـان جـەخـتی کردۆتەوە سەر پاراستنی یەکێتی زمان لەنێو سنوورەکان بەهۆی سـتـانداردکـردن، جـارێک هەوڵـی ئەوە دەدات کە زیاتر لە شـێـوەی ڕەسـمی و لایەنی پراگـمـاتیکی لە هەڵوێسـتـە ئاڵۆزەکـانی ژیان بەکـاربێت، هەر لەم ڕووەوە لەم بۆچوونەدا ئەم کتێبە یەکێکە لە گرینگترین کتێبەکان کە بە تەواوەتی وەسفی بۆ ئەم جۆرە هەوڵ و کۆششە لە پاراستن و بەخۆ وەرگرتنی نەتەوەیی ڕەگەزی (قەومیەت) لەگـەڵ ئەو هەمــوو تێکچـڕژاوی ئاڵۆزانە، ئەم پیلەکـە دووروودرێژەی کـــە چەندین جـــۆرە هەوڵ و کـــۆشش بۆ وەدەسـتـهێنانی قـەوارەیەکی نەتەوەیی و لە هەڵوێسـتـە ترسناکـەکاندا بەدرێژایی سـەردەمانی مێـژوو و بارودۆخە گۆڕاوەکـان خەبات بۆ یەکسـانی بکات، چونکە بۆچوونی پێـچەوانە ئەوەیە کە لەم کـۆتاییـەدا هاتە ئاراوە ئەویش گـەشـەسـەندن بە تۆمـارکـردنی زانست و تەکنەلۆژیا لە هەمـوو زمـانەکـان لە سـەرتاپای دنیـادا هەوڵێکی فـرەی نەگـونجـاوی دەوێت، چونکە بەلای کـەمـەوە هۆیەکـان و بارودۆخەکانی ئەمڕۆ، ئینجا تەنیا ئەوەی سروشتی بێت ئەوەیە زاناکـان ڕەسـەنیـان هەرچۆنێک بێت، ئەو زمـانەی کـە پێی دەگـوترێ جیـهـانی بەکـاردەهێنن، لە جیـاتی هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی زاراوەناسی و تۆمارکردن لە هەر

یەکێک لە زمانەکانی جیهان، ئەمە بەشێکە لە ڕاڤەی ئەوە کە زمانی تێکەڵاو بە شێوەیەکی بەردەوام لەسەردەمی ئێمەدا لەنێو کولتوورەکاندا بڵاودەبێتەوە، تەنیا ئەوەی پێشتر کرابێت بەکارهێنانی زمانی لاتینی بوو لە چەرخەکانی ناوەڕاست. لادیزلاڤ لەکۆتاییدا باس لەوە دەکات یەکێک دەتوانێت بڵێت زمانێکی ڕۆشنبیری بەهۆی پێشکەوتنی مرۆڤایەتییەوە هاتووەتە کایەوە بە سوودە، بە تایبەتی بۆ خوێندنی باڵا، لە هەمان کاتدا بەهای پاراستنی زمانەکان و کولتووری کەمینە، هەروەها باس لەوە دەکات کە کاری پاراستنی زمان گۆڕانێکە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی و لایەنێکی بەسوودە ئەگەر دوور لە گیانی بەزل زانین و شۆڤینییەت جێبەجێ کرا، ئەمەش ئەو ڕوحەیە کە بە ناخی کتێبە گرینگەکەی د. حەسەن پووردا شۆڕبووەتەوە.

### ئەدەبێکی گونجاو

ئێستا ئەوە ماوە کە دوا پرسیار بکەین، ئایا ئەم جۆرە هەوڵ و کۆششە شایانی بایەخدانە؟ یان واز لەو لایەنە بهێنین کە نەتەوەی سیاسی واتە (دەوڵەت) پێکدەهێنێ و پەیوەستە بە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی و جێگای گومان و ڕاستەقینەی لە ڕووی قەوارەی سیاسی نەتەوەیی ڕەگەزی، یان حکومەتی فرە نەتەوەیی و ڕەگەزی کە بابەتی کتێبەکەی د. حەسەن پوور نییە، هەرچەندە بەلای کەمەوە کەس گومانی لەوەدا نییە کە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەمەوە دڵسۆزییەکی بەهێز چەمکی ڕەگەزی نەتەوە و ئارەزوویەکی پەیوەست لە قەوارەی نەتەوەی سیاسی هەیە، بەڵام هەتا پاراستنی قەومییەت (نەتەوەی ڕەگەزی) لە بارودۆخێکی نەگونجاودا پێویست بە کۆششێکی کەم نییە، بۆیە بەهایەک بەهۆیەوە بەدەست دێت؟ وەڵامێکی ئاسانمان لەبەردەستدایە: لەبەر ئەوەی لە چی شوێنێک بین، زمانی زگماکمان لەوێ بڕیاری لەسەر دراوە، بەهۆی ئەو دایک و باوکەی کێیە کە ئێمەی لێ بووە و لە منداڵییەوە (هەروەک پێکەوە کە لەگەڵ کولتوورەکانیان) پێیانەوە سەقامگیر بووینە و فێربوون و ژیانمان لەو کەشوهەوایەدا بەردەوام دەبێت، ئا ئەم جۆرە بوونە بەشێک لە کەسایەتیمان بێت لەوانە بەهێزترین نەریتەکان بێت کە ئێمە هەمانە لەوەی خەڵک بە هۆیەوە دەناسرێن و بەهێزترین لایەنی دڵسۆزییە بۆی.

لە ئەنجامدا، خەبات بەشێوەیەک لەپێناو پاراستنی زمانێک کە لە خەتەردا بێت ئەنجامی ئەو لایەنە دڵسۆزییەیە، کە دڵسۆزییە بۆ یەکێک کە لێی نزیکە، کەچی ئەمانە هەمووی بەدی بێن، هەروا دەبینین کە دڵسۆزی نەک هەر ئێستا، بەڵکو بەدرێژایی مێژوو لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، بەڵام لە ئەورووپادا بەتایبەتی لە سەدەی حەڤدە و هەژدە ئەمە لاوازتر بوو، بە تایبەتی لەسەردەمی (تنویر)دا، کەچی لە سەدەی نۆزدە لەدوای پەیڕەوانی ڕۆمانتیزم بەشێوەیەکی توند زیادی کرد، ئەم جۆاوجۆرییە هەرچەندە وا نیشان دەدات کە بەهای یەکێک لە پاراستنی زمان شتێکی ڕێژەیی و پڕاوپڕ نییە، هەروەها پەرەسەندنی جۆراوجۆری دڵسۆزایەتی خەڵکیش هەر تەنیا زمانەوانی نییە، بەڵکو بۆ پارتە سیاسییەکانە، زۆر جۆرە شتی تر کە دڵسۆزییەکەشی جۆراوجۆرە بە گوێرەی گرینگی مەبەستەکە، بەڵام ئەوەی لێرەدا سەرهەڵدەدات ئەو پرسیارەیە کە پێوەندی بە بەهای هەوڵدانەوە هەیە بۆ پاراستنی زمانێک و کولتوورێک کە دەبێت قووڵتر بێت لە ڕادەی دڵسۆزایەتی کەسی.

لادیزلاڤ ڕای وایە کە دۆزینەوەی وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارە قووڵە ئاسان نییە، چونکە لە کاتێکدا دەژین کە لەلایەکەوە بەشێوەیەکی گشتی بڕوای پتەو نییە، بەهای (بێ گومانی نییە) هیچ بەهایەک بەدیهی، یان جیهانی، یان نەگۆڕراو بێت نییە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەم شتە باوبووە و لەگەڵ گیانی هاوچەرخ و بۆچوونی ئێستای خەڵک لە مرۆڤایەتی، یان هەتا لایەنی ئەخلاقی و سۆز دەگونجێ، لەبەر هەندێ ئەو دروشمە خوویستانەی وەک دروشمەکانی ئینگلیزی سەدەی نۆزدە (ڕاست و ناڕاست، وڵاتمە) یان ئیتاڵیا، (نیشانەی پیرۆز) کە ئەمرۆکە هەست ناکرێت جێی ڕەزامەندی بێت، لادیزلاڤ لەسەر ئەم جۆرە بابەتە بەردەوام دەبێت، پاشان دێتە سەر ئەوەی کە دەتوانرێت لەسەردەمی ئەمڕۆشدا پشتگیرییەکی مەعقوول و هێمنانە بۆ ئایدیای سەردەمی ڕۆشنکردنەوە (تنویر) بەدەست بێت، کە هەڵبژاردنی تەنیا ئەوە بۆ مەبەستە ڕەسمییەکان و پلە زانستییەکان، نرخێکە کە ئێمە دەیدەین، بۆ ئەوەی ناونراوە (پێشکەوتن)، یان (گەشەسەندن) لە ڕاستیدا پادشایەکی سەردەمی ڕۆشنکردنەوە وەک جۆزیفی دووەم ئەو ئیمپراتۆرەی ١٧٦٥ هەموو دەسەڵاتێکی لە ١٧٨٠ - ١٧٩٠ هەبوو، یەکێک بوو لە پێشڕەوانی ڕۆژانی ڕۆشنکردنەوە، کە زۆر بەهێز پاڵنەری ئەوەبوو کە دەبێت زمانی ئەڵمانی لە

هەمـوو ئیـمپـراتۆریەتی نەمـسـادا بەکـاربێت، نەک بە مـەبەسـتی خـراپە، بەڵکو وای دەزانی زۆر کـاریگەرتر دەبێت ئەگەر تەنیا ئیمپـراتۆریەتێک بە تەنیا زمـانێک بەڕێوە ببـرێت هەر بۆ بەراوردکـردن، بۆ نموونە تابووتی بۆ مـردوو قـەدەغـە کـردبوو، چونکە وای دانابوو کـە بەفـیـرۆدانی سـامـانی دارە، بەڕای ئەو کـە زمـان هۆی پێوەندییەکان بێت بۆچی باشترینیان بەکارنەهێنن؟

لەلایەکی ترەوە کـاتێ یەکـێـک گـوێی لێ دەبێت (هەروەک من لە ساڵی ١٩٥٦دا کردم) کە زمانەوانێکی گەنج دەڵێت بە فـیرۆدانی هەوڵ و کۆششە کە بەردەوام بین لە قسەکردن، بەتایبەتی هەوڵ بدەین پێی بنووسین بە زمـانێک کـە چەند هەزار کـەسێک قـسـەی پێ دەکـەن هەموو شتێکی پێ تۆمار بکەین، لە کاتێکدا زمانێکی وەک ئەوەی ڕووسـیـا کـە بە تەواوەتی گـەشـەی سـەندووە لەبەردەسـتـدا بێت، بەڵام هەر چۆنێک بێت و لەبەر هەر هۆیەک بێت کـەسـانێک قـەناعـەتیـان پێ نایەت و دڵخۆشکەر نییە، هەرچەندە کە یەکێک ناتوانێت سکاڵا لەم سـیـاسـەتە بکات. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە یازدە بەند پێکهاتووە، چوار بەندی یەکەم زانیارییە واقیعییەکانە دەربارەی ناوچەکان و دانیشتوان و شێوەزارەکانی زمانن، کە بەناوونیـشـانی زانیارییە گشـتـیـەکانی دەربارەی کۆمەڵگەی ئاخاوتنی کوردییە و زانیارییە بنەڕەتییەکانی دەربارەی لایەنی جوگرافی و دانیـشـتوان و کـۆمـەڵگەی ئاخاوتنی کوردییە و شێوەزارەکانی تێدا دیاری کراوە و پوختەیەک دەربارەی جیاوازی هەردوو شێوەزاری سەرەکی کرمانجی و سۆرانی تێدایە، کە نووسەر بە ناوچەکانی ئاخاوتنی کوردی دەست پێ دەکات و باس لە کوردستانی گەورە دەکات و دواتر بابەتەکەی دابەش کردووە، ناوچەی ئاخـاوتنی کـوردی تورکـیـا و ناوچەی عـیـراق و ئێـران و سووریاو و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، هەروەها باس لە ناوچە ئاخـاوتنەکـانی کـوردی لە دەرەوەی کـوردسـتـان دەکـات، ئەوانەی هەمـوو بە نەخـشـە ڕوون کـردۆتەوە، ئینجا دێتەسەر قەبارەی دانیشتوان کە قسەکەری کوردینە و دابەشی کـردوون بۆ ئەو دانیـشـتـوانەی لە تورکـیـا بەکوردی قسە دەکەن، ئینجا عیراق و ئێران و سووریا، یەکێتی سۆڤیەت، کە ئەمانە هەمـوو بەخشـتـەی ئامار دەرخسـتووە، ئینجا دێتە سەر بابەتی سێیەم لە بەندی یەکـەم بەناوی شـێـوازەکـان و ناو و کـۆمـەڵەکـانی دەرخستووە و باس لەو نووسەرانە دەکات کە بە چەندین ناو و گرووپ دابەشیـان کردوون و جیـاوازییـان لەنێوان دەردەخـات، ئینجـا دێتـە سـەر باسی شـێـوەزارەکـان بە گوێرەی دانیشتوان، هەروەها هەر شێوەزارێک کە چەندین شێوەزاری لاوەکی هەیە، بۆ نموونە وەک سۆرانی و موکری وەک شـێـوەزاری لاوەکی دووەم بۆ شـێـوەزاری سـۆرانی کە ئەوانەی بـە ئامـــار ڕوون کــــردۆتەوە، دواتر بـابەتی شوێنکەوتەی شێوەزارەکان دەخاتە ڕوو کە چۆن شێوەزاری کـرمـانجی لەنێـوان پێنج وڵاتدا دابەش بووە، کـەچی سۆرانی (کرمانجی ناوەڕاست) لەنێوان ئێران و عیـراق دابەش بووە، ئینجـا دێتـە سـەر باسی جیـاوازی لەنێـوان کرمانجی و سۆرانی، هەروەها باسی تێگەیشتنی ئاڵوگۆڕ دەکات، دوا جار باسی شێوەزاری هەورامی و دملی، یان دیجیلی دەکات.

بەڵام بەندی دووەم لەژێر ناوونیـشـانی مـیـتـود واتا ڕێبـازە، لەو بەندەدا پێـداچوونەوەی ئەدەبی و کـێـشـەی توێژینەوە و بوار و گـرینگی لێکۆڵینەوە و چوارچێـوەی لێکۆڵینەوە دەخاتە ڕوو، باس لە بەکـارهێنانی سسـتمی ڕۆمانی بۆ نووسینی نا ڕۆمانی دەکات و دواتریش باس لە فەرهەنگۆک و زاراوەکان دەکات.

لەسـەر بابەتی پێـداچوونەوەیەکی ئەدەبی باس لەو لێکۆڵینەوە و توێژینەوانە دەکات کە لەسەر بابەتی زمان و نەتەوەیی (قـەومـیـەت)ی کـورد کـراون و بە کـورتی دەیانخـاتە ڕوو، ئینجـا دێتـە سـەر نەتەوایەتی کـراوە بە پێچەوانەی زمانی ستاندارد و بایەخێکی زۆر بە کێشەی نەتەوایەتی داوە و باس لە لێکۆڵینەوەکـان دەکـات، هەر لەم بەندەدا باسی تیـورەکـانی زمـانی سـتـاندارد دەکـات، ئینجا باسی لە پێویستی بنیادنانی تیور دەکات سەرەڕای ئەو تیـورانەی کە هەنە، ئینجـا باسی زمـانی سـتـاندارد و بنیـادنانی دەوڵەت (نەتەوە) دەکـات، ئینجـا هەر لە پێـشـەکـیـیـەکـەدا باس لەمـەودا و داتای کـۆکـراوە و شـیکردنەوەیان و ئامـانجی لێکۆڵینەوەکـە دەکـات. لە بەندی سـێـیـەمـدا بەناوونیـشـانی دەقـە مـێـژووییـەکـانی سـتـاندارد سـەرهەڵدانی نەتەوەیی کـورد دەکـات، ئینجـا باسی ڕاپەڕینی سیاسی کورد لە سەدەی پازدە تا حەڤدە دەکات، باسی سیاسەتی عوسمانییەکان و فارسەکان و چۆنیەتی دابەش کردنی کوردستان و هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵ کردنی کوردستان و بردنەوەی بەرەو ناوەندیەتی عوسمانی و فـــارسی دەکـــات لە دوای ١٦٣٩، دواتر بـاسی سەرهەڵدانی نەتەوایەتی کوردی لە سەدەی حەڤدە دەکات و باس لە سـەردەمی سیـسـتـمی فـیـدراڵی و کـێـشـەی نەتەوایەتی کـورد لەم سـەردەمـەدا دەکـات و دواتر بـاسی

ڕووخانی ئیمارەتەکان و سیمایە نوێیەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەیتی کورد دەکات، ئینجا دێتە سەر بارودۆخی کورد لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی و پارچە پارچەکردنی کوردستان دووبارە لە ساڵی ١٩١٨ و باسی ڕۆڵی نەتەوایەتی چینی ناوەندی کۆمەڵگا دەکات، پاشان لە سستمی دەوڵەتی و نێو پەرەسەندنی ئایدیۆلۆژی (کوردایەتی) دەکات.

لە بەندی چوارەمدا باس لە قۆناغی پێشینەی زمانی ستاندارد دەکات و باسی شێوەزارە ئەدەبییەکانی کوردی لە سەدەی پازدە تا ساڵی ١٩١٧ دەکات و خشتەیەکی کردووە کە لە مەلا پەرێشانەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە تاهیر بەگی جاف و ناوی هەموو شاعیرەکانی ئەو ماوەیەی تێدا تۆمار کردووە، دواتر باسەکە لە شێوەزاری ئەدەبی (هەورامی) شێوەزاری کرمانجی، هەروەها باسی ئەدەب و ئایین و ڕۆشنبیری دەکات، دواتر بەپێی باکگراوندی چینایەتی وەک شێخ و مەلا و مەولانا و فەقێ و سۆفی و دەروێش و میرزا و ژن و بەگ و خان و ئاغا و میر و پاشا سەرژمێریان دەکات.

لە بەندی پێنجەمدا باس لە سیاسەتی حکوومەت دەکات دەربارەی زمانی کوردی و لەمانەوە باسی سیاسەتی حکوومەتی عیراق لە ١٩١٨ تا ١٩٨٥ دەکات، ئینجا دێتە سەر سیاسەتی ئێران و تورکیا و سووریا و ڕووسیا و ئینجا سەر مافی زمان و لەناوبردنی زمان.

لە بەندی شەشەمدا بنەما شێوەزارەکان هەڵدەبژێرێت و باسی کوردستان لە ساڵی ١٨٩٨ تا ١٩١٨ دەکات و دواتر ماوەی ئینتیدابی بەریتانی لە عیراق لە ١٩١٨-١٩٣٢ دەکات، ئینجا باسی کۆماری عیراق لە ساڵی ١٩٥٨ و تا دێتە سەر باسی بنەمای شێوەزار لە ئێران لە ساڵی ١٩٢١ تا ١٩٨٥، ئینجا سووریا و ڕووسیا و کوردەکانی دەرەوەی کوردستان و دێتە سەر باسی یەکگرتوویی شێوەزارەکان.

لە بەندی حەوتەمدا درێژە بە کارەکان و ئەرکەکانی دەدات و باس لە چاپ کردن و بڵاوکردنەوەی کتێب و ڕۆژنامەنووسی و ڕادیۆی پەروەردە و کارگێڕی و زانست و شانۆ و سینەما و تۆماری دەنگی دەکات، لە بەندی هەشتەمدا ڕێنووس و دەنگەکان و پیتە بزوێنەکان و نەبزوێنەکان و بواری فۆنیم و ئەلف و بای ڕۆمانی و ئەلفوبێی نوێی کوردی و چارەسەرییەکان دەکات، ئینجا دێتە سەر باسی مۆرفۆلۆژی و وشە و واتاکان و یەکێتی نوێ و گیروگرفتی لێکسیکی و زمانی کوردی پەتی، سەرکەوتنی بزووتنەوەی زمانی پەتی، ئینجا دێتە سەر باس و لێکسۆگرافی و تۆمارکردنەکان و فەرهەنگ و باس لە هەموو فەرهەنگەکان دەکات، و هەروەها بابەتی لێکسۆگرافی بەپێی عیراق و ئێران و تورکیا و سووریا دەخاتە ڕوو، ئینجا دێتە سەر باسی نووسینی ڕێزمانی و تۆمارکردنی و شێوە ئەدەبیات وەک پەخشان و شیعر و شێوە ئەدەبییەکانی تر و پەرەسەندنیان، لە بەندی (١٠)دا کە بەناوونیشانی دەقە کۆمەڵایەتییەکان لە زمانی ستانداردا و شێوەزاری خەڵکی شار و ستاندارد فۆڕمی خوێندنی گشتی و بەشدارییەکانی تاکەکەس و خەبات لە پێناو زمانی ئەکادیمی و زمانی زانستی، لەبەندی یازدەمدا باسی کورتە و دۆزینەوەکان و ئەنجامەکان دەکات.

## کورتەیەک لە مێژووی کورد و کوردستان

ئەوەی ڕاستی بێت زۆربەی مێژووناسان و زانایان ڕێکن لەسەر ئەوەی کە مێژووی کورد و کوردستان تاکو ئێستا بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە ئێمە وامان بە باش زانی کە مێژووی کورد و کوردستان بەهەشت قۆناغ، بەپلەی جۆراوجۆر دیاری بکەین، لەوانە قۆناغی بەر لە مێژوو، مێژووی دێرین لە ٥٠٠٠- ٢٠٠٠ پێش زایین (پ.ز)، لە ٢٠٠٠-٤٠٠(پ.ز)، مێژووی کلاسیکی سەدەی شەشەمی دوای زایین (د.ز)، مێژووی هاوچەرخی زوو لە ١٩١٨- ١٩٥٩، مێژووی مۆدێرن ١٩٦٠ تائێستا.

**١- بەر لە مێژوو:**

کوردستان ئەو شوێنەیە هەر لە دێر زەمانەوە مرۆڤی بەشێوەیەکی پەرتوبڵاو لێ ئاکنجی بووە، سەردەمی نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە کوردستان بۆ بەردینی سەرەتا و ناوین دەگەڕێتەوە، بەڵام تەنیا دوا سەردەمی بەردین تارادەیەک بە بەڵگە ئەم ڕاستییە دەسەلمێنرێت و گەواهی ئەم ڕاستییەش، دۆزینەوە و ڕوونکردنەوەکانی شوێنەوارناس (.. سلوکی) بوو کە سەلماندی ئەشکەوتی شانەدەر، کە لە کوردستانی باشوور دەکەوێتە ڕۆژئاوای ڕەواندوز نزیکی بلێ و بارزان، کۆنترین شوێنە کە مرۆڤی لێ ژیاوە و سەردەمەکەشی نزیکەی (٩٠٠٠) ساڵ پێش ئێستا بووە (گۆران ٢٠٠٢، ١٤).

ئەم دۆزینەوەیە ئەوەیە کە کۆنترین سەردەمە لە بارەی ڕاستەقینەی ئاکنجی بوون لە کوردستاندا. لە هەندێ

قۆناغی دواتردا، وادیارە دانیشتوانەکە گۆڕانی بەسەرداهاتووە و لە قۆناغی کۆکردنەوەی خۆراک و پاشەکەوت کردنی بەرەو قۆناغێکی نوێتر پێشکەوتووە، ئەویش کە توانیویانە تەکنیکە سەرەتاییەکان لەبەرهەم هێنانی خۆراکی کشتوکاڵ بەکاربهێنن، سەرچاوەی تاییەتی وەک بەڵگەی ئەم گۆڕانە گرد و تەپۆلکەکانی ئەشکەوتی شانەدەر خۆیەتی، کە ئەویش «چۆمی زاوی شانەدەر»ـە کە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا خۆراکی کشتوکاڵی لێ بەرهەم هێنراوە.

تەنیا سەردەمی (جیبکۆیازجەرەش) لەوانە هاوکاتی سەردەمی شانەدەر بێت، هەر لەبەر ئەمەیە بەڵگەنامەی شوێنەوارناس ئاماژە بەوە دەدەن کە چیاکانی کوردستان بەر لە (۱۲۰۰۰) ساڵ شوێنی داهێنانی چاندن و کشتوکاڵی بووە، کوردستانیش بنەچەی سەرەکی زۆربەی دانەوێڵە باوەکان و گیانلەبەری کەوی بووە، دۆزینەوەکانی شوێنەوارناسەکان بەردەوامن لە تۆمارکردنی گەشەسەندنەکانی بەر لە ۱۲۰۰۰ هەتا ۸۰۰۰ ساڵ کە تێیدا دەستکردە خۆماڵییەکانی وەک (چنین و گۆزەکاری و دروستکردنی سوورکردنەوە و شووشە و کانزا)، گەشەسەندنەوەی شارنشینەیەتیش هەر لە کوردستان بووە. سەرەتاکانی کولتووری بەرچاو و یەکگرتوو (بگرە تێکەڵ بوونی ڕەچەڵەکەکانیش) کە بۆ کولتووری (حەلەف) بەر لە ۸۰۰۰- ۷٤۰۰) ساڵ دەگەڕێتەوە هەر لەدەستی دانیشتوانی چیاکانی کوردستان بووە (Izady 1992: 24-25)

لە ڕاستیدا بڕێکی کەم لە بارەی دانیشتوانی گوندی (حەلەف) زانراوە کە چۆن بیریان دەکردەوە، بەچی زمانێک دەدوان، یان زمانەکان چی بوون، کە لە بیرکردنەوە و پێوەندییەکانیاندا بەکاریان دەهێنا و ئاستی واتایی و زارەکییان چی بوو؟ ئەمانە هەمووی پرسیارگەلێکن کە تائێستا بێ وەڵام ماونەتەوە، بەرەو کۆتایی هاتنی سەردەمی (حەلەف) بگرە و بەردەیەکی نزمی شارستانی و تەکنیکی لە پێدەشتاییەکانی میزۆپۆتۆمیا شان بەشانی کوردستان سەری هەڵدا کە بە ئاشکرا کوردستانی ئەم سەردەمە ناونرا سپێدەی مێژوو، چونکە نووسین داهێنراو و دەسپێکی سەردەمی کولتووری هۆرییەکان بوو لەکوردستاندا.

**۲- مێژووی دێرین ۵۰۰۰-۲۰۰۰ پ.ز:**

لەکۆتایی هەزارەی پێنجەم، خەڵکان و کولتوورێکی نوێ بەدەرکەوت کە پێیان دەگوت عوبەدیان کە لەوانەیە لە بنەچەکانی میزۆپۆتامیا بن، کە پلەی پایەی کولتووریان لە زۆری کوردستان و میزۆپۆتامیا بۆ ماوەیەک باڵا بوو (گۆران ۲۰۰۲، ۲۱).

لە کۆتایی ساڵی ٤۰۰۰پ.ز کولتووری عوبەیدیان شارستانیەتی حکومداریەتی شاری بەدواداهات وەک حوکمداریەتی شارەکانی وەک تۆرک، وازکێش، ئوروڵەگێش و چەند حوکمداریەتی دی کە لە پێدەشتەکانی میزۆپۆتامیا بوون.

لەم سەردەمەدا، سۆمەرییەکان نووسینیشیان داهێنا، کە سەردەمێکی نوێ بوو، سیمای تایبەتی خۆی هەبوو، لەوانە مێژوو بەشێوەیەکی بەربڵاو تۆمارکراو، فراوانبوونی حکوومەت و ئایین بە دامودەزگا کرا، شارنشینی پەرەی سەند و لەگەڵ ئەوەی بەشێوەیەک ناونرا «ژیاری خوێندەواری» کە وای کرد سەردەمەکە لە قۆناغی پێش مێژوو بچێتە دۆخێکی دی، ئەمیش «چەرخی مێژوو» بوو (lzady 1992: 26)

هەر لەو سەردەمەدا، لە کوردستاندا کولتوورێکی نوێ پەیدابوو، کە کولتووری هۆریانەکان بوو، ئەو کولتووە باڵی بەسەر هەموو کوردستاندا کێشا بوو، سەردەمی هۆریانەکان لەنێوان ٦۳۰۰-۲٦۰۰ ساڵ پێش ئێستا بەردەوام بوو، کولتووری هۆریانەکان کولتوورێکی بەرچاوە، کە لە بنەچەی کورد وردبینەوە دەتوانرێت دەستنیشان بکرێت، چونکە هەندێ سیمای جیاکەرەوەی هۆریانەکان زانراوە، لەوانە بەزمانی باکووری ڕۆژهەڵاتی خێزانی قەفقاس دەدوان (گۆران ۲۰۰۲، ۲۸) هۆریانەکان لە چەندین هۆز و تیرە پێکهاتبوون و ئەو دەوڵەتەی لەلای ئەوان دامەزرا بوو، بۆ ماوەیەکی درێژ بە بچووکی مایەوە تا دەوروبەری ۲۵۰۰ (پ.ز) واتە تا ئەو کاتەی کە یەکە گەورەکانی سیاسی و سوپایی گەشەی سەند کە لە دەوڵەتەکانی شاری هۆریانەکان سەری هەڵدابوو (lzady 1992).

**سەرنج و تێبینی:**

**(۱) ئەم پێناسەیە لەوەوە هاتووە کە یونیسکۆ سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە، نەتەوە لە وشەی (nation) هاتووە کە لای ئەوان زیاتر قەوارەی سیاسی وەک «دەوڵەت» دەگرێتەوە، لە ڕووکاریشدا ئەو وڵاتە یەک زمانە (Monolingual).**

# ڕەهەندی تایبەتمەندییەکانی فەلسەفەی نوێ

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

**پێشەکی:**

١- مەبەست لە فەلسەفەی نوێ، ئەو فەلسەفەیەیە کە لە دوای زەوتکردنی شاری کۆستەنتنۆپلی یۆنان لەلایەن تورکی عوسمانلییەوە ساڵی (١٤٥٣ز) نووسراوە تاوەکو کۆچی دوایی هیگڵ لە ئەڵمانیا ساڵی ١٨٣١ز دەگرێتە خۆ. ئەو قۆناغە وەک هەموو قۆناغەکانی دیکەی فەلسەفە لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا تایبەتمەندی خۆی هەیە کە لە قۆناغەکانی تر جیای دەکاتەوە و سروشت و خەسڵەتی خۆی و ئەو ناوەی پێ بەخشیوە. ڕاستە ئەو فەلسەفەیە تەواوکار و درێژە پێدەری فەلسەفەی پێش خۆیەتی، جا ئەو تەواوکردن و درێژەپێدانە ئاریێ- ناریێ بووبێ لەو ڕاستییە کاڵ ناکاتەوە کە ئەگەر جیاوازی نەک لە یەکچوون، کەسایەتی بوونەکە پشت ڕاست بکاتەوە، ئەوە بە هەمان شێواز و پێودانگ پێداویستی ناچاریی هەبوون و ڕۆڵی بوونی قۆناغی پێش خۆی و پابەندبوونی بەو بوونە کە بنەما و زەمینەیەک بووە لەسەری چوزەرەکەی کردووە و شین بووە و هاتۆتە بەر، دووپات دەکاتەوە.

هەبوونی قۆناغی پێش خۆی ڕەوشێکی ناچاریی بووە، کەوتنەوەی و دەسکەوتنەکەی لەلای خۆیەوە ڕەوایی ناچاریی پێ بەخشیوە! ئەگەر سەرهەڵدانی فەلسەفە بۆ یەکەم جار لە یۆنانی پێش دەرکەوتنی ئایینی مەسیحی تایبەتمەندی نەتەوەیی و خەسڵەتی گەلی یۆنانی ئەوسای بەرجەستە کردبێ و فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست بە هەرسێک بەشیەوە: جوولەکە، ئیسلام، مەسیحی لە دەریای بێ بن و جیهانی تاریکی لاهووتی ئایینیدا نقوم بووبێ و دەرفەتی سەردەرکردنی نەبووبێ، فەلسەفەی نوێ لایەنی بەرتەسکی نەتەوەیی کاڵ کردۆتەوە و کۆت و پێوەندی لاهووتی پچڕاندووە، لە ئایینیدا کۆششی بەهێزکردنی هەست و نەستی تاکەکەسی لە چوارچێوەی



**فیخته**

ئایینەدا گۆڕاوە، گۆڕان بەسەر داهێنراوەکەدا (مەسیحیەت) کراوە. ڕێباز و میتودەی زانستی لە چوارچێوەی هزر و چالاکی فەلسەفەییدا پەرەیان پێدراوە و پەیڕەو کراون. ئەگەر جاران، لەچوارچێوەی گشتیدا مرۆڤی ئەوروپایی شانازی بەوەوە کردبێ کە گومڕا نییە و سەر بە (ئوممەتی) یەسووعی مەسیحە و لایەنگری مەزهەبێکی فەرمی کلێسەی عیسایە، لەو سەردەمە نوێیەدا هەستە ئایینییەکە تاڕادەیەکی سەرنج ڕاکێش پاشەکشێی کردووە و دەرفەتی خەت و خاڵدانی هەستی شانازی کردنی بە نەتەوە داوە. مرۆڤ هەست دەکات کە هیگڵ ئەڵمانە بەر لەوەی مەسیحی بێت. ئەو پەیامانەی یۆهانس گۆتلیپ فیختە ١٧٦٢- ١٨٨٤ز کە ژمارەیان چواردە بووە ئاراستەی نەتەوەی ئەڵمانی کردووە، ڕاستی ئەو بۆچوونە پشت ڕاست دەکەنەوە.

٢- لەو قۆناغەی فەلسەفەدا چەند بزووتنەوەیەکی ئەدەبی، هزری، زانستی، فەلسەفەیی، چاکسازی ئایین سەرئاو کەوتن و هەنگاو بە هەنگاو جیهاندیدی ئاسایی پێش خۆیانیان گوڕێ و بنەمای ئەو تەلارەیان دانا کە زانستی- تەکنەلۆژی سەردەمی پێدەگوترێ، لەبەرەیەکی دیکەدا ئەو مۆمەیان هەڵکرد کە بەهۆی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا ساڵی ١٧٨٩ز بە هەرسێک دروشمی ئازادی، یەکسانی، دادپەروەریی سەرانسەری ئەوروپا و بەشێکی دیکەی ئەوسای لە تاریکەشەوی ڕەوشی بۆ ماوەی سەدەکانی ناوەڕاستی ژێر ڕکێفی کلێسەی مەسیحی هێنایە دەرەوە و دروشمی ئازادی تەخت و تاراجی شاو میر و بارۆن و لۆردە ستەمکارەکانی هێناوەتە لەرزین. ئەو دۆخی ئازادی و دیموکراتییەی دەستەبەر بوو کە سەرانسەری جیهان بە دەسکەوتێکی جێگای شانازی ڕەگەزی مرۆڤایەتی دادەنێ، دەسکەوتێک بۆ یەکەم جار مرۆڤایەتی مرۆڤی بەرجەستەکرد.

لە دەقەری فەلسەفەدا تاڕادەیەک پشت کراوەتە ئەو کۆششە تەکنیکییەی مامۆستای یەکەم کردبووی و دواتر ناوی لۆژیکی ڕوخسارەکی پێ بڕابوو. لە جێگایدا، پشت ئەستوور بە بابەتی زانستی ئەو سەردەمە بەگشتی و بیرکاری بە تایبەتی بەردی بناغەی لۆژیکی مودێرن کە بە لۆژیکی سیمبۆلی و بیرکاریش ناوبراوە، دانراوە. لەو لۆژیکە نوێیەدا بابەتی ئەنجامگیری کە پێوانە(١) بووە و تایبەتمەندی لۆژیکی ئەرستۆی بەرجەستە کردووە پشتگوێ خراوە و لە جێگاکەیدا تیوری پێوەندییەکان دانراوە. سیستم و نەزمێکی سیمبۆلی کە پێوەندییە لۆژیکییەکان دەردەبڕێ، لە جیاتی زمانی سادە کە جاران بەکارهاتووە ڕەنگڕێژراوە. بابەتی بنەوبار کە پوختەی لۆژیکی ئەرستۆ بووە بە یەکجارەکی لە دەقەری لۆژیکی مۆدێرندا دوورخراوەتەوە. ئەو هەنگاوەش شتێکی ئاسایی و چاوەڕوان کراوبووە، چونکە فەلسەفەی یۆنان (ئەرستۆ) لۆژیکە کلاسیکییەکەی داهێناوە، بەڵام لۆژیکی نوێ لەسەر زەمینەی زانست و بیرکاری چەکەرەی کردووە و شین بووە. فەیلەسووف و هزرمەندی ئەڵمان گوتفرید ڤیلهیلم لایبنیتس ١٦٤٦- ١٧١٦ز بەڕابەری لۆژیکی مۆدێرن (بیرکاری) دادەنرێت(٢).

٣- لە چوارچێوەی فەلسەفەی نوێ (مۆدێرندا) بابەتی زانین کە جاران لەنێو چەند بازنەیەکی تەنگەبەری بیروڕاو بۆچوون نەچوو بووە دەرێ و بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست پابەندی کۆت و پێوەندی ڕێسا و ڕێوشوێن و دۆگمەکانی ئایینە جیهانییەکان بووە، لەلایەن سرووش (وەحی)یەوە کە ڕێگای ڕاستی زانین بووە، یان وادانراوە پاشەکشەی پێ کرابوو، لەو قۆناغە نوێیەدا ڕوخسار و ناوەرۆک و میتودەیەکی تری ئەوتۆی پێ بڕاوە بووە بە بابەت و لقێکی تەواو و سەربەخۆی فەلسەفە و ناوی تیوری زانین Epistemologie بۆ دانراوە. فەیلەسووف و سیاسەتمەداری ڕێبازی ئەزموونی ئینگلیز، جۆن لۆک ١٦٣٢- ١٧٠٤ز پشکی سەرەکی ئەو ئەرکەی پێ بڕاوە. لە شاکاری دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ ١٦٩٠ز دا ڕوونی کردۆتەوە چۆن خۆی و پێنج- شەش

هزرمەندی دۆستی لە ماڵەکەیدا کۆبوونەتەوە و دەربارەی بابەتەکانی فەلسەفە وتوویژیان کردووە و لە یەکلایی کردنەوەی هەندێک کێشەی فەلسەفەدا بێ ئومێد بوون، بۆیە بەوپەڕی پێویستیان زانیوە، یان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە پێویستە پێش دەستبەکاربوون، مرۆڤ توانایی ژیری خۆی و ئامرازەکانی زانین و توێژینەوە تاقی بکاتەوە بۆ یەکەم دڵنیا بوون لەوەی ڕێگاو ئامراز و میتودە و بابەتی ڕاست و دروستی هەڵبژاردووە کە دەیگەیەنێتە ئامانج و ئینجا بۆ ئەوەی بزانێ چ بابەتێک سوود بەخشە، مێشک و ژیری مرۆڤ خۆی پێوە خەریک بکات(٣).

ئەو کۆششە جوامێرانەی لۆک جگە لەوەی بابەتی زانینی کردووە بە لقێکی سەربەخۆ و سەرەکی فەلسەفە لە کایەی دوورخستنەوەی میتافیزیک لە جیهانی فەلسەفەدا یەکەم هەنگاوی هەڵگرتووە.

سروشت و خەسڵەتەکانی زانینی مرۆڤ، تا چەند دەکرێ مرۆڤ شتێک بزانێ و دڵنیایی لە دروستی زانینەکەی بکات، ئەو ئامرازانە کامانەن کە دەکرێ لە پرۆسەی زانیندا پشتیان پێ ببەسترێ و چۆن مرۆڤ ئەو شتانەی زانیوە کە دەیانزانی، ئەو پرسیارانە بوون کە لەو تیورییەی زانیندا کۆششی وەڵامدانەوەیان کراوە(٤).

٤- لە بەرانبەر گومانکردن لە ڕۆڵی میتافیزیک و دڵ کرمێ بوون لەو سوود و قازانجەی فەلسەفە، بە تایبەتی و زانست بەگشتی لێی دەکەن، کۆششی سەرکەوتووانە کراوە بۆ جێگیرکردنی پایەی دوو میتودەی هەردووک زانستی ئەزموونی و ڕوخسارەکی.

لەپێشەوە دەبێ ئەوە بگوترێ کە هەڵوێستی نارێ بەرانبەر بە میتافیزیک پتر ڕەنگدانەوەی ڕەوشی پەرەسەندنی زانستی ئەزموونی ئەو سەردەمە بووە، نەک ئەنجامێک بووبێ لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ورد و قووڵی زانستییانە کەوتبێتەوە. بەڵگەش قسەکەی دیڤید هیوم ١٧١١- ١٧٧٦ز فەیلەسووفی ئەزموونی ئینگلیزە. هیوم گوتوویەتی:

لە کتێبخانەیەکدا سەرنج دەدەین، کتێبێک بە دەستەوە دەگرین، ئیتر دەربارەی لاهووت بێ، یان میتافیزیکی فەرمی، دەبێ لێرەدا بپرسین:

ئایا لەو کتێبەدا جۆرە ئەنجامگیرییەک لە بارەی قەوارە و ژمارە هەیە؟ نەء. ئایا ئەنجامگیرییەکی پشت ئەستووری بە شارەزایی دەربارەی ڕاستییەکان و بوونی تێدایە؟ نەء. کەوابوو دەبێ فڕێ بدرێتە نێو ئاگرەوە(٥).

ئەگەرچی ئەو بڕیارەی هیوم پێشییانە لە بارەی هەڵوێست بەرانبەر بە بابەتی میتافیزیک دەستپێشخەری و پێشبینی تێدا بەدی دەکرێ، بەڵام ناکرێ بە بڕیارێکی زانستییانەی پشت ئەستوور بە سەلمێنە و بەڵگە دابنرێ و لە خانەی بۆچوون و جیهاندیدی ئیمپری ناچێتە دەرەوە. ئەو هەڵوێستەی هیوم لە فەلسەفەی تراسندێنتالی کانت ١٧٢٤- ١٨٠٤ز لە سەدەی هەژدە و لەلای ڕێبازی پۆزیتیڤیزمی لۆژیکی لە سەدەی بیستەم دوو هەڵوێستی لە ناوەڕۆک و ڕوخسار و مەبەستدا جیاوازی لێکەوتۆتەوە. ئەو پرسیارەی لێرەدا بەبیردادێ، ئەوەیە ئایا بکەر، یان بەرکار دەبێ سزا بدرێ؟ بەپێی هەموو ڕێسا و قانوونێک بکەر دەچێتە ژێر باری ئەنجامی ئەو کارەی کردوویەتی، لێرەوە مرۆڤ کە خۆی داهێنەری میتافیزیکە نەک میتافیزیک کە ئەنجامێکە، بەرهەمێکە لە هزری مرۆڤ کەوتۆتەوە، دەبێ لێی بپێچرێتەوە و ناچار بکرێت ئۆباڵی کردارەکانی بگرێتە ئەستۆ. ئەگەر هۆکار یەکلایی نەکرێتەوە و بنەبڕ نەکرێت، ئەنجام چی لێ بکرێت لە ڕەوش گۆڕینی کاتەکی بەولاوە هیچی دیکەی لێ ناکەوێتەوە.


- لە سەردەمی فرەنسیس بیکۆن ١٥٦١- ١٦٢٦ز بەدواوە بۆ لای بابەت و میتودەی ئیندەکشن (کە بە عەرەبی ئیستیقراء)ی پێ دەگوترێ، سەرنجڕاکێشراوە. ئەو میتودەیە دەور و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێشکەوتنی زانستە ئەزموونییەکاندا گێڕاوە. بیکۆن لەو هەوڵە زانستییەیدا- بەپێی سەردەمی خۆی- لە سێ بەرەدا خامەکەی بەپێز و بڕشت بووە:

- سەرنجی بۆ لای کەموکورتییەکانی لۆژیکی ئەرستۆ ڕاکێشاوە.

- ئەو هەڵانەی دەرخستووە کە مرۆڤ لە ژیانی زانستی و تیوری و توێژینەوەیدا تێیان دەکەوێ کە ئەو بە بتی ناوبردوون(٦) و لە زمانەوە دەست پێدەکەن و بەخێڵ و بازێر و کۆمەڵگادا تێدەپەڕن.

- بنەمای ئیندەکشنی داناوە کە لە زانستە ئەزموونییەکاندا (زانستە سروشتییەکان) پەیڕەو کراوە.

بەهۆی پەرەسەندنی میتودەی ئیندەکشن کە خۆی لەخۆیدا زەمینەی هەنگاونانی لە تێبینی و ڕامانەوە بەرەو ئەزموون و تیوری زانستی خۆش کردووە، بابەت و چەمکی نوێی داهێناوە و ئەو چەمکانە بوون بە کەرەسەیەکی بەپێزی توێژینەوەی فەلسەفە بەگشتی و فەلسەفەی زانست بە تایبەتی، وەک چەمکی: ناچاریی (کە بە عەرەبی حەتمیەتی) پێدەگوترێ و De-



جۆن لۆک

terminismus چەمکی هۆیەکی (پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام) ئینجا چەمکی ڕێ تێچوون. ئەو سێ بابەتە بەدرێژایی قۆناغی نوێ چەندین فەیلەسووف و زانا سەرگەرمی تاووتو کردنیان بوون و بەپێی پەرەسەندنی زانست و کولتوور وەڵام و ئەنجامی جیاوازیان لێکەوتوونەتەوە.

– لە کایەی ئەندازەدا بابەتەکە گۆڕانێکی سەرنج ڕاکێشی بەخۆیەوە نەدیوە، ئەندازەی ئیکلیدس چۆن لەسەردەمی یۆنان ڕۆنراوە، دەسکارییەکی وای نەکراوە هیچی ئەوتۆ نوێی بەسەردا نەهێنراوە تاوەکو سەدەی هەژدە و نۆزدە کە گۆڕانەکەی دەستی پێ کردووە، سوودی لێ وەرگیراوە، بەڵام دوای کۆچی دوایی کانت لە سەدەی هەژدە بە دواوە، کە لە چوارچێوەی بابەتی ئەو نووسینەمدا دەچێتە دەرەوە، بیرکار و پسپۆڕانی بەناوبانگی ئەندازە لە وڵاتانی ئەوروپا، گاوس ١٧٧٧–١٨٥٥ز لە ئەڵمانیا، لە ڕووسیا لوباچیڤسکی ١٧٩٣– ١٨٥٦ز، ئینجا ڕیمان ١٨٢٦– ١٨٦٦ز لە ئەڵەمانیا نەخشەی چەند ئەندازەیەکی تری نائیکلیدییان ڕشتووە و بەناوی خۆیانەوە تۆمار کراون.

ئەندازە کە خۆی سیستم و نەزمێکی وردی ڕێک و پێکە هەمیشە لەلای فەیلەسووف و زاناو بیرکارانەوە پەسند بووە و هەوڵی سوود لێ وەرگرتن و پەیڕەوی ڕێساو بنەماو میتودەکەیان کردووە. ئەندازە خۆی لە خۆیدا پشت بە سێ بنەما دەبەستی:

– بەڵگەنەویست Axiome: دەستەواژەیەکی بنچینەیی بنەڕەتییە ناکرێ بۆ دەستەواژەیەکی لە خۆی سادە و ساکارتر شی بکرێتەوە و پەکی لەسەر سەلماندن نەکەوتووە و پێویستی بە ساغ کردنەوە نییە، چونکە خۆی لە خۆیدا ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە.

– **تیوری:** سیستمی چەند دەستەواژەیەکە پشت ڕاست کراونەتەوە بۆ شرۆڤەکردنی ڕاستەقینە و دیاردەکان بەکاردەهێنرێ، خۆی لە چەمک و یاسا و بنەما پێکهاتووە و دەکرێ بەهۆی سەلمێنەوە ساغ و پشت ڕاست بکرێتەوە.

**پێناسە:** ئەرک و پرۆسەیەکی لۆژیکیانەیە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی چەمک و بنەماکان کە تەمومژاوی دێنە بەرچاو پەنای دەبرێتە بەر. لە لۆژیکدا پێناسەکردنی چەمکێک، بنەمایەک، بابەتێک دەبێ ڕەگەز و Genus جیاکارەکەی Difference چەمک، بابەتەکە ناوبەرێت و بداتە دەست.

٥– ئەگەر مرۆڤ بە وردی سەرنجی بەرهەمە هەمەجۆرە بە پێزەکانی فەیلەسووف و مێژوونووسانی فەلسەفەی نوێ بدات، بۆی دەردەکەوێ کە لەو قۆناغەدا چوار ڕێبازی سەرەکی فەلسەفە لە ئارادا بوون و چوارچێوەی کولتووری کۆمەڵگای ڕۆژئاوای نێوان سەدەی پازدە و هەژدەیان ڕەنگڕێژ کردووە و داڕشتووە. ئەو چوار ڕێبازە کە هەردوو بزووتنەوەی سەرتاپاگیری ڕێنیسانس و ڕۆشنگەرییان گرتۆتە خۆ، بە تەواوەتی جیهاندیدی مەسیحی لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە هاتوو، بۆ ماوەیان گۆڕیوە:

چوار ڕێبازەکەی فەلسەفە ئەگەر لە ڕوخساردا جیا هاتبنە بەرچاو، لە ناوەرۆکدا لە چوارچێوەی گشتیدا بابەتی دیار و کەرەسەی لە یەکچوویان بۆ ڕەنگڕشتنی جیهاندیدەکەیان بەکارهێناوە، بەڵام بەهۆی میتودەی پەیڕەوکراو مەبەست و ئامانجی توێژینەوەکەیان ئەنجامی جیاوازیان لێکەوتوونەتەوە. ڕێبازەکان بەو جۆرەن:

**یەکەم:** ڕێبازی ژیرەکی.
**دووەم:** ڕێبازی ئەزموونی.
**سێیەم:** فەلسەفەی ترانسندێنتالی.
**چوارەم:** ئایدیالیزمی ئەڵەمانی.

## یەکەم: ڕێبازی ژیرەکی

بە ڕێبازێکی سەرەکی فەلسەفەی نوێ (مۆدێرن) دادەنرێ، ناوەکەی لە وشەی لاتینی Ratio کەوتۆتەوە

کە واتای ژێر دەبەخشێ بەرانبەر بە وشەی عەرەبی (ئەقڵ). دیکارت و لایبنیتس بە ڕابەری ئەو ڕێبازە دادەنرێن، ئەگەرچی جێگا دەستی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست بە ڕادەیەک لە جیهاندیدی فەلسەفەی ئەو ڕێبازەدا هەست پێ دەکرێ، بەڵام کۆششی جوامێرانە کراوە بۆچوونە دەرەوە لە جوغز و بازنەی ئەو کارلێکرانە. لەو جیهاندیدەدا کە پتر بەلای تیوری زانین و میتافیزیکدا دەچێ. ڕەوشی ڕووداوی تاک و پەیڕەوی ئەزموون و تاقیکردنەوە پاشەکشەیان کردووە و ژێر لە چالاکی فەلسەفەدا کراوە بەسەر پشک و ئامرازی سەرەکی. لەو چوارچێوەیەدا پرس و کێشەی هەمەکی- ڕێژەیی، بیرۆکەی زگماک ئەو بابەتانە بوون خامەکانیان بۆ خراوەتە کار.

**دووەم: ڕێبازی ئەزموونی**

هەروەها بە ڕێبازی ئیمپریش ناودەبرێ کە واتای تاقیکردنەوە بەرانبەر بە وشەی عەرەبی (تەجرەبە) دەبەخشێ. لە فرەنسیس بیکۆنەوە دەستی پێکردووە و لەلای جۆن لۆک و بێرلکی و دێڤید هیوم گەیشتۆتە لووتکە.

ئەو ڕێبازە کۆششی کردووە دڵ ئاو بخواتەوە کە زانین بەهیچ جۆرێک سنووری جیهانی هەستەکان نابەزێنێ و هاوردە و داتای هەستەکان و بۆچوونی هەستەکی سەرچاوەی پەی پێبردن و زانینی مرۆڤ و ناسینی جیهانی هەستەکین. لە چوارچێوەی چالاکییەکانی ڕابەرانی ئەو فەلسەفەیەدا بوونی بیرۆکەی زگماک کاڵ کراوەتەوە، هێرشی دلێرانە براوەتە سەر بابەتی میتافیزیک.

**سێیەم: فەلسەفەی ترانسندێنتاڵ**

مەبەست لە جیهاندیدی فەلسەفەی فەیلەسووفی ئەڵەمان ئیمانۆییل کانتە، وشەکە خۆی لاتینییە و لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە واتایەکی دیکە بەکارهاتووە. بەرانبەر بەو وشەیە وشەی ترانسندێنت دادەنرێ، هەریەکەیان ئاماژە بە ئامانج و مەبەستی لەیەکتری جیاواز دەکەن:

ترانسندێنت ئاماژەیە بە بابەتێک لە توانای مرۆڤدا نەبێ پەی پێ بەرێ و سنووری ئاسایی و سروشتی ببەزێنێ، بەڵام ترانسندێنتاڵی واتای ئەو هەلومەرجانەی شارەزایی و ئەزموون و ژێر دەگەیەنێ کە بۆ ئەوەی شارەزایی دروست و جێگای دڵنیایی لێ کردن بێت پێویستن. کانت دەربارەی چەمکی ترانسندێنتاڵی گوتوویەتی:

زانینی ترانسندێنتاڵ مەبەستم لەو زانینەیە کە نەک تەنیا هەر خۆی بە بابەتەکانەوە خەریک دەکات، بەڵکو بە تایبەتی بە ئەو شێوازەشمانەوە خەریک دەبێ، چۆن ئێمە بابەت و شمەکەکان دەزانین ئەوەندەی ئەوە دەبێ پێشیانە شیاوەکی و لەکردن بێت بەگشتی(۷). سیستمی ئەو جۆرە چەمک و زانینەیە بە فەلسەفەی ترانسندێنتالی ناودەبرێت. ئەگەر مرۆڤ لەو قسەیەی کانت وردبێتەوە کە دەچێتە خانەی تیوری زانینەوە، ئینجا لە چوارچێوەی جیهاندیدە سەرتاپاگیرەکەیدا لێی وردبێتەوە چەند خاڵێک لەلای ڕوون دەبێتەوە:

- دەستپێک تاووتو کردنی هەلومەرجەکانی پرۆسەی زانینە کە دەکرێ بە وشەی «ڕەخنە کرد» دەرببڕدرێ. ئەو ڕەخنەیەش ئامرازی پرۆسەکە دەگرێتەوە بەتایبەتی ژێر.

- ئەو جیهانەی کە دەکرێ ببێ بە کەرەسەی توێژینەوە دوو ڕەنگییەک دووپات دەکاتەوە: جیهانی نۆمین و جیهانی فێنۆمین، ئەو دابەش بوونە ئەو بڕیارەی لێکەوتۆتەوە: مرۆڤ تەنیا توانینی زانینی دیاردەکانی هەیە و ناتوانێ شتەکان خۆیان لە خۆیاندا بە ڕاستی چۆن بیانزانێ. ئەو هەلومەرجە ژێربیانەی کە لە چەمکی ترانسندێنتالیدا نیشان دراوە بە یارمەتی ئەو داتایانەی هەستەکان دەستەبەریان دەبن، زانین دەکەوێتەوە.

**چوارەم: ئایدیالیزمی ئەڵەمان:**

ئەگەرچی هیگڵ ڕابەری ئەو ڕێبازەیە و جیهاندیدە فەلسەفەییەکەی بە ڕێبازی ئایدیالیزمی ڕەها دادەنرێ، بەڵام چەمکی ئایدیالیزم لێرەدا، وەک مەبەستە، جگە لە هیگڵ ۱۷۷۰- ۱۸۳۱ز، فیختە، شیلنگ ۱۷۷۵- ۱۸٥٤ز، شۆپنهاوەر ۱۷۸۸- ۱۸٦۰ز.

هەروەک لەناوەکەیەوە دەرکەوتووە ڕابەرانی ئەو ڕێبازە لە کارایی و چالاکی کاریگەرییانەی هزر- ژێر دڵنیابوون و کۆشاون بنەمای ئەو دڵنیاییە بە شێواز و میتودەی جۆر بەجۆر پشت ڕاست بکەنەوە. لە ڕاستی دوورناکەوینەوە کە ئەو گوتەیە دووبارە بکەینەوە کە فەلسەفەی ئەو فەیلەسووفانە بە فەلسەفەکردنی دروشم و بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسای(۸) ۱۷۸۹ز بووە، بە تایبەتی چەمکی ئازادی و دادپەروەریی. ئەگەر جیاوازی نێوان ڕێبازی فەلسەفەیی هەر یەکێک لەو فەیلەسووفانە

لەبەرچاو بگرین، هەر ئەو جیاوازییەش کەسایەتی هەر فەیلەسووفەی بە جیا ساغ کردۆتەوە، دەکرێ بگوترێ ئەو ڕێبازەی فەلسەفە لە پوختە و چوارچێوە گشتییەکەیدا سەرکەوتووانە ئەو ئاراستانەی سەرگەرمی چاکسازی و ئازادی ون لە جیهان و دەڤەری سیاسەتدا هێناونییە دەرێ و دابڕێنراون و لە چوارچێوەی فەلسەفەدا داڕێژراونەتەوە و هەوڵدراوە شکستییە سیاسییەکانی ئازادی سیاسی شۆڕشی فەرەنسا کاڵ بکرێتەوە دەری بخەن و ڕوونی بکەنەوە کە ئەو ئازادییە شکست خواردووە دەکرێ لە کایە و گۆڕەپانی فەلسەفەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ. ئامرازی ئەو کۆششەشیان جگە لە ئاراستە ئایدیالیستییەکە، چەکی کاریگەری ڕەخنەگرتن(٩) بووە. ئەو هەوڵە لەوە بەولاوە تر نەبووە کە فەیلەسووف هیوای بەوە هەیە کە بەهێز و دەسەڵاتی هزر- بیر دەتوانێ جیهان بگۆڕێ!. ئەو پرسیارەی لێرەدا بەبیردا دێت ئەوەیە: تا چەند ئەو بڕیارەی مارکس داویەتی و گازندەی فەیلەسووف و فەلسەفەی کردووە کە گوایە تەنیا هەر سەرگەرمی شرۆڤەکردنی جیهان بوون و بیریان لە گۆڕینی دنیا نەکردۆتەوە، لەگەڵ ئەو ئاراستە سەرەکییەی ڕێبازی ئایدیالیزمی ئەڵەماندا دێتەوە؟!

٦- هەر لەچوارچێوەی قۆناغی فەلسەفەی نوێدا لە ئەوروپا بزووتنەوەی چاکسازی ئایینی مەسیحی و سنووردارکردنی دەسەڵاتی کڵێسە کارا و چالاک بووە. لەو بزووتنەوەیەوە کە ڕابەرێکی ئایینی (ئەڵەمان) مارتن لۆتەر ١٤٨٣- ١٥٤٦ز سەرکردایەتی کردووە، مەزهەبی پرۆتستانت دەرکەوتووە، زمان و بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کۆت و پێوەندی کڵێسە و دۆگمەکانی دەرباز بوون. ئینجیل کە جاران بە زمانی مردووی لاتینی خوێنراوەتەوە، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئەڵەمانی و ئینجا بۆ سەر زمانەکانی دیکە. ئەو ئاراستەیە لەژێر دروشمی ئازادی سیاسی لە ئازادی ئایینەوە دەست پێدەکات و دەکەوێتەوە، لە کایەی فەلسەفەی ئەو سەردەمەدا ئەو بزووتنەوەیە لەوەدا بەرجەستە بووە کە لە جێگای ئایین زانست پەنای براوەتەبەر، سەردەم جێگای ڕابردوو، ژیر و مرۆڤ مەڵبەندی ڕەب و باوەڕ، دنیا شوێنی قیامەتیان گرتۆتەوە. جگە لەوەی کە ئازادی تاکەکەسان ڕۆڵی ئوممەتی عیسایی کاڵ کردۆتەوە، کە پێشتر مرۆڤی ئەوروپایی شانازی بەوەوە کردبێ کە مەسیحییە، لەو قۆناغە نوێیەدا شانازی بە نەتەوەوە کراوە و بابەتی ئایین بووە بە پرسێکی تاکەکەسی! مرۆڤ ئازاد بووە باوەڕ بهێنێ، یان هیچی تر کڵێسە بەو ئامرازە تەماشا نەکراوە کە پردی پێوەندی نێوان مرۆڤ و ڕەببە و گوایە (شەفاعەت) بۆ خەڵک دەکات!.

- ڕێبازی مرۆڤپەروەریی و بانگەوازی ئازادی تاکەکەسی چەند خاڵێکیان لێکەوتۆتەوە کە شان بە شانی هەلومەرجی ئەو سەردەمە سەرتاپای کولتوور و شارستانییەتیان بە ئاراستەیەکی تردا بردووە، ئاراستەیەک ڕێزنان بێ لەژیر و ئەنجامەکەشی ئەوە بووە گڵۆڵەی مەسیحیەت کەوتۆتە لێژی و مرۆڤپەروەریی توانیویەتی لەنێو ئۆردووی مەسیحیەتدا جێگای خۆی بکاتەوە، لە ئاکامدا جیابوونەوەی فەلسەفە لە ئایینی مەسیحیەت و جۆرە سێکۆلارییەک کە بەعەرەبی (عەلمانیەت)ی پێدەگوترێ کەوتۆتەوە.

لەو قۆناغەی پەرەسەندنی فەلسەفەدا، بە باوەڕی من، پوختەی دروشمەکانی شۆڕشە هەمەچەشنەکانی لە چەمکی ئازادیدا کۆکردۆتەوە. ئازادییەکەش لە ئایینەوە دەستی پێ کردووە و گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی لە ئازادی تاکەکەسیدا بەرجەستە ببێ. جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت بەهیچ جۆرێک لە شۆڕشی فەرەنسا کەمتر نەبووە، ئەگەر لە دەڤەر و کایەی ڕاستەقینەی خۆیدا گەورەتر نەبووبێ بەوەی ئەو ئاکامانەی لە ژیانی تاک و کۆمەڵگا لێی کەوتوونەتەوە و ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا مرۆڤ سەروەرە ڕەنگ ڕشتووە.

٧- پشت ئەستوور بەو خاڵانەی باس کران، ئازادی تاک لە کولتوور و سیاسەت و هونەر و ئەدەب و زانست و فەلسەفەشدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە دوور ناڕۆین ئەگەر بڵێین دەرکەوتنی مەیل و ئاراستەی تاکەکەسی In-dividualitat لە ئەدەبدایە هەموو لق و جۆرەکانییەوە، بڵاوبوونەوەی بزووتنەوەی ڕۆمانێکی، بەشێوەیەک لە شێوەکان سوود وەرگرتن، ئارێ، نارێ، لەو ئازادییە تاکەکەسییە بووە. هەر ئەو ڕەوشە پاڵپشتی پێشکەوتنی توێژینەوەی زانستی بووە کە بۆتە مایەی ئەوەی مرۆڤ پتر دەسەڵاتی بەسەر سروشتدا بکشێ و بۆ خۆشگوزەرانی ژیانی مرۆڤ بەکاربهێنرێ. جگە لەوە هەر بەهۆی ئەو پێشکەوتنانەوە چەندین لق لە زانستی جیاواز گەشەیان کردووە و وردە وردە سەربەخۆ بوون. بۆ نموونە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا زانستێک بەناوی ئەستێرەناسی Astrology هەبووە، ویستراوە بەهۆیەوە، بەهۆی مەڵبەند و ڕەوشی خۆر (ڕۆژ) و مانگ و ئەستێرەکانەوە ڕووداو و دیاردەکان لێک بدرێنەوە و پێشبینی دواڕۆژ و

چارەنووس بکرێت، لەو لقەوە زانستی فەلەک (زانستی گەردوون: Kosmologie) پەیدا بووە. لە جادوو و تەلیسمی سەدەکانی ناوەڕاستەوە کە سەرگەرمی دۆزینەوەی دەرمانێک بووە پیری پێ بکرێتەوە بەلاو، نەخۆشییەکانی پێ چارەسەر بکرێ، یان بەهۆی ئەو لقەوە کە بە ئەلکیمی ناوبراوە Alchemy ئاسن و زیو بکرێن بە زێڕ، پزیشک بووە بە زانستێکی پێشکەوتووی سەربەخۆ، کێشەی سووڕی خوێن و چالاکی دڵ و مێشک پەرەسەندن و پێشکەوتنی بەرچاویان بەدەست هێناوە.

٨- هەر لە چوارچێوەی ئەو قۆناغانەی پەرەسەندنی فەلسەفەدا هەردوو بابەتی سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەڵایەتی) و فەلسەفەی مێژوو دەرکەوتن و خەت و خاڵیان داوە. سۆسیۆلۆژی دوای شۆڕشی فەرەنسا بە کۆششی ئۆگۆست کۆنت ١٧٩٧- ١٨٥٧ز بەردی بناغەی دانراوە و دواتر لەلایەن ئەمیل دۆرکهایم ١٨٥٨-١٩١٧ز جێگیر کراوە و دوا ڕوخساری پێ بەخشراوە.

فەلسەفەی مێژوو خۆی لە لێکدانی دوو وشە پێکهاتووە. وشەی مێژوو بەرانبەر بە وشەی یۆنانی historia وشەی ئەڵمانی Geschichte بەکارهاتووە، لە بنەڕەتدا ئاماژە بە بنەڕەتی ڕوودان و ئەو کاروچالاکیانە دەدات لە ڕابردوودا قەومان و دوو لایەن دەگرێتەوە:

- هەواڵ و دەنگوباس و ڕووداو کە لە ڕابردوودا سەرئاوکەوتوون.

- دەربڕینی ڕاوبۆچوون لە بارەی ئامانجی ئەو ڕووداوانەی قەومان و دەبێ لە سۆنگەی فەلسەفەوە چی بگەیەنن؟

دوای کۆششی نیکۆلای ماکیاڤیلی ١٤٦٧- ١٥٢٧ز لە بەرهەمی میر و چەند نووسینێکی دیکەیدا کردوویەتی و ئەو هەوڵەی باتیستا ڤیکو ١٦٦٨-١٧٤٤ لە چوارچێوەی نووسینەکانیدا داویەتی، ڕابەری ڕۆشنگەریی بە زمان فەرەنسایی فرانسوا ماری ڤۆلتێر ١٦٩٤- ١٧٧٨ز توانی ڕەنگی تەلاری ئەو بابەتە بڕێژێ و بە ئەندازیاری دامەزراندنی فەلسەفەی مێژوو دانراوە. ڤۆلتێر لە چوارچێوەی ئەو هێرشانەدا بردوویەتە سەر ئایینی مەسیحی بە هەردوو مەزهەبی پرۆتستانت و کاتۆلیک و ڕەواندنەوەی خێوی جەنگ لەبەرچاوی گەلانی ئەوروپا گەیشتۆتە ئەنجامێک دەکرێ بە جیهاندیدێک دابنرێ کە لە دوو ئاراستەی نالەبار و لەبار پێکهاتووە. لە ئاراستەی یەکەمدا پەنای بردۆتە بەر ڕەخنەکردنی ئەوەی ئەو کاتە دەستبەکار و لەبەرچاو بووە. لە ئاراستەکەی دیکەیدا داکۆکی لە گۆڕان و بەرەوپێشچوونی نەپساوە کردووە(١٠) و لەو باوەڕەدابووە ئەو پێشکەوتنە هەموو لایەنەکانی ژیریی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی و قانوونی و کولتووری دەگرێتەوە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


**1- Bertrand Russell., Philosophie des Abendlandes. Wien. 2000. S.217. ff.**

**2- Bertrand Russell., Ebenda. S. 600. ff.**

**3- John Locke., Versuch Uber den menschlichen Verstand. Bd. I. Buch I und II. Meiner. Hamburg 2006. S.7. ff.**

**4- Thomas Grundmann., Analytische Einfuhrung in die Erkenntnis theorie. W De G.Berlin: 2008. S.8. ff.**

**5- David Hume., Eine Untersuchung uber den menschichen Verstand. Suhrkamp. Frankfurt am main. 2007. S.207. Para.30.**

**6- Francis Bacon., Neues organon. Teilband. I. Meiner. Hamburg. 1990. S.99. ff.**

**7- Immanuel Kant., Kritik der reinen Veinen Vernunft. Meiner. Hamburg. 1976. B. 25. A.12.**

**8- Joachim Ritter., Metaphysik und Politik. Stw. 1990. Framkfurt am Main 1977. S.192. ff.**

**٩- جون لويس: مدخل الى الفلسفة. ترجمة: د. أنور عبدالملك. المكتبة الاشتراكية. دارالحقيقة بيروت ١٩٨٣. ص١٢١ وفي اماكن مختلفه.**

**10- Johannes Hirscberger., Geschichte der Philosophie. Bd. I. komet. 1980. S.374. ff.**

# ڕووداوه گەورەکان چۆن ڕوومالّ دەکەیت؟

دیڤید ڕاندالّ
لە عەرەبییەوە: محەمەد عەبدوللّا کەلاری

لە ڕۆژنامەنووسیدا بنەمایەکی نەنووسراو هەیە، دەڵێت "هەتا چیرۆکەکەت بەهێز بکەیت نووسینی ئاسانترە". سەرەڕای هەموو شتێک، پێویست ناکات چەندین کاتژمێر بە بیرکردنەوە و پرسیارکردن لەبارەی پێشەکی بەرایی گونجاو بە سەر ببەیت، بۆ سەرەتای چیرۆکێک لەبارەی ئاگرێک کە لە سەماخانەیەکی شەوانە کەوتەوە و بووە هۆی ئەوەی ٦٨ کەس گیان لە دەست بدەن، بەڵام لە کاتێکدا شێوازی نووسین لەبارەی ڕووداوێکی ترسناک و گەورە زۆر جار ڕاستەوخۆ دەبێت، ئەوە پێداچوونەوەی ڕووداوەکان و گەڕان بەناویاندا و لێکۆڵینەوەیان و گۆڕینیان بۆ چیرۆکێکی ئادگار ڕوون، زۆر جار سەخت دەبێت.

ڕووداوە گەورە و ترسناکەکان بە سروشتی خۆیان شڵەژاو و پەشۆکاون، تەنانەت بۆ دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانیش، ئەوەی ڕووی داوە بۆ چەندین کاتژمێر و ڕۆژ لەوانەیە بە تەمومژاوی و پەشۆکاو و شاراوە بمێنێتەوە. دەکرێت کارەساتەکان لە شوێنی وادا ڕوو بدەن بەزەحمەت بتوانیت پێیان بگەیت، یان لە وڵاتانێک کە بە دەست کەموکوڕی ئامرازەکانی گەیاندنەوە دەناڵێنن، یان دەسەڵاتە بەرپرسەکان خۆیان ڕێک نەخستووە، یان لە پابەندبوون بە نهێنی پارێزییەوە زێدەڕۆیی دەکەن، هەروەها دەکرێت لە شەودا ڕوو بدات، یان لە جۆری کارەساتە سروشتییەکان بێت، وەک زریانی میچ کە لە ساڵی ١٩٩٨ لە ئەمەریکای ناوەڕاستی دا، کارەکە وای خواست چەند ڕۆژێک تێبپەڕێت، بۆ هەڵسەنگاندنی قەبارەی ئەو وێرانکارییە تۆقێنەرەی کە لێی کەوتەوە. بەڵام ژمارەی مردووان کە بۆ مەبەستە پیشەییە (ترسناک)ەکانمان بە ئاماژەی کلیلی دادەنرێت بۆ قەبارەی چیرۆکەکە، لەوانەیە بە خێرایی دەرنەکەوێت، بۆیە

لەوانەیە ڕاپۆرتە سەرەتاییەکان لەبارەیەوە چەواشەکەر بن.
هەروەها شایەتحاڵیش هەن بە دڵنیاییەوە تووشی شۆک و شڵەژان هاتوون، ئەوانەی - لەئەنجامی ئەمە - جاروبار بەڵگەگەلێک پێشکەش دەکەن کە تارادەیەکی زۆر وردیەتییان لە دەست داوە. لەوانەیە دەسەڵاتە بەرپرسەکانیش زانیاری چەواشە بخەنەڕوو، زۆر جار هۆکاری باو ئەوەیە ئەولەویەتەکەی ڕزگارکردنی گیانەکانە نەک یارمەتیدانی ڕۆژنامەنووسان، یان لەبەر ئەوەی لە بەرژەوەندیدایە یەک لایەنی ڕووداوەکە پیشان بدرێت، یان ئەدگاری لایەنەکەی دیکە بشارێتەوە. لە کارەساتی ستادیۆمی هیلزبۆرو لە ساڵی ١٩٨٩ (کاتێک لە کاتی هەرەسهێنانی سەکۆی دانیشتندا ٩٤ کەس لە هاندەرانی تۆپی پێ گیانیان لە دەست دا)، هەروەها کوشتارگەی دنبلین (کاتێک پیاوێکی چەکدار ١٦ قوتابی و سێ مامۆستای لە قوتابخانەیەکی سکۆتلەندی کوشت)، بایەخدانی پۆلیس بەو ئاراستەیە بوو، کە بەشی خۆی لە بەرپرسیاریەتی بشارێتەوە و ڕەتی بکاتەوە. لەم ڕۆژانەدا هەڕەشەی داوا کردنی یاسایی و داواکارییەکانی بیمە، بەرپرسان هان دەدەن زیاتر ئامادە و وریا بن و یارمەتی تەنانەت هەندێک جار فێڵ کردنیش ڕەت بکەنەوە. لە کاتی ڕوودانی کارەساتدا، هەرگیز لە ئامادەباشی دەزگا پێوەندیدارەکان کەم مەکەوە، لەوەی زانیاری کورت بە ڕۆژنامەنووسەکان پێشکەش بکەن، بۆ مەبەستی تایبەت و ئامانجی شاراوە لە خشتەی کارەکەیدا.
نموونە لەم بارەیەوە خۆی لەو کارە ئاژاوەگێڕییانەدا دەبینێتەوە کە لە زیندانی سترینگوایز لە نیسانی ١٩٩٠ دروست بوو. لەوانەیە ئەو ڕاپۆرتانەی لەبارەی ڕووداوەکەوە نووسراون، لە زۆرترین ڕاپۆرتی ڕووداوە گەورەکان بن کە لە یادەوەریدا مابێت، کە لە ڕاستی و وردیەتی دوورە. چیرۆکەکە لە یەکی نیسان دەستی پێ کرد، کاتێک زیندانییەکان، ئەوانەی قەرەباڵغی زیندانەکە و دواتر بەندکردنیان بۆ ماوەی ٢٣ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا لە ژوورەوە تووڕەی کردن، دەستیان بە سەر کلیلەکاندا گرت و نزیکەی هەزار بەندکراوی دیکەیان ئازاد کرد و کڵێسا بچووکەکە و هۆڵێکی وەرزشییان سووتاند و دەستیان بە سەر زیندانییەکەدا گرت. بە هەموو پێوەرەکان ئەمە ڕووداوێکی ترسناک و گەورە بوو، ئەوەی زیاتر بووە مایەی گرنگی و سەرنجڕاکێشان، دیمەنی زیندانییەکان بوو کە لافیتەیان بە پەنجەرەکانەوە هەڵواسی و لەسەربان دانیشتن و ئەو دەمامکانەیان پۆشی بوو کە بە پەلە دروستیان کردبوو، بەردیان بۆ سەر زەوی فڕێ دەدا. لەبەر ئەوەی لە تەلارە سەرەکییەکان خۆیان حەشاردا و چەند ڕۆژێک داگیریان کرد، مەحاڵ بوو بزانرێت چی تێدا ڕوو دەدات. چەند ئاماژەیەکی بەهێز دووپاتیان کردەوە، ئەو زیندانییانەی بە هۆی تاوانەکانی سێکس گیراون (کە هەمیشە لە باڵەخانەی جیاوازدان)، لە گەرمەی خرۆشان و پشێوییەکە لە زیندانەکەدا هێرشیان کراوەتە سەر.
ئەم تەمومژاوییەی کە باڵی بە سەر ڕووداوەکەدا کێشابوو، وەک کەلێنێک دەرکەوت، ڕۆژنامەکانی وروژاند و ئامادە نەبوون ڕووبەڕووی ببنەوە. لە ٨ی نیسان، "دەیلی میرۆر" بڵاوی کردەوە کە "١١ کەس لەو ئاژاوەگێڕییەدا کە کوژراون لە نێو زیندانەکەدا ڕووی دا". لە هەمان ڕۆژدا ڕۆژنامەی "ئیفننگ ستاندارد" گوتی کە ٢٠ کەس کوژراون، دوای دوو ڕۆژ "سەن" لە مانشێتی لاپەڕەی یەکەمیدا لە سەرچاوەی "تایبەتەوە" نووسی: "لەوانەیە زیاتر لە ٣٠ کەس کوژرابن". "دەیلی میرۆر" حەزی نەکرد ڕۆژنامەکانی دیکە لاسایی بکەنەوە، بۆیە نووسی: "ئاژاوەچییان لە زیندانەکەدا پۆلیسێکیان لە سێدارە دا". پاشان زۆر شت دەگێڕدرایەوە کە باسیان لە پرۆسەکانی هەڵواسین لە پاش دادگایی کردنی "قەرەقووشیانە" دەکرد و خەساندن و ئەو زیندانییانەی کە لەسەر پلیکانەکانەوە فڕێ دەدران، یان لەسەر نەقیزە دادەنران، یان بە تەواوی سەردەبڕران، یان بەزۆر دەرزی "تێکەڵ لە دەرمانە هۆشبەرەکان"یان لێ دەدرا کە لە دەرمانخانەی زینداندا دزرابوون، یان بە بۆکسی ئاسنین لێیان درابوو و ئەندامەکانی لەشیان بڕابوون.
ڕوون بووەوە هەموو ئەم چیرۆکانە ڕاست نین، تەنیا دوو پیاو کوژران، سەبارەت بە "پۆلیسە لە سێدارەدراوەکە" (وەک ئەوەی "دەیلی میرۆر" ئاماژەی پێ دا)، دەرکەوت پیاوێکە بە تاوانی دەست درێژی سێکسی زیندانی کراوە و سزاکەی لە زیندانێک لە دووری ٧٠ میل لە لیدز بە سەر دەبات. ڕاستی ئەوەی ڕووی دا ئەوەیە، چەند هۆکارێک یارمەتیدەر بوون بۆ پێکهێنانی تێکەڵەیەک لە ڕاستی ساختەکراو و گریمانە درۆیینەکان و درۆی ڕۆژنامەکانی وروژاندن و هەندێک ڕۆژنامەی ڕەسەن بە بێ ئەوەی لێی دڵنیابن باوەڕیان پێ کرد.

یەکەم، پشێوییەکی گەورە باڵی بە سەر بارودۆخەکەدا کێشاوە و مەحاڵە بە تەواوی بزانرێت چی ڕوو دەدات، (سەرچاوەی سەرەکی هەواڵی "لە سێدارەدانەکە" پارێزەرێک بوو، کە دادوەرانی دادگای ئۆڵدهامی ئاگادار کردەوە کە ئەو کەسەی ئەم بریکاریەتی سێ لاشەی بینیوە لە باڵکۆنەکانەوە شۆڕ کرابوونەوە، دەرکەوت ئەوانە بووکەڵەی یاری بوونە لە شێوەی مرۆڤ، کە لە وانەکانی فریاکەوتنی سەرەتایی بەکاردەهێنرێت). دووەم، زۆر لە پروپاگەندە ورووژاوەکان لە لایەن ئەو پیاوانەوە بوو کە پۆشاکی فەرمییان لەبەردا بوو، ئەفسەر و پاسەوانانی زیندانەکە بە تایبەتی. ئەوان هۆکاری تایبەت بە خۆیان هەبوو بۆ ئەوەی کارە ئاژاوەگێڕییەکان بە "تەقاندنەوەی خراپەکاری" وێنا بکەن، بە پێی دەربڕینی خۆیان، بەڵام گوتەبێژە فەرمییەکە بەردەوام لەبارەی "مردووان"ەوە دەدوا، هەروەها چیرۆکە تۆقێنەرەکانی زۆر باس دەکرد (داواشی دەکرد ناوی سەرچاوەکە نەهێنرێت)، کەچی ئیدارەی بەرپرسی حکوومی شتی زیاتری خستە سەر ئەم کارتێکردنە، لە ڕێگەی ناردنی ٢٠ کیسی تەرم بۆ زیندانەکە (لە یەکێک لە قۆناغەکانی قەیرانەکەدا)،

بەڵام ڕۆژنامەکان ئەو ئیحراجییەیان زیاد لە پێویست گەورە کردەوە کە دواتر تووشی دەبێت. بە جۆرێک ئەو زانیارییانەی پێی دەگەیشت لێی نەدەپرسییەوە. لە هەندێک حاڵەتیشدا ئاماژەی بە داتا و لێدوانەکان نەدەکرد، بەو پێیەی بانگەشە تەنانەت ڕاستی چەسپاون. ئەو دەیویست "سیناریۆ" خراپترینەکە پشتڕاست بکاتەوە و لەم بۆنەیەدا بە تایبەتی دواخستن و ئامادەباشی لە لایەنە فەرمییەکانەوە بەدی کرد، ئەوەی بیست کە دەیویست بیبیستێت و بڕوای پێ کرد. پاشان ڕۆژنامەکانی ورووژاند، هەر هەواڵێک لەگەڵ ئەم گریمانە نوێیانەدا نەگونجایە، پشتگوێیان دەخست. لە ڕۆژی دواتری ئاژاوەگێڕییەکەدا، بۆ نموونە، پزیشکێکی ڕاوێژکار لە نەخۆشخانەی گشتی "تۆرس مانچستەر" لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا، ڕەتی کردەوە کە زیندانی بە سەختی برینداری بۆ هاتبێ. ئەم هەواڵەش تەنیا لە ڕۆژنامە چەسپاوەکاندا بڵاوکرایەوە، لەمە گرنگتر زۆربەی ڕۆژنامەنووسەکان لە خۆیان نەپرسی ئایا ئەوە شایانی بڕوا پێ کردنە، یان نا، تەنیا دووبارەیان دەکردەوە، هەمووان لە بیریان کرد کە بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەنووس لە چوارچێوەی دۆزینەوەی سەرچاوەیەک بۆ چیرۆکەکە تێ دەپەڕێت و پەل دەهاوێ بۆ ئەوەی سەرچاوەکە دەیلێت تا لێی ورد بێتەوە و تاقی بکاتەوە.

دوژمنەکەی دیکە (کە ڕۆژنامەنووس خۆی دەیدۆزێتەوە) بۆ ڕوومالّ کردنی ورد و توندوتۆڵ بۆ ڕووداوەکان، هاندان و پەلەکردنە لە بڕیاردان، ئەمەش بەربڵاوترە لەو بارودۆخەی کە ڕوومالّ کردنی کێشەکەی ستیرینگوایزی لاواز کرد و شێواندی و ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە ڕاپۆرتەکان لەبارەی ئەو کارەساتانە دەنێرن کە هەڵەیەکی مرۆیی، یان میکانیکی لە خۆ دەگرێت، ئەگەری ئەوە هەیە بە شێوەیەکی تایبەت بکەونە داویەوە. پێویستی بۆ ڕاڤەکردنێکی هەنووکەیی و دەستبەجێ دۆزینەوەی کەسانی خراپ، ڕۆژنامەنووسەکان هان دەدات پەنجەی تۆمەتبارکردن و گلەیی بە ئاراستەیەکی دیاریکراو بەرز بکەنەوە، بە کاتێکی زۆر پێش ئەوەی هەموو ڕاستییە بنەڕەتییەکان ڕوون ببنەوە. لە ئایاری ١٩٩١ بۆ نموونە، فڕۆکەیەکی بۆینگ ٧٦٧ (سەر بە کۆمپانیای لۆدا ئایەر) لە جەنگەڵەکانی تایلەند کەوتە خوارەوە و سەرجەم سەرنشینەکانی مردن کە ژمارەیان ٢٢٣ کەس بوو. لە نێویاندا دۆن ماکنتۆش (٤٣ ساڵ)، فەرمانبەری حکوومی بەریتانیایی خواستراو بۆ پرۆگرامی قەڵاچۆکردنی مادده هۆشبەرەکان بوو، کە نەتەوە یەککگرتووەکان چاودێری دەکات. سەبارەت بە ڕۆژنامەی "دەیلی ستار" تەنیا ئەم ڕاستییە بەس بوو، بۆ ئەوەی پەلە بکات لە لێکدانەوەی پێش وەختە و لە مانشێتی لاپەڕەکەیدا بە هێڵێکی گەورە نووسی: "قوربانییەکە"، لە هەواڵەکەدا باس لەوە دەکات چۆن "بارونە دلڕەقەکانی مادده هۆشبەرەکان" بۆ تیرۆرکردنی یەک کەس ٢٢٣ کەسیان کوشت (کلێشەیەکی بەکارهێنراوە و ڕاستەوخۆ لە فیلمە سینەماییەکانەوە وەرگیراوە). بە دڵنیاییەوە هەموو ئەمانە پوختەی خەملاندنێک بوون، پشتی بە ڕێککەوتی بوونی ماکنتۆش لە نێو فڕۆکەکە بەستبوو. پێش تێپەڕینی هەفتەی یەکەم، سندووقە ڕەشەکە دۆزرایەوە کە دواتر ئاشکرای کرد، هۆکاری ڕووداوەکە بە پێچەوانە سووڕانەوەی لە ناکاوی بزوێنەری فڕۆکەکە بووە.

## چۆن دڵنیا دەبیت ڕوومالّ کردنەکەت بۆ کارەساتێک یەکێکی دیکەی لێ ناکەوێتەوە؟

زۆر جار ڕاپۆرتە سەرەتاییەکان لە ڕێگەی پێوەندی

تەلیـــیەوە دەگــەن، لەبارەی ئەوەی دواتر دەردەکــەوێت کارەساتێکی گەورەیە، بەو پێیەی ڕووداوێکی پڕوپووچە پێش ئەوەی گەورە بێتەوە و ببێتە ڕووداوێکی گرنگ. هەندێک جار پێچەوانەکەی ڕوو دەدات، کە پێدەچێت وەبشوومەیەکی گەورە بێت، بۆ ئەوەی ڕاپۆرتەکانی دواتر زێدەڕۆیی و تۆقاندنەکە ڕاست بکەنەوە و کارەساتەکە بکاتە ڕووداوێکی ئاسایی. ئەزمـوون فێرمـان دەکات لە بڕیارداندا پەلە نەکەین و دەکرێت هەستی خۆڕسکیـمان پێ ببەخشێت، بۆ جیاکردنەوەی ئەو ڕووداوانەی گەورە دەکرێنەوە بۆ ئەوەی گـرنگ و مـەترسیـدار بن، لەگەڵ ئەوانەی بچووک و کەم بایەخ دەمێننەوە. لە ڕێبەرە باشە ڕێنوێنییەکان لەم بوارەدا ئەوەیە، هەر ڕووداوێک ئەگەر دەستبەجێ گرنگییەکەی کەم نەبووەوە، ئەوە دەبێت بە مەترسیدار و گـرنگ دایبنێیت، تاکـو پێچەوانەکەی دەسەلمێت. هەرگیز ڕووی نەداوە ناوبانگی کەسێک بە ئەنجامدانی هەندێک پێوەندی زێدەباری کاریگەر بێت، کە دووپات بووبێتەوە بریتییە لە کۆششێکی بەفیڕۆچوو، بەڵام زۆر لە ڕۆژنامەنووسەکان هەمیشە بوونەتە مایەی گاڵتە و قسەی خۆش کردن، لەبەر پشتگوێ خستن و بێ ئاگابوون لە چیرۆکە مەترسیدار و ڕووداوە گەورەکان.

یەکەم ئاماژە نیشانەیە بۆ کارەساتێکی چاوەڕوانکراو، لەوانەیە لە چوارچێوەی ڕاپۆرتێکی نێـردراو لە شێـوەی برووسکە بگات، وەک: "ڕووداوێک بە سـەر فـڕۆکـەی بۆینگ (سـەر بە کـۆمـپـانیـای "یۆرۆ" بۆ نموونە) لە فڕۆکەخانەی هیسرۆ لە کاتژمێر ١٤.٢٦" هاتووە. تۆ دەزانیت ئاژانسی هەواڵی ناوخۆیی بایەخ بە شتی پووچ نادات، بەڵام لەم قـۆناغـەدا دەکـرێت ڕووداوەکـە هەر شتێک بێت: هەر لە تێکشکانی فڕۆکەکە و کوژرانی سەرنشینەکانی، تا دەگاتە ئاگر کەوتنەوەیەکی بچووک کـە کـەس بریندار نەبووە، لەبەر ئەوە چاوەڕێ دەکـەیت. لەوانەیە ئاژانسـەکـە دوای ١٠ خـولەک ڕاپۆرتێک بەم جۆرە بڵاو بکاتەوە: "فڕۆکەیەکی کۆمپانیای "یۆرۆ" کە لە فرانکفۆرتەوە دەهات پێدەچێت تێک شکابێت، هێشتا هەواڵ لەبارەی بوونی قوربانیان نەگەیشتووە".

ئەمــە ئەو خـاڵەیە کـە پێـویسـتــە پەیامنێـری ڕۆژنامەنووسی و وێنەگر بۆ شوێنی ڕووداوەکە بنێردرێت، ئەگەر هەواڵساز بزانێت چی دەکات، باشترین نووسەر ڕادەسپێرێت چیرۆکەکە ڕێک بخات. واتە بەدواداچوونی وردەکـارییـەکـانی لە ڕێگەی برووسکە نێـردراوەکـان و وەرگـرتنی پوخـتــەی ئەوەی پەیامنێــران لە شــوێنی ڕووداوەکـــەوە دەینێــرن، تاکـــو ئەوەی ڕووی داوە لە سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمدا بخرێتە ڕوو.

ئێـــســـتـــا ڕاپۆرتی زیاتر دەگــەن، بۆ ئەوەی ڕوون و دووپاتی بکەنەوە کە ڕووداوەکە کارەساتێکی گەورەیە. فڕۆکـەکە لە کـاتی نیشـتنەوەی لە فڕگـەکـەدا ئاگری تێ بەربوو و زیاتر لە ١٠٠ کـەس کوژران، چەندین پرسیـار هەن هێشتا بێ وەڵامن. لە کۆتایی ئەو ڕۆژەدا: وەڵامی هەندێکیـان دەرکـەوتن، فـڕۆکـەکـە لە جـۆری بۆینگ (٧٣٧)ەو سەر بە کـۆمپـانیـای "یۆرۆ ئایەر"ە، لە کـاتی نزیک بوونەوەی لە فڕۆکەخانەی هیسرۆ هەندێک کێشەی تەکنیکی بۆ هاتە پێش، بارودۆخەکە مەترسیدارتر بوو، یەکـێک لە بزوێنەرەکـانی گــڕی گــرت و بەر بووەوە، لەکاتێکدا فڕۆکەکە هێشتا لە ئاسماندا بوو، پاشان بزوێنەرەکـــەی دیکەشی ئاگــری گــرت و ئامـــێـــرە ئەلیکترۆنییەکان لە کار وەستان، فڕۆکەوانەکە ناچار بوو بە تەنیـا دوو بزوێنەرەوە بە دەسـتـیی بنیـشـێـتـەوە. بزوێنەرەکەش کەوتە سەر قوتابخانەیەک، بەڵام باش بوو قوتابخانەکە داخرابوو.دواتر زانیاری زیاتر دەگەن، لێرەدا گـرنگ ڕیزبەندکـردنی لۆژیکی نییـە، بەڵکو بە شێـوەی تێکەڵێکی شڵەژاو لە بەشە بچووکەکان، لەگەڵ ڕاست کردنەوە و پێداچوونەوەکان بە وردەکاری نامۆوە.

ژمـارەی قـوربانیـیــەکــان بە سێ، یان چوار مـردوو بەدڵنیـاییـەوە دەست پێ دەکـات. پاشـان پەیامنێـرێک تەلەفۆن دەکات بۆ ئەوەی بڵێت قسەی لەگەڵ ئافرەتێک کـردووە کـە "چەندین تەرم"ی بینیـوە. دواتر دەزانێت کـە وەزیری بازرگانی ئەڵمانیا -بۆ نموونە- لە نێو فـڕۆکەکە بووە و دوای ئەوەی فـڕۆکـەکـە خۆی بە زەویدا کـێشـاوە، ئاگری تێ بەربووە و ئەو گیـانی لە دەست داوە، هەروەها یەکێک لە گۆرانیبێژە بەناوبانگەکانیش لە پرۆسەی ڕزگار کردنەکەدا بەشداری کردووە. کۆمپانیا فڕۆکـەوانییـەکە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی ساز دەکات، تێیدا دەڵێت: ڕاستـەوخۆ دوای نیشـتنەوە، ئاگر لە گەلەری گەشتیـاران کـەوتەوە و لە مـاوەی ١٠ خـولەکدا تەواوی فـڕۆکـەکـەی گـرتەوە. دەرکـەوت لە کـۆی ٢١٠ سـەرنشـینەکـە تەنیـا (٦٠)یان لە ڕووداوەکـە ڕزگـاریان بووە و زۆربیان بریندار بوون. ئەگــەر تۆ بەخت زۆر یاوەرت بێت، پێش ئەوەی چاپی یەکــەمی ڕۆژنامــەکــەت دەربکەیت هەمــوو ئەو زانیـــاریانەت بەردەست دەکـــەوێت، بەڵام لەو ڕۆژەدا

ڕۆژنامەکە هەمیشە چەند چاپێک دەردەکات بۆ ئەوەی ڕووداوەکە ڕوومالّ بکات، دەبێت یەکەم دانەی لێ بنێریت بۆ چاپخانە بە ماوەیەکی زۆر بەرلەوەی چیرۆکەکە بە تەواوی ڕوون بێتەوە.

بە دلّنیاییەوە، بە درێژایی ڕۆژ جۆرێک لە تەمومژی و باوەڕ نەکردن بالّ بە سەر ئەو ڕاستییەدا دەکێشێت، کە پەیوەستە بە قەبارەی کارەساتەکە و ژمارەی ئەو لاپەڕانەی پێویستە تەرخان بکرێت بۆ ڕوومالّ کردن و چۆنێتی مامەلّەکردن لەگەلّ هەوالّەکانی دیکەدا، بەلاّم لە باشترین باردا، ئەمە ئەو ڕوومالّ کردنەیە کە پێویستە هەر ڕۆژنامەیەکی چەسپاو بیکاتە ئامانجی خۆی و دەبێت چۆن بەشەکانی چیرۆکەکە کۆ بکاتەوە:

### گێڕانەوەی ئەوەی ڕووی داوە بە پێی ڕێکخستنی کاتی

پێویستە تۆ (یان ئەو تیمەی کاریان لەگەلّ دەکەیت) خولەک بە خولەک، یان کاتژمێر بە کاتژمێر، لە ساتی دەستپێکەوە تا کۆتاییەکەی گێڕانەوەیەک بۆ وردەکاری ڕووداوەکە دابڕێژیت. ئەمەش واتای ڕانەوەستانە لە پرسیار کردن: "دوای ئەوە چی ڕووی دا؟". هەولّ بدە لە هزرتدا فیلمێکی "ڤیدیۆ" لەبارەی ڕووداوەکە کۆ بکەیتەوە. هەروەها پێویستە لەگەلّ هەموو خزمەتگوزارییەکانی فریاکەوتن و نەخۆشخانەکان و دەسەلاّتە تایبەتەکان، لە پێوەندییەکی ڕێکخراودا بێت. گێڕانەوەی سەرەکی بۆ ڕووداوەکە بە دلّنیاییەوە (تاڕادەیەک) هەوالّساز- هەماهەنگکار دەینووسێتەوە. هەروەها دەکرێت پێکهاتەی چیرۆکەکە لە شێوەی ستوونێکی لاتەنیشت دەربکەوێت، کە چەند دێڕێک لە هەر بەشێکی گێڕانەوەکە لەگەلّ تەوقیتی ورددا لە خۆ دەگرێت.

### ڕاپۆرتی شایەتحالّەکان

ئەمە لە پێش تۆ لە شوێنی ڕووداوەکە کۆ دەکرێتەوە، سەرەڕای برووسکەی پەیامنێرە سەربەخۆکان و ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە نووسینگەکاندا کار دەکەن و پێوەندی بەو کەسانەوە دەکەن کە لەسەر پەردەی تەلەڤزیۆن دەرکەوتوون، یان لە ڕێگەی ڕادیۆوە قسەیان کردووە. ئەو پەیامنێرانەی بۆ شوێنی کارەسات، یان نەخۆشخانەکان نێردراون، پێویستە لە دەست کەوتنی زانیاری ورد دلّنیا ببنەوە لەبارەی بەشێکی چیرۆکەکە کە لەسەری کار دەکەن، وردەکاری، شایەتەکان، گێڕانەوە، هۆکارەکان...تاد. بە بێ ئەمە، دەبینیت کە چەند پەیامنێرێک تەرکیز لەسەر هەمان بەش دەکەنەوە. ئەگەر ئەرکەکەت ئەوە بێت زانیاری کۆ بکەیتەوە و لە شێوەی تێکەلّەیەک لە بەش بەشی بچووک بۆ نووسینگەکەی بنێریت، هەست بە بێزاری مەکە، چونکە بەربلاّوترین ئەو هەلاّنەی پەیامنێرەکان لە ڕوومالّ کردنی کارەساتەکاندا ئەنجامی دەدەن ئەوەیە هەمووان ڕاپۆرتەکان زوو نانێرن بۆ ئەوەی چیرۆکێکی جوان بنووسنەوە.

### هۆکار

هۆکاری ڕاستەوخۆ (هەلّە میکانیکییەکان بۆ نموونە) و هۆکارە ناڕاستەوخۆکان، بە بەشە گرنگەکانی چیرۆکەکە دادەنرێت، بەلاّم ئەمە کاتی دەوێت بۆ ئەوەی زانیاری دروستت لەبارەیەوە دەست بکەوێت. لەبەر ئەمە، وریابە لە گلەیی کردن پەلە نەکەیت، لە جیاتی ئەوە تەرکیز بکەرە سەر گواستنەوەی وێنەی تەواوی ئەوەی ڕووی داوە و مامەلّەکردن، تەنانەت لەگەلّ تیورە فەرمییەکاندا بەو پێیەی خەملاّندنن، تا ئەو کاتەی ڕاستییەکەی دەسەلمێت. مێژوویەکی درێژ لە بیرکردنەوەی فەرمی بە دەنگێکی بەرز - هەندێک جاریش سەرکێش- لەبارەی هۆکاری کارەساتەکان هەیە، ئەو ڕۆژنامانەش کە ئەم بیرۆکانە وەک ڕاستییەکی چەسپاو باس دەکەن، دواتر لە پلەیەکی گەورە لە دەبەنگی و بێ مانایییەکی زۆر دەردەکەون. هەر تیورێکیش کە تیرۆر، یان خۆکوشتن بە بێ بەلّگە و داتا تۆمەتبار بکات، دەبێت بە وریاییەوە مامەلّەی لەگەلّدا بکرێت و ڕوونکردنەوەی ناوی سەرچاوەکە و ئاماژەدان بە هەر زانیارییەک کە بە بەلّگەی تەواو نەسەلمابێت.

### تۆماری سەلامەتی و دلّنیایی فڕۆکەکانی بۆینگ ۷۳۷:

ژمارەی ئەو ڕووداوانە چەندە کە بە سەر ئەم جۆرە فڕۆکانەدا هاتووە؟ هۆکارەکان چین؟

### کورتەیەک لەبارەی ڕێچکەی کۆمپانیای فڕۆکەوانی خاوەن فڕۆکەکە:

وردەکاری تەواوی پەیوەست بە کۆمپانیا پێوەندیدارەکە و مێژووەکەی، سەرەڕای کاریگەرە ئەگەرییەکانی ڕووداوەکە لەسەری و لەسەر نرخی پشکەکانی...تاد.

ئەگەر سەنتەری کۆمپانیاکە نزیک بێت، پەیامنێرەکە دەتوانێت سەردانی بکات و لەبارەی کۆمپانیاکە و سیاسەتەکانی قسە لەگەڵ فەرمانبەرەکاندا بکات. بۆ نموونە، لەوانەیە بەم دواییە کۆمپانیاکە پەنای بۆ کەم کردنەوە لە تێچوونەکان و دابەزاندنی دەرماڵەی چاککردنەوەی رێکخراوی فڕۆکەکان بردبێت بۆ ئەوەی پارە دەستەبەر بکات.

**ژیاننامەی پیشەیی فڕۆکەوانەکە**

بە پێی ئەو زانیارییانەی لەلامانە، فڕۆکەوانەکە رۆڵێکی پاڵەوانانەی بینی، کاتێک بە دەستی و بە بێ هەردوو بزوێنەرەکە فڕۆکەکەی دابەزاند. خەڵکەکە ئارەزوو دەکەن شتێک لەبارەی باکگراوەند و شارەزاییەکەیەوە بزانن.

**پرسی کەسایەتییە گرنگەکان لە نێو قوربانییەکاندا**

لەوانەیە شایانی وتارێکی تایبەت نەبێت، بەڵام کاتێک کەسێکی بەناوبانگ لە کارەساتێکدا دەکوژرێت، پێویستە پەیامنێرێک راسپێریت بۆ گەڕان بە دوای ژیاننامەیدا.

**قوربانییەکان**

هەر بە ژمارە دەمێننەوە تا ئەو کاتەی ناسنامەکانیان دیاری دەکرێت، کاتێک ناوی قوربانییەکان رادەگەیەنرێت، حەز دەکەیت بزانیت ئەوانە کێن و چییان دەکرد...تاد. هەر دەبێت چیرۆکێک لەبارەی کەسێک هەبێت کە لە دوا ساتدا فریای فڕۆکە لێقەوماوەکە کەوتووە، یان شتێکی لەم شێوەیە.

**پرۆسەی رزگار کردن**

لە کاتی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکەدا لەسەر زەوی چی رووی دا؟ کاردانەوەی خزمەتگوزارییەکانی فریاکەوتن چۆن بوو؟ پاڵەوانانی پرۆسەی رزگار کردنەکە کێن؟ پرۆسەکە چۆن ئەنجام درا؟

**پاڵەوان**

لە پرۆسەی رزگارکردنەکە رۆڵی چی بوو، هۆکاری گەشت کردنەکەی بە فڕۆکە چی بوو...؟

**رووداوەکانی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکان کە بەم دواییە روویان داوە بە پێی ریزبەندی کات**

لیستێک ئامادە بکە، لەبارەی ئەو رووداوانەی فڕۆکە کە بوونەتە هۆی گیان لە دەستدانی سەرنشینان (لە بەریتانیا بۆ نموونە) لە ماوەی دە ساڵی دوایی، یان کارەساتە ئاسمانییە گەورەکان لە جیهاندا کە لە دوو ساڵی رابردوودا روویان داوە. ئاژانسەکانی هەواڵ هەمیشە ئەم زانیارییانە بە شێوەیەکی رۆتینی دەستەبەر دەکەن.

**وەسف کردنی دیمەنی کارەساتەکە**

وەسف کردنی وردەکاری دیمەنەکە لە شوێنی دابەزینەکە، یان لە ناو فڕۆکەخانەکە، بۆ هەماهەنگکاری راپۆرتەکە بابەتێکی بەهادار دەبێت. بە دوای وردەکاریدا بگەڕێ و لە دیمەنە کارتێکراو و پێشتر چاوەڕوان کراوەکان دوور بکەوە.

**سەندووقی رەش**

سەندووقی رەش چییە (کە تۆماری پێوەندی کردنەکانی فڕۆکەکەی لە خۆ گرتووە)؟ چۆن کار دەکات؟ سەندووقی رەش یەکێکە لەو شتانەی کە خەڵک هەمیشە ئاماژەی بۆ دەکەن، بەڵام شتێکی کەمی لەبارەوە دەزانن، جگە لەو راستییە نەبێت کە بەشێکی گرنگە لە هەر لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی رووداوی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە. سەندووقی رەش رەنگەکەی رەش نییە، دەکرێت لە چوارچێوەیەکی سەربەخۆی جیادا، یان وەک بەشێک لەو وتارەی لەبارەی ئەو لێکۆڵینەوەیەی دوای رووداوەکە هاتووە، لەبارەیەوە بنووسرێت.

**رای شارەزایان**

سەبارەت بە زۆر لە کارەساتەکان (بە تایبەتی دەگمەنەکان) پێویستت بە شارەزایان دەبێت، کە باس لە کاروبارە تەکنیکییەکان بکەن. رووداوی فڕۆکەکان دەگمەن نییە، بەڵام سەرەڕای ئەوە، دەکرێت چاوپێکەوتنێکی دووورودرێژ لەگەڵ شارەزایەکی پسپۆڕ لە سەلامەتی ئاسمانی بکەیت، بۆ ئەوەی وتارێک لەبارەی بابەتەکە بنووسیت. بۆ نموونە دەکرێت پێوەندی بە لێکۆڵەرێکی خانەنشین بکرێت (کە لە لێکۆڵینەوەی چەندین رووداودا بەشدار بووە) بۆ ئەوەی زانیاری و تێڕوانینی گرنگت دەست بکەوێت. ئەگەر یەکێکیانت دەست کەوت، هەوڵ بدە بانگهێشتی بکەیت بۆ نووسینگە، چونکە بە لای کەمەوە کاتێک لە نووسینگە

دەبێت، لەوە دڵنیا دەبیت کە زانیارییە بەنرخەکەی بە ڕۆژنامەیەکی دیکەی ڕکابەر نادات.

### وتارە ڕێکخراوەکە

هەمـوو زانیـارییـە باش و بە سـوودەکـان کـە لە ڕاپۆرتەکـانی پێـشـوو وەرگـیـراون (سـەرەڕای بەدواداچوونەکانی دیکە، وەک کاریگەرییە ئەگەرییەکان لەسەر کاتی گەشتەکان و ژمارەی تەلەفۆنی کەسوکاری قوربانیان کە نیگەرانی ئازاریان دەدات...) لە وتارێکی پوختدا کۆیان دەکەیتەوە، ئەمەش گێڕانەوەیەکی درێژ و گشتگیرە بۆ وردەکاری ڕووداوەکە لە لاپەڕەی یەکەمدا. شێوازی ڕاستەوخۆی سادە و ناسۆزداری هەمیشە باشترین نزیکبوونەوەیە: "هەموو شتێک دەستی پێ کرد کاتێک..." هەندێک بڕگەش وەک پێشەکی لە پێشیدا بێت. هیچ کـات پەنا بۆ فـرتوفـێڵ و ئاڵۆزی مـەبە، بە تایبەتی هێشتا نووسینی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە تەواو نەبووبێت. تەنیا ئاماژە بەوە بکە کە مایەی دڵنیاییە و هیچ شـتـێک مـەهێـڵـەوە پەیوەست بێت بە بەخت و قـەدەرەوە، کـاتێک وردەکـاری و ڕاسـتی زیاترت بۆ دەردەکەوێت.

هەمـوو ئەم ڕەگـەزانە بە شـێـوەیەکی جـیـا نابن، بەڵام زۆربەیان وەها دەبن. هەندێک هەواڵـساز گـومـان دەکەن کە ئەم جـۆرە ڕوومـاڵ کـردنە لە ڕووی قـەبارە و مـەوداوە نموونەییە، بەڵام لەگەڵ چیرۆکێکی بەم قەبارەیە دەرفەتی شیکردنەوەی قـووڵت بۆ ڕووداوێک بـۆ دەرەخسێت، کە جـێی بایەخی خـوێنەرانە. وێـسـتگەکـانی تەلەڤـزیۆن لەوانەیە لە پەخـشـکردنی هەواڵ و وێنەکـاندا دەست پێشـخەر بن، بەڵام ناتوانن شیکردنەوەیەکی قـووڵ بکەن وەک ئەوەی ڕۆژنامـەکـان دەیکەن. بەرنامـەیەکی هەواڵی کە مـاوەکـەی نیـو کـاتژمێـرە، وشـەکـانی تاڕادەیەک لە وشەکانی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەیەکی ئاسایی زیاتر نییـە، هەرچەندە ئەمـە بە هۆکـاری سـەرەکی دانانرێت، بەڵام بڕیاردان لەسەر ڕۆژنامـەکان پشت بە فـەرمـانبـەر و هەواڵـسـازەکـانی و چۆنێـتی ڕوومـاڵ کـردنی ڕووداوە گەورەکان دەبەستێت، کەچی ئەوەی زۆربەی هەواڵسازان لە ژیاندا زۆر لێی پەشـیـمـانن ئەوەیە، کـە لە بایەخی چیرۆکێکی گەورەیان کەم کردبێتەوە.

### ژمارەی قوربانییان

کێشـەکە لە دوو لایەن لە لایەنەکانی ڕوومـاڵ کـردنی کارەساتەکاندا خۆی دەبینێتەوە: ژمارەی قوربانییەکان و پێوەندی کردن بە کەسوکاریانەوە. لە کاتژمێرە کەمەکانی سەرەتادا، ژمارەی قوربانییەکان سەرچاوەیەکی شڵەژاوی بەردەوام دەبێت. لە کـارەساتە سـروشـتـیـیـەکـاندا وەک لافـاو، دەکـرێت چەند ڕۆژێـک مـایەی تەمـومـژی و بروا نەکـــردن بێت، تەنـانـەت لەوانـەیـە خــــەمـــــڵاندنـە فـەرمـیـیـەکانیش تاڕادەیەک وردیەتی لە دەست بدەن. لە زەوی لەرزەی تۆکـیـۆ لە ساڵی ١٩٢٣ بۆ نموونە، ژمارەی کـوژراوەکـان کـە ڕۆژنامـەکـان باسـیـان لێ کـرد، لە ١٠ هەزارەوە بـۆ ٥٠٠ هەزار بەرز بووەوە، پاشـان لە مـاوەی تەنیا سێ ڕۆژدا بووە زیاتر لە یەک ملیۆن. بەڵام ژمارەی ڕاسـتـەقـینە گـەیشـتـە ١٥٠ هەزار کـەس، هەروەها ڕۆژنامەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە گڕکانی چیای فوجی تەقیوەتەوە (ئەمەش ڕووی نەدابوو) و شەپۆلەکانی دەریا دوورگەیەکی لە کەنداوی ساگامی نغرۆ کردووە (ئەمەش ڕاست نیـیــە) و ســەرۆک وەزیرانی ژاپۆن بە دەسـتـی یەکێک لە ئاژاوەچییەکان تیرۆر کراوە (ئەم هەواڵەش لە ڕاستییەوە دوورە).

خەملاندنە زووەکان بۆ ژمارەی قوربانییەکان لەوانەیە کــەم، یان زیاد بکات، کـێـشـەکـە ئەوەیە تۆ دواتر ڕاستـیـیـەکە دەزانیت، بەڵام لەگەڵ کـەمێک بەختـدا، دەسـەڵاتدارە پێـوەندیدارەکـان لەبارەی ژمـارەی نزیکەیی مـتـمـانە پێکراو، دەگـەنە ڕێککەوتنێکی هاوبەش کـە دەکرێت پشتی پێ ببەسترێت. ئەگەر نا، دەبێت هەمیشە کەمترین ژمارە لە سەرچاوەیەکی متمانەدار وەربگریت و بڵێیت "بە لای کەمەوە....کەس مردن کاتێک ....."، یان بەرزترین ژمـارە کـە ڕێ تێـچـوو بێت: "بەرپرسـان دەترسن لەوەی ژمارەی قوربانییەکان بگاتە .... کەس، کاتێک.....". پێوەرێک نییە تاکو بزانیت ڕۆژنامەکان هەمیشە کامە شێوازیان پێ باشترە، بەڵام نابێت لەبەر چەواشەکردن و وروژاندن شێوازی دووەم بەکار بهێنیت. لەو ژمارانە دڵنیابە کە پێشکەشت دەکرێت. ئایا ژمارەی ئەو لاشـانەیە کـە دۆزراونەتەوە، یان پێـشـبـینی کـردنی ژمـارەی کـۆتایی قـوربانـیـیـەکـانە؟ هەروەها ژمـارەی بریندارەکـانیش: ئایا ئەوانەن بۆ نەخـۆشـخـانەکـان گوێزراونەتەوە، یان هەمـوو بریندارەکانن بەوانەشەوە کە برینەکانیان سووکە؟

تەنانەت وریاترین و سوورترین دەسەڵاتەکان، سەبارەت بە ژمارەی قوربانییەکان هەڵەی گەورە دەکەن. کارەساتی

شــەمــەندەفــەری بادینگتــۆن لە لەندەن (١٩٩٩) نموونەیەکی دیارە لەم بارەیەوە، کـە لە بەرە بەیاندا دوو شــەمــەندەفــەر بە یەکــیــاندا دا، هەر زوو دەرکــەوت ڕووداوەکە گەورەو ترسناکە. لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا زنجیرەی ڕووداوە سەرەکییەکان زانرا، سەرەڕای ژمارەی قـوربانیـیـەکـان کـە لە ٧٠ کـەس نزیک بووەوە، پاشـان ڕاپۆرتە وردەکارییە ترسناکەکان بڵاو بوونەوە و باسیان لە "تۆپێکی ئاگرین" دەکرد کە فارگۆنی یەکەمی ڕامالیـوە. ئەگەر هەر سەرنشـینێکی تێدا بوایە وەک بەرپرسەکـان دەیلێن، دەستبەجێ دەسووتا. ڕۆژی دواتری ڕووداوەکە، هەندێک ڕۆژنامە بڵاویان کردەوە کە ژمارەی کوژراوان لە ٧٠ کەس تێپەڕی کردووە، پاشان ژمارەکە زیادی کرد، دوای ئەو زانیـارییـانەی کـە بەرپرسانی ئاگرکـوژێنەوە و پۆلیس خسـتـیـانەڕوو گـەیشـتـە "نزیکەی ١٧٠"، بەڵام کاتێک تیمەکانی ڕزگارکردن نێردران بۆ گەڕان لە نێو وێرانەکەدا، دەرکەوت فارگۆنی یەکەم لاشەی لێ نییە، لەگەڵ ئەوەی وێرانیش بووە. لە ڕاسـتـیـدا ئەوەی لەسـەر هەمـوان بە پۆلیس و ڕۆژنامـەنووسـانیش تێـپـەڕی، خۆ ماندووکردن بە قسە کردن لەگەڵ ڕزگاربووانی فارگۆنەکە و پرسیـار لێ کردنیان لەبارەی ژمارەی سەرنشینان بوو. دەرکـەوت ژمـارەکـە لە ١٠ کـەس تێـپـەڕی نەکـردووە (هەمووشیان ڕزگاریان بووە)، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو گـریمانانەی پشـتـیـان بە قـەوارەی فـارگـۆنەکە بەست و ژمارەکەی بە دەیان دەخەملاند. لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا ژمارەی قوربانییەکان بۆ ٣٥ کەس کەم بووەوە.

## پێوەندی کردن بە کەسوکاری قوربانییانەوە

پێوەندی کـردن بە کەسوکاری قـوربانیـیـانەوە کارێکە، هەمـوو پەیامنێـرێکی ڕۆژنامـەنووسی لێی دەترسـێت، ئەگەر هەستی بەمە نەکرد کەواتە بە ڕاستی کەسێکی نائاساییە، بەڵام سەختـییـەکە بە لای کەمـەوە لە هزری پەیامنێرەکەیە، پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ ئەو کاتە هەیە کـە بە سـەرچووە، لەوەتەی خـێـزانەکـە هەواڵە دڵتەزێنەکـەی پێ گـەیشـتـووە. هەمـیـشـە وا دیارە کـە سەختـتـرین و (خراپـترین) شت ئەوەیە داوات لێ بکەن پێوەندی بە کەسوکاری لێقەوماوانەوە بکەیت. ئەوانەی هاوسەر، یان کوڕ، یان کچەکەیان لە دەست داوە، یان دوای چەند کاتژمێرێک بە سەر ڕووداوەکەدا سەردانیان بکەیت، بە بەراورد لەگـەڵ ئەو حـاڵەتە لە دوای چەند ڕۆژێک، لە ویلایەتە یەکگرتووەکـــان و وڵاتانی دیکە دوای ئەوەی ناوی کـوژراوەکـان ڕادەگـەیەنرێت کـۆنتـرۆڵی پۆلیس کـەم دەبێـتـەوە، بە بەراورد لەگـەڵ ئەورووپا کـە پەیامنێـر دەتوانێت لەگەڵ کەسوکاری مـردووەکە قسـە بکات، بێ ئەوەی هەواڵەکـەیان زانیـبـێت. هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان، کە داوای ئەنجامدانی ئەم ئەرکەیان لێ دەکرێت، سەیر نییە بچن بۆ سینەما پاشان بگەڕێنەوە نووسـینگەکـانیـان و بە سـەرۆکـەکـانیـان ڕابگەیەنن کە کەسـیان نەبینییەوە قسەیان بۆ بکات، هەمـوومـان ئەو کارەمان کردووە.

پێوەندی کردن بە کەسوکاری قوربانییەکانەوە، یەکێکە لە بوارە زۆرەکانی پیشەکە کە پێویست بە شێـوازێکی توند و خـێـرا ناکـات. ئەو لە لایەکـەوە پەیوەسـتــە بە بیرۆکەیەکەوە کە هاووڵاتیان مافی ئەوەیان هەیە هەمـوو وردکــارییــەکی ڕووداوەکــە بزانن (بە وردەکــاری تەواو لەبارەی ژیانی قـوربانییـەکەش). لەمـە بترازێت، مـانای خۆدزینەوە و فرتوفـێڵ لە مەسـەلەکە دەگەیەنێت. ئەگەر ئەمە لێقەوماوانی تەنگاو کرد، با وا بێت، هەروەک ئەم جۆرە بیـانووە دووپاتی دەکاتەوە. دیـارترین حاڵەتیش کە مـایەی شۆک بووە ئەوەیە کە لەبارەی جیم ڕیچـاردسۆن، سـەرۆکی بەشی هەواڵی ناوخـۆیی لە ڕۆژنامـەی "لۆس ئەنجلۆس ئیگزامینەر" گێڕاویەتییەوە. بە پێی ژیاننامەی جیم مـۆرای نووسـەری پسـپـۆڕ لە وەرزش، جـارێکیـان ڕیچـاردسۆن فـەرمـانی بە وین سـوتوونی پەیامنێـر کـرد، پێوەندی بە دایکێکی جەرگ سووتاوەوە بکات.

ڕیچـاردسـۆن پێی گـوت "پێی ڕانەگـەیەنێت چی ڕووی داوە، پێی بڵێ کچەکەی پێشبڕکێی شاجوانانی لە کامپ ڕۆبرتس بردووەتەوە، پاشان هەمـوو زانیـارییەکی لەبارەی کچەکەی لێ وەرگرە". سوتوون ڕێنماییەکانی جێبەجێ کـرد و دایکەکە بە خـۆشـحـاڵیـیـەکی زۆرەوە وردەکـاری چیـرۆکی ژیانی کـچـەکـەی گـێڕایەوە، پاشـان سـوتوون تەلەفۆنی بۆ سەرۆکەکەی کرد و لێی پرسی: "ئەی ئێستا چی بکـەم؟" ڕیچـــاردســـون بە دەنگێـک کـــە دەربڕی ڕەزامەندی و شادمانی بوو، گوتی: "ئێستا ڕاستییەکەی پێ بڵێ".

ئەم شـێـوازە وەک شـێـوازێکی تەکنیکی، کـارێکی ڕۆژنامـــەنووسی تۆقـــێنەرانەیە. لە لایەکی دیکەوە، بیـرۆکـەیەکی باو هەیە کە پێـوەندیکردن بە لێقـەومـاوان ڕەفـتــارێکی خـراپە و پاسـاوی بۆ نییــە، بۆیە نابێت

ئەنجـــامی بدەیت. ئەم بیـــانووەش دووپاتـی دەکـــاتەوە پێـویستــە پەیامنێـران پابەند بن بەو زانیـــارییـانەی کـە دەکرێت لە سەرچاوە گشتییەکان، یان ئەوانەی ئاگاداری وردەکارییەکانن کۆ بکرێنەوە، نەک لە کەسە نزیکەکان کە پێـوەندییـەکی گـیـانی بە قـوربـانییـەکـە (وەک هاوپیشە، یان دراوسێ) گرێیان دەدات.

بەڕای خـۆم، زیرەکـتـرین و پیـشـەوەرترین هەڵوێست ئەوەیە، لەگـەڵ ئەندامانی خێزانەکە بە شێوازێکی نیان قسـە بکەیت، کە ڕەچاوی هەسـتیـان بکەیت و دەرفەتی قسەکردنیان پێ بدەیت، چونکە سەرەڕای هەموو شتێک، تۆ کێی تاکو ڕێگە نەدەیت ژیاننامەی لەدەستچووەکەیان بە نووسراوی و بڵاوکراوەیی ببینن؟ کە لەوانەیە بۆ تەنیا جـارێک بێت، لە جـیـاتی ئەوەی تەنیـا ناوێک بێت لە لیستی قوربانییەکاندا. ئەو نزیکبوونەوەیەی کە ڕەچاوی هەستی ئەوانی دیکە دەکات، تاڕادەی چاوەڕوان نەکراو پێـشـوازی لێ دەکـرێت و پەسند دەکـرێت. زۆر لـەوانەی ئازیزێکیـان لە دەست چووە، حەز دەکـەن ئەو هەسـتـەیان هەبێت کە لەدەستچووەکەیان ژیانێکی وای بەسەر بردووە شایانی ئەوەیە تۆمار بکرێت، قسە کردن بۆ ئامرازەکانی ڕاگـەیاندن شـێـوازێکە دەکـرێت بە هۆیەوە پێـوەندی بە جیهانی دەرەکی بکەن و هاوبەشی لە ناڕەحەتییەکەشیان بکات. لەم بارەدا تەنانەت قسەکردن لەگەڵ پەیامنێرێک وەک چارەسـەر وایە. دیریک لامبـرت پەیامنێـری "دەیلی میرۆر"، لە یادەوەرییەکانیدا نووسیویەتی:

هەر کـاتێک سـەردانی دایک و باوکـێکی لێقـەومـاو، یان بێوەژنێکی دڵتـەنگم کردبێت، پێشوازییـەکی گەرمم لێ کراوە، دەچمە ماڵەوە، "ئەلبووم"ی وێنەکان دەخرێتە بەردەسـتـم، بۆ ئەوەی منداڵێک بە پانتـۆڵێکی کـورت ببینم، هەروەها سەربازێک کە خەندەیەک لە ڕوخساریدا دیارە و بە جلوبەرگی خزمەتەوە بە پەشۆکاوی وەستاوە، یادەوەرییـەکان بە دوای یەکدا دێن. ئەو کـاتەی دەگەمـە دەرگای باخچەکە، لە ناخەوە ئارەزووی گریان دەکەم.

یاسا زێڕینەکە ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوانی دیکە هاوسۆز بیت، ئەمـەش ئامۆژگارییـەکی دڵسـۆزانەیە، کـە ناوەندی ئامـرازەکـانی ڕاگـەیاندن و قـوربـانییـەکـان لە کـۆلێـژی ڕۆژنامەنووسی لە زانکۆی میشیگان پێشکەشی دەکەن، بەڵام ئەو زانیـارییە بە سـوودانەی لە کـاتی پێـوەندیکردن بە کەسوکاری قوربانیانەوە پەیامنێران پێشکەشی دەکەن، بریتین لە:

* هەسـتی کـۆنتـرۆڵ کـردن و خـۆڕاگـری بە کـەسـوکـاری قـوربانیـان ببـەخـشـە. داوایان لێ بکە پێت ڕابگەیەنن چ کاتێک دەیانەوێت شتێک بڵێن کە بۆ بڵاوکردنەوە نییە. ژمـارەی تەلەفـۆنی خـۆتیـان پێ بدە و پێـیـان بڵێ، کـە دەتوانن پێـوەندی بکەن بۆ ئەوەی لەبارەی چیـرۆکـەکـەوە گفتوگۆ بکەن.

* هەر لە سـەرەتاوە مـەسـەلە تایبـەت و نـهێنییـەکـان تاووتـو بکـە، بۆیان بـاس بکـە چیت دەوێت و دەتەوێت لەگەڵ کێ قسە بکەیت و چەند دەخایەنێت.

* ئامـادەباش بە بـۆ ئەگـەری ئەوەی هەواڵێکی خـراپ دەگـوێزێتـەوە، ئەگـەر خـودی هەواڵی مـردنەکـە نەبێت و لەوانەیە هەندێک لایەن و وردەکاری نەزانن.

* بە شـێـوەیەکی دۆسـتـانە لەگـەڵیـان بدوێ، پاشـان داوای مـۆڵەتیـان لێ بکە بۆ ئەوەی هەندێک تێـبـینی بنووسـیـتـەوە. لێـیـان بپـرسـە ئایا دەتوانیت ئامـێـری ڕیکۆردەر بە کار بهێنیت.

* دانپـێـدانانی خـۆت بە قـەبارەی ئەو زیانەی تووشی هاتوون نیـشـان بدە. بۆ نموونە پێـیـان بڵێ: "هەست بە دڵتـەنگیـیـەکی زۆر دەکـەم سـەبارەت بەو کـارەسـاتە ئازاربەخـشـەی بە سـەرتان هاتووە"، یان "تاوانی ئێـوە نییـە"، یان ئەگـەر لە ڕزگـاربووان بـوو: "سـوپاسی خـوا دەکەین بۆ سەلامەتیتان".

ئەگـەر دوا ئامـۆژگـاریت پەیڕەو کـرد، نەکـەیت بڵـێی: "منیش وەک ئێوە دڵتەنگم". چونکە زۆر دوورە وا بێت. مامۆستایانی زانکۆی میشیگان جارێکیان بیستبوویان، لە چاوپێکەوتنێکدا کە پەیامنێرێکی لاو لەگەڵ پیاوێک ئەنجامی دابوو، کە تازە کچەکەی دەست درێژی سێکسی کـرابووە سـەری و کـوژرابوو. پەیامنێـرەکـە گـوتی: "لە هەسـتـت تێ دەگـەم، منیش وەکـو تۆ ناڕەحـەتم، مـردنی سـەگـەکـەم بیـر کـەوتەوە". بە دڵنیـاییـەوە ئەم دەربڕینە هەرگـیـز بە باوکـێکی لێقـەومـاو ناگـوترێت، کە کـچە تاقانەکەی لە دەست دابێت.

دوا جـار، ئەگـەر داوات لێکرا بە تەلەفـۆن پێـوەندی بکەیت، ئامـۆژگـارییـەکی بە سوودت پێشکەش دەکەین، لەبارەی چۆنیـەتی مامـەڵەکردن لەگەڵ کاردانەوەیەک کە تووڕەیی، یان بێزاری پێوە دیار بێت. ئامۆژگارییەکە لە لایەن ئادنا بوکـانان، خـانمە پەیامنێـری پێـشـووی تاوانکاری لە ڕۆژنامـەی "مـیـامی هیـرالد" و براوەی خـەڵاتی پۆلیـتـزەرەوەیە. ئەو ١٨ سـاڵ لە کـارەکـەیدا

بەردەوام بوو، زیاتر لە پێنج هەزار تاوانی کوشتنی رووماڵ کرد، زۆر جار کەسوکاری قوربانییەکان تەلەفۆنیان بەڕوودا داخستووە و ئامادە نەبوونە قسەی بۆ بکەن. سیاسەتی ئەو چاوەڕوانی کردن بوو بۆ ماوەی ٦٠ چرکە، دواتر دووبارە پێوەندی دەکردەوە. زۆر جار کەسەکە ڕای خۆی دەگۆڕی، یان کەسێکی دیکەی خێزانەکە وەڵامی دەدایەوە، کە ئامادەیی باشتری بۆ قسە کردن هەیە. ئەو دەیگوت: "من ئادنا بوکانانم لە "میامی هیرالد، پێوەندییەکە پچڕا"، ئینجا دەیگوت:

زۆر گرنگە دەرفەتیان پێ بدەین تاکو ڕای خۆیان بگۆڕن، لەوانەیە بە داخستنی تەلەفۆنەکە یەکسەر پەشیمان ببنەوە، یان یەکێکیان پێی بڵێت: "دەبوایە لەگەڵ پەیامنێرەکە قسەت بکردایە"، بەڵام ئەگەر جارێکی دیکەش ئامادە نەبوون قسە بکەن، ئیتر هەوڵ نادەمەوە، بەڵام زیاتر لە نیوەی حاڵەتەکان لە هەوڵی دووەمدا سەرکەوتوو دەبم.

**هەموو پەیامنێرەکان دڵ ڕەق و توندن، ئەی وا نییە؟**

بە ڕای تۆ ڕادەی سەرکەوتنی پەیامنێرەکان چەندە، لە لادانی تۆمەتی بەشداریکردن لە دروستبوونی کارەسات لەسەر خۆیان؟ خەڵک لەو بڕوایەدایە پەیامنێری ڕۆژنامەنووسی کەسێکی ستەمکارە و لەوانەیە دڵی لە بەردی سەخت بێت. ئەو ڕەخنەگرە، زیرەکانە پلان دادەنێت و لەوانەیە قسە ڕەق و بێ بەزەییش بێت. ئەو دەتوانێت ڕووبەڕوو تەماشای لاشەی مردوو بکات و پێ بکەنێت. پەیامنێر سەر بە پۆلێنێکی خەڵکە کە لە شێوەی بن هیکتانن بۆ نموونە، کە پەیامنێری "شیکاگۆ دەیلی نیوز"ە و لە دانانی کتێبی "لاپەڕەی یەکەمدا" بەشدار بووە.

لە ساڵانی بیست و سییەکانی سەدەی ڕابردوو، هیکت هەموو ئەو کارە تاوانکاری و بەدڕەوشت و چەپەڵانەی رووماڵ کرد، کە لەم شارەدا باندەکان ئەنجامیان دا. کارەکەی تەرکیزی دەکردە سەر ساردکەرەوەی لاشەکان، هەڵکوتانەکانی پۆلیس، هۆڵی دادگاکان و زیندانی حوکمدراوان. زۆربەی ئەوانەش چاوی پێیان دەکەوت، بکوژ و لادەر و سەرشێت و نەخۆشی دەروونی بوون. ئەوەی هەرچی و پەرچی هەیە لە شیکاگۆ ئەم بینییانی بەڵام توانی هەمیشە هێمن بێت.

تاکو ڕۆژێکیان لە دانیشتنێکی دادگا ئامادە بوو، پیاوێک هەموو ئەندامانی خێزانەکەی سەربڕی بوو. مەسەلەکە بۆ هیکت ئاسایی دەهاتە پێش چاو، لە شوێنی قەرەباڵغی پەیامنێران دانیشتبوو چاودێری بکوژەکەی دەکرد، کە بە بێ گوێدان و بە جەستە زەبەلاحەکەی لە بەردەم دادوەر ڕاوەستابوو، تاکو حوکمی بە سەردا بدرێت. دادوەرەکە بڕیاری دا لە سێدارە بدرێت، تاوانبارەکە لە پڕێکدا هاواری کرد "تکات لێ دەکەم لە سێدارەم بدە!" و لە چاکەتەکەیدا قەمەیەکی دەرهێنا و لە دڵی دادوەری دا، دادوەر کەوتە سەر زەوی و هەناسەی لێ برا.

بێ دەنگی باڵی بە سەر هۆڵەکەدا کێشا، هەمووان حەپەسان و جووڵەیان نەکرد، تەنانەت (هیکت)ی شارەزای دنیادیدەی دڵڕەقیش. هەمووان واق ورمان، جگە لە پەیامنێرێکی بچووک لە ڕۆژنامەی "ئینتەر-ئۆشن" نەبێت. هیکت دەیبینی وا بە خرۆشەوە دەنووسێت، ئەو تاکە پەیامنێر بوو لە نێو ٣٠ لە هاوپیشەکانیدا، کە زات و هێزی مێشکی تەواوی هەبوو، بە جۆرێک ئەوەی ڕووی داوە لە ئەرکەکەی داینەبڕێنێت. بە پەلە نووسی و چەند لاپەڕەیەکی بچوکی پڕ کردەوە، پاشان بە دەنگێکی بەرز بانگی ئەو کوڕەی کرد کە نامەکان دەگوێزێتەوە، ئەویش بازی دا بۆ ئەوەی ئەو پێشدەستییە ڕۆژنامەنووسییە بە تەلەفۆن بگوێزێتەوە.

دواتر هیکت باسی کرد: "لە هۆڵی دادگا، هیچ کاممان ئەو خێراییە پێویستەمان نەبوو یەک وشەش بنووسینەوە، پەلامارەکە ئیفلیجی کردین. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پیاوە لە "ئینتەر - ئۆشن" مێشکێکی پۆلایینی هەبوو، بۆ ساتێکیش لە ڕاپەڕاندنی کارەکەی نەوەستا. حەزم دەکرد بزانم چی دەنووسێت". هێکت بە دوای کوڕەکەدا ڕای کرد و باڵی گرتەوە و لاپەڕە بچووکەکانی لێ ڕفاند. بینی وشەکان بە شێوەیەکی لەرزۆک نووسراون: "دادوەرەکە بە چەقۆ لێی درا، دادوەرەکە بە چەقۆ لێی درا، دادوەرەکە بە چەقۆ لێی درا...".


**سەرچاوە:**

**ديفيد راندال، الصحفي العالمي، ت: عبدالمعين امام، ط١، دار العبيكان للنشر والتوزيع، السعودية، ٢٠٠٧.**

# سەرنجێکی ورد لە بارەی هەوارگەی مەلیک مەحموود لە گوندی پیران و ولەژێر

غەفووری میرزا کەریم
(سلێمانی)

پیران گوندێکی خنجیلانەی (٢٠) ماڵییەو دەکەوێتە نزیک پێنجوین، لە هەڵاتنی مەلیک مەحموود (شێخ مەحموودی حەفید) لە سلێمانی، پاش تێکچوونی قەوارەی حکوومەتەکەی ئەم گوندەی بۆ هەوارگەی بەرگری کردن لە خۆی و جەنگاوەرەکانی هەڵبژاردووە، هەموو جار کە لەسەر شۆڕشەکانی مەلیک مەحموودم دەخوێندەوە بەهەشتی ڕەفیق حیلمی و نووسەرانی تر ڕەخنە و گلەیی و گازندەیان لە مەلیک مەحموود هەبووە لەسەر چۆنیەتیی شەڕی بەردەقارەمان و هەڵوێستی لەو شەڕەدا. گوایە دەبوایە مەلیک مەحموود لە جیاتی ئەوەی خۆی و جەنگاوەرەکانی کە (٣٠٠) کەس بوون، بەو شێوەیە کۆی نەکردنایەتەوە و بەرانبەر لەشکری داگیرکەری ئینگلیزی جەنگی پارتیزانی بکردایە (و دەبوو شەڕی جەبهەیی واتە شەڕی دەستەویەخە نەکات)، بۆیە پاش لێکۆڵینەوە لە شەڕی بەردە قارەمان کە کاتێک (مەحموود خانی دزڵی) هات و هەوارگەی لە گۆیژە داناو دوایی ناویان نا (قوتەی مەحموود خان) بە پیر بانگەوازی شێخەوە هات و (٣٠٠) جەنگاوەر (سوارەو پیادە)ی لەگەڵدابوو، هێرشی هێنایە سەر ئینگلیزەکان و سلێمانی ڕزگارکرد و ئەنجامدا شێخ بانگەوازی سەربەخۆیی ڕاگەیاند، بەڵام هێزی ئینگلیز کە (٤٠٠) سوارەو (٢٠٠٠) پیادەبوو، مێجەرسۆن ڕای کردو باقی هێزەکەی لە دەبۆکە دەست بەسەرکران، پاشان لە شکرێکی ئینگلیز لە کەرکووکەوە بۆ سەرکوت کردنی شێخ کەوتەڕێ، بەڵام جەنگاوەرانی کورد ئەو لەشکرەی تری ئینگلیزیشیان تێک شکاند، بۆیە ورەی جەنگاوەرانی مەلیک مەحموود زۆر بەرزبووەوە، لەسەر ئەم دوو تاقیکردنەوەیە کەوتە سەر ئەو بڕوایەی ئەگەر ئینگلیز لەشکرکێشی بکا دەتوانێ

بەسەریاندا سەرکەوێ، بۆیە ئەو تاقیکردنەوەیەی کە باس کرا (تاقیکردنەوەکەی مەحموود خانی دزڵی) یەک دەگرێتەوە، خۆی و هێزەکەی لە دەربەندی بازیان-دا خۆیان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە قایم کرد، ئینگلیز کە بۆی دەرکەوت سامانێکی زۆر واتا (نەوت) لە کوردستاندا هەیە و سەرخۆشی کردوون، بۆیە بیریان لەوە کردەوە کە بەهەر هۆیەک بێ کوردستان داگیر بکاتەوە، لەبەر ئەوە کەوتە بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی.

وەک مێژوونووسانی هاوچەرخ دەڵێن: ئینگلیزەکان بۆ یەکەمین جار بۆ تاقیکردنەوە هێزی ئاسمانییان دژ بە کورد و دژی جوولانەوەی کورد لە دەربەندی بازیان بەکارهێنا، ئیتر چۆن (۳۰۰) جەنگاوەر بە چەکی کۆن و شەق و شڕی ئەو سەردەمە دەیتوانی بەرەنگاری هێزی مۆدێرنی ئەو سەردەمە ببێتەوە، بەمەرجێ ئەو جەنگاوەرانە هەموویان لە کوڕە ئازاکانی ئەم گەلەبوون، شێخیش ئەوەندە پسپۆڕی لەگەڵ نەبووە تا پێشبینی کارەکانی دوژمن بکات، بۆیە ئەو هێزە ئاسمانییەی ئینگلیز دەست پێشکەریی کرد، ئەگەر پێشبینی ئەوەیان بکردایە کە ئینگلیز هێزی ئاسمانی بەکاردەهێنێ لەوانەبوو هەڵوێستێکی تر وەربگرن، دوور نەبوو هێزەکەیان دابەش بکردایە بەسەر چەند قوڵێکەوە و شەڕی پارتیزانییان بکردایە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیبیەوە وەک وتمان بوونی نەوتی کوردستان، بەریتانیای بە بۆن خستبوو، بۆیە لە نەخشەیدا نەبوو کورد ببێتە خاوەنی قەوارەی سیاسی خۆی و کۆسپی بەردەم بەرژەوەندییەکانی.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئا لەم بوارەشدا دەتوانین ئاماژەیەکی چڕتر لەسەر شەڕی بەردەقارەمان بنووسین، چونکە زۆر کەس بەپێی بیروبۆچوونی دواکەوتووی کۆمەڵگای کوردەواری وای بۆ دەچن کە گوایە هۆی تێک شکاندنی مەلیک مەحموود لە دەربەندی بازیان، خیانەتی (موشیری حەمەی سلێمان)ە. کە لە بنەڕەتدا هۆی سەرکەوتنی بەریتانیا بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی بوو، (لەوکات و سەردەمەدا بیر و بۆچوونی خەڵکی زۆر سادە و ساکار بوو، تا ئێستاش وەک دەڵێن گوایە هەڵوێستی نەگونجاوی شێخ مەحموود بوو کە کورد نەبووەتە خاوەنی قەوارەی سیاسی خۆی)، یان وەک ئێمە دەمانوت بەنداوی دەربەندیخان و دوکانیان بۆ ئەوە دروست کرد، گوایە دەبێ بە بنکەیەکی جەنگی دژی سۆڤیەت، چونکە لە بنەڕەتدا ئینگلیزەکان دەیانویست ڕژێمی عیراق بەهێز بکەن و بیهێڵنەوە بۆ ئەوەی ببێتە بنکەیەکی سەربازی، بۆیە لە دروست بوونی لەشکری عیراقدا دوو کەتیبەی شاخاوییان بەدیاری دایە، تا دژی جوولانەوەی کورد بەکاری بهێنێ، هەروەها ڕژێم دەیویست کوردستان بکا بەناوچەیەکی گەشتیاری، بۆیە نەخشەی بۆ دروست کردنی بەنداوی دوکان و دەربەندیخان و بێخمە دانا، کە دوو بەنداوی ناوبراو لە سەردەمی پاشایەتیدا دروست کران، کە هیچ بەرژەوەندییەکی کوردی تێدا نەبوو، بە پێچەوانەوە دێهاتێکی زۆری کوردستان بوو بەژێر ئاوەوە کە هەمووی زەویی کشتوکاڵی پڕ لە خێر و بێر بوو، جگە لەوەی شوێنەواری کۆنی وەک مەرگە و میرزا ڕۆستەمی تێدابوو، بۆ نموونە نەوشیروان مستەفا لە کتێبی (لەکەناری دانووبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ)دا دەڵێ: (گۆماوی دوکان (۷۰) هەزار دۆنم زەویی بەپیتی کشتوکاڵی و (۷۳) گوندی دەشتی بیتوێنی داپۆشیوە، لە ئەنجامی ئەمەشدا (۱۲۳۷) خێزان بۆ شوێنەواری تر گوێزرانەوە، جگە لەوەی چەندین جێی پڕ شوێنەواری کردووە بەژێرەوە) بە هەمان شێوە دەربەندیخانیش لەکاتی دروست بوونی بەنداوەکەدا زۆر دێهاتی کردووە بەژێرەوە، بەڵام بۆ بەنداوی بێخمە فریا نەکەوت دروستی بکات، بەڵام حکوومەتی عیراقیش پێش ڕاپەڕین کەوتە کنە بو دامەزراندنی بەنداوی بێخمە کە لە بنەچەدا بۆ ئەوەی بوو ناوچەی بارزان (چاوگەی جوولانەوەی کورد) هەمووی بکا بەژێر ئاوەوە و لە سۆرانی داببڕێت و شوێنەوار و مێژوو و کولتووری کورد لە سەرانسەری کوردستانی عیراق-دا بنەبڕ بکات، ئەمە ڕیشەی دامەزراندنی بەنداو بوو کە ئێمەی شیوعی نەماندەزانی هۆی دارشتنی ئەم پرۆژەیە چییەو هەر ئەوەندەمان لێ دەزانی کە ئەو دوو پرۆژەیە گوایە دەبێ بە بنکەیەکی دەریایی دژی سۆڤیەت، بۆیە دەبێ شۆڕشگێڕانی کورد دژی ئەم جۆرە پیلانانە بووەستن و کورد نەخەنە ناو بازنەی دووبەرەکییەوە بەناوی سۆران و بادینانەوە (بێخمە لەسەر زێی گەورەیە و لە هەکارییەوە سەرچاوە دەگرێ).

بۆ ڕاستی قسەکەمان، لەسەر تێک شکاندنی شەڕی دەربەندی بازیان دەتوانین زۆر نموونەی زیندوو بهێنینەوە،

یا بەراستی و دروستی زانستی بکەوینە لێکۆڵینەوە لەسەر دیاردەی بنەڕەتی شکستی کورد، نەک بۆ هۆی لاواز و لاوەکی بگەڕێین بۆ نموونە: حکوومەتی ژاپۆن کە لەگەڵ ئەڵمانیای نازی و ئیتاڵیا هاوپەیمان بوو، هێزێکی گەورەش بوو لە مەیدانی دووەمین جەنگی جیهانی.. تا شەڕی ئەورووپا تەواو بوو، حکوومەتی ژاپۆن لەسەر شەڕ بەردەوام بوو.

ئەمەریکاش بۆ سەرکوت کردنی ژاپۆن لە ساڵی (١٩٤٥)دا بۆمبای ئەتۆمی بەکارهێنا، هیرۆشیما و ناکازاکی کە دوو شاری گەورەی ژاپۆن بوون وێران کران، ئەگەر ژاپۆن درێژەی بەشەڕ بدایە ئەمەریکا شارەکانی تریشی وێران دەکرد، بۆیە بەکارهێنانی بۆمبای ئەتۆمی بۆ سەرکوت کردنی ژاپۆن و ترساندنی سۆڤیەت بوو کە ئەوسا نهێنی بۆمبای ئەتۆمی دەست نەکەوتبوو، ئەم دوو مەبەستە ئەمەریکای خستە سەر بەکارهێنانی ئەو بۆمبایە و لە ئەنجامی ئەوەدا ژاپۆن خۆی بەدەست بەرەی هاوپەیمانانەوەدا.

چەرچڵ لە یاداشتەکانیدا باسی قارەمانێتی ژاپۆن دەکا کە بۆ بازاڕ پەیداکردن و داگیرکردن گەڕاوە، تەنانەت پێشبڕکێی لەگەڵ ئەمەریکا دەکرد و دەیویست چین بەو گەورەییەوە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، لەم بوارەدا چوو بەگژ ئەمەریکادا لەو جەنگە گەورەیەدا و پەلاماری (پیرل هاربول)ی دا کە بنکەیەکی سەربازیی ئەمەریکا بوو، بۆ ئازایەتی ژاپۆنیش پیشانی دەدا کە فڕۆکەکانیان بەکارێکی خۆکوژی خۆیان بە پاپۆڕی هاوپەیمانەکاندا دەدا و دەیان تەقاندنەوە. بۆیە کە شەڕی ئەورووپا بە لەناوچوونی هێزی (میحوەر) تەواو بوو، ئەوسا سوێند خۆرەکان خۆیان بۆ هێرشی سەر ژاپۆن ئامادەکرد و سۆڤیەتیش بانگەشەی بۆ لەناوبردنی دەکرد، بەڵام ئەوان هەر لە هەوڵ و تەقەلای خۆیان نەکەوتن بۆ پارێزگاری لە وڵاتەکەیان، ئەوانیش دەیان زانی کە مەگەر ژاپۆنییەکان کەسیان نەمێنێ دەست بەرداربن، بۆیە (ترومان)ی سەرکۆماری ئەمەریکا بە بۆمبای ئەتۆمی چۆکی پێ داداو شەڕ کۆتایی هات.

لە شەڕی ئێران- عێراق-دا لەبەرەی فاو، عیراق بە پاڵپشتی ئەمەریکا تیشکی لیزەری دژی ئێرانییەکان بەکارهێنا و لەوێدا شکستیان هێنا و فاویان چۆڵ کرد، خومەینی بە ناچاری دانی بەپرۆسەی ئاشتیدانا و ملی بۆ پەیمانی شەڕ وەستاندن دا، لێرەدا وتە مێژووییەکەی خومەینی دێتەوە یاد کە وتی دان نان بە وەستاندنی شەڕ، وەک ئەوە وایە پەرداخێ ژەهر بخۆمەوە.

جووڵانەوەی کوردیش پاش وەستانی شەڕی ئێران- عیراق، بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عیراقەوە شکستێکی گەورەی بەسەردا هات کە نسکۆیەکی نوێ بوو، کە ئەگەر داگیرکردنی کوێت و شەڕی کەنداو نەبووایە جارێکی تر جووڵانەوەی کورد دوای ئەنفالە بەدناوەکان زۆر بەزەحمەت دەهاتەوە سەر شانۆی سیاسی و (ئەرزی واقیع).

هەموو ئەو بۆچوونانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە لە دنیای سەردەمدا چەک و هێزی نوێ بەکاردەهێنرێ و دەورێکی گەورەش دەبینێ، ئیتر بۆچی شەڕی بەردە قارەمان بەرینەوە سەر هەندێ دیاردەی لاوەکی، چونکە ئینگلیز بۆ نەوتی کوردستان و عیراق ئۆقرەی لەبەر براببوو، بۆیە هەموو شتێکیان بەکاردەهێنا لەوانە هێزی ئاسمانی تا بەمەرامە گلاوەکانیان شادبن، ئەمەش ئەوە دەردەخا کە لە هەموو سەردەمەکان و رژێمە یەک لە دوای یەکەکاندا بەرانبەر کورد و شۆڕشەکەی ئەو هێزە درندەیەیان بەکارهێناوە، بۆیە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرانبەر چەکی کیمیایی خۆی پێ نەگیراو نەیتوانی درێژە بە خەبات و شۆڕش بداو بوو بە نسکۆیەکی نوێ لە مێژووی کوردو شۆڕشەکەیدا.

مەلیک مەحموودیش لە ترسی هێزی ئاسمانی کەوتە کنە بۆ دۆزینەوەی جێگایەکی ستراتیژی و سەخت وەک ناو ئەشکەوت و کەوێڵ تا بتوانێ بەرەنگاری داگیرکەری ئینگلیز بێتەوە، ئەوەبوو خۆی گەیاندە قەمچوغەو جاسەنە کە دوو گوندی سەخت و خاوەن ئەشکەوتن، وەک ئەشکەوتەکەی مەلیک مەحموود لە قەمچوغە و ئەشکەوتی جاسەنە، بۆیە لە خۆڕا نییە کە پیرەمێردی شاعیر و فەیلەسووف وتوویەتی:

**ئەگەر نەبوایە ورەی تەیارە**

**حیزی و ئازایی ئەوسا دیارە**

هەر بە مەبەستی خۆ قایم کردن و بەرگری بوو گوندی پیرانی سەختی هەڵبژارد کە شێخە دێیەو موڵکی بنەماڵەی (حاجی شێخ عەزیز)ە، کە ئێستاش نەوەیان ماوەو ئەوکاتە خاوەنی (٤٥) گوند بوون، لە نزیکییەوە ئەشکەوتێک هەیە ناویان ناوە ئەشکەوتی مەلیک

مەحمـوود کە نزیکەی (٢٠) کەس زیاتر دەگرێت، بەڵام پێشتر ئەو ئەشکەوتە ناوی (ئەشکەوتی دۆڵی سوورێن) بووە.

دەبێ ئەوە بـزانین کــــە لـەو دەور و زەمــــانـەدا هیـچ سنوورێک نـەبووە لە نێـوان عـیـراقی تازە دامـەزراو و ئێـرانی دانەمـەزراودا، بۆیە هاتوچۆ زۆر ئازاد بووە لە نێوان هەردوو لاداو شـای ئێـرانیش تازە بە پاڵپـشت و هاوکـاریی ئینگلیـز هاتبـووە سـەر شـانۆی سـیـاسی و فەرمانڕەوایی، شێخیش لە ڕوانگەی ستراتیژی شەڕەوە ئەم گوندەی هەڵبژاردبوو.

شایانی وتنە کە وشەی پیران بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن دەگەڕێتەوە کە سەردەمی (زەردەشتی)یە، چونکە لەو کاتەدا بە پیاوە ئایینییەکانیان وتووە (پیری موغان)، یان (پیری شالیار)، (یۆنانییەکان کە هاتنە کوردستان و بوون بەهۆی لەناوبردنی شوێنەواری زەردەشتی لە جێی وشەی پیری موغان (مەگوس) یان بەکارهێناوە)، کە ئەم ناوە لە کوردستانی پان و بەریندا بەکارهاتووە، بۆیە ئەم گوندە لە دواییدا پێی وتراوە پیران شا، واتە شای ئێران (ڕەزاشــــا) ئەم وشـــــەیەی پێـــــوە لـکاندووە بۆ بەزیندووڕاگـرتنی ناوی خـۆی وەک شـایەکی خـاوەن دەسەڵات- وەک ورمێ کە گۆڕیبووی بە ڕەزائییە- (بەڵام خـەڵکی ئەم ناوچەیە دەڵێن بۆیە ناونراوە پیـران شـا، لەبەرئەوەی خەڵکی گەورەو پیاو چاک و پیاو ماقووڵی تێدا هەڵکەوتووە و تێدا نیشتەجێ بووە و ناویان ناوە پیران شا، هەرچەندە پیرانە کۆن لە رووی مێژووییەوە لە پیران شا کۆنترە)، یان پیرانی کوردستانی تورکیا کە بە ناوی قارەمانی کورد (شێخ سەعیدی پیران)ەوەیە کە لە ڕۆژی نەورۆزی ساڵی ١٩٢٥دا دژی تورکە کەمالییەکان دەستی کرد بە بانگ هێشتنی شۆڕش کرد.

هەروەها عەشیرەتێکیش لە مەهاباد و موکریان بەناوی پیران- ەوە هەیە.

بە نیسبەت ئەم ناوەوە زۆر جێگەی پیرۆز هەن کە بۆ سەیران و سەردان خەڵکی بۆیان دەچن وەک:-

پیرە مەگروون- واتا شای شاخان- زێوەر لە شیعرێکدا دەڵێ:- [پیرەمـەگروون مـوقـەددەسی دۆسـتی دائیـمی کـوردی] ئێــســتــا دەرکـەوتووە بڵندترین لووتکە لە کـوردسـتـانی عـیـراقـدا لووتکەی هەڵگوردە- پیـری شەوکێڵ- پیری کۆکە- پیریادیی گەرمیان- پیربال لە هەولێر- پیر خدر- پیر ئەلیاس- پیرە سپی لای گوندی پیـرانە کـۆن- پیـریاڵکی لای چوارتا- پیـرقـوربان و پیرڕەش لای قەمچوغە (پیر قوربان گۆڕستانە و پیرڕەش کانی و ئاو و گۆڕستـانی کۆنە- پیر بنیامین یەکێکە لە یارانی سان سەهاکی بەرزنجەیی کە لەسەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و نازناوی سەید خدری شاهۆیە- پیرداوود یەکێ لە یارانی سـان سەهاکی بەرزنجـەییـە و لەسـەدەی هەشـتــەمی کـۆچیـدا ژیاوە و بە (داوودی کـەوسـوار) ناسراوە- پیر مووسا یەکێکە لە یاران و نووسەرانی سان سەهاکی بەرزنجەیی و لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و لە شاری (کرند)ی کرماشان نێژراوە و بۆتە مەزارگای خـەڵکی. پیـرئەلیـاس لە پێنجوین- پیـرۆتە سـوور (لە کــاتی دروست بوونی بەنداوی دوکــانـدا بووە بەژێر ئاوەوە)- پیـرمـام (ئێـسـتـا پێی دەڵێن سـەلاحـەددین) پیرزین لە هەولێر و لە شارباژێر. بۆیە داوا لە ڕۆشنبیرانی کـورد دەکـەین ئەگـەر ناوی تریان دێتـەوە یاد ئاگـادارمـان بکەنەوە.

بۆ وێنە لە زەمـانی - عـومـەری کـوڕی خـەتتـاب-دا لەشکری ئیـسـلام بەسـەرکـردایەتی (مـوغـیـرە-ی کـوڕی شوعـبە) بەشێکی زۆری لە کـوردسـتـان داگیـر کـردووە و بوون بە ئیـسـلام، وەک ناوچەی (شـیـز)ی لای هەوشـار (شـیـز کەوتووەتە نێوان مـەراغـەو زەنگان و شارەزوور و دینەوەرەوە کـە پێـیـان وتووە تەختی سلێـمـان و ناوچەی مـــاددەکــــان بووە و زەردەشت لەوێ لە دایک بووە). بەشـێـک لە خـەڵکی ئەو ناوچەیە نەچوونەتە ژێر ئاڵای ئیسلام و ساڵی هەشت سەد هەزار درهەمیان وەک باج و خـەراج داوە بە ئیـسـلامـەکـان بۆ ئەوەی لەسـەر ئاییـنی زەردەشتی بمێننەوە.

دیارە لە خۆڕا نییە کە دەگوترێت کورد بە زەبری شمشێر ئیـسـلام بوون، بۆیە ئێـسـتـاش دۆڵی شـەهیـدان و دۆڵی کافران هەیە کە گوایە ئەسحابەکان کوژراون بە شەهید حسـاب کـراون، کـوردەکانیش بەرگـرییـان کـردووە بە کـافر ناودێریان کـردوون، (تا ئێـسـتـا بە خـەڵکی بانە دەڵێن ئەسـحـابە کـوژ، چونکە بەرگـرییـان لە خـۆیان کـردووە، لە ناوچەی قــەرەداغـیـش دۆڵێـک هەیە بە دۆڵی کـافـران ناسراوە- ڕیشەی وشەی کافریش بۆ گەبر دەگەڕێتەوە و لە دواییدا بووە بەکافر)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەورامان تا ماوەیەکی زۆریش هەر بەزەردەشتی ماونەتەوە و دواتر

بە خوایشتی خۆیان ساڵی (٨٤٢)ھ بوون بە ئیسلام و بەسەرزارەکی نوێژ و دابونەریتی ئیسلامیان بەجێ دەهێنا تا ئەوکاتەی (مەولانا گوشایش- گوشایشە کوێر) باپیرە گەورەی شێخە مەردۆخییەکان دەستی بە بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام لە هەورامان کرد، بە ڕابردنی هەشت سەدە و نیو لە شانوشکۆ و توانایی ئیسلام هێشتا نەیانتوانیوە بیروباوەڕی قبوولْ بکەن و لە ئامۆژگاری و وانەکانی پیری موغان (پیرشالیار) لابدەن و بۆ ئامۆژگاری لە خەڵکی هەورامان و ڕیش سپی و زانایانی خۆیان پرسیوە ئایا قورئان کۆنترە، یان ماریفەتی پیری شالیار (قرونی قەدیمەیا ماریفەت و پیرشالیاری) ڕیش سپیان و پیاو ماقوولان لە وەڵامدا وتوویانە ماریفەتی پیری شالیار کۆنترە و قورئان ئەوەیە کە دوێنێ گوشایشە کوێر هێناویەتی (مەولانا گوشایش چاوی پڕوپووشاوی بووە) ماریفەتی پیرشالیار بریتییە لە کتێبێکی بەربڵاو و فراوان و گشتی کە بە چەند بەندێک بە ڕستەی کورت و بەسوود داڕێژراوە و لە کۆتایی هەر بەندێکدا وەک سەرچاوە دووبارە بووەتەوە وەک دەفەرموێ:-

**گۆشت جەوانەی پیری شالیار بۆ**

**هۆشت جەکیاستەی زانای سیمیار بۆ**

(واتە گوێت لەوانەکانی پیری شالیار بێ و هۆشت لە نێردراوی زانای هێمادار بێ) کە ئەمڕۆ خەڵکی هەورامان زانای هێمادار کینایەت دەکەن بە حەزرەتی پێغەمبەر. کتێبی ناوبراو لە هەورامان-دا بەپێی وەسیەتی خودی پیر شالیار نایدەنە دەست بێگانە و سەرانسەری پەند و ئامۆژگارییەکە فەزڵ و پایەی مەعریفەتی ئەو زانایە دەردەخات. لە یەکێ لە بەندەکاندا دەڵێت:- بەفرێک دەباریٚ بەفر خۆرەیە- گوریسێک دەپچڕێ چوار سەری لێ پەیدا دەبێ، مریشکی ڕەش هێلکەی سپییە، قابلەمەیەک کە کون دەبێ دوو دیوی لێ پەیدا دەبێ.. مەبەستیشی ڕێگرتنە لە سوپای بێگانە و یەکیەتیی میللەت و پاراستنی نیشتمان. لە بەندێکی تردا دەڵێ: درەختان گیاندارن و جەرگودڵیان ڕەگوڕیشەیانە، جارێ گەڵادارن و جارێ ڕووتن، مریشک لە هێلکەیە و هێلکە لە مریشکە، ڕێوی لە ڕێوییە و گورگ لە گورگە... مەبەستی ئەوەیە کە درەخت گیاندارە و دەرکەوتنی بنەماکانی ژیانە لە ناویاندا، کە بەرگی خۆیان دەگۆڕن و تازەی دەکەنەوە و کۆنی و بە دوا داهاتنی نەژادەکان دەخەنە ڕوو، هەروەها نەگۆڕینی جۆرەکان دیاری دەکات کە هەر جۆرێک جۆری خۆی بە بەرهەم دێنێ، لێرەدا دەردەکەوێ کە کۆنە مەجووسییەکان خاوەنی بیروباوەڕی فەلسەفەی یۆنانی بوون کە دەڵێن مرۆڤ سەرەتای نییە و هیچ شتێک بە تاک کۆتایی نایە.

پیر شالیاری دانەری کتێبی ناوبراو وەک لەناوەکەیەوە دیار و بێ شکە کە مەجووسی بووە و باپیری پیرشالیاری دووەمە کە موسڵمان بووە، ئەم پیرشالیاری دووەمە لەبەر ئەنجامی خەوێکەوە کە دیویەتی بە پێغەمبەرەوە و لەو خەوەدا بە (کوڕم) بانگی کردووە و ناوی خۆی ناوە (مستەفا) و ئێستا بە سەید (مستەفا) بەناوبانگە و هاوچەرخی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) بووە و پێوەندیی فەرهەنگی لەگەڵیدا لە سنووری ساڵی (٤٨٠)ی ھ. دا هەبووە.

پیر شالیاری دووەم کتێبی (مەعریفەتی) گۆڕیوە و هەندێ لە بەشەکانی ئەوانەی لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا ناگونجێن لابردووە، ئەو نوسخە نوێیەی بەدەست هەورامییەکانەوەیە ئەم نوسخەیەیە.

(گوشایش)ی ناوبراو کوڕی (بابا مەردۆخ)ـە کە دەکاتە باپیرە گەورەی دانەری مەردۆخ و ساڵی (٧٥٥)ی ھ هاتووەتە هەورامان، ساڵی (٧٧٨)ی ھ کچی (شێخ شەهابەدین)ی بەناوی دزەر ئاوەر، کردووەتە خێزانی خۆی و لەوێ نیشتەجێ بووە. ساڵی (٨٤٢)ی ھ بە هاوکاری شێخ (شەهابەدین) دەستی بە بڵاوکردنەوەی قورئان و ئامۆژگارییە ئیسلامییەکان کردووە، بەڵام پێشڕەویی تەواوی نەکردووە، لە دوای مردنی، کوڕەکەی مەرامی باوکی بەجێ هێناوە.

دوای ئەوەی سنوور لەلایەن ئیمپریالیزمەوە دیاری کرا، گوندی پیران کەوتە سنووری ئێرانەوە بێجگە لەمەش شێخ لەگەڵ جەنگاوەرانی چووەتە گوندی ولەژێر کە ئاغا دێیەو نزیک مەریوانە و ئێستا نزیکەی (٤٨٠) ماڵ دەبن و بەپێ چوار سەعات لە پیرانەوە دوورە (ول ژێر وشەیەکی هەورامییە و لە دوو وشەی (ول) لەگەڵ (ژێر) پێک هاتووە، (ول) واتا کون، کە دەکاتە کون لەژێر، وەک خەڵکی ناوچەکەش باس دەکەن کارێزێک بەژێر گوندەکەدا هاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر وشەکە (وڵ)

بێت لە شێوەی هەورامیدا گوڵ دەگرێتەوە، ئەمەش لەوەوە هاتووە کە بەردەمی گوندەکە گوڵە زەردەی لێ بووە).

یەکێ لە داخوازی سەرەک عەشیرەتەکانی کوردی ئێران ئەوەبوو کە تێکڕا بێنە ژێر ئاڵای مەلیک مەحموودەوە بۆیە سکاڵا نامەیەکیان نووسی و مۆریان کرد و دایان بەشێخ کەبیدا بە نێرراوەکەی (سەید ئەحمەدی مەرەخەس و ڕەشید کایان) بۆ ئەوەی بیبەن بۆ خزمەت (شەریف پاشا) تا لە (عصبة الأمم) پێشکەشی بکات و کورد ببێتە خاوەنی قەوارەی خۆی، بەڵام ئەو دوو نوێنەرە لە بەیرووت گیران و کەوتنە دەست ئینگلیز، ئەوانیش سکاڵا نامەکەیان ناردەوە بۆ ڕەزاشا (پێوەندیی ئینگلیز و شاگەلێک پتەو بوو، هەردوو لاشیان دژی قەوارەی کوردی بوون).. شای ئێرانیش هەموو سەرۆک عەشیرەتەکانی گرت تا ساڵی (١٩٤١) بەندبوون، ئیتر لەشکری سوێندخۆران هاتنە ئێران و ئازادیان کردن و بەندیخانەی قەسری قاجاریان ڕووخاند (ئەم بەندیخانەیە وەک باستیلی فەرەنسا وابوو) سەرۆک عەشیرەتەکان بەسەرو ڕیشی درێژەوە بەرەو کوردستان هەڵاتن، بۆ وێنە یەکێ لەوانە سەلیم خانی بانە (خەزووری شێخ لەتیفی شێخ مەحموود و باوکی تەلا خان بوو) خۆی گەیاندەوە بانەو لەوێ سەرو ڕیشی تاشی. دیارە بێ مەلامەتیش نەبوو کە یەکێ لە داخوازییەکانی شێخ ئەوەبوو سنووری دەوڵەتی کورد بگاتە ئەولای سنە، واتە هەموو کوردستانی ئێران. ئیدی ناوی مەلیک مەحموود لە عیراق و ئێران-دا بوو بە سیمبولی کوردایەتی و بزووتنەوەکەشی بریتی بوو لە ئاوێنەیەکی ئایینی و کوردایەتی و کوردستانی ئێرانیش بوو بە پشتوپەنای (هەرچەندە لە ئێراندا زەویوزاری نەبوو، زیاتر هەستی ئایینی بوو، چونکە شێخ نەوەی کاک ئەحمەدی شێخە).

ئیتر لەودا بیر و بۆچوونی ئایینی ئەوەندە بە هێزبوو، تەنانەت شێخ و عەشایەری کورد بە سوارە و پیادە گەیشتنە شوعێبە بۆ بەرگرتن لە سوپای ئینگلیز و پاراستنی عیراق، بۆیە عەرەبەکان لە شوعێبە دروشمێکیان بەرز کردەوە و دەیانوت (ثلثين الجنة لها دينا وثلث لكاك أحمد وشويه شويه للبربوتي) واتە دوو بەشی بەهەشت بۆ ئێمە و بەشێکی بۆ کاک ئەحمەد و تۆزێکیشی بۆ بەربوتییەکان).. لەم بارەیەوە عەرەبەکانی خوارووی عیراق خۆزگەیان دەخواست کە شێخ لەو گۆڕەپانەدا شەهید بوایە تا ببوایەتە مەزارگایەک و خەڵکی زیارەتیان بکردایە.

**پەراوێزەکان:**

(١) مەرج نییە هەموو بەڵگەنامەکانی ئینگلیز، یان تەحقیقاتی جینائی ڕاست و ڕەوان بن، لەگەڵ ڕێز و پێ زانینم بۆ دکتۆر کەمال مەزهەر کە مەرج نییە هەموو بەڵگە نامەیەک دەقاودەق ڕاست بێ و ڕاستی بە دەستەوە بدا، پێویستە لەگەڵ واقیعی ڕۆژدا بەراوردی بکەین و بەدوای بەڵگەی زیاتردا بگەڕێین تا ڕاستی ئەو بەڵگەنامەیە بسەلمێنێ، واتا وەک کوردەواری دەڵێ وەک هێلکەی پاککراو بیخەینە بەردەست خوێنەرانی کوردەوە بۆ نموونە لە هەرای جووتیارەکانی عەربەت-دا لە کتێبەکەی (حنا بطاطو)دا کە بەڵگەنامەیەکی لە تەحقیقاتی جینائی-دا دۆزیوەتەوە کە گوایە شیوعییەکان لەسەر ئەو هەرایە ڕاپۆرتێکیان نووسیوە کە گوایە جووڵانەوەی جووتیارەکانی عەربەت بە زۆری زۆردارەکی سەرکوت کراوە، گوایە لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە شێخ لەتیف (٤٠٠) چەکداری بردووەتە سەر جووتیارەکانی عەربەت، پاش تەقە کردنەکەی شێخ لەتیف لە سلێمانی کە بە ئاسماندا کردی، شێخ مەحموود بانگی کرد بۆ داریکەلی پێی وت ئەم کارە ناپەسەندەی تۆ چی بوو ویستت بچیت بەگژ خەڵکی سلێمانی-دا، ئێمە بەهۆی خەڵکی سلێمانییەوە گەورەییمان ماوە، ئیتر لەوساوە شێخ لەتیف بوو بە لایەنگری ئێمە.

لێرەدا گەلاڵەی قسەمان ئەوەیە کە قەت شێخ لەتیف (٤٠٠) کەسی چەکداری نەبووە، لە زۆر کاتدا کە تەنیا (من و کاک محیەدین چنارەیی و شامرادی بۆرەکەیی)ی لابووین، نە پارەی پێ بوو، نە چەکداریشی ئەوەندە هەبوو، بۆیە ئەو برادەرەی کە ڕاپۆرتەکەی نووسیوە زۆر زیادەڕەوی کردووە کە ئەوە ڕاست نییە، دیارە هەموو ڕاپۆرت و قسەیەک دەبێ لەگەڵ واقیعدا هەڵسەنگێنرێ ئەگینا ناتوانین ڕاستییەکەی بڵێین: (هەرچەندە پێ دەچێ ئەو بەڵگەنامەیە، بەدەستی ڕژێمی ئەوسای عیراق دروست کرابێ)... بۆ نموونە حزبی شیوعی توانی نەفەرێک بخاتە باڵیوزخانەی بەریتانیاوە لە بەغدا، دیارە سەفارەتی ناوبراو دەیزانی ئەو برادەرە سەر بە جووڵانەوەی نیشتمانی عیراقە بۆیە بەڵگەنامەی

ساختەیان دەدایە، یەکێک لەو بەڵگەنامانەی کە زۆری ساختە بوو، بریتی بوو لە ناوی ئەو ئەفسەرانەی کە سەر بە جووڵانەوەکە بوون، لەناویدا ئەفسەری ئاشکرا هەبوو سەربەخۆیان بوو بۆ ئەوەی جووڵانەوەی نیشتمانی بخەنە گومانەوە. لە بابەتی ئەو بەڵگە نامانە زۆرن بۆ لاوازکردنی جووڵانەوەی نیشتمانی و گومان کردن بەرانبەری، بۆیە هەموو بەڵگەنامەیەکی لەو جۆرە نابێ پشتی پێ ببەسترێ، هەتا جارێکیان تێکۆشەری شیوعییەکان (ڕەووخی حاجی قادر) لە سلێمانی پێی وتم بیروبۆچوونی تۆ دەربارەی فلان تێکۆشەر چییە! منیش وتم نیازت لەم پرسیارە چییە! وتی ئەو برادەرە دەناسی، ئەوە لە بەڵگەنامەیەکی تەحقیقاتی جینائیدا هاتووە کە ئەو برادەرە پیاوی ڕژێمە، بۆیە ئێمە لێی دوورەپەرێزین، بەڵام لە دواییدا ئەو بەڵگەیە بە درۆ دەرچوو.

(٢) بیروبۆچوونی کۆمەڵانی خەڵکی بۆ ڕووخاندنی کۆماری مەهاباد ئەوە بوو کە گوایە ئێران بەسەر کورددا سەرکەوت، بەڵام (بارزانی) وەک سیاسەتمەدارێکی بە ئەزموون لە دیدێکی زانستانەی سیاسییەوە دەڵێ: (ئێران بەسەر کورددا سەرنەکەوت، بەڵکو ئەمەریکا و بەریتانیا بەسەر سۆڤیەت-دا سەرکەوتن).


**سەرچاوەکان:**

**(١) تەلای دەستەوشار، یان مێژووی بوێژانی هەوشار، نووسینی سدیق بۆرەکەیی.**

**(٢) تأريخ مردوخ- تأليف أية الله أقاي شيخ محمد مردوخ کوردستاني- جلد اول.**

**(٣) أمة في شقاق- دروب كردستان كما سلكتها- نووسینی جوناتان راندل- ترجمة فادى حمود- ١٩٩٨**

**(٤) الكرد والحق- نووسینی یوسیان رامبو- ترجمة عزيز عبدالاحد نباتي- چاپی هەولێر ١٩٩٨**

**(٥) المدن الكردية- ازاد ديركي- رابطة كاوا للثقافة الكرديه- الطبعة الاولى- ١٩٩٨- المانيا- لبنان**

**(٦) قوتەی مەحموود خان و گەشتێک بەناو بنکەیەکی سەربازی و مێژوویی-دا نووسینی باپیر- نیسانی ١٩٩٤**

**(٧) کورد گەلی لە خشتە براوی غەدر لێکراو- نووسینی- د. گۆینتەردیشنەر- وەرگێڕانی بۆ عەرەبی عبدالسلام بەرواری- گۆڕینی بۆ کوردی. حەمە کەریم عارف- ١٩٩٩**

**(٨) مذكرات تشرشل- ترجمة خيري حمادي.**


**تێبینی: بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودێکی زۆرمان لە هێژا مامۆستا مەلا سەید ئەحمەدی پێنجوینی وەرگرت، گەلێک سوپاسی دەکەین**

**سەرنج: ئەم وتارەی خوا لێی خۆشبێت (غەفووری میرزا کەریم) پێش کۆچی دوایی کردنی بۆ گۆڤاری ڕامان ڕەوانە کرابوو، بەڵام وەک دوا یادگارییەکی ئەو لە گۆڤارەکەماندا بڵاوی دەکەینەوە.**

**«ڕامان»**


# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

**سمایلی مامڵێ**

* ئاگـــادارین مـــاوەیەکی باشــە بە گــەرمی خــەریکی کــۆکــردنەوەی زانیـــارین، لەبارەی هونەری گــۆرانی و موزیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تا ئەمڕۆ چەندین نووسین و تەنانەت کـتێبیـشتان لەم ڕووەوە بە چاپ گەیاندووە، بۆیە حەزدەکەین سەرەتا هەندێک باسی هونەری گۆرانی و موزیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەتی هی ناوچەی (موکریان)مان بۆ بکەیت؟

– لە ناوچەی موکریاندا لە کات و سەردەمانی کۆندا، ئەوکاتەی هیچ جۆرە کەرستەیەکی ئاسایی وەک: ڕادیۆ، TV ، گرامـەفۆن و ... تاد، نەبووە تا خـەڵکەکـە وەک ئەمڕۆ کاتی خۆیانی پێ بەسەر ببەن، تاکە شتێک ئەوسا خەڵکەکەی ڕاگرتبوو ئەو (قەتار، ئاواز، شێوەگوتنەکانی ناوچەکـە) بوو کـە پشـتـاوپشت پارێزراون و بۆ ئێمـە جێ ماون، ئەمەش لە هەموو بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و (فــەرهەنگی – ڕۆشنبـیــری) ڕەنگی داوەتەوە. وەک هەموو لایەکیشمان دەزانین، بەداخەوە (مێژوو) هەمیشە ئەوداره، یان ئەو بۆن و بەرامە بووە، کە هەمیشە (زاڵم) قـۆسـتـوویەتییـەوە، بۆیە مرۆڤـەکـان، یان (زاڵم)، یان (مەزلووم) دەرچوونە. ئێمـەی کوردیش هەر لە سەرەتاوە دیارە باجدەری ئەو مێژووە بووینە و هەمیشە زوڵم لێکراو بووینە، بەداخـەوە لە لایەکی دیکەشـەوە مــیللەتەکـەی خۆشـمان دیسان کـەمتر بایەخی بە فەرهەنگی ئەرشیڤ داوە، بۆیە نەبوونی فـەرهەنگێکی ئەرشـیــڤی هونەری، زەرەرێکی یەکجار گەورەی لە هونەری موزیک و مەقام و گۆرانی و شێوەگوتنەکانی نەتەوەییمان داوە، تەنانەت ئەو زیانە وەبەر دەنگبێـژەکـانیشـمـان چ ژن بووبن، یان پیـاو کــەوتووە و ئەوەتانێ ئەمـڕۆ هیچ جـۆرە زانیــارییــەک دەربارەی: هونەر و ژیانیـــان بۆ ئێـــمــە و بۆ نەوەکــانی



سمایلی ماملێ

دواتریش جێ نەماوە! لە ناوچەی موکریان دوای شەڕی یەکەمی جیهان بە هەموو قاتوقڕی و کوشتوکوشتارێک کە (ڕووسەکان) بەسەر ناوچەکەیاندا هێنا، تەنیا شتێک دوای ئەوە ناوچەکەی ڕاگرت ئەو حەیران و لاوک و موزیک و ئاواز و شێوە گوتن و گۆرانییانە بوو کە لە سەردەمانێکی زۆر زووەوە باوک و باپیران سنگاوسنگ بۆیان جێ هێشتووین، شایانی گوتنە میللەتی کورد ئەدەبی سەرزاری کە نەنووسراوەتەوە و زۆربەی تا ئەمڕۆش تۆمار نەکراوە، یەکجار زۆرە و هەم بە توانایە، دوژمنانیش لە هەوڵەوە توانیویانە هەموو شتێک لە کورد بستێنن، کەچی خۆشبەختانە نەیانتوانیوە ئەم هونەرەی لێ بستێنن! مەبەستم لە هونەرەکە و زمانەکەیە. هونەرمەندەکانیشمان کە هاتوون هەر یەکە ڕۆڵی خۆیان لە بووژانەوە و لە شادکردن و لە هەژاندن دیوە. موکریان یەکێکە لەو ناوچانەی کوردستان، کە دەنگخۆشی زۆری تێدا هەڵکەوتووە، هی دیکەیان هەیە وەک بنەماڵە هەڵکەوتوون. جاران خەڵکی ناوچەکە کە گۆوەند و زەماوەندیان کردووە، کەسانێک هەبوونە توانیویانە ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییە: لە دەست گرتنی ژن و پیاو و کوڕ و کچ لە ناو شایی ڕەشبەڵەکدا، بە جوانی بیپارێزن و بیهێڵنەوە، ئەوە لە کاتی کچ بەشوودان و ژن گواستنەوەدا بەرپا دەبوو، ئەم کارەش بە دەست و پەنجە دەم و زار و زەحمەتی هونەرمەندەکانەوە بووە. لە ساڵی (١١٣٦)ی هەتاویدا (١٩٥٧) ئەمە دوای جەنگی جیهانی، یەکەم گۆرانیبێژ کە هەڵیدا و توانی دەنگی کەمێک لە ناوچەی موکریان بپەڕێتەوە (عەولای سنجاوێ) بوو، کە پێش (٤ - ٥) ساڵ لە تەمەنی سەرووی (١٠٠) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، ئەو هونەرمەندە میللییە یەکێکە لە کۆنترین گۆرانیبێژانی موکریان، کاریکی دیکە کە عەولای سنجانێ کردی، ئامێری (دایەرە)ی هێنایە نێو گۆرانی کوردییەوە!

* دەتوانی بەراوردێکمان لە نێوان ئامێری (دەفی گەورەی دەروێشی) و ئامێری (دایەرە)دا بۆ بکەیت؟

- ئامێری دەفی گەورەی دەروێشی زووتر هەر بە دەست دەروێشانەوە بووە، لە بۆنەی شاد و دنیاییدا نەدەبوو بەکاربێت! بەڵام دایەرە کە قەوارەی لەویان بچووکترە و ئەڵقە و زنجیریشی نییە، بۆیە بەکارهێنانیشی لە بۆنەی شاد و بەزمدا وەک ئەویان یاساغ نەبووە، بەو هۆیەوە هەرچی گۆرانیبێژی لای خۆمانە هەستاوە ئامێرێکی دایەرەی بۆ خۆی دروست کردووە.

* کێ یەکەم جار ئامێری دەفی دەروێشی لە ناو (تەکیە)وە هێنایە ناو موزیکی کوردییەوە؟

- یەکەم کەس هونەرمەند (ئیقباڵی حاجبی) بوو، ئەوە لە ساڵی (١٩٧٩)ی زایین بە بۆنەی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە بە کوردیشەوە، لە بەرهەمی سیمفۆنیای (کاڤۆکی) بۆ یەکەم جار ئەو ئامێری دەفی دەروێشییەی بەکارهێنا، لەو کۆنسێرتەی کە لە شاری (سنە - کوردستان) بەڕێوەچوو، مامۆستا (هێمن موکریانی)ش ئامادەی ئەو کۆنسێرتە بووە و گوتارێکیشی تێدا خوێندۆتەوە. بە قسەی ئیقباڵ هەندێ بە ناو (مەلا) بە بۆنەی بەکارهێنانی ئامێری دەفی دەروێشییەوە (فەتوا)شیان لەسەر دەرکردبوو! هەروەها سمایلی ماملێ گوتی: یەکەم کەسیش کە ئەو ئامێرە کوردییەی بردە نێو موزیکی فارسەکانەوە ئەوە بۆ مێژوو (کامکاران) بوون. فارس ئامێری دایەرەیان هەبووە، بەڵام قەت ئامێری دەفی دەروێشییان نەبووە، دووریش نییە عەولای سنجانێ کاتی خۆی ئەو ئامێری دایەرەی بە دەست (ئازەری)یەکانەوە دیبێت و وەری گرتبێت، بۆیەش وا دەڵێم: چونکە لە سەردەمانی زۆر کۆنەوە (ئۆرکسترای ئازربێجان لە ڕادیۆی تارانێ) ئەو ئامێری دایەرەیان هەبووە! وێنەم هەیە کە ئەو قسەیەم دەسەلمێنێت.

* ڕۆڵی (تەکیە) و (خانەقا)کان لەم بوارەدا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

- بەڕای من خانەقا(١) لە کوردستان مەکۆی

پێگەیشتن و تێگەیشتنی سیاسی و ئەدەبی و فەرهەنگی و هونەریش بووە، تەواوی ئەدیبان و گۆرانیبێژان، تەنانەت ڕێبەرانی سیاسیشمان سەرەتا (فەقێ)، یان (مەلا) بوونە و لە (حوجرە)دا پێگەیشتوونە، بۆ نموونە: لە مەهابادێ خانەقای (شەمزین)مان هەیە، کە هی خانەوادەی (نەهری)یە، ئامێری (دەف)یان هێناوە و شەوانە (زیکر ـ ستایش)ی خوداوەندیان تێدا کردووە، گەورە پیاوانی وەک: مامۆستایان (کامیلی ئیمامی) و (هێمن) و (هەژار) و (مارفی کۆکەیی) و (هێدی) و (مەلا کەریم) لەو شوێنانەدا پێگەییون.

* (مەلا کەریم) ئایا مەبەستت لە گۆرانیبێژی کۆچکردووی ڕەسەن و ناوداری کوردە؟

– بەڵێ، بۆ ئاگاداریتان ئەو هونەرمەندە خەڵکی گوندی (ئیندرقاش)ی ناوچەی (مەهاباد)ییە،ساڵی (١٩٣٦)ی زایینی بۆ باشووری کوردستانێ پەڕیوەتەوە، لە بەرهەمە ناودارە جێماوەکانی ئەو کەڵە هونەرمەندە (کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە، ئەی خودا لەو ئاگر بارانە) و هی تریشە، کە زۆر زوو لە (بەغدا) لەسەر (سەفحە ـ قەوان) تۆماری کردوون، ئەو هونەرمەندە یەکێکە لە کۆنترین گۆرانیبێژانی ناوچەی موکریان.

* باسی هونەرمەندی میللی (عەوڵای سنجانێ)تان کرد، ئایا لەگەڵ ئەودا گۆرانیبێژی دی هەبوون؟

– هەر لە سەردەمی ئەودا هونەرمەندێکی میللی تر هەبوو بە نێوی (برایم هەللامە)، ئەمەشیان لەگەڵ گوتندا ئامێری (دایەرە)ی بەکارهێناوە، ئەوانە پێکەوە بۆ (داوەت)ان(٢) چوونە، لەو سەردەمە کۆنانەدا بواری ئایینی ڕێگری کردوون، بۆیە گۆرانیبێژەکان زۆرجار لە گوتن پرینگاونەتەوە(٣)، هەر لەو ماوەیەدا لە ناوچەی موکریان شێرە ژنێک پەیدابوو بە نێوی (مەنیج حەیران)، ئەمە لە کاتێکدا بوو ئایینی ئیسلام ڕۆڵێکی نێگەتیڤی بەرانبەر بەو هونەرە دەگێڕا و هەندێ کۆلکە مەلا و نەفام وایان نیشانی خەڵک دابوو: نەک هەر بۆ ژن، بگرە بۆ پیاویش گۆرانی گوتن و داوەتگێڕان نەنگییە! ئا لەوکاتەدا خانمە گۆرانیبێژێک پەیدا بوو! مەنیج حەیرانی گۆرانیبێژی میللی، ژنێکی تا پیاو دەست هەڵێنێ باڵابەرز، هەمیشە پرچی بەسەر شان و ملیدا پەخشان کردووە، زۆرتر شەڵواری پیاوانی لەبەر کردووە، هەڵسوکەوتیشی پیاوانە بووە، بۆ نموونە: جنێوی پیاوانەی داوە، کە هاتۆتە نێو بازاڕ تەواوی ئەو خەڵکە سەیریان کردووە، وەک پیاو لە چایخانە دانیشتووە و چای بانگ کردووە، دەڵێن: چۆتە نێو مەیخانانیش و جار جارە ئاوی جۆیشی خواردۆتەوە! ئەو خانمە کەسایەتییەکی نێرانەی هەبووە و حەزی کردووە وەک پیاو هەڵسوکەوت بکات، خوشکێکی هەبووە لای ماڵی (خەلیفە ئامینە)ی (بۆکان)ێ کارەکەر بووە، ڕۆژێک مەنیج بۆ سەردانی ئەو خوشکەی چووە،(٤) ئەو ڕۆژە مەنیج بە خەلیفە ئامینەی گوتووە: دەمەوێ گۆرانیتان بۆ بڵێم؟ خەلیفە ئامینە لە وەڵامی ئەو قسەیەیدا گوتبووی: لێرانە ژن بۆی نییە گۆرانی بڵێت، ئەگەر دەتەوێ گۆرانی بڵێی بڕۆ بۆ سابڵاغێ! بۆیە مەنیج حەیران چۆتە سابڵاغێ و هونەرمەندە میللییەکانی ئەوسا وەک: عەوڵای سنجانێ و برایم هەللامە و کاکە جۆ و شەنگە جۆ(٥) لەگەڵ خۆیاندا بۆ داوەت و ئاهەنگەکانیان بردووە. ئەو خانمە هونەرمەندە میللییە لەو هونەرەدا بە پایەیەکی گەورە گەیشتووە و وای لێهاتووە تەواوی شاییەکان و گۆوەندەکان و زەماوەندەکانی ناوچەی موکریان کەوتۆتە دەستی، بۆ نموونە: هەر کەس بیویستبایە ئاهەنگ بگێڕێت، دەبوو بچێت پرس بەو خانمە بکات، ئەو وەک بەرپرسیان بوو، گۆرانیبێژەکان و موزیکژەنە میللییەکانی دەستنیشان کردووە و بەسەر گۆوەند و داوەتەکان دابەشی کردوون.

* تا ئەم دواییەش ئێمە وا تێگەیشتبووین کە ئەو خانمە حەیرانبێژ بووە؟

– ئەو نازناوی (حەیران)ە، هی ئەوە نییە کە حەیرانبێژ بووبێت، بەڵکو دایکی ناوی حەیران بووە، بەو شێوەیەش نییە بڵێین مەنیج حەیران لە ژیانیدا حەیرانی نەگوتبێت، بەڵکو بەوە ناسرابوو گۆرانی گەرموگوڕ و خێرای بۆ ناو شایی و گۆوەند گوتووە، گەلێک جاریش کە لە ناو شایی گۆرانی گوتووە، هاتووە سەرچۆپی گرتووە! ئەو وێنەیەش کە دیارە زۆر کۆنە هی ئەو خانمەیە و سەرچۆپی گرتووە.(٦)

* ئایا مێژووی لە دایکبوون و کۆچی دوایی (مەنیج حەیران) بە دروستی دەزانن؟

– لە دایکبووی ساڵی (١٩٠٩)، یان (١٩١٠)ی زایینە، وەک کۆڵیومەتەوە تا ساڵی (١٩٥٥)ی زایینیش مابوو، لەو ڕێکەوتەوە ئیدی دیار نەماوە! خانەوادەی ئێمە کاتی خۆی زۆربەیان دیویانە. هەروەها کاک سمایل گوتی: بە باشی دەزانم باسی خوویەکی دیکەی ئەو خانمە بکەم: مەنیج حەیران عاشقە ژن بووە و ژنی زۆر خۆشویستووە، لە ناو شاییدا کە دیارە (شایەر)یش بووە،

تێکستی گۆرانییەکانی هەمیشە بە زاری کوڕەوە بە کچ و ژنانیدا هەڵگوتووە! لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتی: نەخێر ئەو خانمە شووی نەکردووە. کاک سمایل گوتی: لە سەردەمی گۆرانیبێژانی وەک: عەولای سنجانیّ و برایم هەللامە و مەنیج حەیران و عەلی خەندان و کاکە جۆ و شەنگە جۆ، جگە لەوەی لە ناو شاییدا گۆرانیان گوتووە، (نوکتە) واتە قسەی خۆش و پێکەنیناویشیان بۆ خەڵکەکە کردووە. سەردەمی ئەوان گۆرانی گوتن لە سەر شەقام و نێو کۆلانانیشدا نەنگی و خەوش نەبووە، بۆ نموونە: ئەوکاتە ئەگەر گەنجێک کچێکی خۆشویستووە، بە گۆرانی ڕازی دڵی خۆی بۆ هەڵڕشتووە. ئەوسا کەمینەیەک خەریکی بواری ئایین بووە، ئەگینا زۆرینەی خەڵک حەزی بە گوتن و دەنگی خۆش کردووە و پێی شاد بووە، چونکە ئەوسا وەک ئەمڕۆ ڕێگەی دیکە بۆ ڕابواردن نەبووە.

* لەو سەردەمە کۆنانەدا کاتێ ئەو گۆرانیبێژانەی زووتر ناوت بردن، ئایا ئەوسا موزیکژەنی میللی هەبووە تا هاوکاریان بکات و لە شاییدا بەشدارییان لەگەڵدا بکات؟

– ئەوسا وەک بزانم موزیکژەنێک بە نێوی (قالەڵلا) هەبووە، ئەو موزیکژەنە باپیری گۆرانیبێژ (محەمەدی دانیش) بووە.

* مەبەستم زۆرتر لە موزیکژەنی میللی هی ئامێرە ڕەسەنەکانی خۆمانە وەک: (دەهۆڵ و زوڕنا و تەپلی زەرب و هی گڵێنە و نەققارە، یان دووتەپڵە و دووزەڵە و بلوێر و باڵەبان، یان نەرمە نای و شمشاڵی قەمیش و کانزا و دەف و دایەرە و تەمبوور و تار و سەنتوور و کەمانچەی سەرچۆک و ....تاد) ئەوانی دیکەیە؟

– حەسەن تووزەلەیەک هەبوو کە ئێستاش ماوە!

* بەڵکو باسێکی گۆرانیبێژانی دوای ئەو نەوەیەی سەرەوەش بکەیت؟

– لە ساڵەکانی (١٩٥٣ – ١٩٥٤)ی زایین گۆرانیبێژی میللی: ئیبراهیمی قادری پەیدا بوو، هەرچەندە بە نەزەری من شازترین گۆرانیبێژی ئەو سەردەمە (مەلا حوسێنی عەبدوڵلا زادە) بوو، کە بە گوتنی شاد و جۆری هەڵپەڕکێ ناودار بوو، خۆش ئەوەیە ئەو گۆرانیبێژە یەکەم: (مەلا) نەبووە، دووەم: خوێندەواریش نەبووە! شتێکی دیکەی هەبووە لە قسەکردندا (لاڵ) بووە، قسەی زۆر بە زەحمەت بۆ هاتووە، کەچی لە گوتندا کێشەی نەبووە. هەر لەو ساڵەدا بابم (حەسەنی ماملێ) وەک مامم (محەمەدی ماملێ) ئەویش بۆ شایی داوەتان چووە، عەولای سنجانیّ بە خۆی و بە (باڵەبان) و (دایەرە)کەیەوە شایی گێڕاوە، گۆرانیبێژی دیکە هەبوونە، (تۆفیق)ێک هەبووە ئەمڕۆ نەماوە، هەروەها (عەزیزەشەلی کارزان)یش هەبووە، ئەو سەردەمە لە ناوچەی موکریان ئەو گۆرانیبێژانە هەبوونە، لە هەمان کاتدا ئامێرەکانی وەک: (دایەرە و باڵەبان)یش هەبوونە، کەچی ئامێری دی نەبوونە!(٧)، تەنانەت ئەوسا کەسمان نەبووە (نۆتە)ی موزیک بزانێت. یەکەم کەس ساڵی (١٩٦٢)ی زایین لە ناوچەکە فێری نۆتە بووە (ئاغای جافەری مینایی) بووە. بابم و خەلیلی سەدیقی چوونەتە مەجلیسان گوتنیان گوتووە، سەرەتا (ئاغای ساڵحیان) فێرە ژەنینی ئامێری (کەمان) بووە، دوای ئەو ئینجا ئاغای جافەری مینایی. ئەو ماوەیە کەسێک پەیدا بووە، توانیویەتی ئەو گۆرانیبێژانە لە شوێنێکدا کۆبکاتەوە، ئەویش (ئاغای سەید ڕەحیمی قووڕەیشی) بووە، توانیویەتی هەموو ئەوانە لە بەرنامەیەکی هونەریدا کۆبکاتەوە. تاکە (ڕادیۆ) لە ناوچەی موکریان ساڵی (١٩٥٨)ی زایین پەیدا بووە، چونکە لەو ساڵەدا (عەبدولکەریم قاسم) شۆڕشی (١٤)ی گەلاوێژی لە عێراق لە دژی پاشایەتی بەرپاکردووە، شای ئێران چونکە ڕووخانی (مەلیک فەیسەڵ)ی بە دڵ نەبووە، هاتووە ئەو ڕادیۆیەی لە مەهابادێ داناوە، ئەو ڕادیۆیە لە سەر پشتی (زیل)ێکی سەربازی دانراوە، ئیدی لەو ڕادیۆیەوە خەڵکی لە دژی کۆماری نوێی عیراق هان داوە، بۆیە لەو ڕادیۆیەوە داوای گۆرانیبێژان کراوە، نە بابم و نە مامم محەمەدی ماملێ سەرەتا وەک هەندێ گۆرانیبێژی دی بۆ ئەو ڕادیۆیە نەچوونە، بەڵام دواتر ئاغای قورەیشی هەر لەو ڕادیۆیەوە بەرنامەیەکی بە نێوی (گوڵان) داناوە، لەو بەرنامەیە خۆی هۆنراوەی خوێندۆتەوە و ئاغای ماملێش گوتوویەتی، دواتر خەڵکەکە شەوان لەبەردەم بڵندگۆ(٨) گەورەکان کۆ بوونەتەوە. ئەوکاتە حکوومەتی شا لە هەندێ لە گۆڕەپانەکانی مەهابادێ ئەو بڵندگۆیانەی داناوە، ئەوسا خەڵک هەژار بووە، لە هەموو مەهابادێ (١٠ – ١٢) ماڵ ڕادیۆیان هەبووە، بۆیە خەڵکەکە شەوانە لە دەوری ئەو بڵنگۆیانە کۆبوونەتەوە، سەید ڕەحیمی قورەیشی لە بوارەکانی (شانۆ، بێژەری، ڕادیۆ) ڕۆڵێکی باشی هەبووە، دوای ڕووخانی شای ئێران لەسەر کارەکەی لایان داوە.

* دوای گۆرانیبێژانی وەک (ئیبراهیمی قادری و مەلا حوسێنی عەبدوڵڵا زادە) و ئەوانی دی، ئەم جارە کێ بوون وەک گۆرانیبێژ، یان موزیکژەن دەرکەوتن؟

– دوای ئەوانە هونەرمەندانی میللی گۆرانیبێژان: (سەید عەلی سەردەشتی، ڕەشادەتی، سەید محەمەدی سەفایی، عەلی گلێنانی، ڕەسوولی نادری) دەرکەوتن، ئەوانە تیپی ناو داوەت و کۆڕ و زەماوەند و هەڵپەڕکێ بوون.

* ئایا لە تەک ئەو هونەرمەندە میللییانە، هونەرمەندی دیکەی خاوەن شێواز و ستایلی دی هەبوونە؟

– بەڵێ، بۆ نموونە: (عەبدوڵڵای نەهری) کە لە شانۆگەری (دایکی نیشتمان) لە سەردەمی کۆماری مەهاباد ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە، کەسێکی زۆر دەنگخۆشیش بووە. دواتر سمایلی ماملێ گوتی: ئەگەر بمانەوێ ئەو هونەرمەندانە بە زنجیرەی ساڵ دایان بنێین، لە ساڵی (١٩٣٦)ی زایین بەدواوە وەک خوارەوە دەردەچێت:

* عەلی خەندان، عەولای سنجانێ، مەنیج حەیران، مەلا کەریم، مام سەعیدی ماملێ،(٩) برایم هەللامە، حوسێن ماملێ، عەبدوڵڵای نەهری.

* دواتریش: حەسەنی ماملێ، محەمەدی ماملێ، خەلیلی سەدیقی.

* لە ساڵی (١٩٦٠)ی زایینیش بەدواوە: کامەرانی مەتەڕی، زولەیخا مەهابادی، ئەحمەدی فەیزابی، هەردوو برا محەمەد و ئەحمەد حەتووتە کە لە تەک گوتندا ئامێری دایەرەشیان لێداوە، ئەوانەی لەسەرەوە ناویانم برد (وێنە)ی هەموویانم هەیە.

کاک سمایل گوتی: «ڕۆناڵد ڕۆمان»ی فەڕەنسی دەڵێ: «هەر کاتێک زمان لە گوتن بکەوێت، موزیک دەست پێدەکات» ، هەروەها گوتی: پرۆژەی کتێبێکم لە دەستدایە کورتەیەکی ژیانی تەواوی گۆرانیبێژان و موزیکژەنانی کوردم کۆکردۆتەوە، بە تایبەتی گۆرانیبێژان و موزیکژەنانی ژن.

* بەو پێیەی ساڵانێکە لە دەرەوەی وڵات ژیان دەبەنە سەر، هیچ دۆکیومێنت، یان زانیارییەکی دروستتان، دەربارەی لایەنێکی هونەری، یان هونەرمەندێکی کوردی بواری گۆرانی و موزیک دەست کەوتووە ؟

– بۆ زانینت ساڵی (١١٠٠)ی زایین، خانم (لیزا شارەزووری)مان هەبووە، کە ئامێری (تەمبوور – تەمیرە)ی ژەنیوە.

* هیچ بەدواداچوونێکتان بۆ سەردەمانی (خانی لەپ زێرین) کردووە، لە ڕووی ئەوەوە شەوانە لە دیوەخانەکانیدا چەند گۆرانیبێژ و بەیت و بالۆرە خوێن و حەیران و لاوک و پایزە و بوهار و گەلۆ بێژ هەبوونە، یان چەند تیپی دەهۆڵ و ئامێرژەنی ئامێرەکانی وەک (نەققارە – دووتەپڵە) و تەپڵ و سەنج و ئەوانە کە لە کاتی شەڕەکاندا لە ناو لەشکرەکەیدا هەبوونە و بەکاری هێناون؟

– لە (قەلای دمدم – ئەحمەد لۆ)یەک هەبووە، (حەیران)ی گوتووە، لە شەڕی (شەمزینان)یشدا ئامێرەکانی جۆری (ڕەزم)ی وەک: (دەهۆڵ)یان پێ بووە، ژنێک بە نێوی (زادینە خانم) کە مێردەکەی لەو شەڕانەدا کوژراوە، بە خۆی و بە (١٠٠٠) جەنگاوەرەوە بە هانای خانی لەپ زێرینەوە هاتووە و لە ناو جەنگاوەرەکانیشدا زیاد لە دەهۆڵ کوتێک هەبووە.

* ئەو زانیارییانەی ئێستا باست کردن لە کتێبەکەی (عەرەبی شەمۆ) وەرت گرتوون؟

– نەخێر، بەڵکو کتێبێکم نووسیوە لەسەر ڕۆڵی ژنانی کورد هەر لە سەدەی (حەفتەم) تا سەدەی (بیستەم).

* تا ئەمڕۆ چەند بەرهەمی هونەریتان بلاوکردۆتەوە، مەبەستم لە (CD) و (کاسێت)ە ؟

– یەکەم بەرهەمم ساڵی (١٩٨٠)ی زایینی بلاوکردەوە، ئاهەنگێک لە شاری (شنۆ) سازکرا بەبۆنەی (٢٥)ی گەلاوێژەوە، تیپی موزیک لەلایەن (ئیقبالی حاجبی) سەرپەرشتی دەکرا. ساڵی (١٩٨٦) هاتم لێرە لە سلێمانی بە هاوکاری هونەرمەند (دلێر حوسێن) بە دزی چەند سروودێکم تۆمارکرد، هۆنراوەکان هی هاوڕێی خۆشەویستم (مەهاباد قەرەداغی) بوون، کاسێتەکە بە نێوی (کۆچ) بوو.

* حەز دەکەین بزانین ماوەی چەند ساڵ پێشمەرگە بوویت؟

– ساڵی (١٩٧٨)ی زایینی بووم بە پێشمەرگە، تا ساڵی (١٩٨٧)ی زایینی، ئەو ماوەیە پێشمەرگەی (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) بووم. تا ساڵی (١٩٨٥) لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ناوچەی (نەواری مەرزەکان) بووین و دواتر هاتین بۆ دێی (گەورە دێ) و ئینجا بۆ باشووری کوردستان بۆ ناوچەی (گەلاڵە). ئەو سەردەمە زۆر سروود و گۆرانیم بۆ پێشمەرگە و بۆ شۆڕش و بۆ کوردستان گوتووە.

* دەتوانی باسی (قەتار)ی لای خۆتانم بۆ بکەیت،

یان پارچەیەکم بۆ بلێیت؟

– لێرە کاک سمایلی ماملێ بە سوپاسەوە چەند پارچەیەک قەتاری بۆ خوێندم. بە هۆی ئەو گوتنانەوە بۆم ساغ بووەوە کە ئەو شێوە گوتنی (قەتار)ەی ڕۆژهەلاتی کوردستان، ڕێک ئەوەیە کە دەیان جار بە دەنگی هونەرمەند (محەمەدی ماملێ) بیستوومانە و وەک کاک سمایل باسی کرد: (شێواز و جۆری دیکەی گوتنیشی هەیە)، بەلام بۆ مێژوو دەبێ ئەوە بلێین کە:

«مەقام، یان شێوە گوتنی (قەتار)ی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە هیچ جۆرێک پێوەندی بە مەقامی (قەتار)ی ناوچەی گەرمیانەوە نییە. (وریا)».

کاک سمایل گوتی: بابم لەگەڵ بنەماڵەی (نەهری) بە تایبەت لەگەڵ (حاجی سەید عەبدوڵلا فەندی شەمزینی) زۆر تێکەڵ بووە، گەلێک جار لە تەکیەی ئەوان تێی چریکاندووە و (قەتار)ی گوتووە، چونکە بنەماڵەی ماملێ هەر لە سەرەتاوە (مرید)ی شێخانی (نەهری) بوونە. لە بیرمە بابم بە قەتار دەیخوێند:

**خانەقام دی بە چۆلی**
**بۆ کەسی تێدا نەبوو؟**
**چەن گریام و لەخۆمدا**
**غەوسی (سانی) دیار نەبوو**
**هەر بە (تیفل)ی تا بە پیری**
**قەت دڵم بێ غەم نەبوو**
**گەردشی ئەم چەرخە کۆنە**
**قەت لە من غافڵ نەبوو**

کاک سمایل گوتی: شایانی باسکردنە، بابم شیعرەکانی (وەفایی) بە (قەتار) دەگوتن.

* دەکرێ بزانین نازناوی (ماملێ) لە چییەوە هاتووە؟

– باپیرە گەورەمان ناوی (مام عەلی) بووە، کاتێک چووە پێناسەی شارستانی بۆ خۆی و منداڵەکانی دەربێنێ، لێیان پرسیوە: ناوت چییە؟ لە وەلامدا گوتبووی: ناوم (ماملێ)یە، ئیتر ئەو نازناوە لەوکاتەوە داکەوتووە.

**تێبینی: ڕۆژی ١٧ی مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٠ لە هەولێر لە بەڕێوەبەرایەتی کەلەپووری کورد، ئەم چاوپێکەوتنە ساز کراوە.**

**پەراوێزەکان:**

**(١) خانەقا: بەڕای من کاک (سمایلی ماملێ) مەبەستی لەو وشەی خانەقایە (تەکیە) بوو بێت، بەو پێیەی ساڵانێک بۆ ئەم مەبەستە هاتوچۆی تەکیەکانی هەولێرم کردووە، لام ڕوونە کە لە ناو (تەکیە)دا (تیپی مۆزیکی ئامێرەکانی ڕەزم) هەیە و تا ئەمڕۆش هەندێ لەو ئامێرانە لە کاتی زیکر و ستایشی پەروەردگاردا لە ناو تەکیەکان بەکاردێن، کەچی لە خانەقادا ئەوە نییە. (وریا).**

**(٢) داوەت: مەبەست لە ئاهەنگی بووک گواستنەوەیە.**

**(٣) پرینگاونەتەوە: ڕەنگە مەبەست لەوە بێت، گۆرانیبێژەکان هەڵوەستەیەکیان کردووە و لە گوتن ساردبوونەتەوە، (وریا).**

**(٤) کاک سمایل باسی کرد و گوتی: مەنیج حەیران و خوشکەکەی بە ئەسڵ خەڵکی دێی (سەرشێو)ی سەر بە شاری سەقزن، ئەو دێیە دەکەوێتە نێوان شارەکانی (بۆکان) و (سەقز)ەوە.**

**(٥) کاکە جۆ و شەنگە جۆ: دوو برا بوونە و لە ناوچەی موکریان لە گوتنی گۆرانی میللیدا ناویان هەبووە.**

**(٦) ئەو وێنەیە ڕەنگە تەمەنی (٥٠) ساڵ بێت و لە ناو شاییەکی ڕەشبەڵەکی گەورەدا وەرگیرابێت، بۆیە هەرچی هەوڵمان دا نیشانی بدەین بێ سوود بوو.**

**(٧) ئەمە ڕای کاک (سمایلی ماملێ)یە و لەگەڵ ئەو ڕایەیدا نیم، دڵنیام نەک ئەو سەردەمانە، بگرە زۆر زووتریش کورد خاوەنی دەیان ئامێری ساکاری موزیک بووە، کە هەندێکیان لەناوچوونە و هی دیکەیان تا ئەمڕۆ ماون، هەر بۆ نموونە: شمشاڵی شوانان کە بە شایەدی دەیان مێژوونووس لەوانە: مێژوونووسی عەرەب (پارێزەر عەباس ئەلعەزاوی)، کە ئەویش لە دەستنووسە زۆر کۆنەکانەوە وەریگرتووە، دەڵێ: کورد بەر لە هەزاران ساڵ پێش ئەمڕۆ ئامێری (شمشاڵ)ی لەبەر مێگەلدا بەکارهێناوە. دیسان ئامێری (تەمبوور) کە بە دۆکیومێنت هەیە (ئەهلی هەق - ١٠٠٠) ساڵە، یان زیاترە لە بۆنەی ئایینی تایبەتی خۆیاندا بەرێزەوە ژەندوویانە و سوودیان لێ بینیوە، (وریا).**

**(٨) بڵندگۆ: مەبەست لەو ئامێرەیە کە لە ئاهەنگەکاندا دەنگ گەورە دەکات.**

**(١٩) مام سەعیدی ماملێ: بابی هونەرمەند (محەمەدی ماملێ)یە و وەک دەگێڕنەوە: زۆر دەنگخۆش بووە.**


# میتافیزیک

هاشم سەڕاج

میتافیزیک کتێبێکی ئەرستۆیە و دکتۆر محەمەد کەمال لە زمانی ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی، من لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵ دەدەم بەپێی توانایی چەند لایەنێک لە بابەتە سەرەکییەکەی ئەم کتێبە بخەمەڕوو، ئەفلاتوون ٣٨٥ی پێش زایین، بۆ ڕێزلێنان لە «ئەکادیمۆس»ی قارەمانی یۆنانی لە باخچەکەیدا فێرگەیەکی بەناوی ئەکادیمیا بۆ خوێندنی فەلسەفە، ماتماتیک، مۆسیقا و ئەستێرەناسی دامەزراند، ئەرستۆ قوتابی ئەفلاتوون و ئەو فێرگەیە بوو، دوای مردنی ئەفلاتوون ساڵی ٣٤٨ پێش زایین، ئەرستۆ ئەو فێرگەیەی جێهێشت و قوتابخانەیەکی نوێی بەناوی «لیکیۆم» بۆ خوێندنی فەلسەفە و زانستەکان دامەزراند، لیکیۆم واتای پێدەگەری، یان پیاسەکردن دەبەخشێت، گوایە ئەرستۆ لە کاتی وانە گوتنەوەدا هاتوچۆی دەکرد، لە ڕوویەکی دیکەوە لیکیۆم وشەیەکی یۆنانییە و بەو جێگەیە وتراوە کە نزیک پەرستگەی ئەپۆلۆ بووە.

ئەرستۆ ساڵی ٣٨٤ پ.ز لە شاری ستاگیرا لە دایک بووە، لە حەڤدە ساڵیدا لای ئەفلاتوون خوێندوویەتی، هەڵبەتە کتێبی میتافیزیک، بریتییە لەو کۆمەڵە وانانەی ئەرستۆ کە لە «لیکیۆم» گوتوونی و لەلایەن قوتابییەکانییەوە کۆکراونەتەوە.

ئامانجی سەرەکی ئەرستۆ لەم زنجیرە وانانەیدا وەڵامدانەوەی دوو پرسیاری سەرەکی فەلسەفییە، یەکەمیان ئایا چ حەقیقەتێک هەیە؟ دووەمیان ئەو حەقیقەتە چۆن دەناسرێت؟ بۆیە کتێبی (میتافیزیک)ی ئەرستۆ سەرەڕای پێشەکییەکەی دکتۆر محەمەد کەمال کۆی چواردە بەشی لەخۆ گرتووە، کە بریتین لەم بەشانە، ئەلفا، ئەلفای بچووک، بیتا، گاما، دێلتا، ئێپسلۆن، زێتا، ئێتا، ئێوتا، کاپا، لەمیدا، مو، نو، ئەرستۆ لە بەشی ئەلفادا لە مرۆڤ و خولیای فێربوون دەدوێت، هاوکات ئاماژە بە هەستەکان دەدات، بینین لە هەستکردنەکانی دیکە زۆرتر فێرمان دەکات، یان بیستن و یادکردنەوە، مرۆڤ بە هونەر و یادکردنەوە دەژیت و ئەزموونەکان پێکەوە گرێ دەدا و دەبن بە توان بۆ زانست و هونەر، پۆلۆس دەڵێت ئەزموون زاگەی هونەرە و بەبێ ئەزموون هونەر پەیدا نابێت، یان ناسینی تاک و تاکەکەس و هۆکارەکان، ئەندازیار هۆی ئەو شتانە دەزانێت کە بەرهەم هێنراون،



بەڵام کرێکار ئامێرێکی بێ ئاگایە وەکو چۆن ئاگر شت دەسووتێنێت، ئەویش بە هەمان جۆر بێ ئاگا شتەکان دەهێنێتە بەرهەم.

سەبارەت بە زانین و ناسینی هۆکان، هەستکردن زانایی نییە و تەنیا ڕادەگەیەنێت، هۆکارەکانمان پێ ناڵێت، باشترین زانست مامەڵە لەگەڵ بنەڕەتەکاندا دەکات و بەدوای ناسینی هۆکارەکاندا دەگەڕێت. هەموو شتێک پاش ناسینی هۆکەی دەزانرێت.

ئەرستۆ جۆرەکانی هۆ بەم شێوەیە پۆلێن دەکات ١-ناوەرۆکی شتەکە، یان لە چییەتی شتەکە دەکۆڵێتەوە تاکو بەدوا هۆ و بنەڕەتی دەگەین. ٢-کەرەستەی پێکهێنانی شتەکەیە. ٣-سەرچاوەی گۆڕان مەبەست لە پەیداکردنی ئەو شتەیە، ئەمەش کۆتایی هەموو گۆڕان و لەناوچوونێکە، لێرەدا ئەرستۆ باسی بوون و بیروبۆچوونی کۆمەڵێک بیرمەند و فەیلەسوف دەخاتە ڕوو کە چۆن باسی بوون و هۆ و بنەڕەتی بوونیان کردووە، هەندێک پێیان وایە «ناوەرۆک نەگۆڕە و گۆڕان تەنیا بەسەر شێوەدا دێت» و «ئەم شتە نەگۆڕە نە پەیدا دەبێت و نە لەناو دەچێت، کە دەڵێن سوکرات جوانە، یان مۆسیقاژەنە بەلابردنی ئەو خەسڵەتەی لەناو ناچێت، چونکە سوکرات وەکو ناوەرۆک نەگۆڕە، دکتۆر محەمەد کەمال لە پەراوێزی ئەم کتێبەدا بیروبۆچوونی هەریەک لە زانا ئایینییەکان و ئەرستۆ سەبارەت بە بوون دەخاتە ڕوو، واتە ئەوانەی باوەڕیان بە تیوری ئافەریدکردنی بوون لە «هیچ»ەوە هەیە لەگەڵ بۆچوونی ئەرستۆ ناکۆکن، بەدی ئەوان هۆی ئەستوویی «ماددی» بۆ ئافەریدکردنی بوون نییە و ئەم چوار هۆیە بەسەر هەبووەکانی نێو جیهاندا «نەک جیهان» خۆی ساغ دەبێتەوە، بەڵام بە بۆچوونی ئەرستۆ کە هزری «پارمەنیدس» سەبارەت بە نەبوونی «نەبوون» پەیڕەو دەکات، بوون لە هیچەوە ئافەرید ناکرێت، ئەمەیش ئەرستۆی گەیاندووەتە ئەو ئاکامەی باوەڕی بە هەمیشەیی «ئەزەلی» هۆی بکەر «خوا» و هۆی ئەستوویی هەبێت، لێرەدا ئەرستۆ سەبارەت بە بوون و هۆ و بنەڕەتەکان کۆمەڵێک بیروڕای جیاوازی بیرمەند و فەیلەسووفەکان دەخاتە ڕوو، هەندێک لە فەیلەسووفەکان دەڵێن: هیچ شتێک نایەتە بوونەوە و لەناویش ناچێت پێش ئەوەی شتێک بێتە کایەوە، پێویستە شتێکی دیکە هەبێت تاکو ئەم بوونەی لەسەر ڕاوەستابێت و لێوەی پەیدا بێت، هەروەها «تالیس» «ئاو» دەکات بە بنەڕەت و لەو باوەڕەدایە بوونی جیهان لەسەر ئاو ڕاگیراوە و لە هەموو تۆوێکدا تەڕایی هەیە و ئاو سەرچاوەی سروشتە.

ئەنەکسیمەنیس و دیۆجنیش «هەوا» لەپێش ئاوەوە بە بنەڕەتی هەموو تەنێک دادەنێن. هیاسۆسی میتاپۆنتیۆم و هیراکلیتسی ئیفسۆس «ئاگر» دەکەن بەو بنەڕەتە، ئیمبادۆکلیس باوەڕی بە چوار بنەڕەت هەیە، «خاک» لەگەڵ سێ بنەڕەتەکەی پێشوو ریز دەکات، ئەنەکسە گۆراسی کلازۆمیتا سەرەتای بوون بۆ بنەڕەتە لە ژماردن بە دەرەکان دەگەڕێنێتەوە، لەو باوەڕەدایە هەموو ئەو شتانەی پارچەکانیشیان لەخۆیان دەچن وەکو ئاو، یان ئاگر بە یەکگرتنی پارچەکان دروست دەبن و جیاکردنەوەش تێکیان دەدات، ئەگەر ئەم دوو حاڵەتەیان نەبێت دەتوانن بە هەمیشەیی بمێننەوە، هەندێک لە فەیلەسووفەکان پێیان وایە ئەوە بکەرە گۆڕان دروست دەکات و لەو باوەڕەدان ئەو بنەڕەتە و سرووشتیش بەگشتی نەگۆڕە، هەروەها لە ڕوویەکی ترەوە پارمەنیدس خۆشەویستی و ئارەزووی بە بنەڕەتی بوون دادەنێت و دەڵێت خواکان لەپێش هەموو شتێکدا، خۆشەویستیان ئافەریدە کرد، هەروەها هزیۆد دەڵێت: پێش هەموو شتێک دنیا شێواو بوو، ئینجا زەمینی بەرفراوان دروست بوو، هەروەها خۆشەویستی لەنێو هەموو شتە نەمرەکاندا مەزنترین بوو، بەڵام پیتا گۆرسییەکان ماتماتیکیان بە بنەڕەتی شتەکان دادەنا، لەنێو ماتماتیکیشدا ژمارەیان لە پێشتر دادەنا و پێوەندییان لەنێوان مۆسیقا و ماتماتیکدا دەبینی، هەروەها بوونیان لەبەر ڕۆشنایی سستمی ژمارەکاندا لێکدەدایەوە و بە مۆسیقایان دەبەستەوە، پیتاگۆرسییەکان ژمارە «١٠» یان بە ژمارەیەکی تەواو لە قەڵەم دەدا، چونکە هەموو ژمارەکانی دیکەی تێدایە، هاوکات لەژمارەی تاک و جووتیان دەکۆڵییەوە و بەلای ئەوان لایەنە ناکۆکەکان بنەڕەتی هەموو شتێکن، ئەرستۆ مامەڵە لەگەڵ بۆچوونەکانی هەریەک لە زینۆفان و مێلیسۆس ناکات بە ڕوانینی ئەرستۆ ئەم بیرمەندانە بۆچوونەکانیان ساکارن، کەچی پارمەنیدس ڕووناکی لێ بەدی دەکرێت، بەدی کردنی ئەو لەگەڵ بووندا نەبوون نییە و بوون یەک شتی پێویستە و هیچی دی بێجگە لە بوون نییە، پاش ئەم بیرمەندانە ئەفلاتوون دێت، کە لە تەمەنی لاوێتیدا بە فێرگەکانی

کراتیلۆس و هیراکلیتس ئاشنا بوو، ئەفلاتوون پێی وایە هەموو بابەتە هەستەکییەکان لە گۆڕانی بەردەوامدان و زانیاریشمان لە بارەیانەوە نییە، ئەرستۆ لە کتێبی مێتافیزیکدا بەردەوام بیروبۆچوونی فەیلەسووفەکانی پێش خۆی دەخاتە ڕوو، سوکرات دەڵێ: من پێم خۆشە بە ئازارەوە بژیم و خراپە نەکەم، هەمیشە خۆی بە کێشە ڕەوشتییەکانەوە ماندوو دەکرد و بەدوای پێناسە بنەڕەتییە هەمەکییەکان بۆ ڕەوشت نەک سروشت دەگەڕا، بەگشتی ئەم زانایانە، یان ئەم بیرمەندانە مامەڵەیان لەگەڵ کێشەی پێکهێنان و هەڵوەشاندنەوە و جوولان دەکرد و بەدوای بنەچەی گۆڕان و جوولاندا دەگەڕان.

لای ئەرستۆ ڕەنگی سپی هۆیە بۆ سپیکردنی هەموو بابەتێکی سپی، یان فۆرم و هۆکار و سەرچاوەی جوولەکان، واتە جوولەی فۆرمەکان لەکوێوە سەرچاوە دەگرن؟

ئەرستۆ بەدوای بنەڕەتی هەبووەکاندا دەگەڕێت، ئەرستۆ ڕەخنە لە ئەفلاتوون دەگرێت، چونکە لای ئەفلاتوون فۆرمەکانی جیهانی بەرز هۆ و بنەڕەتین بۆ هەبووەکان، فۆرمەکانیش لە ئەستو «مادده» بەدەرن و لەنێو کات و شوێندا نین و هاوکات پڕ و تەواون و گۆڕان و جوولانیان نییە، بەڵام هەبووەکانی جیهانی نزم کە وەرگیراوی فۆرمەکانن لە گۆڕان و جوولەدان، لێرەدا ئەرستۆ ئەم پرسیارە دەورووژێنێت، کە چۆن بوونێکی نەگۆڕ و وەستاوی وەکو فۆرمەکان دەبێت بە سەرچاوەی گۆڕان و جوولان، هەروەها دەپرسێ ئایا هەبووەکان لە چ دروست بوون؟ لە هەمان کاتدا ئەرستۆ بەڕێزەوە سەیری بیروبۆچوونی بیرمەندەکانی پێش خۆی دەکات و دەڵێ: پێویستە سوپاسی هەموو ئەو زانایانە بکەین، گرنگ نییە لەگەڵیان کۆک، یان ناکۆک بین، کە لەم بوارەدا هەوڵیان داوە، بۆ نموونە ئەگەر کەسێکی وەکو تیمۆسیۆس نەبوایە، خاوەنی هونەری مۆسیقا نەدەبووین، ئەگەر «فرینس»یش نەبوایە تیمۆسیۆس نەدەبوو، بە بۆچوونی ئەرستۆ، فەلسەفە زانینی ڕاستییە، ئەگەر باوەڕمان بە بوونی دوا هۆ هەبێت ئەوە دەگەینە ئەو خاڵە کە پەیدا بوون سەرەتای هەیە و نەبڕاوە نییە، هەروەها ئەو کەسەی بەدوای زانیندا وێڵە، دەبێت میتودی گەڕانیش فێربێت، ئەرستۆ بابەتی هەستەکی و ماتماتیکی دەورووژێنێت، لەلایەکی دیکەوە لە لۆژیکی ئەرستۆدا، یاسای پێناسەکردن لەسەر جۆر و جیاوازی ڕاوەستاوە. ئەگەر بمانەوێت پێناسی مرۆڤ بکەین دەبێت. جۆری مرۆڤ و جیاوازی ئەم بوونەش لەگەڵ هەموو ئەو بوونانەی دەکەونە نێو ئەم جۆرەوە دەربخەین، لە پێناسەیەک کە دەڵێت: مرۆڤ وەکو ئاژەڵێکی ژیرە، ئاژەڵ جۆرە و ژیریش جیاوازییە، ئەرستۆ دەپرسێت. ئایا چەند ناوەرۆکی جیاوازمان هەیە، هەروەها چۆن یەک شت دەبێت بە بناغەی بوونی هەموو تاکەکان و تاکیش لە جووتبوونی فۆرم و ئەستو پێکدێن، ئەرستۆ پێی وایە هزێود و شوێنکەوتوانی بیروباوەڕی ئەفسانەییان هەبووە و بنەڕەتیان بۆ خوداوەندەکان گەڕاندووەتەوە، بەڵام ئیمبادۆکلیس جەخت لەسەر چەمکی بەرەنگاری دەکات و بە سەرچاوەی هەڵوەشاندنەوەی دادەنێت، چەمکی بەرەنگاری لای ئیمبادۆکلیس کە سەرچاوەی هەڵوەشاندنەوەیە، بۆیە جیاوازی نێوان هەبووەکان بۆ بەرەنگاری دەگەڕێنێتەوە، واتە هەموویان پێکەوە، یان بە یەکەوە بوون و بەرەنگاری جیاکردنەوە، لای ئەو خوا لە هەموو بوونێک زیاتر پڕ و تەواوە لەبەر ئەوەی بەرەنگاری بوونی نەپێکاوە و زانینیش لەسەر پێوەندی شتە لە یەکچووەکانەوە ڕاناوەستێت، ئیمبادۆکلیس بنەڕەت بە یەکێتی دیاردەکان دەبەستێتەوە و ئەو بنەڕەتەش بە خۆشەویستی ناودەنێت لای ئیمبادۆکلیس هەموو شتێک بوونە، دەتوانین بڵێین، تەنێک لە ڕووبەر و ڕووبەریش لە هێڵ و هێڵ لە کەرت و خاڵ کەمتر ناوەرۆکی ترە، تەن بەو شتانە گرێ دراوە، ئەم شتانە هاوکات بەبێ تەن دەبن، بەڵام تەن بەبێ ئەوان نادۆزینەوە، مەبەستی ئیمبادۆکلیس شیکردنەوەی بوون و ناوەرۆکە، کە زۆربەی زانایان لەسەر ئەوە هاوڕان، کە بوون و ناوەرۆک لە دژەکان پێکهاتوون، دژەکان وەک تاک و جووت، ساردی و گەرمی، بڕاوە و نەبڕاو، خۆشەویستی و بەرەنگاربوون بە بنەڕەتەکان دادەنێت، لای ئیمبادۆکلیس شتێک لە یەک کاتدا بە هەیە و نییە دانانرێت، لای ئیمبادۆکلیس بوون بە فەیلەسووف ڕوودەوە، بوون بە مرۆڤ خەسڵەتێکی بنەڕەتییە، کەچی پرۆتاگۆراس پێی وایە مرۆڤ و کەشتی جەنگ یەک شتن، مرۆڤ کەشتی جەنگە، هەروەها ئەنەکساکۆراس پێی وایە هیچ شتێک بە تەنیا نییە و تێکەڵە، لە زۆر حاڵەتدا چاکە و جوانی سەرەتای زانین و گۆڕانکارییەکانن، چەمکی هۆ لای ئەرستۆ شتێکە، کە ئاکامێکی لێوە دەردەچێت، بۆ نموونە

برۆنز هۆیە بۆ داتاشینی پەیکەرێک، زیو بۆ دروستکردنی پەرداخێک، فۆرم، یان شێوازی هەبوویەکە، ژمارەش بەگشتی دەبن بە هۆ بۆ هەموو پێکهاتەیەکی ماتماتیکی، باوک هۆیە بۆ پەیدابوونی منداڵ، پیاسەکردن بۆ تەندروستی باشە، بۆچی کەسێک پیاسە دەکات ئەو دەیەوێت تەندروستی باش بێت، چونکە پیاسە دەبێت بە هۆ بۆ کەمکردنەوەی چەوری لەش، هەروەها دەرمان و ئامێر دەبن بەهۆ.. ئەرستۆ کۆمەڵێک واتای جیاواز بۆ چەمکی هۆ دەخاتە ڕوو، پەیکەرێک چەند هۆیەک پەیدای کردووە، ئەم هۆیانە وەکو یەک نین و جیاوازن، لای ئەرستۆ چوار جۆر هۆ هەن وەکو هۆی ئەستوویی، فۆرمی، بکەر و مەبەست، بەڵام ژمارەی هۆیە ئەستووییەکان، یان بکەرەکان لە چوار زۆرترن.

ئەرستۆ سەبارەت بە چەمکی خۆرسک، بەم شێوەیە دەدوێت، خۆرسک ناوەرۆکی بابەتەکانی سروشتە و شێوازی بنەڕەتی پێکهاتووەکانە، بەڵام ئیمبادۆکلیس پێی وایە، هیچ شتێک خۆرسکی نییە، ئەوەی هەیە تێکەڵکردن و جیاکردنەوەی توخمەکانە، کە مرۆڤ ناوی ناون خۆرسک، ئەرستۆ لێرەدا دەگاتە ئەو باوەڕە کە خۆرسک ناوەرۆکە یان بنەڕەتی شتەکانە و سەرچاوەی گۆڕانکارییەکانیشە.

سەبارەت بە چەمکی «پێویست».. دەرمانخواردن بۆ چاکبوونەوەی نەخۆش پێویستە، کەچی ئێڤینۆس دەڵێت هەموو پێوستییەک بێزارکەرە، پێویست شتێکە بە ڕازیبوونەوە مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت، چونکە دژی خواستی ئێمەیە، لای ئەرستۆ کاتیگۆرییەکان ئەمانەن، جەوهەر، چەندەکی، چۆنیەتی، پێوەندی، شوێن، کات، دۆخ، حاڵەت، کردار، کارتێکردن.

جەوهەر بەوە دەوترێت کە لە شتێکدا بنەڕەتە، ئەو شتە بە ڕووخانی ئەم بنەڕەتە نامێنێت، مرۆڤێک بە ڕووداو مۆسقازانە، مەبەست ئەوەیە کە مرۆڤ خەسڵەتی مۆسیقازانی بە زگماکی نییە، کەسێک مۆسیقازانیش نەبێت مرۆڤە و بە مرۆڤی دەمێنێتەوە، لابردنی ئەو خەسڵەتانەی بە ڕووداو دەخرێنە سەر بوونێک گۆڕانکاری بنەڕەتی لەو بوونە بەرپا ناکات، ئەرستۆ لە کتێبی میتافیزیکدا بەدووردرێژی لە چەمکی چۆنیەتی و چەندەکی و پێوەندی.. تاد دەدوێت. پێی وایە جوولان لە پێوەندییەکانەوە دەردەکەوێت. وەک ئەو پێوەندییەی لەنێوان چەقۆیەکی تیژ و کردەی بڕیندا هەیە، یان کاریگەرێک و کارتێکراوێک، یان چەمکی «تەواو» گەیشتنە بە کۆتایی ئەوپەڕی تەواو بوونەوە ئەرستۆ بەدوای هۆ و بنەڕەتی هەبووەکاندا دەگەڕێت، بۆیە کۆمەڵێک چەمک و زاراوە دەخاتە ژێر کردەی پێناس و شیکردنەوە لەوانە ڕادە، کارتێکردن، بێ بەریکردن، خاوەنداریەتی، ڕووداو، ناڕاست، بڕین، گەورە، گچکە، هاوکات سێ جۆر فەلسەفەی تیوری دەخاتە ڕوو، وەک ماتماتیک، زانستی سروشتی، تیۆلۆژی «خواناسی».. ئەرستۆ سەبارەت بە سۆفیستەکان، ئاماژە بە گوفتارێکی ئەفلاتوون دەدات کە دەڵێت سۆفیستەکان مامەڵە لەگەڵ هەبوویەکدا دەکەن کە نییە، هەروەها ئەفلاتوون ئاماژە بۆ دوو جۆر جەوهەر دەکات فۆرمەکان و بابەتە ماتماتیکییەکان، ئەرستۆ دەڵێ ئەفلاتوون و شوێنکەوتوانی لەو باوەڕەدابوون فۆرمە هەمەکییە بەرزەکانی «ئایدیا»، یان جیهانی بەرز، جەوهەر و ناوەرۆکی هەموو شتێکی هەندەکین، کەچی ئەرستۆ پێی وایە مەحاڵە پرۆسەی پەیدابوونی شتێک لە هیچەوە دەست پێ بکات، لێرەدا ئەرستۆ لەگەڵ [پارمەنیدس ٥٠٠پ.ز] هاوڕایە کە وای بۆ دەچێت ئەوەی هەیە و بوونە و نەبوون نییە، هیچ شتێک لە نەبوونەوە پەیدا نابێت، تەنیا نەبوون، یان هیچ لە هیچەوە دەردەچێت، ئەرستۆ دەگاتە ئەو بڕوایە کە چەند بەشێک لەو شتەی پەیدابووە لە پێشتر هەبووە، خاڵی سەرەتای هەیە و شتێکە خاوەنی شێوەیەکە، هەروەها هەموو شتێکی بەرهەمهێنراو لە فۆرم و ئەستوو پێکهاتووە، جەوهەریش یەکبوونی فۆرم و ئەستووە.

لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێم ئەم نووسینە خوێندنەوەیەکی خێرا و بەلەزە بۆ کتێبی میتافیزیکی ئەرستۆ، یان خستنەڕووی بابەتگەلێکی کتێبەکەیە. ئەگینا ئەم کتێبە لە جەوهەردا بابەتگەلێک و تەوەرگەلێکی جۆراوجۆری فەلسەفی وروژاندووە و پێویستی بە چەندین خوێندنەوە و شیکردنەوەی فەلسەفی هەیە.

**سەرچاوە:**
**ناوی کتێب: میتافیزیک**
**نووسینی: ئەرستۆ**
**وەرگێڕانی: د. محەمەد کەمال**
**بابەت: فەلسەفی**
**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**چاپی: یەکەم ساڵی ٢٠٠٨**
**کوردستان- سلێمانی**


# خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی:

## (سنوات المحنة في كردستان)
## اهم الحوادث السياسية والعسكرية في كوردستان والعراق من ١٩٥٨ إلى ١٩٨٠
## شكيب عقراوي

عەبدولڕەزاق عەبدولڕەحمان
(سلێمانی)

ئەم کتێبە دووجار چاپکراوە، چاپی یەکەمی ٢٠٠٧، لە چاپخانەی منارە لە هەولێر چاپکراوە، تیراژەکەی ٢٠٠٠ دانەیە.

چاپی دووەمی ٥٢٦ لاپەڕەیە و لە ١٧ بەش پێکهاتووە، ١٥بەشی باس لە سەرکردەی کورد مستەفا بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول دەکات، هەر لە هەڵگیرسانییەوە لە (١١ی ئەیلوولی ١٩٦١) تا (نسکۆی ئازاری ١٩٧٥)، پەیوەندی ئەم شۆڕشە لەگەڵ ڕژێمەکانی عیراقدا، پاشان قۆناغی دامەزراندنی حزبە کوردییەکان و جارێکی تر سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێ لەنێوان ساڵەکانی ١٩٧٥بۆ ١٩٨٠. دوو بەشەکەی دیکەیش باسی بزووتنەوەی کوردی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا دەکات، هەروەها شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥.




کورتەیەک لە ناوەرۆکی ئەم کتێبە دەنووسین لەبەر ئەم هۆیانە:

١- گرنگی ناوەرۆکی کتێبەکە تا هەندێک لەم گرنگییە بۆ خوێنەر دەرکەوێت.

٢- لەبەرئەوەی دوورودرێژە و هەموو کەسێک ناتوانێت و کاتی نییە بیخوێنێتەوە، بەڵکو بتوانین چەند زانیارییەکی مێژوویی بخەینە بەردەم خوێنەرانەوە.

٣- بۆ مەبەستی خوێندنەوەکەی خۆشمان.

**چەند خاڵێکی گرنگ لە ناوەرۆکی ئەم کتێبە:**

- داگیرکردنی عیراق لەلایەن بەریتانیاوە، دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق و لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە ویلایەتی بەسرە و بەغداوە، شۆڕشی شێخ مەحموود و دامەزراندنی حزبی هیوا لەساڵی ١٩٣٩ و دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئێران لە ساڵی ١٩٤٥، دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە عیراق لە ١٩٤٦دا، پاشان بەشداری و پشتگیریکردنی کورد لە ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی عیراقدا لە ساڵی ١٩٣٦، ١٩٤١،١٩٤٨، ١٩٥٢، ١٩٥٦، ١٩٥٨.

لە سەردەمی پادشایەتیدا کورد

قەوارەیەکی ئیداری و سیاسی نەبووە، بەڵام چواریەکی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی عیراق کورد بوون، واتە بە بەردەوامی لە پازدە وەزیری ئەو ئەنجوومەنە، چوار وەزیری کورد بوون. کۆلێژ و پەیمانگەکان بۆ کورد کرابوونەوە و سیاسەتی جیاکردنەوەی ڕەگەزی دژ بەکورد لاواز بووە. ل ١٣ - ١٦.

- دامەزراندن و هەڵوێستی حزبە عیراقییەکان بەرانبەر بە ڕووداوەکانی کورد و عیراق... لەو حزبانە حزبی شیوعی عیراقی، حزبی نیشتیمانی دیموکراسی، حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ل٢٢- ٢٦.

- هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ و ئاکامەکانی، پێوەندی عەبدولکەریم قاسم لەگەڵ گەلی کورددا پێش شۆڕش و دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز، پێوەندی لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی، پاشان ئەو پێوەندییە چۆن تێکچوو. ل٢٦- ٤٨.

- جوولانەوەی عەبدولوهاب شەواف لە مووسڵ، هەروەها ڕووداوی کەرکووک کە هەردووکیان لە ساڵی ١٩٥٩دا ڕوویان دا و چۆن بەرگری میللی مامەڵەی لەگەڵ ئەو دوو ڕووداوەدا کردووە... هەڵەکانی حزبی شیوعی عیراقی لەو سەردەمەدا چی بوون؟ بۆچی لە عیراقدا توندوتیژی بەکارهاتووە ل٤٨-٥٢

- هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١دا ڕێڕەوی مێژووی گۆڕی، چ لە عیراقدا چ لە کوردستاندا، هۆیەکانی ناکۆکی کورد و ڕژێمی عیراق چی بوو؟! ل٥٣- ٥٧.

- فوئاد عارف لە یادەوەرییەکەیدا هۆی ناکۆکی نێوان قاسم و بارزانی دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆی شەخسی نەک سیاسی، ئەویش ئەوەیە قاسم ڕازی نەبووە و پێی ناخۆش بووە لە عیراقدا کەسێکی تر وەک بارزانی هەبێت خۆی بکات بە زەعیم و جەماوەر لە دەوری کۆببێتەوە، ئەو خۆی بە زەعیمی هەموو عیراقییەکان بە کورد و عەرەبەوە داناوە، چونکە ئەمە لە دەروون و عەقڵی عەبدولکەریمدا چەسپا بوو کە نابێت زەعیمێکی دیکە لە عیراقدا هەبێت. ل٥٨- ٥٩.

- ناکۆکی بارزانییەکان لەگەڵ هۆزەکانی تری وەک زێباری و برادۆستی و هەرکی و... جەنگی زاوێتە و دەربەندی زاخۆ لە سەرەتای شۆڕشەوە لەگەڵ ڕژێمدا... بەردەوامی شۆڕش تا کوودەتای ٨ی شوباتی، ١٩٦٣.. ل٥٩- ٨١.

- چۆن و بۆچی و هۆیەکانی... کوودەتای سەربازی ٨ی شوبات لە ساڵی ١٩٦٣ و لاوازییەکانی قاسم چی بوون، خاڵی بەهێز و هۆیەکانی سەرکەوتنی بەعسییەکان لەو کوودەتایەدا چی بوون؟.. ل٨١- ٨٧.

- لە کانوونی دووەمی ١٩٦٠ یاسای حزب و کۆمەڵە سیاسییەکان دەرچوو... ٨/ ٢/ ١٩٦٠ وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی فەرمی بە هەندێک حزبی عیراقی دا، کە چالاکی سیاسی خۆیان ئەنجام بدەن- ل٨٨.

- شۆڕشی ئەیلوول کە لە ١٩٦١/٩/١١ دەستی پێکرد تا ١٩٦٣/٢/٨ کە ١٧ مانگ دەکات شۆڕش نەوەستاوە و جەنگ بەردەوام بووە و عەبدولکەریم قاسم نەیتوانیوە نەخشەیەکی سیاسی لە عیراقدا بەشێوەیەکی باش دابڕێژێت و نەیتوانیوە هاوسەنگی هێزەکان لە بەرژەوەندی خۆی بخوێنێتەوە. ل٩٤.

- قاسم زۆر شانازی بەخۆیەوە کردووە و متمانەی بەخۆی بووە، بە جۆرێک کە بڕوای نەبووە ڕۆژێک لە ڕۆژان کەس بتوانێت لەناوی بەرێت، چونکە بە بڕوای خۆی سوپا و گەل بە تەواوی پشتیوانی ئەون، بەڵکو بڕوای وابووە هەرکەسێک بیەوێت کوودەتا دژی بکات سەرکەوتوو نابێت... ل٩٤.

- بێ گومان قاسم دژایەتی هەر حزبێکی کردبێت (غەیری بەعس) هەمووی لە قازانجی بەعس دەرچووە و بوو بە هۆی لەناوبردنی خۆشی و زیانیشی بە حزبەکانی تریش گەیاند... بۆ نموونە: دژی شیوعییەکان و حزبی نیشتمانی دیموکراتی و پارتی دیموکراتی کوردستان و...تاد وەستا، ئەمانە هەموو لە بەرژەوەندی بەعسی و قەومییەکان بوو. کاتێکیش بەرەنگاری کورد و شیوعییەکان بووەوە لە قازانجی بەعسییەکان بوو.

- دوای ئەوەی حزبی بەعس لە بەغدا لە ڕۆژی ٩ شوبات ١٩٦٣ حوکمی گرتەدەست، هەردووکیان (ساڵح یووسفی و فوئاد عارف - وەزیری پێشوو لە حکومەتی زەعیم عەبدولکەریم قاسم) لە بەغداوە بە شێوەیەکی هاوبەشی بە نوێنەرایەتی شۆڕشی کورد برووسکەیەکیان برد بۆ پشتگیری و پیرۆزباییکردنی سەرکردایەتی حزبی بەعس و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (کە لەکاتی کوودەتا سەربازییەکە

تەشكیلیــــــان كـــــردبوو) .ئەم برووسكەیە دەستپێشخەری بوو بۆ چوونە ناو دانوستانەوە... ل١١١.

– لــەبــەر چــەنــد هــۆیــەک سەركردایەتی شۆڕشی كورد، لەدوای كوودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ وای پێ باش بوو كە شەڕ بوەستێنێت، بۆیە بڕیاری شەڕ وەستاندنی دا... ل١١٠- ١١٤.

– ئیدی ماوەیەک سەركردایەتی شۆڕشی كورد لەگەڵ حزبی بەعسدا كەوتە دانوستانەوە، بەڵام بەعس تەنیا كاتی دەكوشت و نیازی باشی نەبوو، ئەوە بوو دوای ٤ مانگ لە ١٩٦٣/٦/١٠ لەبەر چەند هۆیەک دیسان لەگەڵ كورددا ئیعلانی شەڕی كردەوە.. ل١١٧.

– هاوینی ساڵی ١٩٦٣ یەكێكە لەو كاتە نارەحەت و ناخۆشانەی بە سەر شۆڕشی كورددا تێپەڕیوە.. ل١٢٧، بەڵام:

– خۆشبەختانە بەعس نەیتوانی شۆڕشی كورد لەناوبەرێت، هەرچەندە زیانی زۆری لێكەوت، بەڵام كوردیش توانی بەرەنگاری سوپای عیراقی ببێتەوە، بەڵكو زیانێكی زۆریشی لێ دا، بۆیە زۆری نەبرد كێشە كەوتە نێوان سەركردایەتی ڕژێمی عیراقەوە، ئەوە بوو عەبدولسەلام عارف لە ١٨/ت٢/١٩٦٣ بەعسییەكانی لە حوكم دوورخستەوە (تاهیر یەحیا)ی كرد بە سەرۆک وەزیران و بە زۆری وەزارەتەكانی دایە دەست قەومییە عەرەبەكانەوە...ل١٣١

– جارێكی دیكە عەبدولسەلام كەوتەوە دانوستان لەگەڵ كورددا، سەركردایەتی كوردیش شەڕ وەستاندنی قبووڵ كرد و لە ١٠/ شوباتی/١٩٦٤ دانوستان كرا، هەر یەكەیان لەبەر چەند هۆیەكی تایبەت ئامادەیی شەڕ وەستاندنیان تێدابوو... ( ل١٣١ -١٣٣)

– بێ گومان لەدوای كەوتنی قاسم ئەندامانی پارتی دیموكراتی كوردستان و حزبی شیوعی عیراقی كەوتنە بەر گرتن و زیندانیكردن بە تایبەت شیوعییەكان، زۆربەی زۆریان، یان گیران، یان ڕایان كرد بۆ ژێر دەسەڵاتی شۆڕش لە كوردستان، بەڵام كاتێک عەبدولسەلام بەعسییەكانی دوورخستەوە، بارودۆخ گۆڕاو چەوسانەوە و گرتنی شیوعییەكان و دژایەتی كردنیان كەم بووەوە. ل١٣٣.

– بێ گومان ڕۆڵ وكاریگەری وڵاتانی زلهێزی وەک یەكێتی سۆڤیەت و بەریتانیا و ئەمریكا و وڵاتانی ئەوروپا لەلایەک و وڵاتانی هەرێمی وەک ئێران و توركیا و سووریا و ئەردەن و میسری جەمال عەبدولناسر لەلایەكی دیكەوە، هەر یەكێک لەمانە ڕۆڵ و كاریگەرییان هەبوو و هەوڵیان دەدا بەرژەوەندی خۆیان لە عیراقدا ببیننەوە، هەروەها ئەو كێشە ناوخۆییانەش لەلایەكی ترەوە، ئەمانە هەمووی ڕۆڵیان لەسەر ناوخۆی عیراق بووە.

– بێ گومان دانوستانی كورد لەگەڵ عەبدولسەلام هەرچەندە هەندێک هۆی خۆی هەبوو لەلایەن هەردوو لاوە، هەردوو لایەن سوودیان لێ وەرگرت، بەڵام لە ئەنجامدا سەری نەگرت و لە كۆتایی ساڵی ١٩٦٤و سەرەتای ١٩٦٥ شەڕ دەستی پێ كردەوە... ل١٣٤- ١٤٠.

– بێ گومان كاتێک كە وەزارەتەكانی عیراقی پێک هێنران لە ١٨/ت٢/١٩٦٣ زۆربەی زۆری وەزیرەكان لە قەومییە عەرەبەكان بوون، كە وەلایان بۆ جەمال عەبدولناسر هەبوو.. ئەو هەڵانەی بەعس كردنی بوون بە هۆی فەشەلبوونی لە ١٩٦٣دا و دوورخستنەوەیان لە حوكم...ل١٤١ -١٤٤.

– سەرهەڵدانی ناكۆكی نێوان مەكتەبی سیاسی و مستەفا بارزانی لە ١٩٦٤ هۆیەكانی تەقینەوە، كۆنفرانسی پارتی لە ٤ی نیسانی ١٩٦٤ لە ماوەت، كۆنگرەی شەشەمی پارتی لە تەمووزی ١٩٦٤، ل١٤٥-١٧٢.

– پێوەندی شۆڕشی كورد لەگەڵ ئێران، ساواک و پێوەندییەكانی لەگەڵ شۆڕشدا، بەردەوامی شۆڕش لە ساڵەكانی دواتر و ڕووداوەكانی، ١٩٦٦.. ل١٧٣-٢٠٥.

– ٥/ ٦/ ١٩٦٧ شەڕی عەرەب ئیسرائیل دەستی پێ كرد، كاریگەرییەكانی لەسەر عیراق و ڕەوشی كورد. ٢٢٣ -٢٣٧.

– لە كوودەتای ١٧-١٩٦٨/٧/٣٠ حزبی بەعس تەواو حوكمی گرتە دەست، ئیدی ڕەوتی ڕووداوەكان گۆڕان، سەرەتا دانوستان و دواتر شەڕ گەرم بوو، بەڵام بەعس ڕۆژ بە ڕۆژ شكستی دەخوارد...ل٢٣٧.

– سەدام و ئەحمەد حەسەن بەكر كە لە ١٧/ ٧/ ١٩٦٨ لە كوودەتاكەیاندا سەركەوتن بە هاوكاری ئیبراهیم داوود و عەبدولڕەزاق نایف و سەعدوون غێدان و حەماد شەهاب تكریتی

بوو، کە هاتنە سەر حوکم هەر دوای چەند ڕۆژێک لە ١٩٦٨/٧/٣٠ ئەو سێ کەسەیان لە حوکم دوورخستنەوە کە لە کوودەتاکەدا بوونە هۆی سەرکەوتنیان، هەریەکەیان ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کردن ...ل (٢٤٦-٢٤٨).

- لەگەڵ ئەوەی جاشێکی زۆر هاوکاری سوپای عیراقی دەکرد، کەچی نەیانتوانی سەرکەوتن بە دەست بهێنن، بەڵکو بە پێچەوانەوە کورد سەرکەوتنی بە دەستهێنا.. لەو لاشەوە ئێران زیاتر بوو بە پشتیوانی کورد، چونکە دوژمنایەتی ئێران و عیراق زیاتر قووڵ ببووەوە، ئەمەش لە دوای کەشفبوونی کوودەتایەک لەلایەن ئەفسەرانی سوپای عیراقەوە بوو لە ٢٠/ک١/ ١٩٧٠ بە هاوکاری ئێران . ل٢٧٦.

- ئیدی بەعس کەوتە بیرکردنەوە کە بە شەڕ ناتوانێت بەسەر کورددا زاڵ بێت، بۆیە کەوتە دانوساندن و پیلانگێڕان، ئەوەبوو ویستی بە ئاشتییانە بارزانی لە ناوببات...ل٢٨٧ (هەروەک پیلانی حوزەیرانی ١٩٧١ لەلایەن سەدام.. ل٣١١، لە ١٩٧١/٩/٢٩دا هەوڵی دا پاشان لە ١٩٧٢/٧/١٥ هەوڵێکی دیکەی دا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.. ل٣٦٦.

- لەم کاتەدا ناچار بوو کە ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار مۆر بکات، چونکە ئەو شەڕەی کە لەنێوان سوپای عیراق و شۆڕشگێڕانی کورددا هەبوو، زیانێکی زۆری لە ئابووری عیراق دابوو....هەر بۆ نموونە:

لە کانوونی ١٩٦٨/١ تا کانوونی ١/ ساڵی ١٩٦٩ کە ساڵێک دەکات نزیکەی (٣٠٠ ملیۆن دیناری عیراقی) تێچووە کە بەرانبەرە بە نزیکەی یەک ملیار دۆلار، کە ئەمەش لەو کاتەدا تەواو زۆر بوو و کاریگەری لەسەر بودجەی دەوڵەتی عیراق هەبوو.

سەرەڕای ئەوەی ورەی سوپای عیراق رووخابوو... ل٢٨٤- ٢٨٥.

- بێ گومان لە ساڵی ١٩٧٠دا نەیارەکانی حزبی بەعس لە عیراق بریتی بوون لە قەومییە عەرەبەکان (ناسرییەکان)، باڵی چەپی حزبی بەعس کە سەر بە سووریا بوون، لەگەڵ جەماعەتی سەرکردایەتی ناوەند (جماعة القيادة المركزية) کە لە حزبی شیوعی عیراقی جیابووبوونەوە، هەروەها لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩دا پێوەندییەکانی حزبی بەعسی فەرمانڕەوا لەگەڵ مەرجەعی ئایینی و حەوزەی عیلمی لە شاری نەجەف تێکچوو و بەرەو دوژمنایەتی ڕۆیشت .... ل٢٨٧.

- هەروەها وەزارەتی بەرگری توێژینەوەیەکی کرد بوو کە لە ١٩٦١ تاوەکو ئەو کاتە٣/٤ سوپای عیراق خۆی بە پرسەکانی باکوری عیراقەوە (یاخیبوونی کوردەوە بە پێی تەعبیری ئەوان) خەریک کردووە کە ئەمەش وای کردووە عیراق لە گۆڕەپانی عەرەبی و دژایەتیکردنی ئیسرائیل دووربکەوێتەوە و نەتوانێت ڕۆڵی پێشەنگی لە ئایندەی جیهانی عەرەبیدا بنوێنێت... ئەمانە و چەندانی دیکە، کۆمەڵێک هۆکار بوون بۆ وەستانی شەڕ و کەسبکردنی سەرکردایەتی کورد لەگەڵ دەوڵەتی عیراقدا ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت، بۆیە ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار دەرچوو. ل٢٨٩.

- بێ گومان لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٢دا حکومەتی عیراق چەند هەزارکەسێک لە کوردە فەیلییەکانی بەغدای گرت و بەخۆیان و خێزانەکانیانەوە بێ ئەوەی سەروەت و سامان لەگەڵ خۆیان ببەن ڕەوانەی ئێرانیان کردن کە ئەمانە زۆربەیان لەبازرگانە بە ناوبانگەکانی شۆرىجەی بەغدا بوون کە حکومەت دەستی بەسەر هەموو موڵکەکانیاندا گرت. ل٣٢٢.

- لە کۆتایی مانگی ت١ (١٩٧١)دا بەرەی نیشتمانی لەنێوان حزبی بەعس و شیوعیدا دامەزرا... ل٣٢٦.

- لە ٤/ ٩/ ١٩٧٢ ڕێکەوتننامەیەک لە نێوان یەکیەتی سۆڤیەت و عیراقدا مۆرکرا کە زۆر خاڵی لە خۆگرتبوو، ئەمەش بووە هۆی:

- بەهێزبوونی حزبی شیوعی عیراقی و چوونە ناو (الجبهة القومية التقدمية) بە سەرکردایەتی حزبی بەعس، لە مانگی تەمووزی ١٩٧٣. ل٣٢٧.

- عیراق لەلایەن سۆڤیەتەوە پڕ چەک کرا، بەتایبەت بە فڕۆکەی تۆبۆلیف٢٢ و سیخۆی، هەروەها بووە هۆی خۆماڵیکردنی نەوتی کێڵگەکانی کەرکووک لە ١٩٧٢/٦/١ ... ل٣٢٨.

- لە ڕاستیدا عیراق هەر لە کاتی دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقەوە تا ئێستا جێگای ململانێی نێوان وڵاتە زلهێزەکانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمریکا و یەکیەتی سۆڤیەت بووە، ئەمە سەرەڕای جێگای ململانێی هێزە هەرێمییەکان (ئیقلیمییەکان)

بووە وەک ئێران و ئیسرائیل و ئەردەن و میسر و سوریا... تاد ل٣٢٣-٣٣٨

- ڕووداوێکی دیکە کە کاریگەری لەسەر واقیعی عیراق هەبووە، هەڵگیرسانی شەڕی نێوان ئیسرائیل ـ عەرەب لە ٦/ت١/١٩٧٣بوو، بوو بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە جیهاندا، ئەمەش بووە هۆی دەوڵەمەندبوونی حکومەتی عیراق و زیاتر دامەزراندنی، هەروەها پشتگیریکردنی لەلایەن یەکیەتی سۆڤیەتەوە، بەمەش توانی خۆی بە چەکی پێشکەوتووی سۆڤیەتی پڕ چەک بکات. لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی دەوڵەمەندبوونی عیراقەوە لە مانگی حوزەیرانی ١٩٧٤دا حکومەتی عیراق ملیۆنێک هاووڵاتی میسری بۆ کارکردن لە کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵیدا هێنا، ئەوانە بەشدارییان لە جووڵانەوەی ئاوەدانکردنەوە و کشتوکاڵدا کرد..ل٣٥٣.

- لە ڕۆژی ١٩٧٣/٧/١٧دا حزبی شیوعی عیراق چووە ناو بەرەی نیشتمانی پێشکەوتنخوازی عیراق بەسەرکردایەتی حزبی بەعس، ئەمەش گۆڕانکاری و کاریگەری زۆری لەسەر ڕووداوەکانی گۆڕەپانی عیراق و کوردستاندا هەبوو .

بەشداری حزبی شیوعی لەناو ئەم بەرەیەدا و قبوڵکردنی سەرکردایەتی بەعس لە بەرەکەدا، بووە پشتیوانییەکی بەهێزی حوکمی بەعس و دژایەتیکردنی شۆڕشی کورد، ئەمە تاوەکو ساڵی ١٩٧٨ بەردەوام بوو، کەچی کە ڕەخنەیەکی بەنرخیان لە بەعس گرت، بەعس قبووڵی نەکرد، ئیدی نێوانیان تێکچوو .. لە ساڵی ١٩٧٨دا حزبی بەعس کەوتە گرتن و کوشتنی شیوعییەکان، بەتایبەت لە سێدارەدانی (٢٠) ئەفسەر لە سوپای عیراقدا کە ئەندامی حزبی شیوعی عیراق بوون، ئەمەش وای کرد شیوعییەکان تەنیا چارەیەکیان بیێتە هەڵگرتنی چەک دژ بە بەعس لە چیاکانی کوردستانی عیراق.... ل٣٦٣.

- هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەنێوان کورد و حکومەتی عیراق ١٩٧٤/٣/١١ بۆ ١٩٧٥/٣/١١، کە لەم ماوەیەدا بارودۆخی عیراق بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی گۆڕا، لەم ماوەی ساڵەدا سێ یەکی داهاتی ساڵانەی عیراق لەم شەڕەدا خەرج کراوە... ل٣٨٤.

- هەرچەندە هەر لە سەرەتای مۆرکردنی ڕێکەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠دا بەعس نیازی نەبووە لەگەڵ کورددا ڕێک بکەوێت، ئەمەش بە پیلانەکانی دواتریدا دەردەکەوێت، هۆی جێبەجێ نەکردنی ئەم ڕێکەوتنەی دەگەڕێتەوە بۆ:

١- دەوڵەمەندی عیراق بەهۆی خۆماڵیکردنی نەوتەوە.

٢- چەکێکی زۆری کڕیبوو.

٣ـ سوپا ماوەیەکی زۆر بوو هەر خۆی ڕادەهێنا و مەشقی پێ دەکرا.

٤- پشتگیری نێودەوڵەتی بە تایبەت سۆڤیەت .

٥- پێشتر جەمال عەبدولناسر مابوو، بە ڕۆیشتنی ئەو و هاتنی ئەنوەر سادات، ترسی نەما.

٦- ئەوسا تەنیا حزبی شیوعی بەربەرەکانێی دەسەڵاتی دەکرد، ئێستا لە سوپا دوورخراوەتەوە، بەڵکو هاتووەتە ناو بەرەیەکەوە کە بەعس سەرکردایەتی دەکات ...ل٣٦٥-٣٦٨.

- ڕێکەوتننامەی جەزائیر ١٩٧٥/٣/٦ جارێکی دیکە بارودۆخی عیراق بەگشتی و هەرێمی کوردستانی بەتایبەتی گۆڕی.

لەم ڕێکەوتننامەیەدا عیراق تەنازولی لە (شەتولعەرەب) کرد بۆ ئێران، بە مەرجێک سنوورەکانی بەرووی بزووتنەوەی کورددا دابخات و بە هیچ شێوەیەک هاوکارییان نەکات، ئەمەش گەلێک هۆکاری جۆر بە جۆری هەبوو کە پێوەندییان بە عیراق و ئێران، هەروەها هۆکاری هەرێمی و نێودەوڵەتی هەبوو و بوو بە هۆی ڕووخان و شکستی شۆڕشی کورد.

بێ گومان عیراق لەو ماوەی ساڵەدا کە کەوتە شەڕەوە دژ بە شۆڕشی کورد، زیانێکی زۆر لە هەردوو لا کەوت، بەتایبەت سوپای عیراق و بودجە و دارایی عیراق (هەروەک سەدام لە ئەیلوولی ١٩٨٠دا دانی بەمەدا ناوە... ل٣٨٤.

- حکومەتی عیراق نەیتوانی لەشەڕ بەردەوام بێت، بۆیە دوو ڕێگەی لەبەردەمدا مابوو، یان دەبوایە دانی بەوەدا بنایە کە کەرکووک ناوچەیەکی کوردییە و بیخستایەتە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی و لەگەڵ کورددا ڕێک بکەوتایە، یان دەبوایە تەنازولی لە (شەتولعەرەب) بکردایە بۆ ئێران، لە ئەنجامدا تەنازولی هەڵبژارد، کە ئەمەش هەڵەیەکی ستراتیژی گەورە بوو ڕژێمی عیراق کردی، ئەوە بوو دواتر

شەڕی عیراق و ئێرانی بەدوادا هات، لە بەرانبەر ئەم هەڵە گەورەیەی عیراقدا کە کردی، ڕاگەیاندنی عەرەبی بێ دەنگ بوون و هیچ ڕەخنەیەکیان لە حکومەتی عیراق نەگرت. ئەنوەر ساداتی میسر گرنگترین ڕۆڵی لە سەرخستنی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا هەبوو، بەڵکو ناپاکییەکی گەورەشی لە کورد کرد، بەوەی نهێنییەکی نێوان کورد و خۆی بە شای ئێران گەیاند.

تەنیا وڵاتێک کە ڕەخنەی لە ڕێکەوتننامەی جەزائیر گرتبێت لەم تەنازولەی عیراق، حکومەتی سووریا بوو کە بە خیانەتی دانا لە نەتەوەی عەرەب.. ل٤٠١.

ئەم تەنازولەی عیراق لەلایەن وڵاتانی عەرەبییەوە بە باش نەزانرا، هەرچەندە ڕاگەیاندنی عیراق بە شێوەیەکی دیکە ڕایگەیاند و بڵاوی کردەوە کە باکووری عیراق لە یاخیبووان و بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم و سەهیۆنیزم پاک کرایەوە.

بێ گومان هەموو جارێک ڕاگەیاندنی بەعس بۆ ڕاکێشانی سۆزی عەرەب و موسڵمانان بەلای خۆیدا دژ بەکورد، ئەمە دەڵێنەوە: کە کوردستان بووەتە ئیسرائیلی دووەم.

ئەمەش وای کرد کە ئەو حزبانەی دروست بوون بەرەو مارکسیەتێکی توندڕۆ بڕۆن، نەک هەر لە کوردستانی عیراق، بەڵکو لە کوردستانی تورکیا و ئێرانیش ئەو حزبانە بەرەو چەپڕەوی ڕۆیشتن، ڕق و دژایەتییەکی زۆریان لە دڵدا بەرانبەر بە ڕۆژئاوا و ئەمریکا هەبوو. ل٤٠٤.

- لە دوای ڕێکەوتننامەی جەزائیر کە جارێکی دیکە حزبە کوردییەکان سەریان هەڵدایەوە، سووریا و لیبیا بوونە هاوکارێکی حزبە کوردییە عیراقییە بەرهەڵستکارەکان، واتە ئەم جارە ڕۆڵی ئەم دوو دەوڵەتە عەرەبییە دەرکەوت و بوونە نەیارێکی عیراق، ئەمەش دوای تێکچوونی پێوەندی نێوان سووریا و عیراق بوو.

دەسەڵاتی یەکیەتی سۆڤیەتیش بەرە بەرە لە عیراقدا بەرەو کزی ڕۆیشت و هەموو بایەخی خۆی خستە سەر سوریا و یەمەنی سۆشیالیستی، ئیدی سووریا و لیبیا بوونە هاوکاری ئۆپۆزیسیۆنی عیراق و دیمەشق بووە ناوەندێک بۆ کۆکردنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق. ل٤٠٥.

- دوای ئەوەی جووڵانەوەی موسەدەق لە ئێران سەرنەکەوت، شای ئێران لە ئیتالیاوە گەڕایەوە ئێران و زۆر گرنگی بە ڕازیکردنی جەماوەر دا، بە تایبەت پیاوانی ئایینی و سەرۆک هۆزەکان، بەڵام لە دوای ڕێکەوتننامەی جەزائیر، شای ئێران لە خۆی بایی بوو، زیاتر بایەخی بە دەرەوەی وڵات دا و کەسوکارە نزیکەکانیشی لە بازرگانی و خۆشگوزەرانیدا ڕۆچووبوون. لێپرسراوانیش جگە لە رووپامایی و خۆشگوزەرانی بە هیچی دیکەوە خۆیان خەریک نەدەکرد، ئەمە وای کرد کە بە تەواوی ناوخۆی خۆی فەرامۆش بکات، تا لە ئەنجامدا نارەزاییەکی زۆر پەیدابوو، ئیدی ئەوە بوو شۆڕشی جەماوەری لە ئێراندا پەیدا بوو، ئایەتوڵڵا خومەینی لە ساڵی ١٩٧٩ گەڕایەوە ئێران و کۆماری ئیسلامی ئێران دامەزرا و شای ئێرانیش هەر ئەوەندەی پێکرا کە خۆی دەرباز بکات و خۆی بگەیەنێتە میسر.

- بەهۆی ئەو لەخۆبایی بوونەیەوە شای ئێران، هەندێک بڕیاری دا کە گەلانی ئێران بە تایبەت لەلایەن زانایانی ئایینییەوە قبووڵ نەکران.. لەوانە: تێکەڵاوکردنی کوڕان و کچان لە قوتابخانەکاندا، بە بیانووی پێشکەتن و چوونەڕیزی وڵاتانی ئەورووپاوە .

شای ئێران دوای ئەوەی ڕای کرد، لە قاهیرە ڕۆژنامەوانان پرسیاریان لێ کرد دەربارەی هۆی سەرنەکەوتنی لە حوکمیدا وتی: هەندێک بڕیار و باری قورسم خستە سەر گەلەکەم توانای هەڵگرتنیان نەبوو ..... ل٤٠٧-٤٠٨.

- ساواک (کە دەزگەیەکی ئەمنی و موخابەراتی ئێرانە)، وای لێ هاتبوو ئاگای لە کاروباری ناوخۆی ئێران نەمابوو، ئەوەندەی خەریکی گەندەڵی و پارە کۆکردنەوە بوو، بەڵگەی ئەمەش ئەوە بوو کە شۆڕش لە کۆتایی ١٩٧٨دا دەستی پێکرد، زیاتر لە ٣٠ حزبی سیاسی خۆیان ئاشکرا کرد، ئەمەش بەڵگەبوو کە ئەمانە پێشتر لە سەردەمی شادا هەبوون، بەڵام ساواک لێیان بێ ئاگا بووە.

لەگەڵ ئەمەشدا لەکاتی پەیماننامەی جەزائیردا خەڵکی ئێران وا تێدەگەیشتن لە شای ئێران، شا واتە: کۆنگرێسی ئەمەریکا، دەشیان وت: ئەمریکا یانی ئێران و ئێران یانی ئەمریکا، ئەم دووانە وەک یەک دراو وان، بەڵام لە دوو دیودا (ڕوو)دا .ل٤٠٨.

- لە ئەنجامدا عیراق لەو

ڕێکەوتنە پەشیمان بووەوە، ئەوە بوو شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عیراق ڕووی دا. زیانی ئێران لە جەنگی هەشت ساڵەیدا، لەوە گەورەتر بوو لە وەرگرتنەوەی (شەتولعەرەب)دا دەستی کەوت، هەروەها زیانی عیراق لەو جەنگی ٨ ساڵەدا ئەویش لەوە گەورەتر بوو کە لە ڕێکەوتننامەی جەزائیردا دەستی کەوت...ل٤٠٩.

– لە ڕاستیدا ڕێکەوتننامەی جەزائیر لە مارسی ١٩٧٥ پیلانێکی هەرێمی و نێودەولەتی بوو بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد لە عیراق، دەستی وڵاتانی ڕۆژئاوا، بە تایبەت ئەمریکا زۆر بە ڕۆشنی لەم پیلانەدا دیاربوو، لە کاتی ڕاگەیاندنی ئەم پەیمانەدا هیچ دەوڵەتێک پشتگیری کوردی نەکرد، تەنیا هەندێک ڕۆژنامە و گۆڤاری ئەوروپا و ئەمریکا هێرشیان کردە سەر شای ئێران و وتیان ئێران لە پشتەوە خەنجەری لە شۆڕشی کورد داوە...ل٤١٨.

– لەو ڕۆژەی ڕێکەوتننامەی جەزائیر لە ١٩٧٥/٣/٦دا مۆرکراوە لەلای سەرکردایەتی شۆڕش حەفتا هەزار کەس وەک جەنگاوەر (پێشمەرگە) ناویان هەبووە...ل٤٢٩.

– بێ گومان لە ١٩٧٥/٣/٢٦ تاوەکو ڕووخانی شای ئێران لە مانگی شوباتی ١٩٧٩ ماوەیەکی زۆر دژوار و ناڕەحەت بوو لە مێژووی سیاسی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورددا.

– ئیدی بزووتنەوەی سیاسی ڕزگاریخوازی کورد، نەیتوانی بە تەنیا حزبێک سەرکردایەتی ئەم بزووتنەوەیە بکات، بەڵکو چەند حزبێک دامەزران و توانییان ڕابەرایەتی بزووتنەوەکە بکەن، هەرچەندە بەداخەوە ئەو حزب و بزاڤانە کە دامەزران، زیاتر کەوتنە ناو دووبەرەکایەتی ناوەخۆوە و ئەوەندە زیانییان بەیەک دەگەیاند، زیانییان بە دوژمن نەدەگەیاند.....ل٤٣٩.

– لە دوای نسکۆوە لە کوردستاندا کۆتایی بە (تاکە حزبی) هات کە شۆڕش دەستی پێکردەوە قۆناغی فرە حزبی لە کوردستاندا پەیدا بوو.... ل٤٣٩، بەڵام حزبە کوردییەکان نەیانتوانی بەیەکەوە یەک هەڵوێست دژ بە ڕژێم وەربگرن تا ساڵی ١٩٨٦ بەرەی کوردستانی دروست بوو ٤٤٨.

– لە کاتی نسکۆی شۆڕشدا زیاتر لە١٥٠ هەزار کورد لە ئێران پەنابەر بوون، دوای نسکۆ نیوەی ئەوانە خۆیان تەسلیم بە ڕژێمی بەغدا کردەوەو ئەویش ڕەوانەی ناوەڕاست و خوارووی عیراقی کردن و لەوێ ناڕەحەت کران و ژیانێکی ناخۆشیان بەسەر برد. لەناو ئەوانەی کە گەڕانەوە لای ڕژێم (حەوت) ئەندامی لیژنەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان هەبوو .ل٤٤١.

– لە قۆناغێکی دیکەدا حزبەکان دوو بەرەیان دامەزراند:

أ- بەرەی نیشتیمانی دیموکراتی (جود) (الجبهة الوطنية الديمقراطية)

ب- بەرەی نیشتیمانی نەتەوەیی دیموکراتی (جوقد) (الجبهة الوطنية القومية الديموقراطية) ئەمەی دوایی دژی یەکەم بوو و لە حزبە نەیارەکانی عیراق بوو .

– لە ساڵی ١٩٨٣پارتی دەستی بە دانوستاندن لەگەڵ بەغدا کرد، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو .

– لە ساڵی ١٩٨٤ یەکێتی دەستی کرد بە دانوستاندن لەگەڵ بەغدا ئەویش سەرکەوتوو نەبوو.

– ئەم دوو حزبە کوردییە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیانەوە دژ بە یەک لە شەڕدا بوون تاوەکو لە (ت١٩٨٦/٢) ئێران توانی ڕێکیان بخات، پاشان لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ بەرەی کوردستانیان دامەزراند. ل٤٦١.

– لە (ل٤٦٣ بۆ کۆتایی ل٥٢٠) کە دوو بەشە، باسی بزووتنەوەی کوردی دەکات لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست، بە تایبەتی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥دا.

گرنگی و تێبینیمان لەسەر ئەم کتێبە چییە؟

١- پڕە لە زانیاری ورد و بەکەڵک بە تایبەتی مێژووی ڕووداوی ڕووداوەکان، بۆیە دەکرێت بڵێین: فەرهەنگێکی گرنگی ڕووداوە مێژووییەکانی شۆڕشی کورد و ڕژێمەکانی عیراقە لەو ساڵانەدا.

٢- وادەزانم تا ئەندازەیەکی باش نووسەر بێ لایەنیی خۆی پاراستووە و ئینسافی پێوە دیارە.

٣- نووسەر زۆر ڕاستی وتووە، ڕەخنەی جوانی لەهەموو لایەک گرتووە، وا دەزانم ڕەخنەی دروستکەر و واقیعین.

٤- چونکە نووسەر خۆی لەناو ڕووداوەکاندا ژیاوە (ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان) بووە، ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە لە ڕووی تیوری و کردارییەوە، ڕووداوەکان جوان باس

بکات و حەقیقەتەکان وەک خۆیان و وەک واقیع دەربخات.

٥- نووسەر توانیویەتی قۆناغ بە قۆناغ ڕووداوەکان بهێنێ و باسیان بکات، بۆیە خوێنەر باشتر لە بابەتەکان تێدەگات.

٦- خوێنەر لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا ماندوو نابێت، چونکە باسوخواس و هۆکار و ئەنجامەکان بەخاڵ باس دەکات.

٧- لە هەموو بەش و باسەکاندا لە ڕوانگەی (العبرة بالنتائج) پەند و عیبرەتی دەرخستووە.

٨- دەکرێت لە قۆناغە مێژووییەکاندا ببێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ نووسین و باس و لێکۆڵینەوەکان.

٩- بەداخەوە کتێبە مێژووییەکان دەخوێنینەوە وەک ئەم کتێبەی کە باسی دەکەین، زۆربەی زۆری شۆڕشگێرەکانی دوێنێی قۆناغی خەبات، کە دەسەڵاتیان دەکەوێتە دەست، دوایی دەبنە دیکتاتۆر، نموونەشمان ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز و پاڵەوانەکانی دیکەی ڕژێمی عێراقە، هەڵەکانی دیکتاتۆری دوێنێ دیسان شۆڕشگێڕەکەی دوێنێ و دەسەڵاتدارەکەی ئەمڕۆ دووبارەیان دەکاتەوە.

١٠- سەرچاوەیەکی باشە بۆ خوێنەری عەرەب تا لە شۆڕشی کوردو ڕووداوەکان تێبگەن.

١١- ئەم کتێبە لە ئاییندەدا نرخی زیاتر دەزانرێت، چونکە ڕاستییە مێژووییەکانی وەک خۆیان هێشتووەتەوە.

١٢- وەک خۆی لە پێشەکییەکەیدا دەڵێت: ئەو باسەی پێشتر لەسەریان نووسیوە ئەم بەکورتی بەسەریدا تێپەڕیوە، بەڵام ئەو باسەی نووسەرانی دیکە باسیان نەکردووە، یان کەم باسیان کردووە، ئەم هاتووە بەدرێژی باسی کردووە، ئەمەش خاڵێکی گرنگی ئەم کتێبەیە کە خوێنەر بێ تاقەت ناکات.

١٣- ناوی کتێبەکە لەگەڵ ناوەرۆکەکەیدا زۆر گونجاوە.

١٤- لەناو هەموو باسەکانیدا، زۆرباش باسی دوو بابەتی کردووە، یەکیان بۆ عەرەب گرنگە، ئەوی دیکەیان بۆ کورد گرنگە، ئەویش یەکەمیان: هۆیەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد لە ١١/ئەیلوولی/١٩٦١، دووەمیان: هۆیەکانی ناکۆکی ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و جیابوونەوەی زۆرێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە سەرۆکی پارتی، مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٦٤.

١٥- پێوەندی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراقی زۆرباش باس کردووە، لەولاشەوە پێوەندی نێوان حزبی شیوعی و ڕژێمەکانی عێراقی بەهەمان شێوە باس کردووە.

١٦- لە باسی حزب و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی ئەو سەردەمەدا، باسی سێ چوارێکی کردووە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک نەچووە بەلای هیچ یەکێک لە حزب و کۆمەڵە ئیسلامییەکاندا، نە سوننە نە شیعە، نە بە ئیجابی نە بە سەلبی، لەگەڵ ئەوەشدا لەوکاتەدا ئیسلامییەکان هەبوون بە شیعە و سوننەوە، ڕۆڵی ئیجابی و سەلبیشیان بەرانبەر بە کورد هەبووە، بۆچی باسی نەکردوون نازانم..؟!

١٧- بێ گومان هیچ کتێبێکیش بێ هەڵە و کەموکوڕی نابێت.

لە کۆتاییدا: دەستخۆشی لە نووسەر دەکەم و هیوادارم کتێبی باشتری بەدوادا بێت. داواکارم سیاسەتمەدارەکانی گەلەکەمان بتوانن ئاوا مێژووی حزب و شۆڕش و نەتەوەکەمان بنووسنەوە تا نەوەی داهاتووی گەلەکەمان سوودی لێ وەربگرن.

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی شازدەمین ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

# گۆڤاری ڕامان بە هێمنی کاری چاکی بۆ ڕۆشنبیری و کتێبخانەی کوردی کردووە

**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی**
**(سلێمانی)**

جگە لە پێوەندیی دۆستایەتی و هاوڕێیەتی کۆنم لەگەڵ کاک ئازاد عەبدولواحیددا، یەکەم پێوەندیم لەگەڵ گۆڤاری ڕاماندا، لە ژمارە (٢)، یان (٣)ەوە دەستی پێکرد.

لەو ژمارەیەدا لێکۆڵینەوەیەکم بەناوی (شار و نوێگەریی ئەدەبیمان) بڵاوکرایەوە. ئەو پێوەندییەم تامێکی خۆشی هەبوو، چونکە بابەتەکە زۆر شتی ورووژاند، لەوانە باسکردنی شاری کورد و سەرهەڵدان و ڕەنگدانەوەی بە (ئا، یا نە) لە شیعری نوێی کوردیدا. هەر دوای ئەوە چەند تەوەرێک لەملاو لەولا لەسەر شاری کوردستان سازکران. لە ڕاپرسی ڕۆژنامەیەکیشدا زۆر ئاماژەیان بەو بابەتەی ڕامان دا.

ڕامان یەکێکە لەو گۆڤارە دەگمەنانەی کە دوای ڕاپەڕین و زەمانی ئابڵوقەی ئابووری و ڕۆشنبیری و...تاد چاوی لە دنیای ڕۆشنبیریی کوردیدا کرایەوە. دەیەیەک بوو کە هێشتا ڕۆژنامەنووسیی کوردی تووشی ئەم بەربڵاوی و سەرگەردانییەی ئێستا نەبوو.

یەکێک لە باشییەکانی ڕامان ئەوە بوو هەر لە سەرەتاوە هەوڵی کۆکردنەوەی نووسەران و قەڵەمە جیاجیاکانی هەموو پارچەکانی کوردستانی دا. هەر زوو نووسەرانی کوردستانی ئێران لەسەر لاپەڕەکانی ڕامان دەرکەوتن کە لەبەر نەبوونی ڕووبەرێکی فراوان بۆ بڵاوکردنەوە، بۆمان نەدەکرا نووسینەکانیان بخۆێنینەوە. دەرچوونی ئەم گۆڤارە، لە وەختی دیاریکراوی خۆیدا، وای کردووە لە زاکیرەی خوێنەر و نووسەراندا بێت. ئێجگار ڕێکوپێک دابەشدەکرێت و دەگەیەنرێنە شوێنی دوور. من بۆ خۆم شایەتی ئەوە دەدەم لە سەردانمدا بۆ ئێران ئەمەم بۆ دەرکەوت. بۆ نموونە دوو ساڵ پێش ئێستا لەگەڵ هاوڕێم تەیب جەباردا، بۆ یەکەم کۆنگرەی شیعری ئێران و جیهان داوەتکرابووین، کە لە پێنج ڕۆژدا لە تاران و ئیسفەهان و شیراز چالاکییەکانی بەڕێوەچوون، پەنجا شاعیر لە هەموو جیهانەوە داوەتکرابوون. وا دانرابوو من لەگەڵ شاعیر و ڕەخنەگری فەلەستینی عیزەدین مناسرە و چەند شاعیرێکی ڕووسیا و تورکیا و ئازەربێجان و هیندستاندا، شیعر بخوێنمەوە. کە شیعرەکەم خوێندەوە، قوتابییەکی گەنج هاتە لامەوە و خۆی پێناساندم، کوردێکی ئیلام بوو، خۆشحاڵ بوو کە لە زانکۆی تاراندا گوێ لە شیعری کوردی دەگرێت. کەوتینە گفتوگۆکردن، باسی ڕۆشنبیری لای خۆمان و ئەوێ و کتێب و ڕۆژنامەی کوردیمان کرد پێی وتم، تەنیا گۆڤاری ڕامان دەخوێنێتەوە، چونکە هەموو ژمارەیەکی دەستدەکەوێت، هەروەها لە زانکۆی شیرازیش کە کاک تەیب جەبار شیعری خوێندەوە، دوو قوتابی کورد هاتن بۆ لامان و لە ئۆتێلیش سەردانیان کردین، چەند جارێک لە کاتی گفتوگۆکردندا ئاماژەیان بە گۆڤاری ڕامان دەدا.

پێم وایە وێنە لە نەوەدەکاندا کەم بوو، بۆ وێنەی نووسەرێک دەبوو سەر بە هەموو کونوقوژبنێکی ڕۆشنبیریدا بکەی، خاڵێکی ئیجابییە ڕامان وێنەی دەگمەنی نووسەرانی پەیدا دەکرد، مەبەستم هەر تەنیا وێنەی خاوەن نووسینەکان نییە، بەڵکو ئەوانەشی کە لە بابەتەکاندا ناویان دەهات.

گۆڤاری ڕامان هەر لە سەرەتاوە توانی نووسەرانی نەوە جیاوازەکان کۆبکاتەوە، گفتوگۆ لەنێوانیاندا دروست بکات. چەندین گۆڤار لە ئێستادا دەردەچن و ئەم کارەیان پێناکرێت، چونکە سەرنووسەر و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردن هەر لە ئێستاوە دەسپێدەکەن و ئاگایان لە ڕەوتی ڕۆشنبیری پێش خۆیان نییە، بێ ئاگان لە ڕووداوە ڕۆشنبیرییە چاک و خراپەکانی پێش خۆیان.

ئەم گۆڤارە لە وەرگێڕانیشدا زۆر شتی پێشکەش بە خوێنەری کورد کردووە، جگە لەمە زیاد لە لایەنێکی ڕۆشنبیری لەخۆ دەگرێ، توانیویەتی وەک بەشی جێگیریان لێ بکات، ئەدەب، فیکر، فەلسەفە، مێژوو، گۆشەی جۆراوجۆر، ڕەخنە، لێکۆڵینەوە...تاد زۆربەی زۆری بابەتەکانی شیاون بۆ ئەوەی بکرێن بە سەرچاوە. بەڵێ ڕامان لە زۆر ڕووەوە ڕۆڵێکی پێشەنگانەی ڕیادیی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا هەیە. لە سەرووی ئەمانەوە، کەسێک سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی دەکات کە نووسەر و ڕەخنەگرێکی بەتوانایە، قەناعەت بە بۆچوون و بیروڕاکانی دەکەیت، دەزانیت بەپێی بواری ڕەخساو، مامەڵەیەکی ڕەخنەگرانە لەگەڵ بابەتەکاندا دەکات. گۆڤاری ڕامان گۆڤارێکە دوور لە ئیدیعا و خۆزلکردن، بەڵام بە هێمنی کاری چاکی بۆ ڕۆشنبیری و کتێبخانەی کوردی کردووە. ئەوە پێداهەڵدان نییە، بەڵکو ڕایەکی مەوزووعییانەیە بڵێم سەد ساڵی تر ئەگەر کەسێک بەدوای ڕووداو و ژیانی ئەدەبی ئێستاماندا بگەڕێت، ئەوە ڕامان دەبێت بە ڕێنوێنێکی باش بۆی.

# نامەیەک

**بۆ برای بەڕێز و خۆشەویست کاک دکتۆر مارف گیان**

هیوام هەموو کاتێ خۆشی و سەرکەوتن و بەختیاریتانە، ئومێد دەکەم لە ژیاندا هەرگیز ناخۆشی نەبینن.

دکتۆرگیان: ئەم وتارەم بۆ برای بەڕێز کاک جەمال خەزنەداری براتان ناردبوو، بە سیفەتی ئەوەی کە سکرتێری گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)ە، لەبەر ئەوەی لە کاتی تەبلیغا لەوێ نەبووە، نامەکەیان دوای مانگێ بۆ ناردمەوە، ئەم وتارەش وەرامی ئاوڕ لێدانەوەیەکی کاک (شنۆیی)یە، چونکی ئەو لەو گۆڤارەدا بلاو کرابووەوە، پێویستە وەرامەکەش هەر لەو گۆڤارەدا بێت. جا تکای براییم ئەوەیە: کە ئێوەش لوتف بفەرموون وەرامەکەی منیش لە گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)دا بلاوبکرێتەوە. لەم ڕووەوە زۆر سوپاستان دەکەم. ئەم نامەیەشم بۆیە بۆ جەنابتان نارد، چونکی بە تەواوی شوێنی کاک جەمالم لێ مەعلووم نەبوو، جاران کە لە مدیرییەتی سەقافەی کوردی بوو، ئێستا دەڵێن لەگەڵ (دارالتضامن)دا بوون بە یەک. ئیتر ڕجای دواییم ئەمەیە ئەم ئەرکە بە زەحمەت نەزانن بۆ نووسین و بلاوبوونەوەی هیممەت بفەرموون.

دکتۆرگیان: نازانم پێویستتان بە کەشکۆڵە بچووکەکە کە لە سلێمانی پێم داون بۆ سەروچاوەی شیعرەکانی (نالی) ماوە یان نا؟ ئەو کەشکۆڵە گەورەکە عەرز ناکەم، ئەوە فرۆشتم بە کولیەی ئاداب/ بەشی کوردی خۆتان، بەیازە بچووکەکە عەرز دەکەم ئەگەر ئیشتان پێی نەماوە، بەڵکو لوتف بفەرموون بۆم بنێرنەوە. ئەوەندە و هیوای بەختیاریتان براگیان



**ئیمزا**
**برای زۆر دڵسۆزت**
**کاردۆخی**
**سلێمانی**
**١٩٧٦/٣/٣٠**




# زمانی کوردی و کۆمپانیای مایکرۆسۆفت

**هیوا شەمسی بورهان**
**(فەڕەنسا)**

ماوەیەک لەمەوبەر بەهۆی تێکچوونی کۆمپیووتەری پێشووم، ناچار بە کڕینی یەکی نوێ بووم و ئەو جارە تووشی «ویندۆوزی 7» هاتم. وەکو جاران بۆوەی بتوانم بە کوردی پێی بنووسم، سەرەتا هەوڵم دا بزانم چ شتێک بۆ ئەو ویندۆوزە ڕەچاوکراوە تا ڕێگای نووسین بە کوردی تێدا بدۆزمەوە. لەم ویندۆوزەشدا وەکو ئەوانی پشوو (Windows 97, Windows XP, Windows Vista) هیچ ئاپشێن (خیارات)، یان فۆنتێکی سەربەخۆ دیاری نەکراوە کە تەنیا بە کاراکردنی بکرێ توانایی نووسین بە زمانی کوردی (نە بە لاتینی نە بە ئەلفوبێی عەرەبی) تێدا وەدی بێنی. لەم وتارەدا نامەوێ ئەو بابەتە تێکەڵ بە کێشەکانی سیاسی بکەم، چونکە ئەوە ئاردێکە زۆر ئاو دەبا و خۆشم حەزم لێی نییە، بەڵام دەمەوێ دووڕوویی دنیای کاپیتالیست دەگەڵ مافی گەلان ڕوون کەمەوە و هاوارێکیش بکەم بۆ زمانی دایکم، بەڵکو ئەو کوردەی دەسەڵاتێکی هەیە و کارێکی لە دەست دێ، ئاوڕێک لەو زمانە بێ ناز کەوتووە بداتەوە.

ئەگەر ئەو کێشەیە لەبەر نەبوونی وڵاتێک بەناوی کوردستانە، خۆ لەنێو ئاپشێنەکانی ویندۆوزدا زۆر زمان ڕەچاوکراون کە خەڵکەکەی وڵاتی سەربەخۆیان نییە. ئەو زمانانەی خوارەوە بۆ نموونە دێنم:

١- زمانی ئالزاسی (Alsacier): Alsace ناوچەیەکە لە خاکی فەڕەنسا و زمانی خۆی هەیە، بەڵام قەت وڵاتێکی سەربەخۆ نەبووە، یان بەدەست فەڕەنساوە بووە، یان لەژێر دەسەڵاتی ئەڵمانیا بووە.

٢- زمانی خەڵکی باسک (Basque): باسک ناوچەیەکە هێندێکی سەر بە فەڕەنسایە، هێندێکیشی سەر بە ئیسپانیایە ناوچەی کاتالۆنیا (atalonia)ش هەمان تاس و حەمامە.

٣- زمانی برۆتۆن (Breton): لە زمانی ئیرلەندییەوە نزیکە و ناوچەیەکە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای فەڕەنسا، قەت وڵاتێکی سەربەخۆ نەبووە.

٤- زمانی کۆرس (Carse): کە زۆرتر لە ئیتاڵی نزیکە و ناوچەکە دوورگەیەکە لە دەریای ناوەڕاست و قەت سەرخۆ نەبووە، با ناپلیۆن بۆناپارت (ناپلیۆنی یەکەم) خەڵکی ئەو دوورگەیەش بووبێ!

٥- زمانی (Inuktitut): بە ڕواڵەت سەر بە کەنەدایە، لە ویندۆوزی 7 دا هەم دەکرێ بە لاتینی پێی بنووسی، هەم بە شێوەی بڕگەیی (Sgllabique). ئەوەی من دەیزانم لە کەنەدا دوو زمانی ڕەسمی و ئیداری هەیە: ئینگلیزی و فەڕەنسی، کەچی مایکرۆسۆفت بۆ ئەو زمانەش کە نزیکەی ٣٠ هەزار کەس قسەی پێ دەکەن، ئیمکانی نووسینی ڕەچاوکردووە.

٦- زمانی سامی (Sami): هی خەڵکێکە لە سکاندنیاڤیا و (هێندێکیش لە ڕووسیا) دەژین. لە ویندۆوزی 7 دا، ٩ ئاپشێن بۆ نووسین بەو زمانە ڕەچاوکراوە، کەچی ئەو خەڵکە تەنیا لە چوار وڵاتی سوید، فینلاند، نەرویج و ڕووسیا دەژین. خۆ کوردیش لە چوار وڵاتی دنیادا دەژین!

٧- زمانی سانسکریت (Sanskrit): زمانێکی تەواو مردووە. دوو کەس لەو دنیایەدا نین ڕۆژانە بە سانسکریتی پێکەوە بدوێن، یان بۆ یەکتر شت بنووسن، یانی کوردی هێندەی زمانێکی مردووش بایەخی نییە؟!

٨- زمانی سوریانی (Syriaque): کە بە گوێرەی برادەرێکی مەسیحی لە سوریا، تەنیا چەند گوند ماون بەو زمانە قسان بکەن. یانی پتر لە سی میلیۆن مرۆڤی کورد هێندەی خەڵکی چەند گوندێک لە سوریا بۆ مایکرۆسۆفت گرینگی نییە؟!

٩- زمانی تەبەتی (Tibetain): خۆ ئەگەر کورد وڵاتی سەربەخۆی نییە، تەبەتیش هەر وان، کەچی لە ویندۆوزی 7 دا دەکرێ بەو زمانە بنووسی.

١٠- زمانی ئیدیش (Yiddish): کە زمانێکی تێکەڵاوە لە ئەڵمانی و میسری و هێندێک وشەی زمانی سلاڤ کە جوولەکەکانی ئەوروپای ناوەند و ڕۆژهەڵات قسەیان پێ دەکرد. پێم وایە ئێستا هەر جوولەکەیەک لە دنیادا بیەوێ شتێک بە زمانی دایکی بنووسێ بە عیبری دەینووسێ تا بە ئیدیشی.

١١- بۆ تاتارەکانی ڕووسیا، فۆنت بۆ نووسین بە تاتاری ڕەچاوکراوە، ئەگەرچی دوای هەڵوەشانی سۆڤیەتیش وڵاتێک بەنێوی تاتارستان پێک نەهات.

١٢- بۆ خەڵکی ئەفغانستانیش زمان بۆ نووسین ڕەچاوکراوە: دەری و پەشتوو. بە ڕاستیش هەر دەبا وابایە، چونکە ئەفغانستان لەو دوو تیرەیە پێکهاتووە، بەڵام هەموو کەسیش دەزانێ ئەگەر ئەو ئاپشێنانە نەبان، ئەفغانی پەکیان نەدەکەوت، چونکە دەری بە کیبۆردی فارسی و پەشتووش بە کیبۆردی ئۆردوو بە ڕاحەتی دەنووسرێن، بەڵام هەروەک گوتم ئەفغانیش حەقی خۆیانە لە ویندۆوزدا ئاپشێن بۆ زمانەکانیان دابنرێ.

من نازانم هۆی ئەو کەمتەرخەمییە لەلای مایکرۆسۆفت دەرحەق زمانی کوردی چییە؟ بەڵام هیوادارم هۆیەکی سیاسی نەبێ، دەنا وتارم لەسەر بابەتێک نووسیوە کە بە هیچ شێوەیەک حەزم لێی نییە! ئەگەر هۆیەکەش ئابووری بێ، پێم وایە دانانی کیبۆردی کوردی، یان ئاپشێن نووسین بە کوردی لە ویندۆوزدا نزیکەی ١٢ میلیۆن کورد کە دەتوانن بە ئەلفوبێی عەرەبی بنووسن، ڕازی دەکا تا پارە بدەن و ئەو ئیمکانیاتە بکڕن، پێم وایە نابێ بازاڕێکی خراپ بێ بۆ مایکرۆسۆفت (بۆ کوردی لاتینی وام داناوە کە کوردەکان بە کیبۆردی تورکی دەنووسن کە لە بازاڕدا هەیە).

خاڵێکی دیکەش کە پێم خۆشە ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە: ئەگەر کۆمپانیای مایکرۆسۆفت خۆی بە کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی دەزانێ کە باوەڕی بە جیهانی بوون (العولمة) هەیە، باشە بزانێ ئێستا لە عیراقدا پاسپۆرت بە دوو زمانی کوردی و عەرەبی دەنووسرێ. پاسپۆرت بەڵگەیەکە ئیزن دەدا بە هەڵگرەکەی لە دنیادا سەفەر بکا، یانی ئێستا کەسێک بەو پاسپۆرتە کە بە کوردیش لێی نووسراوە دەتوانێ بە هەموو دنیادا بگەڕێ، بەڵام کۆمپانیای نێودەوڵەتی مایکرۆسۆفت لە ویندۆوزەکانیدا لە بوونی ئەو زمانە تەواو بێ خەبەرە!

پێم وانییە ئەو خاڵە بۆ کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی بە شانازی لە قەڵەم بدرێ. من وەکو تاکەکەسێک هەر ئەوەندەم لە دەست دێ هاوارێک بکەم بۆ زمانی دایکم، کێ لێم هەڵدەگرێتەوە ماڵی ئاوەدان.

